- خاوەن ئیمتیاز
  شەوکەت شێخ یەزدین
- سەرنووسەر
  ئازاد عەبدولواحید
- بەڕێوەبەری هونەری
  سەرکەوت وەلی
- مۆتیڤ و پۆرترێت
  قەرەنی جەمیل

# ڕامان

118

خولی سێیەم/ ساڵی یازدە/ ئاداری ٢٠٠٧

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦-٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com
چاپخانەی ئاراس/ هەولێر
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان


● سەروتار

- پاراستنی کەلەپووری بەڵگەنامەییمان پێویستی بە یاسایەکە/ سەرنووسەر/ 3

● دەق

- شەڤبێری/ ئەحمەد قەرەنی/ 5
- هەموو ژ تە دا ژیونەتەوە/ نیگار نادر/ 7
- نەڕۆیشتم، تا ئەویش نەهات/ جەلال بەرزنجی/ 9
- داگرتن/ هیوا شەمسی بورهان/ 11
- ڕێنیشاندەر بۆ ناخی زەوی/ لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی/ 12
- دەروێش/ سەلاح حەسەن پاڵەوان/ 21
- زیندەوەرەکان مۆمیاییم دەکەن/ چنوور سەعیدی/ 31
- نامەیێن نا بەرسڤن/ عیرفان ئامیدا/ 33
- بە درێژایی زستان گەرمم کەوە/ لە فارسییەوە: محەمەدئەمین شاسەنەم/ 35
- وا مەکە جۆرج/ لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەر سوڵتانی/ 43

● هەڤپەیڤین

- دیالۆگێکی بەرفراوان لەگەڵ وەرگێڕ و چیرۆکنووس (یووسف عزەددین)دا/ ئا: ڕامان/ 50

● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- فایلی نهێنی شار و کاریگەری ڕابردوو لە چیرۆکی «نامەکانی ژاکۆن»دا/ عەتا قەرەداغی/ 69
- شیعری کوردی بە زمانی سوێدی/ حەمەسەعید حەسەن/ 82
- خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی، بەراوردێکی زمانەوانی/ ئامر طاهر/ 88
- کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر یەکتریدا/ د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود/ 95

● وتار

- شوێنەراوی گوتاری زانستی لە زمانی کوردیدا/ موراد ئەعزەمی/ 114
- تیۆلۆژیا و پۆیتیکای ئۆدیسە/ لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر/ 117
- شلایر ماخێر و هێرمنۆتیک/ لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی/ 122

● هزر و فەلسەفە

- بنەما فەلسەفییەکانی هزری کۆمەڵایەتی لە سەردەمی ڕێنیسانس-دا/ د. حەمید عەزیز/ 126
- بیرۆکەی تیۆریزەکردن لای ئۆگست کۆنت/ ڕۆزە عەبدوڵڵا شەریف/ 138
- خوێندنەوەی فەلسەفە بۆ توندوتیژی/ یووسف عوسمان حەمەد/ 153

● زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی

- زمان و پرۆسەی پێوەندیکردن/ کاوە عەبدولکەریم/ 157

● مێژوو - کەلەپوور

- کورد گەلێکی زیندوو، مێژوویەکی ون/ حەسەن مەحموود حەمەکەریم/ 164

● هونەر

- ڕیژیسێر و فەزای شانۆ/ د. فازیل جاف/ 168
- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 176
- هەڵڕشتنی ناخ لەنێوان هێڵ و ڕەنگ و پێکهاتەکانی کەڤاڵدا/ سۆران ئیسماعیل/ 180
- شێوەی چەسپاندنی وێنە/ ئا: فارس سەعدی/ 185

● خوێندنەوەی کتێب

- چەند نامەیەک بۆ تارانتاباۆ/ سامان دزەیی/ 188
- جوانکاری ڕەوانبێژی لە کۆشیعری (ڕۆژانێک بوو)دا/ کەریم شارەزا/ 190
- مانی و دینەکەی/ هاشم سەڕاج/ 196

● ئێستێتیک

- میلیشیایی لە بڵاوکردنەوەدا/ سەلام ناوخۆش/ 200

**سەروتار**

**له پەراوێزی کولتوورەوه**

# پاراستنی کەلەپووری بەڵگەنامەییمان پێویستی بە یاسایەکە

* بەهۆی کارەکەمەوە وەک ڕۆژنامەنووسێک، دواتر لەماوەی زیاتر له ده ساڵی ڕابردووی کارکردنم له گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا، پێشتریش کە له موزەخانەی ئیتنۆگرافی سلێمانی بووم، له ژیانی ڕووناکبیری خۆماندا هەستم بە بۆشاییەکی گەورە کردووه کە ئەو هەست کردن و بۆشاییەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر هەراسان و بێزۆم دەکات، چونکە دەبینم دۆشدامان و کەمتەرخەمییەکی زۆر له بەرانبەریدا دەنوێنین و تا دێ ئەو بۆشاییە زیاتر زەق دەبێتەوە و هیچ کارێکیشی بۆ ناکەین، کە ئەویش بایەخ نەدان و ڕێزنەگرتن و نەپاراستنی (بەڵگەنامە)یە، هەرچەندە هەندێ جار لێرەو لەوێ نووزەیەک دەبیستین بەرز دەبێتەوە و داوای پاراستنی دەکەن.

* ئەم ئەرکە پێش هەموو کەس ئەرکی ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و ڕۆشنبیرانە و دەبێ ئەوان خۆیان بە خاوەنی ئەو مەسەلەیە بزانن و بیگرنە ئەستۆی خۆیانەوە. سیاسییەکانی بۆ هان بدەن کار بۆ یاداشت نووسینەوە و بەڵگەنامەکانی لای خۆیان و پاشان کار بۆ ئەو پرۆژەیە بکەن، بەڵام مخابن ئەو بێباکییە له نووسەرەکانەوە دەست پێدەکات. نووسەر و هونەرمەندی کوردی وامان هەیە نزیکەی چل - پەنجا ساڵە ئەزموونیان هەیە و کار دەکەن و دەنووسن، کەچی کاتێ داوای نامەیەکی ناوەڕۆک ئەدەبی و هونەرییان لێدەکەی بۆیانی بڵاوبکەیتەوە، دەبینی نامەیەکی لەلای خۆی نەپاراستووە.

* بایەخ نەدانی سیاسەتوان و هونەرمەندان و نووسەران بە ئەرشیف و نەبوونی هەستی ئەرشیفی لەلایان، کارێکی وای کردووە نەک هەر دروست کردنی مەڵبەندێک، خانەیەک، سەنتەرێکی (پاراستنی بەڵگەنامە) ناکەنە ئەمری واقیع و نایخەنە واری جێبەجێکردنەوە، بگرە خۆشیان بە درێژایی مێژووی خەباتی سیاسییان، یان ڕابردووی هونەرمەندایەتی و نووسەرایەتی خۆیان، هەوڵیان نەداوە ئەرشیفی تایبەت بەخۆیان و کاروبەرهەمەکانیان هەبێ و لەلای خۆیان ئەو کارانەیان بپارێزن، کە له ڕاستیدا بە درێژایی ئەو تەمەن و مێژووەی لەناو ژیانی سیاسی و هونەری و ئەدەبیدا بەسەریان بردووە، زۆرکەم خەمیان له پێکەوەنانی ئەرشیفێکی چکۆلەی کار و بەرهەمەکانیان خواردووە، بۆیە نە (نامەیەک)، نە (وێنەیەک)، نە (دۆکیومێنتێک) لەلایان شک نابرێ و نەپارێزراوە، ئەوانە چۆن بیر له هەڵگرتن و پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیفی میللەتەکەیان دەکەنەوە!

* سیاسەتمەدارەکانمان حاڵ و باڵیان له نووسەران و هونەرمەندان زۆر پەرێشانتر و خراپترە، ئەوانە بە حیساب گوڵی تەمەنی خۆیان لەناو شۆڕش و خەبات و بەرخۆدان و ڕاپەڕینەکاندا بەسەر بردووە و هەڵوەراندووە، دەبوایە و ئەرکی سەرشانیشیان بووە ئەو شۆڕش و خەباتە کە هی قۆناغێکی مێژوویی میللەتێکە بە دۆکیومێنت بکەن، کەچی زۆر بە دەگمەن نەبێ نەیانتوانیوە ئەو کارە تەنانەت بۆ خۆشیان بکەن، بۆیە ئەوانیش له بەرانبەر نووسینەوە و بە ئەرشیفکردنی خەبات و نووسینەوەی مێژووی سیاسی و شۆڕش و ڕاپەڕینەکان خەمسارد و کەمتەرخەم بوون، تەنانەت یاداشت و بیرەوەرییەکانیشیان نەخستووەتە سەر کاغەز و نەوەی دوای خۆیان و نەوەی نوێیان لەو ڕووداو و مێژووانە بێ بەری کردووە، کە بەلامەوە زۆر گرنگ و پێویستە ئەو نەوەیە ئاگای لەو ڕووداو و بەسەرهاتانە بێ تاکو له ڕابردووی خۆیان دانەبڕێن و بەباشی لێی تێبگەن.

**سەرنووسەر**

* بەدەر لەوەی ئەو ڕووداو و ئەرشیف و بەڵگەنامانە لە داهاتوودا دەبنە کەرستەی گرنگی نووسینەوەی مێژووی ئێمە، هەروەها کەرستەی زیندووشن بۆ نووسینی شاکاری ئەدەبی و زۆر کاری داهێنەرانەی هونەری، بەتایبەتیش بۆ بواری (ڕۆماننووسین)، جگە لەوەش بەخۆکەوتنی زووتری ئێمە ئەو خوێندنەوانەش تاووتوو دەکات کە لەبارەی ئەو بەڵگەنامانەوە دەکرێن و لەلایەن ئەوانەی ئاگاداری ڕووداوەکان و باکگراوەندەکانیان بوون بە لایەک دادەخرێن، بەتایبەتی ئەوانەی لە دروست کردنی ڕووداو و بڕیارەکاندا بەشدارییان کردووە، بێگومانیشم پیلە و لێدوانی گەرموگوڕ لەو بارەیەوە دەنێتەوە، تا ئەو کەسانە لە ژیاندا ماون زۆر گرنگە فریای ئەو گفتوگۆ و کارانە بکەوین.

* لەکاتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەدەیان تەن بەڵگەنامەی گرنگ سووتێنران و بە سەدان و هەزاران دۆسییە بەدەستی ئەنقەست لەنێو بران کە دەبوو سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی پاراستن و دەست خستنی ئەو بەڵگەنامانەی بکردایە بە یەکێک لە ئەرک و کارە لە پێشینەکانی خۆی، چونکە جگە لەو دەستە ڕەشانەی بوونە مایەی سووتاندنیان، کەسانی قەدر نەزانی زۆریش هەبوون کە مەبەستیان نەبوو ئەو بەڵگەنامانە لە فەوتان ڕزگار بکرێن یان بیانگەیەننە دەستی سەرکردایەتی و شوێنی خۆی، یان لەلای خۆیان لە شوێنێکی ئەمین بیانپارێزن. لەو کاتانەدا بوو من بەدەیان بەڵگەنامە و نووسراوم لەبەردەمی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی و دامودەزگایەکانی دیکەی ڕژێم دەدی، کەوتبوونە بەر قاچی هاووڵاتیان و کەس خۆی لێ نەدەکردە خاوەن.

* ئەو کارە لەکاتی ڕووخانی ڕژێمیش دووبارە کرایەوە و ڕوویدا، چونکە نەمانتوانی سوود لە هەڵەکانی سەردەمی ڕاپەڕین وەربگرین، بۆیە لە بەغدا و مووسڵ و کەرکووک و پارێزگایەکانی دیکەی عێراق دیسانەوە بە دەیان تەن بەڵگەنامە فەوتان و بەدەستی ئەنقەست لەنێو بران و بەشێکی زۆریشیان خەڵکانێک کەوتنە بازرگانی پێوەکردنیان، ئەگەرچی لەم ڕووەوە کەسانێ زۆریان لەو دۆسیانە کڕییەوە، بەڵام وای لێهات و کار بەوە گەیشت لەلایەن خودی تاوانبارەکانەوە دۆسییەکانی خۆیان و هاوکوفەکانیان دەکڕییەوە. وەک بیستوومە تا ئێستاش کە ئێستایە سەران و بەرپرسانی ڕژێمی پێشوو زۆر لەو دۆسییەو بەڵگەنامانە دەکڕنەوە و چەندین بەڵگە کە بەرپرس و سەرانی بەعسی پێ ڕووڕەشتر و تاوانبارتر دەبێ، بە دەیان و سەدان و هەزاران کارەسات و تاوان کە بەدەستی ئەوانەوە ئەنجام دراون، وا ئەمڕۆکە بە بەرچاوی خۆمانەوە دەکڕدرێنەوە و لەنێو دەبرێن.

* لەناو ئەو دۆکیومێنتانە کە ئێجگار زۆر بوون، دیسان (٨) تەنیان لێ ڕزگار کراوە و بە مەبەستی پشکنینیان نێردراون بۆ دەرەوەی وڵات، کە بەلای منەوە ڕاستتر وابوو دانەیەک لەو دۆکیومێنتانە لەلای خۆمان بمایەتەوە، تا ئێمەش بمانتوانیبا لیژنەیان بۆ دابنێین و پۆلێنیان بکەین و لەپاش تاووتووکردنیان ساڵانە چەندین کتێبی بەڵگەنامەیی لەبارەی ئەو مەینەتی و کارەساتانەی بەسەر گەلەکەماندا هاتووە بەچاپ بگەیەنین و پاشان بەڵگەنامە گرنگەکان بۆ سەر زۆر لە زمانە زیندووەکانی دنیا و زمانانی دراوسێکانمان وەربگێڕین، لە کتێبخانەی خۆشماندا وەک ئەرشیف دەمانەوە و بۆ زۆر نووسینی کایەی مێژوویی و سیاسی سوودمان لێ وەردەگرتن.

* ئەو بەڵگەنامە و دۆکیومێنت و ئەرشیڤەی لەکاتی دادگایی کردنی سەرانی ڕژێمی پێشوو لەهەر دانیشتنێکدا لەلایەن داواکاری گشتی نیشان دراون و نیشان دەدرێن و دەخرێنە ڕوو، وەک مشتێ لە خەرواریێ، وەکو قەترەیەک لە دەریایەک پێویستە سەرجەمیان لە سەنتەرێکدا کۆبکرێنەوە و بەشێوەیەکی زانستی هەڵبگیرێن، ناکرێ کورد و نەوەکانی داهاتوو ئەو تراژیدیایانەی بەسەرمان هاتووە لەبیری بکەن. لەناو ئەو بەڵگەنامانەدا نموونەی ئەوتۆ نیشان دەدرێن کە زۆر ویژدان هەژێنن و دڕندایەتی عەقڵیەتێک، سیستمێکی سیاسی شۆڤێنی تێدا دەخوێندرێتەوە کە ئەگەر کاریان لەسەر بکرێ، ئەوە بەهۆیانەوە هاوسۆزی زیاتر بۆ کێشە سیاسییە ڕەوایەکەمان بەدەست دەهێنین و دەکرێ لەسەر ئاستی جیهاندا وەک جینۆساید بناسرێت.


* ئەمڕۆکە پێویستە هەستی ئەرشیڤیمان بەهێز بکەین و لە هەموو کاتێک زیاتر هەست بە گرنگییەکەی بکەین. زەرەروزیانی لەدەستدانی ئەو بەڵگەنامە و دۆکیومێنتانە لە نیوەش بگەڕێتەوە هەرباشە تا لەوە زیاتر نەفەوتێن، بۆ ئەوەی دەستیان پێوە بگرین و لەلای خۆمان پارێزراوبن، دەبێ هەرچی زووترە بۆ ئەو مەبەستە مشووری کردنەوەی (مەڵبەندێک)، (سەنتەرێک)، (خانەیەک) بخورێ و کۆمەڵێ کادیری خەمخۆر و پەرۆشی ئەو بوارەو کەسانی دڵسۆز و شارەزای بۆ کۆ بکرێتەوە و پێبگەیەنرێ. ئەگەر پێویستی کرد خولی تایبەتیشیان پێ ببینرێ، تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی وڵاتیش بێ. هەروەها کەلوپەل و پێداویستی پاراستنیان بۆ دابین بکرێ تا ئەمڕۆ و بەیانی هەموو دنیا زیاتر لەو سیاسەتە تێبگەن و بۆیان ڕوون بێتەوە کە چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەو میللەتەدا کراوەو نەوەکانی داهاتووشمان زیاتر لە قەبارەی کارەسات و تراژیدیاکان تێبگەن و دیراسەتی بکەن.

* بۆ گرنگی ئەو کارەش دەکرێ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لیژنەی ڕۆشنبیری لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی ڕێکخستن و دەرکردن و موناقەشە کردنی پڕۆژەی یاسایەک زیاتر «بەڵگەنامە» بپارێزن و پێناسەی بکەن، تا لەوە زیاتر ئەو سامان و کەلەپوورەمان لێ نەفەوتێ. لە داهاتوودا کێ ئەوە زامن دەکات بەڵگەنامەکانی ئەمڕۆکەشمان، بەیانی بە دەردی ئەوانەی دوێنێ نەچن و پارێزراوبن؟ هەر بە هۆشیار کردنەوەی خەڵکی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و بەهۆی بەرنامەی قوتاغەکانی خوێندنەوە دەکرێ ئەو هۆشیاربوونەوەیە دروست بێ و هەر بەو یاسایەش لە فەوتان و سووتان و فرۆشتن و بازرگانی پێوەکردن ڕزگاریان بکەین.

# شەڤبێری

ئەحمەد قەرەنی

رێ تاری یە
گران بارێ ئەڤینا تە
پڕ هیڤی یە..
رۆژە رەشان
خوە تێ ئالاند
کەسکە شەڤ ژی
پێڤە هەلچوون
قۆناغا بێت شەڤبێری یە..
کاروانی مە
ئەڤراز دچم،
داڤێن تاریێ
عەمری دخۆن،
وان تک تکێن دل پێ ژییای
فرمێسکێن من هەژمارتنەڤە
بەختێ فنجان ئاڤس کری
هەناسەکەو
تەڤ نیشانێن تاریستانێ
ڤەدخوینتەڤە:
ئەڤ پێنگاڤە سەرەتایەو
بۆ نیڤ شەڤێ هێشتا زوی یە..
ژ ڕێ پێدا
تاری نڤست
شەڤێ شەهیان
لێ گرێدا..
چۆمە تێدا.
گەل زارۆکان من کەنی کر
گەل جزیری من سەماکر
گەل رۆپسنی من هەوار کر



گەل ستێران چوومە شەڤبێریا پیرسی
پەڕێن شەڤێ
هەلگرتم و دانامە سەر
داسە هەیڤا شیرێ موکری
ئەز نێریمە.. ناڤ پەرچەما خاتوونا
دەریا راستیێ
من لێ دیتن:
لەشکەرێن هۆڤ
شانەدەرا بوویە پاشا و کۆنجێن تاری
بووینە مرۆڤ..
ناڤ دیوانا سالێن گران
زینێ هەسپێ (باز)ێ کوردان،
خولیدانکا قەلوونایە..
ئەو دەرۆکێن
ناڤ پەرجانێ شیعرەنانا
میهرەبانا بەرواری دا بووینە
ژڤان
پەیارێکێن خەونە رۆژێن
میرێ گەلیێ مرادانە...
دامانێن خانزادا سۆران
دێمجاما راڤکەرێن پەیڤێن
نووبهارا زارۆکایە...
تەڤ رووپەلێن شەرەفنامە ماکا کولان
دەریزانکا مرۆڤانیێ
هوور هوور دکۆلا
پەیڤێن شرین دوکێل دخوار
خوینا پەیڤان بوونە رووبار
* * *
دوکێل و خوین
دوو وەریسن
شیعر و هیڤی بۆ خوە دکێشن...
ئەو ستوونا پێ گرێداین
خەمێن منێن پێڤە دخشن...
دێ تۆ چکەی؟
دو شاپەران دێ بخوە ڤەکەی،
دوو دوکێلێ هەلچی و فڕی...!؟
یان نیشیێ یە سەر دەفتەرا
هۆزانێن من
خەمان خوینی و...
رۆندکێن پەیڤێن من ڤەستری...
* * *
گەر باوەرکەی
رۆژەک بێتن..
دووکێلەکێ شوینپێ هەبن..
روندکێن پەیڤان، ژڤانا دەنگی
تێبگەهن...
دێ خوە کەیە
ئاڤا زەڤیا هۆزانێن من
بێ لێدانا زەنگلا سۆر
خاچا خەمان سینگێ خوە ڤە
گرێنادەی...
* * *
گەر باوەرکەی
خوازگینیێن مەم و زینان
بێ زمانن
دێ خوە کەیە
جانێ چپکێن بارانا من
بێی شرینیا شەڤە کەسکێن
شارێ بەفرێ
رەهێن دارا ئەڤینیا من
ماچی ناکەی..؟
* * *
گەر باوەرکەی
خازگینیێن کچا پاشای دخەساندینە و
نڤێژکەرێن سەر مەزارێ مەم و زینا دبێ زمانن
دێ خوە کەیە
جانێ چپکێن بارانا من
بێی شرینیا شەڤە رەشێن شارێ بەفرێ
خاچا خەما سینگێ خوەڤە گرێنادەی..

# هەموو ژ تە دا ژیونەتەوە

**نیگار نادر**
**(بەریتانیا)**



ئەو پیاوە مووروو کەسکەی لە گەردنمە
**سەلاحەدینی ئەیووبییە**
گاڤەکی دی هەولێری لە چاوان ڕا
وەدەر دەکەوێ و
دنیایێ وەبەر خۆ هەڵدەبڕێ و
دێتە دوام تا ڕامداتەوە

ئەو پیاوە پەنجە هەنارییەی
لە نێو گوڵ گوڵی سووری تەنوورەکەمە
**فەرهادە**
چیاکانی لەسەر سەری ڕۆناون و
شیرینی تێدا پشکوتووە
تێمدەنووسێ و
لەسەرڕا عاشقم دەبێتەوە

ئەو پیاوە دەنکە شیلانە نارنجی و
زەنگیانە
زەردۆکەو کەسکەی لە مەچەکم ئاڵاوە
**محەمەدە**
پەیامان دەهێنێتە گۆڕین و
بە تەویایە بمگەڕێنێتەوە

ئەو پیاوە گەڵا سەوزەی ڕۆژێ چەند جار
پاڵی وێدەدەم
**مەحوی- یە**
هەموو شیعرەکانی لە کۆشم کردوون و
شیعرم لێ گرتۆتەوە

ئەو پیاوە تەنکەی کراسە مۆرەکەم
بەسەر سەری خۆیدا دەدا
**ئەحمەدی خانی-یە**
مێژووی لە پەنجان دەتکێ و

وەکی تاوێ تینێ دەداو
بۆم هەڵاتۆتەوە

ئەو پیاوە یاقووت سوورەی
بە گوێچکەکانمەوە دەلاژێتەوە
**بابە تاهیرە**
شەپۆلی شنەکانی بۆ لەبەر کردووم و
دەگەڵ گەنمی داچینراوەو
ڕەگی هاویشتۆتەوە

ئەو پیاوە گوڵ کاڵەی بۆنی
بۆنە شینەکەمە
دەم نادەمەک بە بناگوێمی دادەپرژێنم
**مەمی ئالانە**
بۆم زیندووبۆتەوە

ئەو پیاوە زمروود مرواری سپییەی
گوڵەسینگەیەو لە یەخەی دەدەم
**مەسعوود محەمەدە**
هەموو دەمێ لەسەر زمانم دەدرەوشێ و
لە زمانمدا دەڕوێتەوە

ئەو پیاوە سورمەیەی ئێوارانە
بەرە چاوانمی پێدەڕێژم
**حاجی قادرە**
لەنێو گوڵەکاندا بۆم شین بووەو
کوردستانی لێ دەچۆڕێتەوە

ئەو پیاوە نارنجییەی لەسەری دەکەم
**نالی-یە**
پەڵەی لە ڕۆحمدا داوەو
هەموو دیوانەکانی بەناو من کردوونەتەوە

ئەو نیشتیمان پیاوە
دەم نا دەمەک
هەموو پیاوی دنیام بەسەردا
دەبارێنێ و
تێمدا پاراو و زیندوو دەکاو
هەمووان لەخۆدا دادەچێنێ و دەژیەنێتەوە

**٢٠٠٦/٦/٢١**

# نەڕۆیشتم، تا ئەویش نەهات

جەلال بەرزنجی
(کەنەدا)



من و ڕووبار،
پێکەوە شوێن پێی چۆلیان هەڵدەگرین،
بێ ترس،
بەناو تاریکیدا دەڕۆین....
بەناو شەڕگەکاندا دەڕۆین
بەناو زستاندا دەڕۆین..
پێکەوە ژیان دەدەینە خاکێک، نایناسین.
درەختێک لە کەنارمان ئاو دەدەین یەکسەر جێی دێڵین
من و ڕووبار،
هەندێک جار ئەو من جێ دێڵێ،
لەسەرم دەوەستێ،
هەندێک جار من ئەو جێ دێڵم،
لەسەری دەوەستم.
بەڕێوە، هەندێک جار ئەو دەبووە قسەیەکی درێژ،
بۆ ئەوەی لە ڕێگا هەست بە تەنیایی نەکەم،
منیش ماندووبوونی ئەوم دەخستە سەر شانم
ماندووبوونی خۆشم لەسەر بەردێکی ئێوارە جێدەهێشت
من و ڕووبار هەردووکمان لەناو تەم خۆمان دەگۆڕین
من و ڕووبار لەیەکتریمان نەپرسیوە،
لە کەیەکەوە بەڕێوەین.
من لەگەڵ ڕووبار بەڕێوەم،
کاری من نییە لێی بپرسم، بۆچی لەیەک کاتدا شوێن بۆ
ماسی و
قولاب، لەناو خۆیدا دەکاتەوە!
یان چۆن کارمامز و ڕاوچی پێکەوە دێنە سەری!
نەمپرسیوە ئەم حیکمەتە لە کوێ فێر بووی
گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو بدەیت!
یان بە پردەکەی پشتت چەند کەست پەڕاندۆتەوە بۆ

گۆڕستان
ئەمپرسیوە، سنگت چۆن وا بۆ باڵی نەورەسەکان واڵایە
یان چەندمت ئاو داوە بە پەرەسێلکەکان
ئەمپرسیوە بۆچی ژیانی ناو زەریات وا پێ تەنگە
ئەمپرسیوە تا ئێستا چەند شەڕ لە نزیکتا دۆڕاون!
چەند کڵاوت پێش (با) بردووە
ئەمپرسیوە، لاشەی خنکاوەکانی ئێمەت، بردنە کوێ
لەگەڵ ڕووبار پێکەوە دەڕۆین،
هەنێک بەیانیان من دەبمە هەڵمی سەری
ئەویش لەجیاتی دەبێتە ڕەزمێکی تەڕی شیعرم
من دەوەستم، تا ئەو شەپۆلانەی لێی دەکەون
هەڵیان گرمەوە،
لەگەڵ ڕووبار
وەک دوو ڕێبوار
زۆر شەمەندەفەر و دارتەل و ڕێگای کۆن و تازەمان
جێهێشت
لەگەڵ ڕووبار زۆر شمشێری ژەنگاویمان دوای خۆمان
جێهێشت
لەگەڵ ڕووبار شوێنی زۆر ئاگردانی کۆن و تازەمان
جێهێشت
هەموو ئێواران لە نزیکەوە سەیرم دەکرد،
ڕووبار چەندە بەجوانی (خۆرئاوابوون) لەناو لەپی
شەپۆلەکانی هەڵدەگرێتەوە
بەیانیانیش یەکەمین کەس بوو بە خۆڕایی تیشکەکانی
دەدایەوە
ڕووبار هەمیشە بە ئارام بوو لەگەڵ جووڵەی سەبری
بۆقەکانی،
کەناری.
من و ڕووبار
دەڕۆیشتین
لە هەر کێشوەر و وڵات و شار و گوندێک
ناوێکمان هەبوو
ڕووبار زۆر لەگەڵ باران و جووڵەی
نیگەرانی ماسییەکانی بە ئارام بوو
من و ڕووبار دەڕۆیشتین و
کەسێکیش بیری لای ئێمە نەبوو لە تێپەڕبوونماندا بە
نزیکیاندا

ئەو کات بوو، کەشتیوانێکمان بینی لە (با) دەگەڕا
مانگمان بینی زۆر بە نەزاکەتەوە
پاڵتۆی خۆی بە ئێمە دادەدا
ئەمشەوە ماندوو نەبووبووم،
تا لەسەر بەردێکی کەنار هەڵی خەم
شاخ هەر زوو سەختی خۆی گواستەوە دەوری ئێمە
من وڕووبار
بەئاگابووین
کەڵەشێری لە ئەنفال جێماویشمان لە بەیانی دان
ئاگادار کردەوە
من زۆر جار ڕووبارم دوورتر دەبرد،
زۆر جار شەپۆل و شیعرمان دەگۆڕییەوە
کەسمان بیرمان لای قازانج و زیان نەبوو
من و ڕووبار لە کەیەوە بەڕێوەین!
ئەو زۆر یادەوەری منی لایە
منیش زۆر یادەوەری ئەوم لایە
لەگەڵ ڕووبار دەڕۆیشتین
من وەک جاران زۆرم لا گرنگ نەبوو بزانم ئەو
بەرەو ڕۆژهەڵات یان بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات
ئەویش زۆر لای گرنگ نەبوو
ئەو (سکەی) لە خۆر هەیبوو
لە شوێنێکی تایبەت داینێ
لای گرنگ بوو، من لەسەری بوەستم و
لەگەڵ مندا بکەوتەوە ڕێ!

٢٠٠٦

# داگرتن

هیوا شەمسی بورهان
(تاران)



شنەی پەنجە
لوور بۆوە نێو قژت
کەروێشکە دەستی پێکرد.
دڵۆپێک ماچ
تکا لەسەر سینگی مەندت
سەدان شەپۆلی ئاڵقەیی بڵاوبوون
خۆشەویستی
هەموو لەشی داگرتی.
٢٠٠٢

پەیام

شەقامێکی تەڕ
شەوێکی لەش تەزیو
فیشکەیەک دەس پێ دەکا
ماشێنێک ڕەت دەبێ
دەنگەکە ون دەبێ
مۆڕسێکی بێ مانا.
دەنگی تێکەڵاوی چەند پێڵاو
سرتە، پێکەنین
مۆڕسێکی دڵدارانە
لە شیعرێکی زستانیدا شوێنی دانا.
٢٠٠٢

ونبوون

چاوەکانم وەبیریان نایە کەنگێ
وەک چۆم لە ڕێبازی نیگات
چوونە پێشێ و لە دواییدا
لە گێژاوی ڕەشدا ونبوون.


لێوەکانم وەبیریان نایە کەنگێ
بە نێو تەمی هەناسەدا
پردی ماچیان تێپەڕاند و
لە خاکێکی سووردا ونبوون.

قامکەکانم وەبیریان نایە کەنگێ
دانە دانە چوونەوە پاڵ قامکەکانت
وەکو خونچە خڕبوونەوە و
لە دەشتێکی سپی ونبوون.

من بۆ خۆشم دەگەڵ تۆ
هەر ڕەنگەکان دەناسم و
زەمانم لێ ونبووە.
٢٠٠١

# ڕێ نیشاندەر بۆ ناخی زەوی

**گوننار ئێکێلۆف**
**لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی**
**(سوێد)**



پرۆفیسۆر ئەندێرس ئولسۆن لە دوا گوتەی چاپی کوردی قەسیدەی دیوان لەسەر میر ئێمگیوون، نووسیویەتی:

هەر کەسێک شێوازی خۆی هەیە لە خوێندنەوەی ئێکێلۆفدا، کە فرەلایەنی ئەو دەگەیەنێ. لای ئەو زمانێکی ڕۆمانسی، وشەوازییەکی پڕ لە گەمە، هەستێکی موزیکی بۆ فۆرم و تەسەوفێکی سنوورشکێن دەبیندرێن. ئێکێلۆف هەر شیعری نوێ نەکردەوە، زمانی سوێدیشی نوێ کردەوە.

ساڵی ١٩٠٧ وەک تاقانەی خێزانێکی ناتەبا لەدایک بوو. لە ماڵ و قوتابخانە ئاسوودە نەبوو و هەر بە مێرمنداڵی ئەشقی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ناخیدا چرۆی کرد. دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی چووە لەندەن، تا لەوێ زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی بخوێنێ، زێتر خولیای سۆفیگەری و عاجباتی هیندی بوو. گەڕایەوە، لێ هەر زوو، لە کۆتایی ساڵانی ١٩٢٠ هەستی بەوە کرد کە ناچارە بۆ یەکجاری سوێد جێ بهێڵێت و سەرهەڵبگرێت. دەیویست ببێ بە ئاوازدانەر و ساڵانی پێش بڵاوکردنەوە یەکەم کۆمەڵە شیعری لە ساڵی ١٩٣٢، چووە پاریسی لانەی مۆدێرنیزم. هەر لە پاریسیش بوو کە لە بەرکرێوەی شیعری «شەوێک لە ئاسۆدا» بناغەی نووسەرایەتی خۆی لێ دا. مۆدێرنیزمە فرەنسییەکانی وەک ڕامبۆ و مالارمێ ڕێنیشاندەری بوون لە ڕۆچوون و قوڵبوونەوەیدا، تا لە ڕووی بوون و زمانەوانییەوە گەیشتە خاڵی وەرچەرخان و ڕێگەیەکی تازەی دۆزییەوە.

نووسینەکانی ساڵانی کۆتایی ژیانی، کە پێیان دەڵێن شیعری دیوان، یان شیعری ڕۆژهەڵاتی ناوینی و ساڵانی ١٩٦٠ نووسراون، ترۆپکی داهێنانییەتی. لەگەڵ فرەلایەنی گەورەی ئێکێلۆفدا، بەردەوامییەکی مێژوویی قووڵ و نەپچڕاوی داهێنانیش هەیە. وا سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠ ئێکێلۆف دەگەڕێتەوە سەر حەز و ئارەزووەکانی

ساڵانی بیستەکان، ئەو دەمەی کە ئاشق و شەیدای کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوین بوو، دێت و سەر لە نوێ بە سوود وەرگرتن لە شاعیری وەک جەلالئەدین ڕۆمی و ئیبن ئەلعەرەبی، لەم سێیانەدا، دیوان لەسەر میر ئێمگیوون ۱۹٦٥، داستانی فاتیمە ۱۹٦٦، ڕێنیشاندەر بۆ ناخی زەوی ۱۹٦٧، زمانی نووسینی خۆی گەشە پێدەدا و جۆرە وەسیەتنامەیەکی شیعریی دادەڕێژرێتەوە، کە لەگەڵ شارستانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا دەدوێ.

سەرهەڵدانی ئەم تەقینەوەیەی قۆناغی دوایی لە ئەفراندنیدا، ڕەنگە لە ئەزموونی مۆدێرنی ڕۆژئاوا تەنیا بە داهێنانی «شیعرەکانی دوینۆ» ی ڕەینەر ماریا ڕیلکێ بەراوردی بکرێ، کە پەنجا ساڵ پێشتر نووسراون.

arac et atrebill es erirpocssi noN
eroma d ereicrac e oim otlov lech

**لێیۆناردۆ**
**ئەگەر ئازادیی خۆتت خۆش دەوێ، هەست مەکە**
**کە ڕوخساری من گرتووخانەی خۆشەویستییە.**

**١**

**بۆ دیوداری سوریا**
**والی سوڵتانە پیرۆزەکەی بابل**
**ئای دیوداریۆ، لەو دەمەیدا لە کالیندەوە لە ئەرمێنیا**
**گەشتم کردووە**
**لە تۆراسەوە کە بۆم وەسف کردی،**
**بەلای قوبرسەوە دیمەنێکە لەبەر چاوم ون نابێ:**
**لە لێواری کەشتییە بەلادا هاتووەکە وەستا بووم و**
**سەرنجی هەردوو کەنارم دەدا. بای نەدەهات،**
**بەڵام چارۆگەکانی کەشتییەکە، تامەزرۆی شەپۆلی نا**
**ئاشنا بوون.**
**لە نێوان بڵند و نەوییەکاندا تراویلکەیەک هەبوو.**
**تریسکانەوەی تیشکی خۆر لە تۆراسەوە ڕۆژی**
**درێژکردبوو.**
**شارە سپییەکان و خانووی سپی بچووکی کەنارە**
**نەوییەکەش**
**دەدرەوشانەوە**
**وەک ئەوەی لە پافوس مانگ جوانتربێت.**
**لە دوورەوە دەریایەکی ڕوون و گەش بوو**
**وەک ئەوەی یەک تاکە نیگابێت، لەناخ ڕامانێک بێت.**
**بای نەدەهات. ئەگەر هەڵی بکردایە**
**ئەوسا نیگاکانی دەریا، وەک نیگای شارەکان و**
**نیگای خەڵکی ناو خانووەکان بێ ژمار دەبوون-**
**بەڵام ئەم خانوو و شارانە لە ڕابردوو بوون**
**مەودایەکە مەحاڵە بپێورێ!**
**کەس نەیدەتوانی، لەنگەر بگرێت و دابەزێ!**
**بەڵگەی ئەوەی، کە ئەو شتەی دەیبینین ڕاستی نییە لە کاتدا**
**ئەو کاتە دەستت دەکەوێ، کە دەبینی تریفە ئاسۆی**
**دەریا زیوین بکا:**
**ئەوسا ئەوە خۆرە کەلەوێ ئاوێنا دەبێتەوە.**
**بەڵام دەمێ چاومان بریسکەی شەپۆلەکان دەبینین**
**ئەوسا مەودای چاومان دوورە بۆ ئاسۆ.**
**ئەدی کێ دەتوانێ مەودایەکی پەنی بەراورد بکات و**
**بە مەودای پەنامی چاو بپێوێت؟**

**٢**

**پێشبینی ناکرێ، ئاووهەوای دەریای مەرگ، بەتایبەت زستانان**
**دوای گەشتێکی بەر شەپۆلان، گۆزەکان وردوخاش بوون و**
**وەک بارەبەردی تەقەتەقکەر لەناو ئاودا کەوتبوون و**
**ئێمەش تێنوو بووین ئەگەرچی گەشتەوان خوشکی**
**ئەسکەندەری بینی و بانگیشی کرد،**
**کەنار گیربووین و ئاو لەچۆکان ڕۆیشتینە کەناری چەپی ڕووبارەکە،**
**کە بیرهاتنی لە لەبیرچوون جیادەکردەوە:**
**کەناری چەپ، لەوەی ڕاستدا، کەهی بیرهاتنە، ئاوی نییە**
**بەڵام چەپ، کە هی لەبیرچوونە، ئاو هەیە**
**سێبەرێک گرتمی و گوتی:**
**من سێبەری تۆم، دێمە ئەو شوێنەی تۆ بۆی دەچی!**
**بۆ هەر کوێ بڕۆی بەدواتەوە دێم!**
**زۆر بە تووڕەییەوە**
**خۆم دەربازکرد و دوورکەوتمەوە:**
**- وەک ئەوەی من وڵاغ، یان داردەستی تۆ بم؟**
**کێ دەوێری سەودا لەگەڵ ئەم پیرە جووهدا بکات؟**
**دڵی ژن؟ من بە سووننەتکراوی بە ڕێگەی خۆمدا**

دەڕۆم و
تۆش بێ کرپین بۆ لایەکی دی بڕۆ!
ئەو پێکەنی:
– لەگەڵ خواوەندی خۆت بڕۆ! زێتر سەیری
خوارەوە بکە!
ئەی بەهرەمەند! سەیری خوارەوە بکە!
من گوتم:
– کێ بەهرەمەندە لێرە؟
ئەو وەڵامی دایەوە:
– تۆی بە خوایەکی بێ وێنەوە، سەیری خوارەوە بکە
بەهرەمەند!
بەڵێ، بەتەنیا لەگەڵ تۆ، لە قووڵایی دامێنتدا، لە کەونی
بن پێیەکانتدا،
کە دەبوو بە ڕۆن و هەنگوینی شاخان چەورم کردبان،
سەیری خوارەوەم کرد.
شەیتانم لەناو باڵاپۆشەکەیدا بینی بەو ئاگرە دەسووتا،
کە ئەوانەی لە سەرە مەرگدا بوون،
هەمیشە بە ڕەونەقی بەرگەنەگری سامانیان،
بە وێرانکردنی خۆیان دژی ئەم، ئازار دەدران.
بەچاوی سێیەرەکە،
ئەم و باڵاپۆشی لێ ئالاوی ئەمم،
وەک ڕووناکی ئەستێرەیەکی دووری گەش درەوشاوە
بینی.
– منیش ئەوها ئەوم بینی، دوور لە دەورانی خۆر دوور
لە خوایی

٣


«ژەهرم بدێ بمرم، یان خەونم بدێ بژیم»
ئێستا حەزم لە ژەهرە نەک خەون تا بژیم.
کاپێتینی بێ کەشتییەوانم، چونکە هەموویان
لوتوسیان خواردووە، بوونەتە بەراز و من نامەوێ
فەرمان بدەم –
منی سەوڵ لێدەری شەکەتی تەنیاش، بەم بارە تەرمەوە
تووڕ درامە وشکایی کەنارێکی نائاشناوە.
ئاوم بدێ! دەمێکی زۆر هی سوێرم خواردۆتەوە.
ئاوم بدێ، هی ڕووبار، یان هی کانی بێ.
ئەو ئاوە ئەفسووناوییەم بدێ، کە خوێنم دەشواتەوە.
ئەو دوورگەیەم بدەرەوە، کە لێی خرامە ناو خەونەوە.
لەوێ، لەبن باری ئازادیدا بە جلەوی زێڕینەوە گوزەرم
کرد.
ئەو کەسەی جارێک لە زەنۆڵەکانیدا کەنارگیر بووبێ
دەستی گەشتکردنی نەماوە و هەوڵ لەگەڵ سووکان
نادا.
ئەوەی لێی داوادەکرێ، ئەوەیە کە فێری دەست
پێداهێنانیان بکا.
وەک ئەو میرەی کە جارێکیان سەری لە کانییەک
هەڵهێنا،
لە چاوترووکانێکدا هەستی بە وریبوونی کات کرد،
١٠٠١ ساڵ بۆ دواوە، لێشاو بێنێتەوە ناو کات.
دەبینم خۆت لە نیگای خۆتدا ئاوێنا بکەیتەوە کە هی
منە،
ئاوا لای ئەم نیمفە کەنار گیر بووم، کە ژەهر دەدا تا
بمریت،
یان خەون دەدا تا بژیت.
جارێکیان، بێ نەخشەی دەریا و بێ ئەستێرە، بەدەم
شەپۆل و ڕوو لە شەپۆل
لە دوورگەی قژ کاڵەکە کەناگیر بووم.

٤

(Oecus) ئۆئیکۆس

جاری وا دەبێ لەسەر قەرەوێڵەی پێچکە بڕۆنز،
لەبن چرای کە هیچ ناڵێ،
لە نزیکەوە گوێم لە غەیبەتی کۆیلەکانە. ڕاکشاوم و
خەوم نایە–
تازە ئەم پەردە قورس و لە سێبەر چووە نەجووڵایەوە؟
تەکبیری ئەوە دەکەن لێم بێنە ژوورەوە و لێم بدەن؟
من بێگانە و ئەوان خۆیان خاوەن ماڵن.
بەڵام ڕەنگە نەوێرن، چونکە من زیندووم،
چونکە ئۆئێکوس دیوەخانە، پیرۆزە و بۆیان نییە بێنە
ژوورەوە؟
ڕەنگە مایوردومۆن بێت وا لە دەرەوە غەیبەت دەکات:
ئەم چرپە چرپە بەرزە –یەکێکیان لاملی شەڕنگیرە،
بەشتێک دڵنیا و هێوری دەکەنەوە– دەنگی هەنگاوی
شل و پاشان بێدەنگی.
لێفە لەمێژە ڕزیوەکان لە خۆم لوول دەدەم و چاوەڕێ
دەبم.
ئەوە پەردەکە نەبوو دیسان جووڵایەوە؟ یان چراکە بوو
پرتەی کرد؟

بەڵام چ بایەک لەم خانووە داخراوەدا هەیە؟
بێجگە لە پەنابردەی بەر ئێرە، وەک شتێکی دی لێرە
نیم.
کەس درزی خستە دەرگەوە، کەس شتێکی دەوێ؟
هەندێ جار لە خەو، یان لە قوڵەخەو ڕادەبم
وەک ئەوەی کەسێک تازە دەستی لێدابم
وەک ئەوەی کەسێک ویستبێتی دەستی بە دەستم
دابێنێ



٥

شەوی ١٥ی مانگی پایزی ساڵی ٦٣ لە خەونیدا گوێم
لێبوو:
«تۆ لەناو سەرگوفاگێکی بێبن نووستوویت»—
نیوەبێداربووم بەم وشانە، نە نووستووم و نە تەواویش
بێدارم
ئێستا دارتەرمە مەرمەڕەکە جوانتر دێتە بەرچاوم
بە چەند جێگەیەکی جوان دیارەوە، سێبەرلێکراو
دەدرەوشایەوە،
سەرەتا لایە نارێک داتاشراوەکانی پەنام، دووی درێژ و
دووی کورت:
بەرد تاشەکە خۆی پێیانەوە ماندوو نەکردووە
بە هەموو لایەکەوە جێ نووکە قەڵەم دیارە، گۆشەکان
خڕن.
هەموو لێزانی خۆی بۆ ڕووی پەنی تەرخان کردووە،
لەوێ، میوە، گوڵ، باڵندە، دیلفین، سەرەگا و کەمێک
ئەفسانەش هەیە.
دوو وێنەی لە سەدەف دروستکراو، هەریەکەیان تارای
خۆی بەدەم باوە گرتووە.
بەدوای ناوی خۆمدا دەگەڕێم— ئەوسا وەک خەون بە
زەینمدا دێت
کە لەبەرئەوەی دارتەرمەکە بنی نییە، سەرپۆشیشی
نییە.
ئەو کەسەی لەوێش پشوو دەدات، پشتی لە عەدەم و
ڕوویشی لە
عەدەم کردووە
تەنیا هێزی موگناتیسی چواردیوارەکە، نووستووکەیان
لەنێوان
ویستی سادەی پەنام کە نایەوێ و
دەسەڵاتی بە ئەفسانە ڕازاوەی پەنی، کە دەیەوێ، لە
بۆشایی ڕاگرتووە.
پاکیزە، ئەی ئەتوکوس، کە ئەم هێزە موگناتیسییە
نامێنێ
لێم گەڕێ لەخەوندا نە لەدایک ببمەوە و نە نەوەیشم
لێببێتەوە.
ئەوەی پێشوو بوو، جێ نووکە قەڵەمی پێوەنییە.
ئەوەی لە ئێستاوە تا هەتایە میوە و گوڵی نییە.

٦

هەموو شەوێک فریشتەیەک سەردانم دەکا.
لەسەر قەرەوێڵە، لە ئازارەوە
بۆ ئازارێکی خۆشی ڕام دەچڵەکێنێ،
کە دەبێتە خۆشییەک لە ئازاردا،
زۆرتر لەوەی کە من هەمبوو—
– چۆن هاتیتە ئەم ژوورە بچووکەوە؟
– دەمی دەرگاوانەکەم چەورکرد
هاوەڵەکەم لە دەرەوە پاسەوانە....
– ئیدی ئەم شەو هاودەمێکم بۆ بوو
کە تەنیا بووم.
جلوبەرگی ڕێبوارێکی ڕێگەدووری
لەبەردا بوو
منی کچەمیریش
دەزانم دەبێ چی بکرێ و نەکرێ:
بۆ خۆشووشتن! چاوەکانم بۆی کردن بە گەرماو.
جلوبەرگی پاک! بینایی خۆم پێی دا.
شتێک بۆ خواردنەوە! خوێنی خۆمم بۆی گرتەوە.
شتێک بۆ خواردن! لە دڵی من کەمتر
بەشتێکی دی ڕازی نەبوو.
بەپەلەپرووسکێ، بێ سوپاس جێی هێشتم
لە جاران تەنیاتر بووم.
ناوی خۆی پێنەگوتم
بەڵام من دەمزانی
چونکە ئەو ناوی منی دەزانی!
بە زمانی بێگانە ناوی ئەو:

من ئەوکەسەم کە دێمەوە.
بە زمانی ئەو من ناوم:
ئەو ژنەی کەچاوەڕێیە.

٧

ئەو هەر بەردەوام بوو:
–ڕەنگە ئەشق زێتر لە چاو نەک لە باوەش پیاکردن بێ.
لە پێست زێتر، لە باوەش پیاکردنی چاودایە.
من ئەو چاوەم، دەڵێن زۆردارێکی ئاسمان کوێری
کردووە.
من ئەو ئاگرەم زۆردارەکە خامۆشی کرد، تا لەسەر
زەوی
تاعوون، تاریکی و هەست بە گوناحکردن بڵاوبکاتەوە.
ئەو و هاودەمەکانی درۆ دەکەن. من وڵاتێکی گەورەترم
هەڵبژارد
کەمی ڕووناک دەکردەوە، تا دەسەڵاتی بەسەر
نابیناکاندا هەبێ،
گوناح و گوناحکاری بڵاوبکاتەوە و بۆ نابیناکان ڕوون
بکاتەوە
کە ئەوەی بینیان، ئەگەر هەر بدرەوشایەتەوە زێڕ بوو،
تا وابزانن
ڕوخساریان، بە چرایەکی سادە کە هی ئەوانیش نەبوو،
زێڕین بووە.
ژیانیان هێڵێکی خوارە، سەرەکانیان قەت پێک ناگەن،
تەنیا لە بۆشاییەکاندا ون دەبن.
خوایان، خوای گۆیەکی بچووکە،
کە بەدەوری خۆرێکی بێ بەهادا دەسووڕێتەوە و منیش
لەناو ئەستێرانم.

٨

ژنەکە گوتی:
– لە فریشتە جیابکرێمەوە، چاک دەبمەوە.
فریشتە لە من جیابکرێتەوە، نەخۆش دەکەوم.
سەخت و ئاسانە ژیانم لەگەڵ ئەمدا.
بێ ئەو، من بابردەڵە دەبووم
فریشتە! لەڕاستیدا پرسیارێکت لێکردم!
کێ دەتوانێ بە عەدەم، یان بۆ عەدەم بژی؟
بێ کەسێکی تر من کەسێکی تر دەبووم.
لەناو دەچووم! جگەر سووتاو وا دەدوێ:

باشترە تۆ لەناو ببردرێیت، ئەگەر ئەو تاسەیەی هەتە
وەک مۆنومێنتێکی تاسەت، وەک پەیکەرێکی ئەو
بۆشاییەی
تۆ بە تاسە پڕت کردەوە. هەڵنەچندرێت.
کونەکلیلی دەرگەت لەبیرە؟ هیچ کلیلسازێک ناوێرێ
دەرگەی کلیلسازێکی دی ببڕێ.
کەس لە پەنی ناوێرێت بێتە ناو
ئەو کونجەی پەنام کە کەسی تیا نییە!
هیچ کلیلسازێکیش لە ژوورەوە، یان لەدەرەوە ناوێرێت
ئەو قوفڵە بشکێنێ کە کلیلساز لە کلیلساز جیا
دەکاتەوە.
وەک یەک، بێ پەروا، هەموویان وەک یەکتر فێڵبازن، بێ
هەبوون
بەڵام تۆ، کلیلسازی هەمووان! تۆ دەوێریت!

٩

ژنەکە گوتی:
– بەتۆگەیشتن دڵنەوایی و تاکە خەیاڵی منە.
مردنێکی لەسەرخۆ بوو ڕۆژ، چاوەڕێی شەوم
ئەوسا گوێم لە دەنگت دەبێ: بەڕێگەوەم، دێم!
ئەوسا گوێم لە دەنگی تۆ دەبێ: نزیک دەرگەم!
دەست لەملا و لەولای جەستەت ڕاست ڕابکشێ
هەناسەی قووڵ هەڵمژە و سینەت بەرزبێ
دڵی دڵم، خەیاڵی خەیاڵم، با هەمووشتێک بنیشێتەوە!
ڕۆحی ڕۆحم، وریابە چی ڕوودەدا:
دەرگە قرچەقرچی لێوەدێ. کرتەکرتی مشکان نامێنێ.
دەرگە دەکەوێتە سەرپشت. شوورەکان بەلادادێن،
وەک ئەوەی با بەلایاندا ببا. لە دەشتایی لەبەربام.
ئەو لە تەنیشتم وەستاوە. خۆی دەنووشتێنێتەوە،
چاوی دەخاتە ناو چاوی لکێنراوم.
لە ڕووی پەنامیان سێیەری ئەو دەبینم.
ساتی بە ئەم گەیشتن هاتووە.
بەچاوی ئەم و ئەم خۆیشییەوە هاتووە.

١٠

سەیری جلوبەرگی زێڕینی
ساتراپی فارسیم،
سەرلەشکری بێزەنتینیانەم مەکە!
سەیری سەرم بکە!



من سەگێکی فارسیم
بەسەری سەگەوە.
بەڵام وەفام بۆ کەس نییە.

یان کەرێکی زەرپوی گریکیم
بەسەری کەرەوە.
بەڵام بەناو شانم بەناو لافاودا
کەسم هەڵنەگرتووە.
بەسەر هیچ ئێکۆنێکی پیرۆزی کریستۆفەرەوە
سەری من نابیندرێ.
ئەو شەوەی گوێت لەمن بوو
بە ئەستێرەکە بلوورێنم،
ئەو شەوەی گوێت لەمن بوو
بەتەنیایی بزەرم،
لە پیرۆزەکە نزیکتر بوویت!

١١

غەزەل

شەو بەتەنیا دوورەپەرێز، ژیانت لەگەڵ فریشتەیەک
بگوزەرێنی، ئەوەیە
کە لە کونە کلیلەوە رووناکی ببینیت و خۆشت هیچ کەس
بیت.
بێ فریشتە بژیت، ئەوەیە کە کلیل لە قوفڵەکەدابێت، رۆژ
نەبینی، بە دەست کوتان برۆیت، دەست ماچ بکەیت و
هیچ کەس بیت.
دکتۆر! تۆ، کە چەقۆت لە هی هەمووان تیژتر بوو،
دەستت نەلەرزی
دەمێ هەمووانت لە هیچکەس جیاکردەوە.
ئەم کەڵە بەردە، بە ژوورێکی بێ پەنجەرە و کونە
کلیلێکی بێ کلیلەوە
خانووی من بوو.
هیچکەس بە هەندی وەرنەگرت، چۆن، یان کەی
دەردەچووم:
وەک کە ئەوانیش سەرقاڵی مەڕ جیاکردنەوە بوو، کەس
کاری
پێنەبوو، بەڵام وەختێک دەمەقاڵێیەکە تەواو بوو و
خواردیانەوە، مەست
بوون و لە گۆڕەپان گوللەیان بە ئاسمانەوە نا، کەس
نەبوو لەبیری
نەبێ کە ساڵ و رۆژ دەبێ منی نەبینیوە.
هەموویان شتێکیان دۆڕاندبوو، کەس لە بازاڕ قازانجی
نەکردبوو.
ون ببووم. وایان دەزانی خانووەکەم کۆگایەکی ئەو
شتانەیە، کە ئەوان
ونیان کردووە، یان دۆڕاندوویانە. کەس نەبوو بە دزییەوە
نەهاتبێتە
حەوشەکەم و شەوانی هەموو ئەو کلیلانەی بەدەستیان
کەوتبوو لە
کونە کلیلەکەدا تاقیان نەکردبێتەوە- کەس نەبوو
بەچاوی رەشەوە،
لەبەر خۆیەوە قسەی نەکردبێ، یان بە دەنگی بڵند بە
مەردز ناوی نەبردم.
هیچکەس نەبوو پشتی خۆی کووڕ نەکردبێتەوە و هەوڵی
نەدابێ
لە کونەکلیلەوە، یان لەناو تەنیی دووکەڵکێشەوە، ببینێ
چی لە تاریکیدا
هەیە. هیچکەسیش یەک وشەی نەگوت دەمێ
خانووکەمیان رووخاند

و زەوییەکەیان هەڵکۆڵی.
کەس لەمە نەگەیشت، کە دەرگەکە دانەخرابوو، بەڵام
بۆ دەرەوە
دەکرایەوە و ئەوەی کە هەمبوو کونە کلیلێکی بێ کلیل
بوو، کە زیندوو
بووم و دەمێ فریشتەش منی برد کەس نەیزانی.

١٢

سوالکەرێک گوتی:
– لە سەفەری حەج لە وڵاتێکی باشوورەوە، ڕۆژێکی
هاوین شازادەیەک
بۆ ئەوەی لە قرچەی گەرما ڕزگاربێت، لەگەڵ
یاوەرەکانی بۆ
دوورگەیەکی چۆڵی نزیک کەنار دەریا گەشتێکی کرد.
فێنکی بای
دەریای دەویست.
هەموویان بە دوورگەکەدا بڵاوەیان کرد، تا
عاجباتییەکانی ببینن:
میوەی درەختەکان لە چاو و گەڵاکانیش لە گوێی بزن
دەچوون.
کە بانگیان دەکرد هەر شاخێک وەک ژن بەرسڤی
دەدایەوە.
ئەمە لە بانگ کردنی یەکدی و بانگ کردنی
شازادەکەش سەر شێواوی
کردن، کە هیچ ئاویشیان نەدۆزییەوە، گەڕانەوە لای
بەلەمەکان، لە کوندەکان ئاو و شەڕابی کۆنیان
خواردەوە، پاشان بۆ ئاو گەڕان چوونەوە،
بەڵام ئێستا میوەکان چاویان لێکناوە و بزنەگەڵاکانیش
شۆڕبوونەتەوە،
کە بانگیشیان دەکرد، هیچ شاخێک نەبوو وەڵام
بداتەوە.
لە دوورگەکە شازادەکە بەتەنیا گەیشتبووە سەر
کانییەک، تینوێتی
شکاندبوو و بۆ ئەوەی فێنکیش ببێتەوە، دەست و
پێیەکانی
شووشتبوون و چاوترووکانێکیش سەری لە کانییەکە
هەڵهێنابوو.
وەختێک سەری لەسەر ئەم ڕووە سارده هەڵبڕی، بینی
چاوی میوەکان
وەک جاران سەیری ئەویان دەکرد، گەڵاکان گوێیان
شل کردبوو،
شاخەکان بە دەنگی ژنانەوە، وەڵامی بانگی تاکانەی
ئەویان دەدایەوە.
کە چووە سەر کەنار، ئەوانەی لەگەڵیدا هاتبوون
نەمابوون.
جومگەی ڕەنگ هەڵبزڕکاو، کوندەی وشکبووی شەراب
و بەلەمێکی
ڕزیوی چەرمی لێبوو، کە بە چەرم و جومگە چاک
دەکرایەوە. بە کۆتکێک
سەوڵ لێدان و ئاو فڕێدان، گەیشتە کەنار.
ئەو شارەی تازە لێیەوە هاتبوو، هیچ نەمابوو.
ڕۆیشت و گەیشتە شارێک کە گوێی لەناوی ببوو، ناوی
خۆی و وڵاتی دا
و سۆراغی یاوەرەکانی کرد.
ئەوانەی گوێیان لە پرسیارەکانی بوو، سەرەتا چاویان
لێک دا، پێکەنین و
سەریان لەقاند، لە ئەژنۆی خۆیاندا و گوتیان: «ئەوە
خۆیەتی!».
بەڵام لەبەر دەرگەی (جامع) سوالکەرێکی بینی دەستی
پان کردبۆوە،
دراوێکی وەرگرت و باسی میرێکی کرد کە جارێکیان
لەگەڵ هەموو
یاوەرەکانی ون بوو– نەیزانی کەی، بەڵام باپیرەی
باپیری گێڕاویەتییەوە.
پاشان دیسان دەستی پان کردەوە: گێڕایەوە کە چۆن
لە حیکایەتەکەدا
شازادە بێ یاوەرەکانی، بەتەنیا گەڕایەوە و دەبوو بە
سۆرا غ کردن
بگەڕێتەوە و خەڵکی ئەو سەردەمیش وڵاتی ئەم و تیرەی
میریی
ئەمیان نەدەناسی.
شازادەکە سەرسام بوو گوێی لە حیکایەتی خۆی بێت
لە سەرەتاوە!
سوالکەرەکە دەستی پان کردەوە: ئەمە ڕاستە! بەڵام
هەموو ڕاستییەکە نییە.
میر، بگەڕێ و گوێت لە هەمان حیکایەت دەبێ لەبارەی
هەمان
میر بگێڕدرێتەوە، کە لە دوورگەیەک لە دەریادا لە

**کانییەکی**
**ئەفسووناوی ئاوی خواردۆتەوە.**
**ئاوخواردنەوەکە سەد ساڵە. سەری تێهەڵبهێنی**
**هەزارە. دەست و پێ**
**بشۆیت عەدەمە.**
**شازادەکە دراوی سێیەمی دایە و بە ئارامی بیری**
**کردەوە:**
**هیچ کەس ناتوانێ ناوم بڵێ، کەس ڕوخسارم ناناسێ.**
**ئەوەی دەزانن ئەوەیە کە من هەر دەگەڕێمەوە.**

**١٣**

**کەسێک گوتی:**
**– لە کەنار خەونێکی سەوز**
**کە لە بنیدا شەپۆل دەهاتن و دەچوون**
**پیاوێکم بینی سەمای دەکرد.**
**سەماکەرەکە لە زەردەی ئێوارەدا سوور دەچۆوە.**
**بە پروسکی ئێسکی هاڕدراوی بە بەهاراتی ڕەنگ**
**هەناری و**
**کەرتە خشتی وردوخاشبوو،**
**جەستەی خۆی بۆدرە کرد.**
**مانای چییە، کە ئەم لە کەنار**
**لەناو ئەم هەموو چاوە لەبەر خۆر نەبینانەدا**
**سەمای دەکرد؟**
**مانای وایە مردبوو**
**یان بەم زووانە دەمرێ.**
**ئێوەش کە جارێک پیاوێکی وا باشتان بینیبێ سەما بکا**

**خۆتان قەت جارێکی تر، نە لە خۆشەویستی و هیوا،**
**یان لە خەم و پەژارەییدا سەما ناکەن.**
**لەمێژە هەمووتان مردوون و نەماون.**

**١٤**

**بە ماچان ڕەش هەڵگەڕاون چاوەکانی تۆ.**
**ڕوو وەرگێڕدراو! ڕەشن چاوەکانی تۆ**
**کە زیو و نیگاکانیان بردراون.**
**نەماون مەمکە زیوەکانی تۆ.**
**دەستەکانی منیش بە زیو ڕەشن.**
**ئەوینم خۆش دەویست،**
**ئاشق بووم، باشتریشم نەدەزانی**
**لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ خۆم باش بووم، تۆ کەوتیت**
**ئێستا تێدەگەم**
**چاوەکانی تۆ ئەوانەی منیان برد.**
**دەمت لێوە ماچکەرەکانی منیان**
**وەک دەمی کەسێکی گرووو برد.**
**کە کەس بێ سزا،**
**دەمی تووشبوویەک، دەمی کەسێکی دەمامک سپی ماچ**
**ناکا،**
**دەستیشی ماچ ناکا.**
**تۆ فێرت کردم چاولێک بنێم تا نەتبینم.**
**تۆ فێرت کردم وەک ئەو کرمە ڕەشەی لە تاریکایی، لە**
**شاراوگە**
**کە بە هەست دەبینێ،**
**لە کونە بادامییەکانی دەمامکە سپییەکەوە**
**کە چاو دەشارێتە، بتبینم.**

**پەراوێز و ڕوونکردنەوە:**

قەسیدەی سێیەمی «سیانەی دیوان»ی گوننار ئێکێلۆفە، کە چل ساڵ لەمەوبەر بڵاوکراوەتەوە. دیوان لەسەر میر ئێمگیوون ١٩٦٥، داستانی فاتیمە ١٩٦٦، ڕێنیشاندەر بۆ ناخی زەوی ١٩٦٧. دیوان لەسەر میر ئێمگیوون و داستانی فاتیمە کراون بە کوردی و چاپ کراون. ئەم قەسیدەیەش، ئەم ساڵ لە سوێد چاپ دەکرێ.

**شیعری ١**

ماوەیەک لیۆناردۆ دافینشی، بە کار و پلانی شاری ڤینیسیا، لەسەر ڕووباری (ئیسونزۆ)، کە لە نێوان سنووری ئیتالیا و سلۆڤاکیایە خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لە دەست نیشانکردنی سەنگەر و بەرەی بەرەنگاری بوونەوە، تا بتوانن لەوێ بەر لە هێرش و پەلاماری تورک بگیرێت.

ڕەنگە هەر بە ئەرک و داوای ڤینیسیاش ناردرابووبێتەوە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، بۆ ئەوەی زانیاری ورد لەسەر ناوچەکە کۆبکاتەوە.

دەگوترێ، کە پێناسە و باسی زنجیرە چیای تۆراس و

کەناری قوبرس لەناو کەشتیدا، بەو شێوەیە نییە کە ئەو وەسفی کردووە، بەڵکو ئەو خۆی بەو شێوانەی بینیون.
ڕەنگە نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ (دیوداری سوریا) خەیاڵکردەبێت.

لەو سەردەمدا بە قاهیرەیان دەگوت بابل.

- سوریا soria: هەرێمێکی ئیسپانیایە.

- پافوس Paphos: شارێکە لە قوبرس، شاری پافوسی کۆن، کە لە دەرەوەی پافوسە، بەگوێرەی ئەفسانەی گرێکی، لە سەردەمی شەڕی تروبادا دروست کراوە.

- کالینده Calinda: شارێکە زۆر کۆنە.

- توراس Taurus: زنجیرە چیایەکە لە باشووری ئاسیای بچووک «باکووری کوردستان».

**شیعری ٢**

بارەبەرد: ئاماژەیە بۆ ئەو بارەبەردانەی کە لە بن کەشتیاندا هەن، تا کێشیان گران بێت و هاوسەنگیان بکات. جاران بەرد بەکار دەهێندرا. ئێستا قورقوشم و ئاو بەکاردەهێندرێت.

**شیعری ٣**

نیمف Nymph: لە ئەفسانەی گرێکیدا کۆناوی خواوەندەکانی سروشتە، کە لە شێوەی ژنی جوانن. خواوەندی ئاو، کانی و چیا...

لوتوس Lotus: گوڵێکە زۆر جۆری هەیە.

**شیعری ٤**

ئوئێکوس- Oecus: وشەیەکی لاتینییە، واتە هۆڵ، ژوور. مەبەست باشترین و جوانترین ژووری ڤیللای ئەنتیکە.

مایوردمۆن- maiordomon: وشەیەکی لاتینییە، ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی لە چێشتخانە و کۆشکاندا پێشوازی لە میوانان دەکەن.

**شیعری ٥**

سەرکوفاگ Sarkofag: وشەیەکی گرێکییە. واتە «دارتەرم»، ئەو دارمانەی لە بەرد دادەتاشرێن. نزیکەی ٢٠٠٠ ساڵ پێش لەدایکبوون، سەرکوفاگ لە چین، میسر و گرێک بەکارهاتووە. ڕووی دەرەوەیان بە نەخش و پەیکەر دەڕازاندەوە و زۆرجاریش سەرکوفاگەکان لە شێوەی جەستەی مرۆڤ دادەتاشران.

ئەتوکوس Atokos: پێچەوانەی تیوتوکوسە Theo-tokos دایکی خوا. ئەتوکوس، واتە «بێ منداڵ». ئەوکەسەی کە هیچ خوایەک، یان منداڵێکی نەزاندووە و دایکی هەمووانیشە. ئەتوکوس خواوەندێکە.

**شیعری ١٠**

ساتراپ satrap: ئێرانییە کۆنەکانی سەردەمی ئیمپراتۆری هخامەنییەکان، نزیکەی ٥٥٠ ساڵ پێش لەدایکبوون، بە پارێزگار، بەرپرسی شار یان هەرێمەکانیان دەگوت.

سەرلەشکر: گوننار ئێکێلۆف نووسیویەتی Stra-teg کە وشەیەکی کۆنی گرێکی سەردەمی ئەنتیکە و بەمانای سەرلەشکردێت.

کریستۆفەر Christophoros: ناوە بۆ پیاو. لە گرێکییەوە هاتووە، واتە «عیسا هەڵگر» دەگوترێ، کریستۆفەر بەسەر پشتی خۆیەوە عیسای لە ڕووبار پەڕاندۆتەوە. بۆیە لە ئێکۆن و وێنە ئایینییەکاندا جەستەی مرۆڤ و سەری کەر، سەگ یان گای هەیە.

**شیعری ١١**

هیچکەس- ئاوتیس: Outis

ناوێکی سەردەمی ئەنتیکە، واتە هیچکەس. هیچکەس کەسی سەرەکی ئۆدیسەی هۆمیرۆسە، ناوێکە چەند نووسەرێکی سوێدی بۆ یاریکردن بە زمان بەکاریان هێناوە. لە قەسیدەی دیوان... یارییەکان وا کراون: تۆ کە تاسەی هیچکەسیت /پاکیزەی هیچکەس خاوەن/ یەکێک بوو کە هیچکەس بوو/ تۆ کە هیچکەست هەیە.

**شیعری ١٢**


بزنە گەلا: ئاماژەیە بۆ گوێی بزن، کە لە گەلا دەچێ. لێرەدا ئێکێلۆف خۆی وشەیەکی دروست کردووە، کە لە زمانی سوێدیدا نییە. ئەو نووسیویەتی getlov کە بە کوردی دەبێتە «بزنەگەلا». وەک وشە لە زمانی کوردی و سوێدیشدا هیچ مانایەکی نییە. هەوڵم داوە هەمان یاری بەم وشەیە بکەم، کە ئێکێلۆف کردوویەتی.

جامع: مزگەوت. گوننار ئێکێلۆف خۆی وشە عارەبییەکەی نووسیوە.

# دەروێش

سەلاح حەسەن پاڵەوان
(هۆڵەندا)

کەس نەیدەزانی ئەم گەڕەکە بۆ ئەوەندە بە هێمنی کارەکانیان بەسەر ئەبەن، کەس نەیدەانی چین ئەو ڕێبوارانەی شەوان بەم ڕێڕەوەدا ئەڕۆن و کەس نایانبینی، کەس لەگەڵیان نادوێ کەس پێیان ناڵێ فەرموون لەگەڵمان چایەک بخۆنەوە کەسیش شانی بەرشانیان ناکەوێت، کز کز و هێدی هێدی ڕێگای خۆیان ئەبڕن، ئەوانەی بەو شەقامەدا تێئەپەڕین یەکو دووان نەبوون، بەڵکو لەشکرێ بوون، بەڵام هیچ گرفتێکیان بۆ گەڕەکە کە دروست نەدەکرد هەر نەک ئەوەش کەسیان داوای ئاوێک، لە تەنانێک، تۆزێک پشوویان لەبن دیوارەکانی ئەواندا نەدەکرد، کەسیان ورتەیەکیان لە دەم نەدەهاتە دەرەوە، کەسیش نەیدەزانی ئەوانە بۆ کوێ ئەڕۆن و چ ڕێڕەوێکیان هەیە و چ مەبەستێک ئەگرنە بەردەم و لە چ مەنزڵێکدا هێور ئەبنەوە، دوایین شەو کاتێک کە مریەم و سمایل منداڵەکانیان کۆئەکردەوە بۆ ئەوەی بەرەو ماڵەوە بگەڕێتەوە، چاویان بەو کاروانە کەوت، خێرا هەردووکیان بە واق وڕمای وەستان و ڕوانیانە ئەو دیمەنە، ئەمە یەکەمین جاریان بوو ئاوا لە نزیکەوە سەیری ئەم کاروانە بێدەنگە بکەن، بێ ئەوەی هیچ بڵێن و واقیان وڕمێ هەروا بە سستی و هێمنی ڕوانیانە تاقە کوڕێک کە لەنێو ئەو هەمووەدا سەرنجیانی ڕاکێشا، لەلایان سەیر نەبوو کە بیناسنەوە ناسینەوەی ئەو کوڕە بۆ ئەو ڕۆژانە ئەگەڕێتەوە کە دواجار تێیدا وردە وردە منداڵەکانی دەروێش ون ئەبوون و کەسیش نەیدەزانی چیان بەسەردێ و چ مەنزڵێک ئەبێتە جێ مەبەستیان هەر نەک ئەو ونبوونە بگرە وەک پووشێک ئەکەونە نێو گەردەلوولێکی تووڕەوە، ئەو ونبوونە زیاتر لە جارێک نەبوو، بۆ دەروێش ونبوونی کوڕەکانی بەردەوام تارماییەک بوو هەموو ڕۆژێک بە بەرچاویا ئەهاتن و ئەچوون، ونبوونی ئەو منداڵانە بوون بە گۆرانییەک و



هەموو کەس دەیزانی لە کوێوە دەست پێ ئەکەن و لە کوێش کۆتاییان دێت. بۆیە بینینی کوڕەکەی دەروێش بۆ ئەوان لەنێو ئەو کاروانەدا هەوڵێک بوو بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو گەڕانەی کە ئەوان بەدوایدا وێڵن، بێ ئەوەی بڕوانێتە ئەو هەموو چاوەڕوانییە، خێرا مریەم پەلی سمایلی ڕاکێشا:

– ئەوە کوڕەکەی دەروێش نییە؟

سمایل بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕوخساری بەدی بکرێت بە چپەوە بەگوێی مریەمیدا چرپاند:

– باکەس لە زاری ئێمەوەی نەبیستێ

ئیتر مریەم وەک هەمیشە بە بێدەنگی تەماشای کاروانەکەی ئەکرد و هەر نەشیدەزانی بەرەو کوێ ئەڕۆن و چ سەرچاوەیەک ئەیانگرێتە خۆی و لە چ مەنزڵێکدا ئەگیرسێنەوە و چ نهێنییەکیان لە دڵدایە، ئەو شەوەش مریەم لەپاڵ سمایلدا چەند جارێک ئەو بەسەرهاتەی ئەمڕۆی گێڕایەوە، وەک بیەوێ بەدوای دەروێشدا بڕوات و ئەم نهێنییەی پێ بڵێت، بەڵام هەر زوو گری تووڕەیی سمایل، بێدەنگی کردو، ئەو شەوە چەند جارێک ویستی دووبارە بڕواتەوە کنی و ڕازی بکات تا هەواڵەکە بگەیەنێتە دەروێش، تا ئەو بەستەزمانە هێور بێتەوە و چیتر بەدووی کوڕەکەیدا نەگەڕێ، بەڵام هەرزوو وازی هێنا، ئەیزانی کەللە ڕەقیەکەی سمایل بەم نەرم نابێتەوە، چاوەکانی بڕیە پەنجەرەکە، ڕۆژێکی کپ، کپتر لە دارستانەکەی پشتی چەمەکە و کپتر لە دەمەو بەیانیانی دەستەکانی مامشەو باوا، کپتر لە گریانەکانی سەبری بێدەنگ، کە تەنیا لە چرپە ئەسپاییەکانیا باسی منداڵەکانی ئەکرد، کپیەکەی ئەو ڕۆژە کپیەک بوو هەرگیز ئەو گەڕەکە بێدەنگی لەو جۆرەی بەخۆیەوە نەبینیبوو، هیچ دەنگێک نەدەهات، هێمنییەک مرۆڤی ئەترسان کەس لەو گەڕەکە بەقەدەر مریەم لەو جۆرە بێدەنگییە نەدەترسا، ئەو دەمێک بوو لە پاش هەر بێدەنگییەک چاوەڕوانی بەسەرهاتێکی ئەکرد.

هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو لە ژوورەکەی تەنیشتی لای ماڵەکەی مام بەکر گریانێک قورگی سمایلی پڕ کردبوو، لەگریانی پیاوێکی شەرمن ئەچوو، مریەم هەروەک هەمیشە خۆی بە ژوورەکەدا کرد گوێی لەهیچ نەبوو، ئەوەندە نەبێت کە چاوی بەدەستەکانی سمایل کەوت و لەنێو پەنجەکانیا دەستەسڕەکەی لوول ئەدا، بێ ئەوەی هیچ بڵێت پشتی کردە مریەم و ورتەی لەخۆ بڕی مریەم ئەم جارەش نەیوێرا هیچ بڵێ، هەر ئەوە نەبێت ئەیڕوانیە نێو پەنجە گرمۆڵە بووەکانی و لەنێو بێدەنگییەکانی ئەوو بێ دەنگییەکەی خۆی هێدی هێدی کشایە دواوەو هیچی نەوت، بەڵام لەوە گەیشت کە سمایلیش بەو داماویەی دەروێش ئازارێکی گەورە ئەچێژێ، ئەم گەڕەکە وەک بۆی برابێتەوە کۆستی گەورەی هەبوو هەر لە هەرەسهێنانی دیواری دەوری گەڕەکەکە تا بەسەرهاتی ئەو کابرایەی لە شەوێکا شەش جار خەوی شوومی ئەبینی، خۆ لە خۆڕانەبوو هەر هەموویان پێکەوە کۆمەکیان کردو لەدەرەوەی گەڕەک و زۆر لە دوور کولبەیەکیان بۆ دروست کرد تا دووربن لە خەوە شوومەکانی ئەو کابرایە.

سمایل لەبەر خۆیەوە قسەکانی ئەو شاعیرەی وەبیرهاتەوە، کە سەرەڕای زۆر دەرکەوتنی لەسەر شاشەکان، وشەکانی هەر خۆشن، لەناوچاوی گریاو و وێنەی بەردەمی ئاوێنەکانیا، دوا گریانی ئەوی بیرکەوتەوە، کە لەمێشکیدا بێدەنگییەک پێی ئەوت: تێناگەم ئەم بارانی بێزارییە هەموو ڕۆژێ بەسەر تەنیایی ئەودا ئەبارێت، نەک ئەمەش دەمێکە هەروا تەڕەو نە خۆی لە وشکاییدا ئەبینێ و نە ئەوانیش بۆ ساتێک وازی لێ دێنن، ئەو جیهانێکە لە تەنیایی، جیهانێکە لە کۆچ، جیهانێکە لە سەفەر لە هەمیشەیی، نامەوێ نە خۆم تەنیا بم نە ئەویش، نە باران ببارێ و نەتەڕیش بێ، نامەوێ چیتر بە پێش ئەو دەرگایانەدا کۆچ بکەن، کە من لە خۆی دوور ئەخاتەوە، نە نامەوێ، ئەوا ڕۆژگارێکە چاوەڕوانم تا ئەو نهێنییە بزانم، هەموو ئێوارەیەک بەم گەڕەکەدا گوزەر ئەکات، چ گوزەرکردنێ نە گوێم لە چرپەی پێیەکانێتی و نە ئەشزانم بۆچی وا بێدەنگە،دانیشتبووم بە هێمنی گوێم بۆ ئەو گۆرانییە هەڵخستبوو کە باس لە مەرگ ئەکات کە باس لە بارانی پاش بارین و خەوتنی پاش ماندووبوون ئەکات.

* * *

ئەو ڕۆژە وەکو ڕۆژانی تر نەبوو خەڵکی تازە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بۆ سوننەتکردن حازر بکەن، سمایل پەلی منداڵەکانی گرت و بردینیە لای تەکیەکەی شێخ عەبدوڵڵا، ئەو ئێوارە هەر ئەوان نەبوون، ماڵەکانی گەڕەک هەموو منداڵە شەش ساڵ و پێنج ساڵانەکانیان هێنابوو تا سوننەتیان بکەن، هەموان، سەرو کراسی سپی و کڵاوی سپیان کردبووە سەریان، هەر هەموو لەنێوان پێکەنین و گریانێکی سەیردا

ئەیانڕوانییە دەرگاکان، منداڵەکانی سمایل و سوڵتان و خـواکـەرەم و خـەسـرەو، هەمـوو دەسـتـیـان لەنێـو پەلی باوکـیـان، یان خـۆیان بە ڕان و ناوقـەدی باوکـیـانەوە هەڵواسـیـبـوو هەر هەمـوو چاوەڕوان بوون، کـەسـیـان لەوخۆشی و ناخۆشییە نەدەگەیشتن، بەوە دڵخۆشبوون کە ئەمـڕۆ بۆ یەکـەمین جـار لەمـاوەی چوارسـاڵی تەمـەنیـان خـواردنی خۆش ئەخۆن و بەخـشـیش و دیاری وەرئەگـرن، لەو لاشـەوە ئازاری چەقـۆکـەی حـسـێـن مـوزەمـیـد واقی وڕکـردبوون، کـەسـیـان لەوە نەدەترسـان پارچەیەک لە لەشـیـان بکرێـتـەوە، بەڵکو لەوە ئەترسـان لەپشـتی ئەو پەردەی کـــە هەڵدراوە ئەبێ چەند ڕۆژێ بمێننەوە و لە یاریکردنی گـەڕەک دواکەون لەو لاشەوە جێگاکان بەڕیز ڕاخــرابوون لە چاوەڕوانی ئەوەدابوون تا مـنداڵەکـــان لەسەری ڕاکشێن، وەک هەمیشە سمایل ڕوانیە مریەم و بزەیەک گرتی بزەیەک کە تەنیا لە ساتە هەرە خۆشەکاندا بە ڕووی یەکتریدا ئەیانتەقاندەوە، نەک ئەمەش بگرە لە ڕۆژانی زۆر زۆر تایبـەتیـشـدا ئەو بزەیەیان لە یەکـتـری نەدەبینی، کەچی سەرەڕای ئەوەش یەک ڕۆژ بەبێ یەکتری نەیاندەتوانی هەڵکەن، هەشت ســـاڵی هاوســـەری مامەڵەکردنێکی سەیر کۆی ئەکردنەوە، لەولاشەوە حسێن موزەمید خۆی کرد بە ژێر کوولە پەردەکەدا هەر هەمـووان بەیەک دەنگ زریکەیان لێ بەرزبووەوە، کـــەس نەبوو لەوان زیاتر ئەو ژانە بچێـژێ تەنیـا مـریەم نەبێت چەند دڵۆپە فرمێسکێ لەچاوەکانی هاتنە خوارەوە.

ئەو ڕۆژە بەسـەرچوو، بەڵام ئەوەی لە هەمـووان زیاتر مـریەم و سـمـایلی مـاندوو کـردبوو، نهێنییـەکـانی ئەو ڕێبوارانە بوو کە هەموو ڕۆژێ ئەهاتن و ئەچوون و بەبێ ورتە توولە ڕێگاکـانیـان ئەبڕی کـەسـیـان ڕوویان بەم لاو ئەولادا وەرنەدەچەرخاند ڕێکوپێک ئەڕۆیشتن و ورتەیان لەخۆ بڕیبـوو، تەنیا مـریەم لەنێـو ئەو هەمووەدا کوڕەکەی دەروێشی دیتـبـوو، دەنا کـەس نەیدەزانی کـێـن و بەرەو کوێ ئەڕۆن و چۆن ئەڕۆن، چییـان پێیە هەروەک مێگەلە مـەڕێکی بێدەنگ ئەیانڕوانیـە بەرپێی خۆیان هەمـوویان پارچە گـوێنیـەکـیـان بەسـەر شانەوە و پارچە پەڕۆیەکـیـان لەناوقـەدی خـۆیان ئاڵانبـوو جـار جـارێ کـەسـێکـیـان لێ ئەکەوتە خوارەوە، کەس نەبوو هەڵیگرێتەوە! نەیاندەزانی لە دەوریان چی ڕووئەدا! ئەوانەشی تێــــیـان ئەڕوانین کۆمەڵێ چاوی واق وڕماو بوون، دەستیـان خسـتبووە بەر ناوکــیـان وەک لە چاوەڕوانی هاتنەوەی مـردوویەک بن

ئەیانڕوانیـە نهێنییـەکـانی پشـتی ئەم بێدەنگییـە، ئەوەی زیاتر لە هەمووان ئەیڕوانیە قووڵایی ئەم دیمەنە مریەم بوو، تا ئەهات واقەکەی لە زیادبوون بوو.

ئێـوارەیەکـیـان دوو دڵۆپە ئاوی ڕژانە سـەر لێـوی منداڵەکـەی تازە لە خـەوی نەخـۆشـیـەکـەی وریابـبـوەوە، کەسیان بە تەمای نەبوون هەر پاش سوننەت کـردنەکەی ئەو درمــەی تووش ببــوو، مــریەم بە دڵە ناسکەکــەی ئەیڕوانیــە دڵی ئەو گــوندانەی وەک باران لە پشـــتی گەڕەکەی ئەمەوە بوونەتە خەم و ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و بەرەو لای مــاڵی ئەو گـوزەر ئەکـەن تا ئەو هێلکانەی چەند مانگێکە کۆیان کردۆتەوە بیفرۆشن، مریەم گوێی لە چرپەکـان نەبوو کـە منداڵەکـەی بەلاگـوێیـدا ئەپچـریاند، چەند دڵۆپە فـرمـێـسکێکی دیکەی ڕژانە سـەر لێـوی منداڵەکەی، دەستی بەسەر پشـتیا هێنا و چەند جارێک نەوازشی کـرد، نەوازشکردنێ گـەر هاتبـوایە دایکێک نەیکردایە لەو گـــەڕەکـــە هەر نەیدەوێرا باسی ڕەحم و بەزەیی بکات، خـۆ نازە تەنیـا لەبەر ئەوەی هەمـیـشـە پێدەکەنی و لە نەخـۆشی و خۆشیدا یەک ڕوخسـار بوو، بۆیە ناویان لێنابوو نازە ڕەحمسسز، ئەو ڕۆژەش دیسان مریەم بە وردی دەست برد چەند بەرگەسەرینێکی خسـتە نێو بوخـچەکەی و لەنێـو دەرگای حەوشەکەوە نقوم بوو، یان ئەوەتا جلە پیسـەکـانی ڕۆژی سوننەتکردن ئەشوات، یان بیـر لەوە ئەکـاتەوە خـۆی ون کـات تا پێش ئەوەی سمایل بێتەوە کاروبارەکانی تەواو بکات.

هەر پاش ئەوەی ڕوانییـە ئەو چەند پەڵە خـوێنانەی بە پاییـنی کــراســەکــەوەی نووســابوون ئەو مــردووانەی وەبیرکەوتەوە کە لەنێو خانووەکەیاند ساڵانێکی دوور و درێژ بوو نێــژرابوون ئەو خــانووە هی باپیــرە گــەورەی سـمـایلی بوو ئەو لە جـەنگی عـوسـمـانیـەکـان بە دەسـتی ئەفسەرەکەیان گوللەباران ئەکرێت بە تاوانی خیـانەتکردن بە ئیـسـلام بەوەی کـە نوێژ لەسـەر مـردووەکـانی دوژمن ئەکات، بە وەسیـەتی خۆشی لەنێو ماڵەکـەیدا ئەنێژرێ، باوکیشی ئەوکاتەی بەنێو بارانە گەورەکەدا ئەڕوا تا کوڕە شێتەکەی بدۆزێتەوە ئەو برایەی سمایل کە شەوێک پاش بارانە مەزنەکە ون ئەبێت باوکی ئەکەوێتە نێو بیرێکەوە پاش پانزە ساڵ ئیسک و پروسکەکانی ئەدۆزنەوە و لەنێو خـانووەکـەدا بە تەنیـشـتی باوکـیـەوە ئەینێژن دایکیـشی بەپێی عـادەتی گـەڕەک هەر ئەبێت ژنەکـان لە مـردنیـشـدا سـەریان بەسـەری پیـاوەکـانیـانەوە بێت، هەر زوو چەند

جارێک فووی بەدەوروبەری خۆی کردو ئەو شەڕەی لەخۆ دوورخستەوە:

– کچم هەر شەڕێکتان وەبیرهاتەوە، یان بە بەردەم چاوتاندا گوزەری کرد، گەر ئیمانتان بەقووەت بێت خۆی هەڵدێ هیچ مەترسن..

هەر زوو فیکری بۆ لای دەروێش هەڵفڕی و بزەیەک کەوتە سەر زاری: (تۆ بڵێی ئێستا لەوێ بێت)– دەستی لە جلەکان هەڵگرت و بەرەو و خوار گەڕەکە گلۆر بووەوە کەس بە ئەندازەی دەروێش حەزی لەخەوی بەر هەتاو نەبوو، هەمیشە بەسەبری ژنی ئەوت، ئەوجێگایەم لەبەر هەیوانەکە بۆ ڕاخە) سەبریش بە پشتە کۆمەکەی دۆشەکێک و سەرینێکی بەرزی بۆ ڕائەخست، بەڵام ڕاخستنێکی بێ هێزانە، توانای ئەوەی نەبوو لۆچی جێگەکانیش ڕاست کاتەوە ئەو ڕۆژە دەروێش هەروەکو هەمیشە لەنێو حەوشەکەدا ڕاکشابوو لەژێر تیشکی هەتاوەکە زیاتر چرچەکانی دەموچاوی سێبەریان خستبووە ڕوخساری، برۆ ئەستوورەکانی لەو نێوەندە یەکیان گرتبووەوە سمێڵەکەی ئەو سمێڵەی کە قاچیشی پێدا نەهێنرابوو، لە سمێڵێکی هەزارساڵە ئەچوو، ئەتگوت تووکی مەمودی سەدەکانی ناوەڕاستە، کەس لەنهێنی ئەو نەدەگەیشت، هەموو گیانی بەشێک بوو لە مێژووی ئەو گەڕەکە، مێژوویەک تەنیا خۆی ئەیزانێ چەند دێرینە بست بە بستی ناوچەکە لەنێو ڕوخساری ئەودا ئەخوێنرایەوە، ئەو ڕۆژەش کە منداڵەکان سوننەت کران، ئەو وەکو هەمیشە لەبەرهەیوانەکەدا ڕاکشابوو، تەنیا بوو لە هەموو دەشتاییە پڕ نسرمەکە تەنیاتر بوو، لەبەر قرچە قرچی ئەو گەرمایەدا کە مرۆڤ نەیدەتوانی دەستی بەر دەرگاو پەنجەرە ئاسنینەکان بکەوێ، عەرەب وتەنی «شهر اب تحرق البسمار من الباب» بوو، دەروێش لەبەر هەیوانەکەدا چمکێک لەخۆرەکە بەسەر لەشی و چمکێکی لەشی لەبەر سێبەرەکە باوەشێنێکی بە دەستەوە ئەیڕوانییە پونتێک، چ پونتێک کەس نەیدەزانی و کەس نەیدەتوانی ئەو پونتە بدۆزێتەوە، ئەمە سیفەتی دەروێش بوو، کەس نەیدەزانی بەرەو کوێ ئەڕوانێ، تاقە جیاوازییەکی دەروێش و پیاوانی تر، ئەو هەمیشە ڕووداوەکان بەرەو پیری ئەچوون و ئەو بەرەو پیری هیچ ڕووداوێک نەدەچوو، لە گریانی سەر تەرمی هەردوو لاشەی دوو کوڕە گەورەکەی زۆر بە هێمنی بزەیەک کەوتە سەر لێوی، نەیزانی بۆ بەڵام هەر زوو ئەوەی وەبیرکەوتەوە کە منداڵەکانی نووستن و ئەم ئەیەوێ ماڵئاوایی خەوێکیان لێ بکات و هیوای خەونێکی خۆشیان بۆ بخوازێ، هەردوو کوڕەکەی کە لە جەنگە خوێناوییەکانی دەهاتەوە هەردووکیان لەلای ڕاست و چەپی ڕۆژێک بە تەواوی ئەنووستن و تا ئەوکاتەشی بێداری لە چاویان ون ئەبوو پێکەوە بەسەرهاتەکانی گوندەکەی کۆیان بۆ یەکتری ئەگێڕایەوە، ئەو گوندەی هەموو دیوارەکانی وێنەی مردوویەکی سمێڵ فشی پێوە بوو، بە مردنی هەر جگەر گۆشەیەکیان ئێسکێکیان بە دیوارکانەوە هەڵدەواسی، کاتێک کەسێکیان ئەمرد، خانوونەبوو چەند ئێسکێکی پێوە نەبێت، ئەو ڕۆژەش کە کوڕەکەی ون بوو، مانگێک دووان سێیان نەبوو، کوڕە گەورەی دەروێش چاوی بە باوکی ئەکەوت کە چۆن بەنێو جلەکانیا ئەگەڕێ، هەرگیز ڕازی نەبوو جلەکانی بسووتێنن، خەلیل نەیئەزانی بە چ ڕێگایەک ئەو جلانە بسووتێنێ نەیئەزانی چۆن ئەو بەسەرهاتە بکوژێنێتەوە، ئەو هەیکەلە مەزنەی دەروێش تا دەهات سست و لاواز ئەبوو هەر بە ئەسپایی لەنێو چاوەکانیا خەمەکان ئەبوونە ئاوو ئەتوانەوە ئەڕژانەسەر زەویە گەرمەکەی تاوستانی گەرمیان، ئەمە زیاتر کەریمی ئازار ئەدا ئەو ئەیویست ئەو ڕۆژانە بگەڕێنێتەوە کە تیایدا لەگەڵ برا ونبووەکەی و باوکیدا لەپاڵ سەکۆکەدا بەسێ قۆڵی بەسەرهاتی گوندەکەیان بۆیەکتری ئەگێڕایەوە،ئەوەندەی کەریم ئازاری بەخەمەکەی دەروێش دەخوارد کەسی تر بە ئەندازەی ئەو نەبوو، ئەیزانی دەروێشی باوکی تەحەمولیەکەی بێ سنوورە چاوی بە هەیکەلە مەزنەکەی دەروێش ئەکەوت ڕۆژ بە ڕۆژە لەبەر ئازاری ونبوونی ڕۆڵەکەی ئەتوێتەوە، دەروێش ئەو هەموو هەتاوە گەرمە نەیتوانبێتەوە، ئێستا ئەم خەمە دیارە نهێنییەک لە مەسەلەکان هەیە، هەر ئەو ئێوارەیە کەریم دەستی دەروێشی ماچ کردو بێ ئەوەی هیچ بڵێت، لە دەرگاکەوە ئاودیو بوو، ئەو ئاودیو بوونە دوا ئاودیوبوونی خۆشیەکانی دەروێش بوو، ساتەکانی هەر لە زیاتکردن بوون.

* * *

مریەم گەیشتبووە بەردەم دەرگاکەیان، بەڵام لەوە دەترسا لە پشتەوە سمایل بینیبینی، بۆیە بێ ئەوەی لە دەرگاکە بدات، خۆی بە ژووردا کرد، لەبەردەم دەروێشدا وەستا، ئەویش وەکو خووە ئاساییەکەی ڕوانییە سەرووی خۆی:

– بەزەحمەت ئەتناسمەوە؟

ترسێک قورگی گرتبوو، نەیزانی بڵێ چی، لەبەر خۆیەوە چەند ورتەیەکی کردو، ئاخۆ ئەم هەواڵە ئەبێ بیدرکێنێ، ڕوانییە ڕوخسارە ڕووتاوەکەی دەروێش، ڕوانییە دڵی، پاش هەشتا ساڵ هێشتا وەک ئەسپێکی مەزن سمکۆڵانی غاردانێتی، تۆ بڵێی ئەو ڕوخسارە تا ئێستا زانیبێتێ خەم چییە، یان هەر زانیوێتی ئەو کوڕانەی لە کوێن و بۆ کوێ ئەڕۆن.

مریەم لەوە ترسا درکاندنەکە جۆرێک بێت لە شکاندنی پەیمانەکانی لەگەڵ سمایل، ئەو ڕۆژەش خۆی پێ نەگیرا، دەسەڵاتێک ئەمی هێنایە ئێرە و لەکن دەروێشا ڕاستی کردەوە:

- دانیشە مریەم ئەو پارچە لبادە بێنە و دانیشە، سمایل کەی ئەگەڕێتەوە.

بێ ئەوەی مریەم بزانێ چی ئەڵێت:

- ئەوە کوڕەکان لەکوێن؟

دەروێش وەک پەلی بگری و ڕایوەشێنی:

- ئەڵێن لەو خوارە خەریکی بازرگانین،

مریەم هەر ویستی پێی بڵێ ئەو کوڕەکەی لەنێو ڕێبوارانی گەڕەک بینیوە، بەڵام لەوە سڵی کردەوەکە سمایل هەموو دنیای بێنێتە سەر، ئەو نهێنیە ببووە داخێکی گەورە لە دڵی، ئەوێک هەرچی نهێنی ئەم دنیایە بوو لە دڵی خۆی هەڵیگرتبوو، بۆ ناتوانێ ئەم نهێنیە لەناخیا قەتیس بدا، ئەوێک بە بەرچاویەوە هەموو نهێنی گەڕەک ئەهاتن و ئەچوون، نەیئەزانی بۆچی ئەم هاتوچووەی ڕێبوارانی گەڕەکی لێ بووە بە بارێک و لەسەر مێشک و دڵی نابێتەوە، ئەوێک نهێنی سەرە براوەکان، نهێنی دڵدارانی کچۆڵە و پیاوانی سیاسەتی ئەو بازرگانانەی لابوو کە شەوان لەنێوان گەڕەکەکانەوە شمەکەکانیان ئەگۆڕیەوە، ئەو تفەنگ و چەقۆیانەی کە لەنێو دیوارەکاندا ئەشاردرانەوە، هەر هەمووی ئەزانی و بێدەنگ بوو، ئەی بۆ ئێستا ناتوانێ بێدەنگ بێت، هیچ خۆی تێک نەدا لە دەروێش نزیک بووەوە، ئەو پارچە کولێرەی بۆی دروست کردبوو، خستیە بەردەستی و خێرا گەڕایەوە.

ئەو ڕۆژەش بێ ئەوەی هیچ بە سمایل بڵێت لەناو جێگاکەیدا جینگڵی ئەدا کەس نەبوو بە ئەندازەی ئەو، دەروێش و منداڵەکانی دەروێشی لا ئازیز بێت، ئەو ڕۆژەشی لەبیر نەدەچوو کە سەربازەکانی ئەودیوی سنوور هاتن و لەبەرچاوی مریەم باوکیان خستە نێو هێلیکۆپتەرەکە و لەچاو نوقاندنێکا لە ئاسماندا ونیان کرد تەنیا فریای ئەوە کەوت کە لەدروێش نزیک بێتەوەو:

- ئامانەتی تۆو ئەو منداڵانە

دەروێش مریەمی خستە سەر شانی و سنوور بە سنوور دەربازی کرد و لەنێوان کاداان و ژێر زەمینەکاندا شاردیەوە، ئەمەلاو ئەولای پێ کرد، تا ئەو ساتەی لە گوندەکەی خۆیاندا شاردیەوە، ئەمە ئەو ڕۆژەیە مریەم بیری ناچێت، ئەمڕۆ ئەوەتا وەک تاوێرێکی هەزارساڵە لە شوێنی خۆی چەقیوە، بە بەرچاویا ئەو ڕێبوارانە دێن و ئەچن، ئازاری ئەدات کە ناتوانێ، ورتەیەک بکات و بە دووی ئەواندا بچێت بزانم لەکوێوە دەست پێ ئەکەن و لەکوێوە کۆتاییان دێت، سەرەڕای ئەوەش ناتوانێ چاوی بەو کوڕە بەستەزمانەش بکەوێ کە لەولاوە باوکە ٩٦ ساڵەکەی لەسەر جێگاکەی خەو بە بازرگانی کوڕەکەیەوە ئەبینێت، سمکۆڵانی ئەو ئازارە قووڵە دڵی مریەمی لەسەر سەرەوە بەرەو قووڵایی خلۆر ئەکردەوە کەس نەبوو پێی بڵێت (ئەوەی تۆ بیری لێ ئەکەیتەوە خەیاڵە)

ئەمڕۆش بە تەنیا لەپاڵ دیوارەکەدا دانیشتووە چاوەڕوانی ئەو تروسکاییە کە وەک دڵۆپە ئاوێک بە کەناری تاشەبەردێکدا ئەخزێ و لەنێو چاڵۆچکەیەکدا خۆی ئەگرێتەوە، ئەم خۆگرتنەوەی ئەویش وەکو خۆگرتنەوەکەی مریەم وایە لەپاڵ ماڵەکەی دەروێشدا، خۆشی نازانێ بۆچی ئەوەندە دڵی بەو پیاوە ئەسووتێ بۆچی ئەوەندە شەوان بیری لێ ئەکاتەوە تۆ بڵێی هەوڵێک بێت بۆ هێورکردنەوەی دڵە ناسکەکەی، تۆ بڵێی وەفاداری بێت بۆ ئەو هەموو گریانەی کە لەدوای خۆیدا پاش بردنی باوکی لە پشتی هیلیکۆپتەرەکە بێت، یان ئەو نەوازشەی لەگەڵ پەنجەکانیا هەنسکی مریەمی منداڵی ئەکوژانەوە، خۆشی نازانێ ئەو نهێنییە چییە، ئەوەی کە ئەو ئەیەوێ، بیزانێ تەنیا یەک پرسیارە ئەم پیاوە چ پیاوێکە، مریەم ئەو شەوەی کە سبەینێکەی لەکن دەروێشدا هەواڵی منداڵەکەی لێ پرسی هیچ نەوەستاو، چاوی لە یەک نا.

* * *

هێشتا دیوارەکانی بە تەواوی بەرز نەکردبۆوە بەردەکانی لەسەر یەکتر دائەنا کاتێک چاوی بە ئافرەتێک کەوت لەسەر سەری وەستاوە و بە قووڵی چاوی تێ ئەبڕێ، بێ ئەوەی دەست لە کارەکەی هەڵگرێ ڕوانییە دەستە ناسکەکانی مریەم، ئۆمەر هەرچەندە بە

تەمەن بوو، بەڵام پیاوێکی تەڕ بوو پاش سێ ژن، هێشتا سەرەلەقەی بوو بۆ چوارەم، مریەم ئەوەی ئەزانی ئەم کابرایە کەمێ ژنبازە، بەڵام ئەوەشی ئەزانی کە ئەم کابرایە سەردەمێکە خۆی بۆ ئامادەکردووە تا دیوارێک بە درێژایی گەڕەکەکەی ئەمبەر و ئەو بەر دروست بکات، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو توولە سەگانەی شەوانی زستان لەسەرمادا خۆیان بە ژووردا ئەکرد و هەموو شمەکەکانی ئەو گەڕەکەیان گلاو ئەکرد ئەمەش ئەوەندە ئاسان نەبوو بۆ گەڕەکێ کە هەموو ئێوارە لە مزگەوتەکاندا کۆئەبوونەوە، تەنیا دەروێش نەبێت ئەو لەپاڵ دیوارەکەیدا گوێی بۆ منداڵە وردەکان هەڵدەخست تا گوێی لە قسەکانیان بێت، ئۆمەر سەرەڕای ئەوەی زۆر بیری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی و چواردە منداڵەکەی ئەکردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز وازی لە بەرژەوەندییە ئاینیەکانی خۆی نەدەهێنا شەوو ڕۆژ لەنێو گەڕەکەدا بەدووی نهێنییەکاندا دەگەڕا، پاش ئەوەی چەند بەردێکی خستەسەر یەکتری، مریەم لە پاڵیا وەستابوو بێ ئەوەی زمان هەڵبێنی:

– ئەزانم بۆچی هاتووی ، بەڵام واز لەو پرسیارە بهێنە لەبەر ئەوەی ئەمە ئازارێکی گەورەیە، تەماشاکە ئەو بەستەزمانە تەنانەت ئەوەندە ئازاری دیوە بیر لە خواش ناکاتەوە.

ئەیزانی ئەو وەڵامەی ئۆمەر لە کوێوە هاتووە، تاقە شتێک کە هەرگیزلە یادی ناچێت ئەو ڕۆژە بوو کە بە ئەسپایی لەگەڵ دەروێش، گەڕەکەکەیان بە جێهێشت تا بگەنە سەر کانیەکەی سەرکارێز، ئەو هەر لە ڕێگا سوڕبوو لەسەر ئەوەی کە لەتە گۆشتەکە لەناو تورەکەکە دەرهێنێ و تەماشای بکات، بەڵام ئۆمەر بواری پێ نەدا ئەیزانی گەر دەروێش ئەو کارە بکات هەموو شیرازەی گەڕەکەکە تێک ئەچێت، ئەوەی ئەو ئەیکرد مام ئۆمەر چاک لە ئەنجامەکەی دڵنیابوو، کاتێکیش ئۆمەر ئەو ئێوارە بە ئەسپایی چووە بەر دەرگاکەی دەروێش پێشتر هەموو بەسەرهاتەکەی لەگەڵ هەردوو دڵدارەکەدا باس کردبوو، ڕوویدابوو دەمێک بوو، ئۆمەر مەسەلەکەی کۆتای پێ هێنا ، هەردووکیان لە دوو بەتانیدا پێچرانەوە، ئۆمەر لەسەر سەریان وەستابوو کاتێ کابرای بەرید نەشمیل-ی هێنایە ژوورەوە، نەشمیل وەک بی هەڵئەلەرزی مامانەکەش کاری خۆی کۆتایی پێ هێنابوو کۆرپەڵەکەیان لەشەش مانگاندا هێنابووە دەرێ، مامانەکە بە چەند دیناری لەباربردنەکەی ئەنجام دا و ئەو نهێنیەشی بەچەند ڕبە برنجێ بردە ژێر گڵەوە، هەرچەندە ئەو ئێوارەیە هەردووکیان لەنێو تەنووربانەکەدا پێکەوە گیران، بەڵام پێشتر هەر هەمووان ئەیانزانی شتێک لەژێر سەریاندایە، هەرزوو کابرای دراوسێیان ئەیبینی کە ژنەکەی دەمەو ئێوارە بەرەو لای تەنووربانەکەی ماڵی مامی ئەکشێ و لەوێش تا چەند سەعاتێ ون ئەبوو، بەڵام دڵنیا نەبوو لەوەی ئاخۆ چ مەسەلەیەک ئەوەندە گەورەیی هەیە بەقەد ئەوەی کە چوون و هاتن لەنێو یەکتریدا هەر زۆر بە سانایی ئەنجام ئەدرا، هێشتا وردە ئەستێرەکان لە ئاسماندا دەرنەکەوتبوون، کە ماشەڵڵا وردە ورد لە دوورەوە مەسەلەکانی خستبۆ ژێر کۆنترۆڵەوە، کەس بە ئەندازەی ئەو بەو مەسەلەیە تووڕە نەبوو، ئەیزانی ژنەکەی لەگەڵ پیاواندا جارجار دەمەتەقێیەک ئەکات، بەڵام بەو ئەندازەیە دڵی لێ پیس نەکردبوو، تا ئەو ڕۆژەی نێو تەنوورەکە، چەند دڵۆپە ئاوێک لەنێو لێوی ئەمەوە ڕژایە سەر لێوی ئەو، کەس نەبوو بە جوانی لەو جۆرە پەیوەندیە بگات، ئەو ئێوارە کە ماشەڵڵا بە هەموو نهێنییەکەی زانی، هەر بێدەنگ بوو، بەڵام کە دیمەنی سکی نەشمیلی بینی ئیتر چیتر لەوە زیاتر نەیتوانی ڕاوەستێ، ئەو ڕۆژەش چووە ژوورەکەی و لەبەر وێنەی بووک و زاوایەتیەکەدا وەستا ، تەماشایەکی ئەو چەند مروەی کرد بەدەوری وێنەکەدا نەخشێنرابوون ئەو چەند دەنکە گەنمەشامیانەی بەدەوری چوارچێوەکەدا هاتبوون چووبوون، ڕاوەستاو و بە هێمنی ڕوانییە وێنەکەی خۆی هیچ دیمەنێکی بەدی نەکرد، تەماشای دەستی خۆی کرد چۆن لە دەوری ملی ئاڵابوو، ئەو بزانەی لەسەر لێوی نەشمیلەوە دەرئەپەڕین، جلە ئاڵاو واڵاکانی، ماشەڵڵا وەک هەمیشە بەسەرکزی ڕوانییە خۆی و دیمەنەکانی دەوروبەری، هەرزوو ئەیزانی ئەو خۆشەویستییە نەبوو، کە ئەم چاوەڕوانی ئەکرد، تەنانەت ماچەکانیش بە زۆر لێی وەرئەگرت، ئەو دەست لەملکردنەش بریتی بوو لە ڕیتمێک بە زۆر ئەنجامی ئەدا، هەموو داواکانی ڕەفز ئەکرایەوە، کاتێک لەسەفەری دەرەوەی گەڕەک بوو هەموو کونەکانی تەی ئەکرد بۆ ئەوەی دیاریەک بۆ نەشمیل بێنێ، خۆی پێ نەگیرا بەهێمنی ڕوانییە ئەو دەنکە زەنگیانانەی بەدەوری وێنەکەدا یەک یەک ئەکەوتنە سەر زەویەکە، ماشەڵڵا ئەوەندە بە وردی ئەیڕوانییە گوڵەکانی دەستی نەشمیل،

خۆی پێ نەگیراو ئەو شەوانەی بیرکەوتەوە بە تەنیا بەجێی ئەهێشت و لە باوەشی دۆستەکەیدا ئەنووست شەوێ نەبوو دووان نەبوو هەر جارەی بە بیانوویەک، کە ئەهاتیشە بەردەمی زمانی وەک ئەژدیها لەگەردنی ئەئالاَ خۆی پێ نەدەگیرا پەنجەکانی خۆی بەددان لەت و پەت کرد ژوورەکە هەر هەمووی بووە پارچەیەک دڵۆپە خوێن، ئەوەندەی هێناوبرد، ئەمبەر و ئەوبەری ژوورەکەی ئەکرد ئەهات و ئەچوو، جارجارێ لەنێوەندی ژوورەکە چاوی بەو ڕوخسارانە ئەکەوت، وەک دەنکە تەرزە بە بەرچاویا ئەهاتن و ئەچوون، لەوە زێدەتر نەیتوانی بوەستێ، خۆی لەبەردەم مام ئۆمەردا بینیەوە بێ ئەوەی چاو ببڕێتە چاوی:

– لێی گەڕێ بابڕوات

ئەوە یەکەمین جاربوو مام ئۆمەر وای ببینێ، بێ ئەوەی هیچ بڵێ، لەخۆشی ئەوەی کە ڕۆحی لەدەستی مەرگ ڕزگار ئەکات، خێرا بەتانیەکەی کردەوە، پەلی نەشمیلی گرت و بردیە بەردەم دەرگای دایکە پیرەکەی، ئەویش بەدوو چاوی پڕ لە فرمێسک تەماشایەکی کرد، قورگی پڕ لە گریان بوو، کاتێک دەرگاکەی لەپاش مام ئۆمەر داخست، لەو شەوە بەدواوە کەس چیتر ماشەڵڵای نەبینی، وەک هەمیشە لەبەردەم دەرگاکانەوە، چەند سەرێک هاتنە دەرەوە گوێیان لە هەنسکی گریانێ بوو، نەیانزانی کێیەوە کەسیش بەدوویدا نەچوو.

مام ئۆمەرو دەروێش ئەو شەوە پاش درەنگێ، گەڕانەوە نێو جێگاکەی خۆیان، بەڵام دەروێش تا ئەمڕۆش نەیزانی ئەو پارچە کفنە چی تێدابوو کە ئەو شەوە لەگەڵ ئۆمەردا ناشتی، ئۆمەریش هەموو ڕۆژێ ئەیڕوانییە نەشمیل لەگەڵ کاروانەکەدا هەموو ڕۆژێ بەهێمنی سەر کز ئەڕوا، بەرەو کوێ کەس نازانێ، و کەس نایبینێ.

ئەمە بێگومان نە مریەم و نە سمایلیش نەیاندەزانی، کەسێک لە هەمووان زیاتر لەو جۆرە نهێنییانەی لابوو، دەروێش بوو، هەرکەسێ لەو گەڕەکە تەمەنی خۆی نەزانییایە، دەروێش ڕۆژو مانگ و ساڵەکەشی پێ ئەگوت، ئەو هەموو مێژوو و بەسەرهاتەکانی ئەوانی ئەزانی، مردن و کوشتن و نگرۆبوون و ڕەشەبا و گەردەلوولەکان، شەڕەکەکانی گەڕەک و هەڵواسین و کوشتارەکانی، ئەو ڕۆژانەی کە دیوارەکانیان تێدا ڕووخان، بەربەستەکانیان هەڵخست و پەنجەکانی ئەو کابرایەیان تێدا قرتان کە لە جیاتی زمان بە پەنجە خەڵکەکەی بەرەو گوندەکانی ئەو بەرەوە ڕێنوێنی ئەکرد، ئەو شوێنانەی کە کورەکانیان تێدا ئەسوتان و باروتیان تێدا دروست ئەکرد، ئەو ژنانەی شەوان لەبەر بێ مێردی لەسەربانەکانەوە بە شەو ئەچوونە لای یەکتری، ئەو مندالانەی شەوان لەنێو گەڕەکەکەدا ون ئەبوون، کەس نەبوو دیمەنی هەڵلوشینی لاشەکان لەبەردەم زۆنگاوی پشتی گەڕەکدا دیتبێت، دەروێش نەبێ، ئەو هەموو ئێوارانێک ئەو بەردانەی لە خانووە گڵەکان ئەکەوتنە خوارەوە هەڵی ئەگرتن، ڕۆژ نەبوو سەبری ژنی چینێک لەو بەردانە بەدزی دەروێشەوە فڕێ نەدات، ئەو هەمووەی ئەزانێ بەڵام نەیدەزانی کوڕەکانی خۆی کەی لەدایک بوون، ئەوکاتانەشی کە ئەوان دروست بوون ئەو لەسەفەری ئەمبەر و ئەوبەری نێوان وڵاتەکانا بوو، نەیدەزانی چ ڕۆژ و چ مانگێ لەدایک بوون، بەڵام ساڵەکانی ئەزانین، نەیدەزانی، چۆن گەورە ئەبن و بۆ کوێ ئەچن، ئێستاش مریەم ئەیەوێ ئەو پرسیارە لە دەروێش نەکات، ڕەنگە لای مام ئۆمەر وەڵامی ئەوەی چنگ بکەوێت، وەڵامی هەمیشەیی. هەرچەندە لەویش هیچی دەست نەکەوت، بەڵام ئەیزانی ئەو کابرایە بە چ گریانێک لە دایک بووە. ئەو ڕۆژە چەندێک هەوڵی دا نەیتوانی وەڵامی ئەم پرسیارەی دەست بکەوێ، سەری ڕێگای گرتەبەرو لەبەردەم دیمەنەکەدا وەستاو تەماشایەکی ئەوبەری ماڵی دەروێشی کرد.

چاکی ئەزانی کەسبەینێ ئەگەڕێتەوە و بەو ڕێگایەدا ئەڕۆن کە هەمیشە ئەیگرنەبەر کەس نایانبینێ کەسیش نازانێ لەچ سەرچاوەیەکەوە هەڵ ئەکەن، مریەمێک ئەوەندە هەوڵی دا وەڵامێکی چنگ بکەوێ لەنێو ئەو گەڕەکەدا کەس نەبوو بە ئەندازەی ئەو بە پەرۆش بێت بۆ هەواڵپرسینی دوا کوڕەکەی دەروێش، ئەوانی دیکە ئەوەندە بەلایانەوە گرنگ نەبوو، تۆ بڵێی بەلایەکی بەسەردا هاتبێ، کەس تێناگاو کەسیش نازانێ ئەمە چی پێ ئەوترێ، کۆچ، یان سەرگەردانی، چۆنچۆنی ئەڕۆن و بەرەو کوێ، ئەوە مریەم ئەیزانی، بەڵام نەیئەزانی بۆچی ئەمە ئەکەن، پاش ئەوەی سمایل چەندێ تکای لێ کرد واز لەو بەدبەختە بێنێ، بەڵام ئەمە خوو سروشتی مریەم بوو، ئەبێ بزانێ ئەو تاقە کوڕەی دەروێش چارەنووسی بەرەو کوێ ئەڕوات، تاکەی بەو ڕێگایەشدا دێ و ئەچێت، پاش ئەوەی چەندێ لە سمایل پاڕایەوە تا لەگەڵیا بێت، بەڵام بێ سوود بوو بڕیارێکە و داویەتی،

خۆ سمـایل ئەیزانی کە مـریەم لەبەر منداڵەکـانی خۆی ئەوەندە جەرگی بۆ ئەو دەروێشە گڕێ گرتووە، پاش ئەوەی لەدەرگـاکـە چووە دەرەوە ئاورێکی لە سـمـایل دایەوە، ئەویش وەک هەمیشە دەرگاکەی لەپاش داخست.

* * *

هەر بەدەم ڕێگاوە ئـاوڕی بۆ دواوە ئـەدایەوە، بەڵکو ئەمە خوایە کەسێک ببێ بە هاوڕێی بۆ دەمەتەقێ! بەڵام کەس نەبوو، کەس نەبوو بە ئەندازەی ئەم پەرۆش بێت، ڕاستە ئەو ئارەزووی بوو ئەم نهێنییەی کوڕەکەی دەروێش بدۆزێتـــەوە، بەڵام لەپاڵ ئەمـــەش ئەیویست بزانێ ئەم کاروانە چییە وا بەسەر کزی بەنێو گەڕەکدا دێن و ئەچن و ورتەش لە زاریان نایەتە دەرێ، بۆ خــــودی مـــریەم خەونێک بوو هەمـوو ڕۆژێک ئەیبینی، خۆشی نەیدەزانی بۆچی؟؟ ئایا حـەز کردنە لە ئاشکراکردنی نهـێنی، یان هەوڵێکە بۆ تەواوکردنی ئەو وردو درشتیانەی کە دەمێکە بە دەوری ئەو بەدبەخـتـیـەی دەروێش-دا ئەخـولێنەوە، دەمێک بوو ئەو ڕوخسارەی دەروێشی ئەبینی جیهانێک بوو لە نهێنی خۆشی لەو نهێنییە نەدەگەیشت، خۆ ئەشێ ئەو نهێنییەش وەک ئەوەی ماشەڵڵا بێت و پێی نەزانێ، یان هەوڵێکە بۆ هەڵدانەوەی پەردە نهـێنییـەکـانی ئەم گــەڕەکــە، ئەو جــاری یەکــەمی نەبوو چەند جـارێک لەنێـوەندی ڕێگاکـاندا ئەیڕوانییـە ئەو دەرگـایانەی کـە ئەخرانە سەر پشت و کەسیش پێشـوازی لێ نەدەکرد، کـاتێک هەمــوو منداڵانی گــەڕەک تووشی دەردە لاڵی بوون، تەنیــا دەروێش دەرمــانی چارەســەرکــردنی بۆ دۆزینەوە، هەر خــۆی مـــریەم سێ شـــەوو سێ ڕۆژ لە ماڵەکەی شیـوەن بوو بۆ ئەو هەمـوو منداڵە لاڵانەی کە خۆشی نەیدەزانی چییان لێ بکات، یان ئەو کرمانەی لە گەڕەکەکەدا ئەچوونە نێو پەنجەکانیان و ورده ورده گۆشتی نێـوەندی ئەخـواردن، ئەو شـەوانەی لەیادە کـە زریکەی منداڵە تووشبـووەکـان بەو کـرمـە هەر هەمـوو گـەڕەکی داگـرتبـوو، کـاتێک کـە چوونە کن دەروێش، ئەو تەنیـا دەستی بەرز کردەوە: (خوا چاکی بکات.) کەس نەبوو لە مـریەم زیاتر لەو نێـوەندەدا گـڕەی دڵی نەیە هەر زوو ئەم بەروئەوبەری ئەکـردو دەرمـانەکـانی تێکەڵ ئەکـرد و بە پەنجــەی منداڵەکــانی ئەهێنا هەر بێ ســـوود بوو، تا ئەوکاتەی ئەو چەند منداڵانە لەپڕ بە هێمنی لەشەوەکاندا وەک خەوبیانباتەوە ئیتر بێدارنەدەبوونەوە.

مـریەم بە ڕێگاکـاندا گـوزەری ئەکـرد و هەر جـار جـارێ ئاوڕێکی بەرەو دواوە ئەدایەوە، تا نزیکی کوڕە گەچەکان بووەوە، هەرلەوێ بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ چەند دەنگێکی بیـــست، لەدەنگی ئەو هەنگاوانە ئەچوون وەک بەســـەر زەوییەکی کرۆکدا گوزەر بکەن، هەر زوو مریەم زانی ئەو هەنگاوانە هەنگاوی ئەوانە، ئیـســـتـێکی کـرد و ڕاست بووەوە تا ئەهات دەنگەکە گەورەتر ئەبوو، ئەوڕۆژە بوو کە دەمـــێک بوو تینووی بوو، بە هێـــمنی خـــۆی گـــەیاندە نێـوەندیان، هەر هەمـوویان بێدەنگ و سەرکـز، کـاتێک مـریەم لەوێدا خـۆی بینی وەک بڵـێی شـتـێکی تازەی دۆزیبـێـتـەوە هەستـێک هەمـوو ئازای لەشی داگـرت لەو هەستە ئەچوو کە پاش کەوتنە خوارەوە لە شوێنێکی بەرز لەســـەر پووش و پەڵاشـێکی نەرم خـۆت بگریتـــەوە، هەرچەندی کرد خۆی پێ نەگیرا ئەویست لەگەڵیان بدوێ، بەڵام سیفەتی ئەوان ئەوەبوو کە بەبێ دەنگی ئەبێ بڕۆی، دەسـتی خسـتـە سـەر شانی کـوڕەکـەی دەروێش ئەو بێ ئەوەی هیچ هەستێک لا دروست بێت، هەروا بە ئەسپایی ئەڕۆیشت هیــچی بۆ نەکــرا تەنیـــا ئەوە نەبێت کـــە بەچاوێکی کز تێی ڕوانی! مریەم لە چاوەکانیا مەزنترین گـریانی بینی لەو چاوانە ئەچوو کـە زەمـەنێکە خـەوی نەدیوە و سـالانێکە نازانێت ڕوانین چییـە و سەردەمـێکە هەتاوی نەدیوە ئەوەندە نیگای ڕوو لە خـواربـووە تەنیـا وێنەی ئەو زەمـینەی تێدا نەخشـێنراوە کە بەسـەریا تێ ئەپەڕێ، مـریەم پەلی ڕاکـێشا ئەویش کـەمـێک وەسـتـاو کـــاروانەکـــەش تا ئەهات ئەمـــانی ئەبڕی، دواجـــار هەردووکیـان لەنێو کاروانەکە هاتنە دەرێ، تاقە شتێک مریەم فریاکەوت لەزاری بێتەدەر:

– بەزەییت بەو ڕۆحەدا بێتەوە، چیتر بەرگە ناگرێ؟

ئەویش هەروا بێ ئەوەی گـوێی لە مـریەم بێت، لەگـەڵ کـاروانەکـەدا ڕۆیشت، بزەیەک کـەوتە سـەرزاری لە بزەی پاش گریان ئەچوو، چاوەکانی وەک دوو مەل لەسەر لێوە و وشک هەڵگەڕاوەکـانی کـوڕەکـەی دەروێش نیشـتـەوە چاوی وەک بیـەوێ شـتـێک بڵـێت، ئاوەها ئەیانڕوانییـە خۆرەتاوەکەی گەرمیـان، هەرچەندە مریەم کۆشا نەگەیشتە ئەو هەوڵەی تا بیهێنێتە سەر ئەو دنیایەی کە خۆی تێدا ئەژی، کـاتێک زانی کـە ناوەسـتێ، بڕیاری دا لەگـەڵیـا بڕوات تا بزانێ ئەگاتە کوێ، بەڵام دڵنیابوو کـە ئێـسـتـا منداڵەکانی و سمایل دڵیـان بووەتە ئاگر، ژنێک ئەوەندە لەمـاڵ دواکـەوێ سـەیرە بەڵام مـریەم هەتا ئەهات بەنێـو دیمەنەکـەدا ئەڕۆیشت و زیاتر دیمەنەکە پەلکێشی ئەکرد،

چاوی بڕیە ئەو زەویەی کــە بەســەریدا ئەڕۆن، شــان بە شــانی کــوڕەکــەی دەروێش ڕۆیشت، ڕۆیشت تا ئەهات، هەتاوەکە لە گردۆڵکەکانەوە بەرەو خوارەوە خل ئەبوونەوە کەس نەیدەڕوانییە هەتاوەکە، هەتاوێک بوو هەمیشــە چاوەکـان ڕقیـان لێ ئەبووەوە، مـریەم بێ ئەوەی بە خـۆی بزانێت، لەنێــو کــاروانەکــەدا ئەتوایەوە تەمــاشــای جەستەکانی ئەکرد کە ماندووبوونیان نەدەزانی، تەماشای ئەو دەستانەیان کە بەلاقەدیاندا وەک شمشێرێکی کول شـۆڕبوونەتەوە، کـەس لە ورتەیان نەدەگـەیشت تەنانەت مریەمیش، مریەم هەر ئەیڕوانییە کاروانەکان هەر زیادی ئەکرد بەنێو گەرەکەکاندا تێئەپەڕین، لە هەر گـەڕەکێدا دەیانی وەکو کوڕەکەی دەروێش جووت ئەبوون نەیانئەزانی و مریەمیش تێنەدەگەیشت چۆن ئەو هەمـوو دڵانە ئەتوانن دەیان دڵی وەکـو دەروێش جێ بێـڵن، خـۆ دەروێشێ، کـە نەیدەزانی گریان چییە ئێستاش وا ئەزانێ کوڕەکەی لەو خـــوارە چووە پـوول و پارە پەیدا بکـات، بەڵام ئەوەی مـریەمی زیاتر تـووشی واق ورمـان کـرد پـیرێژن و بـووکـە تازەکـانی ئەو گـەڕەکانەی دیکە بوون کە ئەهاتن و بەری کـاروانەکـەیان ئەگـرت، ئەپاڕانەوە، «وەرن کـوڕەکـانمان، پیاوەکانمان بەرن»، هەر ئەوەش نا لە نێوەندی ڕێگاکاندا دائەنیشتن و بە ڕۆن و کەرە ئەو قاچانەیان چەور ئەکرد کە لەژێر گــەرمی تـاوســتـــانـدا و لەبەر ڕێککردنی زۆردا، قـلـّـیـشـیـان تێکەوتبـوو، ئەو لێـوانەی هەڵقـرچابوون، بەسـەرتوێشی شـیـرە هەڵپـژرکـاوەکـان چەوریان دەکـردن، لەسەر ڕێگاکان تەشت و قابلەمەی گەورە دامەزرابوون، بۆ شۆرباو هەندێ خواردنی گەرم.

مــریەم وەکــو باڵندەیەک بەنێــو ئەو هەمـــوو ڕۆحــە تەنیایەدا هەڵئەفڕێ و بۆ وەڵامێک ئەگەڕا: بۆچی ئەمانە لە ئێمە ناچن، لای ئێمە گەر منداڵەکان درەنگ بگەڕێنە ماڵەوە، دایکەکان قـورگیـان پڕ لەگریان ئەبێت و گیـانیـان ئەبێتە پارچەیەک گڕو قوڵبە لە جەرگیانەوە سەرئەکات، باوکــەکــان هەمــوو گـــۆشــەیەک تەی ئەکــەن و لەم لەو ئەپرسن، ئەوانەشی منداڵەکـانیـان ون ئەکـەن هەمـــوو تەمـەنیـان ئەبێت بە گـەڕان و گـریان، کـەس لەگـریانیـان ناگــات تەنیــا خـــۆیان نەبێت.. مـریەمـیش کـوڕەکـەی دەروێش هەڵیفڕاندووە و هێناویەتییە ئێرە، تا بزانێ ئەو بەدبەختە بۆچی وا ئەو باوکە بەستەزمانەی ئەسووتێنێ.

کـوڕەکـەی دەروێش ڕوانییــە مـریەم و تەمـاشـایەکی پەڕەسێلکەکانی کرد کە بەسەر سەریانەوە هەڵئەفڕین، کوڕەکەش تەماشایەکی مریەمی کرد و دەستی بۆ ئاسمان درێژ کرد:

– ئەوانیش دەردەکەی ئێمەیان هەیە

مـریەم تەمـاشـایەکی کـرد، وەک بڵـێی تازە لەو خـەونە ڕائەپەڕێ کـــە دەمـــێکە چووەتە چاوی، بەدەســـتێ ئاماژەیەکی بۆ پەرەسێلکەکان کرد/ وەک گەردەلوولێکی بە پەلە بە ئاسماندا ئەڕۆیشتن. لێی نزیک بووەوە دەستی خستە سەر شانی (ئەمانە لە ئێمە ناچن) مریەم وەکو دڵی بکرێتـەوە، بە دووی وەڵامـەکـەی گـەڕا، تەمـاشـای کـوڕەکـەی دەروێشی کـرد، ئەو ڕۆژانەی بیـرکـەوتەوە کـە بەسەر گەڕەکەیاندا پەرەسێلکە کۆچەریەکان ئەگەڕان، ئەو ڕۆژەی وتیـان ئەو دەردەی تووشی مـاڵ و منداڵەکـانمان بوون، ئەو پەڕەسـێلکانە دەردەکـەیان لە بیـابانەکـانەوە هێناوە، بە دەنووکیـانەوەیە، بەر هەر جێگایەک بکەوێ دەردەکـــە تەشــــەنە ئەکــــات، بۆیە هەمــــوو لانە پەڕەسێلکەکانیـان ڕووخاند و ئەوانەشی ئەگیـران ئەدرانە دەســـتی منداڵەکـــان تا بە زیندووی لەنێـــو تەنوورە گەرمەکاندا بیانسووتێنن، مریەم هەرچەندی کرد نەیتوانی ئەو کـارە بکـات، خـۆی پێ نەگـیـرا چاوو دڵی پڕبوون لە فـرمـێـسـک، هەربۆیە سێ ڕۆژ و سێ شـەو لە مـاڵەوە جێگایان نەکردەوە.

– بەڵێ

هەتا ئەهات کـاروانەکە پڕ ئەبوو، هەمـوو گـەڕەکـەکـان منداڵەکـانیـان فڕێ ئەدایە نێو ئەو کـاروانە، مریەم وەکـو دوو چاوی مـاندوو، پەلی کـوڕەکـەی دەروێشی گـرت و لەخۆی نزیک کردەوە:

– چیتـر من بەرگەی ئەم ئازارە ناگرم، تۆ دڵت هەیە، چۆن لێرە لەنێو ئەم بێ دڵانە ئەژیت؟

– من خۆشم نازانم هەم یان نیم!

کاروانەکە لەنێو زۆنگاوێک ئەگیرسانەوە، ئەنووستن، شەوێک دوو ڕۆژ بەنێو پێدەشتەکەدا ئەهاتن و ئەچوون و هاتوون و چوونێک لە دڵی ئەو مـاندووە ئەچوو لەنێـوان مـاندوێتی خـۆی و پەرۆشی بینیـدا چاوەڕوانی بینینی جـەرگـەکـەی بـوو، ئەوان وەک کـۆمـەڵێ باڵداری تینوو چاویان ئەبڕیە ئەو زەویە وشکەی کـــە لەبەر هەتاوی گـەرمی گـەرمیـاندا وەک دەسکە پووشێکی گـرمـۆڵەبوو لەپاڵ گردۆڵکەیەکدا گرمۆڵە کرابێت، کەس بە ئەندازەی ئەوان لە تێنوێتی نەدەگـەیشت، زۆنگاوەکـە وەک بڵـێی بەخـێـرهاتنیـان بکات، لە باوەشی ئەگـرتن، کـەس بە

ئەندازەی زۆنگاوەکە خۆشیانی نەدەویست، ئەوانیش کەسیان بە ئەندازەی زۆنگاوەکە خۆش نەویست، تا ئەو چرکەیەش مریەم لەو بێدەنگییەی ئەوان نەدەگەیشت، بەڵام کوڕەکەی دەروێشی ئەبینی وەک چۆڵەکەیەکی بریندار دەستەکانی بە ئاستەم ئەگەیشتە سەر ڕوخساری ئەوەندە سست ببوو کەس نەیدەناسیەوە، ڕەنگە خودی دەروێشیش نەزانێ ئەم دوو چڵە ئێسکە کێیە، ئەوان خواردنیان گەڵاو پووش و پەڵاش و لە ئاوی زۆنگاوەکەش تینوێتیان ئەشکان، کەس نەبوو بە ئەندازەی کوڕەکەی دەروێش بەرگری تینویەتێ بگرێت، گیانی لەو دەشتانە ئەچوو کە پاش تینوویەتی بەرەو خوار ئەکشێن بۆ ئەوەی بزانن ئەمان چ سەرچاوەیەکن وچ ئەنجامێکیان بەدەستەو لە کوێوە هاتوون و بۆ کوێ ئەڕۆن، ئەو ئێوارەش مریەم بە ئەسپایی دەستی خستە سەر شانی و وتی:

– برام با بڕۆینەوە، لەبەر ئەو بەستەزمانە، لەبەر خۆتنا!

ئەویش بە چاوێکی پڕ خوێنەوە ڕوانییە دەستی مریەم کە بەسەر شانیەوە وەکو دوو کێو ئابڵووقەی ئاسمانێکیان دابێ، ئاوەهای بینین. شانی لەنێو دەستی مریەم کەوتە خوارەوە، هەر زوو هەستی بە دارمان کرد.. هەوڵی دا لەو گریانە قورتاری بێت کە دەمێکە بەدەستیەوە ئەناڵێت، مریەمێک لەوەتەی هەبوو هەر خەونی گەورەی ئەبینی، خەونی بەو خەونەدزراوانەوە ئەبینی کە تاسەکانی هەرگیز نەدەگەیشتنە دڵ، بەڵکو لەنیوەی ڕێگادا بنبڕئەبوون، کوڕەکەی دەروێش دەمێک بوو لە تەنیشتیەوە وەستابوو ئەیڕوانییە دەستە بریندارەکەی مریەم کە لە دەستی ژن نەدەچوو لەو دەستانە ئەچوون دەمێک بوو پشوویان نەدیتبوو، کوڕەکەی دەروێش پارچە تەختەیەکی لە پشتەوەی دەرهێناو دایە دەستی مریەم، ئەویش بێ ئەوەی بزانێ بەدەستە بریندارەکەی پارچە پارچەی کرد، وەک خەون بێت ئاوەها لە گەروویەوە هاوارێک ئەو نهێنییەی هەر هەموو لە کپی دەرهێنا، هەموو چاویان بریە ئەو دووانە بۆ ئەوان ئەمە کارێکی تازە بوو کەس نەیدەتوانی یاخود لە توانای نەبوو ئاوەها بەو هەموو بەرزیە بەسەر یەکتریدا هاوار بکات، هەموو بەکپی لێیان نزیک بوونەوە، مریەم لەنێوەندەکە خۆی قوتارکردو لە قوژبنێکدا دانیشت، ئەوە یەکەمین جاری بوو پاش هەر کارێک کە ئەنجامی ئەدا هەست بە نائومێدیەک بکات، ئەم هەموو جارێک باوکی دەستی بەسەریا ئەهێناو ئەیوت: (ئەم کیژەی من، هەر نازانێ تووڕەبوون چییە)، پاش ئەوەی لەپاڵدا فرمێسکەکانی خۆی گلدایەوە هەروا بە بێدەنگی ڕوانییە ئەو مرۆڤانەی لە دەوروبەریا دانیشتوون و هەر هەموویان ئەگریان، چ گریانێ کەس هێوری نەدەکردنەوە ئەو گریانەی ڕۆژانی خەونە شوومەکانی وەبیرئەهێنایەوە ئەو ریزە تەرمانەی وەبیرهاتنەوە کە بەدرێژایی دیواری گەڕەکە لەپاڵ یەکدا ڕاکێشابوون هەرچی ژن و کچی گەڕەک هەبوو وەکو سەمفۆنیا وەیشێرەیان لە سنگەوە بەرز ئەبووەوە قژی خۆیان ئەڕنییەوە و بەردە تیژەکانیان بە ڕوخساری خۆدا ئەهێنا، تاوەکو تەسکینیەک لە ڕۆحیان بەرز بێتەوە بە خۆیاندا ئەکێشاو بەدووی یەکدا ئەو لاوانەیان ئەلاوانەوە کە بێ ئەوەی ئاگایان لەخۆ بێت لە شەوێکدا گورگ لەخەودا دای بەسەریان و هەموو گیانی لە تویەت کردن و هیچ دایکێک دڵی بەرایی نەدەهات ڕۆڵەکەی خۆی وا، ببینێ بۆیە هەموو گریان تا سێ ڕۆژ و شەوێک گریان.

مریەمێک کە ئەیزانی بۆ ئەگری، بەڵام لە گریانی ئەوان نەدەگەیشت، بۆیە بە وردی خۆی خزانە نێو دەرەوەی بازنەکە و وردە وردە بەرەو ماڵەوە بۆلای منداڵەکان شۆڕبووەوە، بەڵام هەتا ئەڕۆیشت گوێی لە گریانیان بوو تا لە گەڕەکەکە نزیک ئەبووەوە گریانەکە تەنکتر ئەبووەوە کە گەیشتە بەردەم دەرگاکەی ماڵەوەش هەر هەنسکێک لە قورگیا مابوو، تا لە ژوورەکەیدا دەرگاکەیشی لەسەر خۆ داخست هەر ئەو هەنسکانە لێی نەدبۆوە، سمایل کە مریەمی بینی چاوەکانی سووربوونەتەوە بێ ئەوەی هیچ بڵێ بە تەنیا جێی هێشت.

**٢٠٠٣ – پراک**

# زیندەوەرەکان مۆمیاییم دەکەن

**چنوور سەعیدی**
**(سنە)**



ئەهاها، دووبارە پیاسە دەکەن، زیندەوەرەکان لە نێو پرچەکانمدا. هەندێ جار ڕادەوەستن، ڕەنگە پرچەکانم بەدەست و پێیاندا بئاڵێن. نازانم چلۆن خۆیان دەرباز دەکەن کە هێواش هێواش لە تەوقی سەرمەوە خۆیان بەرەو خوارێ شۆڕ دەکەنەوە.

دەنگی جووتێ کڵاش کە لە سەرەخۆ لە پیلکانەکانا دێتە سەر، لە نێو چوار دیوارییەکەی حەوشە دەنگ دەداتەوە. لەگەڵ ئەم دەنگە جمەیەک خۆی دەخاتە نێو زیندەوەرەکان، سەریان لێ دەشێوێ و ڕێگا ون دەکەن. بە تێپەڕینی هەرکام خەتێک لە مێشکمدا دەکێشرێ کە تەنیا مووچڕک و حەزێکی کەم خایەن لە منا بە جێ دەهێڵن، وەکو ئەوەی بتهەوێ لاپەڕەیەکی سپی خێرا خەت خەتی کەیتەوە.

«- ئەهای! چی دەکەی لەبەر ئەو ئاوێنە خاوەن مردووە؟ لە دوێنێوە پانتۆڵەکەمت لە نێو تەشتەکەدا خووساندووە. هێشتا لەوێن؟ ئەی تۆ چی دەکەی لەمماڵە؟!»

دەرکەکە توند دادەخاتەوە. زیندەوەرەکان لە جێی خۆیاندا دەوەستن و گوێ لێ ئەتەکنن تاکو دەنگی هەنگاوەکانی دوور دەبێتەوە.

ژنێکی تۆزاوی لە بەیانیەوە تا ئێستا لە بەرامبەرما دانیشتووە، حەپەساو سەیرم دەکا و لێم دەپرسێ:

«- ئەمانە چ زیندەوەرێکن و لە کوێوە هاتوون؟»

«- نازانم خانم، ماوەیەک بوو هەستم بە بزووتنی جاروباری شتێک دەکرد وەکو بیهەوێ لە چکەکەم بجوێت و بێتە دەرێ.»

«- بیر کەرەوە بزانە سەرەتای ئەم ماوە کەی بوو؟»

دایکم دەیگوت:

«- بڕوانە چ کراسێکی جوانم بۆت هێناوە، ئەوەندە شۆڕە کە باڵ و قاچەکانت باش دادەپۆشێ ئەم کراسە کورتانە فڕێ بدە، دەبێ ئیدی لام چۆڵ نەکەی و وریا بیت بزانی چی دەکەم، بەڵکو فێر بی. ڕاستی وەرە ئەم لەچکەش بدە بەسەرتا بزانم چلۆنە.»

هەرکات ئەو لەچکەم بەسەردا دەکێشا، هەستم بە بزووتنەوەی شتێک لە تۆی قژەکانما دەکرد. دایکم

دەیگوت: شتێک نییە ڕەنگە بۆ ئەوە بێ کە تا ئێستا لەچکت بەسەردا نەکێشاوە.

«ژنە تۆزاوییەکە لە ئاوێنەکەوە دەست دێنێ و لەچکەکەم فڕێ دەدا تارە ناسکەکانی دامەتەنەکان ئەوەندە کێشیان دێت تاکو لە جێگایەکدا دەپچڕێن.

«– بیر کەرەوە بزانە دوایین جار کە قژەکانت داهێشت، کەی بوو؟»

«– بیرم نایە... ڕەنگە لەوکاتەوە کە هێشتا کچ بووم، یان لە منداڵییەوە، یان سەد ساڵ لەوە پێش چووزانم... وەبیرم نایە...»

ژنە تۆزاوییەکە شانەیەکی دارین لە تەنیشت ئاوێنەکەوە هەڵدەگرێ و دەیخاتە نێو قژەکانم. دیسان ڕێگا ون دەکەن و لاپەڕەیەکی سپی خێرا خەت خەتی دەکەنەوە.

قژەکانم ئەوەندە توند ئاڵاونەتە دەور یەکا، کە ئیدی شانەکە ناتوانێ تا دوایی قژەکانم پیاسە کا. دەیهێنمە دەرێ، یەکێ لە دەندەکانی چەقاوەتە زگ دامەتەنەیەکی چکۆلە و تارە نەرم و ناسکەکانی ئاڵاونەتە دەور لەشیا، بەڵام هێشتا زیندووە و قاچەکانی دەبزوێتەوە.

«– ئێوارە دەڕۆم دۆستێکم دەبینم لەسەربازیەوە تا ئێستا هیچ کام ئاگامان لە یەک نەبووە، لە بیرت بێ.... کەوشەکانم داناوە تاکو سەرخەوێک دەشکێنم دەبێ بۆیاخ کرابێ.»

لەبەر قژمەوە گیانەوەرێک ڕەش دەبینم کە هێور هێور لە تەوڵمەوە دێتە خوارێ و دەیەوێ لە نێو چاوانمدا هێلانە بنێ. ناهێڵم سفت چاوەکانم دەقوچێنم سەیرە، وا دیارە کاریم ساکار کردووە! سەرەتا چاوی ڕاستم.

«– ئەمڕۆ نە ماڵت گەسک داوە، نە جلەکانت شۆردووە، تەنانەت پێخەفەکەشت هەروا ماوە!» دامەتە نەیەک بە قاچەکانی پشت گوێم ختکێ دەدا من دەست هەڵدێنم پشت گوێم بخورێنم، نایخورێنم ڕەنگە وابزانی ئەمەوێ داوەکانی بڕووخێنم دەترسم چزەم لێ بێنێ.

«– نا دامەتەنەکان خاوەنی خۆیان دەناسن بۆیە لە ماڵە کۆنەکاندا لەگەڵ یەکا دەژین و کاریان بەسەر یەکەوە نییە.»

«– من نازانم لە بەیانییەوە کە هەستاوی چیت کردووە؟ من برسیمە خانم، وەرە خێرا نان و چایەکم بۆ بێنە.»

یەکێکیان لە ژێر چەناگەمەوە دەردەکەوێ لە لێوەکانم تێپەڕ دەبێ و بێ ئەوە دەرفەت بدا باش بیبینم لە کونەکانی لووتمدا، ئەم کونە چکۆلە و گەرم و تاریکانە داو دەنێ، دەبێ بەدەم نەفەس بکێشم.

«– لە کوێیت بێ خاوەن؟ بۆ وەڵام نادەیتەوە، کراسەکەم، گۆرواکانم لە کوێن؟ زۆر سەیرە، ئەمڕۆ هیچ شتێ لە جێگای خۆیدا نییە.»

«– ئەم دامەتەنانە بۆ ئەمڕۆ هێرشیان هێناوە؟ تۆ کە دەڵێیت ماوەیەک بوو دەتزانی کە دەژین، بەڵام هێشتا چێشتت دادەکرد، ماڵت گەسک دەدا و جل و بەرگت دەشۆرد.»

سەرم شاری دامەتەنەیە، قورس بووە. ئیدی مووچڕک نامگرێ و لاپەڕە سپییەکە ئەوەندە خەتی خواردووە کە جێگای خاڵێکیشی تێدا نابێتەوە.

سەرم ڕادەوەشێنم، پرچەکانم وەها بەستراونەتەوە کە ئیدی ناتوانن شێتانە خۆیان بڕژێنە سەر شان و ملم.

دەمزانی ڕۆژێک هێرش دێن و قەت نەدەترسام کە لە توێی قژەکانما دەژین.

ترسی من لەوە بوو ڕۆژێک هێرش بێن و ئیدی نەتوانم ئەم دەنگە کە پەیتا پەیتا فەرمان دەدا ببیسم، چی ئەم دەنگە دێت ئەمانە زۆرتر دەمبەستنەوە.

«– شێتە لەگەڵ تۆمە گۆڕی ئەو کەسە.... تۆی ناردە ماڵم! بۆ وەڵام نادەیتەوە... بێ شک ئەم ژنە عەقڵی لەسەر خۆی نییە.»

لە ئاوێنەکەوە کومێدەکان، پەیکەرەی کۆترەکان، شووشەی پەنجەرەکان، گوڵدانەکان هەموویان تۆزاوین.

«– وەکو ئەمەیە ئەم ماڵە ساڵەهایە ڕەنگی ژنی بە خۆی نەدیوە.»

گوێم کپ دەبێتەوە، دامەتەنەیەکی زل گوێمی داپۆشیوە. دەنگی پیاوێک لە دوورەوە دێ، وەکو هۆرەیەک کە با بیهێنێ.

«– شێتە ئەم ئاوێنە خاوەن مردووە... بیشکێنم...»

دەمەوێ بە ژنە تۆزاوییەکە بڵێم:

«بە دامەتەنەکان بڵێ دەستەکانم نەبەسنەوە... هێشتا کارەکانم هەروا ماوە....»

دامەتەنەیەکی چکۆلە خێرا لە چەناگەمدا دەردەکەوێ و لێوەکانم دەدروێتەوە. چاوی دیکەم دامەتەنەیەکی ڕەش دایدەپۆشێ، یەکێک دەستەکانم دەبەسێتەوە بە یەکا، تەنانەت لە توێی ئەنگوستەکانم داو دەنێ.

هەڵدەستم، دوو هەنگاو دەنێم هەندێکیان لە توێی قژەکانما شۆڕدەبنەوە و خێرا پێیەکانیشم دەبەستنەوە.

ئێستا هیچ نابیسم و نابینم. خەریکن مۆمیاییم دەکەن. لە سەرمەوە دەست پێدەکەن خەریکم دەخنکێم تەنانەت جل و بەرگەکەشم دەجوێن.

پیاوێک شەپلاخەیەکی توندم لێدەدا، دەکەومە سەر ئاوێنەکە، ژنێک تۆزاوی و مۆمیایی لە پەڵەکانی ئاوێنەکە بڵاو دەبێتەوە. وردە شووشەکان هەندێ لە تارەکان دەچڕن، بەڵام ئەوەندە زۆرن کە من هێشتا مۆمیایی دەمێنم.

**گوڵانی ١٣٨١ (٢٠٠٢ز)**

# نامەیێن نا بەرسڤن

**عیرفان ئامیدا**
**(دیاربەکر)**

هنەک ژێ سیا بەرێڤاری نە
ب بەنگی
ئەو ژی وانی
باران بباریا
د بشری

تو تشت د مستا کەمانێ دە، نەپەنییێن کو دناڤا تارییێ دە خوە قورنساندنە، نکارە ژ ناڤێ دەرخینە. ب نەرمی... هێدی هێدی... ژ هەڤ ڤەچڕینە هەمی نەپەنییێن ژیانێ. ئەڤینێن نەگۆتی. پرسێن ڤەشارتی و هەستێن تالۆقکری.

و... و تو.


ئەز ئیرۆ دیسا د دوێ نەقەبێ رە دەرباس بووم. دیسا گۆشێن وێ دێلییێ، د شاخێن وێ دە بووبوون مەویژ ڕەش. وەکی مەویژکا چاڤێن تە خوەش. لێ نە کوور و نە دوور. کەسکۆکەک پێ ڤەکرم. دەمەکێ، ل بەندا گومگومۆکا کو تە تەریا وێ قوت کربوو، مام. ب هەستیاریا تە لێ نهێریم، کو لبەرگەرا من ببەرسڤینە. لێ ب هەمان ئاورێن بێواتە نهێری.

و ئەز ل بنێ سیا وێ دێلییێ روونشتم. من ئەو کلاما رۆژا ئەولی گۆت. کەنگی سترانان ل بنێ سیا وێ ببێژم، ژ نوو ڤە د بشکڤە ئەو دێلی.

زڤریم و باران بارییا

قودرەتەکا خوەدایی یە یان لێهاتنەکە نزانم. هەرکو د وێ نەقەبێ رە دەرباس بم. ئێڤاری باران دبارە. و هەرکو باران دبارە گول و چیچەکان تینم هوندر. «بێهنا عەسر» ژی. من ئاخا وێ گوهەرت یەکشەما چوویی. من ئاخ بێژنگ کر و هنەک ژی زبل تەڤ لێ کر و ل قونجکا وێ یا هەردەم ئەو دانی. ژ خەمل و خیزا خوە، ژ بەژن و بالا خوە تو تشت وەندا نەکریە. بێهنا وێ ژ من تەنێ رە زێدە یە. گومان دکم ب ڤێ هنەکی ستووخوارە...!

دەنگێ بارانێ تێ تە ژی گەلۆ. ل جەم تە ژی دبارە. پەشکێن بارانێ ل جەم تە ژی وسا ب بەنگی ژ تێلێن کەمانێ د حەرکە؟ ل ور ژی هەتا تە دەرخە شانەشینێ و بێهنا پۆرێ تە بمژن، ب گرن پەشکێن بارانێ. ل بوخا پاجەیێن تە یێن ور ژی خوەش تێن نڤیساندن گەلۆ. هەستێن تە یێن نەگۆتی؟



کێ ژ دێلاڤا هەر تشتی کەڕ دبە، ژ بۆ تو ببی سبەح؟ و دیوارێن تە، تێرا شەڤێن ژ خوەدانێ د فەتسن، گێژ دبن؟ شەوقا لەمپەیێ سەرمەست دبە، هەتا کو قودوومێ ستێرکان بشکێ ژ بەر چرووسکێن چاڤێن تە؟

گەر باران ببارە. تو ژی نها ل کەمان گوهدار دکە. مەلۆدیا کیشوەرا ئەڤینێ یە دەنگێ کەمانێ. لێ دڤێ باران ببارە. کو داوەرڤە رەحان. و ئێڤار ل بنێ چەنگان خلماش ببە.

باژار د خوە دە بوو

یێن مایی ژی چوون!

چیلکێن کەڤۆکا شین ژی ب فڕێ کەتن لێ چوونا وان ئەوران تو جاری نەشبیا چوونان.

ئەو دەنگێ کەمانێ یێ هێمایی، هەر دەم داوەرڤی ناڤ پەڕ و باسکێن باوەڕییان.

من وێنەیەکی دیمەنەک ژ گۆلا وانێ کڕی، چەند رۆژ بەرێ. گۆلا وانێ، ژ خوێدانێ فەتسیا. و دێرا گراڤا ئاختاماری، ب حەسرەتێن تاماریێ زەنگار گرتییە. رەنگپاییزی. باوەڕ دکم کو وێنەسازێ ڤی وێنەیی ژی، مینا تە، ژ پاییز و ژ حەسرەتان حەز دکە.

لێ من ئەو وێنە، ل جییەکی کو شۆپا من پێ نەکەڤە دانی. ل جییەکی کو شۆپا من پێ نەکەڤە، لێ دەنگێ کەمانێ ببهیزە.

ژبەرکو پاییز ب حەسرەت.

و حەسرەت بێ کەمان نابە.

ما تو ژی ل کەمانێ گوهدار دکە؟

... دەستێ من نەما ل پێنووسێ دگرە. هەر کو دخوازم ب ناڤێ تە دەست ب هەلبەستەکی بکم، ب مەویژکێن چاڤێن تە بنهێرم ل ستێرکان، باران دبارە. باران ببارە حوبرا پێنووسا من زوها ،مژانکێن من شل دبن. و «بێهنا عەسر» دگری ب سەر من دە نها ژی ئەو بنەفشا تە ب دەستێن خوە چاندییە.

ب نالین و نارین.

دگرین...

نە تو

نە ئەز

نە پاییزا سالا چوو

دەما تو چوو

باران بارییا

بنەفشا نارین گریا...

... گەر تو بێ

ئەزێ شڤێن نوو بدم دێلییێ..!

**تێبینی: ئەڤ دەقە ژ پەرتووکا «نامەیێن نابەرسڤن» هاتیە وەرگرتن کو ل سالا (٢٠٠٣)ێ ژ ئالییێ وەشانێن ئارام ڤە هاتیە چاپ و بەلاڤەکرن و، رووپەلێن (٨-١٣) داگیرکرینە.**

# به درێژایی زستان گەرمم کەوە

**عەلی خودایی**
**لە فارسییەوە: محەمەدئەمین شاسەنەم (بۆکان)**

کاتژمێرەکە زەنگی لێداوە. لەخەو هەڵدەستم. دوێشەو دەرمانی قالۆنچەم بە متبەق و حەمام و دەسبەئاو و ژێر پلیکانەکانەوە کردبوو. لە حەمام قالۆنچەکان تۆپیبوون. لە متبەق، لە پەنای خوانچەکان و مێزی لای ئەوانیش قالۆنچە سەراوبن کەوتبوون و مردبوون و شوێنی لاقیان، سەمە سپییەکەی لە هەموو جێیەک بڵاوکردبۆوە. ڕوو دەکەمە مەرجان کە تازە لە خەو هەستاوە، دەڵێم: «وەرە چاولێکە، چ کوشت و بڕێکە! دوێشەو هەموویان سەرەو ژێر بوونەتەوە.» گسکی لێدەدەم مەرجان و منداڵەکان لە قالۆنچە دەترسن. ئاو بە مەبالەکەدا دەکەم، قالۆنچەکان ون دەبن. مەرجان دەڵێ: «ئەی حەمام؟» مەرجان شیر دەکاتە نێو قاوەجۆشەکە. منداڵەکان لە خەو هەستاون. گەورەکەیان دێ و ڕووبەڕووی تەلەفزیۆنەکە دادەنیشێ هەتا بەرنامەی کاتژمێر شەش و نیوی منداڵان ببینێ. چکۆلەکە دەگری. لیوانێ شیر بۆ گەورەکە دەبەم. شیلەوگەرمە. چکۆلەکە مەمکە شیرەکەی لە مەرجان وەردەگرێ. پێشدەکەنێ و دەشگری. دەموچاوم دەشۆم. چاوم دەکرێتەوە. لەپەنای مێزی نان و چای بەیانی ڕادیۆکە هەڵدەکەم.

نەیگوت چەند پلەیە؟

گەورەکە دەقیژێنێ: «ساردیش بێ، باڵتە لەبەر ناکەم.» چکۆلەکە لەنێوان نەردەکانی جێخەوەکەی -کە شکاوە- مەمکە شیرەکەی دەدا بە من و دەڵێ: «بە، بە!» و لە بەینی نەردەکانەوە دێتە دەرێ، لای گەورەکە و ڕووبەڕووی تەلەفزیۆن دادەنیشێ. دوو لیوان چایی تێدەکەم و بە گوێز و پەنیر، تیکە بۆ خۆم و مەرجان دەگرم. گەورەکە لیوانی شیرەکەی دێنێ، لەسەر مێزەکەی دادەنێ و دەگەڕێتەوە، چاییەکەی مەرجان سارد بۆتەوە.

-دەیخۆمەوە، مەیگۆڕە!

ڕادیۆکە قسە دەکا. چکۆلەکە دێت لە پەنام دادەنیشێ



و دەس لە پێچی ڕادیۆکە دەدا و دەنگەکان تێکەڵاو دەبن. گەورەکە دەڵێ: «کەوشەکانم بە لاقمدا ناچن!» چکۆلەکە، ڕادیۆکە هەڵدەکا و دەیکوژێنێتەوە. لە پەنجێرەی مەتبەقەوە چاو لە ئاسمان دەکەم. هەور نییە، ڕۆژ بۆتەوە. مەرجان ماقنەکەی لەسەر دەکا و تیکەیەک دەخوا. من حەبەکانی ورگم دەخۆم. گەورەکە دەڵێ: «ئاخری لە پێم کرد.» چکۆلەکە خەریکە لە سەندەڵییەکە بکەوێتە خوارێ. مەرجان هەروا تیکە لە دەمدا، چاییەکەی هەڵدەقوڕێنێ.

-دیسان کەمم شیرین کردووە. ئەتۆ نیوەڕۆ دەچی بە شوێن منداڵەکاندا یان ماشێن بگرم؟

گەورەکە دەڵێ: «تەلەفزیۆنەکە دەکوژێنمەوە.» چکۆلەکە دەگری و دەست بۆ لای یەخچاڵەکە درێژ دەکا.

-دیسان شیرت دەوێ؟

دەرگای یەخچاڵەکە دەکەمەوە.

-ئاوت دەوێ؟

قاپی سۆسی باینجانەکەم نیشان دەدا. مەرجان دەڵێ: «دەرگای یەخچاڵەکە پێوەدە. ئێستا ماشێن دێ.» گەورەکە بە دایکی دەڵێ: «میسواکم لێدا.» حەبەکانی ورگم هەڵدەگرم. دوو شەپۆلی ڕادیۆ تێکەڵاو بوون. یەکیان فارسییە، نازانم ئەوی دیکە چ زمانێکە. مەرجان دەڵێ: «هێشتا ئەم ژێر دەست شۆرییە قالۆنچەی لێیە.» گەورەکە دەڵێ: «ئاوی پێداکە.» خاکەنازەکە هەڵدەگرم. ئەم دووان سیانەش کۆ دەکەمەوە.

- خۆ چاوی من لە هەموو شوێنێ باش نابینێ.

مەرجان دەبۆڵێنێ.

-قالۆنچە وڵاتی پڕ کردووە.

گەورەکە دەڵێ: «شەوانە بەسەرماندا دەڕۆن. لەسەر سمێڵی بابە دەڵێن ئێرە جەنگەڵە. دایە، شەوانە ئەگەر لەم لا بۆ ئەو لا هەڵدەفڕن دەنگیان دەبیستی؟ ویژ! ویژ!»

چکۆلە بەلای ئایفۆنەکەدا دەچێ. گەورەکە درگا هەڵدەگرێ.

-ئەوە هاتین.... هاتین....

ساکی چکۆلەکە، کیفی قوتابخانەی گەورەکە، کیفەکەی خۆم، مەمکەشیری چکۆڵەکە و کیفەکەی مەرجان هەڵدەگرم.

-تۆ بڕۆ ئەوە دێم.

گەورەکە دەڵێ: «ئەمڕۆ پەیکانە شینەکە هاتووە. ڕووخۆشەکەیە. ئەمڕۆ لەگەڵ تۆ لە پێشەوە دادەنیشم. سەریشم لە ماشینەکە ناهێنمە دەرێ.» شۆفێرەکە سڵاو دەکا و دەڵێ: «ئەمڕۆ منداڵەکان میوانی دایکیانن؟» پێدەکەنم. مەرجان درگاکە پێوەدەدا. چکۆلەکە قسە ناکا و دەیەوێ مەیموونە بووکەڵەکەی ژێر ئاوێنەی ماشێنەکە بگرێ. مەرجان قژی چکۆلەکە ڕێکوپێک دەکا و دەڵێ: «بە دایە بڵێ شۆرتی زیادیم داناوە. منداڵەکە توند بگرە. کاکی شۆفێر تورمیز بگرێ، سەری لە شووشەکە دەدرێ. نایلۆنیشم تێخستووە، ئەگەر خۆی پیس کرد، پەڕۆ پیسەکانی تێبخا.» شۆفێرەکە دەڵێ: «دادە خانم لەسەر چوارڕێ دادەبەزن؟» گەورەکە دەڵێ: «دوایە ئەم گچکەڵەیە لەماڵی دایە گەورە دادەنێین، دوایە من لە قوتابخانە و بابەش لە نەخۆشخانە.» مەرجان کیفەکەی هەڵدەگرێ. درگاکە پێوە دەدرێ. مەرجان دەگەڕێتەوە و چاو لێدەکا. دەست بۆ من و گەورەکە ڕادەوەشێنێ و من دێڵم چکۆلەکە دەستی لە مەیموونەکە بدا هەتا مەرجان نەبینێ و نەگری. جارێکی دیکە ساکی منداڵەکە دەپشکنم. شۆفێرەکە لەگەڵ منداڵەکان گاڵتە دەکا و بەداخە لەوەی بەم بەیانییە زووە ئەم منداڵە چکۆلە لە باوەشی باوکیدا بۆ ماڵی دایەگەورەی دەچێ. شووشەکە دادەدەمەوە، هەوا فێنکە. ئەو شەقامەی ئێمە پێیدا دەڕۆین، پڕە لە دار کە دەنک دەنکێکیان سەوزن. شۆفێرەکە بە گەورەکە دەڵێ: «دەستت بێنە ژووری بابە.» ڕوو لە گەورەکە دەکەم.

-ببورە بابە، کوتم بزانم زۆر ساردە.

پاسی قوتابخانە بەلاماندا تێپەڕی. هاوەڵەکانی گەورەکە ئەو دەبینن. دەست ڕادەوەشێنن. شۆفێرەکە دەڵێ «بۆ ئەم منداڵە حەیف نییە؟» کاتێ دەهاتین لە بیرم چوو، سەمی پلیکانەکان خاوێن کەمەوە. دایە لە پەنای درگاکە ڕاوەستاوە و بە ئەنگوستیلە پیرۆزەییەکەی کایە دەکا. لەگەڵ چکۆلەکە دادەبەزین. شۆفێرەکە دەڵێ: «هەتا ئێوە منداڵەکە دەبەنە ژووری، من وەردەسووڕێم.»

ساکەکە لە دوای ماشێنەکە هەڵدەگرم. دایە حەوشەی ئاوپرژێن کردووە. دەڵێ: «فریا دەکەوی چایی بخۆیەوە؟» گەورەکە دەڵێ: «چاک بویەتەوە دایەگەورە؟» دایە دەڵێ: «هێشتا بڕێک سەرم لە گێژەوە دێ. نیوەڕۆ خۆت دەچی بە دوای گەورەکەدا؟» کە درگاکە پێوە دەدەم دەڵێم: «خۆم دەچم. خودات لەگەڵ» گەورەکە دەڵێ: «بابە دێت بە شوێنمدا.» هەوا ساردی کردووە. لەگەڵ گەورەکەکایە

دەکەین. ئەمڕۆ بە درێژایی ئەم ڕێیە، نۆرەی ئەو وشانەیە بە پیتی «ح» دەست پێدەکەن. گەورەکە دەپرسێ: «بۆچی کاتێ قالۆنچە دەمرێ لاقی لەحەوایە؟ جووچک.» دەڵێم : «هەمووویان وا نیین. جۆش» شۆفێرەکە دەڵێ: «بابە گەورە، جەواد.» دەڵێ «جەحێل» دەڵێم: «جەنگەڵ. بۆ کاتژمێر دە، شتت پێیە؟» دەڵێ: «دایکم سێو و غوراپی بۆ داناوم جیک جیکە. دانەیەک لە پێشترم.» شۆفێرەکە دەڵێ: «کاکە، جاکێت» گەورەکە پێدەکەنێ.

–چی خستۆتە کیفەکەی تۆ؟

–جاڕوو.

لای قوتابخانە ڕادەوەستێ. درگاکە پێوەدەدرێ. دەست ڕادەوەشێنن.

–نیوەڕۆ دێمە شوێنت.

شۆفیرەکە دەڵێ: «نەخۆشخانە؟ ئەگەر لە چواریاخەوە بڕۆین، لە بۆتکەی سەر چوارڕێ دەتوانی ڕۆژنامەکەت بکڕی.» دەگەڕێمەوە. گەورەکە هاوالێکی خۆی دیوە و قسەی لەگەڵ دەکا. لە پشت چرا سوورەکە وێستاوین. منم و شۆفێرەکە. لەسەر تابلۆیەکی گەورەی ئاگاداری ڕووبەڕوومان نووسراوە: «بە درێژی زستان گەرمم کەوە. گەرما لە بەستەیەکی چکۆلەدا. هەر کاتێ بیگوشن، هەست بە گەرما دەکەن، لەسەر سینگ، لەسەر دڵ، لەبەینی قامکەکان، لەسەر پەنجەکانی لاق ۰ و ....» شۆفیرەکە دەڵێ «چاوت لێیە کاکە! هەر ڕۆژەی شتێکی تازە، هەتا خەڵکی پێ بڕووتێننەوە. بە درێژی زستان گەرمم کەوە. خۆ ئەگەر ئاگاداریی کوورەیەک بوایە، پیاو دەیزانی گەرمی و داغی چییە. ئێستا هەر بە پاکەتێکی پۆستی، بە درێژی زستان گەرمم کەوە.» لە قەراغ پردەوە هەتا شوێنی کارەکەم، چوار خولەک دەخایەنێ. دەتوانم بیر لە چیرۆکەکەم بکەمەوە، یان چاو لە شەقام بکەم. چاوم هەڵێنم. سەرتاسەری قەراغ شەقام، چۆمە. ئێستا ئەم ئاگادارییە هەڵدەگرم و لە قەراغ چۆمەکەی دادەنێم. ئێستا ۳۳ پرد وەدەردەکەوێ. لەمبەر و ئەوبەری چۆم دادەنیشم. ئەگەر ئەو ماسیگرانەم هێنابایە ئێرە، قەراغ چۆم. ئەولاتریش بۆ سواری گەمی ببوایە، ئەگەر ئەو شاری لەیستۆکانەم لە قەراغ پارکەکە هەڵگرتایە و تەنیا گیایەکم داچەندایە، ئەم بۆتکانەم هەر لێرە دانایە، زۆر شت ڕووی دەدا. سەیر دەبوو. ڕۆژنامە دەکڕم ئەم گۆڤارەش دەکرم. شۆفێرەکە دەڵێ: «چی نووسیوە؟ قسەکانی دوێنێ؟» ئەگەر بۆتکەکان لە قەراغ چۆم بان، شەوێ لەگەڵ منداڵەکان دەهاتین بۆ ئێرە. ئێستا مەرجان لەسەر کار، سەرئێشەکەی هەڵیداوەتەوە. هەتا چەند خولەکی دیکە، گچکەڵەکە زگی وەکار دەکەوێ. نیوەڕۆ هەر ڕۆیشتمەوە ماڵێ، دەبێ هەموو شوێنێ بپشکنمەوە. گەورەکە لە ڕیز ڕاوەستاوە. شۆفێر، کاتێ پارەکەی وەردەگرێ و دەڕوا من کارتی چوونە ژوورێ لێدەدەم.

–درەنگ هاتی!

ئەم بەرپرسی کار لێدانەشم دەگۆڕێ.

ڕۆژنامەکە لەسەر مێزەکە دادەنێم. پێش خزمەتەکە چایی دێنێ. «جەدوەل» بە «جیم» دەس پێدەکا. «جواب دانەوە بە پرسیارە زانستییەکان» هەر بە جیمە. ناوی یەکەم نەخۆش «جەهاندار»ە . ئەگەر بکرایە دارە بەرزەکانی کۆشکی چل ستوون کە لە پشتی دیوەکەمە، ببمە قەراغ چۆم، ئەوێ دەبووە جەنگەڵ و منداڵەکان لەوێ کایەیان دەکرد. چاییەکەم دەخۆمەوە. ڕادیۆی سەر مێزەکەم هەڵدەکەم.

–قەوزە و لیتەی قەراغ چۆمەکان، یان سەر ئاو بە کەڵکی چی دێن؟ لەبەر نەبوونی ماوە، سبەینێ درێژەی ئەم وتووێژە زانستییە، لە بەرنامەی دنیای زانستدا...

ئەو کاغەزانەی دوێنێ نووسیبووم، لە کیفەکەم دەردێنم. فنیا گوتی: «لەم بەری ئاو ئێمە ماسیمان دەگرت، لەوبەر، ڕووسەکان. ئێمە یەکترمان دەدی. هەتا ئەو کاتەی من منداڵم بوو و نەخۆش کەوتم. هەر لەوێ لەگەڵ کاتی ناسیاویم پەیدا کرد. دوایە منداڵەکەم مرد و پاش ئەمە هاتمە تاران. کە مێردەکەم مرد، پانسیۆنێکم دانا. چەند ساڵ دواتر «کاتی»م لە تاران دیت. لە «ئێران سووپێر» کاری دەکرد. کەشناسی دەڵێ: «ئەمڕۆ لە تاران باران دەبارێ، لە باکوور، بەفروباران لە شوێنەکانی دیکە وردە وردە هەور زۆر دەبێ.» گەورەکە سەرمای نەبێ. پێش خزمەتەکە دێت و سەرم ڕادەوەشێنم. لە دیوەکەی پەنامان، لە نەخۆشخانەکان نموونە دەگرن. لامەکان ڕەنگ دەکەن و دوایە دەیانبینم. ناوی پێشووی ئیتیۆپی، حەبەشەیە. لە خشتەکەدا دەینووسم. مەرجان تەلیفۆن دەکا. دڵنیا دەبێ کە دەچم بە شوێن منداڵەکاندا. دڵنیا دەبێ کە ڕاسپێرییەکانی بەڕێوە دەبەم.

–تۆ زەنگ بۆ دایە لێمەدە. من زەنگم لێدا پرسیارم کرد. لەگەڵ دایە نان و چایی بەیانی خواردووە. تۆ چی دەخۆی؟ حەبەکانت هەڵگرتووە؟ لەبیرت بێ نیوەڕۆ ئەگەر بەر لە من ڕۆیشتییەوە، قالۆنچەکان کۆ کەوە. دوێشەو لە

تەشتی نانەکەدا بوون. نیوەشەو کە درگای یەخچاڵەکەم کردەوە ئاو بۆ گچکە بەرم ، دانەیەکیان هەڵفڕی ڕۆیی لەسەر کابینێتەکە نیشتەوە. کارم هەیە. دوایە تەلیفۆن دەکەم.

چیرۆکەکە دەبێ ئاوای لێ بێ: مەسەلەن ڕۆژێکیان فنیا لە «ئێران سووپێر» کاتی دەبینێ. خۆشحاڵ دەبن و یەکتری لە باوەش دەگرن و لە پڕێکدا بە زمانی خۆیان قسە دەکەن و هەروا کە کاتی لەگەڵ فنیا قسە دەکا، لەنێو قرتاڵەکە بەستە نانەکان، هێلکە، لۆبیا، گۆشت و ... لەسەر مێزی حیساب کردن دادەنێ و کاتی کە لەسەر چوارپایەیەکی بڵند دانیشتووە، هەروا کە لەگەڵ فنیا قسە دەکا، لە ژێرەوە چاوێک لە بەستەکان دەکا و بە قامکەکانی، نرخی هەر کامیان بە ماشێن حیسابەکە دەدا و بەستەکان بەرەو پێشێ ڕاماڵ دەدا. چاوپێکەوتنێکی کورت و دڵخۆشکەر. فنیا، کاتی بۆ ماڵی خۆیان بانگێشت دەدا. کاتی دەڵێ لە هەشتی بەیانییەوە هەتا هەشتی شەو کار دەکا، بەڵام چەند ڕۆژی دیکە سەردانی کاتی دەکا. کاتی لە ژوری دانیشتنە و چاو لە وڵات دەکا. فنیا بە کەشەفێکەوە کە دوو پەرداخ قاوەی تاڵ و دوو لێوان ئاوی لەسەرە، دێتە ژوورێ. فنیا جگەرەی «هوما»کەی هەڵدەکا. کاتی جگەرە ناکێشێ. دەستی بۆ لای دۆڵابەکەی فنیا ڕادەکێشێ و دەڵێ کە تۆ هێشتا ئەم پەیکەرە چکۆلانەت ماوە؟ فنیا دەست دەبا و بۆقلە پەڕۆیی و فیلە دارینەکان دێنێ و لەسەر مێزەکەی دادەنێ.

-ئەمانە تۆ پێت دام.

کاتی دەڵێ: «بەڕاستتە؟ کەی؟»

-هەر ئەو ساڵەی لە دەشتی موغان بووین. تۆ تازە هاتبووی بۆ ئەوێ.

کاتی دەڵێ: «هیچی دەشتی موغانم لەبیر نییە. ئەمانەش ئاشنان. ڕەنگە کەسێکی دیکە ئەمانەی پێدابێتی.» قاوەکەی دەخواتەوە. فنیا گوتی: «منداڵەکان خەریکی چین؟»

کاتی گوتی: «لیدا شووی کردووە و ڕۆیشتووە. کوڕەکەشم چوو بۆ کانادا.»

کاتی پەرداخی قاوەکەی هەڵدەگێڕێتەوە و فنیا دەڵێ: «فاڵ بێ فاڵ.» کاتی دەڵێ: «لێرەدا جێگات نییە؟ بێمە ئێرە؟ خاوەن ماڵێکی خراپم هەیە. ئەگەر یەکێ لە دیوەکانت بدایە بە من، لانی کەم شەوانە پێکەوە قسە و شۆخیمان دەکرد. منیش هەرچۆنێ بێ بڕێ شتم لە ئێران سووپێر دەهێناوە.» فنیا دەڵێ: «لیکۆرێکی سەوزی چاکم هەیە، دەخۆیەوە؟» کاتێ کەوشەکانی دادەکەنێ ، لاقی لەسەر سەندەڵییەکە دادەنێ. فنیا لیکۆرەکە دێنێ و لە دوو ئیستیکانی چکۆلەی کریستاڵی دەکا و دەڵێ: «نیوەڕۆی ئەمڕۆ میوانی منی. دەچینە ئەم خوارە، پاپریکا.»

-چ تامێکی هەیە!

زۆر خۆشە!

کاتی کیفەکەی لە قەراغ سەندەڵییەکە هەڵدەگرێ و وێنەی منداڵ و نەوەکانی نیشانی فنیا دەدا. فنیا چاو لێدەکا. وێنەکان لای بۆقلە پەڕۆیی و فیلە دارینەکان دادەنێ. کاتی دەڵێ: «زۆرم گەرم بۆوە.»

-نایەی چاو لە نموونەکان بکەی؟

بەم جۆرە، مەسەلەن ئەم دووکەسە یەکتری دەبیننەوە. دوایە دەچن بۆ پاپریکا. پاش نیوەڕۆی ڕۆژێک فنیا دەچێ بۆ ئێران سووپێر و بەکاتی دەڵێ یەکێ لە مشتەرییەکانی ڕۆیشتووە و دەتوانێ دیوێک بەو بدا.

ڕادیۆکەم کوژاندەوە. چوومە دیوەکەی پەنام هەتا لامە ئامادەکان ببینم. ئەمڕۆ لامەکان باش ڕەنگ نەکراون. ناوک و کینۆپلاست دەبێ جوان ڕەنگ بگرن و ڕەنگەکە دەبێ خەست بێ. پێش خزمەتەکە چایی دێنێ. پارە وەردەگرێ، هەتا نیوەڕۆ نانی تازەم بۆ بێنێ. بەڵام ئەم لامە باش ڕەنگی گرتووە. ناوکەکان، خانە خوێنییەکان. ورگم ژانی پێدادێ. دایە تەلیفۆن دەکا. ئەمڕۆ سەر ئێشە و سەرەگێژەیەتی و سێ ڕۆژە تەوژمی خوێنی لە سەرێیە. هاوکارەکەم دەڵێ: «لە سی بۆ سەرێ پێچەکان شل دەبنەوە. » لە حەوشەی نەخۆشخانە هاوڕێی نەخۆشخانەکان لەم لا بۆ ئەو لا لە هاتوچۆ دان.

-کاکە، بەشی دەمار لە کوێیە؟ موتوربەکراوەکان لە کام بەشن؟ دیالیزەکراوەکان دەبێ چی بخۆن؟

هاوالەکەم لە پەنجێرەی بەشی دیالیزەوە هەرام لێدەکا.

-وەرە، وەرە. چیرۆکێکی باشم بۆ دیتوویەتەوە.

دیالیزەکراوەکان هەموو لەسەر جێخەوەکانیان ڕاکشاون. تەلەفزیۆنی بەش هەڵکراوە.

-خانمە خۆشەویستەکان! ئەگەر منداڵەکانتان شەوانە جێ تەڕ کەن، چ دەکەن؟

دیالیزەکراوێک دەڵێ: «دۆشەکەکەی لەبەر هەتاو هەڵدەخەین.» هەموو پێدەکەنن. بەڕێوەبەری بەرنامە

دەپرسێ: «نا، هەر بەڕاست چ دەکەن؟ بە هێمنی و بە هێواشی منداڵەکە ئاگادار کەنەوە!» هاواڵەکەم کە یەکێ لە نەخۆشەکان لەوەی حەوتووی دوو جار دەبێ چەند کاتژمێر لێرە بکەوێ، وەڕەز بووە. لە زەردیی ڕووخساری بێزار ببوو، بۆ خۆی دەیکوت لەوەی بڕێ جار بۆگەنی لێدەهات. پاش نیوەڕۆیەک، دوای دیالیزەکران هەڵدێ. منداڵێکی سێزدە چاردە ساڵانە دەڕوا. ڕۆژێ، دووان، کورتی ببڕینەوە. هەموو بەدوایدا دەگەڕێن، هەتا ڕۆژێک لەسەر یەکێ لەم کێوانەی دەوروبەر دەیبیننەوە ئەویش چەند خوێندکار کە بۆ کێوپێوان چووبوون، دیبوویانەوە. کاتێ هێنایانە خوارێ خەریک بوو دەمرد. کوتیان لەو سەرە چیت دەکرد؟ کوتی چووبووم بمرم. دەمویست دڕندە و لاشخۆر بمخۆن. بێزراوم لێرە، لە ئێوە. ئێستا ئەمە بکە بە چیرۆک. لە بەینی ئەو دارانەی لە لای چۆمەکە دامنان، لەگەڵ سەندەڵی، نەخۆشەکان دیلیزە دەکرێت. ئێستا لەلای ئەو دارانە پەرەستارەکان، جلی سپی، شین، سوور، سەوز لەبەر دەکەن هەتا نەخۆشەکان خۆشحاڵ بن.

-کابانە بەڕێزەکان! ئەمڕۆ کفتە تەوریزیتان فێر دەکەین، هەتا لێی نێن و نۆشی گیانتای کەن.

دیالیزەکراوێک کوتی: «دوایە بتەقێن. ئەو تەلەفزیۆنە بکوژێننەوە.»

ڕادیۆکە هەڵدەکەم. هێشتا نیو کاتژمێرم ماوە هەیە. ڕۆژنامەکە دەکەمەوە: «بۆ بەرگری لە ڕزینی ددان دەبێ چ بکەین؟ .... حافز دەڵێ چی؟ ... بە درێژی زستان گەرمم کەوە... بۆ بەرگری لە ڕزینی ددان، یان خورانەوەی لوولەکان.... دەبێ چ بوترێ؟

هێشتا چارەگێک ماوە هەیە. چاو لە دوو لامی دیکەش دەکەم. هێشتا سێ خولەک ماوەم هەیە. لامێکی دیکەش چاو لێدەکەم. سێ خولەک، چوار خولەک، پێنج خولەک تێپەڕ بوو، بەڵام هێشتا ماشێن نەهاتووە. ئێستا گەورەکە چ دەکا؟ بەم ترافیکە، چۆن بگەمە ئەو سەری شار، بەدوای گەورەکەدا. تەلیفۆن دەکەم.

-بەڵێ، بەیانی گوتت، بەڵام هەر بەڕاست ماشێن نییە.

-مەینێرە. ماڵ ئاوا.

کیفەکەم هەڵدەگرم.

-نانەکەت نەبرد.

-دوایە دێمەوە هەڵیدەگرم.

سواری تاکسی دەبم.

کەسی دیکە سوار مەکە.

لە شەقامە چۆڵترەکانەوە دەڕۆین. وەختی خۆی دەگەمێ. درگای قوتابخانە دەکرێتەوە. دەچمە پێشتر.

-بابە ئەوەتانێم.

-دەستم بگرە با زووتر بۆ دەرچین. ئەمڕۆ خۆشت ڕابوارد؟

- ئەمڕۆ بردمانیان بۆ سینەما. بڕیار وابوو سبەینێ بچین. بەڵام ئەمڕۆ چووین.

-زووکە وەرە، ئێستا لە ڕێبەنداندا گیر دەکەین.

-بابە، کتێبەکەم لەبیر چوو.

-هەڵێ بیهێنە.

ئەم هەموو منداڵە ئەگەر لای چۆمەکە بن، ماسی گرتنیان فێر دەکەن و لە بەیانییەوە هەتا ئێوارێ لەجیاتی «زانست» و «ماتماتیک» فێری مەلێ دەبن. کە ماندوو بوون، لە ژێر دارەکاندا دادەنیشن. مەودای ئەم پردە هەتا ئەوی دیکە سەرەتاییەکان، مەودای ئەو پردە هەتا ئەوی دیکە ناوەندییەکان، لە پردەکەی دیکەوە هەتا ئەوی دیکەش، دواناوەندییەکان.

-هێنام، با بڕۆین، بابە، لە سینەما سێوەکەم خوارد. منداڵێ گەمییەکی چکۆلەی دروست کردبوو کە لە دەستی بەربوو و چووە نێو ئاوێکی زۆر خوڕەوە. بە دوای گەمییەکەدا هەڵات. گەمییەکە گەورە و گەورەتر بۆوە و دوایە کە لە ژێر پردەکەوە تێپەڕ بوو، بوو بە پاپۆڕ و بۆخۆی لێی دەخوڕی. یانی بوو بە کاپیتان. ئێستا «ن» بڵێم؟

-نەی. دەبێ لەم شەقامەوە بڕۆن، چونکە چرای سووری نییە.

گەورەکە تەلیفۆن دەکا. دایە دەگری.

-گچکەڵە لە سەندەڵییەکە کەوتە خوارێ. سەری ماسیوە.

پەشۆکاوە.

-چێشتەکەش سووتا. پیر بووم. چێشتەکەی ئێوەم خستۆتە قابلەمەکە.

هەناسەم بۆ هەڵناکێشرێ.

-بچین بۆ دکتۆر؟ لێوت ڕەش داگەڕاوە.

-نا، کارت هەیە، برۆ، نا، دەبێ بگەڕێیتەوە.

دەگەڕێینەوە.

-نانی چاکی خواردووە. نان بە گەورەکە بدە.

درگاکە دەکەمەوە. منداڵەکان لای درگاکە ڕادەوەستێ.

چاو لە پلیکانەکان دەکەم. قالۆنچەیەکی مردوو دەبینمەوە. منداڵەکان دێن. تەلەفزیۆنەکە هەڵدەکەم. شیر بۆ بچکۆلەکە گەرم دەکەمەوە و لە مەمکەکەی دەکەم. دوو کەوچک هەڵدەگرم. باڵنجێ لە پێش تەلەفزیۆنەکە دادەنێم. چکۆلەکە ڕادەکشێ و شیرەکەی دەخوا. بۆ خۆم و گەورەکە ڕۆژنامەکە لە کیفەکەم دەردێنم و ڕایدەخەم. قابلەمە و کەوچکەکان لەسەر سفرە کاغەزینەکە دادەنێم.

-وەرە بخۆین.

گچکەڵە خەوت.

لە جێخەوەکەی دەیخەوێنم لە متبەق، سێ قالۆنچەی مردووی دیکە دەبینمەوە. شووشەی ئاوەکە دێنم. دێمە ڕووبەڕووی تەلەفزیۆنەکە، لای گەورەکە. مەرجان تەلیفۆن دەکا و لەگەڵ گەورەکە قسە دەکا.

-بەڵێ دەیخۆم. هەر ئێستا. بابەش. گچکەڵە خەوتووە. وانەکانم دەنووسمەوە. بابە دەڵێ نەهار دەخۆی یان نا؟ نا، کارت نییە. زوو وەرەوە.

دیسانەکە دەنگی تەلیفۆن دێ. گەورەکە دەڵێ: «مامە کاری بە تۆیە.»

هەڵدەستم.

-تۆ نانەکەت بخۆ. بۆ ئێواریێ وەخت دەگرین. یەکەمین نۆبە. زوو وەرن. حاڵی زۆر خراپ بووە؟

لای گەورەکە دانیشتم. دووچەرخەسوارەکان دەتوانن دووچەرخەکانیان لای چۆمەکە دانێن و مەلێ بکەن. کاغەزەکەم لە کیفەکەم دەردێنم. شەوانە فنیاوکاتی، شێو بۆ پانسیۆنێرەکانی دیکە دروست دەکەن. فنیا لە پانسیۆنێرە هیندییەکەی وەڕەزە. کاتی دەڵێ: «بیباری سوور بکەچێشتەکەیەوە.» فنیا دەڵێ: «ئەی ئەوانی دیکە بەشەر نین؟» کاتی شانی هەڵدەتەکێنێ. شەوێ چەدری، پانسۆنێرە هیندییەکە، هەر دەگری. فنیا خولێکی لیکۆرە سەوزەکەی دەکا. کاتی دەڵێ ڕەنگە ئەو بەسەزمانە بیری ماڵ و منداڵەکەی کردبێ و دەشچێ وێنەی کچ و کوڕ و نەوەکانی دێنێ و نیشانی چەدری دەدا و چەدری زیاتر دەگری. چەدری هەر دەڵێ: «دڵتەنگ، دڵتەنگ.» کاتی دەڵێ: «من دەچم بۆ حەمام جلەکانم دەشۆم.» مەرجان هەر کە درگاکە دەکاتەوە دەڵێ: «چەند قالۆنچە مردوون؟ ئەم شەویش دەرمانیان بۆ دادەنێی؟»

کیفەکەم هەڵدەگرم و دەگەڕێمەوە سەر کار. لە لای دکتۆر نۆبەیەک بۆ دایکم وەردەگرم. پێیان ڕادەگەیەنم.

ئێستا لە قەراغ ئەو چۆمە دادەنیشم. لەگەڵ مەرجان و منداڵەکان. پاش نیوەڕۆیەکی هەینی، منداڵەکان لە قەراغ چۆمەکە هەڵدێن. قولاپێکم بۆ گەورەکە دروست کردووە ماسی پێ بگرێ. چکۆلەکە زیخ بۆ نێو ئاوەکە دەخا. مەرجان لەسەر مێزی دارینی قەراغ چۆم، لە سارد و گەرمەکە چایی تێدەکا. ئێرە مەودای دوو پردەکەیە لە ئیسفەهان. ئاگادارییەکی گەورە لە ڕووبەڕوومە کە لە سەری نووسراوە: «بە درێژایی زستان گەرمم دەکاتەوە.» لە پشتەوە نیئۆنە سوورەکانی سینەما، پرشنگ دەخاتە سەر مێزەکەمان. سەردەسووڕێنم و سەیر دەکەم. مەرجان دەڵێ ئەم چاییە زۆر باش گەرمت دەکاتەوە.

دایە دێت، لەگەڵ براکەم. دەچین بۆ دکتۆر. نۆبەمان دێ دکتۆر دەیەوێ نەواری دڵی بگرێ. دایە دوگمەی مانتۆکەی دەکاتەوە. دکتۆر گوشییەکە لەسەر دڵی دادەنێ و پێی دەڵێ: «چەند ساڵە ئەم دڵە لێدەدا؟» دایە دەڵێ: «شەست ساڵە.»

-پێت خۆشە چەند ساڵی دیکە لێبدا؟

دایە دەڵێ: «هەتا هەر کاتێ خودا بیەوێ.» دکتۆر دەڵێ: «دەزانی حاڵت زۆر باش نییە؟» دایە هەڵدەستێ. دێتە لام دادەنیشێ و بە ئەنگوستیلەکەی کایە دەکا.

-پشوودان، تەنیا پشوودان!

چاو لە دایە دەکەم. ئیدی چکۆلەکە ناهێنم. هەر پشوودان. براکەم دەڕوا و من دایە دەبەمەوە ماڵێ. دایە دەڵێ: «قاوە دەخۆیەوە؟» دەڕوات و دوای چەند خولەکێک بە کەشەفێکەوە کە دوو پەرداخ قاوەی تاڵ و دوو لیوان ئاوی لەسەرە دەگەڕێتەوە و دەڵێ: «بە قەبری بابی دڵەوە. دیسانەکە قسەی فنیام کرد.» پێکەوە قاوە دەخۆینەوە، جگەرە دەکێشین و شەو بەسەردادێ. براکەم دێ. دەگەڕێمەوە. دایە هەتا بەر درگا دێ. لە کەلێنی درگاوە دەڵێ: «ئەگەر لە پڕێکدا ڕۆیشتم ئەوئەنگوستیلە پیرۆزەییە بۆ تۆ.»

لەنێو تەکسیدام. لە قەراغ چۆم شاری یاری لێیە. شاری یاری پڕە لەو خەڵکانەی سواری ئەسپ و قووووسوسمار بوون و لە پەستا دەخولێنەوە. ڕەنگی ئاوی چۆمەکە دیار نییە. ئەم شەو فنیاوکاتی دەچن بۆ سینەما. دوایە چەدری دێ و دەڵێ: «نا، نا ئەم شەو بچین بۆ گورگان کلووپ کایەی لۆتۆ بکەین.» فنیا بەینێکە دەستی دێشێ. لە پێشدا دەچنە دەرمانگەی ئیحسان. دەرزییەک لێدەدا و کاتی بۆ فنیا باس دەکا کە لە

بەیانییەوە هەتا شەویّ، لەسەر دوگمەکانی ماشێن حیساب دەدا و فنیاش باوکی دێتە پێش چاوی ئەوەندە لە بەیانییەوە هەتا شەویّ بۆ ئەم پانسیۆنێرە نالەبارانە چێشت دروست دەکا و ئاوات دەخوازیّ ڕۆژیّ هەر لەم دۆڵابە سەرینی مەرگی دانیّ و بڕوا. کاتی بە چەدری دەڵیّ: «بەڕاست ئێمە دەمێکە نەچووین بۆ دۆڵاب. پاش نیوەڕۆی هەینییەک بە چرا ئەلکۆڵییەوە بچین بۆ سەر قەبری مێردەکانمان و قاوە دروست کەین و لەگەڵیان بین. تۆش لەگەڵ ئێمە وەرە. ئێوە مردووەکانتان دەنێژن؟» زەنگ لێدەدەم. گچکەڵە لە پشت درگاکەوە لە پەستا دەڵیّ: «بابە، بابە!» مەرجان درگاکە دەکاتەوە و دەڵیّ: «ئەم دووانە منیان کوشت.» گەورەکە دەڵیّ: «وانەکانم نووسییەوە. ئێستا چاو لە کارتۆن بکەم؟» مەرجان دەڵیّ: «ئاگات لیّ بیّ ڤیدیۆکە خراپ نەکەی. شێو دەخۆی؟ ئاخری ئەمڕۆکە زیادەکاری سیّ ساڵی ڕابردوویان خستە سەر حسابەکانمانەوە. هاوکارانی دایرە چوبوون بۆ شت کڕین. لەم قوتوە چکۆلانە وا خەڵک گەرم دەکاتەوە، لەوانەیان کڕیبوو. دەڵێن هەر کوێیی لەشت بێشیّ، گەرمی دەکاتەوە.» منداڵەکان لە قەراغ چۆم کایە دەکەن. ئاوەکە بەستوویەتی و ئێمە، من و مەرجان، هەر بەم کەرەستەیە گەرم دەبینەوە. منداڵەکان کەرەستەی گەرمادەرەکە لەسەر بەستەنی دادەنێن. دەتوێتەوە. خۆزگە بە خۆیان!

منداڵەکان خەوتوون مەرجان خەریکی ئوتووە. من چاو لە تەلەفزیۆن دەکەم. هەڵدەستم. دەرمانەکە دەبینمەوە و دیسان ئاودەست، حەمام، مەتبەق، پلیکانەکان، لای یەخچاڵ و لای درگاکە دەرمانای دەکەم.

-بریا لەسەر کابینێتەکانیش بڕێکت بپرژاندبایە.

-پرژاندوومە.

پاشماوەی دەرمانەکەم لای مێش کوژەکان، لای قەڵەمی قالۆنچەکوژ، لای ئیمشی دانا و چووم بخەوم.

-چایی دەخۆیەوە؟

-نا. لەگەڵ دایە قسەم کرد. گوتی حاڵم باش نییە. سبەینیّ گچکەڵە چ لێبکەین؟

-نازانم.

ڕادەکشێم. ئەگەر فنیاوکاتی بهاتبایانە قەراغ ئەم چۆمە، خۆش دەبوو. بەڵام ئێستاکە کاتی هەموو جلەکانی شتووە و لەسەر تەنافێکی باریک کە لەنێوان دوو سەندەڵی دیوەکەی دایبەستووە هەڵیخستوون و خەریکە لەگەڵ فنیا بە زمانی خۆیان قسە دەکا و لەسەر جێخەوەکەی درێژ دەبیّ. دەیەویّ بۆ نان و چایی بەیانی بلینی و هێلکەوڕۆن ساز بکا و مرەبای سێو، مرەبای هەنجیر، چایی و قاوە لەسەر مێزەکە دانیّ.

ڕادیۆکەی ژوور سەری هەڵکردووە و گوێی بۆ موسیقا ڕاگرتووە. لە جێخەوەکەی دێتە دەریّ. چراکەی دەرەوەی ماڵیّ هەڵدەکا و دەگەڕێتەوە سەر جێگاکەی. چرای موتاڵا هەڵدەکا و گۆڤاری «زانیاری ئافرەتان» هەڵدەداتەوە. چۆنیەتی سازکردنی پیراشکییەکی ساکار دەخوێنێتەوە. مەرجان دەڵیّ: «خەوتووی؟»

-نا.

-سبەینیّ چ بکەم لە گچکەڵە؟

-وەکو خەڵکی دیکە دەیبەین بۆ باخچەی منداڵان.

جاری وایە کە لە نیوە شەودا هەڵدەستم، مەرجان خەوتووە. منداڵەکان خەوتوون و من چاویان لێدەکەم. دەزانم کە هەم. ئێستاش کە بەخەبەرم و خەوم نایە، دەچم بۆ حەمام، سەرێکی ئاودەست و و پلیکانەکان دەدەم. قالۆنچەکان خلۆر دەبنەوە. لە پەنجێرەوە چاو لە دەریّ دەکەم وردە وردە دەبیّ گڕی کوورەکان زۆرکەم. وردە وردە دەبیّ چیرۆکی فنیا و کاتی بنووسم. دەبیّ بە شێوەیەک ئەوان بکێشمە ئێرە. بە هیچ جۆریّ پێم خۆش نییە کاتی قامکەکانی هێشی پیّ بگا و فنیا ئەم هەموو ساڵە کار بکا و کەسێک نەبیّ ئەوی خۆش بویّ.

مەرجان ڕامدەتەکێنیّ.

-هەڵناستی؟ ئێستا ماشێن دیّ. وەرە چاو لێبکە بزانە چەند جۆر گیانەوەرت کوشتووە؟ هەزار پیّ، قالۆنچە، داپیرۆشک. هەستە شیرەکە گەرم کەوە. ئەوانەم کۆ کردۆتەوە. زەنگم بۆ ئاژانس لێداوە. هەستە چاییەکەم دەم کردووە. بچۆ تەلەفزیۆنەکە هەڵکە. منداڵەکانیش دێن. هەستە. تەلیفۆن زەنگ لێدەدا، بڕۆ بزانە دەڵیّ چی؟ دیسانەکەش ئاژانس درەنگ دیّ؟

هەڵدەستم.

-تۆ تەیلەفۆنەکە هەڵگرە. خۆم ئەوانە کۆ دەکەمەوە.

مەرجان گوشییەکە هەڵدەگریّ. دەموچاوم دەشۆم. دوایی، مەلیّ، خاولییەکان لەسەر بەردەکانی قەراغ چۆم ڕادەخەین. مەرجان هەرام لێدەکا.

-وەرە.

چکۆلەکە شیری دەویّ. گەورەکە دەنگی تەلەفزیۆنەکە کەم دەکاتەوە.

-بزانە دایە ڕۆیشت.

فنیاوکاتی دێن بۆ ئیسفەهان. دایە لەسەر خاولییەکان ڕادەکشێ. فنیاو کاتی و من و مەرجان لای دای دادەنیشین. فنیا دەڵێ: «ئەو چەندەی قاوە پێخۆشە. بەڵام تۆ زۆر ساردی، جەحێل! من لیکۆرێکم هەیە گەرمت دەکاتەوە.» دایە لەسەر خاولییەکان خەوتووە، کاتی دەڵێ: «چرا ئەڵکۆلییەکەم هێناوە. لەم ساکەدایە.» قاوە دروست دەکا. گەورەکە دەڵێ: «کاتی گیان، ئێمەیان برد بۆ سینەما. لە فلیمەکەدا کوڕێک گەمیییەکی هەبوو. چکۆلە بوو؛ بەقەد بەری دەستی من. دوایە گەمیییەکە هەرچەندی لە ئاوەکەدا بەرەو پێشێ دەچوو، گەورە و گەورەتر دەبۆوە. کە لە ژێر پردەکەوە تێپەڕی، بوو بە پاپۆڕێکی گەورە.»

هەموومان سواری پاپۆڕەکە دەبین.

- بابە! دایە گەورە لێرە بێ؟

ئێمە سواری پاپۆڕەکە بووین. بۆ کوێمان دەبا؟ فنیا دەڵێ: «هەرکەسەی هەتا شوێنێک لەگەڵمانە و نۆبەی دوایە و ئێزگەی دوایە یەکمان دادەبەزین.» فنیا و کاتی دەستیان کردووە بە قسە کردن بە زمانی خۆیان. گەورەکە لێدەخورێ. چکۆلەکە شیری دەوێ و دایە لەسەر خاولییەکان خەوتووە. لە ٣٣ پرد نزیک دەبینەوە. گەورەکە دەپرسێ لەکام تونێلەوە تێپەڕم.

**ڕەزبەری ١٣٧٤ (١٩٩٥ ز)**

**سەرچاوە:**

**تمام زمستان مرا گرم کن، علی خدایی، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٠.**

**فەرهەنگۆک:**

**لام: شووشەیەکە لەژێر مایکرۆسکۆپ دادەنرێ و نموونەکەی دەخرێتە سەر بۆ تاقی کردنەوە.**

**لیکۆر: ساردەمەنییەکی ئاڵکۆڵداری شیرین کراوە.**

**پانسیۆن: میوانخانە.**

**پانسیۆنێر: مسافیری میوانخانە کە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە.**

**تونێل: ڕەهەند**

**سۆس: جۆرە تامێکە بۆ هێندێ چێشت.**

**ئایفۆن: کەرەستەی درگا کردنەوە.**

**پاپریکا: خواردەمەنییەکە.**

**موتوربەکراو: ئەو کەسەی کەسێکی دیکەی لێ موتوربە دەکەن.**

**نەردە: محجەرە**

**ماقنە: جۆرە سەرپۆشێکی ژنانەیە.**

**لۆتۆ: قومارێکە، لە چەند دانەکارتدا، هێندێ ژمارە دەنووسرێ، ئەگەر ئەو ژمارەی لەنێو خولخولەکە دێتە دەرێ، لەگەڵ ژمارەی کارتێک یەک بن، خاوەن کارتەکە دەیباتەوە.**

**پیراشکی: (لە ڕووسییەوە وەرگیراوە) جۆرێ شیرینییە.**

**ئاژانس: (لێرەدا) شوێنێک کە چەند دانە ماشێنی لێ بێ بۆ ئەمبارەوبار کردنی مسافیر.**

**دیالیزەکراو: بێژەندراو**

**بلینی: خواردەمەنییەکە.**

**پەیکان: جۆرێک ماشێنی ئێرانی.**

**تورمیز: ئیستۆپ**

**غوراب‌ی بیسکویت**

**جاڕوو: گەسک**

**بۆتکە: کوشک**

**کیف: جانتا**

**کابینێت: کەوەنتەر**

**کەشەف: سینی**

**بۆقلە: عەلی شیش**


**سەندەڵی: کورسی**

# وا مەکە جۆرج

**جۆیس گرێن فێڵ**
**لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەر سوڵتانی**
**(بەریتانیا)**

پێشکەشە بەو کەسانەی وزەی مانەوە لە باخچەی منداڵانیان هەیە.

(نووسەر)



**سەرەتای وەگێر**

من ئەم کتێبەم کاتێ ناسی کە لەساڵی ١٩٨٦دا تازە هاتبوومە بریتانیا و لە قوتابخانەیەکی لەندەن زمانی ئینگلیزی فێردەبووم. مامۆستاکەمان، کچێکی میهرەبانی ئیرلەندی بوو، کە چەند بەشێکی کتێبەکەی تایپ کردبوو و دابوویە ئێمە بۆ خوێندنەوە و ناسیاوبوونمان لەگەڵ دەقی چیرۆکی ئەمڕۆی ئینگلیزی.

ئەمساڵ بەنێو کاغەز و نووسراوەی کۆنی ناو ماڵدا دەگەڕام. دەقەکەم بینییەوە و نوسخەیەکی کتێبەکەم لە کتێبخانەی گەڕەکی خۆمان وەرگرت و بەربوومە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی.

هۆی وەرگێڕانی کتێبەکە، پێش هەمووشت، ئەوە بوو خۆشییەکی زۆرم لە خوێندنەوەی بینی و پێم خۆش بوو ئەو خۆشییە لەگەڵ خوێنەری کورد دابەش بکەم. هۆی دیکەی کارەکە ئەوەبوو کە خوێنەری کورد بەداخەوە شارەزاییەکی تەواوی لە نەشونما و پێشکەوتنی چیرۆک و ڕۆمانی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا نییە و بە تایبەت چاپەمەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستاش هەر بە ڤیکتۆر هۆگۆ و باڵزاک و ئێدگار ئالان پۆوە خەریکن، وەک ئەوەی کە ئێستاش لەسەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بژین و هەواڵی گۆڕانکاری و پێشڕەوتی سەردەممان بەرگوێ نەکەوتبێت.

هەرچۆنێک بێت، ئەم چیرۆکانە کارێکی نوێ و کەم وێنەن. نووسەر چیرۆکەکانی بەشێوەی «مۆنۆلۆگ» داڕشتوون- واتە وتووێژی تاقەکەسی. کاراکتەری ناو چیرۆکەکە. گەلێک زۆرن، بەڵام ئەوەی وا لە جیاتی هەموویان قسەدەکات و خوێنەر تەنیا دەنگی ئەو دەبیستێ، مامۆستایەکی باخچەی منداڵانە. دەیان منداڵ و چەند میوان بەدەوری مامۆستاکەوەن و لەگەڵیدا دەدوێن، بەڵام نووسەر قسەی ئەوان ڕاناگەیەنێت و

خـوێنەر تەنیـا لە ڕێگەی پرسـیـار یان وەڵامـەکـانی مـامـۆسـتـاوەیە دەتوانێ بە هەڵوێست، قسـە و کردەوەی لایەنەکـانی تر بزانێ و بەهۆی قـسـەکـانی ئەوەوەیە تێدەگات چییان گوتووە و چییان کردووە.

نوێخـوازی لە هەمـوو کـتـێـبـەکـەدا خـۆ دەنوێنێ و چیرۆکەکـان بەشـێـوەیەکی دەگـمـەن و جیـاواز داڕژاون. زمانی چیرۆکەکان ساکارو بێ گرێ و گۆڵە. لە وتووێژی نێـوان مـامـۆسـتـا و منداڵەکـاندا- خـۆ ئەگەر بکرێ و وتووێژی پێ بڵێین، شێـوازی ژیان، خـوێندن، ڕاهێنان و پەروەردەی منداڵان، دیموکـراسـیـەتی کـۆمـەڵایەتی و هەڵسـوکـەوتی گـەورە لەگـەڵ منداڵ دەردەکـەوێت. ئەو ئازادییەی بە منداڵان دەدرێت، نیـسـبـیـە واتە یاسـای پەروەردە قورس و قایم بەڕێوە دەچێت. خاڵی گرنگ لەم پەروەردە ڕۆژئاواییـەدا ئەوەیە کـە لەگـەڵ هەر منداڵێک بەشێوەی تاقەکەسی و بەڕادەی نیاز و پێداویستییەکانی هەڵسـوکـەوت دەکرێت، لەکـاتێکدا پۆلی قـوتابخـانە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات دیاردەیەکی یەککگرتووە و پرۆگـرامی دەرس و پەروەردە بۆ هەموو منداڵەکان یەک چەشنە، واتە توانسی تاقەکەس ناگیرێتە بەرچاو.

وەک لەچیرۆکەکان دەردەکەوێت، خۆشی و بەسەربردنی کاتی پڕ لەشادی ئامانجی منداڵەکانە و ئەوەش بەشێک لـە ژیـانـی ڕۆژئـاوا پێـکـدەهێـنـێ، دایـک و بـاوک و قـوتابخـانەش ئەو ئەسـڵـە دەگـرنە بەرچاو و «فـان» یا «خـۆشی» نـەک هەر ئامـانج، بەڵکو وەک هۆیەکی ژیان سەیر دەکرێت.

منداڵەکـان خـاوەنی کـاراکـتـەری جـیـاوازن و هەر کـام بەشێوەیەکی تایبەت بەخۆ بیردەکەنەوە، یان هەڵسوکەوت دەکـەن: لەناویاندا، وریـا و زیرەک و تێگەیشـوو، گـۆشـەگـیـر و تەنـیـا، بزێو و نالەبار، یارمـەتیـدەر و ڕۆح سـووک و بەگـشـتی گـەلێک کـەسـایـەتی جـیـاواز بەرچاو دەکەون.

یەک لەکاراکتەرەکان، واتە «جۆرج»، کەسایەتییەکەی بەدرێژایی هەر هەموو چیرۆکەکان لە پەردەدا دەمێنێتەوە. جۆرج خووی بە کردەوەیەک گرتووە کە مامۆستاکە پێی باش نییـە، بەڵام ئێمـە هەرگـیـز نازانین چییـە، تەنیا ئەوە نەبێ کـە مـامـۆسـتـا جـار ناجـار دەنگی دەدات و داوای لێدەکـات ئیـتر کـاری وانەکـات؛ ئایا قـامک خـسـتنە ناو لووتە، یان پەنجە تەقاندن، یان ئەزیەت کردنی کەسێکی تر؟ خـوێنـەر تا کـۆتـایی چیـرۆکـەکـانیش ئەو ڕازەی بۆ ئاشکرا نابێت.

وا هەیە جۆرج یەکێ لەسەرکەوتووترین کاراکتەرەکانی ناو کتێبەکە بێت و کەسایەتی پڕ ڕەمزو ڕازی ئەو زیاترین سەرنجی خوێنەران بەرەو خۆی ڕابکێشێ. نووسەریش کە خوڵقاندنی کاراکتەرێکی ئەوتۆ ڕەزامەندی کردووە، ناوی جۆرجی بە هەموو کتێبەکە بەخشیوە: «وامەکە جۆرج!»

چیرۆکەکان لە بریتانیا چوونەتە سەر شانۆ و تەنانەت، سـەرەتا وەک چیـرۆکی ڕادیـۆیی سـەرنجی خـەڵکێکی زۆریان ڕاکێـشـاوە، لە پێـشـەکی چاپی سـاڵی ۱۹۷۷ی کتێبەکەدا دەگوترێت کە چیرۆکەکـان «ملیۆنان کەسیـان کەیف خۆش کردووە».

ئەم تەرجـمـەیە لەبەر چاپی یەکـەمی سـاڵی ۱۹۷۷ی چاپەمـەنی «مـەکـمـیـلان»ی لەندەن بەڕێوەچووە و ئەوەش تایبەتمەندی چاپەکەیە:

George- Dont Do That
Six Nursery School Scketches
and "Writer of Children's Books"
By: Joyce Grenfell
Illustrated by: John Word
First published 1977, by
MacMillan London Limited
4 Little Essex Street, London wc2R
3LF
ISBN: 0333 220803

## پێشەکی نووسەر

بیـری سەرەتایی «کورتە چیرۆکی باخچەی منداڵان» لە پرۆگـرامێکی ڕادیـۆیی بەناوی «چۆن؟»ەوە سـەری هەڵدا: هاوکارییەک لەنێوان ستێفەن پۆتر» و من.

لە سـاڵـی ١٩٤٤دا پێکەوە بەرنامـەی «چۆن لەگـەڵ منداڵان قـسـە بکـەین»مـان خـوڵقـاند و ئەوەش پێش نووسی شتێکی پێکهێنا، کە دواتر بوو بە کورتەچیرۆکی «گوڵ».

من خـۆم هەرگـیـز لە باخـچـەی منداڵاندا نەبووم، بەڵام هەمیشە شارەزایی ئەوەم هەبووە کە ئێمەی گەورە، کاتێ کە لەگەڵ زارۆکی بچووکدا قسە دەکەین، هەڵسوکەوت و شێوەی دەنگمان دەگۆڕین.

هەوڵ بدە بە منداڵێکی گەلێک بچووک بڵێ: «کەوشە تازە شینەکەی زۆر جوانە.» وابزانم بەدەنگێک لەگەڵیدا دەدوێی، کە لەگەڵ خەڵکانی گەورەی هاوتەمەنی خۆتدا بەو شێوەیە نادوێی.

باوکم تاقەکەسێک بوو، کە دەیتوانی لەگەڵ منداڵی ناو گالیسکەدا بەشێوەیەک قسە بکات کە دەتگوت هاوتەمەنی خۆین. وەهایان لەگەڵ دەدوا، کە گوایە لەگەڵ بەڕێوەبەری بانک یان قەشەی کلیسەدا قسە دەکات: دۆستانە بەڵام بەوپەڕی ڕێزەوە. من هەرگیز منداڵێکم نەبینی ڕووی لێ وەربگێڕێت یان ناوچاوانی تێک بنێت. هەندێ جاری واهەبوو بڕۆیەکی باریک هەڵبکشێ [واتە نارەزایی پەیدابێت]، بەڵام دواتر، زەوق و خۆشی جێگەی دەگرتەوە و ڕەنگی پەمەیی پێخۆش بوونی دەموچاوێکی بچووک، ئاسوودەیی و پێوەندییەکی دۆستانەی تۆمار دەکرد.

تەنانەت وەک منداڵ، سەرنجم دابووە خەڵکانی خاوەن دەسەڵات و چۆنیەتی قسەکردنیان لەگەڵ ئێمە. دەمتوانی لاساییشیان بکەمەوە و هاوڕێکانم خۆشحاڵ بکەم. من لە واتایەکی بەتوانج ورد ببوومەوە، کە مامۆستایەک پشتی پێ دەبەست. مامۆستاکە، کەسێکی ڕواڵەت بێن بوو و هەندێ شتی تایبەتی لاپەسند بوو، تەنزەکانیشی تیژو بابڕ بوون.

من ئەوەم دەبینی و گرنگایەتی ئەوتۆم پێ نەدەدا. دادپەروەریی خاتوو «بۆوثۆرن» پشتی پێ نەدەبەسترا. خاتوو «چوگ ویڵ» پێوەندەکانی باشتربوون و لە پۆلی منداڵانی ٨ ساڵانی ئەو، کتێب خوێن و وەڵامدەر دەردەکەوتن. ئەو پێویستێکی بە چەک نەبوو خۆشەویستی خۆی پێ بەهێز بکات. بەبێ ئیددیعانامە، لە یاسا دەدوا.

لاعیبە، کایە و جلوبەرگی منداڵان، شێوازی قژی سەر، گۆڕانی زمان و هەروەها ناوەکانیان: ئێدی، پیکسی، نێڤل و نۆرمان، کە لەم دواییانەدا ببوون بە شێرلین، ساندرا، ڕۆک و وەین، بەڵام سپاس بۆ خوا تێڕوانینی دوور لە چاوەنوارێ دۆزینەوە و تاقانەیی کەسایەتییان درێژەی هەبوو، بۆ ئەوەی کە سەرسوڕمان و لەززەت بخوڵقێنێ.

قسەکردن لەگەڵ منداڵی تەمەن سێ تا پێنج ساڵان، تەنگوچەڵەمەی جیاواز وەدی دەهێنێت، بەڵام بە گوێرەی تێگەیشتنی من، دەنگی زاڵیەتی هەر ئەوەیە کە هەمیشە بووە: ڕوون، بەشێوەیەکی فریودەرانە هێدی، شاد، هاندەر و هەندێ جاریش بێ هیوا. ئەو دەنگە ڕوونە مامۆستایانەیە کە پێویستە لەم وشە چاپکراوانەی ناو ئەم کۆمەڵە نووسراوەیە زیاد بکرێت.

لە نووسراوەی «نووسەرێکی کتێبی منداڵان»دا تکایە گوێتان لە دەنگێکی کەمتر بێ هیوا و زیاتر باوەڕ بەخۆ بێت- نوسخەی فرۆشراوەکانی ژمارەی نجوومییان هەیە. ئەو نازانێ کە ئەوەی دەینووسێ ئەدەبی ئینگلیزی نییە.

**جۆیس گرێن فێڵ**
**١٩٧٧**

### شانۆگەری ڕۆژی لە دایکبوونی عیسا

ڕۆژباش خاتوو بینتێ! بەختەوەرم کە توانیتان بۆ سەیرکردنی پرۆڤەی ئێمە لە مەڕ شانۆگەری لەدایکبوون بێیە ئێرە. بڵێی بتوانی خۆت بترینجێنییە ئەو شوێنەوە؟ کورسییەکان بە داخەوە زۆر بچووکن.

ئێستاش منداڵینە، دەست بە پرۆڤە دەکەین. مریەم و عیسا لە کوێن؟ بەڵێ، بەڵێ شرلین، دەستی دێنیس بگرە و پێکەوە جوان و لەسەرخۆ بچن لەسەر ئەو کەتەی ناوەڕاست دابنیشن.

نا، ڕای مەکێشە، ئەگەر لێی بگەڕێی ئەو خۆی دێت.

لەیەکتر مەدەن، مریەم و عیسا هاوڕێی یەکتربوون.

ئێستاش بزانین «پیاوانی تێگەیشتوو»مان کامانەن؟

تۆ پیاوی تێگەیشتووی، وانییە جێفری؟

پیاوی تێگەیشتوو نیت؟ ئەی چیت؟ گارانی؟ ئەرێ؟ دەتەوێ ببۆڕێنی؟ ئەوە زۆر باشە! دەبچۆ بۆ لای خاتوو بوولتینگ برۆ بۆ لای، تکایە بچۆ.

خاتوو بولتینگ، تۆ ئیش و کاری حەیوان و فریشتەکان ڕێک دەخەی، وانییە، بەڵێ ئەوە ئیتر عاید بەتۆیە.

ئێستاش تکایە پیاوانی تێگەیشتووم بێنە ئێرە.

بیلی، پیتر، جۆرج...

جۆرج!.. پیاوانی تێگەیشتوو قەت کاری واناکەن!

ئێستا، شاکانی من بێن تکایە!

دیارە خاتوو بێنتێ، ئێمە بە گوێرەی نەریت دەزانین کە پیاوی تێگەیشتوو و شاە دەبێ تاقە یەک کەس بن، بەڵام ئێمە لە باخچەی منداڵان، دەمانەوێ هەموو کەس دەورێکی پێ بسپێردرێت و هەربۆیەش هەندێ گۆڕانکاریمان تێدا داوە، لام وانییە کەسیش ئەوەی بۆ

گرنگ بێت. ئێستاش باشاکانمان بێن: سیدنی، نێڤل، کلیف و بەڵێ، نیکۆلاس ئانۆنیۆدێس.

بەداخەوە لە شانۆگەرییەکەی ئێمەدا، تەنیا چوارشا هەن. ئێمەش واهەیە چوار تاجی جوانمان هەبێت و حەیفە کەڵکیان لێ وەرنەگرین.

سیدنی، تکایە تاجەکەت ڕاست دابنێ، نەک لەسەر یەک چاوتی دابنێی لەژێر بلووزەکەتدا چیت پێیە؟

ئەوە شوێنی مشکە کوێرە نییە، وایە؟ ئێستاش تکایە ڕاست بیخەیەوە کونی خۆیەوە.

سیدنی، کامیانت هەڵگرتووە؟ جەنەڕاڵ ئەمین یا هارۆڵد وێڵسن؟

جەنەڕاڵ ئەمین بەکێیە؟

نیڤل، دەست بەجێ دای بنێ!

جەنەڕاڵ ئەمین و هارۆڵد وێڵسنی هەژار! ژێر بلووزەکەی تۆ شوێنێکی باشی سەردەمی کریسمەس نییە بۆ ژیان!

سیدنی، لام وایە مافی خۆت بێت ئەگەر هارۆڵد ویلسن گازت لێ بگرێت. نەکەی تۆش گازی لێ بگریەوە!

لەبەر ئەوەی ئەو لە تۆ بچووکترە ئایا خوێنت لێ دیت؟

ئافەرین، ئیتر کارەساتی وا ساز نەکەیەوە!

کلیف، تکایە تا جەکەت لەسەرت بکەی.

زۆر گەورەیە؟ بابزانین. ئۆهـ، ڕاستە وەهایە.

تۆ لە کوێی؟ ئا ئەوەتای! پێم خۆش بوو ئەم جارەش چاوم پێت کەوتەوە! لەگەڵ نیکۆلاسدا بیگۆڕەوە:

نیکۆلاس، لام وایە تۆ بتوانی تاجە گەورەکە لەسەر سەرت دابنێی، وانییە؟ گوێچکەکانت بۆ ئەم کارە باشن.

لام وایە ئەگەر گوێچکەکانت هەندێ بکێشیە خوارەوە، دەتوانن تاجەکە ڕابگرن، هەندێک پاڵ بدەوە! باشە.

ئێستا عەزیزم هەروا بمێنەوە، مەبزوو! ئەم جارە با پیاوانی تێگەیشتوو و شاکان بێن.

نامەوێ لاسایی یەکتر بکەنەوە!

ئێستاش شوانەکان! جیمی، بۆ یەکەم شوانی منی- نەک ترومبێلی کێ بەرکێ!

بەڵێ کارۆلاین، تۆش شوانی.

نا، عەزیزم، ناتوانی بەرگی «بۆ پیپە بچکۆلانە» (١) بکەیتەبەر، لەبەر ئەوەی هیچ کچە شوانێک لە شانۆکەماندا نییە و هەموویان کوڕە شوانن. تۆش کچێکی کە دەوری کوڕە شوان دەبینی.

بەڵێ، کەڵکی نەماوە، بەلام هەر دەبێ بەڕێوەی ببەی! لام وایە ئەگەر کچێکی زۆر باش بی، وا هەیە بتوانی ڕیشێکی جوانی سپی بۆ خۆت دابنێی. ئەوە خۆش نییە؟

جۆرج! ئەوە چییە کە پیاوانی تێگەیشتوو هەرگیز نایکەن؟

ئێستاش جیمی هیچ لەبیرت ماوە بە ئاسمانەوە چی دەبینی؟ شتێکی ڕازاوە، وانییە؟

نا؟

بەڵێ.. منداڵ نییە، جارێکی تر پێیدا بچۆوە!

ئەستێرەیەکی زیوینی جوانە و تۆش دەست بەرزدەکەیەوە و ئیشارەتی پێ دەکەی. بڵێ بزانم دوای ئەوەی ئیشارەتت کرد، دەبێ بڵێی چی؟

نا، سیدنی، نابێ بڵێت «تکایە دەتوانم بچم بۆ توالێت؟»

منداڵینە، ئەوە جێگەی پێکەنین نییە! کارێکی تەواو ئاساییە و دوور نییە ئێوەش پێی ڕابێن.

جیمی، تۆ وەرە! دەبێ بڵێی «بوەستە!»، وانییە؟

... با، وایە عەزیزم. باشە، خۆ تۆ دوێنێ گوتت!

پێت وایە باشتر بێت سبەینێ بیڵێی؟ با وابێت.

ئێمە پشتی شانۆکەمان شکاندووە... کەوابوو، واهەیە بکرێت ئێوەش خۆ ئامادە بکەن، بچنەوە ماڵ. لەسەرخۆ یەک لە تاجەکان بدەنەوە بەمن، نا سیدنی ناتوانی لە ڕێگەی چوونەوە ماڵ و لەناو پاسەکەدا، تاج بکەیتە سەرت!

لام وایە- هیوادارم شتەکان ئەمشەو باش بن.

بەلام دەزانی خاتوو بێنتن، لام وایە ساڵی دادێ تەنیا شانۆی «کریسمەس کارۆڵ» (٢) بەڕێوەببەین.

## گوڵ

منداڵینە! ئەم بەیانییە خەریکی ئەوە دەبین بە هەوای مۆسیقا هەڵبخەینەوە! جا، وەرن، با ئەڵقەیەک وەک کۆڕی فریشتان پێک بێنین، دەکرێ؟ ئینجا هەمووومان دەبین بەگوڵ و لەناو چیمەندا شین دەبین.

با بازنەیەکی گەورە پێک بهێنین. بلاوە بکەن- زیاتر، زیاتر، تەنیا نووکی پەنجەتان لێک بدرێت! چونکە گوڵ دەستی یەکتر ناگرن، تەنیا سەری پەنجەیان لێک دەدەن.

سوو! لە کۆڵ نیڤل ببەوە!

سوو! نامانەوێ خەڵکی وا بێنە ناو بازنەی فریشتەکانەوە کە هەر خەریکی بۆڵە بۆڵ کردن. ئێمە

تەنیا ئەوانەمان دەوێت کە بزەیان لەسەر لێوانە!
بەڵێ، دەیڤید، تۆ لێو بەبزەی. لاڤینیاش هەروایە- پێگی و جێفریش. هەر هەمووتان لێو بەبزەن.
تکایە بیدەنگ بن.
هەندێکیش هێمن بینەوە.
سووش دەیەوێ بزە بکات، وانییە سوو؟ واباشترە.
جۆرج- وامەکە...
ئێستاش با هەموومان کڵاوی بیرکردنەوە بکەینە سەرمان. دەکرێ؟ ئینجا بیر لەوە بکەینەوە هەر کام ببین بە چ گوڵێک.
لاڤینیا، تۆ چ گوڵێکی؟
(Bluebeil) زەنگۆڵە شینە(٣)؟ باشە!
پێگی؟
گوڵەباخ! جوانە!
نێڤل؟
گوڵەباخی کێوی! ئافەرین نێڤل!
سیدنی؟ سیدنی، عەزیزم، هۆشت لێرە بێت مستەکۆڵەش لە ڕۆژماری مەدە! دەتەوێ ببی بە چ گوڵێک؟
خۆ ئەسپ گوڵ نییە، سیدنی.
نا منداڵینە، ئەوە بۆ پێکەنین نابێت، شتێکی تێگەیشتوانەش نییە، ئەگەر سیدنی ئێستا نەتوانێ بیر لە گوڵێکی لەوە باشتر بکاتەوە، لام وایە ئیتر بچینە سۆراغی کەسێکی تر تا ئەو بیربکاتەوە.
ئێستاش سوو، تۆ چیت؟
گوڵەباخێکی تر؟ من چ دەستە گوڵەباخێکی جوانم هەیە، وانییە؟ پێگی سوورە، نێڤل یەکی کێوییە و لام وایە تۆش ببی بە یەکێکی سپی جوان، وانییە؟
ئەها، تۆش سوورێکی تری؟ باش تێدەگەم.
ئێستا، سیدنی، تۆ دەڵێی چی؟
خۆ گێزەر گوڵ نییە، سیدنی! عەزیزم، بیربکەوە و وا فووش مەکە!
گوڵاڵە سوورە چۆنە؟(٤)
(Holly- Leaf) گەڵای ڕاج خۆ گوڵ نییە، سیدنی! باشە، تۆ ببە بەگەڵای ڕاج.
ئێستاش منداڵینە، جوان گوێ بدەنێ.
ئێلڤیس، تکایە هەڵبەز- دابەز مەکە.
نەخێر، هەڵبەز- دابەز نابێتە هەڵپەڕکێ، ئێلڤیس، عەزیزم، چەلەحانێ مەکە، هەڵبەز- دابەزیش بەسە.

سەیری ئەوانی تر بکە- باشە.
دەمەوێ کاتێ کە خاتوو بوڵتینگ مۆسیقا لێ دەدات، هەمووتان هەستنە سەر پەنجەی پاتان، سووک وەکو پەڕ، ئینجا با ئەو شوێنەی کە مۆسیقا مەوداتان دەدات بە هەموو لایەکی ژوورەکەدا سەما بکەن. لەبیرتان بێت، ئێوە تاقمێک گوڵی ڕازاوەی ناو چیمەنن.
هەموو لایەک ئامادەن؟
تکایە دەقیقەیەک، خاتوو بوڵتینگ.
سیدنی- تکایە وەرە ئێرە.
چی لەناو دەمتدایە؟
تێ ناگەم دەڵێی چی سیدنی، جا بچۆ دەرەوەی ژوورەکە و تفی بکەوە، ئینجا وەرەوە ژوورەوە و پێم بڵێ چی لە دەمتدابوو. جا سیدنی، بەدوو لاق بڕۆ، بە حەلواشە لەمەڕۆ.
ئێستا، منداڵینە، چاوەڕوانی کوڕێک نامێنینەوە کە وەک منداڵی چکۆلە، شت دەخاتە دەمییەوە. دەبین بەگوڵی جوان کە لەناو چیمەندا شین دەبێت، خۆرەتاویش لێمان دەدات بۆ ئەوەی گەورە و جوان بین- تۆش جێفری هەستە سەرپێ- گوڵ بەناولینگی خۆیدا، ناچێتە دواوە، وانییە؟
چ گوڵێکی تۆ؟
گوڵی مینای قەڵەو! باشە.
هەیزڵ، ئێمە سەری خۆمان چ لێ دەکەین؟
ڕای دەگرین.
لام وایە
وەرە ژوورەوە سیدنی!
وەرە ژوورەوە! پێویست ناکات لە دەرگا بدەی. پێویستێک هەیە؟
ئێستاش پێم بڵێ ئەو دەم چیت لە دەمدا بوو؟
ناکرێ هیچ نەبووبێت سیدنی، من بە ئاشکرا شتێکم بینی.
بەڵێ دەزانم ئێستا هیچ نییە، بەڵام ئەودەم چ بوو؟
دوگمەیەکی گەورە؟ زۆر خۆشحاڵم تفت کردەوە، وانییە؟
نەتکرد؟ حاڵت باشە سیدنی؟ دڵنیای؟
کەوابوو بگەڕێوە شوێنی خۆت.
بە هەڵکەوت دوگمەکەت لەکوێ هێنا؟
لەکۆڵ کراسە پەمەییەکەی ڕۆژماری ببەوە. خەجاڵەت بکێشە، سیدنی کوڕێکی گەورەی چوار ساڵان بڕوات و

دوگمەی کراسی کیژۆڵەیەک بخوات. دەتەوێ ببی بە چ گوڵێک؟ لەبیرم نەماوە. باشترە ببی بە گەڵای ڕاج.

نا، ناتوانی ببی بە سوپەر جێت، خۆ ئەگەریش بتەوێ تووڕە بیت، ئەوە باشترە بچی هۆ لەوێ دابنیشی تا دەبییەوە بە کوڕێکی باش. دەتوانی بیر لەوە بکەیەوە باشترە ببی بەچ گوڵێک. بڕۆ...

جۆرج- چیم پێ گوتی؟ باشە، وامەکە....

منداڵینە، وەرن، ورد گوێ بدەنە مۆسیقا و ئینجا وەک گوڵێک بەدەم مۆسیقاکەوە هەڵپەڕن.

خاتوو بوولتینگ، هەر چۆنێک بوو وا ئامادەبووین، داوا لێبوردن دەکەم.

یەک- دوو- بڕۆین.

هەڵپەڕن، نێڤل هەر ڕامەوەستە لەوێ، هەڵپەڕن.

سەرت بەرزەوەکە هەیزڵ، کەڵک لەدەستیشت وەربگرە!

پێگی، عەزیزم- لەبیرت نەچێ نەفەس بکێشی.

ڕیتم، جۆرج. شادمان بە- تۆ گوڵێکی شادمانی، جۆرج.

بەڵێ، وای.

چونکە من وا دەڵێم.

ئای باشە، سیدنی، دەزانم بیر لە شتێک دەکەیەوە.

باشە، دەبی بە گوڵەکەلەرمیش ببە، بەڵام لەسەرخۆ.

## کاتی چالاکی کردنی ئازاد

سڵاوتان لێ بێت خاتوو هینگڵ. خۆشحاڵم کە توانیتان بێن بۆ ئێرە. وەک دەبینین ئێمە وا ماوەی چالاکی ئازادمانە و لە ماوەی چالاکی ئازاد دا هەر کام لە منداڵان ئیشێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. هەندێکیان وێنە دەکێشن، هەندێکیان هەویر بەکاردەهێنن و هەندێکی تریان لەسەر مێزی(٥) sandtable زیخ ئیش دەکەن. هەست دەکەین کە هەر منداڵێک دەبێ بچێتە قووڵایی ناخی خۆیەوە و وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزێتەوە کە چییان لە ژیان گەرەکە.

کێ بوو ئەو دەنگە ویزە ویزەی دەرهێنا.

نیڤل، تکایە دەست هەڵبگرە.

هەیزڵ، عەزیزم، لە دەرگاکە دوور بکەوەوە و خەریکی هەویرەکەی خۆت بە.

پێم خۆشە کە دەبینم سەرقاڵن و هەر ژیکەڵەیەکیان کەسایەتی خۆی ڕادەگەیەنێت.

جۆرج- وامەکە...

ئێستاش منداڵینە، دەمەوێ هەمووتان بەخاتوو هینگڵ بڵێن ڕۆژباش.

ڕۆژباش خاتوو هینگڵ!

نا، سیدنی، نابێ بڵێی بەخێرچی، خاتوو هیگڵ تازە هاتووە. تۆش ناتەوێ وازوو بڕوات.

نا، کڵاوێکی سەیریشی لەسەر نەکردووە، ئەوە قژی خۆیەتی.

بەداخەوەم خاتوو هینگڵ، ئێمە هەندێ جار زۆر قسە لە ڕووین. ئێمە هەوڵ دەدەین هانی ڕاستگۆیی بدەین، تەنیا هەندێ جار، نەک هەمیشە...

ئەوە کارۆلاینی هاوڕێمە و کارۆلاین وێنەی سووری گەلێک جوان دەکێشێ. وانییە کارۆلاین؟ نازانم ئەوە چییە؟ وا هەیە خۆری سووربێت، وایە؟ یاخود پرتەقاڵێکی سوور؟

وێنەی دایکتە؟

ئەی لووتی بۆ ناکێشیەوە؟

بێ لووت.

سەرنج ڕاکێشە منداڵان چۆن دیاردەکان دەبینن.

سیدنی، تکایە فوو لە ئێدگار مەکە.

لەبەر ئەوەی کارێکی باش نییە.

بەڵێ، دەزانم فوولێکردن دەبێتە هۆی ئەوەی قژی هەستێتەوە و داکەوێتەوە، بەڵام نامەوێ کاری وابکەی. ئێستاش بگەڕێوە سەر مێزی زیخەکە، لەوێ کوڕێکی باشی لێیە. بەڵێ جێگا هەیە «سوو»؛ کۆڵێک جێگا هەیە، تەنیا تۆزێک بچۆ سەرەوە.

سوزان! ئێمە هەرگیز گاز لە هاوڕێی خۆمان ناگرین.

بەسیدنی بڵێ بۆ ئەو کارەت بەداخەوەی. پێویست ناکات ماچی بکەی.

نا، پێویست ناکات لە باوەشی بگری. سوزان، سیدنی دابنێ زەوێ.

تکایە، مستەکۆڵە نەبێت.

ئەو شوێنی ددانی خۆی دانەناوە و دایناوە، سیدنی؟

کەوابوو، زۆر وەسواسی مەبە.

هەندێ جار، بەداخەوە، خۆ خۆشەویستی بچووک لایەنی گەورەمان لێ دەگرێت..

هەیزڵ، عەزیزم، نامەوێ جارێکی دیکەت پێ بڵێم: تکایە لە دەرگاکە دوور بکەوەوە.

بۆ ناتوانی؟

باشە، نەدەبوایە پەنجە بخەیە کونی کلیلەکەوە و ئیتر

قامکت تێی نەدەگیرا.
منداڵینە، پێویست ناکات هەمووتان بێن و سەیر بکەن تەنیا بۆ ئەوەی بزانن هەیزڵ چۆن پەنجەی لەکونی کلیلەکەدا گیری کردووە. بڕۆنەوە سەر ئیش و کارتان، تکایە.
نا، سیدنی، لام وانییە پەنجەی بۆ هەمیشە لەوێدا گیری کردبێت.
بۆ چرکەیەکیش بیر لەوە ناکەمەوە کە دائیرەی ئاگر کوژاندنەوە بانگ بکەین بێن و دەرگاکە بێننە دەرەوە بۆ ئەوەی پەنجەی ئەو ڕزگار بکەن. تۆ شت گەورە دەکەیەوە، سیدنی.
ئەگەر بێتو تا کاتی شێو پەنجەی ڕزگار نەکەین، دەبێ شێو لێرە بخوات.
نانی ئێوارەش.
نانی شەویش و هەموو شەوەکەش لێرە بمێنێتەوە.
بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین دەری بهێنین، وانییە هەیزڵ؟
دەیڤید! تکایە وەرسووڕێ، دەیڤید. دەورێکی تەواو.
تکایە دەستڕەکەت بەکاربهێنی، دەیڤید.
جارێکی تریش.
جارێکی تر.
ئێستاش خاوێنی بکەوە.
سپاس، دەیڤید.
هەیزڵ، بۆچی پەنجەت خستە ناو کونی کلیلەکەوە؟
بۆ ئەوەی بزانی ئایا دەچێتە ژوورەوە!
باشە، با ئێستا بزانین دەتوانین بیهێنینە دەرەوە!
کێیە ئەو ویزە ویزە دەکات؟
نێڤڵ.
دەزانم تۆ مێش هەنگوینی، بەڵام کوڕە مێش هەنگوین ویزە ویزە ناکەن، تەنیا مێش هەنگوینی مێوینەیە ویزە ویز دەکات.
من ئێستاش هەر گوێم لە دەنگی تۆیە، نیڤل.
نیڤل!
دەبوو پێم وانەبوایە.
کوڕێکی تەواو مۆسیقاییە و پێویست ناکات کەس بەرگری لێ بکات.
سیدنی، ئەو فلچەی بۆیە کردنە لە گوێچکەت دەربهێنە و بیدەوە بە لاڤینیا.
بەڵێ، تۆ دەتەوێتەوە، لاڤینیا. تۆ وێنەگریت پێ خۆشە.
بەڵێ تۆ دەتەوێت.
ئێمە هیوادارین زوو بکەوێتەوە دەستی.
ئێستا هەیزڵ، ئایا هەوڵت داوە پەنجەت بسووڕێنی؟
دەزانی خاتوو هینگڵ، قامکی ئەم منداڵە بەڕاستی لە کونی کلیلەکەدا گیری کردووە.. لام وایە لە حاڵەتی کتوپڕدا بانگکردنی دائیرەی ئاگر کوژاندنەوە کارێکی باش بێت. وا تەلەفۆنێک لەکۆتایی ئەو داڵانە هەیە.
دەکرێ؟ ئۆه، ئەوە لوتفی ئێوەیە، من لەوێ دەمێنمەوە و شوێنەکە دەپارێزم، منداڵەکانیش ئاماژە دەکەم. گەلێک سپاستان دەکەم.
منداڵینە، نامەوێ هەمووتان سەرتان لێ بشێوێ، بەڵام وا خاتوو هینگڵی میهرەبان چووە بزانێ ئایا دەتوانێ یەکێ لەو پیاوە وریایانەی دائیرەی ئاگر کوژاندنەوە بهێنێ یارمەتیمان بدات، بەڵکو پەنجەی هەیزڵ دەربهێنین.
ئۆه، دەرت هێنا، هەیزل، ئافەرین. ئەوە زۆر باش بوو.
باشە خاتوو هینگڵ، قامکی هێنایە دەرەوە.
سیدنی! تۆ نابی بچیە نزیک ئەو کونە کلیلە، سیدنی.
دەتوانی بیهێنیە دەرەوە؟
من توندم قسەکرد، خاتوو هینگڵ...
ئۆه، سیدنی...

**پەراوێزەکانی وەرگێر:**

**١- گۆرانییەکی منداڵانە بە ئینگلیزی و باسی کیژۆڵەیەکی شوان دەکات.**

**٢- گۆرانییەکی ڕۆژانی کریسمەس (جەژنی لە دایکبوونی عیسا)یە و چەندان شێوە و چەشنی جیاوازی هەیە. نیازی مۆسیتا لە قسەکەی ئەوەیە کە شانۆ بەڕێوەبردن لەگەڵ منداڵان کارێکی ئەستەمە و باشترە. ساڵی دواتر لە جیاتی چیرۆکەکە هەمووی، تەنیا گۆرانییەکەی بڵێین.**

**٣- ناوی گوڵێکە، بەڵام من نەمزانی بە کوردی دەبێتە چی.**

**٤- گەڵایەکی سەوزە بە لقێکی پڕ درکەوە لە کریسمسدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت.**

**٥- مێزێکە، زیخ و ئاو لەسەرەو بۆ یاری کردنی منداڵانی بچووک کەڵکی لێ وەردەگیرێت.**



لەناو چیرۆکی کوردیدا (یووسف عزەددین) ناوێکە لەناو نەسلی خۆیدا داهێنان و تایبەتمەندیی خۆی هەیەو بەردەوامیشە لەوەی تواناکانی خۆی لە زۆر بواردا بدۆزێتەوە. لە گوتنی نەگوتراوەکان ناسڵەمێتەوە، ڕووبەری سیحراوی خەیاڵی خۆی کردووە بە خاڵێک بۆ بە بژوێن کردنی ئەزموون و بەخششەکانی. ساڵانێکی تەمەنی نووسین و هەموو هەستەکانی لە هونەری چیرۆکنووسیدا تاقیکردووەتەوە. ئەمڕۆ دوای ئەوەی قۆناغی چیرۆکنووسینی خۆی ئاوەدان و دەوڵەمەند کردووە، پێی ناوەتە بوارێکی تری تاقیکردنەوەی نووسینەوە کە هونەری ڕۆمانە. لەپاڵ ئەم هەوڵانەی نووسین، لەزمانی تورکیشەوە وەردەگێڕێ و بابەتی گرنگ بۆ خوێنەری کورد هەڵدەبژێرێ.

ئەم هەڤپەیڤینە هەندێک لە نهێنییەکانی نووسین لای ئەم نووسەرە لاوە چالاک و خوێندەوارە ئاشکرا دەکات.

# یووسف عزەددین:
# نووسین هەوڵدانێکە بۆ ڕەهاکردنی ڕۆحی ئینسان.. واتادارکردنی ژیانیش یەکێکە لە کارە سەختەکانی نووسین

**ئا: ڕامان**

**رامان:** زۆرێک لە دەقە ئەدەبییەکانمان کار لە ئێستادا دەکەن، ئێستایەک کە لەنێو دنیای گڵۆباڵدا، بۆتە ساتەوەختێکی ترسناک، چونکە چەمکی گومان و کردەی پرسیارکردن دەستەوسانە لەوەدەستهێنانی وەڵامێکی راسیۆناڵ، لەکاتێکدا وەڵامە مارژینالەکان، دەستخەرۆمان دەکەن و پڕاوپڕی هاوکێشەی گۆڕانکارییەکان نین. دەبێت ئێستای کەسایەتی و کاراکتەری کورد، لە ئێستای دەقێکدا، بخرێنە کوێی ئەو هاوکێشە جەنجاڵەوە و چ پاڵەوانێکیان لێ بخوڵقێنرێت. دەبێت لە چ دەرگایەکەوە بچنە نێو دنیای دەق و چ وەڵامێکیان بۆ پرسیارەکان پێ بێت؟ یان بۆ خۆیان چ پرسیارێکیان هەبێت؟

**یووسف عـــزەددین:** دەبێت لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین، کە بیکیت لەدەستپێکی رۆمانی (ناولێنەنراوەکان)دا دەیخاتە ڕوو:

ئێستا لەکوێیە؟ ئێستا چ زەمەنێکە؟ ئێستا کێیە؟

پرسیارکردنی ئێمە لە ئێستا، وەک چەمکێک یان ساتەوەختێک لەزەمەن، پرسیارێکی بارگاوییە بەحوزن و یەئس و بێهوودەیی. بەبۆچوونی کەیکیگارد مرۆڤی بەختەوەر و بە ئومێد ئەو کەسەیە، کە لە ئانوساتێکی ئێستایدا دەژی. واتە هەموو ئەوانەی کە لەنێو یادەوەرییەکانی ڕابردوودا دەژین، یان چاویان لە داهاتووە و چاوەڕێن، کەسانێکی نا بەختەوەر و بێ ئومێدن، بەڵام ڕەنگە بۆ ئێمە نەشێت؛ بە تەواوی لە ئانوساتێکی ئێستادا خۆمان قەتیس بکەین، گەرچی پێم وانییە بەڕەهایی، بەختەوەری لە هیچ ساتەوەختێکی ئێستادا وەچنگ بکەوێت.

زەمەن بۆ خۆی نەفی دۆگما و وەستان دەکاتەوە و بێکۆتا بوونی زەمەنیش، وامان لێدەکات لێکچوون و هاوشێوەبوونێکی زەمەنی لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێدا ببینینەوە. هەروەک لە رۆمانی «مەدارەکانی ساتوورن»ی سیبالد-دا دەبینرێتەوە.

لەمیانەی گەشتێک بەنێو زەمەندا، بە ئامانجی گەیشتنە حەجی مەسیحییان. تاقیبی ڕێگەی قەرەجان و گەڕیدەکان دەکات و لە ڕێگەی سەرد و مەنەلۆگەوە، ڕووداوو و کارەسات و ساتە سەیرو سەمەرەکانی مێژوو زیندوو دەکاتەوە، بە چەشنێک کە هەر دەڵێی لە ئێستادا ڕوودەدات و خوێنەر ناچار دەکات بپرسێت: سیبالد وامان لێدەکات بکەوینە پرسیارکردن سەبارەت بە بوونی چەقۆ ئاساییەکانی نێو مووبەقەکانمان، چونکە هەر ئەو چەقۆ ئاساییانە بوون، کە لە دووەمین جەنگی جیهانیدا، سەرلەبەری خەڵکانی شارۆچکەیەکی پێ سەربڕدرا.

لە ڕۆمانی (تەلیسکۆپەکەی شۆپنهاوەر)ی گێرارد دۆنۆڤان-یشدا بە ڕوونی گومان و پرسیارکردن وەک دوالیزمێک دەکەوێتە ڕوو.

ڕاستییەکەی ئێمە لەم دنیا جەنجاڵە (میکرۆڤیزیۆنی)یەدا، لەوە چووینەتە دەر کە کەسی یەکەم بین و بە ناچاری بووینەتە کەسی سێیەم. پێدەچێت ئێمە بێجگە لە ئۆبژێیەکی دنیای گڵۆباڵ، هیچی دیکە نەبین.

**رامـــان:** ئەگەر سیبالد لە میانەی گەشتکردنی بەنێو مێژوودا، سەرجەم زەمەنەکانی کردبێتە ئێستای ئێمە، یان ئێستای ئێمەی لە ڕوانگەی ڕابردوو و داهاتووەوە ڕاڤەکردبێت، دەکرێت بڵێین لە دەقی کوردیشدا هەمان حاڵەت دەبینینەوە. یان دەتوانرێت ئەنالیزەی کەسایەتی کورد لە ڕێی بەرجەستەبوونی کاراکتەرێکەوە بخوێنرێتەوە؟

**یووسف عـــزەددین:** سیبالد لە ڕۆمانی «مەدارەکانی ساتوورن»دا کە گەشت بەنێو زەمەندا دەکات و بەسەرهاتە مێژوویییەکان وێنا دەکات، خۆی لە قەرەی خستنەڕووی گوتارە سیاسی و تێڕوانینەکانی خۆی نادات و تەنیا بەوەی کە دەیبینێت و دەیخاتە ڕوو، پرسیارمان لا دروست دەکات، بەڵام گۆنتەرگراس لە ڕۆمانی (کێڵگەیەکی دوور)دا، ڕاشکاوانە گوتاری سیاسی خۆی وەدەردەخات و بە توندی ڕەخنە لە یەکبوونی هەردوو بەشەکەی ئەڵمانیا دەگرێت. پێم وایە ڕۆمانەکەی سیبالد زیاتر دەرفەتی ڕامان و نامۆبوونمان دەدات لەوەی گۆنتەرگراس، کە دەبێت یان تەرح و بۆچوونەکانی وەک وەڵامێک قبووڵ بکەین و پێی قایل بین، یان لەگەڵیدا نەبین و پێچەوانەکەی وەک پەرچەکردارێک بخەینە ڕوو. لەکاتێکدا سیبالد هێدی هێدی دەمانباتە نێو دنیای ڕووداوەکان و دیمەنەکانمان پیشان دەدات.

هەربۆیە خستنەڕووی بابەتێکی مێژوویی؛ ڕەنگە ئەگەر سەلەفیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەو بەهایەی خۆی لەدەست بدات و مەحکومی سڕینەوە و کەوتنە پەراوێز بێت. لێرەدا مەبەستم لە ڕوئیاو ئاسۆی تێڕوانینی

نووسەرە، چونکە دەکرێت بابەتێک لەلایەن چەند نووسەرێکی جیاجیاوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و دیارە ئەو دەمەش هەریەک بەشێوازی خۆی بابەتەکە دادەرێژێتەوەو ڕەنگە هەریەکێکیشیان بۆ خۆی خوێندنەوەی جیاجیا بگرێتە خۆی.

**ڕامان:** پێتان وایە دەقی خۆماڵی لەرێی ئەنالیزەکردنی کەسایەتی کاراکتەرەکەیەوە بناسرێتەوە، یان دەتوانین بڵێین کەسایەتی کورد، بەتایبەت ئەو دەمەی لە دەقێکدا وەک کاراکتەرێک تەوزیف دەکرێت؛ ئەنالیزەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە و لەکاراکتەری دەقێکی دیکەی دنیا جودا و جیاوازە؟

**یووسف عەزەددین:** ئەنالیزەکردنی هەر چەشن و جۆرە کەسایەتییەک، ڕەنگە کارێکی ساناو ساکار نەبێت. دەبێت بزانین مێژوو وەک پانتاییەکی زەمەنی، یان مەوداو مەدارێکی بارگاوی بەڕووداو و کارەسات، لەکوێدا و لەچ جومگەیەکی زەمەنیدا، کاری کردۆتە سەر ئەو کەسایەتییە. چی لا کردۆتە یادەوەری و چی لە زەیندا سڕیوەتەوە و بۆ خۆی چۆن دەڕوانێتە ئەو زەمەنەی کە بەسەرچووە. یان لە ئێستادا چی دەڵێت و چۆن دەڕوانێتە ئەو ساتانەی کە دادێن، بۆیە دەبێت چەشن و شێوەی لێکچوونمان لە ڕووی فەرهەنگ و کولتوورەوە، لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دەوروبەرمان، بخەینە ژێر پرسیارەوە.

پرسیار لە چەشن و شێوەی لێکچوونمان، یان جودایی و جیاوازیمان، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی لە نزیکیانەوە یان لەگەڵیاندا ژیاوین، بکەین. مەبەستم ئەوەیە کە ئاخۆ دەرگاکانمان هەردەم ئاوەڵا بووە، بۆ وەرگرتنی دابونەریت و کولتوور و هەموو ئەو شتانەی کە ئەوان خاوەنی بوون؟

یان هێندەی ویستبێتمان دەرگاکانمان خستۆتە سەرپشت و لەساتەوەختێکدا کە نەمانوویستبێت، شتێکی نەیارو غەیرە بێتە ژوورێ؛ دەرگاکانمان پێوە داوە و وەک خۆمان ماوینەتەوە. ئاخۆ هەردەم میتافۆرێکی خۆپاراستن و خۆپەنادانمان هەبووە، یان نا...

هەروەک چۆن ئەو جوولەکانەی کە بە ڕواڵەت لەنێو میللەتانی دیکەدا توانەوە و ئایین و کەلچەر و کولتووری ئەوانیان قبووڵکرد، بەڵام لە ڕاستیدا بۆخۆیان شتێکی تر

**زەمەن بۆخۆی نەفی دۆگماو وەستان دەکاتەوە، بێکۆتابوونی زەمەنیش وامان لێدەکات لێکچوون و هاوشێوە بوونی زەمەنی نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێدا ببینینەوە**

بوون و توانییان هەر هیچ نەبێت تا ساتەوەختێکی مێژوویی، جیاوازییەکانیان بکەنە میتۆدێکی نهێنی و شاراوە و لەنێو خۆیاندا هەڵیبگرن.

جا دەبێت ئێمەش چەند وەک ژاک دریدا-ی بنەجوو، مارانۆیین لە ئاست ئەو کولتوور و کەلچەر و شتانەی کە هی ئێمە نین. ژاک دریدا بۆ خۆی دەڵێت:

«ڕەنگە ئێوە باوەڕ بەوە بکەن، کە مارانۆ کۆتایی هاتووە، بەڵام ئێمە لە هەموو ئانوساتێکدا هەر مارانۆیین». گەرچی چەمکی مارانۆ، لە ڕووی فەرهەنگییەوە واتای خۆی هەیە، بەڵام وەک ئەوەی کە دریدا بەکاری دەهێنێت. گوزارشت لەو کۆمەڵ و گرووپانە دەکات کە بەناچاری دەبنە بەشێک لە کۆمەڵگایەکی تر و بەڕواڵەت دەبنە ئەوان؛ بەڵام لە ڕاستیدا تۆکمەیی بنیادی ناوەکییەکان، دەبێتە ڕێگری دیتۆتالیزەیشن و توانەوەیان.

ئەمەش وەک ئۆبژێییەک بە زەقی لای جوولەکەکان دەبینرێتەوە. ڕەنگە بتوانین هەندێ تەرزە بڕوای سۆفیگەرانەی نێو کوردستان و عەلەوییەتی کوردە عەلەوییەکانی باکوور و چەند گرووپە ئایینێکی دیکە، وەک ئەوەی کە دەنگوڕەنگێکی جیاو جودان، بەتایبەت دەکرێت لەو کاتانەدا، کە نەیانتوانیوە بە ئاشکرا جیاوازییەکانی خۆیان بخەنە ڕوو و لەپاڵ ئەوانەی تراو وەک ئەوان خۆیان پیشان داوە؛ بڵێین ئەمانیش مارانۆکانی لای ئێمە بوون. کە دیارە ڕەگوریشەی بیروباوەڕی ئایینیان دەگەڕێتەوە بۆ نێو یەزدانییەت، هەربۆیە ئەوان بەبێدەنگی هەڵگری پەیامێکی نهێنی بوون. کە تەنیا لەنێو خۆیاندا ئاشکرایان کردووە و گوتارێکی ئایینیان بۆ دەرەوەی خۆیان پێنەبووە.

جا لێرەدا دەکرێت بێجگە لە بیروباوەڕی ئایینییان جیاوازی لە دابونەریت و کولتوور و کەلچەریاندا ببینرێتەوە، بە بەراورد لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندا.

هەر بۆ نموونە، لەکاتێکدا کە سەما کردن لای کورد شتێکی باو و شیاو نییە، یان دەتوانم بڵێم هەر بوونی نییە. لای کوردە عەلەوییەکان شتێکی ئاسایی و عادەتی و شایستەیە، بە تایبەتیش مەبەستم لە سەماکردنی

ئافرەتانە. شتێکی ئاساییە و هەر لە منداڵییەوە کچەکانیان لەمیانەی کەشە ئایینییەکانی خۆیانەوە، فێری سەما دەبن و لە هەموو ئانوساتێکی تەمەنیاندا، بێ شەرم کردن دەکارێت مومارەسەی بکەن. ئەمە جگە لەوەی کە زۆر لەو شتانەی لای ئێمە تابۆ و حەرامە، لای ئەوان ئاساییـن.

هەربۆیە ناکرێت کەسایەتی کورد، وەک تەنیا کەسێک ببینیت و یەک نموونەی کەسایەتیشی بۆ بکەیتە ئەلگۆ. ناکرێت ئەنالیزەیەکی تایبەتی بۆ دابتاشیت و لە قالبێکی بنێیت و بڵێیت ئاوایە، بۆیە لە ئانوساتێکدا کە سەرقاڵی دۆزینەوەی وەڵامێکین بۆ پرسیارێکی دیاریکراو دەیان پرسیاری دیکە لە زەینماندا دەورووژێت و عەوداڵی گەرانمان دەکات.

ئیدی زۆرجار دەمانەوێت، تۆمارێکی سەربەرد، پارشۆمێنێک، شتێک کە لەسەدا سەد هی خۆمان بێت و بەڵگەی شارستانێتی باوانمان بێت، دەستمان پێی بگات و ببینین و لێی خووردببینەوە.

**رامان:** لە دەقی ئەدەبیدا، تا چەند دەتوانرێت کەسایەتییە مێژووییەکانی خۆمان یان ڕووداو و کارەساتەکان تەوزیف بکرێن؟

**یووسف عزەددین:** ئەگەر بمانەوێت وەڵامەکەمان تەنیا لەمەداری پرسیارەکەدا هەڵسووڕێت و لک و پەلوپۆی لێنەبێتەوە و تایبەت بێت بەو حاڵەتی تەوزیف کردنە، پێم وایە نووسەر دەتوانێت ئیختیاری بابەتێکی لەو چەشنە بکات و خۆی لە قەرە بدات. ئیدی ئەمەش پابەندە بە دنیابینی و ڕوانگەی تێڕوانینی نووسەر و چەشن و شێوەی خوێندنەوەی. ڕەنگە هەبێت زۆر تەقلیدیانە تێی بڕوانێت، یان ڕەنگە بە پێچەوانەوە، دەشێت مامەڵەیەکی نا تەقلیدیانەی لەگەڵ بکات و لە مەئلووفیەتی ساتەوەختێکەوە بیهێنێتە دەرو بیکاتە شتێکی نامەئلووف، یان با بڵێین لەزەمەنێکەوە بیگوازێتەوە بۆ نێو پانتاییەکانی زەمەنێکی تر، یان ناچارمان بکات و بمانگەڕێنێتەوە بۆ نێو کۆریدۆرەکانی زەمەنێکی بەسەرچوو و دێرین، یان ڕەنگە تێکچڕژان و ئاوێتە بوونی زەمەنەکان بێنە ئاراوە و شتێکی جوداو جیاوازی لێ بخوڵقێت.

جا سەبارەت بە تەوزیف کردنی مێژوو، پێم باشە ڕۆمانی (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک)ی (عەتا محەمەد) بە نموونە بهێنمەوە. کە توانیویەتی مەئلووفیەتی مێژووی دروستکردنی شاری سلێمانی، بکاتە شتێکی نا مەئلووف.. دیارە بێجگە لەو تەوەرەیەی کە ئاماژەم پێدا، دەیان حاڵەتی ئیستێتیکی و شتی جوان لە ڕۆمانەکەی (عەتا محەمەد)دا ببینرێتەوە، کە هەریەکەی بۆ خۆی قابیل بەخوێندنەوە و ڕاڤەکردنە، ئیدی سەرجەم ئەو شتانەی کە بەرجەستە دەبێت، لەنێو ئەتمۆسفێرێکی زەمەنی بێکۆتادا، هەڵدەسووڕێت.

**رامان:** لە چ سەدە و قۆناغێکدا ڕۆمان بەکامڵی دەبینیتەوە و کاریگەری ڕۆمان لەسەر ڕەوتی مێژوو، یان بە پێچەوانەوە چییە و چۆنی هەڵدەسەنگێنیت؟

**یووسف عزەددین:** ئەگەر باسەکەمان هەر لەنێو جوغزەکانی مێژوودا هەڵبسووڕێت، ئەوە دەبێت دەیان تەسەورو بیروبۆچوونی جیاجیا بخەینە ڕوو کە ڕەنگە لە هەڤپەیڤینێکدا دەرفەتی خستنەڕوو و یەکلاکرنەوەی هەموو لایەنەکانیمان نەبێ.

ئەگەر لە تێڕوانینی شتراوس-ەوە هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان بدەم، ئەوە هەوڵی داڕشتنەوەی گوتەیەکی دەکەم، سەبارەت بە مێژوو، نێوەرۆکی گوتەکە بەبێ دەستکاری ئاماژە بەوە دەکات کە مێژوو بۆ خۆی نییە، هێندەی من یان تۆ دیاری دەکەین، بۆیە ناکرێت وەک موتڵەقێک باس لە مێژوو بکەین، چونکە تێڕوانینی من یان تۆ، ئەوساتەوەختەی مێژوو ئاوا دەبینێت و هەر لەوتێڕوانینە جودا و جیایانەی خۆشمانەوەیە، دەکارێت خوێندنەوە و تێزی جودا و جیاواز بکەوێتە ڕوو، هەربۆیە شتراوس خودی شتەکانی بەلاوە گرنگ نییە، هێندەی ئەوەی کە پێوەندی نێوان شتەکانی بەلاوە گرنگە.

بەو پێیەش پێوەندی ئێمە بە مێژووەوە گرنگە، کە دیارە ئەو پێوەندییەش، خودی دنیابینیمان ڕۆڵ لە کەشف کردنیدا دەبینێت.

**رامان:** باشە ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە بڕوانینە مێژوو؛ کە پێشتر ئاماژەت پێدا، چۆن چۆنی دەتوانین مامەڵە لەگەڵ دەقێکی وەک قەڵای دمدم-دا بکەین؟

**یووسف عزەددین:** هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێدا، ئیشکالەکە لە خودی دنیابینی و تێڕوانینی نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێت. هەر بۆ نموونە ئالان ڕۆب گرییە، پێی وایە بۆیە نووسەرێکی تەقلیدی دەست دەداتە نووسین،

چونکە وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەزانێت و کردەی نووسینیش لای ئەو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانە، لەکاتێکدا نووسەرێکی ناتەقلیدی بۆیە دەنووسێت، چونکە بۆ خۆی پرسیاری هەیە. لێرەدا دەبینین دوو مەداری لێکتر جیاو جودا، بۆ هەڵسووڕان و ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی دنیا هەیە، هەربۆیە ڕەنگە نەکرێت ڕووداوێکی مێژوویی، وەک ئەوە ببینینەوە.. کە لە دووتوێی بەڵگەنامە و کتێبە مێژووییەکاندا خراوەتە ڕوو.

لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بە کتێبێک بدەم، کە بەزمانی تورکی نووسراوە و تایبەتە بە یادەوەرییەکانی «بەربەڕۆس پاشا»وە و یەکێکە لەو کتێبانەی کە بە پەرۆشەوە تورکەکان دەیخوێننەوە و شانازی بە ماجەرا و بەسەرهاتی جەنگەکانی ئەو زاتەوە دەکەن و تەنانەت پەیکەریشیان بۆ کردووە. جا هەموو ئەو بەزمەی کە ئەو زاتە کردوویەتی لای زۆربەی خوێنەری تورک، کاری کردە و شیاو ئاساییە، بەڵام لای خوێنەرێکی دیکەی غەیرە تورک مەسەلەکە واناکەوێتەوە. بەتایبەتیش لای خوێنەری ئەورووپی. لە یادەوەرییەکانی «بەر بەڕۆس پاشا»دا، کە بۆ خۆی سەرکردەی چەتە و قەڕاسنەکانی دەریا بووە و بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانییەکان، ڕێگە پێدراو بووە بۆ هەر کوشتن و بڕین، دزی و ڕاو و ڕووتێک، بە مەرجێک لە غەنیمەکانیدا بەشی سوڵتانیشی لێبدات. زۆر بە سانایی و خوێن ساردییەوە، باس لەبەدیلگرتنی دەیان و بگرە سەدان خەڵکی غەیرە موسڵمان دەکات و بە کافریان ناو دەبات و ئافرەتەکانیشیان بەکافیرە و سۆزانی ناو دەبات. باس لەسەربڕینی دیلە نێرەکان و فرۆشتنی مێیەنەکانیان دەکات، تا ببنە کەنیزەک و جاریەی پیاوماقووڵان و باڵا دەستتان.

سێرڤانتیس-یش یەکێک بووە لەوانەی کە بەدەست عوسمانییەکانەوە زۆری چەشتووە. ئەو دەمەی کە سەرباز بووە و لە جەنگێکی دەریاییدا زامدار کراوە و بۆ هەتا هەتایە دەستی چەپی لەکارکەوتووە، دیارە بێجگە لەوەی کە پێنج ساڵ لە جەزائیر وەک دیلێک دەیان ناڕەحەتی چەشتووە، جا ئەو ڕکەی کە دەرحەق بە عوسمانییەکان لەلای دروست بووە، پاش ساڵانێک لە دوو توێی «دۆن کیخۆتە»دا دەیبینێتەوە، بە تایبەت لە بەشێکی



ڕۆمانەکەدا، ئاماژە بە کردەی هەتیوبازی تورکەکان دەکات، جا بۆیە لە وەڵامی پرسیارەکەتاندا دەڵێم هیچ ڕێساو پێودانگێکی حازر بەدەست شک نابەم، تا بتوانم بڵێم کە دەبێت ئاوها مامەڵە لەگەڵ دەقێکی وەک قەڵای دمدم-دا بکرێت. ئیدی ئەوە پەیوەستە بە خودی ئەو نووسەرەی کە دەیەوێت خۆی لە قەرەی بابەتێکی وابدات.

نووسینیش بۆ خۆی هەوڵدان و کەشفکردنە، زیاتر لەوەی داهێنان بێت. هەروەک بۆرخیس ئاماژەی پێدەدات، چونکە هەرشتێک کە بەخەیاڵماندا دێت و بەلامانەوە نوێیە، کاتێک دەزانین ئەگەر لە ئێستاشدا نەبێت، لە ئانوساتێکی تردا گوتراوە یان نووسراوە. دیارە لێرەدا مەبەستم لە (تناص) و لێکچوونی دەقێک لەگەڵ دەقێکی ترو شتی لەو بابەتە نییە، چونکە ئەوە بۆ خۆی مەسەلەیەکی ترە. ئەوەی کە من لێرەدا مەبەستمە بیخەمە ڕوو، ئەستەمبوونی گوتنی شتێکی نەگوتراوە، کە ڕەنگە زۆرجار سەرکێشی و سەرکەشی نووسەر لە گەڕان و کەشفکردندا، بیگەیەنێتە ئەوەی کە پەی بەو نەگوتراوانە ببات، بەڵام بەو پێیەی کە کردەی نووسین لەمیانەی وشە و دێڕو پەرەگرافەوە بەرجەستە دەبێت و دێتە بوون، بۆیە مەودای فەنتازیا و ئەتمۆسفێری دەق بەرتەسک دەبێتەوە و بە تەواوی لە دەقەکەدا ڕەنگ ناداتەوە.

ڕەنگە هەر ئەمەش بێت کە ببێتە هۆی ئەوەی کە پاش تەواو بوونی کردەی نووسین، ڕکت لە نووسینەکەی خۆت ببێتەوە، چونکە هەست دەکەیت ئەوەی کە ویستووتە بیڵێیت، نەتگوتووە. ئیدی هەردەم دەقی زیندوو، نووسەر لە بگرە و بەردە و کێشمە کێشدان و ئەگەر بشمانەوێت ڕۆمانێک بە نموونە بهێنینەوە، کە بە تەواوی

ئەو حاڵەتەی تێدا بەرجەستە بووبێت و نووسەری فڕێدابێتە دەرەوەی خۆی، ئەوە دەبێت ئاماژە بە ڕۆمانی «دۆن کیخۆتە»ی «میگوێل سێرڤانتێس» بدەم. کە هەر لە یەکەمین ساتەوەختی دەسپێکی ڕۆمانەکەوە، «دۆن کیخۆتە»ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، دەکەوێتە دژایەتیکردنی نووسەر و هەوڵی ڕەتدانەوە و سڕینەوەی دەدات. لەمەشدا سەرکەوتوو دەبێت و نووسەر دەخاتە دەرەوەی دەقەکەوە. هەر لە دەسپێکەوە دەکەوێتە ناونانی ئەسپەکەی و خۆشەویستەکەی و خزمەتکارەکەی و تاد..

لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا، «دۆن کیخۆتە» بە سانچۆی خزمەتکاری دەڵێت؛ ڕۆژێک دادێت کە پەیکەرمان بۆ بکرێت. پاش چەند سەدەیەک ئاواتەکەی دێتە دی و لە ئیسپانیا پەیکەریان بۆ دەکرێت.

گەرچی زەمەن لە ڕۆمانەکەدا، ئەو زەمەنەیە کە هەموو کەسانی نێو مەملەکەتەکەی «دۆن کیخۆتە»، وەک خۆی دەیبینن و هەر ئاواش مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، بەڵام (دۆن کیخۆتە) نایەوێت لەو زەمەنەدا بژی و بەو پێیەی کە بەفیعلی ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ زەمەنێکی بەسەرچوو، خەیاڵ بەهانایەوە دێت و فانتازیای ئەو زەمەنە دەخوڵقێنێت، کە خۆی مەبەستیەتی.

جا حاڵیبوون لەو ڕۆمانە چەند سەدەیەکی ویستووە، سەرەتا کە دەکرێتە ئینگلیزی و پاشان فەرەنسی، خوێنەرانی هەردوو زمانەکە، وەک دەقێکی کۆمیدی تێی دەڕوانن و پەی بە مەغزاو پەنهان و نهێنییەکانی نابەن. تێڕوانینی خوێنەران بەو چەشنە دەمێنێتەوە، تا دەکرێتە ئەڵمانی و ئەڵمانەکان یەکەمین میللەتێک دەبن، کە بە خوێندنەوەی دەست بکەن بە گریان.

خوێندنەوەی هاینە بۆ ڕۆمانەکە، کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر خوێنەرانی ئەڵمان و دواتر خوێنەرانی زمانەکانی دیکەش. جا دەبینین خوێندنەوەیەک چۆن دەتوانێت پەنهان و نهێنییەکانی دەقێک کەشف بکات و دەرگاکانی ئاوەڵا بکات. هەر ئەم ڕۆمانەشە، کە «میلان کۆندێرا» بە یەکەمین ڕۆمانی هاوچەرخی دەداتە قەڵەم.

**ڕامان:** دەکرێت ئاماژە بە دەقێکی کوردی بدەیت، کە توانیبێتی لەگۆشەنیگایەکی ناتەقلیدییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکاندا بکات؟

**یووسف عزەددین:** ڕەنگە باشترین نموونە ڕۆمانەکانی (ئیسماعیل حەمە ئەمین) بێت کە ڕووداو و بەسەرهاتە مێژووییەکان، پانتاییەکی بەرفراوانی دەقەکانی دەتەنێت و دەبێتە مایەی پرسیارکردنمان، چونکە هەمیشە دیوێکی تری شتەکانمان پیشان دەدات و بێ گرێ و گۆڵی زمان زۆر بە سانایی هاوکێشەی شتەکانمان لەبەرچاودا دەگۆڕێت و لە زۆر ساتەوەختدا تووشی سەرسامبوونمان دەکات. هەر بۆ نموونە ئەگەر خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ چیرۆکی (گوڵی مریەم)ی (توانا ئەمین)ی چیرۆکنووس کردوویەتی بەنموونە بهێنمەوە، ئەوە دەبینین لەپێشەکی بابەتەکەیدا، لەسەرنجدانی شەقامەکەوە دەکەوێتە گێڕانەوەی ماجەرای قەیسەری ئەڵمانی (ڤلهێمی دووەم) و هەموو شتە نامەئلووفەکانی ئەو کەسایەتییە دەخاتەڕوو، بەمەش تامەزرۆی خوێندنەوەی بابەتەکەت دەکات و وات لێدەکات کە تا دوا دێڕی بابەتەکە چاو هەڵنەگریت.

**نووسین بۆخۆی هەوڵدان و کەشفکردنە، زیاتر لەوەی داهێنان بێت**

**ڕامان:** لە چ کاتێکەوە سەری پریاسکەی چرکە ترسناک و ئاڵۆزەکان لەلایەکەوە و جوانی و پاکی یادەوەرییەکان لەلایەکی ترەوە، کرایەوە و توانرا لەمیانەی ڕۆمانەوە ڕاڤە بکرێت؟

**یووسف عزەددین:** ئاشکرایە کە مارسیل پرۆست و جیمس جۆیس هەردوو مەودای کات و شوێنیان هەڵوەشاندەوە و مەنەلۆگیان کردە دەربڕی نەست و بێ ئاگایی و...

بەڵام لێرەدا دەمەوێت ئاماژەیەک بە «ساموێل بیکێت» بدەم، وەک ڕۆماننووسێک، گەرچی لای خۆمان زیاتر باس لە دەقە شانۆییەکانی کراوە، چونکە ئەگەر یەکێک لە خاسیەتەکانی ڕۆمانی نوێ لەوەدا بێت کە ئیدراک دەخاتە دەرەوەی بونیادی دەقەوە، ئەوە ڕۆمانەکانی بیکێت لەم ڕووەوە ڕۆمانی ئیمەژنەیتیڤن. هەر بەمەش بیکێت هەنگاوێک دەچێتە پێش جیمس جۆیس-ەوە.. گەرچی بۆ خۆی زۆر بە کارەکانی جۆیس سەرسام بووە.

ڕۆمانی نوێ ئیش لەو دنیایەدا دەکات کە لەزەینماندایە و بەو پێیەش دەقێکی ئیماژی



**ئاسۆ جەبار، شیلان جەبار، یووسف عزەددین**

دەخوولّقێت. یەکەمین ڕۆمانی بیکیت، مورفی-یە، مورفی کاراکتەرێکی بێ کردارەو بۆ خۆی دەیەوێت هیچ بێت. پشتی کردۆتە دنیاو لەنێوەوەی خۆیدا دەژی و دنیای دەرەوە بە دوژمن دەزانێت.

مورفی ئۆبژێیەکی مرۆڤی هاوچەرخە، کە بە تەواوی هەڵوێستی پاسیفی بەرامبەر بە دنیا هەیە. جا هەر لە سەرەتاوە هەست بە تەنیایی مورفی دەکەیت. زۆربەی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکانی بیکیت ئەنتی میمەتیکن، بە سانایی ساردبوونەوە و هێوری و داخران، لە هەڵسوکەوتیاندا دەبینرێت. کە زۆر بە سۆفی و نیهلیست و بودی دەچن.

بیکیت لە دەقەکانیدا، دیتۆتالیزەشنی زەمەن دەکات و ڕایەڵەکانی تێک دەشکێنێت. لە ڕۆمانی «وات»دا، دەبینین «وات» کە کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە، ڕکی لە شەو و ڕۆژ دەبێتەوە، چونکە زەمەنی موتلەقن.

«وات» کاراکتەرێکە کە بەدرێژایی ژیانی، نە هیچ سیمگەیەکی هەبووە و نە خاوەنی هیچ بیرو تەرح و بۆچوونێکە. شاعیری ئەرژەنتینی «ڕۆبێرتۆ ژارۆز»، دنیا بەیەکەمین تێرم دادەنێت، بەڵام کاراکتەرەکانی بیکیت دنیایان پێ یەکەمین تێرم نییە و نە لەم دنیا و نە لەو دنیاشدا ڕزگاربوون نابیننەوە. تەنیا کارێکیان چاوەڕوانییە.

**ڕامان:** بەڵام هەست ناکەیت، زۆربەی کاراکتەرەکانی بیکیت لە قاڵب دراون؛ ئەمە جگە لەوەی کە وێکچوو و هاوشێوەن؟

**یووسف عزەددین:** ڕاستە... زۆربەیان ستیرۆتیپیکن، کەمێک لە کاراکتەرەکانی ستیرۆسکۆپیکن، تەنانەت زۆرێک لەناوەکانیشیان، بە هەمان پیت دەست پێدەکات، وەک مورفی و مۆلۆی و مالسۆن و مەرسیەرو...

**ڕامان:** دەکرێت لێکچوونێک لەنێوان کاراکتەرەکانی کافکا و بیکیت-دا ببینینەوە، تەنانەت لە ڕووی فەزا و ئەتمۆسفێریشەوە؟

**یووسف عزەددین:** پێم وانییە لێکچوونێکی وا بەرچاو هەبێت. نەخێر فەزا و ئەتمۆسفێری دەقەکانی کافکا، زۆر جودا و جیاوازن لەوەی بیکیت. ئەگەر بڕوانینە مەسخ-ەکەی، دەبینین لەمیانەی فیگورێکی نائاساییەوە،دەمانباتە نێو دنیای ڕۆمانەکەوە. هەر لەسەرەتاشەوە دەزانین، کە «گریگۆری سامسا» بۆتە قالۆنچە و مەسخ بووە. ئیتر پاش ئەو گۆڕانە، پێوەندی ئاسایی و ڕۆژانەی گریگۆری سامسا، بە دەوروبەرەکەیەوە دەگۆڕێت و دەبێتە پێوەندییەکی نائاسایی، چونکە ئەو لە دنیای هاوشێوە و لکێچووی ئەوان هاتۆتە دەرێ و بۆتە شتێکی دی.

کاراکتەرەکانی کافکا پرسیاریان نییە، لە کاتێکدا کاراکتەرەکانی بیکیت پرسیاریان هەیە. هەر بۆ نموونە لە ڕۆمانی ناو لێنەنراوەکان-دا «پۆزۆ» دەڵێت: (تەنیا ڕۆژێک بۆ ئێوە بەس نییە، لە ڕۆژێکدا لە دایک بووین و هەر لە ڕۆژێکیشدا دەمرین، تەنیا ڕۆژێک بەشتان ناکات).

**ڕامان:** وەک دیاردەیەک، زۆرجار لە میدیا جیهانییەکانەوە نووسەرێک زیاد لە پێویست گەورە دەکرێت و جۆرێک لە هالەی بۆ دروست دەکرێت. دەیان چاوپێکەوتن و ڕیپۆرتاژی لەگەڵ ساز دەدرێت، بەمەش خوێنەرێکی زۆری بۆ پەیدادەبێ و کتێبەکانی سەدان هەزار دانەی لێ دەفرۆشرێت. هەر بۆ نموونە «دان براون» یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی کە زۆر پرۆگرامی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە، بێجگە لە دەیان وتار و لێکۆڵینەوە کە سەبارەت بە نووسینەکانی نووسراون، بە تایبەت پاش ئەوەی ڕۆمانی «کۆدی داڤینچی» بڵاوکردەوە. ئێوە ئەم دیاردەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن. بە تایبەت وەک دەبینن، کاریگەری لەسەر نێوەندی ئەدەبی لای خۆشمانەوە هەیە. هەر لە دەست و برد کردن لە گۆڕینی ئەو جۆرە بابەتانە و پەرۆشی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی و... ئیدی شتێک لە عەرز و تەڵەب لە مەسەلەکەدا هەیە؟

**یووسف عەزەددین:** لە ڕاستیدا هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێدا، ئێمە لە زەمەنێکدا دەژین، کە دنیا بە تەواوی بۆتە مۆزایکێکی (میکرۆڤیزۆنی) و میدیاتیک. ئەگەر پێش ئەم زەمەنە، کەسی یەکەم بووبێتین، ئەوە لە ئێستادا بووینەتە کەسی سێیەم. ڕیکلام و پروپاگەندە، نەخشەی ژیانیان لەبەرچاودا گۆڕیوین و دەستەمۆی قبووڵکردنیان کردووین، قبووڵکردنی هەر شتێک، کە باشترین ڕیکلامی بۆ بکرێت.

**ئەگەر ژیان بۆخۆی شتێکی کامڵ بێت، ئەوە خۆشویستنی ئەستەمە، لە کاتێکدا مەرگ بۆخۆی شتێکی کامڵە، هەر بۆیە ڕکمان لێی دەبێتەوە**

ئەوەی کە بۆ ئەو جۆرە نووسەرانەش دەکرێت، بەشێکە لەو ڕیکلامە میدیاتیکییەی، کە توانای بڕیاردانمان تێدا ناهێڵێت و لە نێوەوە تێکمان دەشکێنێت. ئیدی ئەمە چەشنێکە لە پۆپولار کردنی نووسەرانێک کە بۆ خۆیان مەبەستیانە، هەروەک پۆپولارکردنی سەلمان ڕوشدی و دان براون و سەپاندنی دەقەکانیان بەسەر خوێنەردا.

«کۆدی داڤینچی» دەرهاوێشتەی کێشمەکێشی دەمێک ساڵ و دێرینی نێو خودی تەریقەت و مەزهەبەکانی مەسیحیەتە. لە ئانوساتێکدا بەو ڕۆمانە، فاتیکان تەنگەتاو کراو قودسیەتی وەک مەرجەعێکی کاسۆلیکی خرایە ژێر پرسیارەوە.

ئەمە جگە لەوەی، کە بووە مایەی ئەوەی کە کۆمپانیاکانی گەشتوگوزار، ڕۆژانە سەدان توریست لە شوێنە جیاجیاکانی دنیاوە بگەیەننە ئەو شوێن و جێگایانەی کە لە ڕۆمانەکەدا ناویان هاتووە.

جا لێرەدا پێم باشە، نموونەیەکی پێچەوانەی ئەوەی «دان براون» بهێنمەوە. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ یەکێک لە گۆرانیبێژە ناسراوەکانی پۆپ-دا کە بە کلیپێکی ببووە هۆکاری فرۆشتنی سەدان هەزار دانەی ڕۆمانێکی «سالنجەر». کە لێیان پرسی ئایا ئەمەت بە پرسی نووسەرەکە کردووە و مەبەستت ڕیکلام کردن بووە بۆ کتێبەکە؟ لە وەڵامدا گوتی، تەنیا لەبەر ئەوەی شەیدای دنیای «سالنجەر»م، دەستم دایە ئەو کارە و خۆشحاڵم کە بوومەتە مایەی فرۆشتنی سەدان هەزار نوسخەی ڕۆمانەکەی، گەرچی دەزانم بۆخۆی ئاگادار نییە و ئەگەر ئاگاداریش بێت پێی گرنگ نییە.

جا سەیر لەوەدایە، «سالنجەر»، ڕەنگە تەنیا نووسەرێک بێت لە دنیادا، کە هیچ چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هیچ کەناڵێکی میدیادا نەکردووە و تێکەڵی کەس نابێت و بە تەنیا دەژی.

تا ئەو ڕادەیەی کە هەموو ئەوانەی شەیدای دنیا ئەدەبییەکەی ئەون. یانەیەکیان بەناوی هەوادارانی «سالنجەر»ەوە پێکهێناوە. ناو بەناو کۆبوونەوە سازدەدەن و سەبارەت بەدنیای ئەدەبی «سالنجەر» قسە و باس دەکەن و هەموو هیوا و ئاواتێکیشیان ئەوەیە، کە وەڵامی نامەیەکیان بداتەوە، یان لەنزیکەوە ببینن و لەگەڵی بدوێن.

**ڕامان:** پێتان وایە ئۆرهان پاموک-یش، وەک دان براون، ڕۆمانەکانی سەرپێی بن و بابەتگەلێکی جدی نەبن. تەنیا بە مەبەستێک ئەو هالەیەی بۆ دروستکرابێت، تا ئەو ڕادەیەی خەڵاتی نۆبڵیشی پێدرا، لەکاتێکدا کە دەبوو ئەو خەڵاتە بە نووسەرێکی بەتوانای وەک یەشار کەمال بدرێت؟

**یووسف عەزەددین:** جا گرفتەکە لەوەدایە، بەبێ خوێندنەوەی سەرجەم بابەتەکانی ئۆرهان پاموک- و زانیارییەکی ئەوتۆ لە بارەیەوە، کاتێکمان زانی پانتاییەکی بەرفراوانی نێو دنیای میدیاتیکی ئێمەی تەنی و تەنانەت وەک لە چەند شوێنێکدا کەوتە بەرچاوم بە دۆستی کورد و شتی لەو بابەتە ناودێرکرابوو. لەکاتێکدا ئەو زاتە تەنیا لە میانەی چاوپێکەوتنێکەوە ئاماژەی بە قەتڵوعامکردنی یەک ملیۆن ئەرمەنی و سی هەزار کورد دابوو، کە ئەویش دواتر لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا لێی پاشگەز بۆوە و تەنانەت نکوڵی لەوەشکرد کە قسەیەکی لەو جۆرەی کردبێت، ڕۆژنامە ئەوروپییەکانی بەوە تاوانبار کرد، کە شتێکیان داوەتە پاڵی، کە ئەم نەیگوتووە.

بەڵام دەکرێت پاش وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ جارێکی تر هەمان گوتەی پێشووی خۆی ڕاشکاوانە دووبارە بکاتەوە، چونکە هەر لە میانەی گوتنی ئەو دێڕە سیحرییەوە، خەڵاتەکەی بەدەستهێنا.

**ڕامان:** باشە ئەگەر یەشار کەمال ئەو دێڕە سیحرییەی بگوتایە، پێت وایە خەڵاتی نۆبڵی پێ ببەخشرایە؟

**یووسف عـــزەددین:** بەڵام وەک ئاگـادارن، یەشـار کـەمال-یش ساڵانێک لەمەوپێش، لەسەر وروژاندنی مەسـەلەیەکی لەو چەشنە، تووشی دەیان بگرە و بەردە و ئەزیەت و چەرمەسەری بوو.

دیارە مـەسـەلەکە هەر ئەوەندە نیـیە، چونکە بەرواری ڕاگەیاندنی پێدانی خەڵاتەکە بە پاموک، هاوکات بوو لەگەڵ دەرچوونی ئەو یاسایەی فەرەنسا، کە تایبەتە بە سـزادانی هەرکـەسـێک، کـە پێی وابێت، یان بڵـێت ئەرمەنییەکان بەدەستی تورکەکان جینۆساید نەکراون، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین باسی کورد نەکراوە.

جـا بۆیە بەراوردکـردنی یەشـار کـەمـال و ئۆرهان پامـووک، ڕەنگە زۆر شـیـاو و لەبار نەبێت، چونکە جـدییـەتی ئیـشـەکـانی یەشـار کـەمـال و سـەلیـقـە و ئەزمـوونی، بەوەی پامـووک بەراورد ناکـرێت، پامووک-یش بۆ خۆی دان بەوەدا دەنێت کە یەشارکەمال لەو بە ئەزموونتر و بەتواناترە.

**ڕامان:** جیاوازی ڕۆمانی «بەفر»ی ئۆرهان پامووک- و ڕۆمـانەکـانی دیکەی چییـە.. بەتایبـەت وەک دەزانین، ڕۆمـانی «بەفـر» بوو کـە بووە مـایەی وەرگـرتنی خـەڵاتی نۆبڵ؟

**یووسف عـــزەددین:** ڕۆمـانی «بەفـر» مـاهیـیـەتێکی سیـاسی هەیە و زیاتر مەبەستی وروژاندنی کۆمـەڵێک پرسیاری سیاسییە، جا سەبارەت بە ڕۆمانەکە، پامووک بۆخۆی دەڵێت یەکەمین و دوایەمین ڕۆمانی سیاسیمە و جـارێکی تریش ئیـشی وا ناکـەم. کـە ڕۆمـانەکـە دەخوێنیتەوە وا هەست دەکەیت، بە زۆر پێیان نووسیوە. پاڵەوانی ڕۆمانەکە شاعیرێکە لە مەنفا گەڕاوەتەوە و وەک ڕۆژنامەنووسێک گەشتێک بۆ «قارس» دەکات و مەبەستـیـەتی لەخۆکوشتنی ئەو کچانە بکۆڵێتەوە، کە لەبەر ئەوەی ڕێیان پێنادرێت بە لەچکەوە بچنە قوتابخانە و زانکۆ، خۆیان دەکوژن.

جـا کـە دەیخـوێنیـتـەوە وا هەست دەکـەیت ڕیپـۆرتاژە ڕۆمـانێک دەخوێنیتەوە، چونکە بەو شێوازە نووسراوە و زۆر بە خـێـرایی بەندو بەش و دیمەنەکـانی دەگـۆڕێت، بەشـێوەیەک کـە خوێنەر بێزار دەبێت، هیچ گـرنگییـەکی بەدنیـای ناوەوەی ڕۆمانەکە نەداوە، تەنیا مـەبەسـتێکی نووسـەر جـێکردنەوەی زۆرترین بەسـەرهات و هەواڵی سیـاسی ڕۆژانەیە. ئیـدی چەندان حەکـایەتی لابەلاشی تێـدەترنجـێنێ، هەر بۆ نموونە لە بەشـێکی ڕۆمـانەکـەدا دەست دەکـات بە گـێـڕانەوەی بەسـەرهاتی ڕۆسـتـەم و سوهراب، دەقاودەقی ئەوەی کە لە شانامەی فیردەوسیدا هاتووە، وەک خۆی دەینووسێـتەوە. جـا نامـەوێت لەوە زیاتری لەسـەر بڕۆم؛ زیاتر باس لە چوونە پێـشی پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانی تورکیا و کاریگەرییان لەسەر خەڵک و باسکردنی مێژووی شاری قارس؛ کە بە بڕوای نووسـەر شارێکی کـۆنی ئەرمەنییـەکـانە، یەکـێک لەو شتانەی کە سەرنجی ڕاکێشام، پاڵەوانی ڕۆمانەکە کە بە «کا» ناوی دەبات. لە کاتێکدا لە یەکێک لە ئوتێلەکانی نێو شاری قارس-دا، لەگەڵ کۆمەڵێک دۆست و برادەردا دانیشـتـووە وسەرنجی ئافرەتێکی چێشـتلێنەر دەدات، نووسـەر لە خسـتنەڕووی مـاهیـەتی کـەسایەتییـەکە و ناساندنی بەخوێنەر دەڵێت؛ ژنە چێشـتلێنەرەکە کوردە.. هەروەک ئەوەی لەبیـری چووبێـتـەوە، هەمـوو ئەو کەسایەتیانەی کـە خـەڵکی قـارس- ن هەر لە سـەرەتای ڕۆمـانەکـەیەوە ئامـاژەیان بۆ دەکـات و لەگـەڵیـاندا هەڵسوکەوت دەکات، کوردن.

ڕاستییەکەی هیچ مەودایەکی فانتازی و ئیستێتیکی لە ڕۆمانەکەدا بەرچاو ناکەوێت تا ببێتە مایەی قسە و باسـمـان. ئاشکرایە بۆ بەدەسـتـهێنانی خـەڵاتی نۆبڵ نووسـراوە و وەک خـۆشی دەڵێت جـارێکی تر شـتی وا نانووسێت.

لەکـاتێکدا ڕۆمـانی «ناوی من سوورە»ی نووسـەر، بە تەواوی لە ڕۆمـانی «بەفـر» جیـاوازە و ئەگـەر هەردوو کـتێـبەکە ناوی یەک کـەسی لەسەر نەبووایە، ڕەنگە بە ئاسـانی کـەس باوەڕی نەکـردایە، کـە هەردوو ڕۆمـانەکـە یەک کەس نووسیویەتی.

**ڕامان:** پێت وایە ئەگەر خەڵاتی نۆبڵ، بە یەشار کەمال بدرایە، ئێسـتا قسە و باسەکەمان بەجۆرێکی تر دەبوو؟ ئەمە بێجگە لەوەی کە بێگومان دەبووە خۆشحاڵبوونی خوێنەرانی کورد و تەنانەت زێدەتر دۆزی کـوردی بە دنیا ئاشنا دەکرد؟

**یووسف عـــزەددین:** سـەرەتا دەبێت ئەوە بڵـێین کـە مەسەلەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ خۆی شتێکی ترە و قسە زۆر هەڵدەگـرێت، سـارتر پاش ڕەفزکردنی خـەڵاتی نـۆبڵ، لە نامەیەکدا زۆر ڕاستی سەبارەت بەو مەسەلەیە خستۆتە ڕوو. ئەو خـەڵاتانەی یەشـار کـەمـال-یش تا ئێـسـتـا

بەدەستی هێناون، لە ئاست بەجیهانیبوونی شاکارەکانیدا شتێکی کەم نییە. ڕەنگە بەدەر لەماهیەتی خەڵات کە پێم وایە نووسەری جدی، بەبێ ئەوەش هەر دەخوێنرێتەوە و پێــویســتی پێ نییــە، بەڵام بێگومــان ناسـرانی هەر نووسـەرێکی کـورد لە ئاسـتـێکی جـیـهـانیـدا مـایەی بەختەوەریمانە.

**رامـــان:** بێرکلی دنیا نەفی دەکاتەوە، تا زاتی خۆی فراوانتر بکات. شۆپنهاوەریش هەموو دنیا دەگرێتە خۆی تا لەوەی کە هەیە؛ مەزنتر خۆی نیشانبدات. ئەی دەبێت دنیا نەفی کردنەوەی چیرۆکنووسێکی وەک بۆرخیس، بە چ مەبەستێک بێت و بەڕای ئێوە، لەمابەینی بێرکلی و شۆپنهاوەر-دا لەکوێدا ڕادەوەستێت و زیاتر لەکامـیـان نزیکترە؟

**یووسف عـــزەددین:** بۆرخـیس نایەوێت لەمـیــانەی تێزەکانی ئەوانەوە خۆی بسەپێنێت. ئاشکرایە بێرکلی و شۆپنهاوەر کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر بۆرخیس هەبووە. لای بێرکلی هەموو شتێک دەبێتە ئیدراک، واتە ئەو شـتـە ئەوەندە بوونی هەیە کـە هەسـتـەکـانمان پەی پێدەبات. نەفی کردنەوەی دنیا لەلایەن بێرکلی-یەوە بە واتای تێکشکاندنی ئەو سنوورانە دێت، کـــە ڕێگری فـراوانبـوونی خـودن، چونکە تۆ ئەگـەر دنیـایەک نەفی نەکەیتەوە، کە کات و شوێن سنووررداری دەکەن. ناتوانی ڕۆحی خۆت بە ڕەهایی و خودی خۆت بەفراوانی ببینیت، بەڵام شۆپنهـاوەر بە پێـچەوانەوە هەمـوو دنیـا دەگـرێتـە خۆی، تا ئیگۆی بگاتە بەرزترین ئاست و بڵند بێت کە لە سوپەر ئیگۆکەی نیتشەدا، ئەو تێزەی شـۆپنهـاوەر بە تەواوی کـامڵ دەبێت، بەڵام بۆرخـیس بە پێـچـەوانەوە، گەرچی نکوڵی لە کاریگەری ئەوان ناکرێت بەسەریەوە، بەڵام بۆ خـۆی ونبـوون هەڵدەبژێرێت و ئیـدی لەخـودی خۆیەوە دەمانبـاتە سـەر خودێکی تر و لەو خودەشـەوە بۆ یەکـــێکی دی، دواتر خــۆیمان لێ ون دەبێت، بەمـــەش دەمـانبـاتە نێو دنیـای بێهـوودەیی و بێمـانایی شـتـەکان. هەموو ئەمانەش لەمیانەی بەخەونکردنی چیرۆکەکانییەوە دەگـەیەنێــتــە ئێـمـــە، چونکە لای ئەو خـــودی ئەدەب خەونێکی ئاراستەکراوە.

**رامـان:** بۆرخیس لە چاوپێکەوتنێکدا کە لێی دەپرسن هۆکـاری بوونی ئەو هەمـوو چەقـۆ و خـەنجـەرانەی نێـو چیرۆکەکانت چییە، لە وەڵامدا دەڵێت؛ ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کـە بۆ خـۆم کـەسـێکی ترسنۆکم. ئایا بەڕای ئێـوە نووســەر زیاتر ئەو بابەتانە بە زۆری لە دەقــەکــانیــدا بەرجەستە دەکات کە بە فیعلی مومارەسەی نەکردوون و لەدنیای ڕاستەقینەی ئەوەوە دوورن؟

**یووسف عـــزەددین:** ڕەنگە مـەبەسـتی لە «ترسنۆکی»، ئەو مانا سەرزارەکییە نەگەیەنێت کە ئێمە فامی دەکەین. ناشکرێت شـەڕە چەقـۆ و چەقـۆ وەشـاندنیش بە ئازایەتی دابنرێت. وەک خۆی باسی خۆی دەکات کەسێکە باوەڕی بە خـوڕافـات هەیە و دەسـپـێکی چیـرۆکنووسـینیـشی دەباتەوە بۆ ڕێکەوتێک.

وشەیەکی زیادە لەچیرۆکەکانیدا نابینیتەوە، بەو پێیەی کە مەبەستی نییـە سەرسامان بکات، زۆر بە سانایی و بەبێ زۆر لەخـۆکـردن سـەردی چیـرۆکـەکـانی دەکـات، هەروەک ئەوەی لە ڕاستیدا ڕوویاندابێت و لەچاوەڕێبوون و گومـاندا جێمـان دێڵێت و نامانگەیەنێتە یەقین. گومان لای بۆرخیس دەرئەنجامێکی فیکری و مەعریفییە، لەبری ئەوەی هۆکارێکی تەکنیکی بێت.

**رامان:** ئاماژەت بەوەدا کە وشەیەکی زیادە لە دەقەکانی بۆرخیس-دا نابینرێتەوە؛ مـەبەسـتـان چییـە؟ ئێـوە وەک خۆتان، تەوزیفی وشە لە ڕۆمان و چیرۆکدا چۆن دەبینن و چەند لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی شیعریدان؟



**یووسف عـــزەددین:** ئەگـەر بگەڕێینەوە بۆ ئینجیلی یۆحەننا، دەبینین وشە یەکەمین تێرمە و تەنیایش دەبێتە دووەمین تێـرم. جـا ئەو دنیـایەی کـە چیـرۆکنووس و ڕۆماننووس بۆ خولّقاندنی تێکستێک کاری تێدا دەکەن، کەرستـەکـەی وشـەیە و تەنیـا بە وشـەش دەتوانن وێنای بکەن و گـوزارشت لە هەمـوو مـاجەراکـانی نێوی بکەن. بێجگە لە وشە هیچ کەرستـەیەکی دیکەت بەدەستـەوە نییە، هەموو ئەو بونیادەی کە دروستی دەکەیت، بە وشە هەڵدەچنرێت.

بۆرخیس باس لەوە دەکات، کە پاش تەواوکـردنی هەر چیـرۆکـێکی بەمەبەستی بژار کردن و لابردنی زۆرێک لە وشە زیادەکانی نێوی.. پێیدا دەچێتەوە، هێندەی پێشی بکرێت سادەی دەکاتەوە، هەر وەک بۆ خۆی ئاماژە بەوە دەدات، کـە هێندەی پێی بکرێت بە سـادەترین شـێـوە چیـرۆکـەکـانی دەنووسێت، ئینجـا ئەمـە جگە لەوەی کـە لەمــرۆدا تەنیـایی بۆتە یەکـەمین تێـرم و وشـەش بۆتە دووەمین تێـرم، بۆیە کـاری وشــە بۆتە وێناکـردنی ئەو تەنیاییە ئەزەلییە و ئەبەدییەی مرۆڤ. هەربۆیە لەخۆڕا بۆرخیس نـاڵێت؛ «بۆ خۆم و هاوڕێکانم و کـەمکردنەوەی قـورسایی زەمەن دەنووسم». کە هـەر هەمـوو بابەتەکـانی لەمــەداری تەنیـابوونی ئێــمــە و ئەوان و شـتـەکـاندا هەڵدەسووڕێت.

سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانی شیعریش لە نووسینی چیـرۆک و ڕۆمـانـدا، ئەوە دەبینین بۆرخـیس، شـیـعـر بەزمانی شیعر دەنووسێت و چیرۆکیش بەزمانی خۆی. کە زیـاتر چیــرۆکــەکــانی نێــوەندێکن لەمــابەینی وتـارو حـەکـایەتدا و زمـانێکی سـەردی بەکـاردەهێنێت. ڕەنگە زۆرجار بەکارهێنانی زمانی شیعریی بابەتەکە بمرێنێت و گـوڕوتینی نەهێـڵـێت، چونکە ژانرێکی دیکەی ئەدەبی دێتــە نـاوەوە و تـا پێی بکرێت هەست و ســۆزمــان دەبزوێنێت. لەکـاتێکدا چیــرۆک و ڕۆمــان دەبێت بەشێـوازێکی تر و بەزمـانێکی تایبـەت بەخـۆیان تێکەڵ بەدنیای خوێنەر بن، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەیەکی داستان ئامـێـزەوە بڕوانینە چیـرۆک و ڕۆمـان، ئەوکـاتە دەکـرێت زمـانی شـیـعـری بۆ بەکـاربهـێنین، بەڵام ڕەنگە ئەو دەمـە وەک ژانرێکی ئەدەبی تایبـەت ماهیـیـەتی خـۆی لەدەست بدات و ببێتە شتێکی دی. چیرۆک هەر لە پۆکاشیۆ-وە تا ئێستا و ڕۆمـانیش هەر لەسێرڤانتێس-وە تا لویس کارۆڵ و هێرمان میلڤڵ و کارسۆن مێککولێرس و مەنیس کۆمەندەرێس. هێڵـێکی سەرەکی تێدا دەبینیتـەوە، کە بەشـێکە لە پێکهـاتەی سـەرەکی ڕۆمـان و لەسـیناریۆ و ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە جیادەبێتەوە.

**ڕامـــــــان:** ڕۆمـانـەکـانی «بەخـتـیـار عـەلی» چۆن هەڵدەسـەنگێنیت و پێت وانیـیـە زمـانی شـیـعـریی لە ڕۆمانەکانیدا زاڵ بێت؟

**یووسف عـــزەددین:** ئەو فـانتازیا و ئەتمۆسفێرەی کە ڕۆمـانێک دەیخـولّقـێنێت، بۆ ئەوەیە کـە جـارێکی دی بڕوانینە خۆمـان و پرسیار لە شوناسنامەی خۆمان بکەین. جارێکی تر هەوڵی فێربوونی هەموو ئەو شتانە بدەین، کە پێــمــان وایە دەیزانین. ئیـدی دەسـەڵاتی ڕۆمـاننووس لەمـیـانەی فـانتـازیاوە، وەک مـیکانیـزمـەیەک وەگـەڕ دەخرێت و هەر لەوەشەوە نووسەر دەبێتە کەسێکی تر و ڕەنگێکی جیاش لەخۆ دەگرێت؛ کـە ناکرێت بەئاسایی بڕوانێتــە هەمـوو ئەو شـتـانەی، کـە کـەسـانێکی تر بە ئاسایی دێتە پێش چاویان. ئیشی ئەو کەشفکردنی دیوە نادیارەکان و خستنەڕووی ماجەرای ژیانی ئەوکەسانەیە، کە بۆخۆیان ناتوانن بدوێن و گوزارشت لەخۆیان بکەن.

سەبارەت بە ڕۆمانەکانی (بەختیـار عـەلی)یش هەر لە (مــەرگی تـاقــانەی دووەم) و (ئێــوارەی پەروانە) و (دواهەمین هەناری دونیـا)وە، تا (شـاری مـۆسـیـقـارە سپـیـیـەکان)، پێم وایە ڕۆمانگەلێکی تا بڵێی جوان و جدین، هەریەکەی فانتازیا و ئەتمۆسفێری تایبەت بە خۆی هەیە کـە بێگومـان سنووری مـەئلووف و تـەقلیـدی تێپـەڕ کردووە. هەروەک چۆن ڕۆماننووسـە مـەغـریبیـیـەکانی ئەم چەند سـاڵەی دوایی توانیـان بە چەشنێکی جیـاو جـودا لەوەی کە لەدنیـای ڕۆماندا کاری لەسەر کراوە، شتێکی نوێ بنووسن و بە تەواوی لەوە نەچێت کـە سـاڵانێکە لە ئەدەبی جیهانیدا بۆتە ستاندارت و کاری لەسەر کراوە.

پێم وایە (بەختیار عەلی)ش لە دنیای ڕۆماندا کەشف و خــوێندنەوەی نوێی هەیە، تەنانەت لە لێکۆڵـینەوە و لێتـوێژینەوەکانیشـدا ئەو ڕاستـیـیە دەبینرێتـەوە. کە هەر لەسـەرەتاوە ئەو و هاوڕێکانی تەوژمـێکی نوێ و جـدی بوون و دەکرێت لەمیانەی خوێندنەوەی بابەتەکانیانەوە بە چەشنێکی دیکە بڕوانینە دنیا.

هەربۆیە سـەرجـەم دەق و بابەتـە جـدییـەکـانی (ڕێبین ئەحمەد هەردی، مەریوان وریا قـانیـع، ڕێبـوار سیـوەیلی)

ئاسۆیەکی نوێی لەبەردەم خوێنەردا والآکرد و نەوەیەکی فێری پرسیارکردن کرد.

**رامان:** بۆ دەبێت خەون وەک دنیایەکی پەنهان و نهێنی، پانتاییەکی بەفراوانی دەقەکانتی داگیرکردبێت، کە ئەمە چ لە چیرۆکەکانتدا و چ لە ڕۆمانی (دیوێکی دیکەی، حەکایەتە نەنووسراوەکان)دا دەبینرێتەوە؟

**یووسف عزەددین:** خەون بەنێوەندێک دەشوبهێنرێت کە دەکەوێتە مابەینی ژیان و مەرگەوە، چونکە تۆ لە ڕێگەی خەونەوە، دەکرێت بەشێک بیت لەژیان و خۆت وەک زیندوویەک بێتە بەرچاو و لەدنیای خەوندا هەوڵی بەجێ گەیاندنی کردەی زیندەگییەکانی خۆت بدەیت و دەیان شت لات ببێتە سیمگە و سیمبۆل و بەچەشن و شێوەیەکی دی هەموو ئەو شتانە ببینیت، کە لەواقیعدا بینیوتن. یان دەکرێت لە ڕێگەی خەونەوە وەک مردوویەک سەفەر بەنێو دنیای مردوواندا بکەیت، لەوێدا دەتوانیت لەگەڵ هاوڕێ وخزم و کەسە مردووەکانی خۆتدا بدوێیت و پێکەوە هەموو ئەو شتانە باس بکەن، کە لە ڕاستیدا باستان نەکردووە. بەڵێ لەدنیای خەوندا هەموو شتێک دەکرێت و دەشێت. ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کە بەخێرایی هەموو ئەو شتانەی پێشتر بینیومانە لەبەرچاوماندا ون دەبن و نامێنن. شوێنەوار و خانوو و پرد و شوێنە دێرینەکان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەڕوخێنرێن و نامێنن. ڕەنگە لە جێگەی ئەواندا شتێکی دیکە دروست بکرێت، کە لەگەڵ جۆری بیناسازی ئەمڕۆدا بگونجێت. شتێک کە تەنیا دنیای پێ پڕ دەکرێتەوە و زۆر دوورە لە ئیستێتیکا و جوانی، شتێک کە دەرگای بۆشاییەکانی لە ڕوو دادەخات. لەکاتێکدا هەموو تەرز و چەشنێکی بیناو شوێنەوارە دێرینەکان دەروازەیەکی کراوە بوون بۆ سەر بۆشاییەکان، ئەو بۆشاییانەی کەدەیان میتا پرسیاریان لە زەین و هۆشی ئینساندا دەورووژاند.

هەروەک پۆنتالیس دەڵێت: «ئەگەر لەبەر بینینی هەموو ئەو شتانە نەبووایە کە لە دنیادا ون دەبن و نامێنن، ڕەنگە خەون بینین ئەستەم ببایە». هەربۆیە هێشتاکە خەون بینین نەبۆتە ئەستەم، چونکە بەردەوام شتێک لەبەرچاواندا ون دەبێت و نامێنێت.

جا هەر خەونیشە کە بە هەشتمان لادەکاتە یەقین، بۆیە لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە حاڵەتێکی سەیر بدەم، کە بۆ خۆم ئاگاداری بووم.. بە ڕێکەوت لە پایزی یەکێک لە



ساڵەکاندا، کە مێژووەکەیم لە ئێستادا لە یاد نەماوە، چوومە سەردانی ماڵە خزمێکی دێرینمان، کاتێکم زانی هەر هەموویان لە ژوورێکدا کۆبوونەتەوە و چاوەڕێی مەرگی داپیرەیان دەکەن، تادواتر لەوە حاڵی بووم، کە دەمێکە ئاوا ڕاکشاوە و نە ئەوەیە بمرێت و نە ئەوەشە ڕابێ و زیندوو بێتەوە. ماوەیەکی دوور و درێژ هەر بەو شێوەیە مایەوە، تا لەناکاو چاوی هەڵێنا و گوتی؛ گوڵەکانی بە هەشت دەبینم. هەر پاش ئەوەی کە هێندەی گوت، گیانی دا و مرد. ڕەنگە لەبەر بینینی ئەو خەونە، لەم دنیایەدا و لەسەرە مەرگدا هێندە درێژەی بەمانەوەی خۆی دابێت، چونکە بەو خەونە گەیشتە ئەو یەقینەی کە دەچێتە بەهەشتەوە.. ئیدی هەر ئەوە بوو، ترسی نەماو مرد، بۆیە تا دوا ساتەکانی ژیانیشمان خەون لێمان جیانابێتەوە و جیابوونەوەشی بەمانای مەرگمان دێت.

ئاشکراشە مامەڵەی نووسەران لەگەڵ خەوندا لێکتر جیاو جودان و تەوزیف کردنیشی پابەندە بە دنیابینی و تێڕوانینی نووسەرەوە. هەر بۆ نموونە تەوزیف کردنی خەون لە ڕۆمانەکانی میلان کۆندێرا-دا، بەو چەشنە نییە کە کافکا مامەڵە لەگەڵ خەوندا دەکات. ئیدی هەر نووسەرەی لە دنیای خۆیەوە تێی دەڕوانێت و لە دەقێکدا بەرجەستەی دەکات.

بەو پێیەی کە بۆرخیس-یش ئاماژەی پێدەدات، دەبێت چۆن واقیع قبووڵ دەکەین، ئاواش خەون قبووڵ بکەین.

**رامان:** لە نووسیندا پەیڕەوی چ جۆرە دیسپلینێک دەکەن، تابتوانن ئەوەی کە دەتانەوێت، بیڵێن و بیخەنە ڕوو؟

**یووسف عزەددین:** نووسین لەیەقین و لۆژیکەوە دەست پێناکات، لێرەدا مەبەستم لە نووسینی ڕۆمان و چیرۆکە،

بەڵکو سەرەتا ئەوەی کە دەتەوێت بینووسیت، وەک خەیاڵ و خەونێک بەشێکی، یان سەرتاپای زەینت دەتەنێ، ڕەنگە لە دەسپێکدا تەواو ڕوون نەبێت.. ڕاستییەکەی کردەی نووسین، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و ڕێ و ڕێچکەیەکی سەقامگیری نییە، چونکە یەقین و لۆژیک و زانینی پێش وەخت، دەقێکی مردووی لێدەکەوێتەوە. تۆ ناچاری بەگومانەوە بڕوانیتە هەموو ئەو موفرەدات و شتانەی پێشتر دەیانناسیت و پێیان ئاشنایت. دەبێت تەقلیدی بەکارهێنانی لەپێشتری تێکبشکێنیت و هەوڵبدەیت، دیوێک و ڕوویەکی دیکەی ببینیت.

جا سەبارەت بە دیسپلینیش، لەگەڵ ئەو ڕایەی بیکیت-دا کۆک و تەبام، کە دەڵێت؛ ئەگەر لەنووسیندا دیسپلین ڕەچاو بکەم ئەوە دەبمە پسپۆڕی ماتماتیک.

**ڕامان:** نووسەر لە چ ساتەوەختێکی نووسیندا، یادەوەرییە نۆستالژییەکان لەبەرچاویدا ڕوون دەبنەوە و ناچاری دەکەن کە بەدەر لە ئیرادەی خۆی تێکەڵی نووسینەکەی بکات؟

**یووسف عزەددین:** یادەوەرییە نۆستالژییەکان زیاتر پەیوەستە بە قۆناغێکی ژیانمانەوە، کە ناتوانین لە زەینماندا بیسڕینەوە و لێی دوور بکەوینەوە، ڕەنگە لەنێو جەنجاڵی ژیاندا بۆ تاوێک لەبیرمان بچێتەوە، بەڵام لەهەر ئان و ساتێکدا کە کەمێک دابسکەنێین و ڕابمێنین، بە خەیاڵ دەگەڕێینەوە بۆ نێو ئەو دنیایەی کە لە ڕووی زەمەنییەوە گەڕانەوە بۆی مەحاڵە و ئیدی هەموو ئەو یادەوەرییانە لەزەمەنێکدا جێماوە؛ کە زەمەنی ئێستای ئێمە نییە، ئەو یادەوەرییانە پاساژێک لە زەینماندا داگیر دەکەن و لە پرۆسەی نووسینیشدا دزە دەکەنە نێو دنیای ئەو بابەتەی کە دەینووسین، بۆیە چەند دەتەوێت دەقێک بە تەواوی، بەدەرو دوور لە دنیای خۆت بنیاد بنێیت، دواتر سەیر دەکەیت خۆت لە شوێنێکی ئەو دەقەدایت. کافکا لەنامەیەکیدا کە سەبارەت بە ڕۆمانی مەسخ بۆ هاوڕێییەکی خۆی نووسیوە، باس لەوە دەکات کە بە تەواوی ویستوویەتی بێتە دەرەوەی دەقەکەوە و خۆی بەسەردا فەرز نەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەک هەر یادەوەرییە نۆستالژییەکانی کافکا-ی تێدا دەبینرێتەوە، بەڵکو هەندێک لە ڕەخنەگرانیش پێیان وایە کە بە تەواوی پەیوەستە بە ژیانی کەسێتی کافکا-وە و ڕەنگە تەنیا ناوی کافکا-ی کردبێتە سامسا.

هەر نووسەرێک بتوانێت مامەڵەیەکی ورد لەگەڵ یادەوەرییە نۆستالژییەکاندا بکات، ئەوە بێگومان دەقێکی جوان دەخوڵقێنێت. مەرجیش نییە خستنەڕووی یادەوەرییە نۆستالژییەکانی نێو دەقێک تایبەت بن بە نووسەرەوە، ڕەنگە تەنیا کەرستەیەکی خوڵقاندنی ئەتمۆسفێری دەقەکە بن، یان تەوەرەیەکی سەرەکی هەڵسووڕانی کاراکتەرەکان بن، یان ببنە ڕەگەزی بردنە پێشی ڕووداوەکان.

جا ڕەنگە لێرەدا بە پێویستی بزانم ئاماژەیەک بە ڕۆمانی (لەسەر باران دەنووسم)ی جەبار جەمال غەریب بدەم، کە جگە لەو فەزا سیحرییە جوانەی کە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە سانا و بەچێژ دەکات، ئەتمۆسفێرێکی نۆستالیژی دەخوڵقێنێت، کە تێیدا زەمەن مانا تەقلیدییەکەی خۆی لەدەست دەدات و بەشێوەیەک لە شێوەکان دەپرووێت.

**ڕامان:** کە لەماریۆ فارگاس دەپرسن؛ بۆ دەنووسیت، لەوەڵامدا دەڵێت، دەنووسم چونکە غەمگینم و ئەمە جۆرە ڕێگایەکە بۆ بەربەرەکانێی خەم، بەڕای ئێوە دەبێت نووسەران بۆچی بنووسن و ئامانجیان چی بێت؟

**یووسف عزەددین:** نووسین ئەو کردەیەیە کە شوێنەوارێک جێدەهێڵێت و لە دەرەوەی نووسەر شوێنێک بۆ خۆی دەکاتەوە. هەروەک «ڕۆلان پارت»یش ئاماژەی بۆ دەکات، دەق بۆ خۆی، مەرگی نووسەرەکەی ڕادەگەیەنێت و دەیخاتە پەراوێزەوە. سەبارەت بە پرسیاری، بۆچی نووسەران دەنووسن، سەرەتای نووسین لای مارکیز بۆ ئەوە بووە، تا بۆ نەوەی پێش خۆی بسەلمێنێت کە نەوەی ئەوانیش چیرۆکنووسی تێدا هەڵدەکەوێت.

ئەگەر ڕۆمانی (ڕۆژێک لە تەمەنی ئیڤان دنیسۆڤیچ)ی (ئەلیکساندەر سۆلژینستین) بخوێنینەوە، دەبینیت بە پێچەوانەی دەقە سۆڤیەتییەکان، دەقێکە کە دەتوانێت دەرگاکانی بە ئاوەڵایی بهێڵێتەوە، ئیدی نووسین و وێناکردنی جارێکی تری دنیایە، بەو چەشنەی کە نووسەر دەیبینێت. دەکرێت تۆپۆگرافیایەکی جێگر و مەئلووف، بکرێتە شتێکی نامەئلووف و ناجێگیر.

دەشێت نووسین ئیشکردنێکی پشت سیمگەو ڕەمزەکان بێت و دنیایەک بت و داهۆڵ تێک بشکێنێت. نووسین هەوڵدانێکە بۆ ڕەهاکردنی ڕۆحی ئینسان.

**رامان:** پێت وانییە نووسەر بۆ ژیان دەنووسێت؟

**یووسف عزەددین:** دەكرێت لە هەموو دەقە جدییەكاندا، ئۆبژێی تەرحێكی فەلسەفی ببینیتەوە، بەمەش ڕایەڵێك لەمـابەینی خـۆی و فـەلسـەفـەدا دروست دەكـات، فـەلسـەفـەش هەر لە كـۆنەوە تا ژاك دریدا- و بەڕای ئەویش، «فـێـربوونی مـەرگـە»، واتە تۆ لەم دنیـایەدا موسافیرێكیت و زەمەنێكی دیاریكراوت هەیە و دەبێت گوزەر بكەیت و بڕۆیت.

**رامـان:** بەڵام ئەمە تێڕوانینێكی ڕەشبینە بۆ ژیان و لێوانلێوە لە حوزن و یەئس؟ دەكرێت كەمێك واقیعییانە بڕوانینە دنیـا، هەروەك لە دەقـە ڕیالیـسـتـیـەكـاندا دەیبینین؟

**یووسف عـزەددین:** من ناڵێم، دەبێت هەر هەموومان وا تێی بڕوانین، بەڵكو ئەمـە تەنیـا ڕوویەكی تێـڕوانینە. وەک دەزانن زۆرێک لە نووسەران بە مەبەستی هاتنە دی یۆتۆپیـایەک، شـتـیـان نووسـیـوە. یان لە پێناو گـۆڕینی دنیادا شتیان گوتووە، بەڵام ڕەنگە ڕیالیزم ئەوە بێت كە دڵی خۆمانی پێخۆش دەكەین. تۆ هەرچییەک بڵێیت و بنووسیت، ئەوە نیـیـە كـە هەیە، نووسین بەشـێـوەیەكی گشـتی تەسەورو بینینی نووسەرە. جا زۆر پرسـیـاریش هەن، كە وەڵامدانەوەیان شتێكی گرانە، چونكە هەرخودی پرسیارەكە دەیان پرسیاری دیكەی لە هەناودایە.

**رامان:** دەكرێت بڵێین ئێوەش وەک بیكیت پێتان وایە، كــە دیوار چوار دەوری تەنیــوین، یان تێــڕوانینێكی دیكەتان هەیە؟

**یووسف عزەددین:** سەرەتا دەبێت لەو پرسیارەوە دەست پێـبكەین كـە ئاخـۆ ئێـمـە لەكـوێداین و ناسنامـەی كۆلەكتیڤیـانەی ئێمە كامەیە. لەمابەینی ڕاسیۆنالیزم و مـارژینالـیـەتدا، كـامـە ڕێچكە و ڕێبـازمـان گـرتۆتە بەرو گـوتاری ئێـمـە بەرانبـەر بە دنیـایەک لەدووبارەبوونەوە و ڕۆتین چیـیـە. هەربۆیە واتـادار كـردنی ژیان و گـەڕان بەشـوێن واتـا پەرت و بڵاوەكـانیـدا، یەكـێكە لە كـارە سـەختـەكـان، چونكە دەبێت ڕاڤـەیەكی قـووڵی بوون و عـەدەم بكـەیت و خـۆت لەقـاڵبی بوونەوەرێكی فـیـزیكی بەرێتـە دەرێ و سـەفـەر بەنێـو پانتـاییـەكـانی مـەرگـدا بكـەیت، تا بتوانیت شتێک لە ژیان حاڵی ببیت. دەبێت لەمـیـتـۆلۆژیاوە دەست پێـبكـەیت و بگـەیتـە ئێـسـتـا، ئێستایەک كە دەبێت چەند جودا و جیـاواز بێت لە ئان و ساتێكی لەوە و پێشی ئێمە. دەكرێت چەند بچینە نێو قووڵایی ئەفسانەكان و لێی حاڵی ببین. دیارە مەبەستم لەوە نیـیـە، كـە نابێت ژیان دۆست بین و ژیانمان خـۆش نەوێت. بێگومان عیشقێک بە دنیامانەوە دەبەستێت، بەڵام دەبێت زمانێكی تر بدۆزینەوە بۆ لەیەكتر حاڵیبوون. دەبێت لەمـەدارێكی تردا هەڵسـووڕێین، مـەداری گـەڕان بەشوێن نا كاملییەكاندا، چونكە ڕەنگە كاملی جێگەی سەرنج و بایەخ نەبێت. هەروەک بودا پێی وابووە، ئەوەی كە بە لامانەوە خۆشەویستە نا كاملییەكانی ژیانە. ئێمە لەنێـو كـۆمـیـدیایەكـدا دەژین، كـە لێكدانەوە و ڕاڤـە و حەزەكانمان دەكوژێت.

هەربـۆیە ڕەنگە پـێـــویست بكـات وەک ژاک دریدا مـارانۆیین و بەمـارانۆ بناسرێین، چونكە ئێمە گریمانەیەكی وەک (هولاهو)ەكەی ئیبن عەرەبی، دەمانگەیەنێتە یەقین، كە ئەو یەقینەش بۆ خۆی گومانكردنە لەگشت شتەكان.

خۆشەویستی شتە كاملەكان زۆر ئەستەمن، لەبەر ئەوە هەردەم عـاشـقی شتـە ناكاملـەكان دەبین. ئەگـەر ژیان بۆ خۆی شتێكی كـامڵ بێت، ئەوە خۆشویستنی ئەستەمە. لەكاتێكدا مەرگ بۆ خۆی شتێكی كاملە، هەربۆیە ڕكمان لێی دەبێتەوە.

سارتەر دەڵێت؛ «هیچ مـانایەک لەوەدا نابینمـەوە، كە بژین و پاشــان بمرین». ئیـدی ئەمــە مــەسـەلـەیەكی سەرزارەكی نییە، هەموومـان پێویستمان بەوەیە كە درک بە مـەرگ بكـەین و ڕووبەڕووی ببـینەوە، جـا ڕەنگە زۆر جار نەمـری بكەینە ئەڵتـەرناتیڤی مـەرگ. وەڵامدانەوەی پرسـیـارەكەتان هێندە ئاسان نیـیـە، دەبێت بزانین چۆن لە دەرەوەی زەمــەنەوە، دەڕوانینە نێـو زەمـەن. هەمــوو ئەو شـتـانەی كە بە خـەیاڵی ئێـمـەدا گـوزەر دەكـات، لەنێـو زەمـەندا ڕوودەدەن، لەكـاتێكدا كـە دەبێت بزانین چی لە زەمـــەن دەترازێ و لە بۆشـــاییـــدا هەڵدەســـوڕێ. ئەو تێڕوانینەی بیكیت سەبارەت بەوەی كە دیوار چوار دەوری تەنیـوین، لێكۆڵینەوەكانی «ئاسـۆ جەبار»م بیـردەخاتەوە سـەبارەت بە كـۆمـەڵـگە داخـراوەكـان، ئیـدی بمانەوێت و نەمانەوێت داخرانێک هەیە، كە تووشی تاک ڕەهەندی و دۆگـــمـــاـــان دەكـــات. لەوەتەی هەیـن هەست بە سەقـامگیـربوون ناكەین و وەک قـەرەج و كۆچەرییـەكان، هیچ بە شوێنمانەوە نابەستێتەوە، مەوداكانی زەمەنیش بەلامـانەوە هیچ مانایەكی نییە، ئیدی هەموو ساتەوەخت

و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵەکانمان لێ تێکەڵ بووە و نازانین لەکوێدا و لەکەیدا دەبێت چیبکەین.

**ڕامان:** هەست ناکەیت هەموو ئەو تەسەورانەی ئێوە سۆفیستی و میستیکین بۆ دنیا و زیاتریش دەبنە بەشێک لە دنیای میتافیزیک و ئایدیا و هەنگاو بە هەنگاو لە دنیای ماتەریاڵ و ڕیالیست دوور دەکەونەوە. بە بۆچوونەکانتدا وا پێدەچێت کە بە پێچەوانەی زۆرێک لە چیرۆکنوسان و ڕۆماننووسان کە لە دنیای شیعرەوە دوورن، ئێوە لەو دنیایەوە نزیک بن، کێن ئەو شاعیرانەی کە دەقە شیعرییەکانیانت خوێندۆتەوە، یان دەتوانیت دەقەکانیان بخوێنیتەوە؟

**یووسف عـــــزەددین:** ڕەنگە هەمـــوو تەســـەوف و مستیکێک بەرەو میتافیزیکمان نەبات. ئەگەر خەیام و ئیمام غەزالی بە نموونە بهێنمەوە، کە هەردووکیان هاوتەمەن و هاوڕێ و خەڵکی یەک شوێنیش بوون. لەسەرەتادا هەردووکیان لێکچوونێک لە تەسەوریاندا هەبووە، پێکەوە خـوێنەری دەقـــە فـــەلســـەفی و لۆژیکییەکانی گریک بوون و تەنانەت ئیمام غەزالی سەبارەت بە دەقەکانی ئەرستۆ، خوێندنەوەی لۆژیکیانەی هەبووە؛ بەڵام لەناکاو دەستبەرداری خوێندنەوەی دەقە گریکییەکان دەبێت و پاش یانزە ساڵ لە بێدەنگی، کتێبی ئەودیوی مەرگ دەنووسێت و وەک متەسەوفێکی ئایدیالیستی دێتەوە نێو دنیای بنیادەمان. لەکاتێکدا خەیام دەبێتە پۆلێکی دژ بەتەسەوفەکەی غەزالی و تەنانەت زۆر شەڕە شیعریش دەکەوێتە نێوانیانەوە.

تەســەوف لای مـەولانا جـەلالەددینی ڕۆمی دەگـاتە ئەوەی بڵێت: «کێیت و چیت وابە و ببە، بەڵام وەرە».

تەسەوف بۆ خۆی بانگەوازێکە بۆ تێڕامان و تێفکرین. یوونس ئیمرەی شاعیر، ناتوانێت تەنیا گوڵێکیش لە قەدەکەی دابڕێت و لێی بکاتەوە، چونکە لای ئەو، ئەو گوڵە بەشێکە لەوجوودی کامڵ و وەک ئێمە بوونی هەیە و دەبێت تا هەڵدەوەرێت لە ژیاندا بمێنێـــتـــەوە. لە تەسەوفدا شوێنێک نییە کەس تۆی تێدا نەبینێت، تۆ لە هەموو شوێنێکدا بینراوێکی، گوێلێگیراوێکی، تۆ بە تەنیا جێنەهێڵراویت. جا ڕەنگە هەموو ئەمانە شتێکی جودا و جیاوازبن لەوەی کەمن پێشتر ئاماژەم پێدا، چونکە لەوەڵامی پرسیارەکەی پێشووتاندا، مەبەستم گوتنی شتێکی تر بوو.

سەبارەت بە دنیای شیعریش، بێگومان شوێن جێگەیەکە بۆ لە دنیا ڕامان و وچانی ڕۆحیمان، ئیدی لەوێدا نەبینراوەکان دەبینی، جوانییەکان کەشف دەکەیت.. هەروەک لە شیعرەکانی بەختیار عەلی-دا دەیبینیت. یان لە شیعرەکانی ئەنوەر ڕەشی عەولا-دا دەکەوێتە پێش چاوت، کە پێم وایە قەسیدەی «خۆشهاتن بۆ خەزاننامەکەی من»ی ئەنوەر سەفەرێک بێت بەنێو نۆستالژیا و خەون و حوزندا، ئیشکردنێکی جوانە بۆ خولقاندنی ئەتمۆسفێرێکی نوێی شیعر. دەکرێت بڵێم قەسیدەکانی «ئیدریس عەلی»یش، لە دنیای شیعردا تا بڵێیی هەوڵدانی جدی و جوانن..

غوربەتی فڕین-ی ئاسۆ جەبار-م چەند جارێک خوێندۆتەوە و هەر جارەی شتێکی نوێم تێدا بینیوەتەوە، سەرجەم قەسیدەکانی لێوانلێون لە جوانی و بارگاوین بە نامۆبوونی ئێمە و شتەکان، چی لەو پرسیارە جوانترە کە بڵێیت تۆ لە واتای فڕین ناگەیت، ئیدی ئەم باڵە گەورانەت بۆ چییە. جدیەت و جوانی دوالیزمێکی سەرجەم قەسیدەکانی نێو غوربەتی فڕین-ن.

ئیدی لایەنی جوانی شیعرەکانی هەندرێن و سەباح ڕەنجدەر و زانا خەلیل و زۆر ئازیزی تریش، دەکرێت ئاسوودە و خۆشحاڵت بکەن، دنیای شیعر بەرفراوانە و دەنگ و ڕەنگی جوان و جدی تێدایە؛ وەک «شێرکۆ بێکەس، هاشم سەراج، کەریم دەشتی، دڵشاد عەبدوڵڵا، محەمەد عومەر عوسمان، بەرزان هەستیار، دلاوەر قەرەداغی، جەمال غەمبار، هیوا قادر» و چەند دەنگێکی دیکەش.

**ڕامـــان:** عەبدوڵڵا ئەحمەد چیرۆکی فرمێسکەکانی بالارینا-ی کردە شانۆگەری و لەهۆڵی مەڵبەندی لاوانی میدیا لە سلێمانی پێشکەش کرا. جا دواتر کامەران ڕەئووف-ی هونەرمەند لە چاوپێکەوتنێکیدا ئاماژەی بەچیرۆکەکەی ئێوە داوە و بەدەقێکی زۆر جوانی دەداتە قەڵەم و پێی وایە ئەگەر بکرێتە فیلمێکی سینەمایی فیلمێکی زۆر جوانی لێدەر بچێت. ڕاتان چییە بەرانبەر ئەو ڕاوبۆچوونەی ئەو و پێتان وایە هونەرمەندی کورد بتوانێت چ لە بواری شانۆدا و چ لە بواری سینەمادا، مامەڵە لەگەڵ دەقی کوردیدا بکات و سیناریۆی بۆ بنووسێت و پاشان بە بەرجەستەکراوی لەسەر تەختەی شانۆ، یان لەسەر شاشەی سینەما وەک کارێکی زیندوو

بیخاتە ڕوو؟

**یووسف عزەددین:** ڕاستە؛ برای ئازیزم عەبدوڵڵا ئەحمەد ئەو چیرۆکەی کردە شانۆگەری و نمایش کرا. بورهان ئەحمەد-یش ڕۆڵی سەرەکی تێدا بینی و پێم وایە لە ڕۆڵەکەیدا سەرکەوتوو بوو، جگە لەسەرجەم ئەکتەر و هاوکارانی دیکەش. شایانی باسیشە کە عەبدوڵڵا ئەحمەد، وەک دەرهێنەرێک لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقەکە و شیکردنەوەی موفرەدات و ماناکانی لەمیانی نمایشەکەوە هەوڵی گوتنی شتێکی دابوو.

جا دیارە مامۆستا کامەران ڕەئووف-یش بۆ خۆی هونەرمەندێکی بەتوانایە و خاوەن تێڕوانینێکی تایبەتە، لە شانۆو سینەمادا، هەربۆیە بەڕێزی لە ڕوانگە و دنیابینی هونەری خۆیەوە، زیاتر دەتوانێت ئەو دەقانە دەستنیشان بکات، کە بۆ کاری سینەمایی یان شانۆیی دەست دەدەن.

سەبارەت بەوەش کە ئاخۆ دەکرێت دەقی کوردی سیناریۆی بۆ بنووسرێت، بێگومان وەک هەر دەقێکی جیهانی، دەکرێت لە ڕووی توانستی گرتنەخۆی دەقەکە بۆ سیناریۆ یان نەگرتنە خۆی، مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە پێم وایە ئەمە کارێکە پێوەندی بەتوانایی و سەلیقەی ئەو کەسەوە هەیە کە دەیەوێت کارێکی ئاوا بکات.

ڕەنگە وا باشتر بێت ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی هەندێ لە هونەرمەندانی خاوەن ئەزموونی وەک: (دانا ڕەئووف، هۆرێن غەریب، کارزان ئەبووبەکر، شوان عەتووف، ئەرسەلان دەروێش، ڕزگار ئەمین، مەم بورهان قانیع) بکرێتەوە، دیارە زۆر بەڕێزی دیکەش کە لەبوارەدا کارامەن.

**ڕامان:** مامۆستا هاشم سەراج خوێندنەوەیەکی بۆ ڕۆمانی (دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان)تان کردووە کە بەم دواییانە لەگۆڤاری ڕامان-دا بلاوکرایەوە کە لەوێدا ئاماژەی بە کەشوهەوای فانتازی و میتۆلۆژی نێو ڕۆمانەکە داوە و دەیان موفرەدات و ئیما و سیمبۆلی نێو ڕۆمانەکەی تاوتووکردووە و پێی وایە لە دەستپێکی ڕۆمانەکەوە، هێماگەلێکی تەوراتی هەیە.. جا هەر لە فرێدانی تابووتەکە بۆ نێو ڕووبارە بێکۆتاییەکەی ڕووباری «سین» و «کەپرە شینە» و زۆر شتی دیکەش. ئەمە جگە لە ڕاڤەکردنی یادەوەرییە نۆستالژییەکانی نێو دەقەکە و کەشفکردنی نادیارەکانی؛ بۆ خۆتان ڕاتان لەسەر خوێندنەوەکەی مامۆستا هاشم سەراج چییە و پێتان وایە نەزانراوەکانی نێو دەقەکەی کەشف کردبێت؟

**یووسف عزەددین:** مامۆستا هاشم سەراج یەکێکە لەو شاعیرانەی کە دەتوانێت شیعر بکاتە پرسیار. لای ئەو شیعر ئامرازێک نییە بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکان، بەڵکو ڕاستییەکان لە ڕێگەی فەزاو ئەتمۆسفێری شیعرەکانییەوە دێنە زمان. ئیدی بۆ خۆی لەدنیای شیعردا خاوەن گوزارشت و دەنگ و ڕەنگێکی تایبەتە، کە بۆنی حەسرەت و غوربەتی ئێمەی لێدێت. تەسەوری ئیستێتیکی و دینامیکیەتی زمان، بە تێکچڕژاوی لەدنیای ئەودا حزوریان هەیە، بە چەشنێک کە دەکرێت لەوێوە بڕوانیتە دیوێکی تری شتەکان.

**ڕامان:** بەڕای ئێوە فرەدەنگی لە ڕۆماندا، نابێتە مایەی تێکەڵ و پێکەڵی دەقەکە و سەرلێشێوانی خوێنەر بەگشتی؟

**یووسف عزەددین:** ئەگەر چیرۆکەکانی (هەزارو یەک شەوە) بخوێنینەوە، دەبینین یەک بێژەری هەیە و تا کۆتایی حەکایەتت بۆ دەگێڕێتەوە، گەرچی شەهرەزاد وەک کەسایەتییەک، گرفتەکەی هیچی لە کەسایەتی نێو حەکایەتەکان کەمتر نییە و بگرە زیاتریشە، چونکە ئەگەر بۆ ساتێک حەکایەتەکانی جازبییەتیان نەمێنێت، ئەوە ژیانی لەدەست دەدات. سیحری زمان دەکاتە لەمپەری نێوان خۆی و شمشێری جەللادەکەی. کەسایەتی شیزۆدی شەهرەیار، ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات کە بچێتە نێو زەمەنی حەکایەتەکان و لەگەڵیاندا بژی. جا لێرەدا مەبەستم لەوەیە سەرباری ئەوەی کە یەک حەکایەتخوان سەرجەمی حەکایەتەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام حەکایەتەکان بۆ خۆیان بونیادی جیاجیایان هەیە و مەبەستی شەهرەزاد-یش لەگێڕانەوەیاندا، خۆ ڕزگارکردنێتی لە مەرگ و دەکرێت بڵێین تەوەرەی سەرەکی (هەزار و یەک شەوە)ش ئەمەیە.

لە (دیکامیرون)ی پۆکاشیۆ و (دۆن کیخۆتە)ی سێرڤانتێس-یشدا، تەکنیکێکی لەو چەشنە دەبینینەوە، لە (دیکامیرون)دا هەریەکەی حەکایەتی خۆی دەگێڕێتەوە و لە (دۆن کیخۆتە)شدا لە زۆربەی بەشەکانیدا، بە تایبەت لەنێو خان و کۆشک و مەنزڵگاکاندا، یەکێک دەست دەکات بە گێڕانەوەی حەکایەتی خۆی و گەرچی لە

بەسەرهات و ماجەراکەی (دۆن کیخۆتە) دوورمان دەخاتەوە، بەڵام گرنگ لەوەدایە کە سەرجەمی دەقەکە دەتوانێت هەموو ئەو حەکایەتە جیاجیایانە بگرێتە خۆی و بونیادی وەک ڕۆمانێک لەبەریەک هەڵنەوەشێتەوە.

فرە دەنگیش لە ڕۆماندا، گەرچی تەکنیکێکی هاوچەرخ و نوێیە، بەڵام شتێک نییە بەدەر بێت لە ئەزموونەکانی لەوەو پێشی ڕۆمان، هەربۆیە (دۆن کیخۆتە)م بە نموونە هێنایەوە، ڕاستە ئەو دوو تەکنیکە لە یەکتر ناچن، بەڵام دەکرێت بڵێین سوودی لێوەرگیراوە. میلان کۆندێرا یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی کە توانیویەتی ئەو چەشنە تەکنیکە لە ڕۆمانەکانیدا ڕەچاوبکات.

**ڕامان:** لە شوێنێکی گفتوگۆکەماندا باست لەڕۆمانی مەغریبی کرد. پێتان وایە کە بە تەواوی جیاوازتر بێت، لەو تەرزە ڕۆمانانەی کە تا ئێستاکە ڕۆماننووسانی دیکە نووسیویانە؟

**یووسف عەزەددین:** ڕۆمانی مەغریبی نوێ، ڕۆمانی ئەزموونگەرین و لەو ڕوانگەیەوە دەڕواننە ڕۆمان، کە هۆشمەندییەکی مومکینە، نەک هۆشمەندییەکی واقیعی. نوێخوازی و تەجاوز لە ڕۆمانەکانیاندا دەبینینەوە، دیارە ئەمەش بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ئالان ڕۆب گرییە و میشال بوتور و ناتالی ساروت، کە (نا ڕۆمان)یان کردە قۆناغێکی نوێی ڕۆماننووسین و نەخشەی کۆنی نووسینی ڕۆمانیان گۆڕی.

ڕۆماننووسە مەغریبییەکان توانیان ئۆرستۆکراتیەتی زمان تێک بشکێنن و لە قووڵاییەکانی کولتوورو کەلەپووری دێرینی خۆیانەوە شتێکی نوێ هەڵبهێنجن.

(محەمەد زەفزاف و ئەحمەد ئەلمەدینی و موبارەک ڕەبیع و محەمەد عیزەددین ئەلتازی وعەبدوڵڵا ئەلعروی) هەندێکن لەو ڕۆماننووسە مەغریبیانەی کە پاش خوێندنەوەی ڕۆمانەکانیان دنیایەک شتمان لا دروست دەبێت. مەغریب هەر لەسەردەمانێکی کۆنەوە، خاوەن حەکایەت و سەرگورشتەی میللی خۆی بووە. ئەو دەمەی کە (سێرڤانتێس) لە جەزائیر دەستبەسەر بووە، حەکایەتی ئیبن سەڕاج و دولبەرەکەی، چ دەماودەم گێڕدراوەتەوە و چ بە دەستنووسیش هەبووە و دەستاو دەستی کردووە و یەکێکە لە حەکایەتە مەغریبییەکان. جا زۆرێک لە ڕەخنەگران ئاماژەیان بە لێکچوونی نێوان (دۆن کیخۆتە) و ئیبن سەڕاج کردووە. بە بۆچوونی ئەوان ئیبن سەڕاج بۆتە دۆن کیخۆتە و ناوی خۆشەویستەکەی ئیبن سەڕاج، بۆتە دولیسینیا و زۆر شتی تریش.

مەغریب بۆ خۆی زەمینەیەکی لەبارە و ئەمە جگە لەوەی کە مەنفا و دوورکەوتنەوە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەونووسەرانە هەبووە..

**ڕامان:** گوتەیەک هەیە کە دەڵێت؛ نووسەری ئاقڵ ئەو کەسەیە کە دەقەکانی لەپاش خۆی بڵاو دەکاتەوە، مەبەستم لەوەیە کە پاش مەرگی خۆی دەقەکانی بڵاو بکرێتەوە؟

**یووسف عەزەددین:** حەکایەت و سەرگورووشتە نەنووسراوەکان، دەماودەم گەیشتوونەتە ئێمە و نازانین لەدەستپێکدا کێ گوتویەتی و تا گەیشتۆتە ئێمەش چەندی گۆڕان بەسەرداهاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە پێمان خۆش بێت بزانین یەکەم جار بە خەیاڵی کێدا هاتووە و لەسەرەتادا چۆن گێڕدراوەتەوە و تا گەیشتۆتە ئێمە، کێن ئەوانەی کە شتێکیان لێ لاداوە، یان شتێکی دیکەیان بۆ زیاد کردووە. ئەمە حەز و خولیایەکی ئێمەیە بۆ ناسینی دانەری ئەو حەکایەتانەی کە بەلامانەوە جوانن، بەڵام هەموو ئەوانەی کە لە دروستکردنی ئەو حەکایەتانەدا بەشداریان کردووە، لە ئێستادا ناژین و دەمێک ساڵە مردوون و ئاگایان لەو کەینە و بەینەی ئێمە نییە.

هەربۆیە پێم وایە دەقی زیندوو تەجاوزی نووسەرەکەی دەکات و بۆ خۆی تێکەڵ بە دنیای خوێنەرانی دەبێت و لەزەین و بیروهۆشیاندا شوێن جێگەیەک بۆ خۆی دەکاتەوە. جا زۆرجار گەر نووسەرەکە لە ژیانیشدا بێت بێئاگایە لەوەی دەقەکەی کێ خوێندوویەتییەوە و گەیشتۆتە کوێ، هەر نووسەر بۆ خۆشی کاری بەزانینی شتێکی وا نییە.

بۆرخیس بۆ خۆی سەبارەت بە کتێبێکی خۆی کە زۆری پێ باشە، دەڵێت ئەگەر کەسێکی ئاقڵ بوومایە، ئەو کتێبەم هەڵدەگرت، تا پاش مەرگم بڵاو بکرێتەوە.. دواتر ئاماژە بە کافکاش دەکات، کە وەک نووسەرێک نووسینەکانی پاش مردنی بڵاوکراونەتەوە، بۆرخیس پێی وایە ئەگەر کافکا مەبەستی بووایە، دەقەکانی بسووتێنێت ئەوە بۆ خۆی دەیسووتاند، هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد بە هاوڕێکەی بڵێت، دەقەکانم بسووتێنە،

دیاره هاوڕێکەشی دەزانێت مەبەستی کافکا ئەوە نییە.

ئەوەی کە لێرەدا حەز دەکەم بیخەمە ڕوو، ڕاستییەکە سەبارەت بەکافکا کە زۆر کەم ئاماژەی پێدەدرێت، ئەویش ئەوەیە کە کافکا لە ژیانی خۆیدا چەند کتێبێکی خۆی بەچاپگەیاندووە و تەنانەت لە نامەکانیشیدا دیارە کە چەند پەرۆشی چاپکردنیان بووە. یەکێک لە کتێبەکانی کە خراپ چاپ دەکرێت، زۆر گلەیی لە بەرپرسی دەزگای چاپەکە دەکات و دەڵێت بۆ کتێبی فلانە نووسەرتان لە کتێبەکەی من باشتر چاپکردووە و شتی لەو بابەتە.

لەکاتێکیشدا کە خەریکی چاپکردنی ڕۆمانی (مەسخ)ە، نامەیەک بۆ سەرنووسەری ئەو گۆڤارە دەنێرێت کە ڕۆمانەکەی بۆ چاپ دەکات. ڕاشکاوانە ئەوەی بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە نەکەن تابلۆی سەر بەرگی کتێبەکەی بدەنە فلانە هونەرمەند، چونکە پێی وایە کە وێنەی قالۆنچەیەکی بۆ دەکات، زۆر دەترسێت کە شتێکی لەو چەشنە بخەنە سەر بەرگی ڕۆمانەکەی و دەڵێت مەبەستی من شتێکی ترە.

**ڕامان:** ئێوە سەر بەنەوەیەکن لە نووسەران کە بە چیرۆک دەستیان پێکردو لە ئێستادا ڕۆمانیان هەیە، کێن ئەو نووسەرانەی نەوەی ئێوە کە لە بواری چیرۆک و ڕۆماندا، ئێوە بە نووسەری جدیان دەزانن و پێتان وایە کە نەوەی ئێوە توانیبێتی ئیزافەیەکی نوێ بخاتە سەر چیرۆکی کوردی، یان گۆڕانکارییەک لە بونیادی چیرۆکی کوردیدا بکات؟

**یووسف عزەددین:** ئەو هاوڕێ ئازیزانەی کە جدیەت و جوانی لە بابەتەکانیاندا دەبینمەوە، ئەوە دەکرێت ئاماژە بەم ناوانە بدەم؛ «تەها ئەحمەد ڕەسووڵ، ئیسماعیل حەمە ئەمین، عەتا محەمەد، ئاکۆ کەریم مەعرووف، ڕێبوار حەمە ڕەحیم، کاروان کاکە سوور، گۆران بابا عەلی». پاش ماوەیەکی زەمەنیش ئەوە چیرۆکەکانی (سیامەند هادی)مان دەکەوێتە بەرچاو. کە دیارە چیرۆکەکانی تایبەتمەندێتی وجدیەتی خۆیان هەیە و تا بڵێی هەوڵدانی جوانن.

چیرۆکی (ئەو ژوورەی کە هاوڕێکەم خۆی تیا کوشت)، یەکێکە لەو چیرۆکانەی، لە فەزاو ئەتمۆسفێرێکی ڕۆحی زۆر تایبەتدا هەڵدەسووڕێت و و لەو چیرۆکانەیە کە هەرگیز لە یادم ناچێتەوە. چیرۆکەکانی (توانا ئەمین) و (دانا فایق)م خوێندۆتەوە و بە هەوڵدانی جوانیان دەزانم.

**ڕامان:** چیرۆکنووسانی وەک (شێرزاد حەسەن و جەبار جەمال غەریب و سەلاح عومەر و کاروان عەبدوڵڵا و سابیر ڕەشید) چۆن دەبینن، بەتایبەت کە هەریەک لەوانە خاوەن ئەزموونی تایبەت بەخۆیانن و سالانێکە لەنێوەندی ئەدەبیدا ناوی دیار و ناسراون؟

**یووسف عزەددین:** بێگومان هەریەک لەو بەڕێزانەی کە ناوتان هێنان خاوەن ئەزموون و دنیابینی خۆیانن. کورتیلە چیرۆکەکانی سابیر ڕەشید-م خوێندۆتەوە، لەو بوارەدا ئیشی جوانی کردووە، خوێندنەوەیەکی وردیشی بۆ کاولاش-ەکەی عەبدوڵڵا سەراج کردبوو.

لەو ماوەیەدا ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)ی شێرزاد حەسەن-م خوێندەوە، دنیایەک شتی جوانم تێدا بینییەوە.

ڕۆمان و چیرۆکەکانی فەرهاد پیربال، بەتایبەت ڕۆمانی (پیاوێکی شەپقەرەشی پاڵتۆ ڕەشی پێلاو شین)، ئەتمۆسفێر و فەزایەکی جوانی هەیە. ڕۆمانی (دنیا لە کتێبێکدا)ی جەبار جەمال غەریب، دەکرێت زۆر شتی تێدا کەشف بکەیت. سەلاح عومەر و کاروان عەبدوڵڵا-ش دوو دەنگی ڕەسەنی دنیای چیرۆکن.

**ڕامان:** ڕەنگە لە ئێستادا لە هەموو کاتێک زیاتر کردەی وەرگێڕان لەبرەودابێت، کە دیارە ڕۆڵێکی کاریگەر لەبەرەو پێش چوونی بزاڤی ڕۆشنبیری نەتەوەییماندا دەبینێت. ئێوە وەک کەسێک کە خاوەن ئەزموونێکن لەوەرگێڕاندا لەمبارەیەوە ڕاتان چییە؟

**یووسف عزەددین:** وەرگێڕان لە مێژووشدا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە. لەسەردەمی دەسەڵاتی خەلیفە ئەمەوی و عەباسییەکاندا بە تایبەتیش لەسەردەمی عەباسییەکاندا، ئەگەر زمانزان و نووسەرانی ئەو دەمە زۆرێک لە دەقە گریگییەکانیان نەکردایەتە عەرەبی، ئەوە بێگومان بۆ هەتا هەتایە دەفەوتان، کە هەر دواتر لەعەرەبییەوە گۆڕدرایە سەر زمانە ئەوروپییەکان، چونکە لەبەر هەر هۆو هۆکارێک بوو بێت، زۆرێک لەو دەستنووسە گریکییانە بۆ هەتا هەتایە دیارنەمان. جا کاری وەرگێڕان دەبێت لەمیانی پرۆژەیەکەوە و سیستەماتیکانە کاری بۆ بکرێت. دەکرێت هەر دەزگایەکی وەرگێڕان، پرۆگرام و تەرحی جیاوازی لەوەی تر هەبێت و تایبەتمەندێتی خۆی بپارێزێت. ناکرێت بە تێکەڵ و پێکەڵ، هەرچی هاتە بەر

دەست بەخێرایی وەربگێڕدرێت و چاپ بکرێت، چونکە دەکرێت جدیتر و جوانتر، ئەو کارە بە ئەنجام بگەیەنین. بۆ نموونە ئەگەر قەولە شاکارەکانی فلانە نووسەرێکی جیهانی وەربگێڕدرێت، ئەوە با ئەو دەزگای وەرگێرانە هەموو کتێبە وەرنەگێڕدراوەکانی ئەو نووسەرە، بداتە وەرگێرێک یان چەند وەرگێرێک و کاری ئەوان گۆڕینی ئەو کتێبانە بێت، بەڵام تۆ سەیر دەکەیت نووسەرێک، بیست، سی کتێبی هەیە و لای ئێمە دوانی کراوەتە کوردی، ڕەنگە باشترین کتێبێکیشی کرابێتە کوردی، بەڵام ئەمە هێندەی ئەوە گرنگ نییە کە ئاگات لە هەموو بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە بێت. ئەگەر بە شەخسی نووسەرێک وەک کارێکی فەردی ئەم کارەی کردبێت، ئەوە هیچ قسەیەکمان نییە و دەست خۆشی لێدەکەین، بەڵام ئەگەر دەزگایەکی وەرگێران، ئەو کارە بکات ئەوە دەبێت سەرجەم بابەتەکانی نووسەرێکی دیاریکراو وەربگێڕێت. هەر بۆ نموونە ئەگەر خوێنەرێکی کورد سەرجەم بەرهەمەکانی یەشار کەمال-ی نەخوێندبێتەوە، ناکرێت هەمان تێڕوانینی خوێنەرێکی دیکەی بەرهەمەکانی ئەوی هەبێت؛ کە سەرجەمی بەرهەمەکانی خوێندبێتەوە.

**ڕامان:** دیارە بۆ خۆتان یەکێکن لەو نووسەرانەی کە بە بەردەوام بابەتتان لە گۆڤاری ڕامان-دا بڵاوکردۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی خوێنەرێکی جدی گۆڤارەکەن و هەر لەو میانەشەوە، ڕەنگە دەیان تەسەور و بۆچوونی خۆتان هەبێت. جا دەبێت گۆڤاری ڕامان چۆن هەڵبسەنگێنن و حەز دەکەین لە هەموو ڕوویەکەوە، ڕاوبۆچوونی خۆتان ڕاشکاوانە بخەنەڕوو، تەنانەت لایەنی هونەری و تەکنیکیش، ئەگەر ڕاو سەرنجێکتان لەو بارەیەوە هەبێت؟

**یووسف عزەددین:** پێم وایە باکگراوندی مەعریفی و دنیابینی ئەو نووسەرانەی مەبەستیانە گۆڤارێکی دیاریکراو دەربکەن، خاڵێکی زۆر گرنگ بێت، چونکە لێرەوە ئەو گوتارە ڕۆشن دەبێتەوە کە بونیادی گۆڤارەکە لەخۆ دەگرێت. ئیدی ئەو گۆڤارە دەبێتە نێوەندی گوێزانەوەی تێزی مەعریفی و دەقی ئەدەبی و سەرجەمی بابەتەکانی تر بۆ خوێنەر. ئەمە جگە لەوەی کە یەکێک لە خەسڵەتەکانی گۆڤاری سەرکەوتوو، کاوێژنەکردنەوەی بابەتە سواو و لێکچووەکانە، ئەمە جگە لەوەی کە هەر لە سەرەتاوە پانتایی تۆبۆگرافی خۆی دەست نیشان دەکات و دەزانێت لەکوێدا دەبێت هەڵسووڕێت و لەکەیدا پێوەندی نێوان خۆی و خوێنەر بەرەو لاوازی یان پتەوی دەڕوات. گۆڤار وەک ئۆرگانێکی فیکری، مەعریفی، یان ئەدەبی، یان لە هەر فۆرمۆلیتەیەکی تردا بەرجەستە بێت، دەبێت بتوانێت ئاستەنگەکان تێپەڕ بکات و هەمیشە لەنێوەندە ڕۆشنبیرییەکەدا حزوری هەبێت و خوێنەرانی بیخوێننەوە، جا بۆیە دەبێت خودی دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤارێک، کەسانێکی کارامە و شارەزای کایە مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکان بن، تەنانەت دەتوانم بڵێم خودی سەرنووسەر لەبردنە پێشی گۆڤارێکدا، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و کاریگەر دەبینێت بەتایبەت ئەگەر ئەو سەرنووسەرە، ناوێکی دیاری نێو دنیای مەعریفە و خوێندنەوە و نووسین بێت کە دیارە مامۆستا (ئازاد عەبدولواحید) یەکێکە لەو نووسەر و دەنگە جدیانەی دنیای ئەدەب و ڕۆژنامەگەری، کە خوێندنەوە و ڕوئیای ڕەخنەیی خۆی هەیە، هەربۆیە توانی گۆڤارێکی بەهێز و پێزی وەک ڕامان، لە ژمارە سفرەوە بگەیەنێتە ئێستا. سەبارەت بەلایەنی هونەری و تەکنیکیش پێم وایە کاک (سەرکەوت وەلی) و هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) لەو ڕووەوە زۆر سەرکەوتووانە کار دەکەن.

**ڕامان:** زۆر سوپاستان دەکەین، کە ماندوومان کردن و توانیمان لە ڕێی ئەم هەڤپەیڤینەوە، هەندێک لە نەگوتراوەکان بکەینە گوتراو.

**یووسف عزەددین:** سوپاس بۆ ئێوەش.

# فایلی نهێنی شارو کاریگەری ڕابردوو له چیرۆکی «نامەکانی ژاکۆن»دا

عەتا قەرەداغی
(سلێمانی)

(نامەکانی ژاکۆن) یەکێکە لە چیرۆکەکانی جەبار جەمال غەریب کە ساڵی (٢٠٠٤) لەگەڵ کۆمەڵێک چیرۆکی تر لە دوو توێی کتێبێکدا بەهەمان ناوونیشانی ئەم چیرۆکە بڵاوی کردوونەتەوە. جەبار جەمال یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی ئێمە کە لەنیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەردەوامە لە نووسین و بڵاوکردنەوە و دەتوانم بڵێم جۆرێک لە تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە نووسینداو ئەگەر لەڕووی تەکنیک و جیهانبینییەوە سەرنجی دەقەکانی بدەین هەر لەسەرەتاوە تاکو دەگاتە ئەم چیرۆکەی، هەست دەکەین جار لەدوای جار بە شارەزایی و بەئاگاییەکی زیاترەوە دەنووسێت و لەڕووی تەکنیک و مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەفسانە و فانتازیاو خەیاڵی فراواندا جار بەجار دەوڵەمەندتر دەبێت، هەروەها پرسیارەکانی لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونی ئەزموونەکەیدا زیاتر خاسیەتی پرسیار وەردەگرن و دەبنە پرسیار لە نەزانراو، پرسیار لە مەسەلە پەیوەستەکانی سروشت و بوونی مرۆڤ و ڕوانین و خەیاڵ و حەز و ئارەزووە بەرفراوان و بێ سنوورەکان، جەبار زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە و بەشێوازێکی تایبەت بەخۆی دەنووسێت- بەجۆرێک کە دەتوانین بڵێین لەم قۆناغەدا کە بە قۆناغی تەنگژەی چیرۆک و شیعری کوردی دادەنرێت ئەو یەکێکە لەوانەی کە ئامادەبوونی خۆی هەیە.

لێرەدا هەوڵ دەدەین خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) بکەین، سەرەتاش دەبێ ئەوە بڵێم کە (نامەکانی ژاکۆن) بە ڕوانینی من یەکێکە لەو دەقانەی کە هەڵگری کۆمەڵێ پرسیاری گرنگی پەیوەست

بە ژیانی لاوانە، هەروەک لە هەمان کاتدا هەڵگری کۆمەڵێ پرسیاری ئەنترۆلۆژیانەیە کە پەیوەستن بە مەسەلەکانی بوون و ژیانەوە، کە ئەویش لەڕووبەرێکی بەرفراوانی ژیانی ئێمەدا بەرجەستە دەبن و خۆیان ئاشکرا دەکەن، هەروەک ئەم چیرۆکە بۆ خۆی جۆرێکە لەئاشکراکردنی کۆمەڵێک شتی شاراوە کە لە بوونی هەریەکە لە ئێمەدا ئامادەبوونیان هەیە و ئێمە ئەو بوێرییەمان نییە بتوانین بێ پەردە بیان درکێنین یان ئاشکرایان بکەین.

کورتەی ڕووداوی چیرۆکەکە ئەوەیە کە گێڕەرەوە کە کەسی یەکەمە و هەر خۆیشی کەسی ئامادەی نێو چیرۆکەکەیە بەسەرهاتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە لەو ڕۆژەوە کە پێی دەنێتە نێو زانکۆ تا زانکۆ تەواو دەکات. لەگەڵ چوونە نێو زانکۆ دەڕوات بۆ ئەوەی بەدوای دۆزینەوەی ناوی خۆیدا بگەڕێت، کاتێ دەچێتە تۆمارگە بە چەندین ڕاڕەو و ژووردا دەیگێڕن و چەندین فایلی ڕزیوو تۆزاوی دەبینێت کە تۆماری ناوو ژیان و هەڵسوکەوت و نهێنییەکانی ئەو کچ و کوڕە لاوانەن کە هەریەکەیان بۆ ماوەیەک لە زانکۆدا ماونەتەوە. فایلەکان پڕن لەنامە نهێنی و قاچاخەکانی کچ و کوڕە عاشقەکان، زۆربەی ئەو نامانەی کە هەرگیز بەدڵدارەکانیان نەگەیشتوون و لەنێو گۆڕستانی فایلەکاندا مردوون. لە ڕاڕەوە تەسک و تاریکەکانەوە چەندین جار دەنگی گۆرانی ئەو عاشقانە دەبیسترێن کە گۆرانی ڕۆحن و لەدوو توێی فایلە ڕزیوەکانەوە بەرزدەبنەوە و سەرنجی ئەم ڕادەکێشن و هەندێ جار سەرسامی دەکەن و هەندێ جاریش بێ ئومێد و بێ هیوای دەکەن.

لەنێو ئەو ڕاڕەوە تەسک و تاریکانە و لەنێو ئەو فایلە ڕزیو و تۆز لێنیشتوانەدا ئەو کچەی بەدوای ناوەکەی ئەمدا دەگەڕا فایلی نامە نهێنی و پڕ لە سۆزەکانی ژاکۆنی دۆزییەوە. ژاکۆن ئەو قوتابییە هەستیارەی زانکۆ بووە کە بەخوێنی دڵ چەندین نامەی سووتێنەری عاشقانەی نووسیوە، هەروەک لەنێو فایلەکاندا نامەی شەهید و نامەی کەسانی تریش هەن، تەنانەت چەند نامەیەکی شەڕ دەدۆزنەوە.

ئەنجام ئەو کچەی لەگەڵی دەگەڕا ناوەکەی دۆزییەوە کە بەخەتێکی شکست، بەزەردێکی کاڵەوە بوو نووسرا بوو بەرهەم، بەڵام فایلەکەی ئەم تاکە پەڕە یەکێشی تێدانەبوو، بۆیە ئەم داوا لە کچەکە دەکات فایلەکەی



جەبار جەمال غەریب

پێوەبدات. ئەم پەلەی ئەوەی بوو بچێتە دەرەوە و نامەکانی ژاکۆن بۆ ئەو کچانە بخوێنێتەوە کە هەست دەکات گوێی بۆ دەگرن. لەوکاتەدا کە دەگەڕێتەوە دەنگێک ناچاری دەکات بچێتە پۆلی خوێندنەوە. لەناو پۆل کابرایەک دێتە ژوورەوە هەموو قوتابییەکان دەپشکنێ، ئەم ترس دایدەگرێت و وەکو سەردەمی منداڵی دیسان میزدەکاتەوە بەخۆیدا، یان بیری ئەوساتەی دەکەوێتەوە کە پیاوە ڕیش سپییەکە خەنجەرێکی دا لە ناوگەڵی و ئەندامی جووتبوونی لەکارخست. ئێستا دەرس تەواو بوو، بەڵام ئەو پیاوەی کە هەموو قوتابییەکانی دەپشکنی دەیوویست ئەو خەنجەرەی لەنێوان دوو ڕانی ئەم دراوە، دەری بهێنێتەوە. ئەو خەنجەرەش وەکو سزایەک لەم دراوە، چونکە حیکمەت و ویقاری پیاوە ڕیش سپییەکەی نەبینیوە و لەگەڵ وشەی سۆزانییەک گریاوە، سەرئەنجام دوای چوار ساڵی خوێندنی زانکۆ کاتێ دێتە دەرەوە لەبەر دەرکی زانکۆ هەمان جلوبەرگی کە پێوەی هات و لەوێ لەبەری داکەندرا ئێستا کرایەوە بەری و بە هەمان شێوەی کە پێش چوارساڵ هاتبوو ئێستا گەڕایەوە ماڵەوە و دایکی پێی گووت کوڕی من هەروەک خۆیەتی، بۆنی، ڕەنگی، هەرگیز ناگۆڕێ..».

ئەمە کورتەی ڕووداوی چیرۆکەکەیە کە خوێنەر دەتوانێت بزانێت لەم شیکردنەوەیەدا باسی چی دەکەین.

ئەم چیرۆکە ئۆتۆبایۆگرافیای کەسێکە کـە لەدوای تەواوکـردنی قـۆناغی خوێندنی پێش زانکۆ ناوی دەردەچێت بۆ زانکۆ، ئەویش لە یەکەم ڕۆژەوە کە دەگـاتە بەر دەرکی زانکۆ هەتا دواڕۆژ کە زانکۆ تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە مـاڵەوە. ئەم گـەشـتـە دوورو درێژە لە ڕووی کات و تەمەنەوە تەنیا هەر ئەوە نییە نهێنییەکانی ژیانی تاکەکـەسێک ئاشکرا بکات، بەڵکو لە ڕێگای ژیانی ئەم تاکە کـەسەوە چیرۆکنووس باس لە خوێندنی زانکۆ بەگـشـتی و ژیانی لاوان لە زانکۆدا دەکـات و لە هەر چرکە سـاتێکیـشـدا بە یادەوەری دەگـەڕێتـەوە بۆ ڕابردووی خۆی و بۆ نێو پۆلەکانی خوێندنی پێش زانکۆ و سـروشـتی ئەو قـۆناغـە و دامـەزراوەکـانی خـوێندن کـە پەیوەستن بە پەروەردەوە دەخاتە ڕوو.

بێ گـومـان دەبێ لە بارەی نووسینی جەبار جەمـالەوە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە شێوازی گرێچنی تەقلیدی یان ئەرستۆیی پەیڕەو ناکات و لەهەمان کاتدا ڕووداوی دیار کـەم بەرچاو دەکـەوێت، ئەمـەش پەیوەست دەبێتـەوە بە بینای کەسێتییەوە لەچیرۆکەکانیدا، کە لەبری ئەوەی لە ڕێگای جووڵە و کردارەوە سروشتی کەسێتی چیرۆکەکانی دەربکەون، زیاتر لە وەسفی گێڕەرەوەدا بینای کەسێت و باری دەروونی و هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان دەردەکەوێت کە ئەم مـامـەڵەکردنەش لەچیـرۆکدا زیاتر بەرهەمـهێنی شێـوازی گـێـڕانەوەیە و ئەم حـاڵەتەش چیـرۆکنووس وا لێدەکـات کە زیاتر لە هەر ڕاناوێکی تر بەڕاناوی کەسی یەکەمی تاک واتە (من) قسە بکات کە ئەویش دەبێتە ئاخـاوتن و قـسـەکـردن لەسـەر خـودی (من) لەلایەن خۆمـەوە. بێ گـومـان لە ڕووی دەروونییـەوە هیچ کـەس ناگـاتە ئەو ئاسـتـەی کـە ناوەوەی خـۆی ئاشکرا بکات، مەگەر لە کرداری خەواندن بە موگناتیسدا، بۆیە کـاتێ گـێـڕەرەوە کـەسی یەکـەم بێت وەسـفی خـۆی دەکـات لە ڕووکـەشـدا و ئەوەش وادەکـات کـە ڕۆڵی چیـرۆکنووس لەبیناکردنی ئەو کەسێتە زۆر ورد نەبێت. بە واتا لێرەدا ئێمە کەسێتێک دەهێنین خۆی باسی خۆی بکات لەبری ئەوەی کەسێتێک بنیادبنێین و ئازادی بدەینێ بجووڵێت، قـسـە بکات، کـاربکات تا دەگـاتە ئەوەی ببـێـتـە کـەسـێـتـێکی ڕووداو دروسـتکەر. لەپشـتـی هەر کـەسـێـتـیـیـەکی ڕووداو دروستکەرەوە مـێـژوویـەکی شـیکردنەوەیی یان ڕاڤـەکـاری هەیە، لەپشتی هەر کەسێتییەکی وەسفییەوە یان کـەسـێـتـیـیـەکی جـێگـیـرو بێ جـووڵەوە مـێـژوویەکی وەسفی هەیە، لێــرەوە دەتوانین بڵــێین پاڵەوانی چیـرۆکی (نامـەکـانی ژاکـۆن) کـە هەر خۆیشی گـێڕەرەوەیە کـەسێتـیـیـەکی

**ئەو دەهالیزانە بریتین لە شوێنی فایلی نهێنی هەمووومان، بریتین لەو زەمینەی کە سەرجەم نهێنییەکانی شارێک یان وڵاتێکی تێدا حەشاردراوە**

جێگـیـرو بێ جـووڵە لەڕووی دروسـتکردنی ڕووداوەوە. دەشێ ئەمەش وەها لێک بدەینەوە کە بریتییە لە کەسێتی ڕاستەقینەی سەرزەمینەی واقیعی کۆمەڵگای کوردی کە کـەسـێـتـیـیـەکی وەسـتـاو و بێ جـووڵەیە و توانای دروسـتکردنی ڕووداوی ئەوتۆی نییـە کـە ببـێـتـە هۆی گـۆڕانکاری ئەوتۆ کـە هەم ژیانی خـۆی و هەم ژیانی کـۆمـەڵگاش بگـۆڕێت. هەروەک لەلایەکی ترەوە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە کە لاوێکە تازە دەچێتە زانکۆ و ئەم چیرۆکە لە چوار ساڵی ژیانی نێو زانکۆی ئەو دەدوێت، بەڵام لەو چوار سـاڵەدا هیچ گـۆڕانکارییـەکی بەسـەردا نایەت، ئەمـەش دیسـان لەگـەڵ باری گـێـڕانەوەی چیـرۆکـەکـەدا گونجاوە و لە هەمان کاتیـشدا دیسان شتێکی ڕاست و دروسـتە لە سروشـتی گـۆڕانکاری لەکـۆمـەڵگای ئێـمـەدا بەگـشــتی و لە دامــەزراوەی زانکـۆدا بەتایبــەتی و لە پێکهـاتەی لاوانیـشـدا کە پێکهـاتەیەکە نە خـۆی هەوڵی گـۆڕان دەدات و نەدامـەزراوەی پەروەردە و فـێـرکـردنیـش دەتوانێت ڕۆحی گـۆڕانکاری تێدا دروست بکات. ئەمەش هەم شێوازی پەروەردە و هەم دامەزراوەی زانکۆی کەسێتە پێی وایە ئەوکاژو بەرگەی کە فرێی دەدات یان باشتروایە بڵـێین کـە لێی دەکـرێتـەوە تەنیـا ڕووکـەشی دەرەوەی دەگرێتەوە، بەوەش دڵخۆش دەبێت کە پۆلیسی بەردەرگا ئەو بەرگەی بدڕێنن.


ئێـسـتـا ئەوەمـان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەو بەرگەی کە سەرتاپای جەستەی ئەمی لە منداڵییەوە داگیـرکردووە، وەکـو دابونەریت و عـەقڵ و بۆچوون و کـولتـوور بوونەتە بەشێک لەبوونی ئەو کە جۆرێکە لەنەفرەت، جیابوونەوە لەو بەرگە ڕزگـاربوونە لەو نەفرەتە. بەواتا ئەم کـەسێـتـە وەها سـەیری جلوبەرگـەکـانی پێش زانکۆی دەکـات کـە مـایەی ئازارو کـوێلەیی و خـەم و ژانن بۆی، هەر لەگـەڵ ڕزگـاربوونی خـۆیشـیدا خەم بۆ ئەو کورو کچە گـەنجانە دەخوات، کـە ناتوانن ئەو بەرگـە دامـاڵن، کـەواتە لێرەوە بەتەواوەتی بۆمـان دەرەکەوێت کە مەبەست لەو جلوبەرگە

ئەو عەقڵیەت و دابونەریتەی ئێمەیە کە بووەتە بەشێک لە بوونمان و بە ئاسانی لێی جیانابینەوە، بەڵام ئەم پێی وایە قۆناغی زانکۆ قۆناغێکە کە دەبێ ئەو نەفرەتە لەخۆمان دامالّین بۆ ئەوەی ڕووی ئەوەمان هەبێت لەو دامەزراوە نوێیەدا درێژە بە ژیانی خۆمان بدەین، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تاکو ئەم چرکە ساتەش لە بۆچوونی گێڕەرەوە و پاڵەوانی چیرۆکەکەوە زانکۆ ئەو دامەزراوە پەروەردەییەیە کە وەکو شارێکی خەیاڵی سەیری دەکات، شارێک کە ئاسوودەیی و بەختەوەری و خۆشەویستی و عەشق و ئازادی لە خاسیەتە دیارەکانی بێت.

ئەم کەسێتە دەیەوێت سیمای ئەو کوڕو کچە گەنجانەی کە تاکو ئەوکاتەش هەمان جلوبەرگی پێش زانکۆیان لەبەردایە و تەنانەت سیمای براکەشی لە یاد بکات، بەڵام دەبێ بۆ ئەم کارەی پاساو بهێنێتەوە، پاساوی ئەمیش ئەوەیە کە ئەم بەدبەختی و کوێرەوەری نەک هەر بێزاریان کردووە، بەڵکو تا سەر ئێسقان سوتاندوویانە، بۆیە پێی وایە ئەم لەپێش هەموو کەسێکی ترەوە مافی گۆڕانکاری هەیە، گۆڕانکاری لە سیماو ڕوخساریدا ئەویش بە فڕێدانی ئەو بەرگەی کە لەکیف دەچێت و هەموو جەستەی ئەمی گرتۆتەوە.

ئەم کەسێتە کە پێ دەخاتە ناو بەشی تۆماری زانکۆوە لەلای خۆی ئەو هەستەی هەیە کە دەبێ ئەم کەسێکی گرنگ بێت و نەک هەر کچانی بەردەرگا، بەڵکو سەرجەم کچانی کارمەند بە قەیرەکانیشەوە بایەخێکی زۆری پێ بدەن و لە ڕایی کردنی کارەکانیدا یارمەتی بدەن. ئەم وەک خۆی ئاشکرای دەکات دەیەوێت ناوەکەی بۆ بدۆزنەوە. قسەکردن لە بارەی ناوەکەیەوە تەمومژاوییە، چونکە نە لەسەر زمانی خۆیەوە نە لەسەر زمانی کەسێکی ترەوە هیچ لەبارەی ناوەکەیەوە ناگوترێت، بەڵام ئەو کچەی کە بانگی دەکات و دەیەوێت ناوەکەی بۆ بدۆزێتەوە بە (بەرهەم) ناوی دەبات.

ئایا بە ڕاست ئەم ناوی بەرهەمە؟ ئایا ئەو کچە چۆن دەزانێت ناوی بەرهەمە؟ بێ گومان ئەو تەمومژەی لەسەر ناوەکەی هەیە دەری دەخات کە ئەم کەسێتە تەنانەت لەسەرچاوەیەکی ئەسڵەوە ناوەکەشی نابیسترێت، ئەوەش بەتەواوەتی شوناسی ئەو دەخاتە بەردەم گومانەوە وا هەست دەکەین کە لەبنەڕەتدا کەسێتییەکی ونبووە، یان کەسێتییەکە ناوی نەبووە، نەبوونی ناویش بەندە بە نەتوانینی خۆ سەلماندن و ئامادەبوونەوە، واتە ئەم کەسێتە پێشترو تاکو ئەوکاتەش نەیتوانیوە بوون و ئامادەبوونی خۆی بسەلمێنێت، هەربۆیە نەیتوانیوە ببێت بە خاوەنی ناو.گەڕانی کچەکە بەدوای ناوێکی وەهمیدا لەخۆیدا جۆرێکە لە ونبوون کە ئەوەش لەگەڵ ڕاڕەوی دوورو درێژو تاریکی نێو ئەو تۆمارگەیەدا یەکدەگرێتەوە، کە ئەو ڕاڕەوانە هاوشێوەی دەهالیزە تاریکەکانی مێژووی ئێمەن و لە هەمان کاتدا ئەو دەهالیزانە بریتین لە شوێنی فایلی نهێنی هەمووومان بریتین لەو زەمینەی کە سەرجەم نهێنییەکانی شارێک یان وڵاتێکی تێدا حەشار دراوە و لە هەمان کاتدا فایلەکانی ڕزیوون و تۆز هەموویانی داپۆشیوە. ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە کەس ناتوانێت یان نەیتوانیوە تاکو ئێستا بەدوای دۆزینەوە و ئاشکرا کردنی نهێنی ناو ئەو فایلانەدا بڕوات و وەکو ئەوەی هەن بیانخاتە ڕوو، هەمان شێوەی مێژووی شاراوە و پەردە لەسەر نراوی ئێمە، هەمان شێوەی ئەو هەموو نهێنییە شاراوەی لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی ڕۆژانەی ئێمەدا هەن. ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا پاڵەوانی ئەم چیرۆکە لە ڕاستیدا قوتابییەکی تازە وەرگیراوە لە زانکۆ و بەدوای ناوی خۆیدا دەگەڕێت یان کەسێکی ئاسایی نێو کۆمەڵگایە و دەیەوێت فایلی تایبەتی خۆی بدۆزێتەوە یان کەسێکی ترەو دەیەوێت بەدوای نهێنییەکانی مێژووی هەموومان‌دا



بگەڕێت؟

بەهەرحاڵ ئەگەرچی ئەم کەسێتیە وەکو قوتابییەکی نوێی زانکۆ پێشکەش دەکرێت، بەڵام لە ڕاستییدا لە ڕێگای باسکردنی فایلەکەیەوە و لە ڕێگای شێوازی گەڕان بەدوای ناوەکەیدا بۆمان دەردەکەوێت کە ناشێت ئەو قوتابییەکی نوێ بێت، چونکە تۆز لێ نیشتنی فایلەکەی و گەڕانێکی زۆر بەدوایدا لە ڕاڕەو و سەرداب‌دا دەری دەخەن ناو و مێژووی ئەم کەسێتە نوێ نییە، هەروەک چۆڵی فایلەکەشی دیسان دەری دەخات کە خاوەنی مێژووی نهێنی نییە. یان باشتر بڵێین مێژووی نییە.

بێ گومان تێکەڵاوییەک لەشێوەی کارکردنی ئەم چیرۆکەدا هەیە کە ئەویش کۆکردنەوەی فایلی هەموو شارە لەتۆماری زانکۆدا کە دەشێ ئەوە لە جێگای خۆیدا نەبێت، ئێمە دەزانین چیرۆک ملکەچی ئەوە نابێت کە لەواقیعدا هەیە، بەڵام ناکرێت کاتێ لەچیرۆکدا باسی واقیعێک بکەیت کە هەیە و نەزانیت سەرچاوە و ناسنامەی ئەو واقیعە چییە و لەکوێوەیە. لێرەدا چیرۆکنووس باسی فایلی نهێنی شارێک دەکات، بەڵام بۆ دەبێ فایلی نهێنی ئەو شارە لە تۆماری زانکۆدا بێت و لە ڕێگای قوتابییەکی تازە وەرگیراوەوە هەوڵی ئاشکراکردنی ئەو فایلە بدرێت. دەشێ لە ڕێگای ئەم قوتابییە تازە وەرگیراوەوە فایلی نهێنی زانکۆ ئاشکرا بکرێت، بەڵام فایلی نهێنی شار دەشێ لەتۆماری باری شارستانی یان خانەی داد یان ڕەگەزنامە یان ئاسایش یان دەزگای چاودێری ئەخلاقییەوە تۆمار بکرێت و هەر لە هەڵدانەوەی لاپەڕە و فایلەکانی نێو ئەم دەزگایانەوە نهێنییەکان ئاشکرا بکرێن، بەڵام ئەو کچەی کە دەیەوێت فایلی پاڵەوانی چیرۆکەکە بدۆزێتەوە دەڵێت (ناو و تەمەن و کارو جنس و ڕەنگی هەموو خەڵکی ئەو شارە لەوەتەی هەیە، لەو فایلانە نووسراوە). لێرەوە تێدەگەین کە مێژووی فایلەکان لەگەڵ مێژووی شاردا دەست پێدەکات، بەڵام مێژووی زانکۆ مێژوویەکی نوێیە، بەهەرحاڵ ئێستا ئێمە واز لەو شوێنە دەهێنین کە فایلی نهێنی شاری تێدا کۆکراوەتەوە، بەڵام ئەو پرسیارە بەرز دەکەینەوە ئایا لە پشکنینی فایلەکان و ئاشکراکردنی ناوەرۆکەکانیان چیمان لەبارەی شارەوە بۆ ئاشکرا دەبێت، ئایا شوناسی ڕاستەقینەی شارو شوناسی خەڵکەکەیمان بۆ دەردەکەوێت؟ ئایا ئاشکراکردنی فایلی نهێنی شار هیچ ڕووناکییەک دەخاتە سەر ناسنامەی بەشاربوونی ئەم جوگرافیایە کە بە شار ناودەبرێت؟ ئایا لە میانەی ئاشکراکردنی ئەو فایلانەوە ئاستی عەقڵی و ئەخلاقی و پەروەردەیی شارمان بۆ دەردەکەوێت؟ ئایا ناوەرۆکی فایلەکان شێواز و ئاستی پەروەردە و ڕۆشنبیری و کولتووری و شارمان بۆ دەردەخات؟ ئایا لە ڕێگای ئێسک و پرووسک و تەپۆتۆزی فایلەکانەوە دەتوانین ئاماژەیەک بۆ بوونی شارستانێتی، ڕۆشنبیری، فیکر، ئازادی، دیموکراسی، یەکتر قبوولکردن، پێکەوە ژیان، لێبوردن بدۆزینەوە؟ یان بە پێچەوانەوە ئایا ئاشکراکردنی ناوەرۆکی فایلی نهێنی ئەم شارە پێمان دەڵێت چۆن عەقڵی تاکەکەس و ئەخلاقی تاکەکەس و ڕوانینی تاکەکەس دەسەلاتی بەسەر بوونی شاردا سەپاندووە و شار لە خۆیدا زیندانێکی بەربلاو بووەو هەرچی بنەمای شارستانێتی و فیکری هەیە لەم شارەدا بوونی نەبووە و دەسەلاتی تاکە کەس و عەقڵ و ستراتیژی باوی خێڵ و کولتووری خێڵ ئەم شارەی بەڕێوەبردووە و ئازادییەکانی تاکەکەس لە ئاستی نەبووندا بوون، هەمووکۆمەڵگاکە دەشێ لە چوارچێوەی شاردا پێناسەی بکەین عەقڵی دەستەجەمعی بەڕێوەی بردووە و دابونەریت و ئەخلاقی باوی کۆمەڵگا دەسەلاتی بەسەردا سەپاندووە و شاری بەڕێوە بردووە؟ دەشێ لەمیانە پشکنینی ئەو فایلانەوە لێکۆڵینەوە و هەڵکۆڵینیانەوە زۆر نهێنی ئاشکرا بکرێت.

**ئەم چیرۆکە ئەو جیهانبینییەمان بۆ بەرهەم دێنێت کە ڕابردوو، دابونەریت و کولتووری کۆمەڵگا لە هەر کاتێکدا دەوری کاریگەری خۆیان هەیە**

گەڕانی کچەکە بەدوای پیتی (ب)دا واتە گەڕان بەدوای ناوی بەرهەمدا کۆتایی نایەت، چونکە پێدەچێت ڕیزبەندی لە دانانی پیتەکاندا نەکرابێت، ئەگەر ڕیزبەندی هەبوایە ئەوە پیتی (ب) دووەم پیتەو بەزوویی کچەکە دەیتوانی بچێتە سەر ئەو پیتە، نەبوونی ڕیزبەندی و ڕێکخستنی شوێنی پیتەکان بەدوای یەکدا بەڵگەی ئەوەن کە لەم شارەدا عەقڵی بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و بە سیستەمکردنی شتەکان لاواز بووە، ئەوەش بەشێکە

لەمێژووی ئەم شارە کە هەموو شتێک لەخۆوە و بێ بەرنامە و بێ بوونی عەقڵی ڕێکخستن بەڕێوەبراوە، بۆیە شتەکان لە یەکتر جیانەکراونەتەوە و ڕێکنەخراون دەشێ کۆکردنەوەی فایلی نهێنی شاریش لە زانکۆدا هەر پێوەندی بە نەبوون و لاوازی عەقڵی بەڕێوەبردنەوە هەبێت.

بێ گومان ئەو وەسفەی گێڕەرەوە بۆ فایلەکان و کچەکەش دەیکات کە دیارە گێڕەرەوە لێرەدا کەسێتی دیاری چیرۆکەکەیە، لەوەیدا کە نقووم بوون لە تۆزداو بەشێکی زۆریان ڕزیون و دیمەنی کچەکەش چۆن لەناو ئەو تەپوتۆز و فایلە ڕزیوانەدا نزیکە لەوەی ون ببێت، لەلایەکی کۆن و دێرینی فایلەکان نیشان دەدات، لەلایەکی تر تیشک دەخاتە سەر فەزای ئەو ڕاڕەو و سەردابانە کە چەند ترسناک و ناخۆشن، ئەوەش لەگەڵ ناوەڕۆکی ترسناکی فایلەکاندا یەک دەگرێتەوە، واتە چیرۆکنووس دەیەوێت لە ڕێگای دروستکردنی فەزایەکی وەها ترسناکەوە ترسناکی و هەستیاریی ناوەڕۆکی فایلەکان دەربخات، کە ئەوەش لە بارێکی تردا بریتییە لە مێژووی شارکە ئەویش دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت، یەکێکیان ناشیرینی و دزێویی ئەو مێژووەیە، ئەویتریان پەردە سەرەوە نانی ئەو مێژووە و شاردنەوەیەتی کە ئەویش دەشێ بەهۆی ناشیرینیەکەیەوە شاربێتەوە یان لە بنەڕەتدا ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نەبێت کە بتوانێت خۆی نمایش بکات.

لەلایەکی ترەوە هەم ئەمی قوتابی تازە وەرگیراوی زانکۆ و هەم کچە کارمەندەکەی تۆمارگەی زانکۆ دەشێ نە لە بایەخی ئاشکراکردنی ئەو مێژووە نهێنییە تێبگەن نە لەو ئاستەشدابن بتوانن نهێنی ئاشکرابکەن. کەواتە دەبێ بۆچی چیرۆکنووس ئەو ئەرکە بەدوو کەسی وەها بسپێرێت، ڕەنگە بەلای ئەو لێکدانەوەیەدا بچین کە ئەرکی ئاشکراکردنی ڕابردووی شاراوەی ئێمە بکەوێتە سەر شانی نەوەی نوێی خوێندەوار کە قوتابی زانکۆ دەبێ نوێنەرو پێشەنگی ئەو نەوەیە بێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە قوتابییەکە تەنیا دەوری چاودێر دەبینێ و ئەوەی بەدوای ناوێکدا دەگەڕێت ئەو نییە- کە دەشیا لە ڕێگای جۆرێک لەتوێژینەوەوە قوتابییەکە یان هەر توێژەرێک بگەیشتایەتە نێو ڕاڕەو و سەردابی فایلە ڕزیوەکان و لەوێوە بە وردی خوێندنەوەی بەرفراوانی ناوەڕۆکی فایلەکانی بکردایە و لەسەر بنەمای ئەو توێژینەوەیەش ئاخاوتنی ڕابردووی شاری بکردایە بە هەموو خاسیەتەکانییەوە، بەڵام سەربارای ئەوەی کە پێشتر کچەکە دەڵێت «ناو و تەمەن و کار و جنس و ڕەنگی هەموو خەڵکی ئەو شارە، لەوەتەی هەیە لەو فایلانە نووسراوە». ئێستا نهێنییەکی تر لە بارەی فایلەکانەوە ئاشکرا دەکات کە دەشێ مەبەستی بەشێکی فایلەکان بێت کاتێ دەڵێت «با ئەو فایلانە بخوێنینەوە پڕن لەنامەی قاچاغی کچ و کوڕە عاشقەکان، سەردەمێکی زۆر ئێرە جێگای ئەو قوتابیانە بوو ڕاپۆرتیان دەنووسی، ڕاپۆرت دەربارەی دەرسە وشک و ڕەق و ناخۆشەکانیان».

لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەو جێگایەی فایلەکانی تێدا هەڵگیراوە تۆمارگەی زانکۆیە و دەشێ فایلی هەموو ئەو خوێندکارانەی تێدا بێت کە هاتوونەتە ئەو زانکۆیەوە- بە واتایەکی دی دەشێ چیرۆکنووس لەبری ئەوەی ئەو فایلانە وەکو مێژووی نهێنی شارو فایلی نهێنی شار پێشکەش بکات، وەکو مێژووی نهێنی و فایلی نهێنی زانکۆ پێشکەشیان بکات و لەوێشەوە ئاخاوتنی دامەزراوەی زانکۆ و ئەو عەقڵەی بەڕێوەی دەبات و ئەوەی پێشکەشی دەکات و ئەوەی تیا پەروەردە دەبێت بکرایە کە لە ڕێگای ئەو دامەزراوەوە دەشێ قسە لەسەر هەموو دەزگا باڵاکانی پەروەردەی ئێمە بکرێت و لەوێشەوە هەم لە بارەی لاوان و حەزو ئارەزووەکانیان و لە هەمان کاتدا سروشتی کارکردن و توانایشیانەوە گفتوگۆ بکرایە و ئەوەش ببوایەتە بنەمایەک بۆ قسەکردن لەسەر نوخبەی هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ و ئەو دەورەی لە کۆمەڵگادا دەیبینن لەگەڵ ئەو دەورەی کە دەبوو بیبینن.

لەسەر زاری کچەکەوە چەند شتێکمان بۆ ئاشکرا دەبێت، یەکەم ئەو ڕاڕەو و سەردابە سەردەمانێک شوێنی ڕاپۆرت نووسینی قوتابیان بووە لەسەر دەرسە وشک و ڕەق و ناخۆشەکان. کەواتە لێرەدا ئاخاوتن لەسەر سروشتی ئەو دەرسانە دێتە گۆڕێ کە قوتابی لە زانکۆدا دەیخوێنێت کە وشک و بێ چێژ و ناخۆشن و بەو پێیەش دەردەکەوێت کە ئەو دەرسانە پێوەندییان بە ژیانی قوتابییەوە نییە و دوورو نزیک هیچ گوزارشتێک لە حەزوئارەزوو و سۆز و بۆچوونی قوتابیان ناکەن، ئەوەش وادەکات کە قوتابی هەست بکات کە کارێکی بەسەردا دەسەپێنرێت لەدەرەوەی ویست و ئیرادەی خۆیەتی، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم دامەزراوەی لاوان لەو قۆناغە

هەستیارەی ژیانیاندا ناچار دەکات بۆ کۆمەڵە شتێک کەئەمان نەک حەزیان لێی نییە، بەڵکو لێشی بێزارن. ئەم سەپاندنەی سیستەمی خوێندن لە ئاکامدا نەوەیەکی لاواز و بێ ئیرادە و نە شارەزا و بیر تەسک بەرهەم دێنێت کە ئەوەش وادەکات زانکۆ لە بری ئەوەی دەوری هەبێت لە ڕێکخستن و بەرەوپێشەوە بردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و عەقڵی کۆمەڵگادا، دەوری دەبێت لە بەرهەمهێنانی نەوەیەکی تووندوتیژی داخراوی تاک ڕەهەندبیندا کە جگە لەخۆی کەسی تر نەبینێت.

ڕاپۆرتی قوتابییەکان هەڵگری ئەم لێکدانەوەیەن بۆ پرۆگرامی خوێندن و عەقڵی بەڕێوەبەری ئەودامەزراوە گرنگە. قوتابییەکان بەشی زۆری کاتەکانیان بەدواندنی حەزو ئارەزووە تاکە کەسییەکانی خۆیانەوە دەبەنە سەر، بەڵام ئەوەش لە ئاستی نەبینراو و نەگوتراو و نەبیستراودا دەبێت و بەنهێنی دەکرێت، واتە تاکەکان ڕادەهێنرێن بۆ ئەوەی ڕاستییەکانی ناخی خۆیان بشارنەوە، ئەو شاردنەوەیەش لە بنەڕەتدا مانای کوشتنی ئازادی و سەربەستییە کەواتە لێرەوە و لەمیانەی گەڕان بەدوای ناوێکدا پەردە لەسەر نهێنییەک هەڵدەدرێتەوە کە لەبنەڕەتدا نەبوونی بوێری لاوانی نێو ئەو دامەزراوەیە نیشان دەدات بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی لە بەرامبەر ڕەگەزەکەی تردا دەیشارنەوە و لە واقیعیشدا هەر کام لەودوو ڕەگەزە پەرۆشی پێوەندی ڕۆحی و جەستەییە لەگەڵ ڕەگەزەکەی تردا، کەچی ئەوە لەنێوانییاندا و لەسەر زەمینەی واقیع جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو لەشێوەی نهێنی و لەچوارچێوەی نامەی عەشقدا دەردەبڕێت. کە دەشێ ئەو نامانە هەرگیز بەوی بەرامبەر نەگەن. بەواتا لەنێو ئەم دەزگا باڵایەی خوێندندا نە زمانی ڕۆح و نە زمانی جەستە لەنێوان دوو ڕەگەزەکەدا دروست نابێت، ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ قۆناغێکی سەرەتایی لەژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئەو هۆکارانەی لە پشتی دروستکردنی ئەم حاڵەتەوەن چین؟ ئایا دابونەریت و ئاینە؟ یان عەقڵی داخراوی هەردوو ڕەگەزە کە هەر جۆرە پێوەندییەکی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا کردۆتە تابۆ؟ یان خودی ئەو دامەزراوە و عەقڵی باوی کۆمەڵگا ڕێگرن لەبەردەم درستبوونی هەر

> **ئەم چیرۆکە بۆخۆی جۆرێکە لە ئاشکراکردنی کۆمەڵێک شتی شاراوە کە لە بوونی هەریەکە لە ئێمەدا ئامادەبوونیان هەیە**

پێوەندییەکی کراوەی نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا؟ بێ گومان کاتێ دەڵێین دروست نەبوونی زمانی ڕۆح و جەستە لەنێو ئەو دوو ڕەگەزەدا بەگشتی و لەقۆناغی زانکۆدا بەتایبەتی، سیمای قۆناغێکی سەرەتاییە، مەبەست لەوە نییە کە لە قۆناغی ژیانی سەرەتاییدا ڕەگەزە بەرامبەرەکان لە یەکتر دووربوون. نەخێر بە پێچەوانەوە لەو قۆناغەدا هیچ کۆت و پێوەندێکی ئەوتۆ لەسەر پێوەندی و تێکەڵاوبوونی جەستەیی دوو ڕەگەزەکە نەبوو، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کاتێک زمانی لێک تێگەیشتن لەنێواندا نەبێت مانای وایە ئەو پێکهاتەیە لە قۆناغی بەر لە دروستبوونی ئامرازەکانی پێوەندی کردندایە، هەر ئەوەشە کە هەست دەکەیت لەنێو زانکۆی ئێمەدا لەبری زمانی بەکارهێنراوی ڕۆحی و جەستەیی لەنێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا زمانی خۆ نمایشکردنێکی ساختە بۆیەکتر هەیە بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشکرا و بەربڵاو بتوانن دیوارەکانی نێوانیان برووخێنن و چیتر نامەی قاچاخی عەشق و خۆشەویستی لەدوو توێی فایلە کۆن و ڕزیوەکاندا نەشارنەوە.

دیارە ئەم خاسیەتەی زانکۆی ئێمە ئەوەمان بۆ دەردەخات هەرچەندە زانکۆ دامەزراوەیەکی باڵای خوێندنە و زیاتر بەرهەمی کۆمەڵگا شارستانی و پێشکەوتووەکانە، بەڵام لای ئێمە دامەزراوەیەکی ئاساییە وەکو هەموو دامەزراوەکانی تری ئەم کۆمەڵگایە و هەمان عەقڵ و کولتوور و پرینسیپی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێرە بەڕێوەی دەبات و تەنانەت لە سروشت و ماهیەتی زانکۆی ئێمەدا جۆرێک لە خۆنەناسین هەیە و هەر لەبەر ئەوەی ناوی زانکۆیە، وا تێدەگات هەمان خاسیەت و سروشتی زانکۆی وڵاتانی پێشکەوتووی هەیە، بەڵام لە گەوهەر و ماهیەتدا بە تایبەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەوە دەزگایەکی ئاساییە هەمان شێوەی دەزگاکانی تری ئەم کۆمەڵگایە، کەواتە تێگەیشتنی پاڵەوانی چیرۆکە لەبنەڕەتەوە تێگەیشتنێکی هەڵەیە لەسەر دامەزراوی زانکۆ کە وای بۆ دەچێت هەر کە پێی نایە ناو حەرەمی زانکۆوە ئیتر وەکو مار کاژەکەی فڕێ دەدات و دەگۆڕێت و دوای چوار ساڵیش کە هاتە دەرەوە دەبێتە مەخلووقێکی تەواو جیاواز لەوەی پێشتر و تەنانەت جیاوازیش لە هەموو ئەو

بەشە فراوانەی خەڵک کە نەچوونەتە زانکۆ. دەشێ ئەمە جۆرێک لە تێڕوانین بێت بۆ ئەو نوخبەیەی کە دەبێت زانکۆ بەرهەمی بهێنێت، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە ئایا زانکۆی ئێمە توانیویەتی سادەترین شێوەی ئەو نوخبەیە دروست بکات کە لەکۆمەڵگادا شوناسیان هەبێت و لە هەمان کاتیشدا دەوریان هەبێت لە ئامادەکردنی پرۆژەی گۆڕانکاریدا.

لەنێو ئەو نامانەی کە لە دوو توێی فایلە کۆن و ڕزیوەکاندا تۆز لێیان نیشتووە، نامەکانی ژاکۆن لە هەموویان دیارترن، هەروەک ئەم چیرۆکەش بەناوی ئەو نامانەوە ناونراوە. کەواتە دەبێ ئەم نامانە لەگەوهەر و ماهیەتدا ڕەسەنترین نامەی عیشق و دڵداری بن و لە جوانی و هەستیاریدا سەرنج ڕاکێشترین نامەبن. دەشێ بپرسین ژاکۆن کێیە؟ ژاکۆن یەکێکە لەو قوتابییە کچانەی کە مادەی زۆر لە ڕاڕەوە تەنگەکانی ئەو تۆمارگەیەدا ماوەتەوە و بە حیساب سەرقاڵی نووسینی ڕاپۆرت بووە لەسەر دەرسە وشک و بێ تامەکان، لەو ساتانەدا جوانترین و بەچێژترین نامەکانی عیشق و دڵداری نووسیوە، بەڵام نازانرێت ئایا ئەو نامانە بۆ کەسێکی دیار نووسراون یان لەبنەڕەتدا کۆمەڵێ نامەی گشتین و گوزارشت لە هەست و ڕۆحی هەر کەسێک دەکەن کە شنەبای عیشق لە ڕۆحی سەرکوتکراوییەوە هەڵی کردبێت؟ بە واتایەکی دی دەتوانین بڵێین نامەکانی ژاکۆن نامەی هەر عاشقێکن لە هەر سەردەم و سەر زەمینێکدا بێت، چونکە بە هەستێکی عاشقانەی پەرۆشەوە نووسراون و گوزارشت لە ڕاستییەکانی ناخی لاوێک دەکەن، بۆ دواندنی ڕەگەزەکەی بەرامبەری.

نامەکانی ژاکۆن نامەی کچێکی عاشقە کە ئازادی تەنیایی ڕۆحی دەکرۆژێت، کچێک کە هەست دەکات چەندین چرای گەش لەناخیدا دەسووتێن، بەڵام تەنیایی و هەستکردن بە نەبوونی خۆشەویستی ڕۆژانە ئەو چرایانە کز دەکات و دەیانکوژێنێتەوە، تا ئەنجام ناخی دەبێتە تاریکستان. لە چرکەساتی کوژانەوەی چراکان و بوون بە تاریکستانی ناخیدا پەنا بۆ ڕزگارکەرێک دەبات و داوای لێدەکات لەو حاڵەتە ترسناکە ڕزگاری بکات، کوژانەوەی چراکانی ناخ مانای کوژاندنەوەی چرای ژیانە چونکە ساتێک ئەو چرایانە دەکوژێنەوە کە مرۆڤ هیچ ئومێدێکی نەمێنێت. هەڵبەت دەشێ لە بنەڕەتدا ئەو چرایانە بە ئومێدی جۆراوجۆری ژیان دابنرێن و کوژاندنەوەی هەر چرایەک هەرەسهێنانی ئومێدێکە هەتا سەرئەنجام ئەم مرۆڤە هەستیارە هەست دەکات هەموو هیواکانی هەرەسیان هێناوە، ئەو هیوایانەی کە پاڵنەری ژیان و هەموو چالاکییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤن، مرۆڤێک کە هێشتا لەسەردەمی لاوێتیدایە و هەزاران خەون و هیوای هەیە، بەڵام تەنیایی هەموو خەونەکانی هەڵدەوەشێتەوە و هەموو هیواکانی دەرووخێنێت.

ژاکۆن لەنامەکانیدا باسی ئەوە دەکات کاتێ ئومێدی بەدیهێنانی خەونەکانی بووە سەرمەستانە جووڵاوە و جلی لەبەرکردووە و خۆی بەجوانترین شێوە نمایش کردووە، بەتایبەتی کاتێ باسی جلوبەرگەکانی و سیماو ڕوخسار و بەشەکانی جەستەی خۆی دەکات و ئەو وەسف و وێناکردنە جوان و شەنگەی خۆی و بەشەکانی جەستەی بۆ ئەوی دڵدار دەنێرێت، بەو هیوایەی بجووڵێت، یان سەرنجی ئەو بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بێ گومان ئەوە حاڵەتێکی سروشتییە نەک هەر لە مرۆڤدا، بەڵکو لە هەموو زیندەوەرانی تریشدا هەر ڕەگەزە هەوڵدەدات بە جوانترین شێوە لەبەرامبەر ڕەگەزەکەی تردا دەربکەوێت یان خۆی نیشان بدات. دیارە ئەوەش دەزانین کە لەکاتێکدا هەریەکە لە دوو ڕەگەزەکە بە تایبەتی لەسەرەوەختی لاوێتیدا بەجوانترین شێوە خۆیان لە بەرامبەر ڕەگەزەکەی تریاندا دەردەخەن، بەڵام ئەو بوێرییەیان نییە لەگەڵ یەکتردا بکەونە دواندن و دیوارەکانی نێوانیان بڕووخێنن، دیارە ئەم قسەیەمان پەیوەستە بەو جوگرافیاو واقیعە کۆمەڵایەتییەوە کە ئەم چیرۆکەی تێدا بەرهەم هاتووە. بەواتایەکی دی دەتوانین بڵێین نامە قاچاخەکانی عیشق و دڵداری لە غیاب و نەبوونی عیشق و دڵدارییەکی ڕاستەوخۆی نێوان دوو ڕەگەزەکەدا لەدایک بوون، کاتێ زمانی دواندنی ڕۆح و جەستە لەنێوان ئەو کچ و کوڕە لاوانەدا دروست نابێت، لە ڕێگای زمانێکی ترەوە هەست و سۆزی پەنگ خواردووی ناوەوە بەرامبەر بەوی ڕەگەزی بەرامبەر دەردەبڕدرێت کە ئەویش زمانی نووسینە، لەسەر جوگرافیای ئەم چیرۆکەش نامەکانی عیشق بەگشتی و نامەکانی ژاکۆن بە تایبەتی لە بری ئەوەی بۆ کەسێکی تایبەت ئاراستە کرابن و گفتوگۆی نێوان دوو عاشق بن، نامەی یەک لایەنەن و بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەکراون بۆ هەر کەسێک کە هاوبەش بێت لە هەمان هەست و سۆزدا، هەر ئەوەش وایکردووە کە لەبری ئەوەی لەلای

کەسێکی دی واتە لای دڵدارەکەی بدۆزرێتەوە، لە فایلە کۆن و تۆز لەسەر نیشتووەکاندا دەدۆزرێنەوە. وەکو پێشتریش گوتمان نامەکانی ژاکۆن باسی ئەو مردنە هێمنە دەکەن کە مرۆڤ لە نەبوونی خۆشەویستی و لە نەبوونی کەسێکدا کە لە رووی رۆحییەوە تێی بگات و پێوەی بەندبێت روودەدات، واتە ئەو لەو مەردنە رۆحی و مەعنەوییە دەدوێت کە مرۆڤ لە ئەنجامی هەست بە تەنیایی کردندا رووبەرووی دەبێتەوە.

ژاکۆن باسی ئەوە دەکات ئەگەر بیزانیایە کوژاندنەوەی چراکانی ناخی هێندە ئازاربەخشن، ئەوە هەرگیز ئەو چرایانەی هەڵنەدەکرد، هەروەک کچەکەش لەگەڵ ئەودا دەڵێت دەشێ ئەو چرایانە دانەگیرسێن؟» واتە پرسیار دەکات، بێ گومان ئەگەر ئەو چرایانە، چرای عیشق و خۆشەویستی و ئومێد و ژیان دۆستی و ئایندە خوازی بن، ئەوی مرۆڤ ناتوانێت دەسەڵاتیان بەسەردا بکات، چونکە سەرچاوەی ئەمانە لە دەرەوەی توانای مرۆڤە و لەبری ئەوەی مرۆڤ ئەوان کۆنترۆڵ بکات، ئەوان دەسەڵات بەسەر مرۆڤدا دەکەن و دەیجوولێنن و ئاراستەی دەکەن، بە تایبەتی مەسەلەی خۆشەویستی و مەسەلە رۆحییەکانی مرۆڤ لە شوێنێکەوە سەرچاوە دەگرن مرۆڤ لە ئاستیاندا دەستەوسانە، هەندێ لەو مەسەلانەش راستەوخۆ پەیوەستن بە غەریزە و دنیای فیسیۆلۆژی مرۆڤەوە، واتە لە رووبەرێکدان لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤ خۆیدان، بۆیە مرۆڤ بەدەستی خۆی نییە کە ئەو چرایانە دابگیرسێنێت یان نا، کاتێکیش کە کچە کارمەندەکە دەپرسێ لەوەی ئایا دەشێ ئەو چرایانە دابگیرسێنرێن، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەویش هێشتا لە شێواز و سروشتی چراکانی ناخی مرۆڤ و چۆنێتی داگیرساندنیان و چۆنێتی ئیشکردنیان شارەزا نییە، راستییەکەشی ئەوەیە کە بەگشتی ناخی مرۆڤ زۆر لەوە ئاڵۆزترە هەروا بە ئاسانی لێی شارەزا ببین.

ژاکۆن وای نیشان دەدات کە خۆی ئەو چرایانەی داگیرساندووە، ئەگەر مەبەست لە داگیرساندنی چراکان دروستکردنی پێوەندی خۆشەویستی بێت لەگەڵ رەگەزەکەی تردا دەبێت بتوانێت ئەو پێوەندییە دروست نەکات، بەڵام ئەگەر مەبەست هەستی ناخی بێت بۆ پێویست بوونی بەو پێوەندییە و چراکانیش هێزی پاڵنەر و رۆحی ئەو پێوەندییە بن، ئەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوان.

نامەکانی ژاکۆن دەبنە مانیفێست بۆ هەموو ئەو کچ و کورە گەنجانەی کە نەیانتوانیوە ئەو پێوەندییە ببەستن و بەفیعلی عیشق بکەن، بۆیە گەراونەتەوە بۆ نێو رارەوە تەسک و تۆزاوییەکان و نامەکانی ژاکۆنیان کۆپی کردووە و چێژیان لە خوێندنەوەیان وەرگرتووە، چونکە ئەو نامانە بریتی بوون لە گوزارشت کردنی هەست و سۆزی هەموو ئەو لاوانەی کە تینووی پێوەندی بوون و بۆیان نەگونجاوە ئەو پێوەندییە دروست بکەن، ئێستا بەو سۆزە پەنگ خواردووەی نێو نامەکانی ژاکۆن نەمامی زەرد هەڵگەراوی هەست و سۆزی ناخی خۆیان ئاودەدەن، ئەو چێژەی لە خوێندنەوەی ئەو نامانە دەیبینین ئەوەیە کە ئاسوودەییەک بە ناخیان دەبەخشێت.

بیستنی دەنگی گۆرانی کچێک کە نامەکانی ژاکۆنی کردۆتە گۆرانی و شەش ساڵ دوای ژاکۆن هاتووەتە ئەو رارەوانە و لە فایلە رزیوو تۆزاوییەکاندا نامە قاچاخەکانی دۆزیوەتەوە، دیارە زۆر پێیان سەرسام بووە، بۆیە هەمووویانی کردۆتە گۆرانی. گۆرانییەکانیش هەمان ئێش و ژانەکانی ژاکۆنن، بەڵام گوزارشت لە ئازارەکانی ئەو کچە گۆرانی بێژە و هەموو قوتابییەکانی تریش دەکات، چونکە بەگشتی هەست دەکەن زانکۆ بەشێکی دیاری تەمەنی لاوێتی لێ بردوون و لە بەرامبەردا هیچی پێنەخشیون، بەڵکو بەهەمان ئەو بەرگەوە دەگەرێنەوە کە پێشتر پێیەوە هاتبوون، تەنانەت خەم و ئازارەکانیشیان زیاتر بوون، چونکە ئەوەی چاوەروان بوون لە زانکۆدا بەدەستی بهێنن و دیوارەکانی تەنیایی برووخێنن وەها دەرنەچوو، بەڵکو بەگشتی وەکو گەڵای ئەو درەختە تەنیا و رووتن کە ژاکۆن خۆی پێناساند و لەژێر سێبەرەکەیدا رادەوەستا، بەڵام نە ئەم توانی چێژ لە جوانی و سوود لە سێبەرەکەی وەربگرێت، نە ئەویش توانی درەختێکی بەخشندە بێت و بەخشینی بۆ ئەم هەبێت، بە واتا زانکۆ وەکو ئەو درەختە زرەیە کە ناتوانیت هیچ بەرهەم بهێنێت و هیچ دروست بکات و هیچ ببەخشێت- وێنەی کچەی گۆرانیبێژیش بریتییە لە درێژبوونەوەی مێژووی ئازارەکانی ژاکۆن کە ئازاری هەموو قوتابییەکانە، دەنگی ئەم کچەش لە شوێنە قووڵ و نادیار و تەپوتۆزاوییەکانی رارەو و سەردابەکەوە دێت. لە شوێنێکەوە نەدەبینرێ و نە کەس پێی دەگات، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە سەرچاوەی نامەکانی ژاکۆن لە رووبەرە نەزانراو و پر نهێنییەکانی ناخیدا سەریان هەڵداوە و سەرچاوەی ئەو

سۆز و هەڵچوونە و هەستکردن بە پێویستبوون بە خۆشەویستی و سۆز و میهری ئەوی ڕەگەزی بەرامبەر بەگوێرەی مرۆڤ مادەم کۆنترۆڵ ناکرێت وەکو نهێنییەک سەیر دەکرێت. دەنگی کچەکە دەنگی ناخی ژاکۆنە نازانرێت ئەو دەنگە لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت، دەنگێکە داوای ڕزگاربوون لەو حاڵەتە دەکات کە تێیدا تەنیا ڕۆحی دەخوات و ئومێدەکانی هەرەس دەهێنن و چراکانی ناخی یەک یەک دەکوژێنەوە.

لەکاتێکدا کە فایلەکان ناوی نهێنی چەندین کوڕ و کچی لاویان تێدایە و چەندین نامەی قاچاخی خۆشەویستی فایلەکانی پڕکردۆتەوە و دەنگی کچێکیش بەسۆزەوە نامەکانی ژاکۆن دەکات بە گۆرانی، لەلایەکی ترەوە هەندێ لە فایلەکان فایلی پیاوانی مێژوون، ئەوانەی لەسەردەمی خۆیاندا ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاویان هەبووە و هەروا بە ئاسانی تەسلیمی داواکارییەکانی ناخیان نەبوون یان لە ئاستێکی تردا هەموو حەزو ئارەزووە غەریزی و بایۆلۆژییەکانی ناخی خۆیان گەیاندووەتە حاڵەتی بڵندبوون و مێژوویان پێی دروست کردووە. دەنگی ناو ئەو فایلانە داوا لەپاڵەوانی چیرۆکەکە دەکات کە ئەو نامەسووکانەی عیشق و دڵداری فڕێ بدات و گوێ بۆ پیاوانی مێژوو بگرێت، بەڵام ئەم بەلایەوە پەسەندە بەدوای حەز و ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆیدا بڕوات تا ئەنجام یەکێک لە پیاوانی مێژوو بە خەنجەرێکی بەخۆڵ بوو پیاوەتی ئەم دەکوژێت.

کوشتنی پیاوەتی ئەم لەنێو حەرەمی زانکۆدا مانای کوشتنی حەز و ئارەزووی دنیایی نێو ئەو دامەزراوەیە. بەواتایەکی دی دەتوانین بڵێین ئەو پیاوەی لە مێژووەوە دەگەڕێتەوە بە خەنجەرێک پیاوەتی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەکوژرێت، ئەوە بریتییە لە ڕابردوو، لە کولتوور و عەقڵ و دابونەریتی نێو ئەم کۆمەڵگایە کە هەمیشە لە ژیانی نەوەکانی دواتردا دەوری خۆی دەبینێت. ڕاستە دەشێ لە هەر سەردەمێکدا نەوەک هەبن بیانەوێت ئەو کولتوور و دابونەریتە بڕووخێنن، بەڵام ڕەگوڕیشەی ئەو ڕابردووەی کە کولتوور و دابونەریت و عەقڵی ئەو ئێستاش کاردەکات بە ئاسانی دەتوانێت بەربەست دابنێت و لەکاتی پێویستدا کاری خۆیشی بکات بەجۆرێک هەموو خەونەکانی ئایندە هەڵوەشێنێتەوە. ئێستا پاڵەوانی ئەم چیرۆکە وەکو لاوێکی لیبراڵ و بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە پێ دەنێتە نێو حەرەمی زانکۆوە دەیەوێت پێش هەموو شتێ خۆی بگۆڕێت و لەوێشەوە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەست پێبکات، بەڵام پێش هەڵهێنانەوەی هەنگاوی یەکەم، ڕابردوو بۆ دوورخستنەوەی مەترسی لەخۆی و بۆ پاراستنی خۆی لە هەر هەڕەشەیەکی داهاتوو لە چرکەساتێکدا پیاوەتی ئەو لاوە دەکوژێت کە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کوشتنی پیاوەتی نەوەیەک کە بە ئومێدی گۆڕانکارییە، واتە ئەو کوشتنە بریتییە لە کوشتنی هەر پڕۆژەیەکی گۆڕانکاری لە واقیعی داخراوی ئێمەدا ئەو واقیعەی کە چیرۆکەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، هەروەک کوشتنی پیاوەتی ئەویش لەنێو حەرەمی زانکۆدا مانای ئەوەیە زانکۆ ئەو شوێنەیە کە دەبێتە زەمینە بۆ کوشتنی پیاوەتی نەوەیەک، کە مەبەست لەوەش کوشتنی هەر بکەرێکە کە ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە هەڵگری پڕۆژەی گۆڕان، ئەم لێکدانەوەیەش لەگەڵ عەقڵییەتی خۆپارێزانەی زانکۆی ئێمەدا بە تەواوەتی دەگونجێت.

کەسێتی چیرۆکەکە کە هەر خۆی گێڕەرەوەیە هەست دەکات ئەو خەنجەرە لەتی دەکات، دواتریش پێی دەڵێت تۆ دەبێتە خاوەنی خەنجەرێک کە دنیا لەت دەکات، بێ گومان لێرەدا واتێدەگەین کە ئەم دوای کوشتنی پیاوەتی هێزێکی ئەفسانەیی پێدەبەخشرێت کە دەتوانێت زۆر کاری گەورە بکات، دەشێ ئەمە وەها لێک بدەینەوە کە غەریزەی جووت بوون و گەڕان بەدوای ویستە بایۆلۆژییەکاندا کە لاوانی وێڵ و نیگەران کردووە و هەزاران نامەی قاچاغی پێ نووسیوون، توانای ئەم لاوانەی کوشتووە، دوو لەتکردنی گونی ئەم کەسێتە کە جۆرێکە لە خەساندن، توانای ئەم کەسێتە بە جۆرێکی تر ئاراستە دەکات و لەبری سەرقاڵ بوون بە مەسەلەی عیشق و دواکەوتنی ڕەگەزی بەرامبەرەوە، دەبێتە خاوەنی هێزێکی بڵندبووی ئەفسانەیی کە توانای لەتکردنی دنیای دەبێت، واتە دەبێتە بکەرێکی ڕووداو و دروستکەر، هەرچەندە لە ڕوویەکی ترەوە خەساندن جۆرێکە لە کوشتنی توانای بکەری و هێشتنەوەی ئەو کەسێتەیە لە بارێکی ناکارایی و بێ بەرهەمیدا.

دیسان بەلای کچەکەوە دنیا دەبێ لەت بکرێت وەکو دوو لێو بۆ ئەوەی توانای دواندنی هەبێت. بێ گومان دەبێ مەبەست لە دوو لەت بوون، کردنەوە بێت، کردنەوە بەو مانایەی کە دروستکردنی ئاخاوتنە. کەواتە دیسان دەشێ وای بۆ بچین کە دواکەوتنی حەزو ئارەزووە

تایبەتییەکانی لاوان و گەڕان تەنیا بەدوای عەشقدا دەبێتە حاڵەتێک کە زمان بوونی نامێنێت یان بە مانایەکی تر ئاخاوتن خاسیەتەکانی خۆی لەدەست دەدات و چیتر ئامرازێک لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا نامێنێت بۆ پێوەندی کردن و لێکتر تێگەیشتن. هەروەک دنیا دەشوبهێنرێت بە ژن، بۆ ئەوەی بدوێت دەبێ بکرێتەوە- دەشێ مەبەست لەکردنەوە لێرەدا یەکەم کردەی سێکسی بێت کە تیایدا پەردەی پاکیزەیی دەدرێت، ئەوسا مەگەر سانسۆری دابونەریت و ڕەوشت ببنە ڕێگر، ئەگینا ئەو دنیایەکە دنیای ژنە دەتوانێت بێ ترس لەوەی جارێکی تر ئەو پەردەیە لە دەست بدات پێوەندی خۆی لەگەڵ پیاو ئەنجام بدات کە ئەوەش ئەوساتەوەختەیە کە تێیدا زمانی جەستە دروست دەبێت. بەو مانایەی کە ئاخاوتنی نێوان دووجەستە دروست دەبێت. دوا نامەی ژاکۆنیش هەر هەمان لێکدانەوەی بۆ دەکرێت کە ژاکۆن بە ئاشکرا داوا لە هەر کەسێکی ڕەگەزی بەرامبەر دەکات کە خاوەنی خەنجەری پیاوەتییە هەڵیبدرێت، واتە لەگەڵی بکەوێتە دواندن و ئەو درگایەی جەستەکە لە دروست بوونییەوە داخراوە یان بەداخراوی دروستکراوە ئێستا بۆی بکاتەوە بۆ ئەوەی پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دروست بکات کە ئەویش بریتییە لە بە یەکگەیشتنی دوو جەستەی بەرامبەر، واتە دروست بوونی ئاخاوتن لە ئەنجامی کرانەوەدا.

دوای نامە قاچاخەکانی عیشق و دڵداری سەرەی نامەکانی شەڕدێن، کە ئەوانیش چەندین ڕاڕەویان داگیرکردووە و نهێنییەکانی شەڕ و ئازاری شەهیدەکان نیشان دەدەن. نامەی شەهیدێک لەوە دەدوێت کە جگە لە ترسی هاوڕێکانی هیچی تری نییە بۆ دڵدارەکەی یان بۆ ئەو کەسەی بنێرێت کە نامەکەی بۆ دەنووسێت، تەنیا باسی ئەویادەوەرییانەی بۆ دەکات کە پێش شەهیدبوونی لەزانکۆ چۆن ئەو چرای هەرە گەشەی ڕووناکی ناخی بووە، باسی حەزو ئارەزووەکانی ئەوسای خۆی و جوانی و بزەی ئەو و نەوێرانی خۆی دەکات بۆ نزیک بوونەوەو بەیەک گەیشتن... نامەی شەهیدیش لەبری ئەوەی باسی چەمکی شەهیدبوون و بەهای شەهید و گێڕانەوەی نرخ و پایە بۆ شەهید بکات ئەویش هەمان ئازارەکانی کوڕو کچە لاوەکانی زانکۆ باس دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم کۆمەڵگایە بەگشتی لەبەردەم تەنگژەیەکی ترسناکدایە کە تەنگژەی خۆشەویستی و پێوەندی نێوان دوو ڕەزەگەیە. دوای بینینی ئەم هەموو فایلە ڕزیوو تۆز لێ نیشتوانە کەسێتی چیرۆکەکە دەگاتە ئەوەی کە گەڕان بەدوای ناوێکی بچکۆلەدا لەنێو دنیایەکی فراواندا یان لەنێو ئەو هەموو فایلانەدا جۆرێکە لەگێلێتی، چونکە پێی وایە هەروا بە ئاسانی ئەو ناوە نادۆزرێتەوە، دەشێ ئەمەش وەها لێکبدرێتەوە کە ناو کاتێک خاسێتی ناوی دەبێت کە ئامادەبوونی هەبێت و لە ڕێگای ئەو ئامادەبوونەوە ببێتە ناوێکی ناسراو. ئەم ناوێکی نەناسراوە- واتە هیچ ئامادەبوونێکی نییە- تەنانەت کە دواتریش کچەکە ناوەکەی دەدۆزێتەوە فایلەکەی هیچ وەرەقەیەکی تێدا نییە، ئەمەش بەڵگەی نائامادەبوونیەتی، بەواتا ئەم کەسێتە کە هەم گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە و هەم کەسی دیاریشە لە چیرۆکەکەدا پێش هاتنی بۆ زانکۆ هیچ ئامادەبوونێکی نەبووە تا ببێتە ناوێکی ناسراو، لەگەڵ هاتنە ناو زانکۆشدا لە ڕاڕەو و سەردابە بێ کۆتاییەکانی شوێنی فایلی شاردا ونبووە و هەموو ئامادەبوونێکی لە گوێگرتن لەنامەکانی ژاکۆن و لە گوێگرتن لەو گۆرانییانەدا دەردەکەوێت کە لە سەردابەکانەوە دەبیسترێن، ئەمەش ناتوانێت هیچ ئامادەبوونێکی بۆ دەستەبەر بکات، بێ گومان ئەم حاڵەتی ئامادە نەبوونەش پێوەندی بەندبوونی ڕووداو و گێڕانەوەیەکی ئاسۆییەوە هەیە لە چیرۆکەکەدا کە کەسێتییەکی وەسفی دوور لە کردار و چالاکیمان بۆ بەرهەم دەهێنێت.

کاتێک کچەکە باسی ئەوە دەکات کە دەبێ هەرکەسە ناوێکی هەبێت و ناوەکان پێش پیاوەکان دەچنە نێو شەڕەکان، ئەم دەستبەجێ دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەری خۆی ئەو چرکەساتەی بیردەکەوێتەوە کە یەکێک لە پیاوەکانی مێژوو پیاوەتی ئەوی کوشت بۆ ئەوەی چیتر دوای عیشق و ئارەزووی کچان نەکەوێت، بۆبەلە بەرامبەر کچەدا ڕاستەوخۆ ڕایدەگەیەنێت کە ئەم پیاو نییە، کەواتە جارێکی تر دەشێ نەبوونی کردار لەم چیرۆکەدا بەند بکرێتەوە بە رووخاندنی توانای پیاوەتی کەسێتی چیرۆکەکەوە، کەسێک کە پێشتر بەهیوا بوو زانکۆ بیگۆڕێت و بیکاتە مرۆڤێکی تر، بەڵام زانکۆ خەساندی و کردییە مرۆڤێکی ناکردەی بێ بەرهەم. دەشێ دروستبوونی ئەو دیوارە ئەستوورەی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە سەرباری دەیان بەربەستی ڕۆحی و دەروونی پێوەندی بەو خەنجەرەوە هەبێت کە یەکێک لە پیاوەکانی

مێـژوو سرەواندییـە پیـاوەتی پاڵەوانی ئەم چیـرۆکـە کـە نوێنەری هەموو کوڕەکانی زانکۆیە.

دوای دۆزینەوەی نـاوەکـەی، پاڵەوانی چیـرۆکـەکـە بەهیوای گەیاندنی نامە قاچاخەکانی ژاکۆن بەهاوڕێکانی و بە کـوڕو کـچـانی دەرەوە دەگـەڕێتـەوە، پێی وایە کـاتێ کوڕان و کـچانی زانکۆ ئەو نـامـانە بخوێننەوە، نەک هەر خـۆیان دەگـۆڕێن و هەمـوو دیوارەکـانی نێـوانیـان هەرەس دەهێنێت، بەڵـکو مـامـۆسـتـا وشک و بێ سـۆز و دەرس قورسـەکانیش ناچار دەکەن کە ئەو شێوازە نادروسـتـەی خۆیان بەلاوە بنێن و بگەنە ئەو بۆچوونەی کە هاوکێشەی ئەو دنیا قورسە بە ئەوان نانووسرێتەوە.

بەهەرحـاڵ ئـەم ڕاڕەوی دووردرێژی فـایلەکـان بەجێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە، بەڵام هەر بەخێرایی فەرمانێک فرێی دەداتەوە نێو پۆلی خوێندن و لەگەڵ هەمـان واقیعی وشک و بێ گیانی وانەخوێندندا بەیەک دەگەنەوە. لێرەدا هەست دەکـات نامـەکـانی ژاکـۆن بەجێی دەهێـڵن و بێ بەرهەم دەمـێنێـتـەوە، قـوتابیـیـەکـانیش لە بری بۆن و بەرامـەی نـامـەکـانی ژاکـۆن، بۆنی فـایلە ڕزیوەکـان و تەپوتۆزی ڕاڕە و و سـەردابەکـە لە جـەسـتـەی ئەم هەڵدەمژن. کەواتە دیسان ئەو تاکە ئومێدەی کە دەشیا بۆ پاڵەوانی چیـرۆکـەکـە ببـوایە بە کـردارێکی بەرهەمـدار ئەویش دروست نەبوو، هۆکـەشی ئەوەیە کـە شـێـوازی پەروەردە و دابونەریتـی کـۆمـەڵایەتی و یاسـا و دیسپلینەکانی خوێندن بەجۆرێک قوتابیـان لە قاڵب داوە تەنانەت ئامادەگی وەرگرتنی شتەجوانەکانیشیان نەماوە. بە واتایەکی دی ئەم دامەزراوە نەوەیەک بەرهەم دێنێت لە دەرەوەی ژیان و زیندەگـانی و چێـژوخـۆشـەویسـتی، بۆیە کاتێ ئەم نامەکانی ژاکۆن لەناخی خۆیدا هەڵدەگرێت و بۆیان دەهێنێتەوە، ئەوان نەک ناتوانن بۆن و بەرامەی ئەو نامـانە بکەن، بەڵکو بە نموونەیەکی سەیرو خـوار ئاسـتی ئاسـایی سـەیری دەکـەن و فـەرمـانی مـامـۆسـتـاش دەیگێڕێتەوە بۆ ترسناکترین چرکەسات و خووی تەمەنی منداڵی خۆی کە میز بەخۆیدا کردنە. لێرەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کـە ئەو ترسـەی خـێـزان لە ڕۆحی منداڵدا دەیچێنێت لە قۆناغەکانی خوێندندا هەر لە سەرەتاییەوە تاکـو زانکۆش دووبارە و چەندین بـارە دەبێـتـەوە کـە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ئەو خووەش ترسە کە تووندو تیژی دروستی دەکـات، ئەویش سەرئەنجام کەسێتییەکی لەرزۆکی ترسنۆکی لاواز بەرهەم دێنێت کـە هەمیـشـە لە

باری هەست بەکـەمی کـردندا دەژی و نـاتوانێت خـۆی بۆ دەرەوەی نمایش بکات، ئەگەر وێنەی ئەم کەسێتە لاواز و تێکشکاوە بگوازینەوە بۆ نێو واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە، ئەوە دەتوانین بڵێین کەسێتی کوردی مۆدێلی ڕاستەقینەی ئەو کەسێتە لاواز و تێکشکاوەیە کە پەروەردەی خێزان و دامـەزراوی پەروەردە لە پلەی یەکـەمـدا بەرپرسن لە سروشتی نائامادە و لاواز و تێکشکاو و هەست بە کەمی کردنی کەسێتی کوردی، واتە تا ئاستێکی دیار دەتوانین بڵێین دامەزراوی خێزان و پەروەردە بەرپرسن لەمانەوەی کـورد لە پەراوێزی مـێـژوودا، چونکە نەیانتـوانیـوە کـەسـێـتـیـیـەکی ئەوتۆ بەرهەم بهێنن کـە توانای بە بکەربوونی هەبێت و بگاتە ئەوەی کـە ڕووداو دروست بکات.

کەسێتی چیرۆکەکە لەنێو پۆلی خوێندندا کاتێ دەبینێت کـەسێـک قـوتابییـەکـان دەپشکنێت ترس دایدەگرێت و دەگـەڕێتـەوە بۆ یادەوەری ڕابردوو، کـاتێ کـە ئەمـیش دەپشکنێ، دەسـتـبـەجێ وەکـو سـەردەمی منداڵی مـیـز دەکـاتەوە بەخۆیدا، بەڵام قوتابییـەکانی تر لەبری ئەوەی سۆزیان بۆی بجووڵێت و پرسیـار لەهۆکاری ئەو ڕووداوە بکەن، پێدەکەنن، چونکە پێیان وایە ئەم کەسێتە توانای ئەوەی نییە نهێنییەکان بشارێتەوە. هەروەک ئەم کەسێتە نهێنییەکی گرنگتریشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئەویش مـانەوەی ئەو خـەنجـەرەیە کـە یەکـێک لە پیـاوانی ڕیش سـپی مـێـژوو سـرەواندییـە پیـاوەتی ئەم و لەنێـوان دوو ڕانیدا ماوەتەوە، بەڵام خەنجەرەکە دەردەکێشرێت، بەوەی هەموو سیحر و نهێنییەکانی خەنجەرەکە هەڵدەوەشێتەوە.

ئەگەر خەنجەرەکە بەمەبەستی کوشتنی پیاوەتی لەنێو گـەڵـی ئەم درابێت، ئەوە مـانەوەی لەوێدا بۆ مـاوەیەکی دوورو درێژ ناشێت پێوەندییـەکی بە کـوشـتنی پیـاوەتی ئەوەوە هەبێت، بۆیە ئەمـەش وەکـو ڕووداوێک لەو ڕووبەرەدا مـانایەکی بۆ نادۆزرێتـەوە، ئەگـەر ئەم خەنجـەرەش وەکـو هێـزێک توانیـبـێتی لەو مـاوەیەی کـە لەوێدا مـاوەتەوە پیـاوەتی ئەوی لەکـارخـسـتـبێت، ئەوە دەبێ دوای دەرهێنانی پیـاوەتی ئەم کـەسـێـتـە زیندووبـبـێـتـەوە، بەڵام ئایا کـاتێ پیاوەتی ئەم کەسێتە زیندووببێتـەوە جـارێکی دی دەگـەڕێتـەوە بۆ دواکـەوتنی حـەزو ئارەزووەکـانی لەو ڕووبەرەدا کـە یەکـێک لە پیاوەکانی مێژوو بە جوگرافیای فاشیەکان ناوی دەبات. یان ڕێگای پیـاوانی مێـژوو دەگـرێتـەبەرو هەمـوو حـەز و

ئارەزووە دنیاییەکانی دەگەیەنێتە ئاستی بڵندبوون و لەپێناوی بیناکردن و ئاوەدانی و بەرهەمهێنانی شارستانێتیدا دەکەوێتەکار.

لە کولتووری کوردیدا خەنجەر هێمای پیاوەتییە، بەڵام لێرەدا چیرۆکنووس جۆرێک لە تێکەڵاوکردنی ماناو دەلالەتی بەخشیوە بەخەنجەرەکە، لەلایەک خەنجەر وەکو ئامرازێک بەکاردێت بۆ کوشتنی پیاوەتی، لە هەمان کاتدا جۆرە هێزو سیحرێکی پێدەبەخشێت، بەڵام تەنیا کاتێک ئەو هێز و سیحرەی دەبێت کە لەنێو گەڵی ئەودابێت، دیسان لێرەوە سەرنجمان بەلای ئەوەدا دەڕوات کە خەنجەرەکە ئەندامی جووتبوونی پیاو نیشان بدات، بەڵام دەبێ بۆچی یەکێک لە پیاوانی مێژوو ئەو خەنجەرە بسرەوێنێتە ناو گەڵی؟ ئایا دەشێ وەها بیربکەینەوە پیاوەتی ئەو هێزەیە کە مێژوو پێمانی دەبەخشێت یان مێژوو بەسەرماندا؟ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو خەنجەرەی بۆیە لێدراوە بۆ ئەوەی پیاوەتی بکوژرێت و چیتر بەدوای حەزو ئارەزووەکانیدا نەڕوات.

هەروەک دەشێ خەنجەرەکە وەکو ئەندامی نێرینەی پیاو بەکارهاتبێت، بە تایبەتی کاتێ باسی ئەوە دەکرێت کە ئەو خەنجەرە دەتوانێت دنیا لەت بکات. بە واتا لێرەدا مەبەست لەدنیا ئەندامی جووتبوونی ئافرەتە، بەڵام کەسێتی چیرۆکەکە ڕایدەگەیەنێت کە ئەو دنیایە لەوە زیاتر لەت نابێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم کەسێتە توانای بەکارهێنانی خەنجەرەکەی نییە، واتە لە بنەڕەتدا توانای پیاوەتی نییە، ئەمەش ڕاستەوخۆ لەگەڵ بنیای کەسێتی چیرۆکەکە و شێوازی گێڕانەوەکەیدا ڕێک دەکەوێت کە کەسێتییەکی ناکردەیە و توانای ئەنجامدانی کرداری نییە، ئەمەش وەکو پێشتر گوتمان پێوەندی بەچۆنێتی گێڕانەوەوە هەیە کە کەسی یەکەم گێڕەرەوەیە و لەم حاڵەتەشدا گێڕانەوە فراوانترین ڕووبەر دیاری دەکات و گێڕانەوەش لەبەر ئەوەی پێوەندی ڕاستەوخۆی بەم کەسێتە خۆیەوە هەیە، ڕووبەری وەسفکردن فراوانتر و ڕووبەری کارو جووڵە تەسک دەبێتەوە و بەوپێیەش هەڵکێشان و لوتکەی ڕووداو هاتنە خوارەوە، ڕووبەرێکی ئەوتۆ ناگرنەوە و چیرۆکەکە دەبێتە چیرۆکێکی وەسفی کە ئەمەش لەلایەک لەگەڵ سروشتی ئەو توێژەدا دەگونجێت کە قوتابیانن و چیرۆکەکە لێیان دەدوێت، لەلایەکی تریشەوە ئەم کەسێتە وێناکردنێکی واقیعیانەی کەسێتی کوردییە لەمێژوودا.

دوای لێدانی زەنگ ئەم دەرسە ناخۆشەی کە کەسێتی چیرۆکەکەیان لەدوای گەڕان بەڕاڕەوە دوورەکاندا تێ فڕێدا تەواو بوو. دەشێ ئەوە زەنگی کۆتایی هێنان بێت بە بەشێک لەژیانی وشک و بێ بەرهەمی نێو ئەو پۆلانەی خوێندن کە پاشی چوار ساڵ کەسێتی چیرۆکەکە چۆن هاتبوو بە هەمان شێوە بەجێیان دەهێڵێت و تەنانەت ئەو بەرگەی لەبەر دەرگا فڕێی دابوو دیسانەوە لێوەی ئاڵایەوە و کاتێکیش گەڕایەوە لای دایکی، دایکی لە باوەشی کردو گووتی: «کوڕی من هەروەک خۆیەتی، بۆنی، ڕەنگی، هەرگیز ناگۆڕێ».

ئەمەش دیسان دەریدەخات کە دامەزراوی زانکۆی ئێمە توانای ئەوەی نییە لەماوەی خوێندندا هیچ گۆڕانکارییەک دروست بکات. واتە ئەوەی کە پێویستە و دەبێت زانکۆ بیکات ناکرێت، لەکاتێکدا کە زانکۆ ئەرکی دروستکردنی نوخبەیەکە کە دەوریان هەبێت لە گۆڕانکاریدا، دەوریان هەبێت لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگادا.

لە هەمان کاتدا ئەم چیرۆکە ئەو جیهانبینیەمان بۆ بەرهەم دێنێت کە ڕابردوو، دابونەریت و کولتووری کۆمەڵگا لە هەر کاتێکدا دەوری کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و چۆنێتی دروستبوونی کەسێتی کۆمەڵایەتی و تەنانەت کەسێتی تاکەکەسیش، هەروەها هەمیشە ڕوانینێکی خۆپارێزانە دروست دەکەن و دەیانەوێت کۆمەڵگا بەهەموو خاسیەتەکانییەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە و هەموو دامودەزگا هاوچەرخە خواستراوەکانی دەرەوەش لغاو بکەن و هیچ ڕووبەرێک بۆ گۆڕانکاری نەهێڵنەوە، بەواتایەکی دی ڕابردوو بە هەموو خاسیەتەکانییەوە لە ئێستا دەژی و کار دەکات و بڕیار دەدات.

# شیعری کوردی به زمانی سویدی *

حەمەسەعید حەسەن

هاوینی (١٩٩١) نامیلکەیەکی دیکە بە ناوونیشانی Doften av mitt lands molen بە کوردی دەبێتە: (بۆنی هەوری ولاتەکەم،) بلاو بووەوە کە بریتییە لە نموونەی شیعری ئەم چواردە شاعیرە: (گۆران، عەبدوڵلا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، ئەنوەر قادر محەممەد، عەبدولڕەحمان مزوری، محەممەد مەلا کەریم،(١) ئەحمەد هەردی، شێرکۆ بێکەس، پیرەمێرد، فەرهاد شاکەلی، دڵدار، سوارە، کامەران موکری و هێمن.) لە پاشکۆی نامیلکەکەدا کورتە ژیننامەیەکی هەموو ئەم شاعیرانەش پێشکەش کراوە. ئەم کارە بە پلەی یەکەم فەرهاد شاکەلی ئەنجامی داوە و چەند سویدی و کوردێکیش دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردووە.(٢)

لە پێشەکیی نامیلکەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ئەم هەڵبژاردەیەی شیعری هاوچەرخی کوردی، هەندێک شاعیری چاکی لە خۆی نەگرتووە، لەوانە ناوی: دیلان، هەژار، جگەرخوێن و جەمال شارباژێڕی تۆمار کراوە کە دەبا ناویان هاتبا، وەلێ بە لای منەوە، گەلێک ناوی دیکەش هەن کە هەق وایە، ئەوی لە داهاتوودا بخوازێت وێنەیەکی ڕاستەقینەی شیعری هاوچەرخی کوردی، نیشانی بێگانە بدات، فەرامۆشیان نەکات، وەک: (شێخ نووری شێخ ساڵح، ع. ح. ب، کاکەی فەللاح، حەسیب قەرەداغی، ڕەفیق سابیر، محەممەد حەمەباقی، دڵشاد مەریوانی، محەمە عومەر عوسمان، قوبادی جەلیزادە، جەلال مەلەکشا، نەوزاد ڕەفعەت، سەعدوڵلا پەرۆش و ...)

یەکێک لەو شاعیرانەی لەم هەڵبژاردەیەدا بەسەر کراونەتەوە، دڵدارە. ڕاستە دڵدار ڕۆڵی لە نوێکردنەوەی

شیعری کوردیدا هەبووە و لە دوای ئەو تەمەنە کورتەی خۆیەوە، هۆنراوەی بالاکەلەگەتی جێ هێشتووە، وەلێ (ئەی ڕەقیب) کە وەک نموونەی شیعری پێشکەش کراوە، یەکێک نییە لە شیعرە جوانەکانی وی، با وەک سروودی نیشتمانیی پێشی قایل بین. لێرە بە دواوە، سەرنجەکانم لەسەر چۆنیەتی وەرگێڕانی شیعری، حەوت لەو چواردە شاعیرە دەردەبڕم.

**عەبدوڵلا پەشێو**

پەشێو لە هۆنراوەی (بیئاتێ)دا دەڵێت:

**گوتی ناوم بیئاتێیە،**
**ماتبووم، ماتبوو،**
**جگەرەیەکی دەرهێنا**
**بۆم داگیرساند،**
**بەرە بەرە**
**جگەرەکە لە بەینی پەنجەکانیدا**
**بوو بە سۆتەک،**
**بەرە بەرە**
**منی سۆتەک**
**لە بەینی لێوەکانیدا بووم بە جگەرە.** (٣)

وەرگێڕ لەبری ئەم کۆپلەیە دەڵێت:

Mitt namn är Beatte
vi teg
hon tog fram en cigarett
cigaretten blev till aska
även jag brunnen till aska
blir till en cigarett
mellan hennes läppear.(4)

واتا:

**ناوم بیاتێیە**
**مات بووین،**
**جگەرەیەکی دەرهێنا،**
**بۆم داگیرساند،**
**جگەرەکە بوو بە سۆتەک،**
**منی سووتاوی بە سۆتەکبوویش**
**لە بەینی لێوەکانیدا**
**دەبمە جگەرە.**

بە بەراورد لە نێوان دەقە کوردییەکە و سویدییەکەدا، ئەوە دیارە کە:

* وشەی (گوتی) فەرامۆش کراوە،
* پەشێو گوتوویەتی (مات بوو، مات بووم،) واتا سەرەتا شاعیر و دواتر بیاتێ ماتبووە، وەرگێڕ نووسیویەتی: (مات بووین،) ئەمەش واتا هاوزەمان پێکەوە مات بوون.
* لەبری (منی سۆتەک،) وەرگێڕ دەڵێت: (منی سووتاوی بە سۆتەکبووش.)
* لەبری (بووم بە جگەرە،) وەرگێڕ دەڵێت: دەبم بە جگەرە.

پەشێو دەڵێت:

**وەک مارێکی سەرادوونراو**
**گینگڵی دەدا و دەیفیشکاند.**

وەرگێڕ دەنووسێت:

Tåget ringlar sig
som en förföljd orm genom landskapet.

ئەمەش واتا:

* (بە هەرێمەکەدا)ی بۆ زیاد کراوە.
* (گینگڵدان،) کە پێچ و تلدانە لەبەر ئازار، پشتگوێ خراوە.
* (دەیفیشکاند،) فەرامۆش کراوە.
* لەبری (دەستی سەرپەنجە پەمبەیی،) تەنیا Hennes hand نووسراوە، کە بە مانای (دەستی) دێت، کەواتە هیچ باسێک لە (سەرپەنجە پەمبەیی) نییە.

پەشێو دەڵێت:

**وەنەوزی دا،**
**دەستی سەرپەنجە پەمبەیی**
**وەک نامەیەکی نهێنی**
**کە پیلانی کودەتایەکی تێدا بێ،**
**خزایە ناو دەستم و مەیی.**

وەرگێڕ دەنووسێت:

Hon nickade till
hennes hand gled ned i min
som ett hemligt brev
innehållande en plan om en staskup.

واتا:

**وەنەوزی دا**
**دەستی وەک نامەیەکی نهێنی**
**کە پیلانی کودەتایەکی تێدا بێ،**

**خزایه ناو دەستمەوە.**

بە ئاشکرا ئەوە دیارە، پەشێو (سەرپەنجە پەمبەیی) و (مەیی) تەنیا بۆ سەروا ڕیز کردووە، ئەگەر چی پاشبەندێکی سواوە. وەرگێڕ هەستی کردووە، بە فەرامۆشکردنی ئەو وشانە، شیعرەکە جوانتر دەبێت، بۆیە پشتگوێی خستوون.

پەشێو دەڵێت:

**سەری وەکوو هۆنراوەیەک**
**هێدی هێدی لار کردەوە،**
**منیش شانم وەک دەفتەرێ**
**تامەزرۆ بوو، هەڵبەستێکی بێتە سەرێ.**

Hon böjde sitt huvud
som en oskriven dikt
mot min axel
som tog emot den villigt
som en blank sida.

واتا:

**سەری وەکوو هۆنراوەیەکی نەنووسراو**
**لار کردەوە،**
**منیش شانم وەک لاپەڕەیەکی سپی**
**دایە بەری.**

* لەبری (هۆنراوەیەک،) وەرگێڕ (هۆنراوەیەکی نەنووسراو)ی نووسیوە، کە ئەمە جوانتر و ڕاستترە.

* لەبری (دەفتەرێ،) (لاپەڕەیەکی سپی)ی نووسیوە، ئەمەش وێنە شیعرییەکەی بەپێزتر کردووە.

* وەرگێڕ نەهاتووە وشەی (هۆنراوە) دووبارە بکاتەوە، وەک پەشێو کردوویەتی و جارێک (هۆنراوە) و جارێکی دیکە (هەڵبەست)ی بەکار هێناوە. وەرگێڕ مەبەستەکەی بە ڕێگەیەکی کورتتر دەربڕیوە، واتا شاعیرانەتر ڕەوتاری کردووە.

* وەرگێڕ بازی بەسەر (هێدی هێدی)یشدا داوە.

کەواتە وەرگێڕ چوار هەوڵی گۆڕینی کۆپلەشیعرەکەی داوە و جوانتری کردووە، ئەمەش دەستتێوەردانێکی ئاشکرایە.

وەرگێڕ لەبری: (بە درێژایی شەوگاری سارد،) Hela natten ی نووسیوە، واتا بازی بەسەر وشەی (سارد)دا داوە. لەبری (شەمەندەفەری فێگرتوو،) تەنیا Tåget ی نووسیوە، کە بە مانای شەمەندەفەر دێت، واتا (فێگرتوو)ی فەرامۆش کردووە. لەبری (سەرمی نایە ناو کۆشی پراگ،) وەرگێڕ Fört mig till Prags famn ی نووسیوە، واتا: (تا باوەشی پراگی گەیاندم،) بەمەش وشەی (سەرمی) پشتگوێ خستووە و وێنە شیعرییەکەشی تێک داوە، وێڕای ئەوانە، (خوا حافیزی)یشی پشتگوێ خستووە.

**لەتیف هەڵمەت**

(ئەشێ و ناشێ)ی لەتیف هەڵمەت شیعرێکی کورتە، لە دوو کۆپلە پێک هاتووە، وەرگێڕ کۆپلەی یەکەمیانی فەرامۆش کردووە.

**لە هەموو (بست)ێکی زەویدا**
**یاساوڵێک بۆ چاودێری چێنراوە.**(٥)

وەرگێڕ لەبری (بست) tum ی نووسیوە کە بە مانای (ئینچ)دێت. هەڵمەت کە لە هەر بستەدا و یاساوڵێکی داناوە، زێدەڕۆیی کردووە، کە وەرگێڕ بستەکەی کردووە بە ئینجێک، بەوە زێدەڕۆیی لە زێدەڕۆییدا کردووە. En krigare i varje tum (هەر ئینجە و جەنگاوەرێک.) دەشێت وەرگێڕ هەوڵی دابێت، ئەو گوتەیە بیری خوێنەری سوێدی بخاتەوە. وەرگێڕ لەبری (شەوی شەقامەکان،) nattliga gator ی نووسیوە، کە بەمانای (شەقامی شەوانە) دێت. (شەو)ەکەی شاعیر، ئاوەڵکرداری کاتییە، ئەوی وەرگێڕ، ئاوەڵناوە.

**ئەی بای ناو ژوورەکەم!**
**بشێ تۆیش یاساوڵێک نەبی؟**

شاعیر دوودڵە، نازانێت بای ژوورەکەی یاساوڵە یان نا، وەلێ وەرگێڕ دڵنیایە لەوەی بای ژوورەکەش یاساوڵە.

Du luft i mitt rum
visst lyssnar(6)

واتا:

**ئەی بای ناو ژوورەکەم**
**بێ گومانم تۆیش گوێ ڕادەدێریت.**

لەتیف هەڵمەت لە هۆنراوەی (سۆراخ)دا دەڵێت:

**دەڵێن خوا بۆ پێغەمبەرێ**
**شارێکی کرد بە گۆمی خوێن.**(٧)

وەرگێڕ هەستی کردووە، شارێک لە (گۆم)ێک گەورەترە، بۆیە لە بری گۆم، sjö ی نووسیوە کە بە مانای زەریاچە دێت.

هەڵمەت دەڵێت:

**لەم مەڵبەندە هەموو ڕۆژێ**

**چەرمی پێغەمبەرێ منداڵ**
**دەکەن بە جووتێ پۆستاڵ**
**بۆ جەندرمەیەکی خوێنتاڵ.**

وەرگێڕ دەنووسێت:

Hos oss blir barn profetenas hud
varje dag till stövlar
åt gendarmerna.(8)

دیسان وەرگێڕ زێدەڕۆیی کردووە، تاکەکانی کردووە بە کۆ! لەبری پێغەمبەرێک، پێغەمبەرەکان و لەبری جەندرمەیەک، جەندرمەکانی نووسیوە. لەتیف هەڵمەت دەڵێت:

**ئێ بشێ خوا**
**بە ئیشێکی تایبەتیی خۆی،**
**بۆ شوێنێکی دوور دوور چووبێ؟**

وەرگێڕ دەنووسێت:

Han har lämnat oss
för ett uppdrag
på en fjärran plats.

* وشەی (تایبەتی) فەرامۆش کراوە.
* لەبری (دوور دوور) تەنیا (دوور)ی ڕووت نووسراوە.
* وەرگێڕ نووسیویەتی:Snart försvinner han

واتا: (بەم زووانە (خوا) بزر دەبێت.) ئەمەش لە دەقە کوردییەکەدا نییە.

**ئەنوەر قادر محەممەد**

وەرگێڕ لەبری (لاشە) (dödkropp)ی نووسیوە،(٩) ئەمەش لێکدانەوەی مانای لاشەیە، lik لاشەیە، وەک وەرگێڕ لە وەرگێڕانی شیعری (شیوەنی گوڵاڵە)ی (گۆران)دا بەکاری هێناوە.)(١٠) (dödkropp) واتا: لەشی مردوو، ئەمەش وەک گوتنی گیای وشک وایە، لەبری پووش. تەنیا kropp بە تەنیا بە مانای لەش و لاشەش دێت.

**چەندەها جار بۆ لات هاتووم**
**بانگلێدەری کارەسات بووم.**(١١)

ئەم دێڕەشیعرە و (ئەی شاژنم،) فەرامۆش کراون.

**ئەحمەد هەردی**

لەبری (تافی لاوی)(١٢) ungdoms vår (13) ی نووسیوە کە بە مانای (بەهاری لاوی) دێت. هەردی دەڵێت:

**نییە جوانێ سەری کاسم بنێمە سەر (دڵ)ی نەرمی.**

لەبری وشەی (دڵ) bröst نووسراوە کە بە مانای سینگ و مەمک دێت، تەنانەت ئەگەر هەردی مەبەستی لە (دڵ،) (سنگ)یش بێت، هێشتا وەرگێڕ مافی ئەوەی نییە، مەبەستی شاعیر لێک بداتەوە، ئەوە کاری ڕەخنەگرە.

هەردی دەڵێت:

**بە غەیری باڵی غەمناکی**
**شەوی پڕ ترس و سامناکی.**

وەرگێڕ دەنووسێت:

förutom sorgens vingar
i nattens skräck och fruktan

واتا:

**بە غەیری باڵی غەمناکی**
**لە شەوی پڕ ترس و سامناکدا.**

هەردی (باڵی غەمناکی شەو)ی مەبەستە، نەک باڵی غەمناکی لە شەودا، وەک وەرگێڕ بۆی چووە. لە بری: (نییە یەک تۆزە ڕووناکی،) وەرگێڕ دەنووسێت: finns ingenting att se واتا: هیچ نابینرێت. لەبری (بەهرە،) förmåga ی نووسیوە کە بە مانای (توانا) دێت و begåvning بەهرەیە. لەبری (ڕاز) kärleksmakt ی نووسیوە کە مانای (دەسەڵات یان زەبری خۆشەویستی) دەبەخشێت.

**پیرەمێرد**

لارس بێکستروێم کە هۆنراوەی (من و ئەستێرەکان)ی پیرەمێردی لە فەرەنساییەوە کردووە بە کوردی، ئەم دوو بەیتەی پشتگوێ خستووە:

**من خوار و ژوور لەدەستچووەکەی بێوڵەت خۆم، ئەوان**
**وەک خێڵی خوار و ژوورکەری کورد، وێڵی ئاسمان.**

**شەو شەوقی ئەوانە چەمەن ئاو ئەخواتەوە**
**ڕۆژ هەڵمی ئاوی چاوی منە سەریەخاتەوە.**(١٤)

لەبری: (تا ئاسمان پریشکی بەدیی ئێوە هەڵپژا،) نووسیویەتی:

Kurdernas smärta har som en våg
nått upp till himlen.(15)

واتا: ئازاری کوردان وەک شەپۆل گەییە ئاسمان.

**سوارەی ئێلخانی زادە**
**ئەڵێم بە جامی ئاوی کانیاوی دێیەکەم**
**عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم**
**لە دەردی ئینتیزارەکەت.**

وەرگێڕ دەڵێت:

Jag vill läka mitt hjärtas sår
släcka törsten med en bägare vatten
från min by.
jag är fylld av smärtsam längtan efter dig.(16)

کە دەبێتە:

**دەخوازم برینی دڵم سارێژ بکەم**
**تینوویەتیم بە جامێک لە ئاوی دێیەکەم بشکێنم،**
**من تژیم لە تامەزرۆییەکی بە ئازار بۆت.**

وەک دەردەکەوێت:

* (کانیاو) پشتگوێ خراوە.
* (کوڵی دڵ،) بووە بە (برینی دڵ.)
* ئینتیزار کە چاوەڕوانییە، کراوە بە تامەزرۆیی.
* دەڵێم کراوە بە دەمەوێ.

لەبری:

**بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم.**

Imin by strömmar månes ljus
mot mina leende läppar
likt källans språng.

کە دەبێتە:

**لە دێیەکەمدا**
**مانگەشەو وەک ئاوی کانیی بەخوڕ**
**دەڕژێتە لێوە بەخەندەکانمەوە.**

سوارە گوتوویەتی: (بڕۆمە دێ،) نەک (لە دێیەکەمدا.) وەرگێڕ نە باسی(لێو)ی کردووە، نە کانیاو. وەرگێڕ لەبری شەش وشەی کوردی سێزدە وشەی سوێدی نووسیوە! وەرگێڕ لەبری (ئەوی کە تێل و تان و ڕایەڵە،) دەنووسێت:

telefonledningarna och dekorationer کە دەبێتە: تەلی تەلەفۆنەکان و دیکۆر ڕێکخستن.

سوارە دەڵێت:

**دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە ئەیگوشم**
**دەستی چێوییە.**

وەرگێڕ لەبری چێوی، kyligträ ی نووسیوە کە دەبێتە(داری سارد.) ئەگەر چی چێو، دارە نەک داری سارد. سوارە دەڵێت:

**شارەکەت ئاسکە جوانەکەم**
**تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت هەراو.**

وەرگێڕ لەبری (تەسک) stängd ی نووسیوە کە بە مانای (داخراو) دێت، لەبری (هەراو)یش کە بە مانای بەرین و فراوان دێت، vidöppen ی نووسیوە کە بە مانای (کراوە) دێت.

**ئەم شەرابە ئاڵە بۆ بێ دەرد نییە**
**لێی حەرام بێ، ئەو کەسەی ڕەنگزەرد نییە.**(١٧)

لەم دێڕەشیعرەی هێمندا دوو وشە بایەخێکی زۆریان هەیە، لە نیوەدێڕی یەکەمدا (ئاڵ) و لە نیوەی دووەمدا (زەرد) کە وەڵامدانەوەی (ئاڵ)ەیە، دژەکەیەتی و بەکارهێنانی هونەری تیباقە، کەچی وەرگێڕ وشەی (زەرد)ی فەرامۆش کردووە، بەمەش بەهێزترین لایەنی شیعرەکەی کوشتووە. وەرگێڕ لەبری: (لێی حەرام بێ، ئەو کەسەی ڕەنگزەرد نییە،) دەنووسێت:

färbjudet för den som törs i sin själ.
(18)

واتا:

**قەدەغەیە بۆ ئەوی لە ڕۆحی کەم نابێتەوە.**
**جا کە سەرخۆش بووم، بە دەنگێکی (نەوی)**
**بۆت دەڵێم ئەو شیعرە (بەرزەی) مەولەوی.**

لەم دێڕەشدا، هێمن هونەری تیباقی بەکار هێناوە، کە بە دەنگێکی (نەوی،) شیعرێکی (بەرز) دەڵێت.

**پارچە (گۆشت)ێکە دڵی من (ڕوو) نییە**
**ناڵەناڵی من درەنگە، زوو نییە.**

گۆشت دژ بە ڕوو، درەنگ دژ بە زوو، دیسان هێمن و هەمان جوانکاری، وەلێ چونکە وەرگێڕ مانای وشەیەکی بە هەڵە لێک داوەتەوە، هونەرەکەی شاعیر بزر بووە. (ڕوو) وەک لە فەرهەنگۆکەکەی (ناڵەی جوودایی)دا، محەممەدی مەلا کەریم لێکی داوەتەوە، بە مانای (خار، هەردی زۆر ڕەق،) دێت، نەک بە مانای ڕووخسار، یان

دیوی پێشـەوە، وەک وەرگـێڕ بۆی چووە و وشـەی fasad ی لە جێی داناوە.fasad بەشی پێشەوەیە، وەلێ (ڕوو) لەو شیعرەی هێمندا، ڕووخسار یان بەشی پێشـەوە نییە، خارە، هەردی ڕەقە، هێمن دەڵێت: دڵی من گۆشتە نەک بەرد.

لەبری (خـانە خـەراب) کـە بە مـانای بەدبەخت و مـاڵوێران دێت، وەرگـێـڕ utan hus och hem ی نووسیوە کە بە مانای بێ ماڵ و بێ خانوو دێت. لەبری (ئەستۆ) کە مل یان گەردنە، axlar ی نووسیوە کە مانای (شان) دەبەخشێت، شیاوی گوتنە، ئەستۆ تاکە، وەلێ axlar کۆیە. ئەم دوو دێڕەشیعرەش فەرامۆش کراون:

**ئەو کەسەی خواردی و لە بن سێبەر ڕما**
**شەو بە نیازی کەیف لە ماڵی خۆی نەما،**

**ئەو کەسەی ڕامووسێ کوڵمەی تاس و لووس**
**ئەو کەسەی تێی هەڵنەدابێ چارەنووس.**

لە دوومـاهیـدا مـاوەتەوە بڵـێم، سـوپاس بۆ ئەو هێژایانەی لە دڵسۆزییانەوە بۆ ئەدەبی گەلەکەمان، بە وەرگێڕانی شیعری هاوچەرخی کوردییەوە بۆ زمانی سوێدی، ماندوو بوون، ڕەنجی جێی ڕێزی وان نەبووایە، ئەز بواری دەربڕینی ئەم سەرنجانەم بۆ نەدەڕەخسا.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

(١) ئەگەر چی شیعریش دەنووسێت، وەلێ زێتر وەک نووسەر ناسراوە.

(2) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, Apec förlag 1991 stockholm.

(٣) عەبدوڵڵا پەشێو، شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم، ل١٣٢ چ. ئەدیب، ١٩٨٠ بەغدا.

(4) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, s. 19 Apec förlag 1991 stockholm.

(٥) لەتیف هەڵمەت، گەردەلوولی سپی، ل ٧٠ چ. کۆڕی زانیاریی کورد ١٩٧٨ بەغدا.

(6) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen,s. 27 Apec förlag 1991 stockholm.

(٧) لەتیف هەڵمەت، گەردەلوولی سپی، ل ٦٩ چ. کۆڕی زانیاریی کورد ١٩٧٨ بەغدا.

(8) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, s. 29 Apec förlag 1991 stockholm.

(9) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, s. 31 Apec förlag 1991 stockholm.

(10) GDRAN, TåRAR & KONST översattning Lars Backstrom, Bakhtiar Amin, Ferhad Shakely s. 32 Azad förlag 1986 stockholm.

(١١) ئەنوەر قادر محەممەد، زایەڵە، ل ٩١ و ٩٢ کۆمەڵەی فەرهەنگی سوێد ـ کوردستان ١٩٨٨ ستۆکهۆڵم.

(١٢) ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، ل٧٩ چاپی دووەم ١٩٨٤ کتێبخانەی سلێمانی.

(13) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, s. 41 Apec förlag 1991 stockholm.

(١٤) محەممەد ڕەسووڵ هاوار، پیرەمێردی نەمر، ل ١٠٦ بەغدا ١٩٧٠.

(15) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, s. 45 Apec förlag 1991 stockholm.

(16) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, s. 55 Apec förlag 1991 stockholm.

(١٧) هێمن، ناڵەی جوودایی، ل١٢ چ. عەلاء ١٩٧٩ بەغدا.

(18) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, s. 63 Apec förlag 1991 stockholm.

*** سەرنج:**
**بەشی یەکەم و دووەمی ئەم باسە، لە ژمارەکانی (72)و (73)ی گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاو کراونەتەوە.**

# خوێندنەوەیەكی ڕەخنەیی بەراوردێكی زمانەوانی

ئامر طاهر
(فەرەنسا)

لێكۆڵینەوە لەبارەی پێوەندیی نێوان زمانان و كاریگەرییان بەسەر یەكترەوە لەخۆیدا كارێكی سەرنجڕاكێش و بەسوودە. لەبەر ئەوەی زمان كەرەستەیەكی سەرەكیی پێوەندیی نێوان گەلان و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگیی نێوانیانە و كاریگەریی زمانی لەنێوانیاندا یەكێكە لە دیاردە سروشتییەكانیان. واتە زۆر ئاساییە كە هەر زمانێك بەهۆی جۆراوجۆرەوە (دراوسێتی جوگرافی، پێوەندی فەرهەنگی و ...) وشە و كەرەستەی زمانی بداتە زمانێكی تر یان لێیەوە وەربگرێت. هەروەك چۆن ئاساییشە كە ئەو زمانانەی لەیەك خێزانە زمانن، لە ئاستە جیاجیاكانی زماندا (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی...) هەندێ لێكچوونیان لەنێواندا هەبێت. هەر بەو لێكچوونانەشە كە زمانناسان توانیویانە لە چەند خێزانی جیاوازی زمانیدا وەكو خێزانی زمانە هیندوئەورووپییەكان، خێزانی زمانە سامییەكان، تاد پۆلینیان بكەن.

هەر بۆیە لە بەشی یەكەمی بابەتەكەیدا كە بە ناونیشانی (بەراوردێك لە نێوان زمانی كوردی و زمانانی دراوسێدا) و بە دوو بەش لە ژمارەكانی ١١٥ و ١١٦ی گۆڤاری ڕاماندا چاپ بووە، (د. كەمال مەعرووف) هەوڵی داوە باس لە تێكەڵاویی مێژوویی و فەرهەنگیی نەتەوەكانی دراوسێی كورد، واتا عەرەب و فارس و تورك بكات و ئەنجامی ئەم تێكەڵاوییەش لە ئاڵوگۆڕە زمانییەكانیدا بەرجەستە بكات. پاشان لە بەشێكی كورتتردا دێتە سەر بابەتی كورد و هەمان شت لەنێوان كورد و نەتەوەكانی دراوسێیدا دووبارە دەكاتەوەو هەندێ نموونە لەو وشانە دەخاتە بەرچاو كە پێی وایە لە

زمانی کوردییەوە چوونەتە ناو زمانی عەرەبی و تورکی و بە پێچەوانەشەوە. لە بەشی دووەمی باسەکەیدا نووسەر زیاتر باس لە پێوەندی زمانی کوردی و هەندێ زمانی ئەورووپی (سوێدی، فەرەنسی، ئینگلیزی) دەکات و دەیەوێ بە بەرچاوخستنی هەندێ وشەی – بەلایەوە – هاوبەش لەنێوانیاندا جەخت لەسەر بنەڕەت و بناغە ئەورووپییەکەی زمانی کوردی بکاتەوە.

دیارە لێکۆڵینەوە و نووسین لەم بوارەدا ئەوەندەی سەرنجراکێش بوونی هەستیارە. تێڕوانین لە مێژووی زمانان و چۆنیەتی پەرەسەندنیان و پێوەندی و ئاڵوگۆڕی نێوانیان پێویستیی بە شارەزاییەکی تەواو لە بوارە جیاجیاکانی زماندا بەگشتی و لە بواری ئێتیمۆلۆژیدا بەتایبەتی هەیە و دەرکردنی هەر حوکم و بڕیارێک لەم بوارەدا پێویستە لەلایەن پسپۆڕان و بە وریایی و بە بەڵگە و بنەمای زانستیی پتەوەوە بێت. هەر لەم ڕووەوە بابەتی د. کەمال شایەنی هەندێ ڕەخنە و تێبینییە کە بە پێویستی دەزانم بیانخەمە بەردەم خۆی و خوێنەرانی گۆڤاری ڕامان.

لەبەر ئەوەی وشەی «ئێتیمۆلۆژی»م بەکارهێنا، حەز دەکەم پێش ئەوەی بچمە ناو جەرگەی باسەکەم، هەندێ لەسەر پێناسەکەی بوەستم. ئێتیمۆلۆژی (ét-ymologie) لقێکە لە زانستەکانی بواری زمانەوانی کە لە ئینگلیزیدا (etymology)، لە عەرەبیدا (علم الاشتقاق) و لە فارسیدا (ریشە شناختی)ی پێ دەگوترێت. مانای یەکەمی (ئێتیمۆلۆژی) بریتییە لە «ڕەگ و ڕیشەی وشە». لە یۆنانی کۆندا ئێتیمۆلۆژی بریتی بوو لە گەڕان بەدوای مانای ڕاستەقینە یان بنەڕەتیی وشە بۆ بەدیارخستنی سروشتە ڕاستەقینەکەی؛ لەبەر ئەوەی پێیان وابوو کە فۆرمی وشە لە ڕاستیدا و بە شێوەیەکی سروشتی پێوەندیی بەو شتەوە هەیە کە ئاماژەی بۆ دەکات. لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا لێکۆڵینەوەی ئێتیمۆلۆژیک پێوەندیی بەو باوەڕەوە هەبوو کە هەموو زمانەکان لە زمانێک سەرچاوە وەردەگرن کە دیار و ناسراو بێت و توێژینەوە لە فۆرمە نووسراوەکەی کرا بێت. بەم شێوەیە لە سەدەی ١٧ ی زایینیدا پیشانیان دەدا کە زمانی فەرەنسی لە عبرییەوە سەرچاوە دەگرێت و بە دەرباز بوون لە فەرەنسییەوە بۆ زمانی لاتینی و لە لاتینییەوە بۆ زمانی یۆنانی و لەوێشەوە بۆ عبری، توانرا ژمارەیەکی بەرچاوی ئێتیمۆلۆژیی (ڕەگوڕیشەی) ڕاستەقینەی وشەکان بدۆزرێتەوە.

مانای مۆدێرنی ئێتیمۆلۆژی لە زمانەوانیی مێژووییدا بریتییە لە دیسیپلینێک کە چۆنیەتی گەشەسەندنی وشەکان ڕاڤە دەکات. ئەمیش بە ڕێگای گەڕانەوە -تا دەکرێ- بە دواوە (واتە ڕابردووی وشەکە) و تەنانەت، بە چوون تا ئەودیوی سنووری ئەو ئیدیۆمەی کاری لەسەر دەکرێت، تاوەکو گەیشتن بە یەکەیەک کە (ئێتیمۆن)ی پێی دەگوترێت و وشەکەی لێ ترازاوە. بۆ نموونە بۆ وشە فەرەنسییەکان زانایانی بواری ئێتیمۆلۆژی (ئێتیمۆلۆژیستەکان) دەگەڕێنەوە بۆ زمانی لاتینی و لەوێشەوە بۆ زمانی یۆنانی (١).

بە باسکردنی بنەما ئەورووپییەکانی زمانی کوردی و بەرچاوخستنی هەندێ نموونەی هاوبەش لەنێوان زمانی کوردی و سێ زمانی ئەورووپیدا د. کەمال -بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ بکات- توخنی بواری لێکۆڵینەوەی ئێتیمۆلۆژیک کەوتووە. بەڵام نەشارەزابوونی لەم بوارەدا وای کردووە کە لە خستنەڕووی نموونەکانیدا تووشی هەڵەی گەورە ببێتەوە و هەندێ وشە، بە وشەی کوردی ڕەسەن ناوزەند بکات کە لە ڕاستیدا لە زمانی ترەوە وەرگیراون و لە کوردیدا ڕەسەن نین. من ئێتیمۆلۆژیست نیم و مەبەستیشم لێرەدا خستنەڕووی بابەتێکی ئێتیمۆلۆژیک نییە، بەڵام ئەوەندە سەرچاوەی زانستیم لەبەردەستدا هەیە کە بتوانم تێبینییەکانی خۆم لەبارەی شاشییەکانی بابەتی د. کەمال بخەمە بەردەم خوێنەران.

پێش ئەوەی بچمە ناو جەرگەی بابەتەکەم، حەز دەکەم بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتی ئەم نووسینەم، پەنا بەرمە بەر نموونەیەکی خۆم. لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەی هەژار موکریانیدا -کە تا ئێستاش یەکێکە لە فەرهەنگە هەرە باشەکانی زمانی کوردی- وشەی (شەمەندەفەر) دەبینرێت (٢). لە تەنشتیدا ماناکەی بەم شێوەیە هاتووە: (قەتاری ڕێی ئاسن). من چەند ساڵ بەر لە ئێستا وشەکەم بیستبوو. لەبەر ئەوەی قوتابیی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی بووم یاساکانی وشەڕۆنان لە زمانی کوردیمان خوێندبوو، زۆر حەزم دەکرد بزانم وشەی شەمەندەفەر لە کوێوە ڕەگوڕیشە وەردەگرێ و کورد چۆن و لەبەرچی ئەم ناوەی بۆ ئەم ئامرازە هەڵبژاردووە. ئەرێ ناوێکی لێکدراوە یان سادە؟ ئەگەر لێکدراو بێت، کەرەستە لێکدراوەکانی کامانەن؟ ئەگەر سادە بێت چۆن و

لەسەر چ بنەمایەک دانراوە یان هەڵبژێردراوە؟ دیارە پرسیارەکەم وەڵامی نەبوو، چونکە نە لە هەنبانەبۆرینەدا و نە لەو چەند دانە فەرهەنگە بچکۆلانەیەی تردا کە ئەو کات لەبەر دەستمدا بوون، ئاماژە بە ڕەچەڵەکی وشەکە نەکرابوو. پاش هاتنم بۆ فەرەنسا و فێربوونی زمانی فەرەنسی، زانیم کە وشەی شەمەندەفەر لە بنەڕەتدا وشەیەکی کوردی نییە؛ بەڵکو لە chemin de fer {شومەن دو فێغ}(٣) ی فەرەنسییەوە وەرگیراوە. وشەکە خۆی لێکدراوە و لە دوو وشەی سادەی chemin (ڕێگا) و fer (ئاسن) پێکهاتووە کە بە ناوگری de پێکەوە بەستراون و وشەی (ڕێگای ئاسنین) یان پێکهێناوە کە لە عەرەبیدا (سكة حديد) پێی دەگوترێت لە فارسیشدا (راه آهن)(٤). جا کورد وشەکەی -بە جیاوازی درکاندنەوە- ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە فەرەنسییەوە وەرگرتووە و نەک بۆ دەستنیشانکردنی ڕێگاکە، بەڵکو بۆ دەستنیشانکردنی خودی کەرەستەکەی هاتوچۆ، کە بە فەرەنسی train {تغەن} و بە عەرەبی و فارسیش (قطار)ی پێ دەگوترێت، بەکاریهێناوە. بێگومان ئەمە ڕاستییەکە گومان هەڵناگرێت، بەڵام دەکرێ بە بەڵگەی تریش پاڵپشتی بکرێت. ئاشکرایە کە کورد داهێنەری شەمەندەفەر نەبووە و ئەم کەرەستەیە بەرهەمێکی کۆمەڵگای کوردەواری نییە؛ بەڵکو داهێنانێکی ڕۆژئاواییە و لە ئەنجامی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکانی ڕۆژئاواوە هاتۆتە دی و لە فەرهەنگی ئێمەدا ڕەگو ڕیشەی نییە، بۆیە ئاساییە کە ناوێکی ڕەسەنی کوردی نەبێت. دڵنیام لەوەی لە هەر ژن و پیاوێکی بەساڵاچووی هەر گوندێکی کوردستانی مانای وشەی شەمەندەفەر بپرسین، وەڵامی نابێت. بۆیە بەڕای من بۆ ناولێنانی ئەو کەرەستە تازەیە کورد بۆی هەبووە یەکێک لەم سێ ڕێگایانە هەڵبژێرێت. یەکەم: هەڵبژاردنی ناوی کەرەستەیەکی کۆنی کوردیی کە جاران بۆ هاتوچۆ لە کوردەواریدا بەکارهاتبێت و ئێستا ئیتر باوی نەمابێت؛ خۆ ئەگەر شەمەندەفەر لە بنەڕەتدا وشەیەکی وابوایە دەبوایە مانای یەکەمی وشەکە ناسراو بایە و لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا بخرابایە ڕوو. کە ئەمەش بێگومان نەکراوە. دووەم: دەکرا وشەیەکی تازە لە ڕێگەی زمانناسانەوە بە پێی یاسا و ڕێساکانی وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا بۆی دابنرێت، بەڵام شەمەندەفەر وشەیەکی داڕێژراوی کوردیش نییە، چونکە بەپێی یاساکانی وشەڕۆنان شیاوی لێکدانەوە نییە. کەواتە کورد وەکو سێیەم و دوا چارەسەر بۆی هەبووە ناوە ڕۆژئاواییەکەی وەکو خۆی وەربگرێت، یانیش ئەو ناوەی بۆ بەکاربهێنێت کە لە زمانێکی دراوسێ و نزیکدا بۆی دانراوە (وەکو وشەی قطار). دیارە کورد چارەسەری سێیەمی هەڵبژاردووە و تا ئێستاش هەردوو وشەی شەمەندەفەر و قطاری بۆ بەکاردێنێت (وەکو لەسەرەوەدا بینیمان، مامۆستا هەژاریش هەردوو وشەی لەیەک شوێندا کۆکردۆتەوە). جا کە زانیمان وشەی شەمەندەفەر وشەیەکی ڕەسەنی کوردی نییە، بۆمان نییە بە پێچەوانەوە بە وشەیەکی ڕەسەنی کوردی دابنێین و وەکو بەڵگەی نزیکیی هەردوو زمانی کوردی و فەرەنسی بەکاریبهێنین. ئەگەر وا بکەین مانای ئەوە دەبێت کە باوەڕمان بە ڕەسەنایەتیی وشەی شەمەندەفەر لە زمانی کوردیدا هەیە و ئەمە بۆچوونێکی هەڵە دەبێت و بەراوردەکەمان لە ڕووی زانستییەوە بەهایەکی ئەوتۆی نابێت. ئەم جۆرە بەراوردە تەنیا بۆ ئەو وشانە ڕەوایە کە لە زمانەکاندا ڕەگوڕیشەیان هەیە و ڕەسەنن، وەکو وشەی (ئاو) لە کرمانجی خوارووداکە لە کرمانجی سەرووداﻫ (ئاڤ)، لە فارسیدا (آب) و لە فەرەنسیشدا (eau) {ئۆ}ی پێ دەگوترێت. د. کەمال خۆیشی لە بابەتەکەیدا پێش خستنە ڕووی وشە کوردی و سوێدییەکانی، ئاماژە بە ژمارەیەک وشەی لەم چەشنە دەکات.

من نموونەی شەمەندەفەرم لە خۆمەوە هێنایەوە و بێگومان لە بابەتی د. کەمال-دا نەهاتووە، بەڵام وشەگەلی بەراوردەکەی بەتایبەتی لە بەشی دووەمیدا پڕە لە وشەی لەم چەشنە. لە خوارەوە ئەو وشانەی کورد لە زمانی بیانییەوە وەریگرتووە و د. کەمال بە وشەی ڕەسەنی کوردی دایناون، لەگەڵ ژێدەرە بیانییەکانیان دەخەمە ڕوو:

**بەشی کوردی - سویدی(٥):**

دۆڵمە: لە (dolma)ی تورکییەوە هاتووە. ڕاستە لە زمانی تورکیدا ژمارەیەکی یەکجار زۆری وشەی بیانیی فەرەنسی، ئینگلیزی، ئیتاڵی، عەرەبی، فارسی و ... هەیە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە زمانی تورکی وشەی ڕەسەنی نییە. وشەی (dolma) ناوی کرداری (dolmak)ە کە بە مانای «پڕبوونەوە بە شتێک» دێت. مانای دووەمی (dolma) ئەو خواردنە ناسراوەیە کە (دۆڵمە)ی پێ دەگوترێت و ناوەکە پێوەندی

ڕاستەوخۆی بە چۆنیەتی دروستکردنی خواردنەکەوە هەیە کە باینجان و پیاز و کودی و ... بە برنج پڕ دەکرێنەوە. وشەی (dolmuş)یش هەر لەو خێزانەیە و ئاوەڵناوە و بە مانای «پڕ بوو» دێت. هەروەها وشەی (dolu) کە ئاوەڵناوە و بەمانای «پڕ» دێت. وشەکانی dolmalik، doldurmak، doldurmuş، ... هەر لەوێوە سەرچاوە وەردەگرن.(٦).

مەخزەن: وشەکە (مخزَنْ)ی عەرەبییە لە ڕەگی (خزن). وشەکانی (یخزن، خزینة، مخازن، ....) هەر ئەو ڕەگو ڕیشەیەیان هەیە (٧).

سەید: هەمان (سَیدّ)ی عەرەبییە و لە ڕەگی (سَادَ)وەیە. وشەکانی (سیَادة، سَائد، سَیّدة، سَادات، أسْیَاد،...) لێیەوە وەردەگرن.

حەبل: لە (حبَلْ)ی عەرەبییەوەیە و وشەکانی (حبال، حِبالة، حابِلْ،...) هەمان ڕەچەڵەکیان هەیە.

حەشیش: هەمان (حَشیش)ی عەرەبییە. لە ڕەگی (حش)یە و وشەکانی (حاشّ، حُشاش، حَشائش، حشیشة..) لێیەوە سەرچاوە وەردەگرن.

ئابوونە: لە (abonner) {ئابونێ}ی فەرەنسییەوەیە بە واتای (بەشداریکردن) دێت، بەڵام نەک هەموو بەشداری کردنێک، بەڵکو بەشداربوون لە هێڵی تەلەفۆن یان بەشداربوون لە کڕینی ڕۆژنامە یان گۆڤارێک، ...تاد. لە حاڵەتێکی وادا زیاتر لە کوردستانی عێراق دەگوترێت: «ئیشتراکم هەیە». لە هەنبانەبۆرینەشدا بەم مانایە هاتووە: (پارەی ڕۆژنامە یان گۆڤارێک لە پێشدا دان و لەسەریەک وەرگرتنی). لە فەرەنسیدا (abonné) بەو کەسە دەگوترێت کە بەشداری کردووە و ئیشتراکی هەیە. (abonnement) بەشدارییەکەیە و لە هەنبانەبۆرینەدا لە شێوەی (ئابونمان) و بەم مانایە هاتووە: (مزی سالانە یان شەش یان سێ مانگانەی ڕۆژنامە و گۆڤار لەبڕ). (آبونمان)ی فارسیش کە بۆ ئیشتراکی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەکاردێت، هەمان وشەیە و ئێستاش لە فارسیدا باوە. لە کوردستان وشەی (ئابوونە) لە کاروباری حزبیدا بەمانای ئەو بڕە پارەیە دێت کە هەر ئەندامێکی حزبی دەبێ وەکو ئەرکێکی ئەندامێتی بداتە حزبەکەی.

ئاوکات: زۆر لە (avocat)ی فەرەنسی دەچێت. من ئەم وشەیەم لە کوردستانی عێراقدا نەبیستووە. پێموایە کوردەکانی تورکیا بەکاری دێنن و لەوە دەچێت لە تورکەکانەوە وەریانگرتبێت. وشەکە لە فەرهەنگی تورکیدا هەیە، بەڵام ڕەسەن نییە و لە (avvocato)ی ئیتاڵییەوە وەرگیراوە و خۆی لە advocatus ی لاتینییەوە هاتووە.

بێری: لە وشەی (béret)ی فەرەنسییەوە هاتووە بۆ هەموو جۆرە کلاوێک بەکاردێ کە خڕ، پان و بێ لێو بێ *birrum* بناغە لاتینییەکەیەتی.

کۆنگرە: لە (congrés) {کونگغێ}ی فەرەنسییەوە هاتووە و یەکێ لە ماناکانی (کۆبوونەوەی ڕامیاریی دەوڵەتەزلهێزەکان بۆ چارەسەرکردنی گرفتە نێودەوڵەتییەکان)ە. بنەڕەتە لاتینییەکەی *congressus* ە.

کادر: لە (cadre)ی فەرەنسییەوە هاتووە کە مانای جۆراوجۆری هەیە. یەکێک لە ماناکانی (چوارچێوە)یە. هەروەها بە مانای (کۆی ئەو بەرپرسە لەشکریانە کە سەربازەکانی یەکەیەکی سەربازی بەڕێوە دەبەن) دێت. بە مانای (کۆی کارمەندانی پایەبەرزی کۆمپانیایەک)یش دێت. بناغە لاتینییەکەی *quadrus* ە. پێم وایە عەرەبەکان لە فەرەنسییەوە وەریان گرتووە (کادر، کوادر) و بەڕای من هەر لە عەرەبییش هاتۆتە ناو زمانی کوردی.

لامپا: لە هەردوو زمانی ئینگلیزی (lamp) و فەرەنسیدا (lampe) هەیە و لامپا وەرگیراوی یەکێکیانە و بناغە لاتینییەکەی *lampas* ە.

لیستە: لە زمانی ئینگلیزیدا (list) و لە فەرەنسیشدا (liste) هەیە و لە یەکێکیانەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە و لە هەنبانەبۆرینەشدا (لیست) هاتووە نەک (لیستە)، ئەمەش جەخت لە فەرەنسی یان ئینگلیزی بوونی وشەکە دەکات.

ماسک: لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا (mask) و لە هی فەرەنسیشدا (masque) دەبینرێت. بناغە لاتینییەکەی *masca* یە.

گرووپ: لە هەردوو زمانی فەرەنسی (groupe) و ئینگلیزیدا (group) هەیە و بێگومان لە یەکێک لەوانە وەرگیراوە.

هۆڵ: لە (hall)ی ئینگلیزی وەرگیراوە و لە فەرەنسیشدا بە هەمان شێوە لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە و بە مانای ژوورێکی گەورە دێت.

مستر: لە (mister)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە.

کوپ: لە (cup) ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە.

کوبرا: لە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسیدا بە ڕێنووسی (cobra) هەیە و ناوی جۆرێکە لە ماران.

کێک: لە (cake)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە.

زێبرا: لە (zebra)ی ئینگلیزییەوە هاتووە. لە فەڕەنسیشدا (zébre) {زێبغ}ی پێ دەگوترێت، بەڵام لە فۆنەتیکی وشەکەوە دیارە کە لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە و بریتییە لە جۆرە کەرێکی کێوی.

**بەشی کوردی – ئینگلیزی**

ئەمین: هەمان (أمين)ی عەرەبییە لە ڕەگی (أمن). وشەکانی (أمن، أمانة، آمن، ايمان، مؤمن...) لەو بناغەیەوەن.

بالۆن: لە (ballon)ی فەڕەنسییەوە وەرگیراوە. ماناکەشی لە هەنبانەبۆرینەدا بریتییە لە: (١) تورەکەی زەلامی فوودراوی پڕ لە گازکە بە هەوادا دەچێ (٢) فڕۆکە، باڵافڕ.

پلان: ئەم وشەیە (plan) لە هەردوو زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزیدا هەیە و لە یەکێک لەو دوو زمانە وەرگیراوە.

**بەشی کوردی فەڕەنسی**

فەقیر: هەمان وشەی (فقير)ی عەرەبییە و بناغەکەی (فقر)یە و وشەکانی (أفقر، افقار، افتقار،..) لەوێوە هاتوون.

فیرارکردن: لە دوو وشەی (فرار)ی عەرەبی و (کردن)ی کوردی پێک هاتووە و وشەی (فرار) و وشەکانی وەکو (يفر، مفر، فار،..) لە ڕیشەی (فرَّ) سەرچاوە دەگرن.

فەساد: هەمان (فساد)ی عەرەبییە و لەگەڵ وشەگەلی (فاسد، مفسدة، أفسد،..) لە (فسد) سەرچاوە وەردەگرن.

حەمام هەمان (حمام)ی عەرەبییە و لەگەڵ وشەکانی (حمم، حمى، محموم، استحمام،..) لە ڕەگی (حمَّ)ەوە سەرچاوە وەردەگرن.

ڕەفز: هەمان وشەی (رفض)ی عەرەبییە و لە ڕەگی (رفض) سەرچاوەی گرتووە و وشەکانی (مرفوض، رافضی،...) لێیەوە پەیدا بوونەتەوە.

بێری: پێشتر ئاماژەمان پێکردووە.

جەندرمە: ئەم وشەیە لە تورکیا بەکاردێت و کورد لە (jandarma) ی تورکییەوە وەریگرتووە. لە هەنبانەبۆرینەشدا بەم مانایە هاتووە: (پۆلیسی تورکان). لە تورکیشدا ڕەسەن نییە و لە gensdarmes ئیتاڵییەوە هاتووە لە فەڕەنسیشدا هەمان وشە هەیە کە خۆی لەسەرەتادا gensdarmes بووە و لە لێکدانەوەی دوو وشەی (gens) واتە (خەڵک) و (arme) واتە (چەک) پێکهاتووە.

هۆڵ: پێشتر ئاماژەمان پێکردووە.

لەمپا: پێشتر ئاماژەمان پێداوە.

پاڵتۆ: وشەی (paletot) {پاڵتۆ}ی فەڕەنسییە و جۆرە جلێکی سەرەوەیە. بەجۆرە چۆخێکی پەشمینیش دەگوترێت.

تەنانەت لە کۆی ئەو وشە فەڕەنسیانەی د. کەمال هەڵی بژاردوون، هەندێکیان وشەی ڕەسەنی فەڕەنسیش نین:

bazar: لە وشەی (بازار) ی فارسییەوە وەرگیراوە.(٨)

cheque: لە check ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە.

fakir: (کە د. کەمال لە نووسینەکەیدا بە هەڵە fa-quir نووسیویەتی)(٩) لە (فەقیر)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە.

hammam: لە بنەڕەتدا (حمام) ی عەرەبییە و لە ڕێگای زمانی تورکییەوە وەرگیراوە.

hall: هەروەکو خۆی لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە.

kaki: لە بنەڕەتدا (خاکی)ی فارسییە و لە ڕێگای زمانی ئۆردو و هیندییەوە هاتۆتە ناو زمانی فەڕەنسییەوە.

kohol: لە (کحل)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە.

لیستی بەشی یەکەمی بابەتەکەش لە هەڵە بە دوور نییە. بۆ نموونە نووسەر پێی وایە وشەی (مسجد)ی عەرەبی لە (مزگەوت)ی کوردییەوە وەرگیراوە (١٠). کەچی ڕەگو ڕیشەی ئەو وشەیە لە زمانی عەرەبیدا زۆر قووڵە و پێی ناچێت لە وشەی (مزگەوت)ی کوردییەوە هاتبێت. (مسجد) لە ڕەگی (سجد) هاتووە و وشەکانی (ساجد، سجود، سجادة،...) لەوێوە سەرچاوە وەردەگرن(١١).

من نازانم نووسەر بۆ هەڵبژاردنی ئەم وشانە پشتی بە چ سەرچاوەیەک بەستووە. بەڵام تەنانەت ئەگەر وشەیەکی وەکو (شەمەندەفەر، پاڵتۆ، لەمپا، هۆڵ، جەندرمە،

..تاد) لە زمانی کوردیدا بەکاربێت یان لە فەرهەنگێکی باشی وەکو هەنبانەبۆرینەدا جێی بۆ کرابێت، ئەمە ئەو مانایە ناگەیەنێت کەوشەکە لە زمانی کوردیدا ڕەسەنە. هەر فەرهەنگنووسێک بۆی هەیە ئەو وشەیەی لە زمانیدا باوە و بەکاردێت، بخاتە ناو فەرهەنگەکەی، بەو هۆیەی وشەکە ئیتر شوێنی خۆی لە زمانەکەدا کردۆتەوە و چەسپاوە. دیاردەی دان و وەرگرتنی وشە لەنێوان زماناندا وەکو گوتم گوناه نییە و شتێکی ئاساییە و وەکو دیاردەیەکی زمانی -کەم یان زۆر- لە هەموو زمانێکدا دەبینرێت و زۆر زەحمەتە کە زمانێکی زیندوو بتوانێت بەتەواوی خۆی لێ بدزێتەوە، هەر بۆیە لە زۆربەی فەرهەنگە بیانییەکاندا ئاماژە بە ڕەچەڵەکی وشە بیانییەکان دەکرێت. بوونی ژمارەیەکی زۆری وشەی بە ڕەچەڵەک بیانی لە زمانێکی زیندووی وەکو فەڕەنسیدا -وەکو ئەو حەوت وشەیەی د. کەمال بە وشەی ڕەسەنی فەڕەنسی ژماردوون و من ڕەچەڵەکە فارسی و عەرەبی و ئینگلیزییەکانم لێ خستنە ڕوو- بۆ ئەم ڕاستییە باشترین بەڵگەیە، بۆیە چاکتر وایە لەمەودوا فەرهەنگنووسانی کوردیش ئەگەر پێیان نەکرێت فەرهەنگێکی مێژوویی زمانی کوردی دابنێن، بەلای کەمەوە لە کارەکانیاندا سوود لە ئێتیمۆلۆژیستەکان وەربگرن و لەگەڵ هەر وشەیەکی نارەسەنی زماندا ڕەگو ڕیشە بیانییەکەی بخەنە ڕوو.

بە ڕەچەڵەکەوە بیانی بوونی هەندێ لە وشەکانی د. کەمال هەندێ جار ئەوەندە ئاشکراو بەڵگە نەویستە کە بەراستی پێم سەیرە چۆن توانیویەتی سەرەڕای ئەو ڕاستییە، بە وشەی کوردیی ڕەسەن دایان بنێت. جگە لەوەی گوتمان، لەوانەیە باشترین بەڵگە بۆ بیانی بوونی هەندێ لەو وشانە ئەوە بێت کە بیانخەینە بەردەم هەر گوندنشینێکی کوردستانی و لێی بپرسین کە مانای (گرووپ، ماسک، هۆڵ، کوپ، پلان، زێبرا،...) چییە. دڵنیاشم کە وەڵامیان نابێت. مێژوو، جوگرافیا و بوارەکانی تری زانستە مرۆڤایەتییەکانیش دەتوانن لەم بارەیەوە یارمەتیمان بدەن. بۆ نموونە ئاساییە ئەگەر وشەکانی (شەمەندەفەر، لامپا و بالۆن) کوردی نەبن، چونکە پێوەندییان بە داهێنانی تەکنیکی هەبووە و کورد داهێنەریان نەبووە، بۆیە لە دۆخی (بالۆن)دا وشەکەی وەکو خۆی بەکارهێناوە و ناوی تازەشی بۆ داناوە کە (بالافڕ) یان (فڕۆکەیە). بە پێچەوانەی (مار، ڕووڤی، گورگ، کەو...) کە لە سروشتی کوردستاندا هەبوون و هەندێکیان تا ئێستاش تێیدا دەژین، هیچ سەرچاوەیەکی جوگرافی یان مێژوویی ئاماژە بە هەبوونی (زێبرا) لە کوردستاندا ناکات. جا چۆن دەکرێ بڵێین کە (زێبرا) وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە: هەروەک چۆن سەدان گیانلەبەری تریش هەن کە لە سروشتی کوردستاندا نەبوونە و لە زمانی کوردیدا ناویان نییە. وشەکانی (کادر، کۆنگرە، لیستە، ئابوونە، گرووپ، پلان، ..)یش پێم وایە هەر کامەیان لە کات و سەردەمی جیاجیادا و بەهۆی گەشەسەندنی ژیانی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی،... هاوچەرخ لە کوردستاندا و بە گوێرەی پێویست لێرە و لەوێ وەرگیراون و ئەمڕۆ بە فراوانی بەکاردەهێنرێن. ئیتر وردەکارییەکانی ئەم بابەتە و ساغ کردنەوەی، کاری پسپۆڕانی بواری ئێتیمۆلۆژی و مێژووی گەشەسەندنی زمانی کوردییە.

من پێم وایە هەر کەسێ بیەوێت توخنی بواری ئێتیمۆلۆژی و ئێتیمۆلۆژیی بەراورد بکەوێت، دەبێ خاوەنی کۆمەڵێ خەسڵەتی تایبەت بێت. دەبێ پێش هەموو شتێک ئەو زمان یان زمانانەی کاریان لەسەر دەکات زۆر بە باشی بزانێت و شارەزای بواری فۆنەتیک، فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییان بێت بۆ ئەوەی بتوانێت وشەکان لە ڕووی دەنگسازی و ڕۆنانەوە لێک بداتەوە. پێویستیشە زۆر شارەزای مێژووی پەرەسەندنیان و پێوەندییان لەگەڵ زمانە هاوخێزانەکانیان و زمانە دراوسێکانیان بێت. بۆ ئەوەی بتوانێت وشەی ڕەسەن لە وشەی وەرگیراو جوێ بکاتەوە. هەر لەوێوە ناسینی زمانە کۆنەکانی سەر بە خێزانە زمانییەکانیان پێویستییەکی بەڵگەنەویستە.

لەوە دەچێت نووسەری بابەتەکە زیاتر ویستبێتی زمانی کوردی هەرچۆنێک بێت وەکو زمانێکی بە ڕەچەڵەک ئەورووپی لە قەڵەم بدات، چونکە بەراوردەکەی زیاتر لەوەی بایەخ بە زمانانی دراوسێی زمانی کوردی بدات، جەخت لە زمانە دوورە ئەورووپییەکان دەکات. هیچ کامێک لەم زمانانە (سوێدی، ئینگلیزی، فەڕەنسی) نە لە ڕووی جوگرافییەوە نە لە ڕووی خزمایەتییەوە دراوسێی زمانی کوردی نین. ڕاستە کە لە زمانە هیندوئارییەکانن، بەڵام لە چاو زمانە ئێرانییەکان، زۆر لە زمانی کوردی دوورن؛ کەچی لە بابەتەکەدا زیاتر بایەخ بەم سێ زمانە دراوە، بۆیە بەشی دووەمی بابەتەکە بەڕای

من لەگەڵ ناوونیشانیدا لە تەنگژەی نەگونجاندایە. ئەگەر نووسەر مەبەستی لە دراوسێتییەکە، دراوسێتیی جوگرافی بووە، دەبوایە بابەتەکەی لە سنووری ئەو زمانانەی لە ڕووی جوگرافییەوە هاوسنووری زمانی کوردین، دەرنەچێت؛ کە ئەوانیش ناسراون و سێ زمانی فارسی و عەرەبی و تورکین. ئەگەریش دراوسێتی زمانیی پێ مەبەست بووە، خۆ زمانە ئێرانییەکانی فارسی، بەلووچی، پەشتوو... کە لەگەڵ زمانی کوردیدا خێزانی زمانە ئێرانییەکان پێکدێنن، لێیەوە زۆر نزیکترن تا سویدی و فەڕەنسی و ئینگلیزی.(١٢). تەنانەت لە ڕووی سەرچاوەی باوەڕپێکراویشەوە بابەتی د. کەمال زۆر لاوازە. بۆ نموونە بۆ سەلماندنی بە ڕەچەڵەک ئەورووپی بوونی کورد و زمانەکەی، لەجیاتی پشت بەستن بە سەرچاوەی زانستی و مێژوویی باوەڕپێکراو و ناسراو، پشتی بە گوتارێکی ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی لەندەنی بەستووە؛ بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوونیشان و نووسەری ئەو بابەتە بکات. کاتێ باس لە نامەی دکتۆرای (د. شاکر خەسباک)یش دەکات، ناوونیشانی دروستی سەرچاوەکە لە لیستی سەرچاوەکانیدا ناخاتە بەردەم خوێنەران. ئەمە جگە لەو ڕەخنانەی دەکرێ لە شێوازی داڕشتنی بابەتەکە، چۆنیەتی دابەشکردنی بەشەکانی و بەگشتی لە ڕووی مێتۆدۆلۆژیی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بابەتەکە بگیرێن. ئیتر ئەمە بۆ خودی خوێنەرانی گۆڤاری ڕامان و بەتایبەتی باسکاران بەجێ دێڵم؛ بەو هیوایە کە لە هەر بوارێکی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا خامەی ڕەنگینیان دەخەنە گەڕ، میتۆدۆلۆژیی زانستی پشتگوێ مەخەن و بەو پەڕی بایەخ و سەرنجەوە لە باسەکانیدا پەیڕەوی بکەن؛ بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکەیان پلەوپایەی زانستیی خۆی بپارێزێت و جێی متمانە و بڕوای خوێنەران بێت.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

(1) *LAROUSSE, Dictionnaire de linguistique et des sciences du language*, sous la direction de Jean Dubois, Paris, Larousse, 1994, p. 187-188.

(2) هەژار، *هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کردی-فارسی*، تهران، سروش، ١٣٦٩، ل ٤٩١.

بۆ لێکدانەوەی وشە کوردییەکان –بڕوانە هەمان سەرچاوە.

(3) نووسراوی نێوان دوو {...} درکاندنی (تلفظ) وشەکانە بە ڕێنووسی کوردی.

(4) بۆ لێکدانەوەی وشە فەڕەنسییەکان بڕوانە:

*Le Nouveau Petit Robert, Dictionnaire alphabétique et analogique de la langue francaise*, texte remanié et amplifié sous la direction de Josette Rey-Debove et Alain Rey, Paris, Dictionnaires le Robert, 2001.

(5) کەمال مەعرووف، «بەراوردێک لەنێوان زمانی کوردی و زمانانی دراوسێدا» بەشی دووەم، لە *ڕامان*، ژ١١٦، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٨٥.

(6) بۆ لێکدانەوەی وشە تورکییەکان و زانیاری دەربارەی ڕەچەڵەکیان بڕوانە:

*Türkçe sözlük*, yeni bakasi, 1&2, Ankara, Türk Tarih Kurumu Basim Evi, 1988.

Zama Farqînî, *Türkçe-Kürtçe sözlük*, Istenbol, Enstîtuya Kurdî, 1992.

(7) بۆ لێکدانەوەی وشە عەرەبییەکان بڕوانە: *المنجد في اللغة والاعلام*، الطبعة الثلاثون، بيروت، دارالمشرق، ١٩٨٨؛ دانيال ريغ، *السبيل، معجم عربي فرنسي، فرنسي عربي*، باريس، مكتبة لاروس، ١٩٨٣.

(8) بۆ ڕەگو ڕیشەی هەموو ئەو وشە فەڕەنسیانە، بڕوانە:

*Dictionnaire historique de la langue française*, sous la direction d' Alain Rey, Paris, Dictionnaires le Robert, 1995.

(9) بێجگە لەوە هەندێ وشەی تری فەڕەنسیش بە ڕێنووسی هەڵە نووسراون. (astre) کراوە بە (astr)؛ (dent) کراوە بە (dan)؛ (façade) کراوە بە (fasade) و لە ڕووی ماناشەوە هیچ پێوەندییەکی بە وشەی (فەساد)ەوە نییە. (neuf) کراوە بە (neaf )؛....

(10) کەمال مەعرووف، «بەراودێک لەنێوان زمانی کوردی و زمانانی دراوسێدا» بەشی یەکەم، لە *ڕامان*، ژ ١١٥، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٩٨.

(11) لەوانەیە هەندێ وشەی تریش لە لیستەکانی د. کەمال-دا هەبن کە بە ڕەچەڵەک بیانین و من هەستم پێ نەکردبێت و ئەوەش بۆ خوێنەری بەڕێز بەجێ دێڵم.

(12) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی زمانی کوردی و زمانە هاوخێزانەکانی بڕوانە: رودیگر اشیمت، *راهنمای زبانهای ایرانی*، جلد دوم، ترجمە آرمان بختیاری و دیگران، تهران، انتشارات ققنوس، ١٣٨٢.

# کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر یەکتریدا

د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)

(٢ - ٢)

* ویسالی دەڵێ(١٤٥):

**دوککانی توحەف بەحروف عەینی بەقابێ**
**نوکتێکی دەقیق بێ کە شرووحی نەکرابێ ٦٢**

لەنیوەی یەکەم ویسالی (عەین)ی لە بڕی (کانی) بەکارهێناوە، کاریگەرییەکەش پێویست بەهیچ هێمایەک ناکات. وشەکانی نیوەی دووەم: نوکتێک، دەقیق، شرووح کرابێ لە هەمان قەسیدەکەی نالی وەرگیراوە.

* نالی دەڵێ(١٤٦):

**وەک قیاسێکی کەموسبەت بێ نەتیجەی بێتە جێ**
**حەمد و لیللا شەهـ کە عالی جابوو خاڵی جا نەبوو ٨٨**

* شێخ سەلام دەڵێ(١٤٧):

**وەک قیاسێکە کەموسبەت بێ نەتیجەی حاسڵی**
**هەردوو بۆ (....) کوشتنە ئایا ئەوان یاخو ئەمان١٨٣**

شێخ سەلام نیوە دێری نالی بە دەستکارییەکی زۆر کەم وەرگرتووە و بۆ ئەو مەرامەی ویستوویەتی دووبارە بەکاری هێناوە. وەرگرتن و لاسایی کردنەوە کەرەسە و داهێنانەکانی یەکێکی وەکو نالی لە هەر قۆناغێکی نووسیندا بێت بۆ دروست بوون و ئەزموونی تر کارێکە هەر بووە و هەر دەشبێ، دروست بوون و پێشڤەچوونیش قبووڵکردنی هەندێ پاڵەپەستۆی گەرەکە.

* نالی دەڵێ(١٤٨):

**زولفەینی بەخەم مارو بە حەلقەن وەکو عەقرەب**
**شیعری لەفف و نەشرن چ مشەوەش چ مورەتتەب ٥٦**

* شێخ سەلام دەڵێ(١٤٩):
**بە زولف و پەرچەمی وەک مارو عەقرەب**
**ئەکا پاسی دوو گەنجی کوڵم و غەبغەب** ٢٠٠

هەردوو لا زلف پێچەلپێچ و بە حەلقەن وەکو مارو دوپشک، وەکو هونەری لەف و نەشر بە هەردوو بار خۆیان دەنوێن، گەنج و خەزنە لای شێخ سەلام کوڵم و غەبغەبە، با لای کەسانێکی تر شتی تر بێ، لە حەقایەتان تەنیا مار ڕۆڵی پاسەوانی خەزنە و گەنج دەکا نەک دوپشک.

* نالی دەڵێ(١٥٠):
**ئەلا ئەی ئاسکی ئاسک بەباسک**
**شکاندت گەردەنی سەد شێری شەرزە** ٩٦

* هێمن دەڵێ(١٥١):
**ئەرێ ئەی ئاسکی ناسک هەتا کەی دەستە مۆنابی؟**
**ئەرێ پیرۆزەکەی خۆشفەڕ هەتاکەی نایەماڵی من**١٢٢

لەو دێرە هێمن لەتی بەرایی لەنالی خواستووە و وێنە شیعرییەکەی پێ ڕازاندۆتەوە.

* سالم دەڵێ(١٥٢):
**الا یا ایها الساقی بە مفلس وەختی احسانە**
**ادر کأسا و ناولها عطا شێوەی کەریمانە** ١٢٩

* خادیم دەڵێ(١٥٣):
**الا ایها الساقی لەبالەب پڕکە پەیمانە**
**ادر کأسا وناولها سەخا کاری کەریمانە** ٢٤٣

ئەم دێرەی یەکەم دێری غەزەلە حەفت دێرییەکەی سالمە، یەکەم نیوە دێری قەسیدەکەی دیوانی حافزی شیرازی تێهەڵکێش کردووە. ئەو قەسیدەی حافز لەسەر کێشی (هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواوە) واتە (مفاعیلن)×٤ بە واتایەکی تر، ئەو نیوە دێرە لە چوار تەفعیلەی وەکو یەک (مفاعیلن) پێکهاتووە. سالم هاتووە ئەو نیوە دێرەی لەت کردووە، دوو تەفعیلەی داوەتە نیوەی یەکەم (الا یاایها الساقی). دوو تەفعیلەکەی تری لە نیوەی دووەم بەکارهێناوە (ادر کاسا وناولها). کە بەڕاستی هونەرێکی جوان و بەرزی لەو تێهەڵکێشە نیشانداوە.

زۆر چاک دیارە خادیم چەند کاریگەری سالمی بەسەرەوەیە هونەرەکەی لە تیهەڵکێش (تضمین) کتومت لێی وەرگرتووە، بۆ لەتی چوارەمیش (سەخا کاری کەریمانە) سێبەری لەتەکەی سالمە. لە دێری پێنجەم و نیوە دێری دووەمی هەمان شیعری خادیم بۆ جارێکی تر وا تۆمار کراوە:

**گەداوو موستەحەقم من بە موفلیس کاتی ئیحسانە**

لەتی دووەمی ئەم نیوە دێرە، وەکو لەتەکەی سالمە، تەنیا (وەختی) بۆتە (کاتی). (لە دیوانی خادیم «یا» یەکە ئاشکرا دیارە پەڕیوە).

* سالم دەڵێ(١٥٤):
**لەیەک لا (نالی و مەشوی) لە لایێ (سالم و کوردی)**
**لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکا جۆ بوون لە (مەولانا)** ٣٥(*)

* خادیم دەڵێ(١٥٥):
**لەلایێ نالی و مەحوی لەلایێ سالم و کوردی**
**لەلایێ عالەمی(*) عامیل کە جێگەی فەخرە مەولانە**٩٥

زۆرباش دیارە دێری یەکەم چ کاریگەرییەکی زۆری بەسەر دێرەکەی خادیمەوە هەیە، وێنەکان خۆشیان بۆ هەمان مەبەست لەگەڵمان دێنە دوان و قسەکردن.

* سالم دەڵێ(١٥٦):
**ساقی لەپەردە دەرهات جامی شەرابی هێنا**
**دل خیرە ما لە حیرەت مەه ئافتابی هێنا** ٣٥

* ئەوڕەحمان بەگی بابان دەڵێ(١٥٧):
**شنەی هەوای بەیانی، بۆنی بەهاری هێنا**
**ئەم بۆنە عەتربێزە، نەشئەو خوماری هێنا** ٤٢

لە غەزەلەکەی ئاوڕەحمان بەگ ئاشکرا دیارە کە کاریگەرییەکی زۆری سالمی بەسەرەوەیە.

* کوردی دەڵێ(١٥٨):
**گەر موخیر بم لە نێوانی بەهەشت و وەصلی یار**
**وەصلی تۆ بۆ من جەهەننم پڕ لە جەننەت نامەوێ** ٨٨

* میهری دەڵێ(١٥٩):
**ئەگەر بێت و موخەیر بم لە بەینی وەسلت و جەننەت**

**ویسالی تۆ لە بۆ من بێ ئەبەد قەد نامەوێ جەننەت ٨١**

مسـتـەفا بەگی کـوردی دەڵێ: ئەگـەر سـەرپشکم کـەن لەنێوان بەهەشت و گەیشـتنم بە خۆشەویست، ئەگەر ئەو پێک گەیشتنەم لەناخۆشی و زەحمەتیدا وەکو دۆزەخ بێ هەر ئەو هەڵدەبژێرم و (پڕ لە جـەننەت) واتە جـەنناتی زۆری ناوئەو بەهەشتە پان و پۆڕەم ناوێت.

مـیـهـریش بەهەمـان کـەرەسـە. هەمـان ناوەڕۆکـمـان پێشکەش دەکاتەوە.

* کوردی دەڵێ(١٦٠):

**عاشق و داناو موءدب وەحشی و مەغروورو عەجوول**
**گەه دەڵێ سندان بەعاشق گەه دەڵێ چاوم قوبان ٤٦**

* گۆران دەڵێ(١٦١):

**ئێوارەیە وا، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە**
**ڕێی کانی- قوبان!- مونتەظیری جیلوەیی نازە؛ ٣٢**

گۆران وشـەی (قـوبان) کە لە بری (قـوربان) هاتووە لە کـوردی خـواسـتـووە و ئیـقـاعـێکی جـوانی پێ دروست کردووە.

* حاجی دەڵێ(١٦٢):

**دەری تۆ کەعبە بوو (حاجی) تەوافی کردو نەیزانی**
**چ قەوما کەعبە کەچ بوو مەسجیدولئەقصایە ڕووخاوە ١٣٥**

* وەفایی دەڵێ(١٦٣):

**بۆ چ بڕۆم لێ تێکدەنێی ڕووت وەردەگێڕی، چاوەکەم**
**کابە کەچ بوو، قیبلە گۆڕا؟ ماچێکم لەو لێوەدا..! ١٣**

* دیسان دەڵێ:

**لەسەر چی لێم زیزی چ قەوماوە**
**دەمم لە ڕووی تۆدا کابە نەڕووخاوە ١٤٩**

کێشـان و بنیـاتنانی وێنە بە وشە زۆرجاران لە فـڵچەو ڕەنگ و بۆیە کاریگەرترە. تەماشای ئەو وێنە شیـعـرییـە سیـحـراوییـەی حـاجی بکە، زۆر شـتی بەداخـراوی و ناو نەهێنان هێشتووەتەوە و واشی نیشان داوە خەریکە دنیا خراپ بێت و قیـامەت دابێ، وەفـایی کراوەترو بێگرێتر کەرەسەکانی حاجی بەکارهێناوە.

* فۆلکلۆر(١٦٤):

**یارەب بەحاجەت گشت شەو بێداران**
**یاطاقەت یا مەرگ یا وەصل یاران ١٥٠**

* مەولەوی دەڵێ(١٦٥):

**چەپ گەرد نمازۆ ساتێ فەراغەت**
**ئەی خوایا وەصل، یا مەرگ، یا تاقەت ٢٢٠**

دنیـای شیـعـری کوردی هێشـتـا زۆری ماوە، ڕاسـتەڕێ بێت و شتێکی بۆ بکرێت. دەقەکانی شیعر پێویستییان بە لێکۆڵینەوەی ورد و نەفـەسی درێژو شارەزایانە هەیە. هەر بۆ ئەوەی (جـارێ) بەرهەمـەکـان بۆ خـاوەنەکـانیـان بگەڕێنینەوە و بەبێ بەمـاڵ، دواتر کـاریگەری و ئـاسـتی شاعیرانمان بۆ خۆی دێتە پێش، کە ئەمانەش پێوەندییەکی گیانی بەمێژووی ئەدەبەکەمانەوە گرێ دەدا.

* مەولەوی دەڵێ(١٦٦):

**ئاخ، من و شوال هەردوو هام فەردیم**
**هەردوو گرفتار ئێش یەک دەردیم ٢٨٩**

* بێکەس دەڵێ(١٦٧):

**ئەی مانگ من و تۆ هەردو هاودەردین**
**هەردو گرفتار یەک ئاهی سەردین ١٥١**

بێ لەو کـەمـە جیـاوازییـەی نێـوان هەردوو دێرەکـە، کـاریگەری مـەولەوی بەسـەر بێکەس ڕێژەکـەی دیارە چەندە، لە ڕووی شـێـوە و ناوەڕۆک و پاشـان ڕیتـمی یا کێشی شیعرەکە.

* حاجی دەڵێ(١٦٨):

**با لە هەردوو لا بەزوڵفت باوەشێنی لێ نەکا**
**مێشی خاڵت نافڕێ پابەندی شەهدی ڕائیقە ١٢٢**

* حەمدی دەڵێ(١٦٩):

**بازاڕی دەهرە قیمەتی ئەشیا بە جێگەیە**
**مێشێ گەیشتە ڕوویی نیگارێ لەخاڵ ئەچێ ١١٧**

* ناری دەڵێ(١٧٠):

**مێشی خاڵت نافڕێ بەس باوەشێنی کە بەناز**
**چونکە پابەندە بە شەهدی ڕوومەتی ڕائیقە ٩٨**

* سەفوەت دەڵێ(١٧١):

**به پەرچەم باوەشێنی ڕووی ئەکا تا لێی نەنیشێ مێش**
**ئەگەر مێشی لە ڕووت نیشێ لەقەدرا خاڵی هیندووتە ٦٩**

شوێن پەنجەی حاجی بەسەر دێرەکەی ناری ئاشکراو ڕوونە، مێش بەخاڵ چوێندراوە، تواناى فڕینی نییە، دەڵێن: پێیەکانی بە هەنگینی (ساف و بێ گەرد، ڕووی شیرین و جوانەوە نووساوە لێی گیربووە). مێشی خاڵت نافڕێ، مێش و شەهدی ڕائیق، مێش و خاڵ، پابەندی وێنەکەیان لای حاجی، نەمر کردییە، وێنەکەی حەمدی باس لە شتە سەیرو سەمەرەکانی دنیا دەکا، کەرەسە و وێنەکان تەژین لەبیری وردی شاعیرانە، هەر بە وێنەی لەو جۆرانەیە، شاعیر جاویدانی بەدەست دەهێنێ. سەفوەتیش لەو دێرەی خۆی لەنێوان هەردوو لایان دۆزیتەوە، واتە نیوەدێری یەکەم بەلای حاجی-دا چووە، نیوەی دووەمیشی بەلای حەمدی ساغ دەبێتەوە، ئەو جۆرە تێکەڵییەی جۆرە گۆشە نیگایەکی تری بەوێنەکە بەخشیوە.

* حاجی دەڵێ(١٧٢):
**مەعلوومە بۆچی (حاجی) مەدحت دەکا بەکوردی**
**تا کەس نەڵێ: بەکوردی نەکراوە مەدحی باری ١٤٤**

* قانیع دەڵێ(١٧٣):
**(قانع) بەزمانی کوردی، مەدحی خوای ئەنووسی**
**تا، کەس نەڵێ بەکوردی نەکراوە، وەسفی وەهاب ٥٦**

* ڕەشاد موفتی دەڵێ(١٧٤):
**با نەڵێن کوردی نیە مەدحی نەبی**
**من وهام نووسی کە کەس قسەی نەبی ٣**

ئەو دێرەی حاجی لە شیعرەکەی (ئەی بێ نەزیرو هەمتا) وەرگیراوە. ئەو شیعرە لای خوێنەرانی شیعری کلاسیکی پلەوپایەکی یەکجار تایبەتی هەیە، لەو دێرەکە (حوسنی مەقتەع)ی شیعرەکەیە بزانە بە چ زمانێک ڕووی لە باری تەعالا دەکا، حاجی دەڵێ بەو شیعرە پڕ لە موناجاتە و بەزمانی کوردی توانیومە کە کەلێنێک پڕ کەمەوە و زمانی کوردی بێنمە ڕیزی ئەو زمانانەی ستایشی پەروەردیگاریان پێ کراوە. پڕ کردنەوەی لایەنە جیاجیا و بەتاڵەکانی کولتوور بەزمانێک دیارە دەرچوونی ئەو زمانەیە لە قەپێلک و چوارچێوەی تەسکی ناوچەگەری. دێرەکەی قانیع سێبەر و کۆپی کراوی دێرەکەی حاجییە، ڕەشاد موفتیش هەمان واتا وناوەرۆکی دەربڕیوە، تەنیا ستایشکراو گۆڕاوە، لە دێرەکانی حاجی و قانیع باری تەعالا بوون و لای ئەو پێغەمبەر(د). بیریش وەکو ڕەگی دار بۆ زۆر لاو کەلەن و کەلەبەری تر بەکرێ و بێ هەست پێکردن دەڕوا.

* مەحوی دەڵێ(١٧٥):
**لەسەیری خەستەخانەی عیشق ئەو سەوزە کەواشینە**
**لەسەر هەر خەستە دێ یا خوێندنی یاسینە، یا شینە ٢٨٣**

* ناری دەڵێ(١٧٦):
**لەبەر تیری موژەی بێ مروەتی ئەو شۆخە نەخشینە**
**لە هەر جێ دەنگی یا تەڵقینە، یا یاسینە، یا شینە ٩٠**

* شێخ عوسمان دەڵێ(١٧٧):
**بریندارە دڵی زارم لە هەرلا**
**دەوای ئازاری یا (یاسین)یا شینە ٢٥**

* دەشتی دەڵێ(١٧٨):
**سەدای یاسینە یا شینە لە دەم زیندانی بیماران**
**گلەی نازینە یا زینە لە مەم دەرمانی تیماران ١٧٥**

نەخۆش کە زۆر شڕ بێ و لەسەرە مەرگدابێت، سورەتی یاسینی لەسەر دەخوێندرێ، ئەگەر شیفای نەهات، شینی بۆ دەکرێ. ناری لەبەر خاتری دەنگی (ش) و تەماع گرتنی بۆ زۆر بوونی دەنگی سەروا لەو دێرە پاش و پێشێکی لاوازی ئەنجام داوە بەوەی تەلقینی پێش یاسین و شین تۆمار کردووە، ڕێز بەندی لوژیکی کردارەکانی لێک ترازاندووە (یاسین، شین، تەڵقیندان). لای شێخ عوسمان و دەشتی وشەکانی (یاسین) و (یا+شین) بۆ هەمان مەبەست بەکارهاتوون، بەڵام بە وێنە و مەبەستی جیاوازەوە.

* مەحوی دەڵێ(١٧٩):
**شمشادە ئەمە، یا قەدە، یا سەروی ڕوانە**
**یا عەرعەرە یا نەخلی مرادی دڵ و جانە ٢٨٠**

* کەمالی دەڵێ(١٨٠):

**بالآیە ئەوە عەرعەرە یا سەروی ڕەوانە**
**یا بۆ منی دێوانەیی بێچارە بەلآیە!** ١٠٧

مەحوی (شمشاد، سەرو، عەرعەر، نەخل) بەرامبەر بە قەدی مەعشووقەکەی ڕادەگرێ و پێکیان دەچوێنێ. کەمالی (عەرعەر، سەرو)ی وەرگرتووە. بالآش بەرامبەر بە قەد وەستاوە (بالآیە، بەلآیە) کە لەسەرە دێرو کۆتایی هاتوون، ڕەگەزدۆزییەکی ناتەواوی جوانیان دروست کردووە.

* مەحوی دەڵێ(١٨١):
**لە ڕوو سووریی عیبادەت لام و ڕوو زەردی خەجاڵەت مام**
**بەناوی سێوی ناوم باغەوان و، من بەهێ دەگرم** ٢١٨

*شێخ سەلام دەڵێ(١٨٢):
**من بەناوی سێوەوە داری حەیاتم نێژرا**
**سەیری ڕووزەردیم بکە ئێستا کە عەینەن وەک بەهێم** ٦٦

* ویسالی دەڵێ(١٨٣):
**لە ڕوو سووری عیبادەت بووم و ڕوو زەردو خەجاڵەت مام**
**ذەلیلی باری هیجرانم، اغثني یا رسول الله** ١٣٧

مەحوی لای وایە بەندە بەخوا پەرستی و عیبادەت بەردەوام ڕوو سوورە بەرامبەر بە باری تەعالا و کە هەر بۆ ئەوەش دروست کراوە، ئەگەر نا ڕوو زەردە، ڕوو سووری بۆ سێوو ڕوو زەردیش بۆ خەجاڵەت و شەرمەزاری و چاوشۆڕی گەڕاندۆتەوە، ئەو موتوربەی مەحوی لەنیوە دێری دووەم بە ئەنجامی گەیاندووە شتێکی زۆر سەیرو سەمەرە و عەنتیکەیە دار سێو بەهێ بگرێ، دیارە بۆ ئەو کاتە وەک ئەوە بووە قیامەت هەستابێ. ئەگەر بەرهەم و بنج وەکو یەک نەبن، دیارە شتێک لەناوا دۆڕاوە و بزر بووە. شێخ سەلام، ویسالی هەمان بیرو وێنەیان خزاندۆتە نێو دێرەکەی خۆیان.

* مەحوی دەڵێ(١٨٤):
**لە خەزنەی دڵمدا هەرچی هەیە، هەر داغی سەودایە**
**دەسا ئەم نەقدە دەردی عیشقی پێ سەودا نەکەم، چبکەم!** ٢٣٠

* زیوەر دەڵێ(١٨٥):
**مەتاعی حوسنی ئەو مەحبوویە نەقدی داغ و سەودایە**
**لە بازاڕی موحەبیەتدا بە ڕۆح سەودا نەکەم چ بکەم** ١٢٤

* مەحوی دەڵێ(١٨٦):
**بەنووری بادە کەشفی ظوڵمەتی تەقوا نەکەم، چبکەم**
**بەشەمعێکی وەها چاری شەوێکی وانەکەم، چبکەم** ٢٣٠

* خادیم دەڵێ(١٨٧):
**بەیادی تۆ لە دڵ دا گەر کیفاحی ئەم نەکەم چبکەم؟**
**بەفیکری ڕوویی تۆ دەردی جودایی کەم نەکەم چبکەم؟** ١٧٠

* سابیری دەڵێ(١٨٨):
**کە نووری تەلعەتی یارم لەتووری دل برا چی بکەم؟**
**تەنوری میحنەتی دووری لە سینەم هەلگرا چی بکەم؟** ١٢٧

* دەشتی دەڵێ(١٨٩):
**بەجۆشی دڵ ئەگەر ئاور لە دونیا بەرنەدەم چبکەم**
**بەنووری تۆبەگەر ڕوویی ڕەشم ڕووناک نەکەم چبکەم** ١٠٩

* هەژار دەڵێ(١٩٠):
**لە کەرکووکم بە ئاب، ئارەق لەبەرگەرما نەکەم چبکەم**
**کە بەرچایی بەماستی شل، بە پیاڵێک چا نەکەم چ بکەم** ٥١٦

* هێمن دەڵێ(١٩١):
**دێت و ڕادەبرێ وەکو سەروی ڕەوان من چبکەم؟**
**کە بە قوربانی نەکەم ڕووحی ڕەوان من چبکەم؟** ٢٦٩

* عابد دەڵێ(١٩٢):
**لە داخی جووتە هەڵدانی کەرو چوارپێ خودا چی بکەم**
**لەتاوی واتوویتی زۆر بڵێی بێ جێ، خودا چی بکەم** ٦٥

مەحوی لە غەزەلێکی حەفت دێری وشەکانی (نەکەم، چبکەم) وەکو پاش سەروایەک بەکاری هێناوە، کە جۆرە ناسکی و ئیقاعێکی خۆش و جوانیان بە غەزەلەکە

بەخشیوە.

زیوەر، خادیم، دەشتی و هەژار هەمان پاش سەر وایان بە هەمان مەبەست بەکارهێناوە. سابیری و هێمن و عابد بە شێکیان لەپاش سەرواکە وەرگرتووە. ئەوەی تێبینی دەکرێ دێرەکانی هەژار و عابد شێوازی تەنزیان پێوە دیارە. هەر حەفت وێنەکە کەم و زۆر کاریگەربیەکەیان پێوە دیارە، دەمینێتەوە وێناکردنی شێوە و ناوەرۆکی وێنەکان و دەربڕینی ئەو مەبەستانەی بە گۆشەنیگای جیاوازەوە لەچوارچێوەکان گیراون.

* مەحوی دەڵێ(١٩٣):

**بۆ پارە حەیفە خۆ دەکەی بە پوولی ناڕەواج**
**بۆ پارێکی نان ئەسەفە ڕوو دەکەی بە ساج ٩٢**

* عەونی دەڵێ(١٩٤):

**بەد ڕەوشتی و ناجوانمەردی چ زوو ساندی ڕەواج**
**گەر لە بۆ نانیش نەبێ هەر باوە ڕووکردن لەساج ١١٨**

مەحوی وێنەیەکی شیعری جوان و بیرێکی ورد و پڕ مانای هێناوەتە بەر دید و زەینمان، خەڵکانێک وشیار، یان ئاگادار دەکاتەوە کە نادروستی و ناڕەوایی لە هەندێ کارو هەڵسوکەوتا ئەنجامەکەی چییە. عەونی هەندێ ڕەنگی لە وێنەکەی مەحوی خواستووە و تێکەڵ بە ڕەنگەکانی خۆی کردووە.

* مەحوی دەڵێ(١٩٥):

**شەو کەسێ پرسی لەخۆ دەرخستنی پەروانە شەو**
**ئەو وتی: نا تێگەیشتوو! تەجرەبەی مەردانە شەو٢٥٦**

* حەیدەری دەڵێ(١٩٦):

**عەهد و پەیمانی جوانان جارییە. خۆ هەر بە ڕۆژ**
**بۆ لیقای دڵدار و یاران سوپەری مەردانە شەو ٦٨**

حەیدەری پێی باش بووە هەندێ لە داهێنانە پڕ لە ئەزموونەکانی مەحوی تێکەڵ بە بەرهەمەکانی خۆی بکا.

* حەمدی دەڵێ(١٩٧):

**تا دەماغم کەیلی عەطری زوڵفی بوو شەو بۆم ئەکرد**
**وام ئەزانی پووشی وشکە بۆی گوڵی شەوبۆم ئەکرد ٢٤١**

* کەمالی دەڵێ(١٩٨):

**ئەو کەسەی تای پەرچەمی تۆی گیانە شەو بۆ کردووە**
**نەفرەتی دائیم لە بۆنی خۆشی (شەوبۆ) کردووە ١١١**

ئەو بیرەی ئەم وێنە ناسک و جوانەی دروست کردووە ڕەوانبێژییە، ئەویش هونەری ڕەگەزدۆزی تەواوە کە بە وشەکانی (شەو، بۆ) و (شەوبۆ) دەربڕاون:

شەوبۆی یەکەم= شەو+ بۆن کردن ـــ بە شەو بۆن کردن

شەوبۆی دووەم= شەوبۆ(یەک وشەیە) ـــ ناوی جۆرە گوڵێکە

کەمالیش لەو دێرەی هەمان ئەو هونەرە ڕەوانبێژییەی بەکارهێناوە.

* حەمدی دەڵێ(١٩٩):

**شەخصی صاحێب نیعمەتە مەعرووضی فیتنەی ڕوزگار**
**باغەبان ناچێ بەگژ دار و درەختی بێ بەرا ٢٠٥**

* قانیع دەڵێ(٢٠٠):

**قەت خەفەت ناخۆم بە لۆمەی دوژمن و تانەی ڕەقیب**
**مێوەڕن، کەی بەرد ئەخا هەرگیز بەداری بێ بەرا ٤٧**

پێشتر ئاماژەم بەوەدا، کە شاعیری فارسی زمان (سەعدی شیرازی) لەدوو دێرە شیعریدا بۆ تەواوکردنی وێنەکەی دەڵێ: (هیچ کەس بەرد ناگرێتە داری بێ بەر). حەمدی باس لە باغەبان و بە گژدا چوون دەکا. قانیع باس لە مێوە ڕن دەکا و باس لەبەردوداری بێ بەریش دەکا. لای هەموومان ئاشکرایە کە هەر کەسێکی سەعدی و باغەبانی حەمدی و مێوەڕنی قانیع لەو کاتانەی بەرو بەرهەمی ڕەزوباغەکان پێدەگەن، ئەودار و درەختانەی بێ بەرن، بۆ سێبەر یا پەرژین، بۆ سووتەمەنی و فرۆشتن سوودی لێوەردەگیرێ دیارە لەو کاتانە پشتیان تێدەکرێ.

* حەمدی دەڵێ(٢٠١):

**بلبل بەخەندە دێت و دەڵێ دەی بڕایەوە**
**شاخی درەختی عومری شکۆفە ژیایەوە ٨٤**

* خادیم دەڵێ(٢٠٢):

**بولبول بە شاخی سەروەوە هاوار ئەکا ئەڵێ:**
**جەژنی ویساڵە دێتو ئەڵێ دەی بڕایەوە ٤٧**

وێنەیەکی زۆر جـــوانە، بـولبـــول ڕۆڵـی پاڵەوان و قسەکەری تێدابینیوە. لە وێنەی یەکەم بە خەندە دێت و دەڵێ، لەهی دووەم هاوار دەکـا و دەڵێ. ئەو وێنەیە لە دوو وێنەی جـیـا لە یەک پێک هاتووە، باس لە دوو کـەشـوهەوا دەکـا، کـە وێنەی یەکـەم سـەرمـا و سـۆڵ و ناخۆشـیـیـەکـانی زستانە، ئەوی تریان دەسپێکردنی یان نیشـاندانی سەرەتاو دەرکەوتنی وەرزی بەهارە بە هەمـوو خـۆشـیـیـەکـانیـیـەوە. بۆ بەرهەمـهێنـانی ئەو جـۆرە وێنانە خادیم زۆر لە حەمدییەوە نزیکە.

* حەمدی دەڵێ(٢٠٣):

**باڵی کێشاوە بەسەر حوسنا لەدوو لاوە برۆ**
**وەک هوما گەییە مەقامێ، پێی لەسەرچاوە برۆ ٣٣٤**

* خادیم دەڵێ(٢٠٤):

**باڵی کێشاوە بەسەر سەفحەی جەبینی دوو برۆ**
**ڕوو بەڕووی خورشیدی تابان خەنجەری کێشا برۆ٢٠٤**

گـەورەیی حەمـدی لە دنیـای شـیـعـری کوردیدا لەخـۆڕا دروست نـەبووە، ئەو خــاوەنی ئەو وێنە و سـەدانی تری وەک ئەوەیە. جا چوونە ناو مێرگ و میرغوزاری نەمری و جـاویدانی دەبێ چ ئاسـتـەنگ و بەربەسـتـێک هەبێ، گەیشـتنی حەمدی بۆ ئەو شوێنانە هەردوو لای دەرگای بۆ دەخرێتە سەرپشت.

* حەمدی دەڵێ(٢٠٥):

**مانعیم سیانە کەڕولاڵم ئەکەن وەختی ویصاڵ**
**شـەوقی دڵ یەک، نـازی یار دوو، پەنجـەیی تـەقـدیرسێ ٣٧١**

* خادیم دەڵێ(٢٠٦):

**ئەم سیانە مەنعی وەسڵم دەکەن کاتی ویساڵ**
**شەوقی دڵ یەک، هەم حەیا دوو، نازو عیشوەی یارسێ ٢٦٣**

* ویسالی دەڵێ(٢٠٧):

**تاجی شـەئن و میـهری حورمـەت دورجی عـیـصـمـەتیـان شکان**
**یەک غـەریبی، دوو فـەقـیـری، پەنجـەیی تـەقـدیر سێ ١١٢**

بەربەستی پێگەیشتنی هەردوو خۆشەویست سێ شتن، دووانیـان وەکو یەکە. خادیم قـوتابی و شـوون هەڵگرێکی باشی حەمدییە. کاریگەری حەمدی زۆر بە ئاشکرا بەسەر دێرەکەی ویسالییەوە دیارە.

* حەمدی دەڵێ(٢٠٨):

**بێ قەدرە کەماڵی ئەوەی نەیابێ کەماڵی**
**بەم حاڵە مەحاڵە کە بێن حاڵی لە حاڵی ٣٧٩**

* خادیم دەڵێ(٢٠٩):

**کەسێ حاڵی نەبێ بێ حاڵە حاڵی**
**کەماڵی گەر نەبێ نابێ کەماڵی ٢٦٤**

هێڵ و ڕەنـگ و سـێبـەری ئەم وێنە شـیـعـرییـە، گـەمـە کـردنە بە وشـەکـانی (کـەمـاڵی، کـەمـاڵی)، (بەم حـاڵە، مــەحــاڵە)، (حــاڵی، حــاڵی) ئەو کــارەش ڕیتم و خوێندنەوەیەکی خۆش و ناسکی بەدێرەکە بەخشـیـوە ئەو جـووت وشـانـەش ڕەگـەزدۆزی تەواو و ناتەواون. خـادیم پاش و پێــشـی بە هەردوو نێــوە دێرەکــە کــردووە و کەمێکیش دەسکاری کەرەسەکانی کردووە بۆ ناوەرۆکیش یەک سێوە بە چەقۆ کراوە بەدوو لەتی وەک یەک.

* حەمدی دەڵێ (٢١٠):

**برۆ زاهید موبارەک هەر بە تۆ بێ مەسجید و میحراب**
**من و ئەبرۆی بتان و گۆشەیی بتخاتە تا مردن ٣٢١**

* بێکەس دەڵێ(٢١١):

**برۆ یاهو موبارەک هەر بەتۆبێ پاکەتی (ئەرداس)**
**من و کیسە و سەبیل و توتنی خۆمانە تا مردن ١٧٠**

زۆر ئاشکرا دیارە ئەم دێرو وێنەیەی حــەمــدی لە چ ئاست و پلەیەکـدایە، بەڕاسـتی پاش خـوێندنەوەی ئەو جـۆرە شـیــعــرانە مـرۆ تەزی بە لەشـیـدا دێ، بێکەس کەرەسەیەکی زۆری ئەم دێرەی وەرگرتووە و پاشان هاتووە بۆ ئاقــارێکی تری بردووە. بێکەس باس لە (پاکــەتی ئەدراس و کـیسـە و سەبیل و توتنی خۆمـانە دەکـا) کە ئەمــانەش دوو دۆخی بیــرکــردنەوە، یان بـاری ئابووری نیـشـان دەدا. بەواتایەکی تر دەتوانین دێرەکـەی بێکەس وەکو کاریکاتێرێکیش وێنەی بکێشین.

* حەمدی دەڵێ(٢١٢):
**لە بەینی ئەرزو ئەفلاکا ئەوەی وەک زەڕڕە شەوقی هەبێ**
**ئەساسی خیلقەتە (حەمدی) کە سەرگەردانە تا مردن**
**٣٢١**

* بێکەس دەڵێ(٢١٣):
**لەناو قەومێکی جاهیل دا ئەوەی یەک زەڕڕە فیکری بێ**
**ژیانی زەحمەتە (بێکەس) کە سەرگەردانە تا مردن**
**١٧٠**

دیارە بێکەس خوێنەرێکی باشی شیعرەکانی حەمدی بووە، ئەو جۆرە وەرگرتنانە لەوەش تێدەپەڕێنی و دەگاتە پلەی ئیعجاب. بوونی داهێنان و پەرت و بڵاوبوونەوە و وەرگرتنیان لای شاعیران گەورەیی شاعیرە داهێنەرەکەی لێدەفامرێتەوە.

* ناری دەڵێ(٢١٤):
**چونکە بازاڕی غەزەل مابێ ڕەواج**
**ئێستە من مەشغولی جاوم، ناعیلاج ٥٣**

* جاهید دەڵێ(٢١٥):
**چونکە بازاڕی شیعر امروکە قط نیتی ڕەواج**
**قرطە قرطی شاعیرانە هەروەکو سوق الدجاج ١٣**

ئەگەر سەردەمێکی تاریک داهات، بازاڕی شیعرو غەزەل مابێ ڕەواج و موشتەری، دیارە هاوکێشەی ژیان وەکو خۆی نامێنێ و تێک دەچێ. بۆیە دوای ئەم کارەساتەی ڕەزیلی بازاڕی شیعر، شاعیر هەرچی بڵێ لە شوێنی خۆی دایە و تەواوە. ناری خۆی شاعیرە و باس لە غەزەل دەکا، پاشان بازاڕو غەزەل و جاوی هێناوە. ئەگەر بازاڕی غەزەلی یەکەم نەبێت، غەزەل و جاو دێنە ناوەوە. جاهیدیش وێنەیەکی گاڵتە ئامێزی جوانی نەخشاندووە.

* کەمالی دەڵێ(٢١٦):
**کێ ئەڵێت کورد مردووە کورد نامرێ هەر زیندووە**
**مەرهەم دەکرێ زامی جەرگی پڕ برین و داخی کورد ٦٠**

* دڵدار دەڵێ(٢١٧):
**کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە**
**زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان ١٧٤**

هەردوو شاعیر (کەمالی، دڵدار) پێ لەسەر ئەوە دادەگرن و تەئکید دەکەنەوە کورد نەمردووە و ناشمرێ. کورد میللەتە و هەر دەمێنێ و سەردەمی توانەوەی میللەتانیش بەسەر چووە. ئەو هەموو تەئکیدانەش جوانی و ڕیتمێکی خۆشیان بەدێڕەکان داوە.

* موفتی پێنجوینی دەڵێ(٢١٨):
**بەدەستی چەپڵە لێدەم داخەکەم دەنگ و تەقەی نایە**
**گەلێ کەس وا ئەزانن خەو ئەبینم یا ئەڕاوێنم ٨٠(*)**

* بێکەس دەڵێ(٢١٩):
**هەولی ڕاستی هەردوو لا ئامانجی میللەت سەر ئەخا**
**چونکە مەعلوومە بەیەک دەست چەپڵە قەت لێ نادرێ**
**٨٢**

کورد لە مێژە ئەوەی بڕاندۆتەوە (چەپڵە بەدەستێک لێنادرێ) ئەمە وەک مەسەلەیەکی کوردەواری ڕەگوڕیشەیەکی درێژ و کۆنی هەیە. ئەو کارە شتێکە وەک ئەنجام و بەبیرهێنانەوەش شتێکی تر.

* بێخود دەڵێ(٢٢٠):
**لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من**
**هەر چەند ئەگەڕێم بێ سەرو شوێن ماوە دڵی من**
**ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من**
**یا خۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من ٦٦**

شاعیران (بێخود، سافی، کەمالی، میهری، ئەمین، شێخ نووری شێخ ساڵح، ویسالی، میرزا غەفوور، دەشتی، ئەسعەد مەحوی، جەلالی شێخ جەمیل «نوری»، دڵزار) هەموویان پاش سەروای (دڵی من) یان بەکارهێناوە کە ڕۆڵی هەرە گرنگ لەو وێنانە دەبینێ، بێخود وەکو دەستپێشخەر و ئەوانی تریش هەریەکە و بەپێی بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی پاش وەرگرتن و کاریگەرییەکە وێنەی جۆراوجۆر هاتوونەتە ناوەوە.

دڵی بێخود تۆراوە و ڕۆیشتووە، بێ سەرو شوێنە، نازانێ چی بەسەر هاتووە، دوو ئیحتیمال هەیە، یان بە شاخێکەوە گیرساوە، یان ئەوەتا ئەوەندە داخی بووە لە غەمان گڕی گرتووە و بۆتە خۆڵەمێش.

* سافی دەڵێ(٢٢١):

**مدەیەکە لە هیجرانی تۆ شێواوە دڵی من**
**سەر گەشتە و بێ چارە و ڕیسوایە دڵی من**
**پەی وەستە لەکێوان و لە سەحرایە دڵی من**
**مەجنوونی صفەت مائلی لەیلایە دڵی من  ٣١**

سـافی: باس لە هیـجـران و دووری دەکـا، باس لە کۆمەڵە سیفەتێک دەکا کە ڕیسوابوون ئەنجامەکەیەتی و ڕەوانەی کـێـوی بیـابـانی کـردووە، هەر بۆ ئەوەی لەگـەڵ مەجنوونی دێوانە و مەعشووقەکەی بەرامبەر بکرێن.

* کەمالی دەڵێ(٢٢٢):
**گەه گرژە گەهێ لوولە گەهێ خاوە دڵی من**
**وەک پەرچەمەکەت دائیمە شێواوە دڵی من**
**بۆ زیارەتی پێی تۆیە هەمیشە وەکو ڕێباز**
**گیانە لەسەری ڕێت سەری داناوە دڵی من  ٩٤**

دڵی خـۆی و پەرچەمی خـۆشەویسـتەکـەی وەک یەک شێواون، هەر سات و دەمێک بەجۆرێک خۆیان دەنوێنن (گـرژن، لوولن، خـاون). ئەگـەر بەرەو لای من هەنگاو بنێی دڵم (سەری) خۆی بۆ ژێر پێت دەکاتە بەردە باز.

* دیسان دەڵێ:
**لەو ساتەوە ڕۆیشتووە تۆراوە لە سینەم**
**بەو شاخی (کەماجار)ەوە گیراوە دڵی من  ٩١**

کـەمـالی: دڵی ڕۆیشـتـووە سینەی جێ هێـشـتـووە، کـەمـالی دەزانێ دڵەکـەی بۆ کـوێ سـەری هەڵگرتووە و ناویشی هێناوە کە شاخی (کەماجار)ە.

* میهری دەڵێ(٢٢٣):
**لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە ناڵانە دڵی من**
**پڕ دەردو غەم و قەهرە و حەیرانە دڵی من**
**مەدهۆش و پڕ ئەفغان و بریندارە دڵی من**
**سووتاوی موژەی تۆیە و بریانە دڵی من  ٥٥**

مـیـهـری: دەڵێ لەو ڕۆژانەی خـۆشـەویسـتم ڕۆییـوە، ئەوەی ناخۆش و خراپەیە بەسەر دڵەکەی هاتووە.

* ئەمین دەڵێ(٢٢٤):
**ئیمڕۆکە لەهیجرانی تۆ بیمارە دڵی من**
**شێواو و پەرێشان و بریندارە دڵی من**
**دائیم وەکو نەی خەسڵەتی هاوارە دڵی من**
**موشتاقی مولاقاتی ڕوخی یارە دڵی من**
**وەڵلاهی بە عیشقی تۆ گرفتارە دڵی من  ١٢٦**

ئەمین: ئەویش هەر باس لە هیجران دەکا مەعشووقە لە عـاشق دووربێت دەبێ حاڵ و حەواڵی دڵ چۆن بێت باسی زۆر بەیانی کردووە.

* شێخ نووری شێخ سالح دەڵێ(٢٢٥):
**لەو ڕۆژەوە تۆی دیوە پەرێشانە دڵی من**
**سەودازەدەو بێ سەرو سامانە دڵی من**
**پیشەی خەفەت و شیوەن و گریانە دڵی من**
**گاوێڵی کەژو کێو و بیابانە دڵی من**
**گا دەربەدەری کۆچەیی شارانە دڵی من**
**سەرسامی پەڵ و بەردی مناڵانە دڵی من  ١٦٧**

شێخ نووری: ئەویش وەک ئەنجامی کارەکە باسی زۆر شـتی کـردووە، بەڵام دەسـپـێـک و سـەرەتای وەکـو هیچ کامیان نییە، ئەو دەڵێ: لەو ڕۆژەوە تۆی دیوە، واتە باس لە چرکـە سـەرەتاکـان، یان هەنگاوی بەرایی چوونە نێـو دنیای مەحەبەت دەکا.

* ویسالی دەڵێ(٢٢٦):
**مەجنوون و سەراسیمەو و داماوە دڵی من**
**سەرگەشتە و دێوانە و خلافاوە دڵی من**
**بەینێکە لە من ون بووە خەجلاوە دڵی من**
**نازانم ئەو مردووە یا ماوە دڵی من  ٥٠**

ویسـالی: هەمـان سـیـفـەتەکـان دووبارەکـراونەتەوە، بە زیادەی (خەڵەفاو، خەجلاو). هەمان شت بۆ ئەوە دەچێ کە زانیاری تەواوی لەسەر نییە هەر بۆیە نازانی (مردووە یان ماوە).

* میرزا غەفوور دەڵێ(٢٢٧):
**سەیریکە چ پڕ شۆڕش و غەوغایە دڵی من**
**وەک ئاهویی ڕەمکردە لەسەحرایە دڵی من**
**مەجنوون صیفەتە، عاشقی لەیلایە دڵی من**
**سەرگەشتە و ئاوارەیی دونیایە دڵی من  ١٢٤**

میـرزاش نـاوی مەجنوونی بە هەمـوو سیـفـاتەکـانییـەوە هێناوە، هەر لەبەر خـاتری ئەوەی لەیلای خـۆش دەوێ.

پانتایی سەر گەشتەیی و ئاوارەیی مەجنوونی یەکجار فراوان کردووە و بۆ سەرتاسەری دنیای بردۆتەوە، دیارە شوێنێک یا ناوچەیەکی سنوورداری بە ڕەوا نەبینیوە دنیای پان و بەرین نەبێ.

* دیسان دەڵێ:
**سەیری کە چ پڕ شۆڕش و ئەفغانە دڵی من**
**وەک تورەیی دڵدارە، پەرێشانە دڵی من**
**عالەم هەموو مەسروورە لە سەیران و لە سەحرا**
**جەژنی منە شادیە کە قوربانە دڵی من ٥٧**

دڵی پڕ شۆڕش و ئەفغانی خۆی بە تورەی پەرێشانی دڵدارەکەی چواندووە. ئەوو هەموو عالەم لە سروورو شادیدانە، ئەوان لە سەحرا لە سەیرانن و جەژن هاتووە و ئەویش دڵی دەکا بە قوربانی.

* دەشتی دەڵێ(٢٢٨):
**بۆ نیگبەتی ئەم میللەتە بێ جانە دڵی من**
**بۆ میللەتی ئازوردەلە زەلیانە دڵی من**
**بۆ حیددەتی ئەم کوردە لە ترسانە دڵی من**
**بۆ زیللەتی ئەم کوردە لە گریانە دڵی من ٨٥**

دەشتی: ئەم وێنەی بۆ نیشان دانی شێوە و باری ناهەمواری میللەتەکەی بەکاربردووە، لەو دوو دێرە دووجار باسی میللەت و دوو جاریش ناوی کوردی هێناوە، نیشانمان دەدا هەر میللەتێک بە وشیارییەوە یەکگرتوو نەبێت و یەک بەرژەوەندی پیادە نەبێت، پیرۆزییەکانی نەتەوەیی سەروەر نەبن هەر ئەوە دەمێنێتەوە کە بۆ ئێمەی تۆمار کردووە، ئەمە ڕێی ڕاست و ئەویش لا ڕێی خەتەرناک و پڕ لە مەترسی لەناوچوون.

* دیسان دەڵێ:
**تالیب بە روخی گوڵ بەدەم یارە دڵی من**
**مائیل بە قەدەح شەربەتی فینجانە دڵی من**
**راوێکە لەرا دایە و داوێکە لە رۆودا**
**بەم مەحجەرە داوانە زنجیرە دڵی من ١١٧**

دڵی دەشتی دەیەوێ بگا بەشتە خۆشەکان (روخی گوڵ بەدەمی یار)، (پیاڵە و پەرداغ و فینجانی پڕشەربەت)، ئەوە خەیاڵێتی. لە واقیعیشدا لێی حەرام کراوە، بەو راوەی لە ڕێدایە، بەو داوەی لە ڕوودایە، دووری نێوان خەیاڵ و واقیعەکە دڵ بەستەی ئەو هەموو داوانەی وەک زنجیرە.

* ئەسعەد مەحوی دەڵێ(٢٢٩):
**یارەببی چی یە هێندە بە ئازارە دڵی من**
**حەیرانی خەت و خاڵی لەبی یارە دڵی من**
**سووتاو و پەرێشان و جگەر قیمە و جنراو**
**شەیدایی قەد و قامەتی دڵدارە دڵی من ٦٣**

دڵ هەر لای شاعیرە، بەڵام چۆن دڵێک: زۆر بە ئازارە، حەیرانە. دواتر پێنج سیفەتی داوەتێ یەک لەیەکی خەراپتر.

* جەلالی شێخ جەمیل (نووری) دەڵێ(٢٣٠):
**بەم ئاگری عیشقە چ پەرێشانە دڵی من**
**بۆ دولبەری رەعنا چ لە ئەفغانە دڵی من**
**یەک لەحزە بنۆڕە چ گریانە دڵی من**
**دایم بە غەم و حەپسی زەنەخدانە دڵی من ٣٣**

بە ئاگری عیشق و بۆ دولبەری دڵ پەرێشان و لەئەفغانە، هەموو دەم لەغەم و گریانە و پاش هەموو ئەوانەش لە حەپسی زەنەخدانە.

* دڵزار دەڵێ(٢٣١):
**قوربان وەرە ئەمڕۆکە پەرێشانە دڵی من**
**بێ هۆش و بەبێ گۆشە لە زیندانە دڵی من**
**بێ ئاگر و بێ گڵپە لە سووتانە دڵی من**
**سووتاوی روخ و کون کونی موژگانە دڵی من ١٧٥**

دڵزار دڵی پەرێشان و بێ هۆش و بەبێ گۆشەو لەزیندانە، لە سووتانێکی بەردەوامی بێ گڕوگڵپەشدایە، دواتر دەڵێ بەڕوخ سووتاوە، دڵی کون کونە بەتیرو نێزەی موژگانی. لە هەر چوار نیوە دێڕەکە حاڵی دڵی دڵزار ئەوە نییە حەسوودی پێ ببەی.

* ئەورەحمان بەگی بابان دەڵێ(٢٣٢):
**سەربەخۆیی میللەتی کورد وانەبێ سەر ناگرێ**

**ئەم نەمامە گەر بەخوێن ئاوی نەدەی بەر ناگرێ  ٨٢**

* بێکەس دەڵێ(٢٣٣):
**داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەد بەر ناگرێ**
**سەربەخۆیی بێ فیدا کاری ئەبەد سەر ناگرێ  ٨٢**

* دڵزار دەڵێ(٢٣٤):
**بەختیار ئەبین دوژمن قاو ئەدەین**
**داری ئازادی بەخوێن ئاو ئەدەین  ٣٤**

سێ وێنەی زۆر لێک نزیک و وێکچـــــوو یەک چوارچێوەش کۆیان دەکاتەوە، سەر ناگرێ و بەرناگرێ پاش و پێش کراون. شیعرەکەی ئاوڕەحمان بەگ مێژووی نووسینی تۆمار نەکراوە، هی بێکەس ساڵی (١٩٤٨)ی بۆ نووسراوە و مێژووی شیعرەکەی دڵزاریش ساڵی (١٩٤٦)ی بۆ تۆمار کراوە.

* هێمن دەڵێ(٢٣٥):
**ئەمن دەمگوت لەدنیا تا بمێنم**
**لەبەر کەس ئەستەمە سەر دانەوێنم**
**کەچی ئێستا لە داوی بسکی تۆدا**
**گرفتارم گوڵم موو نا پسێنم  ١١٧**

* عەونی دەڵێ(٢٣٦):
**ئەڵێن وابێ ئیتر موو ناپسێنم**
**ئەگەر زنجیرو تۆقم کەن لە ئەستۆ  ٧١**
ئەو موو نەپساندنە هەردوو وێنەکانی پێکەوە گرێداوە

* تاهیر بەگ دەڵی(٢٣٧):
**دڵ نەخۆشی دەردی هیجرە جانی جانانم وەرە**
**لەت لەتە جەرگی هەناوم ماهی تابانم وەرە  ١٥**

* میرزا غەفوور دەڵێ(٢٣٨):
**دیدەیی نوورم لە دووریت نووری چاوانم وەرە**
**شەهدی وەصڵی تۆم دەوایە خونچە خەندانم وەرە  ٧٢**

میرزا غەفوور لەسەر هەمان ئاهەنگ و ڕیتم و نەفەس و هەوای تاهیر بەگ وێنە و ڕەسمی شیعرەکەی داڕشتووە، دیارە ئەویش ویستوویەتی هەندێ لە ئەزموونەکانی ئەو تاقی بکاتەوە.

**ئەنجام**

ئەگەر ئەو هەموو دیوانەی شاعیرانی کۆنمان (کلاسیک)مان تاووتوێ بکرێن و بەوردی و بەسەلیقە، یا نەفەسێکی درێژ بخوێندرێنەوە، بە ئاشکرا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی شاعیرەکانمان بەسەر یەکتریانەوە دیارە. ئێمە ئەو کاریگەری و لێک وەرگرتنەوەی شاعیرانمان وەکو ئەنجامێک لەو چەند خاڵانەی خوارەوە خەستمان کردۆتەوە:

١- شتێکی زۆر بەدیهی و بەڵگە نەویستە، لێک نزیک بوونەوەی کەرەسەکانی (شێوە و ناوەڕۆک) کاریگەری و وەرگرتن بێ خوێندنەوە و پاشانیش (ئیعجاب) نەدروست دەبێ و نە دێتە کایەوە و پیادە ناکرێ.

٢- بەپێی ئەو نیمچە وردبوونەوەی ئەنجامم داوە، لەناو هەموو ئەو دیوانە شیعرییانەی ناویان لە بیبلیۆگرافیای سەرچاوەکان هاتووە، بەپێی دەورو گەورەیی شاعیر کاریگەری و لێک نزیکییەکە بینراوە.

٣- شاعیرمان هەیە وێنە شیعرییەکەی وەرگرتووە، بەڵام وەکو شاگردێکی لێهاتوو بە هەمان کەرەسەکان شتی تازەتری دەربڕیوە.

٤- وەرگرتن و کاریگەری ئاوێنەیە کە ئاست و توانای شاعیری دووەممان نیشان دەدا.

٥- بە خوێندنەوەی ئەو نموونە شیعرییانەی لەو باسە هاتوون، کە هی (٦٧) شاعیرو دێرێکی فۆلکلۆرە، بە ئاشکرا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە شاعیرەکانمان ئاگاداری بەرهەم و داهێنانی یەکتربوونە، کە ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ لێک نزیک بوونەوەی شاعیرەکانمان و مێژووی ئەدەبی کوردیمان.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

(١) حافظ (دیوان)، حافظ نامە، بەهائەدین خرمشاهی، پخش دوم، چاپ دهم، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٧٥، ص١٣٠٣.

(*) ئەو ژمارانەی بەرامبەر دێرە شیعرەکان نووسراون،

هێماو ئیشارەی لاپەڕەی دیوان و بڵاوکراوەکانن.
(٢) جزیری (دیوان)، هەژار شەرحی لێکردووە، چاپی یەکەم، سروش، تەهران، ١٣٦١.
(٣) سیروس شمیسا (دکتر)، انواع ادبی، چاپ هفتم، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٧٩.
(٤) سالم (دیوان)، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٣.
(*) (بێم) نووسراوە، ڕاستییەکەی (بیم)ە، دیارە هەڵەی چاپە.
(٥) حافظ نامه، ص١٣٠٢.
(٦) سالم (دیوان)، ١٩٧٣، ل١٤٨.
(٧) کلیات سعدی، محمد علی فروغی، انتشارات کتابفروشی موسی علمی، ؟،؟.؟
(٨) حەمدی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٨٤، ل٢٠٥.
(٩) نالی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دکتۆر مارف خەزنەدار، (دارالحریة للطباعة)، بەغدا، ١٩٧٧.
(١٠) بێخود (دیوان)، کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ١٩٧٠.
(١١) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(١٢) کوردی (دیوان)، چاپخانەی کوردستان، چاپی سێیەمین، هەولێر ١٩٧٣.
(١٣) مەولەوی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا، ١٩٦١.
(١٤) ئەمین نەقشبەندی- بێوەی (دیوان)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، (دارالحریة للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٧.
(*) عەبدوڵڵا خدر مەولوود، الا یا ایها الساقی و....، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز (١٧)، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٠٨.
(١٥) حاجی قادری کۆیی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا، بەغدا، ١٩٨٦.
(١٦) حەریق (دیوان)، چاپی دووەم، چاپخانەی (الجمهورية)، کەرکووک، ١٩٦٩.
(١٧) شێخ ڕەزای تاڵەبانی (دیوان)، ساغکردنەوە و شەرحی شوکور مستەفا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٠.
(١٨) ناری (دیوان)، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی کاکەی فەللاح، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٨٤.
(١٩) تاهیر بەگی جاف (دیوان)، چاپی سێیەمین، چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ١٩٦٦.
(٢٠) کوردی (دیوان)، ١٩٧٣.
(٢١) مەحوی (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفێستی (حسام)، بەغدا، ١٩٨٤.
(٢٢) وەفایی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
(٢٣) سافی (دیوان)، لەسەر ئەرکی موحسین دزەیی لەچاپ دراوە، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٩٥٣.
(٢٤) ناری (دیوان)، ١٩٨٤.
(٢٥) بابا طاهر، سلسله انتشارات انجمن اثار ملی، ١١٣، چاپ دوم، ١٣٥٤، شرح احوال و اثاردوبیتی های بابا طاهر عریان، بانضمام شرح و ترجمه کلمات قصار وی منسوب به عین القضاة الحمدانی، باصل و ترجمه کتاب الفتوحات الربانیه فرج الاشارات الهمدانیه. به شرح و تفسیر محمد بن ابراهیم مشهور به خطیب وزیری، به کوشش دکتر جواد مقصود.
(٢٦) پەرتوێی هەکاری (دیوان)، بەرهەڤکرن و توێژاندنا صادق بهاءالدین ئامێدی، دەزگەها ڕۆشەنبیری و بەلاڤکرنا کوردی، (دارالحریة للطباعة)، بەغدا، ١٩٧٨.
(٢٧) مارف خەزنەدار (دکتۆر)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.
(٢٨) مەجزووب (بەشێک لە دیوان) کۆکردنەوە و لێکدانەوەی حەکیم مەلا ساڵح، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
(٢٩) فەقێ تەیران (دیوان)، سەعید دێرەشی- پێزانی ئالیخان، پرتایەکی، چاپخانا (الحوادث)، بەغدا،

. ١٩٨٩
(٣٠) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(٣١) جزیری (دیوان)، ١٣٦١.
(٣٢) پەرتویێ هەکاری (دیوان)، ١٩٧٨.
(٣٣) جزیری (دیوان)، ١٣٦١.
(٣٤) پەرتویێ هەکاری (دیوان)، ١٩٧٨.
(*) نیوە دێری یەکەم قەسیدەی دیوانی حافزی شیرازییە.
(٣٥) جزیری (دیوان)، ١٣٦١.
(٣٦) پەرتویێ هەکاری (دیوان)، ١٩٧٨.
(٣٧) ئەحمەدی کوڕ- شێخ- (دیوان و شەرحی حاڵی)، عەزیز محەممەد پوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیام، ١٣٧٨.
(٣٨) جزیری (دیوان)، ١٣٦١.
(٣٩) ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادەکردن و پەراوێز نووسینی هەژار، ئەنستیتوی کورد، پاریس، ١٩٨٩.
(٤٠) پەرتویێ هەکاری (دیوان)، ١٩٧٨.
(٤١) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(٤٢) سالم (دیوان)، ١٩٧٣.
(٤٣) کوردی (دیوان)، ١٩٧٣.
(٤٤) وەفایی (دیوان)، ١٩٧٨.
(٤٥) حاجی (دیوان)، ١٩٨٦.
(٤٦) مەحوی (دیوان)، ١٩٨٤.
(٤٧) مەجزووب (بەشێک لەدیوان)، ٢٠٠١.
(٤٨) حەریق (دیوان، لێکۆڵینەوەی سید نەجمەدین ئەنیسی، بڵاوکراوەکانی چاپەمەنی محەمەدی، سەقز، مهاباد، ١٣٦٨.
(٤٩) حەمدی (دیوان)، ١٩٨٤.
(٥٠) خادیم (دیوان) ئامادە کردن و ساغکردنەوەی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، بەرگی یەکەم (دارالحریة للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٠.
(٥١) ئەدەب (دیوان)، کۆکردنەوە، بەراورد، ساغکردنەوە و فەرهەنگ: محەمەد حەمە باقی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر، ٢٠٠٥.
(٥٢) شێخ سەلام (دیوان)، ئامادەکردن و پێداچوونەوەی ئومێد کاکە ڕەش، چاپی دووەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٩٠.
(٥٣) مارف خەزنەدار (دکتۆر)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم A، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
(٥٤) مارف خەزنەدار (دکتۆر)، ٢٠٠٦.
(٥٥) سابری (دیوان)، چاپی یەکەم، کۆکردنەوەی شێخ عەبدولڕەحمان شێخ نەجمەدین سابری، چاپخانەی شارەوانی کەرکووک، ١٩٦٩.
(٥٦) ویصالی (دیوان)، ئامادەکردنی جەمال محەمەد ئەمین، (دارالجاحظ للطباعة و النشر) بەغدا، ١٩٨٦.
(٥٧) موفتی پێنجوینی (دیوان) ئامادەکردن و کۆکردنەوەی ئومێد ئاشناو عەبدولکەریم موفتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الشرکة العراقیة للطباعة و النشر)، ١٩٩٠.
(٥٨) میرزا غەفوور (دیوان)، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی عەبدوڵڵا ئاگرین، بەغدا، ١٩٩١.
(٥٩) عەونی (دیوان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەروەرد، هەولێر، ١٩٩٧.
(٦٠) حەیدەری (دیوان)، ئامادەکردنی شێروان حەیدەری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٠.
(٦١) عابد سیراجەدین نەقشبەندی (دیوان)، ئامادەکردنی ئەسعەد سیراجەدین نەقشبەندی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
(٦٢) هێدی، کاروانی خەیاڵ، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٧٧.
(٦٣) دڵزار (دیوان)، پێداچوونەوەی ئازاد دڵزار، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦.
(٦٤) ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ١٩٨٩.
(٦٥) هێدی، ١٩٩٧.
(٦٦) الشیخ ابي شجاع، شرع العلامة ابن الغزي، حاشیة الشیخ ابراهیم البینجوري، دارالفکر، بیروت، ١٩٩٤، ص٣.
(٦٧) بێسارانی (دیوان)، ئامادەکردنی کیومرث نیک ڕەفتار، بەرگی یەکەم، (مطبعة الادیب البغدادیة)، بەغدا، ١٩٨٢.
(٦٨) پیرەمێرد (دیوان)، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
(٦٩) نالی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.
(٧٠) کوردی (دیوان)، ١٩٧٣.
(٧١) مەجزووب (بەشێک لە دیوان)، ٢٠٠١.
(٧٢) محەمەد عەلی قەرەداغی، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
(٧٣) عەونی (دیوان)، ١٩٩٧.
(٧٤) مەولانا خالیدی نەقشبەندی (ڕۆحی مەولانا)، پیرەمێرد کردوویە بە کوردی، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی مەحموود ئەحمەد محەمەد، (مطبعة الزمان)، بەغدا، ١٩٨٧.
(٧٥) پیرەمێردی نەمر، ئامادەکردنی محەمەد ڕەسووڵ هاوار، چاپخانەی (العاني)، بەغدا، ١٩٧٠.
(٧٦) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(٧٧) سالم (دیوان) ١٩٧٣.
(٧٨) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(٧٩) کوردی (دیوان)، ١٩٧٣.
(٨٠) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(٨١) وەفایی (دیوان)، ١٩٧٨.
(٨٢) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(٨٣) وەفایی (دیوان)، ١٩٧٨.
(٨٤) کمالی (دیوان)، ئامادەکردن و ساغکردنەوەی کەمالی عەلی باپیر، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، (طبع دارالشؤون الثقافية العامة)، بەغدا، ١٩٨٦.
(٨٥) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(٨٦) وەفایی (دیوان)، ١٩٧٨.
(٨٧) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(٨٨) وەفایی (دیوان)، ١٩٧٨.
(٨٩) مەلا وەسمان (دیوان)، لێکدانەوە و لەسەر نووسینی دکتۆر ئەمین موتابچی، چاپخانەی (الاداب)، (النجف الاشرف)، ١٩٧٣.
(٩٠) حەریق (دیوان)، ١٣٦٨.
(٩١) سەیید ئەحمەدی نەقیب (دیوان)، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی مەحموود ئەحمەد محەمەد، (مطبعة الارشاد)، بەغدا، ١٩٨٥.
(٩٢) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(٩٣) حاجی (دیوان)، ١٩٨٦.
(٩٤) سەیید ئەحمەدی نەقیب (دیوان)، ١٩٨٥.
(٩٥) خادیم (دیوان)، ئامادەکردن و ساغکردنەوەی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، بەرگی یەکەم، چاپخانەی (دارالحرية للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٠.
(*) ئاشکرا دیارە کێشی ئەم نیوە دێرە لەنگە، بە لابردنی (جارێ)ی دووەم کێشەکە لەنگییەکەی نامێنێ.
(٩٦) بێ بەش (دیوان)، بەرگی سێیەم، (من مطبوعات الامانة العامة الادارة الثقافة و الشباب)، هەولێر، ١٩٨٨.
(٩٧) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(٩٨) حاجی (دیوان)، ١٩٨٦.
(٩٩) مەحوی (دیوان)، ١٩٨٤.
(١٠٠) سابری (دیوان)، ١٩٦٩.
(١٠١) نالی (دیوان)، ١٩٧٧
(١٠٢) مەولەوی (دیوان)، ١٩٦١.
(١٠٣) حەریق (دیوان)، ١٣٦٨.
(١٠٤) محەمەد عەلی قەرەداغی، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، ٢٠٠٤.
(١٠٥) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(١٠٦) حەریق (دیوان) ١٣٦٨.
(١٠٧) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(١٠٨) حەریق (دیوان)، ١٣٦٨.
(١٠٩) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(١١٠) ئەدەب (دیوان)، ٢٠٠٥.
(١١١) نالی (دیوان، ١٩٧٧.
(١١٢) سافی (دیوان)، ١٩٥٣.
(١١٣) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(١١٤) میهری (دیوان)، بژاردن و ئامادەکردنی عەزیز گەردی، چاپخانەی ڕاپەرین، سلێمانی، ١٩٧٧.
(١١٥) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(١١٦) ناری (دیوان)، ١٩٧٧.
(١١٧) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(١١٨) ناری (دیوان)، ١٩٨٤.
(١١٩) نالی (دیوان)، ١٩٧٧.
(١٢٠) ناری (دیوان)، ١٩٨٤.
(١٢١) عەبدوڵڵا خدر مەولود، الا یا ایها الساقی

و........، ۲۰۰۱، ل۱۰۵.
(۱۲۲) نالی (دیوان) ۱۹۷۷.
(۱۲۳) ناری (دیوان)، ۱۹۸٤.
(۱۲٤) خادیم (دیوان). ۱۹۸۰.
(۱۲۵) نالی (دیوان)، ۱۹۷۷.
(۱۲٦) قانع (دیوان)، بورهان قانیع کۆی کردۆتەوە و چاپی کردووە، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ۱۹۷۹.
(۱۲۷) نالی (دیوان)، ۱۹۷۷.
(۱۲۸) حەریق (دیوان)، ۱۳٦۸.
(۱۲۹) سەیید ئەحمەدی نەقیب (دیوان)، ۱۹۸۵.
(۱۳۰) موخلیس (حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلێژە) (دیوان)، کۆکردنەوە و پێشەکی د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپخانەی سەفوەت، سلێمانی، ۱۹۸۸.
(۱۳۱) حەیدەری (دیوان)، ۲۰۰۰.
(۱۳۲) نالی (دیوان)، ۱۹۷۷.
(۱۳۳) خادیم (دیوان)، ۱۹۸۰.
(۱۳٤) نالی (دیوان)، ۱۹۷۷.
(۱۳۵) خادیم (دیوان)، ۱۹۸۰.
(۱۳٦) نالی (دیوان)، ۱۹۷۷.
(۱۳۷) خادیم (دیوان)، ۱۹۸۰.
(۱۳۸) نالی (دیوان)، ۱۹۷۷.
(۱۳۹) محەمەد عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی (دیوان)، ۱۹۹۱.
(۱٤۰) نالی (دیوان)، ۱۹۷۷.
(۱٤۱) عەبدولخالق عەلائەدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، (مطابع دار افاق عربیة للصحافة و النشر) بەغدا، ۱۹۸۵.
(*) (خۆورتە) ڕاستەکەی (خۆرتە)، دیارە هەڵەی چاپە.
(۱٤۲) نالی (دیوان)، ۱۹۷۷.
(۱٤۳) دەشتی (خدر ئەحمەد عەبدوڵلا) (دیوان)، شیکردنەوەی ئەحمەد دەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ۲۰۰۳.
(۱٤٤) شێخ سەلام (دیوان)، ۱۹۹۰.
(۱٤۵) ویسالی (دیوان)، ئامادەکردنی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، (دارالجاحظ للطباعة و النشر)، بەغدا، ۱۹۸٦.
(۱٤٦) نالی (دیوان)، ۱۹۷۷.
(۱٤۷) شێخ سەلام (دیوان)، ۱۹۹۰.
(۱٤۸) نالی (دیوان)، ۱۹۷۷.
(۱٤۹) شێخ سەلام (دیوان)، ۱۹۹۰.
(۱۵۰) نالی (دیوان)، ۱۹۷۷.
(۱۵۱) هێمن، بارگەی یاران، بەسەرپەرشتی بەدران ئەحمەد و عوسمان دەشتی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ۲۰۰۳.
(۱۵۲) سالم (دیوان)، ۱۹۸۰.
(۱۵۳) خادیم (دیوان)، ۱۹۸۰.
(۱۵٤) سالم (دیوان)، ۱۹۷۳.
(*) ئێمە ئەو شیعرە بەهی سالم نازانین و دەمێکە باسمان کردووە (عەبدوڵلا خدر مەولوود، الا یا ایها الساقی و.....، ل۱۰۸).
(۱۵۵) خادیم (دیوان)، ۱۹۸۰.
(*) بەڕای من وشەی (عالەم) نییە و (عالیمە) واتە (عالیمی عامیل).
(۱۵٦) سالم (دیوان)، ۱۹۷۳.
(۱۵۷) ئاوڕەحمان بەگی بابان (بەشێک لەدیوان)، ئامادەکردنی مەحموود ئەحمەد محەمەد، چاپخانەی زەمان، بەغدا، ۱۹۸۹.
(۱۵۸) کوردی (دیوان)، ۱۹۷۳.
(۱۵۹) میهری (دیوان)، ۱۹۷۷.
(۱٦۰) کوردی (دیوان)، ۱۹۷۳.
(۱٦۱) گۆران (دیوان)، محەمەدی مەلا کەریم، کۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ۱۹۸۰.
(۱٦۲) حاجی (دیوان)، ۱۹۸٦.
(۱٦۳) وەفایی (دیوان)، ۱۹۷۸.
(۱٦٤) ئەمین فیضی، ئەنجومەنی ئەدیبان، ۱۹۸۳.
(۱٦۵) مەولەوی (دیوان)، ۱۹٦۱.
(۱٦٦) مەولەوی (دیوان)، ۱۹٦۱.
(۱٦۷) بێ کەس (دیوان)، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (شەفیق)، بەغدا.
(۱٦۸) حاجی (دیوان)، ۱۹۸٦.
(۱٦۹) حەمدی (دیوان)، ۱۹۸٤.
(۱۷۰) ناری (دیوان)، ۱۹۸٤.
(۱۷۱) سەفوەت (دیوان)، ئامادەکردنی د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، (دارالحریة للطباعة) بەغدا، ۱۹۸٤.
(۱۷۲) حاجی (دیوان)، ۱۹۸٦.
(۱۷۳) قانع (دیوان)، ۱۹۸٦.

(١٧٤) ڕەشاد موفتی، مەولودنامەی کوردی، چاپی حەفتەم، هەولێر، ٢٠٠٢.
(١٧٥) مەحوی (دیوان)، ١٩٨٤.
(١٧٦) ناری (دیوان)، ١٩٨٤.
(١٧٧) شێخ عوسمان (دیوان)، ١٩٨٩.
(١٧٨) دەشتی (دیوان)، ٢٠٠٣.
(١٧٩) مەحوی (دیوان)، ١٩٨٤.
(١٨٠) کەمالی (دیوان)، ١٩٨٦.
(١٨١) مەحوی (دیوان)، ١٩٨٤.
(١٨٢) شێخ سەلام (دیوان)، ١٩٩٠.
(١٨٣) ویسالی (دیوان)، ١٩٨٦.
(١٨٤) مەحوی (دیوان)، ١٩٨٤.
(١٨٥) زیوەر (دیوان)، مەحموود زیوەر کۆی کردۆتەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.
(١٨٦) مەحوی (دیوان)، ١٩٨٤.
(١٨٧) خادیم (دیوان)، ١٩٨٠.
(١٨٨) سابری (دیوان)، ١٩٦٩.
(١٨٩) دەشتی (دیوان)، ٢٠٠٣.
(١٩٠) هەژار، بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
(١٩١) هێمن، بارگەی یاران، ٢٠٠٣.
(١٩٢) عابد سیراجەدین نەقشبەندی (دیوان)، ٢٠٠٤.
(١٩٣) مەحوی (دیوان)، ١٩٨٤.
(١٩٤) عەونی (دیوان)، ١٩٩٧.
(١٩٥) مەحوی (دیوان)، ١٩٨٤.
(١٩٦) حەیدەری (دیوان)، ٢٠٠٠.
(١٩٧) حەمدی (دیوان)، ١٩٨٤.
(١٩٨) کەمالی (دیوان)، ١٩٨٦.
(١٩٩) حەمدی (دیوان)، ١٩٨٤.
(٢٠٠) قانع (دیوان)، ١٩٧٣.
(٢٠١) حەمدی (دیوان) ١٩٨٤.
(٢٠٢) خادیم (دیوان)، ١٩٨٠.
(٢٠٣) حەمدی (دیوان)، ١٩٨٤.
(٢٠٤) خادیم (دیوان)، ١٩٨٠.
(٢٠٥) حەمدی (دیوان)، ١٩٨٤.
(٢٠٦) خادیم (دیوان)، ١٩٨٠.
(٢٠٧) ویسالی (دیوان)، ١٩٨٦.
(٢٠٨) حەمدی (دیوان)، ١٩٨٤.
(٢٠٩) خادیم (دیوان)، ١٩٨٠.
(٢١٠) حەمدی (دیوان)، ١٩٨٤.
(٢١١) بێکەس (دیوان)، ١٩٧٠.
(٢١٢) حەمدی (دیوان)، ١٩٨٤.
(٢١٣) بێکەس (دیوان)، ١٩٧٠.
(٢١٤) ناری (دیوان)، ١٩٨٤.
(٢١٥) بورهان جاهید دۆغرەمەچی (دیوان)، چاپخانەی تەرەقی، کەرکووک، ١٩٥٧.
(٢١٦) کەمالی (دیوان)، ١٩٨٦.
(٢١٧) عەبدولخالق عەلائەدین، ١٩٨٥.
(٢١٨) موفتی پێنجوینی (دیوان)، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم موفتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الشركة العراقية للطباعة و النشر)، بەغدا، ١٩٩٠.
(*) یەکەم جار کە بەشێکی کەمی ئەو بابەتەم لە گۆڤاری رامان ژمارە (٦٧) بڵاو کردەوە، دێرێکی قانیع و ئەوەی بێکەس بەرامبەر بەیەک کرابوون، دێرەکەی قانیع:

دڵی من بۆ تورەقی کوردستانە شێت و شەیدایە
بەدەستێ چەپڵە لێدەم داخەکەم دەنگ و تەقەی نایە
١٢٣

پاشان زانیمان شیعرەکە هی موفتی پێنجوینییە و قانیع کردوویە بە پێنج خشتەکی (بەڵام لە دیوانەکەی قانیع هیچ ئاماژە و هێمایەک نەبوو پێمان بڵێ کە ئەو پارچە شیعرە لەسەر شیعرێکی موفتی تەخمیس کراوە) بە پێویستم زانی لێرە ئەو ڕوون کردنەوەیە پێش چاو بخەم.
(٢١٩) بێکەس (دیوان)، ١٩٧٠.
(٢٢٠) بێخود (دیوان)، ١٩٧٠.
(٢٢١) سافی (دیوان)، ١٩٥٣.
(٢٢٢) کەمالی (دیوان)، ١٩٨٦.
(٢٢٣) میهری (دیوان)، ١٩٧٧.
(٢٢٤) ئەمین ئوشنوویی (دیوان)، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، اورمیە ١٣٧٧.
(٢٢٥) شێخ نووری شێخ سالح (دیوان)، ئازاد

عـەبدولواحـیـد کـۆی کـردۆتەوە و سـاغـی کـردۆتەوە و لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم، (معمل و مطبعة الجاحظ)، بەغدا، ١٩٨٩.

(٢٢٦) ویسالی (دیوان)، ١٩٨٦.

(٢٢٧) میرزا غەفوور (دیوان)، ١٩٩١.

(٢٢٨) دەشتی (خدر ئەحمەد عەبدوڵڵا) (دیوان)، ٢٠٠٣.

(٢٢٩) ئەسـعـەد مـەحـوی (دیوان)،چاپی یەکـەم، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٠.

(٢٣٠) جەلالی شێخ جەمیلی نەقشبەندی- نووری- (دیوان)، ئامادەکـردن و پێـشـەکی سـەردار مـیـران، لە بڵاوکراوەکانی ئەمیندارێتی ڕۆشنبیری و لاوان، (مطابع دار افاق عربیة)، ١٩٨٣.

(٢٣١) دڵزار (دیوان)، ٢٠٠٦.

(٢٣٢) ئەوڕەحـمـان بەگی بـابان (بەشێک لەدیوان)، ١٩٨٩.

(٢٣٣) بێ کەس (دیوان)، ١٩٧٠.

(٢٣٤) دڵزار (دیوان)، ٢٠٠٦.

(٢٣٥) هێمن، بارگەی یاران، ٢٠٠٣.

(٢٣٦) عەونی (دیوان)، ١٩٩٧.

(٢٣٧) تاهیر بەگی جاف (دیوان)، ١٩٦٦.

(٢٣٨) میرزا غەفوور (دیوان)، ١٩٩١

**سەرچاوەکان:**

**بەزمانی کوردی:**


(١) ئەحـمـەد حـەمـدی (دیـوان)، سـاغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٨٤.

(٢) ئەحـمـەدی خـانی، مـەم و زین، ئامـادەکـردن و پەراوێز نووسینی، هەژار، ئەنستـیـتـۆی کـورد- پاریس، ١٩٨٩.

(٣) ئەحـمـەدی کـۆر- شـێـخ- (دیوان و شـەرحی حاڵی)، عەزیز موحەممەد پوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیام، ١٣٧٨.

(٤) ئەحـمـەدی نەقـیـب (دیـوان)، ئامـادەکـردن و لێکۆڵینەوەی مەحموود ئەحمەد محەمەد، (مطبعة الارشاد)، بەغدا، ١٩٨٥.

(٥) ئەدەب (دیـوان)، کـۆکـردنەوە و بەراورد و ساغکردنەوە و فـەرهەنگ مـحـەمـەد حەمە باقی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

(٦) ئەسـعـەد مـەحـوی (دیوان)، چاپی یەکـەم، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٠.

(٧) ئەمین ئوشنوویی (دیوان)، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکـردنەوەی فـەرهەنگ و ئەدەبی کـوردی، اورمـیـە، ١٣٧٧.

(٨) ئەوڕەحـمـان بەگی بابان (بەشـێک لەدیوان)، ئامادەکردنی مەحموود ئەحمەد محەمەد، چاپخانەی زەمان، بەغدا، ١٩٨٩.

(٩) ئەمین فـیـضی بەگ، ئەنجـومـەنی ئەدیبـان، لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٣.

(١٠) ئەمین نەقشـبەندی: بێوەی (دیوان)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، (دارالحریة للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٧.

(١١) بابا طاهر، به کوشش د. جواد مقصود سلسله انتشارات انجمن اثار ملی، چاپ دوم، ١٣٥٤.

(١٢) بورهان جاهد دوغرامەچی (دیوان)، چاپخانەی تەرەقی، کەرکوک، ١٩٥٧.

(١٣) بێ بەش (دیوان)، بەرگی سـێـیـەم، (مدیریه مطبعة الثقافة والشباب)، ١٩٨٨.

(١٤) بێخود (دیوان)، کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ١٩٧٠.

(١٥) بێسارانی (دیوان)، ئامادەکردنی کیومرث نیک ڕەفـتـار، بەرگی یەکـەم، (مطبعة الادیب البغدادیة)، بەغدا، ١٩٨٢.

(١٦) بێکەس (دیوان)، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (شەفیق)، بەغدا، ١٩٧٠.

(١٧) پەرتویی هەکـاری (دیوان)، بەرهەڤکرن و تویژاندنا صادق بهاءالدین ئامێدێ، دەزگەها ڕۆشەنبیری و بلاڤکرنا کـوردی، (دارالحـریـة للطبـاعـة)، بەغـدا، ١٩٨٧.

(١٨) پیرەمێرد (دیوان)، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، بەرگی دووەم، دەزگـای چاپ و بڵاوکـردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

(١٩) پیرەمێردی نەمر، ئامادەکردنی محەمەد ڕەسووڵ هاوار، چاپخانەی (العاني)، بەغدا، ١٩٧٠.

(٢٠) تاهیر بەگی جـاف (دیوان)، چاپی سێیەمین،

چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ١٩٦٦.
(٢١) جـزیری (دیوان)، هەژار شـەرحی لێکردووە، چاپی یەکەم، سروش، تەهران، ١٣٦١.
(٢٢) حـاجی قـادری کـۆیی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میـران- کـەریم مـستـەفـا شارەزا، بەغدا، ١٩٨٦.
(٢٣) حـەریق (دیوان)، چاپی دووەم، چاپخـانەی (الجمهوریة)، کەرکوک، ١٩٦٩.
(٢٤) حـەیدەری (دیوان)، ئامـادەکـردنی شـێـروان حـەیدەری، چاپخـانەی زانکۆی سـەلاحـەدین، هەولێـر، ٢٠٠٠.
(٢٥) خـادیم (دیوان)، ئامـادەکـردن و سـاغـکردنەوەی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، بەرگی یەکەم، چاپخانەی (دارالحریة للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٠.
(٢٦) دەشـتی (خـدر ئەحـمـەد عـەبدوڵڵا) (دیوان)، شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەحمەد دەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٣.
(٢٧) دلزار (دیوان)، پێـداچوونەوەی ئازاد دلـزار، چاپی دووەم، بـەڕێوەبـەرایەتـی گـشـتی چاپ و بڵاوکـردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی چاپخـانەی ڕۆشنبـیـری، هەولێر، ٢٠٠٦.
(٢٨) شێـخ ڕەزای تاڵەبانی (دیوان)، سـاغـکردنەوە و شەرحی شوکور مستـەفـا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠.
(٢٩) ڕەشـاد مـوفـتی، مـەولودنامـەی کـوردی، چاپی حەفتەم، هەولێر، ٢٠٠٢.
(٣٠) زیوەر (دیوان)، مەحـموود زیوەر کۆی کردۆتەوە و پێـشـەکی و پەراوێزی بۆ نووسـیـوە، دەزگـای چاپ و بڵاوکـردنەوەی ئاراس، چاپخـانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.
(٣١) سـابری (دیوان)، چاپی یەکـەم، کـۆکـردنەوەی شـێـخ عـەبدولڕەحـمـان نەجـمـەدین سـابری، چاپخـانەی شارەوانی، کەرکوک، ١٩٦٩.
(٣٢) سافی (دیوان)، لەسەر ئەرکی موحسین دزەیی لەچاپ دراوە، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٩٥٣.
(٣٣) سـالم (دیوان)، چاپی دووەم، چاپخـانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٣.
(٣٤) سەفـوەت (دیوان)، ئامـادەکـردنی د. عـیـزەدین مستەفا ڕەسووڵ، (دارالحریة للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٤.
(٣٥) سـەلام (دیوان)، ئامـادەکـردن و پێـداچوونەوەی ئومێد کاکە ڕەش، چاپی دووەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٩٠.
(٣٦) عـەبدولخـالق عـەلائەدین، دڵدار شـاعـیـری شۆڕشگێڕی کـورد (مطابع دارافاق عـربیـة للصحـافة و النشر)، بەغدا، ١٩٨٥.
(٣٧) عـەبدوڵڵا خـدر مـەولوود، الا یاایهـا السـاقی و.... لە بڵاوکـراوەکـانی بزاڤی ڕۆشنبـیـرانی نوێخـواز (١٧)، هەولێر، ٢٠٠١.
(٣٨) عـەونی (دیوان)، چاپی یەکـەم، چاپخـانەی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧.
(٣٩) فـەقێ تەیران (دیوان)، سـەعـیـد دێرەشی- پێزانی ئالیخان، پرتایەکی چاپخانا (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٩.
(٤٠) قـانع (دیوان)، بورهان قـانیع کـۆی کـردۆتەوە و چاپی کردووە، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩.
(٤١) کەمـالی (دیوان)، ئامادەکردن و ساغکردنەوەی کەمالی عەلی باپیر، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کـوردی، (طبع دارالشـؤون الثقـافـة العـامـة)، بەغـدا، ١٩٨٦.
(٤٢) کـوردی (دیوان)، چاپی سێـیـەمین، چاپخـانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٣.
(٤٣) گـۆران (دیوان)، محـەمـەدی مـەلا کـەریم، کـۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووە، چاپخانەی کۆڕی زانـیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٠.
(٤٤) مـارف خـەزنەدار (دکـتـۆر)، مـێـژووی ئەدەبی کـوردی، بەرگی دووەم، چاپی یەکـەم، دەزگـای چاپ و بڵاوکـردنەوەی ئاراس، چاپخـانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.
(٤٥) مـارف خـەزنەدار (دکـتـۆر)، مـێـژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم A، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
(٤٦) مـەجـزووب (بەشـێـک لەدیوان) کـۆکـردنەوە و لێکدانەوەی حـەکـیم مـەلا سـاڵح، دەزگـای چاپ و بڵاوکـردنەوەی ئاراس، چاپخـانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
(٤٧) مـەحـوی (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عـەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفسێتی (حسام)، بەغدا، ١٩٨٤.

(٤٨) مــــەلا وەســــــــان (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی دکتۆر ئەمین موتابچی، چاپخانەی (الاداب)، (النجف الاشرف)، ١٩٧٣.
(٤٩) مەولانا خالیدی نەقشبەندی (ڕۆحی مەولانا)، پیرەمێرد کردوویە بە کوردی، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی مەحموود ئەحمەد محەمەد، (مطبعە الزمان)، بەغدا، ١٩٨٧.
(٥٠) مــــەولەوی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی مــــەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا، ١٩٦١.
(٥١) مــحــەمــەد عــەلی قــەرەداغی، کــەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
(٥٢) محەمەد عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی (دیوان)، ١٩٩١.
(٥٣) موخلیس (حاجی مەلا ڕەسوولی دێلێژە) (دیوان)، کۆکردنەوە و پێشەکی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپخانەی سەفوەت، سلێمانی، ١٩٨٨.
(٥٤) موفتی پێنجوینی (دیوان)، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم موفتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الشرکة العراقیة للطباعة و النشر)، بەغدا، ١٩٩٠.
(٥٥) مــیــرزا غــەفــوور (دیوان)، کــۆکــردنەوە و لێکۆڵینەوەی عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٩١.
(٥٦) میهری (دیوان)، بژاردن و ئامادەکردنی عەزیز گەردی، چاپخانەی ڕاپەرین، سلێمانی، ١٩٧٧.
(٥٧) ناری (دیوان)، کـۆکـردنەوە و ساغکردنەوەی کاکەی فەللاح، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٨٤.
(٥٨) نالی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عــەبدولکەریمی مــودەڕیس و فــاتیح عــەبدولکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.
(٥٩) نالی (دیوان و فــەرهەنگ)، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دکتۆر مارف خەزنەدار، (دارالحــرية للطباعة)، بەغدا، ١٩٧٧،
(٦٠) جەلالی شێخ جەمیلی نەقشبەندی- نووری- (دیوان)، ئامادەکردن و پێشەکی سەردار میران، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان، (مطابع دارافاق عربية)، ١٩٨٣.
(٦١) نووری شێخ ساڵح (دیوان)، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردۆتەوە و ساغی کردۆتەوە و لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم، (معمل و مطبعة الجاحظ)، بەغدا، ١٩٨٩.
(٦٢) وەفایی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
(٦٣) ویسالی (دیوان)، ئامادەکردنی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، (دارالجاحظ للطباعة و النشر)، بەغدا، ١٩٨٦.
(٦٤) هەژار، بۆ کــوردســتــان، دەزگــای چاپ و بڵاوکــردنەوەی ئاراس، چاپخــانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
(٦٥) هێدی، کاروانی خەیاڵ، چاپی دووەم، هەولێر ١٩٧٧.
(٦٦) هێمن، بارگەی یاران، بەسەرپەرشتی بەدران ئەحمەد و عوسمان دەشتی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

**بە زمانی عەرەبی:**

(٦٧)الشیخ ابي شجاع، شرح المتن العلامة ابن قاسم الغزي، حاشية الشیخ ابراهیم البینجوري، دارالفکر، بیروت، لبنان، ١٩٩٤.

**بەزمانی فارسی:**

(٦٨) حافظ (حافظ نامه)، بهاءالدین خرمشاهی، پخش دوم، چاپ دهم، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٧٥.
(٦٩) سعدی (کلیات)، محمد علی فروغی، انتشارات کتابفروشی موسی علمی،؟،؟،؟.
(٧٠) سیروس شمیسا (دکتر)، انواع ادبی، چاپ هفتم، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٧٩.

# شوێنەواری گوتاری زانستی لە زمانی کوردیدا

پانتا جیاوازەکانی زانست، لەگەڵ برەوئەستاندن و لق وپۆ هاویشتن بە درێژایی مێژووی خۆیان، بوونەتە خاوەنی گوتارێکی سەربەخۆو تایبەتی کە ئەمەشیان دواجار لقێکی لەواژە تایبەتەکانی لێ کەوتۆتەوە کە بەزانستی تێرمینۆلۆژی (زاراوەناسی) ناودێرکراوە. تێرمەکانی ئەم پانتا جیاوازانە، بە چەند شێوە دەکاردەکرێن، کە لە مانە جاری وا هەیە تێرمێک لەگەڵ گوتاری زمانی نازانستی هاوبەش بێت، بەڵام هەر ئەم واژە ئاشنایە کە هاتە ناو چوارچێوەی تێرمینۆلۆژیای پانتاییەکی زانستی، کارکردو کاراکتێری گۆڕانکاری بەسەردادێت و دەبێتە خاوەنی دەلالەتی تایبەت و نوێی پێوەندیدار بەم پانتا زانستییە.

بۆ نموونە:

واژەی «narcissus» دەلالەتی سەرەکی بۆ گوڵەنێرگزە، کەچی هەر ئەم واژەیە کە دەگوازرێتەوە بۆ ناو تێرمنۆلۆژیای دەروونناسی، گۆڕانکاری بەسەر پێناسەی دادێ و دەبێتە تێرمێک بۆ ناودێرکردنی ئەو تاقمەی باری دەروونییان تەواونییە و نەخۆشن و بەتوندی شەیدای خۆیانن. واتا تووشی نەخۆشی دەروونی (narcissus) هاتوونە.

جاری واش هەیە کە واژەیەکی تایبەت، ئەگەرچی لەسەر چاوەڕا وەک واژەیەکی گشتی (نەک تێرمی پانتاییەکی زانستی) دەکارکراوە، بەڵام بە درێژایی مێژوو، وردە وردە تەواو لە زمانی باوو نازانستی دابڕاوەو دەلالەتە نازانستی و ئاخافتنەکەی خۆی دۆڕاندووەو ئەوەی پێیەوە ماوەتەوە هەر کارکردی زانستی ئەمە لە چوارچێوەی زاراوەناسی زانستێکی تایبەتدایەو بەس.

مراد ئەعزەمی
(بۆکان)

بۆ نموونه:

واژەی (Cardio) کـە لە زمـانـی لاتینی کـۆندا بە مانای (دڵ) کارکردی هەبووە، کەچی ئێستا هەر بە تەنیا لە گـوتاری زانسـتـی پزیشکـیدا و لە تێـرمنۆلۆژیای ئەم زانستەدا وەک پێشگرێک کە دەلالەت دەکاتە سەر (دڵ) دەکاردەکرێ و لە گوتاری نازانستیدا، واژەی (Heart) جێی گرتۆتەوە.

ئەم جـۆرە واژنە، بەرەبەرە لە تەواوی گـوتارەکــاندا دەسـڕدرێنەوەو ون دەبن، جگە لە قـەوارەی ئەو زانسـتـە تایبـەتەی کـە واژە گـۆڕینەکـە بووەتە تێـرم و زاراوەی تایبەتی ئەم. ئەم واژنە بەم ئاڵوگۆڕانەی بەسەریاندادێ و بەم کــاراکـــتــــێــــرە تایبــەتانەی دەیاندرێتێ، وەک (Marker) ونیـــشـــانەیەک خـۆ دەنوێنن، واتا لە هەر جێگایەکدا ئەم واژەیە وەبەرچاو بکەوێ، دەکرێ دەقەکە سەر بەو پانتا زانستییە تایبەتە بێتە ئەژمار کە واژەکە تێـرمی ناو ئەو گـوتارەیە یان لانی کـەم نیـشـــاندەری کــارکـردی بەهێــزی زانســتــە تایبــەتەکــەیە لەناو ئەو کـۆمـەڵگایەی کە گـوتارەکـەی دەکـارکـردووەو دەقـەکـەی خوڵقاندووە.

* * *

لەم وتارەدا دوو واژە دێنە بەرباس کە وەک دووتێـرمی تایبـەتی لەناو دووپانتـایی زمـانی زانسـتێـکی تایبـەتدا کــارکـــردیان هەیەو لە زمـــانی نازانســـتی دابڕاون و سڕدراونەتەوە.

هەڵبـەت ئەم باسـە، هەر لە حـوکـمی دەسـپـێـک و وروژێنەری لێکدانەوەو تۆژینەوەیەکی هەراوتر دێتــە ئەژمارو بەس.

**١- میزنای**

ئەم واژەیە لە پانتـایی زمـانی فـارسی ئەمرۆکـەدا، لە ئاقاری زمـانی ئاخافتن و نازانسـتیـدا ئامادەیی نییـە و هەر لە پانتـایی تێـرمـینۆلۆژیای زانسـتی پزیشکـیـدا کارکردی هەیەو بەس.

ئەم واژەیە، لێکدراوەی دووبەشە: (میز+ نای)

بـەشـی دووەمـی ئـەم لـێـکـدراوەیـە، واتـا (نـای) لـە پانتایی زمانی فارسی هاوچاخدا، ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ: «هەر جۆرە مەجرایەکی تەنگ و هەردووسەر ئاوەڵا بۆ تێپەڕینی ئاووهەواو هەر شتێ لەم جۆرە.»

بەڵام بەشی یەکـەم، واتا (مـیـز)، ئێـسـتـا تـەواو لەو کــارکـردەی لەم لێکدراوەیەدا هەیەتی سـڕدراوەتەوە، با سـەرەتا سـەرنج بدەینە مـانای ئەم واژە لێکدراوەیە، لە چەند سەرچاوەدا:

وشەدانی دێهخودا:

«میزەنای+ حالب»

وشەدانی پزیشکی دۆرلەند:

لەم وشـەدانەدا، لەبەرامبـەر تێرم (ureter)دا ئـــاوا هاتووە: «مـیـزنای- حالب- ئەو ئەندامەی لە گورچیلەوە بۆ موسڵدان کێشراوەو میزی لە گورچیلەوە بۆ موسڵدان دەبا.»

بەڵام، لە بەرامـبــــەر واژەی (مـــیـــز)دا، وشــەدانی دێهخودادەنووسێ:

«میز= بول- شاش- (لەسەرچاوەی میزیدن، بە واتای شاشیدن)»

بۆ نموونەو نیـشـــاندانی کــارکـردی عـەینی ئەم واژەیە، دەستەوداوێنی چەند دەقی کۆنی شیعری دەبینەوە:

**توغیگفتی که درجام شراب**
**دیومی میزدشتابان ناشتاب (مولوی)**

**کسی کزمرگ نندیشدنەازکشتن بپرهیزد**
**زبیم و هیبت شمشیراو براسب خون میزد**
**(فرخی)**

بەڵام هیـچ نموونەیەک لە زمـــانی ئاخـــافـــتنی ڕۆژانە ناهێنێتەوە، لەبەر ئەوەی کارکردی نەماوەتەوە.

هەر ئەم واژەیە لە وشــەدانی هەنبـــانە بۆرینەدا ئاوا هاتووە:

«میز= شاش، ادرار
میزەڕۆ= مجرای ادرار»

ئەم واژەیە، لە فـارسی هاوچاخدا، چ لە گـوتار زمـانی ئاخافـتنداو چ لە زمانی ئەدەبیدا، ئەم دەلالەتەی تەواولێ زەوت کـــراوەو دەلالەتی دووەم و نوێی (واتا ئەو چوار پایەیەی شـتی لەسـەر دادەنێن)ی بۆ مـاوەتەوە، بەڵام لە چوارچێوەی گوتاری زانسـتی پزیشکـیدا وەک تێرمێک، دەلالەتی کـۆنی خۆی پاراسـتووەو بە مـانا سـەرەکیـەکەی خۆی (واتا پێشاو) ماوەتەوە.

ئەم تێـرمـە تەواو زانسـتـیـــانەی سـەربە زاراوەناسی پزیشکـی لە فارسیدا، لە پانتایی زمانی کوردیشدا، هەر بەم دەلالەتە زانسـتـیـــانە، تەنانەت لە پانتـایی زمـانی ئاخافتن و نازانستیشدا، دەکاردەکرێ. واتا، ئەگەر کوو بۆ نموونە، گـــوزارەیەک لە جــۆری گــوزارەی ژێرەوە، ئاراستەی کوردی بێژێک و فارسی بێژێکیش بکرێ:

(واژەی مــیــزنای لێکدەوەو واتای بەشــەکــانی ڕوون کەرەوە.)

فـارسی بێـژ، لە مـانای دووەم (نای)دا نامـێـنێـتـەوەو لێکی دەداتەوە، بەڵام لە مـانای بەشی یەکـەم (مـیـز) دادەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی لەناو گوتارێکی زمانی وادا هەڵدەسووڕێ کە ئەم واژەیە هەر خـاوەنی یـەک دەلالەتە،

ئەویش مـەدلوولی چوارپایە گۆڕینەکە، کە لەگـەڵ دالی (نای) هیچ دەلالـەتێکی ئاشناو ئیرجاعـێکی عـەینی بۆ سازنابێ.

مـەگـەر لەیەک بارودۆخـداو، ئەویش گـوازتنەوەی ئەم واژەیەو لێکدراوەکـــەیەتی بۆ پانتـــایی زاراوەناسی پزیشکی.

بەڵام کـوردی بێـژەکە، تەنانەت ئەگـەر کوو ئاگـاداری زانســتی پزیشکی وتێـرمـەکـانیـشی نەبێ، بەسـانـایی هەردوو بەش لێک دەداتەوەو نامێنتەوە، لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی زمانی ئاخافتنیدا، واژەی (میز) هەر ڕێک ئەو دەلالـەتەی هەیە کـە ئەم دەسـتـە واژەیە قـامکی بۆ ڕادەدێری.

لێـرەدا دەتوانین بەم ئاکـامـە بگەیـن کـە ئەم واژەیە بەم کارکردو کاراکتێرەوە، بۆی هەیە شوێن پێیەک بێت بۆ ئەم دەرئەنجامانە:

أ- زمـانی کوردی هاوچەرخ و زمانی ڕەسـەنی فـارسی کۆن، خاوەنی یەک سەرچاوەن.

ب- زمـانی کـوردی لە قـۆناغـێکی مـێـژووی خـۆیدا، خـاوەنی گـوتاری زانسـتی بووەو شـوێنی داناوەتە سـەر زاراوەناسی زانستێکی تایبەت وەک پزشکی.

* * *

یەکێک لـەو زمـانە کـۆنینانەی شـوێنێکی بەرچاوی لە زاراوەناسی زانسـتـێکی تایبـەت وەک پزیشـکیدا هەیە، زمـانی لاتینی کـۆنە. زۆربەی تێـرمـەکـانی ئەم زانسـتـە ڕیشـــەی لە هەناوی ئەم زمـــانـەدایە. بۆ نموونە، واژەی داهاتوو کە دووەم واژەی مەبەستی ئەم وتارەشە:

## ٢- سپلین

ئەم واژەیە ڕیشـــەی لە هەناوی زمـــانی لاتینی کـــۆندا داکوتاوەو دواجار لە زمانی ئینگلیزیشدا بۆتە خاوەنی دەلالەتی تایبـەتی خـۆی. واژەدانی ئینگلیـزی- فـارسی (حییم) لە بەرانبەر ئەم واژەیەدا دەنووسێ:

«spleen= طحال، کج خلقی»

ئەم واژەیە، هەر بەم شـــێـــوەیە بەڵام بەتاقـــە یەک دەلالەتەوە، گــوازتراوەتەوە پانتـــایی تێـــروێنۆلۆژیای پزیشکی و گەڕاندنەوەی بۆ (طحال)-ەو بەس. واژەدانی زانستی (دۆرلەند) سەبارەت بەم واژەیە دەنووسێ:

«spleen = طحـال- سـپـرز- ئەندامـێکی درشـتی شێوە غـودە کەلەلای چەپی سەرووی ورگەکـان لەناو زگدا و لەژێر بەشی نزیک لە دڵی مەعیدەدایە.»

کـە لەم واتایانەدا (طحال) واژەیەکی عـەرەبییـە و بۆ هاوتایەکـەی لە فـارسیـدا، لە واژەدانەکـان دا (بۆ نموونە دێهخودا)، (سپرز) یان داناوە.

لە کـــوردیدا وەک هەنبـــانە بۆرینەش هێناویەتی، دوو واژە بۆ ناودێرکردنی ئەم ئەندامـە کـارکـردی هەیە: (ددان خـــۆشک - ســـپـڵ). واژەی یەکـــەم، بۆوەی دەبێ ئانالیزکرێتەوە، لەبەرئەوەی لێکدراوەی دوو واژەیە:

(ددان + خۆشک)

بە ئاشکرا دیارە ئەم ناودێرکـردنە دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەو تاموچێژە تایبەتەی ئەم پارچە گۆشتە هەیەتی.

بەڵام دووەم واژە (سپڵ) بەو ساناییە لێک نادرێتەوەو ئانالیـز هەڵناگـرێ. ئاخـر ڕێگای ناسـینی ئەم واژەیە، دۆزینەوەو گـەڕانەوە بۆ سەرچاوەکـەیەتی. وەک دیمان بێ ئەم لاوئەولا سـەرچاوەکـەی ناگـاتە زمـانی عـەرەبی و فارسی. بەڵام بەیەکەم ئاوڕدانەوە بۆ هاوتاکەی لەلاتیندا، هاوڕەگەزبوونەکەیان دەسەلمێ:

(س + پڵ)

(pleen + S)

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ، لە باری ئێتیـۆلۆژیەوە کامەیان سەرچاوەی ئەوی ترەو کامە لەویتر وەرگیراوە؟

وەڵامی ئـەم پرسـیـــارە بە هەر لایەکـدا بدرێتـەوە، لەو مـەبەسـتـەی ئەم وتارە بەدوای وەیە، دوور ناکـەوێتـەوە، کـــارکـــردی بەربڵاوی دالی (ســـپـڵ) بۆ مـــەدلوولی (spleen) لە تەواوی بەشـەکانی زانستی و نازانسـتی (و تەنانەت لە زمـــانی ئاخـافـتنی لادێیی) کـوردیدا، لەبەرامبەر هاوتای تەواو جیاوازی ئەم تێرمە لە پانتایی دوو زمـانی فـارسی و عـەرەبیدا، لانی کـەم سازێنەری ئەم دەلالـەتـەیە کـــە، گـــوتاری زمـــانی کـــوردی لـە پاژێک لە مێژووی خۆیدا، یان خاوەنی گوتاری زانستیانە بووە، یان لە گوتاری زانسـتیـانە کەڵکی وەرگرتووە، بە لەونێک کە تێـرمـێکی تەواو زانسـتـیـانەی وەک (spleen) تـــا ئێستاش لەم پانتازمانیەدا کارکردێکی بەربڵاوی هەیە.

ئەم دوو واژەیە و لێـدوانی ئەم وتارە لەسـەریان، وەک بەرلەمە ئاماژەی پێ کرا، باسێکی سەرەتاییەو بۆی هەیە وەک دەســـــپـــــێکێک بۆ لێکـۆڵـینەوەو تۆژینـەوەی هەراوتروزانســـتـــیـــانەتر ســـەبارەت بە دۆزینـەوەو پشکنینەوەی واژە زانسـتـیـانەکـانی پەتی کـوردی و دۆزینەوەی پێوەندی مێژوویی ئەم زمانە لەگەڵ دەقەکانی تری زانست، بێتە ئەژمارو بەس.


**سەرچاوەکان:**

**(١) واژەدانی هەنبانە بۆرینە. هەژار موکریانی...**

**(٢) واژەدانی دێهخودا. علی اکبر دهخدا**

**(٣) واژەدانی ئینگلیزی- فارسی حییم.**

**(٤) واژەدانی ئینگلیزی- فارسی پزیشکی Dorland.**

# تیۆلۆژیا و پۆیتیکای ئۆدیسە

**هیلاری ماکی**
**لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر**

کاریگەری ئۆدێسە وەک پێشینەیەک و بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، لەسەر هۆنراوە و پۆیتیکا بەگشتی زۆر لەمێژە هەستی پێ کراوە و ڕەخنەگرانیش تێبینی هەژموونی ئۆدیسەیان کردووە لەسەر شیعر و لیریکدا و بە چەندین شێوەی جیاواز ڕاڤەیان کردووە. بۆ نموونە ویلیام تالمان وتوویەتی، ئۆدیسە شێوازی خۆی هەبووە بۆ پێناسەکردنی پێوەندییەکەی بە هۆنراوەکانی دیکە و بانگهێشت کردنی بۆ ماناو دەلالەتی خۆی و بابەتەکەی بەگشتی، سیکۆلارەکان پتر جەختیان لەسەر ئەو ڕاستییە کردووە کە ئۆدیسە ئاوسە بە شیعر و پرسیاریش بۆ خودی ئەو ئاوسییە دەورووژێنێ.

منیش دەمەوێ پوختتر ڕاڤەی ئەو شێوازە بکەم کە لەنێویدا ئۆدیسە لەبارەی شیعرەوە دەدوێ، هەروەها بیر لە چەشنی ناراتیڤی (گێڕانەوەی) دیکە دەکەمەوە کە ئۆدیسە تێیدا دەبێتە پاشخانێکی مەزن و باکگراوەندی شیعر لە ڕووی گێڕانەوەی بەرایی بۆ گەشت و سەرکێشییەکانی لە چوارچێوەی نەریتە هێکسامیتەرەکەی (شەش ڕەهەندییەکەی) گریک. لەم هەوڵەشمدا پشت بە چوار بیرۆکەی سەرەکی دەبەستم، یەکەم: سروشت و ئەرکی function گۆرانی لە ئۆدیسەدا، شێوەی دەربڕینیان جیاوازە لە (ئیلیاد) و تیۆگۆنی (theogony)ی هیسیۆردا. دووەم: ڕووالەتە تایبەتی و نامۆیەکەی گۆرانی ئۆدیسایی پێوەندی بەجۆرە گێڕانەوەیەکی چیرۆک هەیە کە باوە و زۆر نزیکە لە

پۆیتیكای ئۆدیسه، واته پێوەندی بە گەشت و كێشە و سەربوردە درێژخایەنەكانەوە هەیە. سێیەم: جیاوازییە فۆرمال (شكلی) و گرنگەكەی نێوان گۆرانی ئۆدیسە و چیرۆكی ئۆدیسە، گوزارشت لە پێوەندی نێوان ناسۆری و نەهامەتییەكانی مرۆڤ و بنیادنانی ناراتیڤەكان دەكات كە پەیوەستن بە بەسەرهاتەكانی ئۆدیسەوە. چوارەم: وەك بابەتێك، ئۆدیسە پێچەوانەی ئەو هۆنراوانەیە كە لەنێو نەریتە هێكسامیتەرەكەی گریكدا هەن. بۆچی ناسین و زانینی ئەو تایبەتمەندییەی گۆرانی و ناراتیڤی ئۆدیسە گرنگن؟ ئەم پرسیارە دەبێتە مایەی ئەوە كە بڵێین، بۆ ئێمە ئاسانترە پێشنیار بكەین كە بیرۆكە هاوشێوەكانی هۆمیرۆس لەبارەی گۆرانی و گێرانەوە ڤێربالەكانەوە (سەرزارەكییەكانەوە) بەگشتی بوونیان هەیە، بەڵام من پێشنیار دەكەم كە ئێمە دەبێ دژی ئەو جۆرە هەوڵە بین كە (رۆبەرت كورتوس) كردی بۆ ئەوەی ئۆدیسە و ئیلیاد بكات بە (مێژووی تیۆریی شیعر). ئەگەر بڵێین، شێوەی دەربڕینی شیعر لە هۆنراوەكانی هۆمیرۆس و لەهۆنراوەكانی دیكەدا مسۆگەر كاریگەی بابەت و تێكستەكانی دیكە لەسەریاندا هەیە كە ئەو هۆنراوانە بەخۆیانەوە دەگرن، ئەوا من دەپرسم: ئاخۆ ئێمە بەراستی لەو هەلومەرجەین كە بتوانین ئەو هەوڵەی ناوبراو پەسند بكەین؟ هەروەها رەخنەگر (فۆرد) دەڵێ: ئاخۆ شیعر بۆ هۆمیرۆس و گوێگرانی هەمان مانای هەبووە كە بۆ ئێمەی مۆدێرن هەیەتی؟

جگە لەوەش، پێم وایە گۆرانی لە ئیلیاددا جیاوازە لە گۆرانییەكەی ئۆدیسە، هەروەها گۆرانییەكەی (تیگۆنی)ی هسیۆد جیاوازە لە گۆرانییەكەی ئیلیاد و ئۆدیسە، بەڵام ئایا ئەو گۆرانییەی كە لە ئۆدیسەدا هەیە چۆن جیاواز دەبێ لە گۆرانییەكانی دیكەی نێو نەریتە هێكسامیتەرەكەی گریك؟. لە راستیدا كرۆكی گۆرانی لە ئۆدیسەدا هاوشێوەی ئەو كرۆكەیە كە خەڵك لەو سەردەمەدا گۆرانییان لە بارەیەوە دەگوت. گۆرانی (موسیس) لە (تیۆگۆنی)دا بۆ ئاهەنگێران بە بیرەوەریی و ساڵیاد و بیروبۆچوون و حیكمەتەكانی پێشینان یان نەوەی بەرایی formermen بە هەمان شێوە، لە ئیلیاددا، (فۆنیكس) یادی ئاخیلۆس و ئایاس و ئۆدیسسیۆس لەنێو گۆرانییەكی (كلیا)دا كە تایبەتە بە نەوەی بەراییەوە، دەكاتەوە كە چیرۆكی (میلیگەر) دەگێڕێتەوە. فۆنیكس دووپاتی دەكاتەوە كە (ئەو گۆرانییە نوێ نییە، بەڵكو كۆنە). هەروەها (نێستۆر) ئامۆژگاریی ئاخیلۆس و ئاگاممنۆن دەكات هانیان دەدات بۆ ئەوەی چاو لە پاڵەوانانی سێ نەوەی پێشوو بكەن. واتە مێژوو و سەربوردەی نەوەی پێشوو یان بەرایی كرۆكی ئەو گۆرانییە بووە. لەلایەكی دیكە، كارەكتەرەكانی ئیلیاد پێشبینی ئەوە دەكەن كە ببنە بابەتی گۆرانی نەوەی ئاینده. هیلین رادەگەیەنێ كە ناسۆرییەكانی هیكتۆر و پاریس، دەبنە گۆرانی سەرزاری نەوەی داهاتوو. لە ئۆدیسەدا، تیلیماكۆس هان دەدرێ بۆ ئەوەی ببێتە نموونەی پاڵەوانی لاوو نەوەی خۆی (ئۆریستیس) هەر لەوێدا تیلیماخۆس ستایشی (گۆرانی نوێ) دەكات و پینیلۆپ بیر لە گۆرانییەكەی فیمیۆس دەكاتەوە كە باسی گەڕانەوەی ئاخانس دەكات و هانی تیلیماخۆس دەدا بۆ لە سێدارەدانی شاعیران.

لێرەدا بڕیارەكەی تیلیماخۆس. زۆر گرنگە لە رووی ئەركی میتاناراتیڤەوە (میتاگێڕانەوە)، لەبەر ئەوەی زەنگی راستییەكی نوێ بۆ گوێگرانی ئۆدیسە لێدەدا؛ كە (فیمیۆس) گۆرانییەكی نوێ دەڵێ. گۆرانییەكەی فیمیۆس لە بارەی نەوەی رابردوو نییە، بەڵكو لە بارەی رووداوەكانی دە ساڵەی رابردوو و ئاماژە بۆ ئەو كارەكتەرانە دەكات كە زۆربەیان هێشتا نەمردبوون، وەك ئۆدیسیۆس، نیستۆر، مینیلۆس، ئاگاممنۆن. لە (تێوگۆنی)دا، (میوس)ەكان سەرچاوەی مەعریفەن بۆ شاعیر، چونكە دەزانن ئێستا و رابردوو و ئاینده چین. لە ئۆدیسەشدا، دیمۆدۆكۆس گۆرانییەكی نوێ دەڵێ كە هاوشێوەی گۆرانییەكەی نیستۆر و مینیلۆسە و باس لە گەڕانەوەی ئاخانس لەتەرواده Troy دەكات. رەخنەگر فۆرد دەڵێ (بڕیارەكەی تیلیماخۆس، ئیرۆنییە-گاڵتەجارییە- و كارەكتەرە سەرەكییەكانی داستانەكە وەك شیعرێك لە بارەی رابردووەوە، دەبنە پاشخانی داستانەكە)، ئەمەش وەك ئەو كارەكتەرە شیعرییە نییە كە لە ئیلیاددا هەیە. بەگشتی ئۆدیسە وەك گۆرانییەك، بە پێچەوانەی گۆرانییەكانی دیكەی نێو نەریتە هێكسامیتەرەكەی گریك، سەرچاوەی ئێش و ئازارە و سەرچاوەی مەعریفەیە بۆ شاعیرانی گریك و پتر باس لە رووداوو كارەكتەرە نوێیەكان دەكات. ئەوانەش پێچەوانەی گۆرانییەكانی نێو تیۆگۆنی و ئیلیادن.

هەروەها ئۆدیسە وەك ناراتیڤێك بۆ گوێگران و مەعریفە، سەرچاوەی راستییە و پێوەندی دینامیكی

لەنێوان ناراتیڤ و ژیان سازدەدا، چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کاروکردەوەی خەڵکدا هەبووە (بۆ نموونە کاتێک ئۆدسیۆس دەگری بۆ گۆرانییەکی دیمۆدۆکس لەبەر ئەوەی لە ناسنامەی ئالکینۆس دەپرسێ). هزرمەند و مێژوونووس (تالمان) لەم بارەوە دەڵێ: (چیرۆکی ئۆدیسیۆس هاوکاتە لەگەڵ زەمەنی ڕووداوەکان up-dated). ئەگەرچی خاڵی هاوبەش لەنێوان گۆرانی و چیرۆکی ئۆدیسەدا هەیە، بەڵام چیرۆکی ئۆدیسە ڕەوشێکی ئاڵۆز لە ناراتیڤ بەخۆ دەگرێ. گۆرانی و چیرۆک لە ئۆدیسەدا هەمئاهەنگن لە ئازاردانی خەڵک، یەکەمیان بۆ گوێگران و دووەمیان بۆ چیرۆکگێرەوە، بۆ نموونە ئوماوس و ئۆدسیۆس چێژ لە ئاڵوگۆڕکردنی چیرۆکەکانیان وەردەگرن ئەوانەی باس لە مەرگەساتەکانی ڕابردوو دەکەن، هەروەها پینیلۆپ و ئۆدسیۆس هاوکاری یەکتر دەکەن لەگێڕانەوەی ئەزموونە تاڵەکانیان. بۆچی هەندێ جار گێڕانەوەی سەربوردە ناخۆشەکان، چێژ بەخشی و بەپێزە و هەندێ جاریش ناخۆش و مایەی دڵتەنگییە؟. بەڕای (تالمان)، کاتەکان ئەو جیاوازییە دروست دەکات: پینیلۆپ و ئۆدیسیۆس لەکۆتایی هۆنراوەکەدا چێژ لەو ناراتیڤانە وەردەگرن کە پێشتر دەیانی گریاند، (ئوماوس)یش چێژ لە نەهامەتییەکانی ڕابردوو وەردەگرێ.

لەلایەکی دیکە، (کیڤین کرۆتی) دەڵێ، هۆی ئەو جیاوازییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئۆدیسە پتر مامەڵە لەگەڵ توورەیی و حەسرەتە کوشندەکانی ڕابردوودا دەکات. بەپێی ئەم خوێندنەوەیە، پینیلۆپ و ئۆدیسیۆس لە هەستی هاوبەشیان دانابڕێت کاتێک بۆ گۆرانییەکانی خەڵکی دیکە دەگرین. دەڵێم لێرەدا کاروکاریگەریی و هەلومەرجی گێڕانەوە ڕۆڵیان لەو هەستەدا هەیە. واتە چیرۆکگێڕەوە لە ئۆدیسەدا باس لەسەربوردە و بەسەرهاتەکان دەکات بەشێوەیەکی زۆر توندوتیژ. لەوێ شێوەی گێڕانەوە ڕووبەڕووی دوو شێوە و حاڵەتی جیاواز نابێتەوە: لەوانەیە ئۆدیسیۆس گلەیی بکات لەبەر ئەوەی چیرۆکگێڕانەوەکەی پێویستی بە بیرەوەرییەکی تاڵ هەیە، بەڵام ئاماژە بۆ ئەو شتانە ناکات کە مایەی دڵخۆشکەرن بۆی. پێم وایە گۆرانی و چیرۆکەکانی ئۆدیسە بەیەک دەچن لەبەر ئەوەی داهێنەرەکانیان باوەڕیان بەوە هەبووە کە هەموو شتێک دەزانن. ژیاننامە و چیرۆکی ئۆدیسیۆس لە شاکاری ئۆدیسەدا، هاوشێوەی ئەو کارەکتەرەن کە لە کتێبی مێژووی هیرۆدۆتدا ئاماژەی بۆ کراوە، لەبەر ئەوەی: یان بە زانیاری و شایەدحاڵی نووسەرەکەیەوە پشت ئەستوورن، یانیش بەسەرگەردانی و گێژەنەیەکی کوشندەوە پشت ئەستوورن. هەرچۆنێک بێت، لێرەدا گۆرانی لە شایەد عەیانی eyewitness (میوس)ەکانەوە وەرگیراوە یان خواستراوە، بەڵام لە (ئیلیاد)دا، شاعیر کەتەلۆگێکی کەشتییەکان لەگەڵ دوعایەک بۆ (میوس)ەکان نمایش دەکات لەشێوەی ڕیکوساشێو recusatio. شاعیر دەڵێ (ناتوانم بەبێ (میوس)ەکان چیرۆکی خۆم بگێڕمەوە، بەڵام (میوس)ەکان بوونیان هەیە و شاعیر نییەتی، (میوس)ەکان زانیاری تەواو و ڕاستەوخۆیان لە بارەی ئەو ڕووداوانە پێیە کە شاعیر پێی نییە و تەنیا بیستویێتی.

ئەو جیاوازییە زۆر بە زەقی بەدیاردەکەوێت کاتێک ئۆدیسیۆس گۆرانییەکەی دیمۆدۆکس لە (od.8)دا بەرز دەنرخێنێ. لە بڕگەی (od.8)دا، فۆرم تێکەڵاوی ئەو جیاوازییە دەبێتەوە کە لەنێوان شێوەی گێڕانەوەی ژیاننامە یان هونەری ناراتیڤ و شاعیر و (میوس)دا هەیە، بەڵام ئەو تێکەڵاوییە زۆر ناسک و وردبینانە ڕوودەدات. لە بڕگەی ناوبراودا، ئۆدسیۆس بە دیمۆدۆکس دەڵێ (تۆ گۆرانی بۆ چارەنووسی ئاخانس دەڵێی وەک ئەوەی خۆت لەگەڵیدا بوویبیت، یان لە خەڵکی دیکە گوێت لێبوویێت). بە هەمان شێوەی شیعری، تیلیماخۆس لە نیستۆر و دواتر لە مینیلۆس دەپرسێ (ئاخۆ شایەد حاڵی مەرگی باوکی ئەو بوون، واتە بە چاوی خۆتان بینیوەیان لەخەڵکی دیکە وگەڕیدەی دیکە گوێتان لێبووە)، بەڵام ئۆدسیۆس دەبێ بزانێ کە دیمۆدۆکس وەک هەر شاعیرێکی دیکە، گۆرانی خۆی لە (میوس) یان لە ئەپۆلۆ وەرگرتووە. خودی ئۆدسیۆس چیرۆک و بەسەرهاتەکانی خۆی دەگێڕێتەوە و باسی ئەو شتانە دەکات کە لە گەشتەکەیدا بەسەریدا هاتوون وەک ئەوەی خۆی شایەد عەیانیان بوویێت نەک لە خەڵکی دیکە گوێی لێیان بوویێت. بۆیە لە بڕگەی (19. 203)دا هەمان وتەکەی (میوس)ەکان لە (تیۆگۆلن)دا دووبارە دەکاتەوە: (ئەو شتە درۆیانە بگێڕەوە وەک ئەوەی ڕاست بن). هەر چۆنێک بێت، لەوانەیە سەربوردەی ئۆدسیۆسە ڕاست بێ و بەچاوی خۆی ئەو شتانەی بینیبێت، بەڵام پۆیتیکای (میوس)ەکان کە

هیسیۆد لەکتێبی (مێژوو)دا ئاماژەی بۆ دەکات وانییە، دەبێ بزانین ماناو بیرۆکەی شیعر و گۆرانی لە شاکاری ئۆدیسەدا چین. کۆلین ماکلۆد دەڵێ (ئیلیاد و ئۆدیسە تراژیدین) منیش دەڵێم، هەردوو شاکار وەک دووچامە شیعری درێژ پێوەندییەکی تایبەتی لەنێوان تراژیدیا و ناراتیڤ بونیاد دەنێن و گوزارشت لە ڕەوشی تایبەتی مرۆڤێک دەکەن، بەشێوەیەک چیرۆک دەگێڕنەوە کە خوێنەر چێژی لێوەرگرێت. لە ئیلیادا، ڕووداو و کارەساتە دڵتەزێنەکان پەیوەست نین بەخودی ژیان و سەربوردەی تاکە کەسێکەوە، بەڵکو وەک ئەزموونێکی تاڵ و ناخۆش بۆ نەوەی ئایندە لە شێوەی داستانێکدا دەگێڕدرێنەوە (لەلایەن کارەکتەرێکی دیکە نەک خودی شاعیرەکە). لێرەدا چیرۆک لەکاتێکدا دەگێڕدرێتەوە کە کارەکتەرەکانی ماوەیەکی زۆر بەسەر مەرگیان تێپەڕیوە، کەچی لە ئۆدیسەدا چیرۆکی کارەکتەرەکان و پاڵەوانەکان لەکاتی خۆیدا و لەلایەن خودی خۆیانەوە دەگێڕدرێتەوە، کەواتە دەتوانین بڵێین، کارەکتەرەکانی ئۆدیسە سەربەخۆیی و ئاژانسی تایبەتییان هەیە لە پرۆسەی وەرگێڕانی ئەزموونێکی تاڵ بۆ نارتیڤێکی تاڵ، کەچی کارەکتەرەکانی ئیلیاد ئەو سەربەخۆییەیان نییە. ئەگەرچی لە ئیلیادا هیچ نەبێ نموونەی زۆر لە لامێنت (رثاء) وەک جینێکی genre ئەدەبی بەدی دەکرێ کە تێیدا بەسەرهات و ڕووداوە ناخۆشەکان و نەهامەتییەکانی چیرۆکگێڕ وەک ناراتیڤێکی ژیاننامەیی دەگێڕدرێنەوە کە ئەمەش ڕۆڵی پاککردنەوە (Cathartic)ی دڵ و دەروون لەخەم و پەژارە دەگێڕێ، بەڵام ئەو جیاوازییە لەنێوان ئیلیاد و ئۆدیسە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

لەم بارەوە (کرۆتی) دەڵێ (لە برگە ٢٤ی ئیلیادا، ئاخیلۆس دەگاتە ئەو خاڵە کە خۆی دابڕێنێ لە ئەزموونە تاڵەکەی بۆ ئەوەی لە ماندووبوون و سەر ئێشە و ئازارەکانی پرایم بگا. گێڕانەوەی چیرۆکی دوو شێوەی هاوسەنگی twopithoi و پێکچووی زیۆس لە برگە 33-527-42، کە تێیدا خواوەند دیارییەکان و ئێسک و گۆشتەکان بەشێوەیەکی ڕەوەکی دەبەخشێتە مردووەکان، گوزارشت لەو دابڕانە دەکات. بە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە، ئاخیلۆس ڕاڤەیەکی بێلایەن و بابەتیانە بۆ هۆ و هۆکارەکانی کارەسات و ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ دەکات). ئەو هەڵوێستەی ئاخیلۆس، بەرزترنییە لە هەڵوێستی چیرۆکگێڕەوەی ئۆدیسە. لەوکاتەی کە ئاخیلۆس ڕاڤەیەک و لێکدانەوەیەکی بێلایەن Neutral بۆ نەهامەتییەکانی و مەرگەساتەکانی مرۆڤ پێشکەش بە گوێگرانی دەکات، چیرۆکگێڕەوی ئۆدیسە ڕووداوە ناخۆشەکان و ئەزموونە تاڵەکەی خۆی وەردەچەرخێنێ بەرەو ناراتیڤ کە چێژ و خۆشییەکی تەواو و پاک دەبەخشێتە گوێگرانی، ئەمەش ئۆدسیۆس و ئوماوس تێیدا سەرکەوتوو بوون. ئێمە ئەو ئاژانسە سەربەخۆیەی کارەکتەرەکانی ئۆدیسە لە خولقاندنی بەختەوەریی و کامەرانی خۆیان لەنێو ڕوخسارە گشتییەکەی ڕەوشی مرۆڤایەتیدا، بەدی دەکەین. لەسەرەتای ئەو داستانەدا و لەنێو پۆیتیکای ئەو چامە درێژەدا، زیۆس نارەزایی خۆی بەرامبەر بە هەڵەی مردووەکان دەردەبڕێ لەبەر ئەوەی هۆکاری سەر ئێشە و تەنگ و چەڵەمە و ناسۆرییەکانیان دەخاتە ئەستۆی خواوەندەوە. لە برگە (43 -1.32)دا زیۆس دەڵێ مردووەکان دەبێ گلەیی لەخۆیان بکەن لەبەر ئەوەی کاروکردەوەی نابەجێیان ئەنجام داوە، بۆیە چییان چاندووە ئەوە دەدورنەوە. بەپێچەوانەوە، ئاخیلۆس لە ئیلیادا، دوو (Pithoi)یەکەی زیۆس دەکاتە سەرچاوە و هۆکاری کێشە و قوربانییەکان و کارەساتە ڕەمەکییەکان کە خواوەند بە هەوەسی خۆی ئەنجامیانی دەدا و بەبێ جیاوازیی بەسەر پەرستیارانی دابەشی دەکرد.

هەندێ کەس گلەیی و ڕەخنەکەی زیۆس وادەخوێننەوە کە ئاماژەیەکە بۆ ڕاڤە تایبەتییەکەی ئۆدیسیۆس بۆ پێوەندی نێوان خواوەندەکان و مرۆڤەکان، ئەمەش تیۆلۆژیایەکی نوێیە. هەندێ کەسی دیکەش دەڵێن بەپێی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی زیۆس و خواوەندەکان، جیاوازی زۆر نییە لەنێوان ئیلیاد و ئۆدیسەدا، بۆ نموونە (جینی ستراوس کلێی) دەڵێ (ئۆدیسە هەڵگری دوو تیۆلۆژیایە. ئەگەر تەنیا سەیری ئەوە نەکەین کە خەڵک چی بە خواوەندەکان دەڵێ، بەڵکو سەیری ئەوەش بکەین کە خواوەندەکان چی دەکەن، ئەوا دەبینین ئۆدیسە گوزارشت لە ناکۆکییەکی مەزن دەکات، گوزارشت لە دوو ڕووی ناکۆکی خواوەندەکان دەکات کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر مرۆڤدا هەیە). کارەکتەرەکانی ئۆدیسە، ئاماژە بۆ ئەو ناکۆکییە ناکەن و باسی کاروکردەوە ناکۆکەکانی خواوەند ناکەن. (کلیێ)ش بەم چەشنە ڕاڤەی ئەو ناکۆکییە دەکات: خواوەندەکان ناوە

ناوه دەبێ دادپەروەرانه هەڵسوکەوت بکەن گەر بیانەوێ ڕێزیان لەلای مـردووەکـاندا هەبێ، بەڵام وێڕای ئەوەش زۆرجار پێدادەگرن لەسەر ڕەفتار و هەڵوێسته توندوتیژ و دڵڕەقـانەیان بەرامبەر بەوان.لە ئۆدیسـەدا، خـودی ئۆدسـیـۆس شـەڕو گـێـچـەڵەکـانی خـواوەند بەسـەریدا دەشکێتەوە کەچی (سیـوتەرەکـان) Suitors و زاوا و خاوەن مافەکان سزای خواوەندیان بەسەر دەبارێ.

جیـاوازی ئۆدیسه و ئیلیـاد لەو ناکۆکـیـیـه و لەو دوو جۆره تیۆلۆژیایەدا بەرجەسته دەبێ کە بریتییه لە دوو جۆره هەڵوێستی خواوەند بەرامبەر بەمرۆڤ: هەڵوێستی زێوس بەرامبەر بە ئاگیستۆس کە بەدکارییەکانی بوونەته هۆی کـارەسـاتەکـانی و ڕاڤـه و لێکدانەوەی مـردووانه بۆ ئەو هەڵوێسـتـه و هەڵسوکـەوتی خـواوەند لەگـەڵیـاندا. زێوس بە مـردووەکـان دەڵێ ئێـوه چیـتـان چاندووه ئەوه دەدروونەوه، ئەمـەش لە پۆیتـیـکای ئۆدیسـەدا، و لە ئاگـیـسـتـۆن و (سـیـوتەرەکـان)دا بەرجـەسـتـه دەبێ. سیرینەکان sirens کە گۆرانیبێژن بەڵێن بە ئۆدسیۆس دەدەن کە بەرەو ئەو ڕێیە ئاراسته بکەن کە تێیدا (فێری زۆر شت ببێ)، (ئالکینۆس)یش سـتـایش ئۆدسـیـۆس دەکـات لەبەر ئەوەی وەک شـاعـیـرێک (هەمـوو شـتێک دەزانێ). ئەمـه لە شـیـعـری هێکسلیـتـەریدا (شـەش لایەنیدا) بەشێوەیەک دەکەوێتەوە کە تێیدا (ئینیپیان) کاری ئاخاوتن دیاری دەکات کە لەنێویدا کارەکتەرێک شتێک دەگێڕێتەوە و هەموو لایەنەکانی بەتێروتەسەلی ڕاڤەدەکات، جگە لەوەش ئەو هاوکێشەیەی کـه لەسـەر (ئینیـپـیـان) و (کـاتالێـخـا) دروست بووه، ڕاستی ئەو گێـڕانەوەیه بەخۆ دەگرێ، واته بەپێی شـاکـاری ئۆدیسـه وەک تیـۆلۆژیایەک و پۆیتـیـکایەک، پێـوەندییـەکی دینامـیـکی لەنێـوان ناراتیڤ و ژیاندا هەیه. بۆ نموونه گۆرانییەکانی نێو ئەو شاکاره کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسـەر کـارو کـردەوەی کـارەکـتـەرەکـاندا هەیه: گـریانی ئۆدسیـۆس بۆ گـۆرانیـیـەکەی دیمۆدۆکس، ئالکینۆس هان دەدا بۆ ئەوەی لە چارەنووس و ناسنامەی خۆی بپرسێ.

**سەرچاوە:**

**song and storytelling: An odyssan perspective**
**By: Hilary Makie**
**Rice university, 1997.**

# شلایرماخێر و هێرمنۆتیک

**د. همایوون هیمەتی**
**لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی**
**(بۆکان)**

هێرمنۆتیک و بەشێوەگەلێکی جۆراوجۆر پێناسەکراوە «پۆل ڕیکۆر» کە یەکێ لە مەزنترین نوێنەرانی هێرمنۆتیکی هاوچەرخە، هێرمنۆتیک وەک «تیۆری تێگەیشتن لە بزاڤی پێوەندییەکانی، لەگەڵ لێکدانەوەی دەقدا» پێناسە دەکا. واتە هێرمنۆتیک زانستێکە سەرقاڵی ناسینی شێوەی تێگەیشتن و سیستمی لێکدانەوەی دەقەکانە، بەڵام تاقمێک لە لایەنگرانی تیۆری و هێرمنۆتیکی ئەوە بە جۆرێک «ئیپیستمۆلۆژی» یا تیۆری ناسین دەزانن. لە ساتێکا کە دیاردەناسەکان و فەیلەسووفە بەناوبانگەکانی وجوودی وەک «مارتین هایدگەر» هێرمنۆتیک بەجۆرێک لە ناسینی هەستی و سیستیمێکی فەلسەفی دەناسن. تاقمێ لە ئەدیب و شاعیرەکانیش جاری وایە هێرمنۆتیک بە تیۆرییەکی ماناناسیانە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی دێننە ئەژمار، بەڵام ڕوانگەی باو لە مەڕهێرمنۆتیکەوە ئەوەیە کە هێرمنۆتیک «تیۆری یا فەلسەفەی لێکدانەوەی مانایە».

جگە لەوە شێوەیەکی لێکۆڵینەوەییە کە تایبەتی زانستە ئینسانی و زانستە کۆمەڵایەتیەکانەو لەگەڵ شێوەی باو لە زانستە سروشتییەکاندا ڕێک جیاوازە. بەپێی ئەو ڕوانگەیە بابەتی سەرەکی هیرمنۆتیک بریتییە لەوەی کە، بزاڤ و پرۆسەی تێگەیشتن، چۆن پێکدێ؟ مانا چۆن لە دنیای کەسێکەوە بۆ دنیای کەسێکی تر دەگوێزرێتەوە و بە شوێن ئەو پرسیارانەش دایکە، کە باس گەلێک لە مەڕ تێگەیشتنی عەینی، ڕێژەی تێگەیشتن، زەمانمەندی تێگەیشتن، مێژوومەندی زمان و تێگەیشتن، ئەزموونی ژیاو، یان دنیا ژین*(جیهان ژینگە)، [Lebenswelt] تێگەیشتنی پێشوو،

ئاوێتە بوونی ئاسۆکان، بنەمای پێشووی مانا، ڕۆڵی پێش فەرزەکان لە تێگەیشتندا، باشتر تێگەیشتن، تێگەیشتنی پوخت، پێگەیشتن و باڵاکردنی مەعریفەت، ڕەخنەگری دەق، مەبەستی نووسەرو دەیان باسی تر لە لێکۆڵینەوە هێرمنۆتیکیەکاندا دەکەونە بەرباس و توێژینەوە. تێگەیشتن لە مێژوو (ڕووداوە مێژووییەکان، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی مەودای زەمانی مابەین ڕاڤەکار و ئەو ڕووداوانە)، تێگەیشتن لەهەست و نەستەکان و بەگشتی «دونیا دیتران» گەیشتن بە ژینی دەروونی «دیتران» و هاوبەش بوون لە ئەزموون گەلی ئەواندا، لە ڕێی نیشانە و لەفز و دانگەکانەوە، لە سەرەکیترین باسەکانی هێرمنۆتیکن پێناسەی تێگەیشتن [understanding] و لێک دانەوەی فەلسەفی ئەو و هێنانە ئارای چەندین شێوەی تێگەیشتنی بەجێ و قووڵ و پوخت، هەروەها باس و پێناسەی کاری ڕاڤە وخستنەڕووی یاساکانی، لە ئەرکە سەرەکییەکانی هێرمنۆتیکن.

هەڵبەت تیۆری گەلێکی جیاواز هێرمنۆتیکی هەن. لەنێو بیرمەندانی ئەو لقەدا، لەسەر ئەو باسانە هاوبیری و یەکگرتووییەک لە ئارادانییە و لە بیروڕایەکانیاندا جیاوازی گەلێکی زۆر بەرچاودەکەوێ. لە «شلایرماخێر»ەوە بگرە تا «دیلتای» «هایدگەر»، «بۆلتمان»، «کارڵ بارس»، «ئێمیلیۆبێتی»، «سیندکۆهلێر»، «پۆل ڕیکۆر»، «بێرنشتاین»، «هیدیش»، «یواخیم واخ»، «ڕۆدۆلف»، «ئۆتۆ» و دەیان کەسی تر لەهێرمنۆتیک ئاسانی سەردەمی ئێمە لە مەڕ تیۆری هێرمنۆتیکی دواون و نووسیویانە و چەندین ڕوانگەی جیاوازیان خستۆتە ڕوو، بەو شێوەیە چەندین تیۆری هێرمنۆتیکی وەک هێرمنۆتیکی زمانناسی، مێژووگەرایانە، هەستی ناسانە، ئێپیستمۆلۆژیانە، دەروونناسی، مارکسیستی ئایینی، فەلسەفی، کۆمەڵناسی و... بەدیهاتوون، کە نابێ جیاوازی و دووری ئەوانە لە یەکتر بخەینە پشت گوێ.

زاراوەی هێرمنۆتیک لە وشەی یۆنانی (hermeneuin) وەرگیراوە کە کارە و بە مانای ڕاڤەکردنە، بەڵام هێندێ کەس پێیان وایە لەنێوی هێرمس (hermes) خودای یۆنانی و پەیام هێنەری گشت خواکانەوە وەرگیراوە، کە هەم پەیام، هێنەربوو، هەمیش شیکەرەوەی پەیام واتە هەم پەیام و وتەی خواکانی دەهێنایە سەر زەوی و هەمیش بەر دەبووە ڕاڤە و لێک دانەوەیان. بەو شێوەیە هێرمنۆتیکیش زانستێکی هێرمسیە و ڕاڤەکار ئەرکێکی هێرمسی وەئەستۆگرتووە و هێرمس ئاسا لە هەوڵی دۆزینەوەی مانای وتە و ڕاڤەی پەیامەم دایە. وشەی هێرمنۆتیک لە هەر کام لەو سەرچاوانەوە جیابووبێتەوە کاکڵی مەبەست ئەوەیە کە ئەمڕۆ ناوێکە بۆ لقێک لە زانستە ئینسانییەکان و زانستێکە لە زانستەکان کە تێگەیشتن و ناسین و فام و ڕاڤەکردن دەگرێتەوە و هەوڵ دەدا تا بە باس و شەرحی پێش فەرزە ئاشکرا و پۆشراوەکان، لەوتەی مرۆڤەکان و دەقە زانستی و ئایینییەکان و نموودە ئینسانییەکاندا، شان بداتە بەر ڕاڤەکردنیان و مانا و بەتایبەت مانای دەروونی، یان ڕاڤەی ئەو نموود و بەرهەمانی دەست بێنێ. کەوایە هێرمنۆتیک زانستی ناسینی لێک دانەوە، یان ماناناسی یان جۆرێک ئێپیستمۆلۆژیە و تەوەرەی باسەکانی، تێگەیشتن لەمانا، دۆزینەوەی مانا و شێوەی ڕاڤەی دەقەکانە. بەو پێیە هێرمنۆتیک لەگەڵ نیشانەی (sing) پەیام (message) و دەق (text) سەرو سەودای هەیە و بەو جۆرە ئاقاری ئیلاهیات، فەلسەفە، هونەر، جوانی ناسی، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنەی دەقەکان و ناسین و لێکدانەوەی کتێبە پیرۆزە ئایینییەکان، ڕەوشت ناسی زانست و ئێپیستمۆلۆژی دەگرێتەوە. خودی ڕاڤەکاریش بەردەوام پردی ئاڵ و وێری مانایە و لە بواری وجوودیشەوە لەمابەین دەق و وەرگردا جێ دەگرێ. لە ڕوانگەی هێرمنۆتیکەوە تێگەیشتن، بابەتێکە پێویستی بە تێگەیشتنە و «ڕاڤە»ش بابەتێکی فەلسەفییە، هەروەها خودی ڕاڤە پێویستی بەراڤەیە. ئەوەی کە ڕاڤەی دەقێک چۆن سەردەگرێ، کاری لێکدانەوەو تێگەیشتنی مرۆڤ بەردەوام چوارچێوەیەکە بۆ بیرۆکە پێشووەکان و پێش فەرزەکان، ئاسۆی بیری شیکار و بیروبۆچوون و زەینییەتی وەرگرەکانی دەقێک چۆن لەسەر تێگەیشتن و کاری ڕاڤە شوێن دادەنێن، بەگشتی سەرەکیترین چەمکی تیۆرییەکانی هێرمنۆتیکین.

زۆرتر «فریدریش شلایرماخێر»یان بە بناغەدانەری هێرمنۆتیک لە ڕۆژئاوا ناسیوە، بەڵام دەبێ بزانرێ کە هێرمنۆتیک بە مانای ڕاڤە یا لێکدانەوەی دەروونی، دیرۆکێکی زۆر دوور و کۆنی هەیە و ڕەنگە بتوانین بڵێین کە لەمێژووی نووسین و نووسراوی فەلسەفەدا لەگەڵ «فیلۆن» دەست پێدەکا، کە بایەخێکی تایبەتی بە لێکدانەوە و دەدا و بڵاوکەرەوە و دامەزرێنەری شێوازی ڕاڤەیی لە لێک دانەوەی کتێبە پیرۆزەکان دابووە، هەروەها لەنێو عارفانی هەموو ئایینییەکان و بەتایبەت عارفە موسلمانەکاندا لەزووەوە گرینگیدان بەڕاڤە و لێکدانەوەی دەروونی وتەکان و دەقە پیرۆزە ئایینەکان شوێنێکی مەزنی بووە. (...) لە ئێرانی کەواناراش-دا هێرمنۆتیک و تەئویل بەنێوی «زەندئاگاهی» لە بارەی «زەند» و «پازەند» و کتێبی پیرۆزی زەردەشتیەکان دا

هەبووە. خالێکیتر و بابەتێکی گرنیگتر لەمەڕ مێژووچەی سەرهەڵدانی هێرمنۆتیکەوە ئەوەیە کە، لە خودی ڕۆژئاواش کەسانێ بەر لە شلایرماخێر بوون و پێش ئەو لە هەوڵی خستنە ڕووی باس گەلی هێرمنۆتیکی و ڕاڤەناسانەدا بوون.

شێوازی هێرمنۆتیکی بەر لە شلایرماخێر لەلایەن خاوەن ڕایان و بیرمەندانێکی وەک «فریدریش ئاست» (١٧٧٨-١٨٤١) و هەروەها «فریدریش ئۆگۆست وڵف» (١٨٢٤- ١٧٥٩) لە ئیلاهیات و فەلسەفەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە. هاوکات لەگەڵ شلایرماخێریش کەسانێکی وەک «بۆکە» و «درویزن» کە لە قوتابییانی «وڵف» بوون خەریکی مەبەستگەلی هێرمنۆتیکی و باسی ڕاڤەناسی، و ماناناسی بوون و هەر لەوکاتەشدا شێوەی هێرمنۆتیکی مێژوویی؛ دێرینەناسی و دەروون ناسی بەدیهاتبوون. «ویلهێلم دیلتای» دواتر خەریکی نووسینی شێوەی هێرمنۆتیکی وەک شێوەیەکی عەینی بڕواپێکراو بۆ کەڵک لێوەرگرتن لە زانستە ئینسانییەکان دابوو، شێوەیەک کە ئەوەندەی لەگەڵ زانستە سروشتییەکان جیاوازی هەیە، بەو ڕادەیەش ورد و عەینی و بڕوا پێکراوبێ. دواتریش دیاردەناسێکی وەک «ئۆتۆ» لە توێژینەوەی ئایینیدا، لە شێوەی هێرمنۆتیکی کەڵک وەرگرتن کە تا ئەمڕۆکەش لەلایەن کەسانێکی وەک «بلۆمێر»وە درێژەی هەیە. مرۆڤناس، موتەکەللیم، فەیلەسووف وتوێژەرانی ئایینی هاوچەرخیش، زۆرتر ئیلهام و شوێنیان لە هێرمنۆتیک وەرگرتووە. تەنانەت فەیلەسووفێکی وەک «ویتگنشتاین»یش، بە تەواوی لەژێر کارتێکردنی باس گەلێ هێرمنۆتیکی لەبواری شیکردنەوەی ئەزموونی مرۆڤ و بنەماکانی زمانیدا بووە. هێرمنۆتیکی فەلسەفەی زمانی لەسەر تەواوی تیۆرییە ئەپستمۆژیەکانی هاوچەرخ شوێنێکی بەرچاو و حاشا هەڵنەگری بووە. لەباسەکانی کەلتوورناسی و ئاقارە کەلتوورییەکانیشدا شوێن دانانی هێرمنۆتیک زۆر بەرچاوە. لە دەروونناسیدا، بە تایبەت لە قوتابخانەی ئاکار خوازی»، لایەنگرانی پیۆنگ و قوتابخانەی «گیشتاڵت»یشدا، هێرمنۆتیک شوێنی بێ ئەملاو ئەولای بووە. لە مابەین دەروون ناسە قەومییەکان، بەژەوەندخوازەکان، بنەماخوازەکان و تەنانەت بیرمەندە مارکسیستەکانیشدا، ڕوانگەی هێرمنۆتیکی شوێنێکی تایبەتی هەیە.

بەڵام هەروەک دیلتای نیشانیدا، سەرهەڵدانی هێرمنۆتیکی نوێ، زیاتر پێوەندی لەگەڵ باس و هەنگامەگەلێ دابوو کە دوای چاخی نوێکردنەوەی ئایین، (ڕیفۆرماسیۆن)، بۆ شیکردنەوەی کتێبی پیرۆز لە مابەین پرۆتستان وکاتۆلیکەکاندا هاتە ئاراوە، بەو هۆیەش بوو کە موتەکەللیم و ئینجیل ناسانێکی وەک «ڕۆدۆلف بولتمان». تەواوی هەوڵی خۆیان تەرخان کرد بۆ بەکارهێنانی هێرمنۆتیک، لە شیکردنەوەی کتێبی پیرۆز و «ئوستورە سڕینەوە» لە پەیامی ئەو کتێبەدا. ڕاست بەو شێوەیە کە هەوڵی خودی شلایرماخێریش بە مەبەستی بنیادنانی هێرمنۆتیکێکی گشتی، لە ڕاستیدا بەرهەمی تەقەللای ئەو، بۆ زاڵ بوون بەسەر خراپ تێگەیشتن و دڕدۆنگی لەکتێبی پیرۆز بوو، شلایرماخێر زانای ئایین و موتەکەللیمی هەڵکەوتەی پڕۆتستان، کوڕی قەشەیەکی مەسیحی بووکە ساڵی ١٧٦٨ لە ئاڵمانیا هاتە دونیا و لە زانستگای «هالە» خەریکی خوێندنی ئیلاهیات و زانستی ئایینی «تیۆلۆژی» بوو. ئەو هۆگرییەکی زۆری بە بەرهەمەکانی «کانت» و «ئێسپینوزا» بوو، ماوەیەک مامۆستا بوو، بەڵام دواتر بەپلەی قەشەیی گەیشت. ئەو لەگەڵ کۆڕی ڕۆمانتیکەکان و ئەدیبانێک کە لەژێر کارتێکردنی شۆڕشی ڕۆشنبیری دابوون، پێوەندی بوو. چەند بەرهەمێکی ئەفلاتوونی وەرگێڕاو چەند نوتقێکیشی لە بارەی ئایین، ئیمانی مەسیحی، ئەخلاق و یاساکانی کڵێسەی ئینجیلی پێشکەش کرد.

دەستنووسەکانی ئەو لەمەڕ هێرمنۆتیکەوە، دوای مەرگی، لەلایەن «کیمرلە»یەکێ لە قوتابییانی «گادامێرە»وە ڕێکوپێک کران و لە چاپدران. کۆی بەرهەمەکانی بەزمانی ئاڵمانی لە سێ بەرگدا بڵاوبۆتەوە. شلایرماخێر لەسەرەتای تەمەنیدا، لە بڕوا سوننەتیەکانا کەوتە گێژی شکەوە. بە وەرچەرخان بەرەوە عیرفان توانی تۆفانی شک لە خۆیدا لغاوکا. ئەو بە باوکی کەلامی نوێ و «کانتی هێرمنۆتیک» ناودێرکراوە. شوێنی بیروڕاکانی کانت لەسەر ئەو زۆر قووڵ و کاریگەر بووە، بەشێوەیەک کە بۆ خۆی لە شوێنێکدا نووسیویەتی «بڕوای من ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژا بە «کانت» پتەوتر دەبێ. شوێنێکی زۆریشی لە فەلسەفەی یۆنانی کەونارا وەرگرتووە. گرینگترین نووسراوەی ئەو کتێبی «ئیمانی مەسیحییە». ئەو وەک «کانت» ئایینی تا ڕادەی ئەخلاق و هەست نزم کردەوە و بۆ ئایین، ئاقارێکی جیا لە زانست و فەلسەفە و تەنانەت هونەری دیاریکرد. لە پێناسەکردنی ئایینیدا ڕێ و ڕاست لەسەر هەست پێ دادەگرێ و ئایین بەهەستی بەسترانەوەیی موتڵەق دەزانێ. «شلایرماخێر» لە مەڕ مەفهوومی خودا، ئەزموونی ئایین، گەوهەری ئایین، تیۆری سێینە، لێ خۆش بوون، کەسایەتی مەسیح، ئیمان، وەحی، تاوان، ڕزگاری و بابەت گەلێکی فرەی تر دواوە و تێکۆشاوە تا بڕوا کۆنەکان لە کۆمەڵێکی نوێدا

بێنێته ئاراو سیستمێکی مانا بەخشی نوێ بۆ بڕواکانی مەسیحی بخاته ڕوو، هەر بەو هۆیەش بە دامەزرێنەری کەلامی نوێ و ئیلاهیاتی نوێی دەناسن. (...)

هەروەک وتمان لە هێرمنۆتیکی نوێدا شلایرماخێر بەکەسایەتی سەرەکی و پێشەنگی ئەو قافڵەیە دەناسن، هەرچەند بەر لەویش چەند هەوڵێک بە مەبەستی شەرحی تیۆری هێرمنۆتیکی درابوو، بەڵام ئەوە ئەو بوو کە بەواتای دیلتای بووە کانتی هێرمنۆتیک. چون سەلماندی کتێبی پیرۆزی مەسیحی پێویستی بەهیچ چەشنە ڕاڤەیەکی تایبەت نییە و تێگەیشت کە تەنیا باسی سەرەکی لەمەڕ شیکردنەوەی کتێبی پیرۆزدا، کۆوەکردنی بنەما ڕێزمانییەکان (گرامێری- زمانناسی) و بارودۆخ گەلی دەروون ناسی پێویستە بۆ تێگەیشتنی دەق. هەروەها ئەوە ئەوبوو بە باشی تێگەیی کە چۆنیەتی زمان لە ناسین و نووسینی تیۆری هێرمنۆتیکیدا،دەورێکی کاریگەر دەگێڕێ، چونکە تەنیا کەرەستەی وەدەستهێنانی مانای خواستراوی هەر نووسەر یان هەر دەقێک لە ڕێی پردی زمانەوەیە، ڕەنگە هەر بەو هۆیە بێ کە هێندێ جار تیۆری هێرمنۆتیکی شلایرماخێر، بە هێرمنۆتیکی زمانناسیش نێودێر دەکەن. مەبەستێکی گرینگیتر لەهێرمنۆتیکی شلایرماخێردا بریتییە لە: گرینگی دان بە لایەنی دەروون ناسی و زەینیەتی وەرگر. لە بنەڕەتدا، تیۆری هێرمنۆتیکی شلایرماخێر لەسەر دوو بناغە دامەزراوە:

١- پێویستی بە تێگەیشتنی ڕێزمانی لەجۆرگەلی تەعبیر و وتە و ڕوخساری زمانی. کەلتووری، کە نووسەری دەق تێیدا ژیاوە و بیری ئەو بەجۆری ئەم هەل و مەرجە کولتووری و زمانییەوە بەسراوەتەوە.

٢- پێویستی بەتێگەیشتنی فەننی یا دەروون ناسی زەینیەت یا بلیمەتی داهێنەرانەی خودی نووسەر.

هەڵبەت ئەو دوو یاسایە کە دوو بناغەی پتەوی هێرمنۆتیکی شلایرماخێرن، بەباشی ڕادەی قەرزداری ئەو، بەبیرمەندە ڕۆمانتیکەکان دەخەنەروو. بە پێی ئەو بۆچوونە شێوە و جۆری بۆچوونی هەر کەسێ هەرچەندە تاقانە و بێ هاوتاش بێ، بێ شک بارودۆخی دەروونی یا هەست و نەست و هەل و مەرجێک کولتووری بەرینتر دەخاتەڕوو کە ئەوکەسە شوێنی لێوەرگرتوون، کەواتە بەپێی بڕوای شلایرماخێر شیکردنەوەیەکی ڕاست و ورد، نە تەنیا پێویستی بە تێگەیشتن و ناسینی تان و پۆی کولتووری و مێژوویی تایبەتی نووسەرەوەیە، بەڵکو بۆ سەرگرتنی ئەوکارە تێگەیشتن و وەرگرتنی زەینیەتی تایبەتی ئەویش پێویستە. ئەم پرۆسەیەش، یانی ناسینی نیەتی نووسەر نووسەر یا زەینیەتی تایبەتی ئەو، بە بڕوای شلایرماخێر تەنیا لەڕێی جۆرێ «پێشگۆیی» یان «بازدانێکی شهوودییەوە» دەتوانێ سەربگرێ کە لەو ڕێیەوە ڕاڤەکار تێگەیشتن و ئاگایی نووسەر دەرباز و ڕەها دەکا، ڕەمزەکانی دەدۆزێتەوە و دڕدۆنگی دەکا.

بەهۆی کردنەوەی ڕەمزی زەینیەتی نووسەر و تێگەیشتن و دیتنی ڕاستەوخۆی ئاگایی ئەو، ڕاڤەکار تێگەیشتنێکی کولتووری بەرینتر و فامێکی باشتر لە فامی خودی نووسەر لەمەڕ بڕواکانییەوە وەدەست دێنێ، کەواتە ڕاڤەکار بیروبڕواکانی نووسەری دەق، تەنانەت باشتر لەخۆشی تێدەگا و تێگەیشتنێکی قووڵتر و وردتر و پوخت تر لەوجودییدا دەپشکوێ بەو پێیە لە تیۆری هێرمنۆتیکی شلایرماخێردا، نە تەنیا مەرجی گەیشتن بە نیەت و مەبەستی نووسەر شتێکی سانایە، بەڵکو لە بنەڕەتدا تێگەیشتنی دەق بە بێ وەدەستهێنانی زەینیەتی نووسەر و نیەتی ئەو سەرناگرێ هەڵبەت ئەوەی کە وەرگر یا ڕاڤەکار بتوانێ باشتر لە نووسەر لە قسەکەی بگاو لەدەق و نووسەر تێپەڕێ. قسەیەکە کە زۆربەی هێرمنۆتیک ناسانی هاوچەرخ پەسندی ناکەن. بەڕای ئەوان ئێمە تەنیا، ڕێی تێگەیشتنی مەدلوولەکان و مانای لە فزەکانمان هەیە و ڕێیەکی تر بۆ دۆزینەوەی نیەتی ڕاستەقینەی نووسەر لەگۆڕێدانیە.

تیۆری هێرمنۆتیکی شلایرماخێر، لەلایەن بیرمەندانی هاوچەرخی ڕۆژئاواوە کەوتۆتەبەر ڕەخنە و باسەوە، بۆچوونەکانی ئەو لە ئیلاهیات، توێژینەوەی ئایینی، مەسیح ناسی و لەبواری ئەزموونی ئایینی و پێناسەی ئیمانیشدا لە ڕەخنەی هاوچەرخەکانی بێ بەش نەبوون و لەلایەن موتەکەللیمە هاوچاخەکانی وەک «ئالبرێخت»، «ریچێل» و «ئادۆلف هارتناک»وە کەوتوونەتە بەر ڕەخنە.

کەسانێکی وەک «دیوید فریدریش ئیستراوس»، «پۆل ریکۆر» و «گادامێر» و تەنانەت «یۆرگێن هابرماس»یش ڕەخنەی توندو تیژیان ڕووبەرووی تیۆری هێرمنۆتیکی شلایرماخێر کردۆتەوە.

**ژێدەر: کتاب نقد سال دو شماره «٥ و ٦» تابستان ١٣٧٧.**

*** جیهان ژینگە: سپهر زیست (ژیانی ساکار و ڕۆژانەی مرۆڤ، ئەزموونی ئێمە لەو دنیایە تێگەیشتنی ساکار و بێ ورد بوونەوەیە، یانی ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی جیهان بەشێوەیەکی خاو و ناپۆختە لەزەیندا، کە پێشەکی لێکۆڵینەوە زانستیەکانە، هەمان جیهان ژینگەیە).**

# بنەما فەلسەفەییەکانی هزری کۆمەڵایەتی لە سەردەمی ڕێنێسانس-دا


**د. حەمید عەزیز**
**(کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین)**


١- لەمێژووی شارستانیەتی مرۆڤدا ڕووداوی وا هەیە کە ئەوپەڕی سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، جۆرە پرسیارێک دەورووژێنی وەڵامدانەوەی وا سووک و ئاسان نییە. ئەو جۆرە ڕووداوانە ئەگەر لەخۆیاندا شتێکی نالەباربووبن، کەچی ئەنجامی وایان لێکەوتۆتەوە دەکرێ بە شۆڕش ئاسا ناوببرێن.

ئەو ڕووداوەی گوڵی خوێناوی بەهاری ڕێنێسانسی هێنا داگیرکردنی شاری پڕ شکۆی شارستانی کوستەنتەنۆپڵی یۆنان بوو لەلایەن داگیرکەرانی تورکی عوسمانییەوە لە ساڵی (١٤٥٣ز)دا. ئەم ڕووداوە ئەگەرچی لەخۆیدا زۆرو جەورو زوڵم و ناعەدالەتی لە سنوور بەدەری تورکی عوسمانی نیشان دەدات کە بە ڕۆژی ڕووناک شارێکیان داگیرکردو بەدەستەو کۆمەڵ سەری خەڵکی بێ گوناهی یۆنانییان بڕیو و بەزەبری کوتەک بڕوایەکی تریان بەسەردا سەپاندوون و هەموو لایەن و شوێنەوارێکی شارستانی ئەم میللەتەی یۆنانیان سڕیوەتەوە و بگرە ناوی شارەکەشیان گۆڕیوە، لە سەرەتادا ناویان نا ئیسلام بوولی، لەدواییدا کە هەلومەرج و بارودۆخەکەیان هێور و هێمن کردەوە و بە تەواوەتی کۆنترۆڵی شارو ناوچەکەیان کرد؛ ناوەکەیان گۆڕی بۆ ئیستەمبول. ئەم زوڵم و زەوت کردنە ئاشکرایە ئەگەرچی ئەمڕۆ خەریکە لەبیر دەچێتەوە و بگرە ئەگەر یۆنانییەک بۆی بلوێ و شارە کۆنەکەی خۆیان ببینێ بڕوا ناکات ئەمە کوستەنتەلۆپلی- یۆنانی بووبێ، بەڵکو ئیستەمبوولی تورکە! ئەم جەورە لەلایەکەوە ئاگری لەدەشت و پاوانی ئیمپراتۆرێتی بیزەنتی بەرداوە و ئاوی کردۆتە ژێر دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژێمە کۆنە بە ساڵاچووە و کۆتایی بە

دەسەڵات سیاسییەکەی هێناوە. هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتی لەگەڵ خۆیدا کۆتایی بەسەدە ساردو سڕە دوور و درێژەکانی قۆناغی ناوەڕاستی ئەورووپا هێناوە و بانگی دەستپێکردنی سەدەی نوێی بەگوێی مرۆڤایەتیدا داوە.

لەلایەکی ترەوە داگیرکردنی ئەو شارە کە مەڵبەندێکی کولتووری و شارستانیی بووە بە هەموو لایەنە جۆر بەجۆرەکانەوە، فەیلەسووف و زانا یۆنانییەکانی ناچارکردووە ناوچەکە بەجێ بهێڵن و ڕووبکەنە باشووری ئیتالی و لەوێ لە چەندین دامەزراو و ڕێکخراوی شێوە قوتابخانەدا کۆڕ و کۆمەڵەی کولتوری و ڕۆشنبیرییان پێکهێناوە، ئەو بزووتنەوەیەی لێکەوتۆتەوە کە پتر بە بزووتنەوەی (ئەدەبی و هونەری) ناسراوە و بە ڕێنسانس ناودەبرێ.

ڕێنێسانس وەک وشە و ناو واتای (جارێکی تر لە دایک بوونەوە) دەگەیەنێ، یان واتای جارێکی تر دۆزینەوە و پەردە لەسەر لادانی ون بوون و لەبیرچووەوەی کولتووری ئەنتیک دەگەیەنێ کە لەسەدەی چواردەم لە باشووری ئیتالیا و ئینجا لەسەرانسەری ئەورووپا سەری هەڵداوە(١) وشەکە خۆی لەخۆیدا فەرەنساییە. ئەم بزووتنەوەیە درێژایی سەدەی پانزە و شازدەیەمی زایین بەردەوام بووە، لە فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و سیاسەت و زانستدا گۆڕانی بەرچاوی بەدی هێناوە. جگە لەوەی تیشکی خستۆتە سەر لایەنی نالەباری ئایین و دەسەڵاتی کڵێسەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست، جۆرە جیابوونەوەیەکی دیاری فەلسەفە و ئایینی لە یەکتری دەستپێکردووە و هانی جۆرە بیروڕاییەکی لە چوارچێوەی ئایین و بنەماکانی ئاکاردا داوە.

ئەم بزووتنەوە سەرتاپاگیرە ڕێگای بۆ بڵاوبوونەوەی ڕێبازی مرۆڤ دۆستی، مرۆڤ پەروەریی خۆش کردووە و هەستی نەتەوەیی تارادەیەکی بەرچاو ورووژاندووە. جگە لەمە، بە پێچەوانەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە کەئایینێکی سەرتاپاگیر دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرتبوو، کۆنترۆڵی هەمو لایەنێکی ژیان و کۆمەڵ و کولتوور و شارستانیەتی کردبوو، جیهاندیدێکی لەچوارچێوەیەکی تەنگەبەردا ڕەنگ ڕشتبوو کە تەنیا هەر لەگەڵ بیروبۆچوون و دوگمەکانی خۆیدا بگونجێ، بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە شۆڕشی ڕێنێسانس بەگشتی، جگە لەوە، گەڕانەوە بووە بۆ کولتووری پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی و ڕاپەڕین بووە دژی ئەوسەرخانەی کۆمەڵی مەسیحیەت (ئەدەب، فەلسەفە، لاهووت، هونەر، زانست، هزری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسەت) دایهێناوە، لە دوو لاوە تایبەتمەندی خۆی بەدەرخستوە:-

**یەکەم**: تاکڕەوییەکی توند و بەرچاو لە ئەدەب و ئایین و سیاسەتدا.

**دووەم**: بایەخدان بە زانستی میکانیکی و بەهەند گرتنی ئەنجامی پیادەکردنەکەی لەژیاندا بۆ مەبەستی پتر دەست و دەسەڵات ڕۆیشتنێکی مرۆڤ بەسەر سروشت و دەوروبەردا ئینجا بۆ خۆشکردنی ژیان و گوزەران(٢) لەم دنیایەدا.

لە ئەدەب دا و بگرە لە هونەریش تا ئەوکاتە جۆرە نووسینێک باو بووە دەکرێ بە ئەدەبی مەسیحی ناوببرێت و دوو جۆری سەرەکی بابەتی ئەدەبی هانداوە و پشتگیری کردووە:

**یەکەم**: ئەو ئەدەبەی ڕەنگی وێنەیەکی جیهانی کێشاوە کە لە کۆتاییەکەوە دەستی پێکردووە و بەهەموو جۆرێک ژیانی سەر دنیای بە کەم داناوە و لەبەر چاوی خەڵکی خستووە و بایەخێکی زۆری بە ڕۆژی قیامەت داوە.

**دووەم**: ئەو ئەدەبەی کە بە هەموو شێوەیەک مێژووی ژیانی یەسوعی مەسیح و دادگایی کردنەکەی و چوار مێخەکێشانی و ئینجا جارێکی تر هەستانەوەی نیشان داوە(٣). ئەگەرچی لەم جۆرە ئەدەبە جۆرێکی ڕومانی نوێ لە دایک بووە، بەڵام بە هەموو جۆرێک ئەو شێوە ئایدیۆلۆژییەی لە ئایینی مەسیحی و دام و دەزگاکانی پەیدابوون، ئەوەندە سەرتاپاگیر بووە بە دەگمەن نەبێ دەرفەتی ئەوەی نەداوە کە پەرەسەندن شێوازە ئاساییەکەی وەربگرێت، چونکە مرۆڤ لە دوو لاوە کۆت و پێوەند کرابوو. لەلایەک ئایینی عیسایی دەستی بەسەر هۆش و بیروگیانیدا گرتبوو، بە تەواوەتی کۆنترۆڵی کردبوو لەلایەکی ترەوە سیستەمە ستەمکارەکەی کۆیلایەتی و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لەلای خۆیانەوە لەشیان بۆ بێگار و بەرهەم هێنان و کارکردن بەپێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوسا بەجۆرێک بەکاردەهێنا هیچ جۆرە تایبەتمەندییەکی بوونەوەری کۆمەڵایەتی، بە واتا فراوانەکەی، لە مرۆڤی ئەو سەردەمەدا بەدینەکراوە.

سەرەتای دەستپێکردنی ڕێنێسانس ئەگەرچی گەڕانەوە بووە بۆ سەر کولتووری یۆنان و هاتنەوە بووە بۆ سەر بنجوبناوانی ئەو کولتوورە، ئەوا هەوڵدراوە وێنەی ژیان و

هوشیاریی مرۆڤ- کۆمەڵایەتی ئاوێتەی یەکتری بکرێن و ناوەرۆکێکی ریالیستی- واقیعی- سەرزەوی بەو بیرۆکە رووتە ئەبستراکتە بێکۆتاییە ببەخشرێ کە مەسیحییەت هەزار ساڵ بانگی بۆ داوە و داکۆکی لێکردووە. ئەم لایەنە تارادەیەک لە کۆمیدی خواوەندیی دانتێ و نووسین و شانۆیە تراژیدییەکانی شێکسپیری ئینگلیزدا هەست پێدەکرێن. مرۆڤی رێنێسانس ئەو مرۆڤە بووە لە ناخیدا خاوەن گیانێکی کۆمەڵایەتی بووە، جەوهەر و سروشتی بێ کۆتایی و بێ سنوور راستەوخۆ لەناخ و دەروون و کرداریدا بەدەرکەوتوون. هاملێتی شێکسپیر ئەو مرۆڤە بووە کە ئەم لایەنەی بەرجەستە کردووە. مرۆڤ بووە بە گەردونێکی بچوک لە بەرابەر گەردونی گەورەدا (سروشت) ئەو خۆی کۆتایی و بێکۆتاییە(٤)، سنووردار و بێ سنوورە. مرۆڤ سنوورداره لەوەدا لە لەش و گۆشت خوێن پێکهاتووە و هێز و توانا و بەرهەمێکی سنوورداری هەیە، بەڵام لەلایەکەی ترەوە بێ سنوور و لە رادە بەدەر مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و هێز و توانای داهێنانی هەیە، خودی مرۆڤ لەخۆیدا، هەر لە ئەندێشەوە تاوەکو هوشیاریی کۆمەڵایەتی لە هەموو سنوورێک دەپەڕێتەوە و هەموو رادەیەک دەبەزێنی و هیچ جۆرە کۆتاییەکی بۆ نییە. لە کاتێکدا ئەو ئەندامێکی کۆمەڵە، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، مرۆڤێکی تاکی سەربەخۆیە، هەموو کاتێک دەتوانێ دابڕانی خودی خۆی لەو کۆمەڵە، وەک داهێنانێکی تایبەتی خۆی، بەوە ساغ و پشت راست بکاتەوە کە هەست و هۆش و گیانێکی هەیە کە ئەگەرچی کۆمەڵایەتییە، بەڵام وەک تاکەکەسیش داهێنەرە!. مرۆڤ کە لە خۆیدا کەسایەتیەکی ئازاد و سەربەستە و هەموو کاتێک توانای دەربازبوونی لەو کۆت و پێوەندانە هەیە کە کراونەتە دەست و قاچی، لە توانایدا هەیە پشت بە خودی خۆی ببەستێ و لەم پشت بەستن بەخۆیەی، جەوهەر و پوختە و سروشتی سەرتاپاگیر و بێ وێنە و بێ کۆتایی و لە سنووربەدەری مرۆڤایەتی خۆی ساخ دەکاتەوە و دەردەبڕێ. زانینی بەپێزی مرۆڤ و شارەزاییەکەی ئینجا هێز و توانای ژیریی و تێگەیشتن و بڕیاردانی لە هەڵوێستی بەلایەک داخەرانەدا بەڵگەیەکن راستی ئەم قسەیە پشت راست دەکەنەوە.

**هزر و دیاردە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان**

٢- رێنێسانس چ وەک ناوەرۆک و چ وەک شێوە و روخسارێکی بزووتنەوەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەیی ئەگەرچی کێشەو بەرەیەکی بەرچاوی لەسەر هەیە، مرۆڤ لەبارەیەوە لەلای مێژوو ناسانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بیروبۆچوون و هەڵسەنگاندنی جیاواز بەدی دەکات، لە چوارچێوە گشتییەکەیدا، ئەگەر لە هەندێ لایەنی بچوکی هەندەکیی کە بابەتی جیاوازیی نێوان شارەزایان مرۆڤ چاوپۆشی بکات، دەکرێ ئەو تایبەتمەندییانە چ وەک هۆکار و چ وەک ئەنجام کە کەسایەتی ئەم قۆناغە دیار و دەستنیشان دەکات تیشکیان بخرێتەسەر.

لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا کە سەرەتای کاروانی رێنێسانس سەرەتاتکەی دەرکەوتنی کردووە، هەوڵدراوە، سەرەڕای هەبوونی ڕاستیی (هەقیقەتی) ئایینی، ڕاستی ژیریش (ئەقلانییەت) پشت ئەستور بە بنەما و سەلمینەکانی مەنتیق وەک ڕاستییەکی هەڵکەوت (واقیعیانە) ساخ بکرێتەوە. ئەمە لەخۆیدا هەنگاوێکی دلێرانەبووە کە ئەنجامێکی گەورە و گرانی لێکەوتۆتەوە، دوو ڕەنگییەک، بریتی بووە لە دان نان بە هەبوونی دوو ڕاستیی، ڕاستی ئایینی و ڕاستیی ژیر، جیاکردنەوەی زانین و سەرچاوەکانی لە بابەتی بڕوا و ئیمان. مرۆڤ لەسەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا واخرابۆ مێشکیەوە کە سەرچاوەی زانینی، ڕاستەقینە، ئەو زانینەی تەنیا بەهۆی دوگم و دەزگاکانی کڵێسەوە دڵنیایی لێدەکرێت و هەموو ئەگەر و گومان و دڵ کرمێ بوونێک دەرەوێنێتەوە، سەرچاوەیەکی ترانسندنتالی سەرو سروشتە کە لە مەسیحیەتدا بە سرووش Eingebung ناونراوە کە دەکرێ بەرامبەر بە وشەی (وەحی) دابنرێت. ئەم سرووشە جۆرە خورپەیەکی دڵ و ناخ و بۆ هاتنێکی دەروونییە کە مرۆڤی تایبەتیی کە بە نێردراوی ئاسمانیی ناوبراوە، لە بوونەوەرێکی نامادی سەرو سروشتی ترانسندنتالی هێز و توانا و زانین لە ڕادە بەدەرەوە، بەهۆی بوونەوەرێکی فریشتە ئاساکە نەماددەیە و نە گیانە و نە نێرە و نە مێ، بۆی دێت و پێیدەگات.

جیاکردنەوەی بابەتی زانین لەبابەتی بڕوا و ئیمان و ئینجا پرسیار کردن دەربارەی سەرچاوەکانی زانین، جۆرە گومانێک بووە دەربارەی سرووش و ئەو زانین و بابەتانەی بەهۆیەوە بە مرۆڤ دەگات وروژێنراوە.

نۆمینالیست و مرۆڤ پەروەران (هیومانیستەکان)

Humanism که به ناحەزانی سەر سەختی کڵێسەی مەسیحیەتی (٥) سەدەکانی ناوەڕاست ناسراون ڕابەرایەتی ئەم بزووتنەوە زانستییە گرنگەیان کردووە.

گەڕان بەدوای سەرچاوەیەکی تری زانست و پشت کردنە بیروئایدیۆلۆژی و دۆگمای کڵێسە یەکەم هەنگاو بووە کە جارێکی تر بۆ بایەخدان بە مرۆڤ هاوێژراوە و هەوڵێکی جوامێرانە بووە بۆ تیشک خستنە سەر هێز و توانای ژیرو هزرو گیانیی مرۆڤ چ وەک تاکێکی داهێنەر و چ وەک ئەندامێکی کارامە و کاریگەری کۆمەڵ. پشت بەستنی بەهێزی ژیرو مەنتیقی مرۆڤ پشت بەستن بووە بەو ڕادەیەی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و هزری کۆمەڵایەتی کە لەو سەردەمەدا مرۆڤ پێگەیشتووە و ئەنجامەکەشی دانان و ڕەنگڕشتنی و دامەزراندنەوەی پێوەندی نوێ بووە، دوای دەسەڵاتی ئایین، لەنێوان مرۆڤی تاکەکەس و کۆمەڵدا. مرۆڤ بەهۆی چەند بنەمایەکی گشتی قانوون و داب و نەریت و دەستوورەوە هەستی بەوە کردووە کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. ئەم بنەمایانەش لەلایەن خودی مرۆڤ خۆیەوە ڕەنگ ڕێژراون ودانراون و تۆبزیی ودەسەڵاتێکی ئەوتۆی ئایینیان بەسەرەوە نەبووە. بۆ نموونە لە یۆنان، کە سەرچاوەی بزووتنەوەی ڕێنێسانس بووە، ژیانی دیموکراتی، واتە، حوکمڕانی گەل، لە ڕۆما ژیانی کۆماریی res Publica کە بابەتێکی کۆمەڵایەتی بووە(٦)، ئەو چوارچێوە و دەفرە بوون کە پێوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵ تێیاندا داڕێژراوە. بێگومان قانوونی ئەو سەردەمە ئەو جۆرە پێوەندییەی نێوانیانی لەسەر شێوەی ئەرک و فەرمان ڕێک خستووە.

٣- ئەو بیانووەی مرۆڤ پەروەرانی (هیومانیستەکانی) ڕێنێسانس هێناویانەتەوە بۆ هێرش بردنە سەر ئایینی مەسیحی و هاندانی خەڵک بۆ دوورکەوتنەوە لێی هەویرەکەی ئاوێکی زۆر دەکێشێ و دەکرێ ببێتە مایەی کێشە و بەرەیەکی زەبەندە. ئایینی مەسیحی کە لافی لێداوە مرۆڤ لە نەزانی و کلۆڵی و بەدبەختی ڕزگار بکات و ئەمە تاڕادەیەکی زۆر سەبارەت بەزۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکەوە لە ڕاستییەوە دوور بووە، ئەوان ئەم بەڵێنەی مەسیحیەتیان نەدیوە، نابێتە مایەی ئەوەی ئایین بەگشتی، کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بخرێتە لاوە و ڕاست و چەپێکی بەسەردا بهێنرێت. ڕاستە ئایینەکە لەلایەن تاقم و توێژێکی دیاریکراوەوە بۆ خزمەتکردنی سوود و قازانجی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە و سوودی لێوەرگیراوە، ئەوی لێرەدا دەپرسرێ، ئایا ئەم بەکارهێنانەی ئایین بەو شێوە نارەوایە، شتێکە لە سروشتی ئایینەکە خۆی دەکەوێتەوە؟

ئایا سروشت و پوختە و جەوهەری ئایینی مەسیحییەت خۆی ئەو تۆوەی تێدایە کە دەبێ هەمیشە هەر ئایدیۆلۆژی توێژێکی دیاریکراو بێت و ببێت بە داردەست و بەکاربهێنرێ؟! بەلای ڕابەرانی ڕێنێسانسەوە میللەتی یۆنان پێش هاتنی ئایینی مەسیحی بەبێ ئایینی ئاسمانیی مرۆڤی دانای هەبووە و بەختەوەر ژیاوە سیاسەتێکی ڕاستەقینەی پیادەکردووە کە بەدیموکراتی ناونراوە.

ئەم بۆچوونە کە لە چوارچێوەی بڕیاردانێکدا داڕێژراوە، وەک پێشەکییەکی گریمانە کراو (Pramisse) لەجێگای خۆیدایە، بەڵام ئەو ئەنجامەی لێوەی خراوەتەوە، بەلای منەوە جێگای گومانە و ئەگەرە!

لە یۆنانیش-دا ئایین هەبووە، بەڵام ئایینێکی تر کە ئاسمان و زەوی لە ئایینی مەسیحی جیا بووە. بەو واتایە خۆی بە ئایینێکی ئاسمانی نەزانیوە کە پەیام و وەحی و کتێبی پیرۆزی هەبوو بێ. ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لەهەر شوێنێک و لەهەر کات و سەردەمێکدا کۆمەڵ Society هەبووبێ لە قۆناخێک لە قۆناخەکانی پەرەسەندنیدا ئایین هەبووە. بوونی ئایین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە توندو تۆڵ بەقۆناغ و شوێن و کاتی پەرەسەندنی کۆمەڵەوە توندوتۆڵ بەندە، پێویستییەکی ناچاریی مێژوویییە و هەردەبوو هەبێ و هەشبووە، بەڵام بۆچی تەنیا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن مێژووەوە بۆ مەڵبەندی پەیدابوونی هەرسێک ئایینە ئاسمانییەکە (جوولەکە و مەسیحی لە ئۆرشەلیم و ئیسلام لەحیجاز) دیار و دەستنیشان کراوە، بگرە هەڵبژێردراوە، ناوچەکانی تر وەک ئەورووپا لەمە بێبەشبوون (مەسیحییەت لە ڕۆژهەڵاتەوە براوە بۆ ئەورووپا)؟! ئەمە پرسیارێکە وەڵامەکەی لەچوارچێوەی بابەتی ئەم نووسینە دەچێتە دەرەوە.

شتێکی گومان هەڵنەگرە کە ڕەوش و دۆخی ئایینیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی یۆنان کە سەرچاوەی سرووش بەخشی ڕابەرانی ڕێنێسانس بووە تایبەتمەندی دیار و بەرچاوی خۆی هەبووە، لەناوەڕۆک و ڕوخساردا، کە پێوەندی بەقۆناغ و دەوروبەرێکی دیارو

دەستنیشانکراوەوە هەبووە، ئەوپەڕی جیاواز بووە. ئەو ئایینەی لە یۆنان دەستبەکار بووە ئایینێکی سروشت نەتەوەیی و فرە ڕەنگیی و فرە خواوەندیی بووە، هیچ شتێک لەگەڵ مەسیحییەتدا پێکەوە کۆیان ناکاتەوە سەرەڕای ئەوەی خاڵ و بابەتی لە یەکتری جیاکردنەوەیان لە ژماردن نایەت.

بەڵام هەندێ ڕاستیی هەیە ناکرێ پشت گوێ بخرێن. هیگڵ وتوویەتی، گوایە ئایینی یۆنانییەکان ئایینی میللەتێکی ئازاد و سەربەست بووە(٧)! ئەم بڕیارە هیچ لەو ڕاستییە لانادات کە لە یۆنانیشدا بەندەو کۆیلە هەبووە. ئەوی لێرەدا وەڵام نادرێتەوە، وەڵامێک دڵ ئاوی لێبخواتەوە، چۆن لەگەڵ سیستەم و نەزمی دیموکراتی و هەڵبژاردن و ئازادیدا بوونی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆیلە لێکدەدرێتەوە و پاساو دەدرێت؟!

لەلایەکەوە، ئەم ئایینەی خەسڵەتی ئازادی دراوەتێ، لەگەڵ ئایینی مەسیحی کە گوایە ئایینی بەندەو کۆیلەیە، دوو دیاردەی کۆمەڵایەتین و ڕوخسار و ناوەڕۆکیان، یەکەم: لەلایەن هەلومەرجی سەردەم و دەوروبەر و دووەمیان: لەلایەنی سروشتی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو کۆمەڵەی هەریەکەیان تێیدا دەستبەکاربوون دیار و دەستنیشان کراون. لەلایەکی ترەوە ئایینی بەناو ئازادیی یۆنان نەیتوانیوە تاکە تۆزێک لە ڕەوشی بەندەو کۆیلایەتی یۆنان بگۆڕێت. لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا سروشتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کولتووریی ئەوسای ئەورووپا مەسیحییەتی ناچار کردووە، پابەندی چەندین گۆڕان بێت کە لەگەڵ ڕەوشی سەردەمی ئەوسای ئەورووپادا بگونجێ. مەسیحییەت لەو کۆمەڵە نوێیانەدا کە بڵاوبۆتەوە، پێش هاتنی، سیستەمی بەندەو کۆمەڵایەتی هەبووە، بۆ ئەوە ناچارکراوە هەر نەبێ لەگەڵ ئەم ڕەوشەدا خۆی بگونجێنێ بۆ ئەوەی جێگیر و دەست ڕۆیشتوو بێت ئەمە هۆکاری مانەوەی ڕەوشی کۆیلایەتی بووە لە سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحی ئەورووپادا. ڕاستە خۆی لە ئایینی مەسیحییەتدا بابەت و بۆچوون و جۆرە ئایدیۆلۆژییەک هەیە کۆیلایەتی ڕەوا دەکات، بەڵام ئەوی ئەم لایەنەی کردووە بە سروشتی سەرەکی و تایبەتمەندی دیار و بەرچاوی ئایینەکە ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هێز و پێوەندییەکانی ئەوسای بەرهەمهێنان بوون لەو کۆمەڵانەی ئەورووپادا. ئەگەر شێوازی بەرهەمهێنانی سەدەکانی ناوەڕاست لە سایەی دەستبەکاریی مەسیحیەتدا شێوازی کۆمەڵایەتی بووبێ، ئەوا لە هەمانکاتدا لە یۆناندا کۆیلە هەبووە و خەڵکی خانەدان بەچاوی سووکەوە تەماشای کاروکارکردنیان کردووە و بەرهەمیش کشتوکاڵ بووە. مرۆڤی ئازاد لە یۆنان و بە ئەرک و فەرمانی سەرشانی خۆی نەزانیوە لەپێناوی ڕزگارکردنی مرۆڤی کۆیلەدا کۆشش بکات. ئایا ئایینی مەسیحی بەبێ سوود وەرگرتن لەکولتووری یۆنان و ڕۆم دەیتوانی بەو جۆرە پەرە بە هەردوو لایەنی ماددی و ئایدیۆلۆژی دامودەزگاکانی و دۆگمە ئایینیەکانی خۆی بدات کە لەلایەن کۆمەڵەوە پەسند بکرێت؟ باشە ئەو بایەخەی مەسیحییەت بەدنیای دوای مردنی داوە، ئەو تایبەتمەندییانەی لە مرۆڤی ئەو دنیادا دیویەتی، ئەوە نییە ڕابەرانی ڕێنێسانس داوای دەکەن لەم دنیایەدا بکرێت! ئایا سیاسەت جێگای ئایینەکەی نەگرتۆتەوە و مرۆڤی پابەند بە بیرۆکەی ڕێنێسانس جێگای مرۆڤی بڕوا بوو بە یەسوعی مەسیحی بۆ خۆی هەڵنەبژاردووە؟!

مەسیحییەت وەک ئایینێکی سەرتاپاگیری گەردوونیی، ڕاستە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگای نەبۆتەوە و بەرەو ئەورووپا کۆچی کردووە، بەڵام لەوێ سەرەڕای هەموو لایەنێکی نالەبار، لە ژیانی مرۆڤ و لەچوارچێوەی شارستانییەتی سەردەمی خۆیدا جۆرە ڕۆڵێکی لەباری بەرچاوی گێڕاوە:

**یەکەم:** کلێسەی مەسیحی جۆرە یەکێتییەکی ئەورووپای پاراستووە. پێش هاتنی مەسیحییەت بۆ ئەورووپا، ئەم دەڤەرە لە خێڵ و تیرە و میللەتی جیاجیای هەمیشە لەنێو یەکتریدا تێکچوو پێکهاتبوو، مەسیحییەت وەک بڕوا و باوەڕ تارادەیەک لە سێبەری پێکهاتەیەکی ئایینی سەرتاپاگیر پێکەوە کۆی کردوونەتەوە و ماوەیەکی زۆر ئەگەر بەتۆبزیش بووبێ وای کردووە پێکەوە هەڵبکەن.

**دووەم:** مەسیحییەت زمانێکی یەکگرتووی بۆ ئەورووپا زیندوو کردۆتەوە ئەو زمانە ساڵەهای ساڵ زمانی لەیەکتری گەیشتن و پەروەردە و خوێندن و نووسین بووە لە سەرانسەری ئەورووپادا هەر لە ئیتالیاوە تاوەکو فەرەنسا و بەریتانیا و سکەندیناڤیا و هۆڵەندە و ئەڵەمانیا و وڵاتانی بەڵکان. هەروەها ئەو زمانە پێش سەدەی سیانزەیەم زمانی کاروباری دیپلۆماتی و قانوون و بازرگانی و دارایی و تۆمار و زانست و فەلسەفە و ئەدەب(٨) بووە، جگە لەوەی زمانی ئینجیل خۆی بووە.

ئەم زمانە، زمانی لاتینی بووە، کە وەک زمانی عەرەبی (زمانی لاتینی میللەتانی موسڵمان) چۆن لە ڕۆژهەڵاتدا زمانی ئایین و لە یەکتری گەیشتن و نووسین بووە، هەمان ڕۆڵی گێڕاوە.

**سێیەم:** ئەو چاکسازییانەی پەیوەندییان بەسیاسەت (دیموکراتی..)و ئابووری (سەرمایەداریی..) و کۆمەڵایەتییەوە هەیە وەک ئەمامێک کە لە سەردەمی ڕێنێسانس گوڵی کردبێ و دواتر هاتبێتە بەر، ئەوا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا تۆوەکەی شین بووە. بۆ نموونە، بە باوەڕی من ئەو بایەخەی ماکس ڤێبەری سۆسیۆلۆژیستی بەناوبانگی ئەڵمان بە مەزهەبی پرۆتستانت و کارو ئاکارو سیستەمی سەرمایەداری داوە کاتی خۆی لەلای مارتن لۆتەری ئەڵمان (١٤٨٣- ١٥٤٦ز) بەشێوەیەکی سەرەتایی و دەڵەمەیی باس کراون و تیشکیان خراوەتە سەر. هەر لە بزووتنەوەی سیاسی مەزهەبی (ڕێبازی) پرۆتستانتییەوە بووە کە مارتن لۆتەر دایهێناوە «دیموکراتیەتی نوێ کەوتۆتەوە» (٩) کە لەم سەردەمەماندا سەرەڕای ئەورووپا سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە و بووە بەو هێزەی وەک جادوو تەلیسم دڵ و مێشکی خەڵک بۆ لای خۆی ڕادەکێشی.

٤- ئەگەرچی لەنێو کۆڕو کۆمەڵە ئەدەبی و مێژووییەکاندا وا باوە کە ڕێنێسانس بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەرییە، ئەوا ئەم قۆناغە دەکرێ بە قۆناخی داهێنانی زانست و دۆزینەوە و گەشتی زانستیی جوگرافیایی و سیاسی و ئابووری و فەلسەفەیی و کۆمەڵایەتیش دابنرێت، سەرەڕای ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرانەی بەسەر ڕەوشی پیشە و کاری پیشەسازی و بازرگانی و فابریکی سەردەمی خۆیدا هاتووە.

ئەم داهێنان و گۆڕانانە ئەگەر پێشەنگی کاروانی پڕ شکۆی ڕێنێسانسیان گەیاندبێتە جێ ئەوا هۆکاری تریش هەبووە کە لەناوەوە هەرەسیان بە کۆشک و تەلار و قەڵای سەدەکانی ناوەڕاست هێناوە و ڕێگایان بۆ بزووتنەوە کولتوورییەکە خۆش کردووە.

دەسەڵاتی ئایینی مەسیحی بەهۆی دامودەزگاو دامەزراوەکانییەوە لە ئەورووپا وەک هەموو شتێکی سەر ئەم دنیایە سەرەتایەکی دیاریکراوی هەیە. بێگومان ئەوی سەرەتای هەبێ، بەناچاریی دەبێ کۆتاییشی هەبێت، کۆتایی دەسەڵاتەکەی کە لە هەمانکاتدا کۆتایی ئەو دیاردەیە بووە کە «بەشارستانیەتی مەسیحییەت» ناوبراوە بە زەوتکردنی شاری ئیستەمبوڵی یۆنانی و دەستپێکردنی قۆناغی ڕێنێسانس دەستی پێکردووە. ئەم پێچرانەوەیەی درێژترین دەسەڵاتی مێژوو کە نزیکەی هەزار ساڵێکی خایاندووە، وەک دەستپێکردنەکەی هۆکاری دەرەکی هەبووە هۆکار و کارکردەی ناوەکیشی هەبووە کە لەناوەوە تەلارەکەیان بن کۆڵ کردووە و هەرەسیان بەدەسەڵاتەکەی هێناوە. ئەم هۆکارانە هەندێکیان لەناو ئایین و دەزگاکانی خۆیانەوە و هەندێکیان بەهۆی توندوتیژبوونی ناکۆکی نێوان دەزگاکان خۆیان لەلایەکەوە و ئینجا لەنێوان دەزگا و دامەزراوەکانی کلێسە و ڕەوش و هەلومەرجی دەوروبەرەوە لەلایەکی ترەوە دەستبەکاربوون و دامو دەزگاکانیان پێچاوەتەوە و ڕێگای هاتن و دەرکەوتنی بەهاری قۆناغی نوێیان خۆش کردووە. ئەم گۆڕانە لەخۆیدا بەو جۆرە بنەمایەک پشت ئەستوور بووە کەلە ناخ و ناوەوەدا مەسیحییەت و دەزگاکانی بەناچاریی ئامادەیی خۆیان بۆ جۆرە گۆڕانێک نیشان داوە. بەرهەمەکانی دانتی و پیتراركا(١٠) Pe- trarca ڕاستی ئەم بۆچوونە ساغ دەکەنەوە. ئەگەر ئەم گۆڕانە و بنەماکەی مەسیحییەتی ناچارکردبێ بەچارەنووسی خۆی ڕازی بێت، خۆ هەروەها ئەگەر سەبارەت بە تەمەنی هەزار ساڵەی دەسەڵاتی مەسیحییەت ناڵەبار و تێکدەر و هەڵوەشێنەر بووبێ، ئەوا بۆ بنیاتنانی شارستانیەتی نوێ لەبارو دامەزرێنەربووە. لەم پرۆسە چڕو ئاڵۆزەدا دووبەرە دەبینرێ کە بەرامبەر بەیەکتری دەستبەکار بوون، بەرەیەکیان قوڵنگی هەڵوەشاندنەوەی ماڵی مەسیحییەتی بەدەستەوە بووە و بەرەی دووەمیان ڕێگای خۆشکردنی دەرکەوتنی ڕێنێسانسی وەک ئەرک گرتۆتە ئەستۆ و بەتەواوەتی لەم کارەدا سەرکەوتوو بووە.

### هەرەسهێنانی دەسەڵاتی تیۆکراتیی سەدەکانی ناوەڕاست

مەسیحییەت کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە دوای ئەوەی ناچارکرا ئۆرشەلیم و ناوچەکە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بەجێ بهێڵێ و کۆچ و کۆچبار لێ بنێ و بەرەو دەڤەرێکی تر، ئەورووپا، بکەوێتە ڕێ، لەوێ، لەهەواری نوێ کۆڵێک بەڵێن و مژدە و گفتی بەدانیشتوانی ئەوێ داوە(١١) لەسەرەتادا وەک دیاردەیەکی نوێ توانیویەتی تاڕادەیەک لایەنگیران بۆ خۆی پەیدابکات و ئینجا وەک

پرۆسەیەکی سەختی درێژخایەن دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی کردنی بەدەست هێناوە، لەم دۆخە نوێیەدا کە لە ئایینەوە بووە بە ئایینی دەوڵەت، یان ئایین و دەوڵەت، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی کێشە و بەرەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و کۆمەڵ بۆتەوە. لەم بە یەکتر گەیشتن و ڕووبەڕووبوونەوەیەدا جەوهەر و ڕاستیی ئایینی مەسیحی بۆ خەڵک (خەڵکی ڕووناکبیر ئەگەرچی ئەوپەڕی کەمیش بووبن)، ڕوون و ئاشکرا بووە. پیادەکردنی ئایدیۆلۆژی سیاسی و دۆگمی ئایینی مەسیحییەت لە ژیانی ڕۆژانەدا بووە بە پێوانە و سەنگی مەحەک لایەنی ڕاستی و ناڕاستی دەسەڵاتی ئایینەکەی دەرخستووە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە سەرەڕای لایەنگیرانی کە ژیانی خۆیانیان لەپێناودا بەخشیوە، کەمایەتییەکی ڕقەبەریش هەبووە کە دژی تەوژمە ڕامالکارەکە کاریان کردووە. ئەگەر شتی نوێ لە سەرەتا دڵگیربێ، ئەوا هیچ شتێک هەر بە نوێیی نامێنێتەوە و دەستی ڕۆژگار ئیتر بە پەرەپێدان بێ یان بە گۆڕان، یان بە هەردووکیان بێت دەیگاتێ و کاری خۆی دەکات. ئەم ئایینەش لەم پرۆسەیە بەدەرنەبووە. وەک لە کوردەواریدا باوە، شت ئەگەر کۆن بوو فڕوفێڵ و ئەگەری لێ پەیدادەبێت!.

ورده ورده گومان و ئەگەر و دڵ کرمێ بوون لەنێو خوێندەوار و ڕووناکبیران لە بارەی ئایین و دۆگمەکانی مەسیحییەت پەیدابووە. گوایە بابەتی سێ ڕەنگی ڕەب «ڕەب و ڕۆڵەی ڕەب و گیانی پاک» بابەتێک بووە کە سەدان کەس لەسەری چوارمێخەکێشراون یان سووتێنراون.

ئەو بابەتانەی کە لەتەوراتدا هاتوون، کە خۆی بەشێکی سەرەکی و تەواوکاری ئینجیلە، وای لە شارەزایان کردبوو، دوای ئەو گۆڕانانەی بەسەر ژیاندا هاتبوون، هەوڵ بدەن بزانن تا چەند قسەکانی تەورات ڕاستن. زۆربەی زۆری ئەو بابەتانە، دوای پەرەسەندنی جۆرە زانستێکی ئەو سەردەمە، لەتوانادا نەبووە بسەلمێنە و بەڵگەی ژیر و مەنتیق ساغ و پشت ڕاست بکرێنەوە، لێرەوە کێشەی نێوان ژیر و سرووش، ژیر و دۆگمەکانی ئایین کەوتوونەتەوە کە بە هەنگاوێکی گرنگ بابەتی دڵکرمێی بوونی خەڵک لە ئایینی مەسیحی بەرەو پێش بردووە. بۆ نموونە لە کتێبە ئایینەکەدا وا باس کراوە کە ڕۆژ و مانگ تیشکن و بەدەوری زەویدا دەخولێنەوە(١٢)، کەچی هەر لەچوارچێوەی کلێسەدا کەسانێک پەیدابوون پێچەوانەی ئەمەیان ساغ کردۆتەوە. بەهۆی کرانەوەی چاوی خەڵک و ناڕاستی ئەو بەڵێنانەی بەخەڵکی سادە دراوە و ئەو شانۆیە نارەوایەی ناوی «چەکی لێبوردن»ی لێنرابوو کە گوایە بەپارە جێگایان لەبەهەشت بە خەڵک فرۆشتووە و پسوولەی تاپۆی ئەو جێگایەیان داونەتێ، گەندەڵ بوونی کلێرۆس و بوونی بەبابەتێکی دنیایی و لەدەستدانی لایەنە ئایینیەکە و ڕزگارکردنی (ساختەیی) خەڵک و تەفرەدانیان، گوایە بە پارە و سەدەقە و زەکات لە ئاگری دۆزەخ دوور دەبن دادگای پشکنین، ئینجا سەرنەکەوتنی هێرشی خاچپەرستان لە ڕزگارکردنی ئۆرشەلیم و دابەشبوونی کلێسە بەدوو ڕێباز (مەزهەب)ی پرۆتستانت و کاتۆلیک(١٣) بوونەتە مایەی گومان و لاوازبوونی بڕواو ئیمان و خەڵکی سادەش پرسیویانە، ئەگەر مەسیحییەت لەسەر هەقە بۆ سەرنەکەوت و ئۆرشەلیمی پێ ڕزگار نەکراوە؟، بوونی کلێسە بە پاڵپشتی چینی دەرەبەگ (فیودال) و پاشگەزبوونەوەی مارتن لۆتەر لەڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا لەو بەڵێنانەی بە جوتیار و وەرزێرە هەژارەکانی دابوو، دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکان وێنەی ئایینی لە مێشکی چینی دەست کورت و ڕەش و ڕووت و هەژارانی ئەوسای زۆرینەی دانیشتوانی ئەورووپا تەڵخ و ناحەز کردووە.

لەلایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا مەسیحییەت بوو بە لایەنگیری چینی فیودال (دەرەبەگایەتی) و بە هەموو شێوەیەک بەندە و کۆیلایەتی ڕەوا کردووە. لەم هەڵوێستەدا کلێسە پشت بە قسەیەک دەبەستێ کە ماتیوس (٣٨:٥) لەسەر زاری عیسا (یەسوعی مەسیحەوە) گێڕاویەتیەوە. یەسوع وتوویەتی: «ئێوە بیستووتانە کە وتراوە، هەق بەهەق، ئەوی چاوی کوێرکردی چاوی کوێر دەکرێتەوە... بەڵام من بە ئێوە دەڵێم: ئەوی زڵلەیەکی لە ڕوومەتی ڕاستت دا، لایەکەی تریشی بۆ ڕابگرە.. ئەوی دەیەوێ بتباتە بەر دادگا و کراس و پۆشاکەکەت لێ بستێنێ، بێ سێ و دوو کردن بیدەرێ!...» هەروەها وتوویەتی: دوژمنەکانی خۆتان خۆش بوێ و چاکە لەگەڵ ئەوانەدا بکەن کە قینیان لێتانە و دوعا بۆ ئەوانە بکەن کە دەتانچەوسێننەوە...تاد»(١٤)

ئەم تێکستە ئەگەرچی بایەخێکی کۆمەڵایەتی مێژوویی هەیە و پوختەو جەوهەری ئایینەکە دەستنیشان دەکات،

دەكرێ بە لایەكی تریشدا لێک بدرێتەوە کە پتر كاردانەوەی ڕابەری ئایینی نوێ بووە بەرامبەر بە ئایینی جوولەکە، بەڵام لە ئەورووپادا ئەو زەمینە خۆشەیەی دۆزیوەتەوەکە دوای ڕووخانی ئیمراتۆریەتی ڕۆمان ساڵی ٤٧٦ز و بڵاوبوونەوەی خێڵە جەرمانیەکان لە ئەورووپادا هاتۆتەکایەوە و لە ئەنجامدا چینی فیودال سەری هەڵداوە(١٥). ئیتر وردە وردە ئەم چینە خۆی سەپاندووە. تاوەکو لەسەدەی نۆو دەی زاییندا بووە بەچینی سەرەكی كۆمەڵ و پێوەندییەكی گیانی دەستیاوی لەگەڵ كڵێسەی مەسیحی و دامودەزگاكانیدا هەبووە و بگرە زۆر لە پیاوانی ئایینی و كاربەدەستانی كڵێسە بوون بە فیودال و دەرەبەگی گەورە و دەستڕۆیشتوو. بەپێی سەرچاوەكانی كۆمەڵی پێش قۆناغی ڕێنێسانس لەسایەی ڕێژیمی پشت ئەستوور بە ئاییندا لەسێ چین پێک هاتووە:

- چینی ئاغا و فیودال و میر و شازادەكان.
- چینی سوارچاكان (شۆڤالێ)
- چینی بەندە و كۆیلە و جوتیاران(١٦). ئەم دابەشبوونەی پێكهاتەكانی كۆمەڵ ئەگەرچی جۆرە نەگۆڕاویی و ستاتیک و بەرقەرارییەكی تێدا بەدی دەكرێت، ئەوا ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژی و دۆگمی ئایینی مەسیحی و دامەزراوەكانی كڵێسە بووە كە لە ڕەوشی ئاسایی كۆمەڵدا بە كوتەک پیادە كراوە. پاراستنی ئەم ڕەوشەش پێویستییەكی ناچاریی بووە كڵێسە سەپاندوویەتی. هەموو هەوڵ و كۆششێک بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە بە كوفر و بی ئیمانی و دژایەتی كردنی ئایین دانراوە و بەتوندیی لێپرسینەوەی لەسەر كراوە. ئەمە بەجۆرە قانوون و نەزمێكی ڕەبیانی لەسەر زەوی دانراوە(١٧). مەڵبەندی كۆمەڵ لێرەدا لە لادێ بووە، سەرچاوەی ژیانی ئابووری و كۆمەڵایەتی زەوی و زار و كشتوكاڵ و زەراعەت بووە. ئەگەر هیچ جۆرە گۆڕانێكی سەرنج ڕاكێش لە گوند و لادێ و كشتوكاڵدا بەدی نەكرێت، بەپێچەوانەوە لە قۆناغی ڕێنێسانسدا ئەم ڕەوشە گۆڕاوە. لەجێگای لادێ، شار، بازێر بووە بە مەڵبەند، كارو پیشەی دەستی بوون بە سەرچاوەی ژیان بێگومان سەرەڕای بەرهەمی كشتوكاڵ و جووڵانەوە و بزاڤ و گۆڕانیش ڕەوتی ئاسایی خۆیانیان پێ براوە.

٥- سەدەی چواردەیەمی زایین بە سەرەتای تێكچوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی سیاسی دنیای پاپ و كڵێسەی مەسیحی لە ئەورووپا دادەنرێت. ئەم ڕووداوە لە دوو لاوە ڕەنگی داوەتەوە.

**یەكەم**: ڕەوشی بازرگانی و جۆرە ئابوورییەک بەپێی سەردەمی خۆی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە تایبەتی ئەم گۆڕانە لە باشووری ئیتالیا بەدی كراوە. وەک ڕوون و ئاشكرایە ئیتالیا مەڵبەندو شوێنێكی جوگرافیایی گرنگی هەیە، جا چ سەبارەت بە ئەورووپا یان سەبارەت بەدەریای سپی ناوەڕاست. هەر لە بەندەرەكانیدا بزووتنەوەیەكی فراوانی بازار و بازرگانی و كەشتی و كەشتیەوانی دەستی پێكردووە. جگە لەمەش هێرشی خاچپەرستان بەهۆی سوود وەرگرتن لە هێرشەكانیاندا لە بەندەرە گرنگەكانی ئیتالیا جۆرە پرۆسەیەكی بازرگانی پێوە كردنی بەرپاكردووە. لەم چوارچێوەیەدا جۆرە ئابوورییەكی تر جیاواز لە هی فیودالیزم دەركەوتووە كە سەرچاوەكانی ناوی ئابووری پێشوەختی سەرمایەدارییان لێناوە.(١٨) Die frukapita Listische Wirschaftsweise بەپێی ئەم سەرچاوانە سەرمایەی بازرگانی وردە وردە گەشەی كردووە و یەكەم بانک بۆ بازرگانی و كڕین و فرۆشتن و پارە گۆڕینەوە لە شاری فلۆرەنسی ئیتالیا دامەزراوە. ئەم ڕەوشە كە بەسەرمایە و پارە پشت ئەستوور بووە سوودی لەو توانای بزووتنەوە و گۆڕینی سەرمایە و پارەی نەختینە وەرگرتووە و لەبنەڕەتەوە بنەمای ڕێژیم و سیستەمی فیودال و كۆمەڵی هێناوەتە لەرزین و گۆڕین.(١٩) بگرە فۆرم و ڕوخساری ژیانیش لە چوارچێوەی كۆمەڵ و پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا لەم گۆڕانە بەدەر نەبووە. خێزان و جۆری ژیان و پێوەندی پێكهاتەكانی بەرەو ڕەوشێكی تر هەنگاویان ناوە. هەڵوێست بەرامبەر بە ژن و مەڵبەند و ڕەوشی ژن بەرەو باشتر ڕۆیشتووە و جۆرە سەربەستییەكی بەدەست هێناوە و بەچاوێكی پێشكەوتووتر تەماشای ژن كراوە.(٢٠)

دووەم: لایەنی هزری و ئایدیۆلۆژی و كولتوور و ئایینی: سەرەڕای ئەو گەشتە جوگرافیاییانەی بەدەوری گۆی زەویدا كراوە، هەر لە كۆلەمبۆسەوە تاوەكو ماگیلان Magalhaes كە سنووری تەسكی دەڤەر و كیشوەرەكانی بەزاندووە و جیهانی تەسكی مەسیحییەتی گۆڕیوە بە جیهانێكی بێ سنووری فراوان، داهێنانە زانستییەكانیش لەلای خۆیانەوە جۆری بیركردنەوەیان بەلایەكی تردا بردووە. هیچی تر زەوی ئەو مەڵبەندە

پیرۆز و پاکە نەبووە کە پیرووپیاو چاکانی پێداهاتوونەتە خـوارێ، بەڵکو بـووە بە پاشکۆیەک کـە بەدەوری خـۆردا دەسووڕێتـەوە. تەلەسکۆپ، داهێنانی مـەکینەی چاپ و چاپەمەنی ئەوەندەی تر باری جیهاندیدی ئایینیان سەخت کـــردووە و ڕێگای بەرەو ئازادی و ســــەربەســــتی و پێشکەوتنیـان خۆش کـردووە. ناکرێ ئەوەش پشـتگوێ بخرێت کە هێرشی خاچپەرستان وەک هەڵـمەتی لەشکر ســەرنەکـــەوتـووە، بەڵام لەلایەکی تریدا بۆتە مــایەی تێکەڵاوبوونی کـولـتــووری هەمــە چەشنەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. ئەمـە هۆکـارێـک بووە هانی وەرگـێـڕانی بابەتە ڕۆژهەڵاتییەکانی داوە کە بە زمانی عەرەبی بوون بۆ سەر زمـانی لاتینی و بڵاوبوونەوەی هەسـتی سـوود وەرگـرتن لەکولتووری یۆنان و هی میللەتانی تر. بەم پێیە سوود لە سەرچاوەی هەمەچەشنە و فرە ڕەنگی کولتووری جیهانی وەرگیـراوە و ڕێگای هاتنەوە سەر کولتـووری کلاسیکی یۆنانی ئاسـانتـر کـردووە. ئەگـەرچی لەم سـەردەمـەدا تاقمێکی کەم خوێندەواربوون، بەڵام ئەم گۆڕانانە وێنە و جیهاندیدی ئایینی مەسیحی لەلای خەڵک تەڵخ کردووە لاوازبوونی دەسەڵاتی کڵێسە و ئایین، پتەوبوونی پایەی زانست و دۆزینەوە و داهێنانە زانسـتـیـیـەکـان(٢١) و ڕقەبەربی کردن و بەگژداچوونی بوێرانەتر لە جارانی بیرو بۆچوون و دۆگمەکانی ئایین بووە بە خەسڵەتی دیاری ئەم ســەردەمــە. ئەگــەرچی زانکۆی پاریس بەتایبــەتی و خـوێندنگا و دامـەزراوە کـولتـوورییـەکـانی تر لەلایەن کـڵـێـســەوە دامــەزرابوون، بەڵام ڕۆڵێکی لەباریان دژی کڵێسە خۆی گێڕاوە. ژمارەی خوێندەوار و دەرچووانی ئەم زانکۆ ودامەزراوانە و ژمارەی ڕووناکبیر و خوێندەواران، بە تایبــەتی دوای بڵاوبوونەوەی چاپەمــەنی، بەهۆی دۆزینەوەی چاپخـــانەوە، پتــرو ڕوو لە زیادی بووە. خوێندنەوەی چوار ئینجیلەکە لەسەر راسپاردەی لۆتەر لەلایەن تاکەکەسـانەوە پتر چاوی خەڵکی کـردۆتەوە و بواری توێژینەوەی ئازادی فراوانتر کردووە.

٦- بەرانبەر بە ئایین و دامودەزگاکانی و بەرامبەر بە چینی دەرەبەگ و خـــانەدان و خـــاوەن زەوی و زاران، لەشارەکاندا خاوەن پارەکـان، سەرمایەداران بەهۆی ئەو توانا داراییــەی هەیان بووە و ئەو ڕەوشــە ئابوورییــەی بۆیان ڕەخسـاوە لە مـەیدانی سیـاسەتیـشـدا گرەویان لە چینی پێشـوو بردۆتەوە. سەروەت و سامان و دارایی کە هێزو توانا و دەسەڵاتی بەسەرمایەدارە نوێیەکان بەخشیوە لە سـیـاسـەتیـشـدا، وەک ئامـرازێـکی نوێ کـە ڕقـەبەری ئایینی پێ کراوە، لە چاو چینی پێشوو دەست ڕۆیشتووتر بوو. (٢٢) ئەوی لێـــرەدا نوێ بـووە ئابووری و پارە ئەو ئامرازە بوون کە سەرمایە پشتی پێ بەستوون و ڕەوشی نوێ وەک کـولتـوورێکی نوێ بۆتە مـایەی ئەوەی کە لەچاو سـەردەمی پێشـتـر سـیـاسـەت و ئابووری توندوتۆڵ بە پێوەندییەکی دەستیاویی بەیەکەوە گرێ بدرێن. ئابووری و سـیـاسـەت ئەو ئامـرازەبوون کـە دەسـەڵات و هێـزیان بەسەرمایەدارە نوێیەکان بەخشیوە. وەک ئەنجامێکیش کە لەم دۆخـــە کـــــەوتـۆتەوە، هزر و هەڵوێست و بڕیارە سیـاسیـەکـان پتر لەلایەن دەسەڵات و دامەزراو و دەزگـا ئابوورییـەکـانەوە دیار و دەسـتنیـشـان کـراون و ڕەنگی و سنوور و ئامــانجـیــان بۆ ڕێژراوە. ئەمــە دەکـرێ چ وەک ئامـراز و چ وەک مـەبەست لەچاو سەردەمی پێشـتـر بە تایبەتمەندیەک دابنرێت کە ڕوخساری ڕێنێسانسی نیشان داوە.

داهێنانە زانسـتـیـیـەکـان ئاسـۆی پاشەڕۆژی لەبەردەم چینی نـوێ فــراوانتــر و لەبەرم چینی کــۆن تەنگەبەرتر کـــردووە. دۆزینەوەی بـاروت ئەو هۆکـــارە بـووە کـــە بارودۆخی نوێیی مـــسـۆگـــەرتر کـردووە. ئەگــەر جــاران جوتیاران بە داس و جووت و گا نەیانتـوانیبێ کۆشک و تەلاری بارۆن و خانەدان و ئاغاو فیـودالەکان برووخێنن، ئەو چەکـەی بارووتی تێـدا بەکـارهاتووە لەوێرانکردنی دۆخی کۆندا لە داسی جوتیاران بەکارتر بووە.

پەیدابوونی چینی خاوەن پارە و چینی ناسراو بەسێیەم کـــە زۆربەیـان لە زانـکـۆکـــان خـــوێندبوویان، جـــۆرە بزووتنەوەیەکی بەرپا کرد کە لە پوختـەدا بریتی بووە لە بایەخـدان بە مـرۆڤ و ژیانی ئەم دنیـاو سـەرزەوییــە و بەهەند زانینی کـاروبارو کـێـشـەکـانی لەکـۆمـەڵدا. ئەم بزووتنەوەیە لەدوو خـــاڵدا خــەست بۆتەوە کـــە پـتـــر هەڵوێستی ئایین و چینی فیودالی کاڵ کردۆتەوە:

یەکەم: بەهێـزبوونی هەست و هوشیـاری تاکەکەسـان لەسـەر بنەمـای ڕەوتی شـێـوازی ئابووری کـەپیـتــالی تاکەکەسان بەرامبەر بە بازاڕی بێ گیانی چینی پێشوو.

دووەم: هوشیاری فراوان و بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵک دژ بەو جیـهـاندیدە تەسک و تەنگەبەر و بێ جـووڵەیەی کۆمەڵی فیودالی- لاهووتی ڕەنگی ڕشتبوو(٢٣).

تەنانەت لە ئەدەبی نووسراویشدا، بە تایبەتی چیرۆک و داسـتـان و لە شـانۆکـاندا بە ئاشکرا دەوری پاڵەوان بە

مـرۆڤـێکی تاکی دیار و دەسـتنیـشـانکراو دراوە و بە ئاشکرا لە برە و دابووە و هاتۆتە پێشـەوە. مرۆڤی ڕەب پەرست و کۆیلەی فیودالی گوند، بوون بە مرۆڤی کارکەر و بەرهەم هێنەر، بەڵام بەپێی شـێـوازی ئامـراز و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئەوسەردەمە. لەکاتێکدا کڵێسەی مەسیحی ڕەب پەرستی و زوهد و خۆ برسی کـردن و دوورکـەوتنەوە لە چێـژ و خـێـر و خـۆشی ژیانی هانداوە و ڕۆژووگرتن و ڕەبەنیی (ژن نەهێنان) و ژیانی دوای مـردنی پەسـەند کـردووە، کـاروپیـشـەی لەبەرچاو خـەڵک خسـتـووە و بە هەمـوو شـێـوەیەک هەژاری و دەستکورتی و بەند و کۆیلایەتی پاساوداوە، سەرەتای ڕێنێسانس پشت ئەستوور بە چاکسازییەکانی مارتن لۆتەر هانی ئیش و کـاری داوە و ئەو کـارەی مـرۆڤ کردوویەتی و ئەو بەرهەمەی هەیبووە و ئەو چالاکییەی نواندوویەتی، کراوە بە پێوەنگی هەڵسەنگاندن و بایەخ پێدانی. بڕوا و ئیمانەکەی چۆن و چەند بووە پشتگوێ خراوە. چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کە ڕەوشی نوێ پتر ورووژاندبوونی، پێویستیان بەوە کردووە کە چەند بنەمایەکی نوێ پشت ئەستوور بە فەلسەفەیەکی ژیرەکی دوور لە دەست تێوەردانی لاهوت دابنرێن. جگە لەوەش سـەرهەڵدانی هەست و سـۆزی نەتەوەیی و جێگیربوونی زمانی نەتەوەیی لە جێگای زمانی لاتینی لاهوت، پتـر ڕێگای بۆ چینی نوێ خـۆش کـردووە، دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنێ، یان هەوڵی دامەزراندنی بدات.

ڕێنێسـانس ئەگـەرچی ژانگرتن و ئازار چێشـتنێکی ئەوپەڕی سەختی لەپێشـەوە بووە وەک کـۆرپەیەک کـە هیـوای دوارۆژێکی پرشنگداری لێکراوە، ئەو سەرەتایە بووە، ئەو پریشکە بووە کـە ئاگـری لە پاوانی پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩ز بەرداوە. شـۆڕشی فـەرەنسـا و تاڵ و ترشـییـەکـانی، سـەرکەوتن و ساتمەکانی، دەسکەوتەکـانی بەگشـتی، ئەنجامێکی ئەو قۆناغە بوون کە بابەتی ئەم باسەیە.

دروست بوونی هەست و سـۆزی نەتەوەیی، زمـانی نەتەوەیی، دامـەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، خـەت و خـاڵدانی کـۆمـەڵ و ئابووری و سـیـاسـەت و دەسـەڵاتی چینی خـاوەن پارە (سـەرمـایەدار)، جـیـاکـردنەوە یان هەوڵدان بۆ جـیـاکـردنەوەی ئایین لە سـیـاسـەت، پەرەسـەندنی ئازاد و بێ قـەیدو مـەرجی زانست، دەرکەوتنی فـەلسـەفـەی نوێ، هەر لە دیکارتەوە تاوەکـو کـانت و هیگڵ بەروبوومی ئەو کۆشش و تەقەللایە بووە کە ڕابەرانی ڕێنێسانس چاو نەترسانە کردوویانەو لەلای ئەمان گوڵ و بەری داوە.

کزبوونی ئەستێرەی کۆمەڵی Society دەرەبەگی گوند و لادێ و ئاوایی و درەخشانی خۆری کۆمەڵی شاروباژێر دەسکەوتێکی تری ڕەنگینی بزووتنەوەی ڕێنێسـانس بووە، ئەم گـۆڕانە بنەڕەتییـە لەلادێوە بۆ شـار تەنیـا هەر جێگاگـۆڕکێ نەبووە، بەڵکو لەگـەڵ خـۆیدا بیـرو هزر و زانست و ئایدیۆلۆژی و فـەلسـەفـەی خـۆی جـێگیـرو سەپاندووە. جیـهـاندیدێکی تری ڕەنگ ڕشتـووە کـە لە جیـاتی ئایین پشت بە سیاسـەت و لەجیـاتی سرووش (وەحی) پشـتی بەژیر بەسـتـووە، فـەلسـەفـە و زانست و هونەریش وەک سێ دیاردەی کـۆمـەڵایەتی لەگـەڵ لایەنی ئابووری وەک مـرواری لەچوارچێـوەی ئەم جیـهـاندیدەدا درەوشاونەتەوە. فـەلسـەفـەی نوێ لەلای تۆمـاس هۆبز و دیکارت...تاد، گـەیشـتـۆتە چلەپۆپەی گـەشـەکـردن. لە زانسـتـدا کـە دەکـرێ ئەم سـەردەمـە بە سـەدەی دەست پێکردنی زانسـتی نوێ دابنرێت، ئەم سـەرەتاو دەست پێکردنە لەو ڕۆژەوە دانراوە کـە زانای فـەلەکی نیکۆلاس کـۆپەرنیکوس (١٤٧٣-١٥٤٣ز) کـتـێـبی (دەربارەی بزووتنەوەی ئاسمـانییـەکان) لە ساڵی مـردنیدا ١٥٤٣ز بڵاوکراوەتەوە. لەم کتێبەدا نووسەر ڕەنگی سیستەمێکی نوێی فەلەکی ڕشتووە کە دژ و پێچەوانەی بیـروبۆچوونە باوەکـانی فیـزیک و فـەلەک بووە(٢٤). بەلای کـۆپەر نیکۆسـەوە خـۆر (ڕۆژ) جـێگیـر و نەجـووڵاوەیە و زەوی بەدەوریدا دەخـولێـتـەوە. ئەمـەیە ئەو ڕووداوەی کـە لە زانستدا بە شۆڕشی کۆپەرنیک ناوبراوە. ئەو جیهاندیدە زانستییـەی کۆپەرنیکۆس کـە بە سیسـتـەمێکی نوێی جیهـانی پشت ئەستوور بووە، شان بە شانی دۆزینەوەی قـیـبلەنومـا Compass ئەو شۆڕشـە بووە کە بەڕاسـتی بەرەی لەژێر جیـهـاندیدی ئایینی سـەدەکـانی ناوەڕاست هێناوەتە دەرەوە و ئاوی کـردۆتە ژێر ڕابەرانی لاهووتی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست.

شان بە شانی شۆڕشی زانستی کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ، فەلسەفەی دیکارت لەلای خۆیەوە بەردی بناغەی تەلاری فەلسەفەی نوێی داناوە. بەرامبەر بە زانست و فەلسەفە کە ئەوسەردەمە لەیەکـتری جیانەکراونەوە، لەکـایە و گۆڕەپانی سیاسەتدا شۆڕەسواری ئیتالیایی ماکیاڤیلی

Macchiavelli به کتێبی شازاده (-Vom Fur sten) شۆڕشێکی سەرتاپاگیری لەجیهاندیدی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا بەرپاکردووە. نووسەری شازادە تیۆرییەکی سیاسی ڕەنگ ڕشتووە کە تێیدا مانەوە و بەهێزبوونی دەوڵەت و حوکمڕانی بەتاکە بنەمای کردار و ئەرکی سیاسەت داناوە(٢٥). بۆ گەیشتن بەو مەبەستە هەموو ئامرازێکی بەڕەوا داناوە. بۆ نموونە ماکیاڤیلی وای بۆ چووە کە ئەم ئامرازانە بریتین لە تەفرەدان، چاو بەستەکێ، هەڵخەڵەتاندن، خیانەت، درۆ و دەڵەسە، بەدرۆ سوێند خواردن، پەشێمان بوونەوە لە گوفت و بەڵێن، هێزو توندوتیژی و ڕیشوەت و بەرتیل، قۆزینەوەی هەل و دەرفەت، مسۆگەر ترین ڕێگان مرۆڤ سەردەخەن و دەیگەیەننە ئامانج و مەبەست!.

دوور نییە بۆچوونەکانی ماکیاڤیلی لەو بەرهەمەیدا بەشێوەیەکی سەیر بێنەبەرچاوی خوێنەری ئەم سەردەمەمان، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە هەموو بابەتێک کۆرپەی سەردەمی خۆیەتی و لەباوەشی ژینگە و هەلومەرجی دەوروبەریدا گۆش دەبێ و پەروەردە دەکرێت. ماکیاڤیلی بە تەواوەتی لە مەبەست و ئامانج و ئینجا لەلایەنی لاوازیی مرۆڤ و سروشتی ئادەمیزاد تێگەیشتووە، جا ئەگەر مرۆڤ ئەو ڕەوشە کە ئەم نووسەرە تێیدا پێگەیشتووە، بهێنێتە بەرچاو تاڕادەیەک بۆچوونەکانی ئەم نووسەرە لەو تەمومژە کە دەوریان داوە روون دەبنەوە و تەپ و تۆزی ڕۆژگاریان لێدەتەکێنرێت. هەرچۆنێک جیهاندیدی سیاسی ماکیاڤیلی لێکبدرێتەوە، ناکرێ ئەو ڕاستییە پشتگوێ بخرێت کە هیچ شتێک نییە لەم دنیا و بوونەدا بەبێ بنەما و بەبێ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەلسەفەیی سەری هەڵدابێ و سەرهەڵبدات. ئەگەر ئەو شتەی ئەمڕۆ بە پێچەوانەی دوێنی بووبێ، ئەوا بەهیچ جۆرێک ئەم پێچەوانەییە بوونی دوێنێ و ڕەوایی سەردەمی خۆی لەق و شلۆق و بێ بنەما ناکات. ڕەت کردنەوەی شت، تەنیا ناکردنیەتی، بەڵام بە هیچ جۆرێک نابوونەکەی نە ساغ دەکاتەوە و نەڕەوا. ئەو شتانەی ڕوودەدەن و دەردەکەون، کاتێک ڕەوایی بەردەوامیان دەبێت کە لەگەڵ ژیاندا گونجاو کۆک بن و هەلومەرج و سروشتی ئەم بەردەوامی و مانەوەیان هەبێت، ئەمەش بەو واتایەی کە بوونەکەیان بە بنەمایەکی دیار و ئاشکرا پشت ئەستوور بووە و مانەوەکەشیان ژیان پێویستی کردووە، ئیتر ئەم پێویستییە بە چ جۆر و شێوەیەک بێت، هەروەک چۆن دڕی بە ئەوەی پێش خۆی داوە ئەوا ڕێگاش بۆ ئەوەی دوای خۆی خۆش دەکات. مارکس نەک هەر ناهەقی نەبووە، بەڵکو لەو سەرەوە هاتۆتەوە کە وتوویەتی:

مرۆڤایەتی باری سەرشانی خۆی بە کێشە و بابەتێک قورس ناکات ئەگەر نەتوانێ چارەسەری بکات.. کێشەیەک دەورووژێنرێ و دەخرێتە سەر خوانی باسکردن کە هەلومەرجی ماددیی چارەسەرکردنەکەی لە ئارادابن.(٢٦)

**پەراوێز:**

1- Wahrig, Gerhard., Deutsches Worterbuch. Mosaik Verlag GMBH. Munchen 1980. S.3054.

٢- كرم، يوسف، تأريخ الفلسفة الحديثة. مكتبة الدراسات الفلسفية. دارالمعارف بمصر ط٥ القاهرة- ١٩٨٦. ص٧ فما بعد.

٣- غاتشف، غيورغي، الوعي والفن. ت: د. نوفل نيون. م: د. سعد مصلوح عالم المعرفة ١٤٦ الكويت ١٩٩٠. ص١٤٥ و في اماكن مختلفة.

٤- غاتشف، غيورغي. المصدر نفسة ص١٤٤ و في اماكن اخرى أيضا.

5- Jodl, Friedrich., Geschechte der Ethik.Bd.I. Phaidon verlag. Essen. S.167.

٦- غاتشف، غيورغى، المصدر السابق. ص١١٤ فما بعد.

7- Lukacs , Georg., Der junge Hegel. Bd. I. Stw 33. Zurich 1973. S.95 ff.

٨- ديورانت، ول.، قصه الحضارة. المجلد التاسع (١٧-١٨) ت: محمد بدران مصر ٢٠٠١. ص١ فما بعد.

٩- ستيس، وولتر، تأريخ الفلسفة اليونانية. ت: مجاهد عبدالمنعم مجاهد ط(١) بيروت ١٩٨٧، ص٨٧ فما بعد.

10- Hirshberger, Johannes., Geschichte der Philosophie. Bd.2. komet. Koln 1980. S.9ff.

١١- ئەم بەڵێن و گفت و مژدانە لەو پەیام و نامانەدا دەردەکەون، کە ئاراستەی خەڵکی ڕۆم و کورنتوس و گلاتیە و ئەفسس وتسالونیکی...تاد کراون، بە تایبەتی لەلایەن پۆلس و

پوترسەوە. بڕوانە ئینجیل بە ئەڵمانی:
- Die Bibel. Elber feder Ubersetzung. Brockhaus, Wuppertal 9. Auflage 2003. S.200 ff.
12- Bloch, Ernst., vorle sungen zur philosophie der Renaissance. Surkamp 1977. S.10.
13- Durant, Will., Kulturgeschichte der Mensch heit. Ulstein. Bd. 8. Berlin 1981. S.311ff.
١٤- ئینجیل بە ئەڵمانی. ماتیوس: ٥: ٣٨-٣٩-٤٠ هەروەها ٤٣.
١٥- الدكتور الأدهمي، محمد مظفر، تأريخ أوربا الحديث. بغداد ١٩٨٩ ص٥ فما بعد.
١٦- هەمان سەرچاوە ل٧.
17- Martin, Alfred von., Soziologie der Renaissance. Munchen 1974.
18- Bloch, Ernst., vorlesungen zur Philosophie der Renaissance. Suhrkamp 1977. S.8. ff.
19- Martin, Alfreed von., Ebenda s.26ff.
20- Durant, will., Ebenda. s.347. ff.
21- Russell, Bertrand., philosophie des Abendlandes. q.Auflage. Munchen 2000. S.499ff.
22- Martin, Al.von. Ebenda. S.30 ff.
23- Bloch, Ernst., Ebenda. a.o.
٢٤- يفوت، سالم.، الفلسفة و العلم في العصر الكلاسيكي، بيروت، ١٩٨٩ ص٩ فما بعد.
25- Storig, Hans Joachim., kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.334.
٢٦- ماركس ئەم قسەیەی لە کتێبی: پێشەکییەکی ڕەخنەگرتنی ئابووری سیاسی، چاپی بەرلینی ڕۆژهەڵات ١٩٦٩، لەبەر ئەوەی لە کوردستان- هەولێر ئەم بەرهەمانە بەزمانی ئەڵمانی لەبەردەستدانین، ناچارم بڵێم بڕوانە: نواراى، أندريه، وأخرون: مداخل الفلسفة المعاصرة، ترجمة خليل احمد خليل (تأريخ فكرة الفلسفة منذ هيجل) دارالطيعة، بيروت ١٩٨٨ ص١٩ فما بعد.

# بیرۆکەی تیۆریزەکردن لای ئۆگست کۆنت

ڕۆزە عەبدوڵلا شەریف

(ئۆگست کۆنت) فەیلەسووفێکی فەرەنسییە لە ساڵی ١٧٩٨ لە شاری مۆنبیلەی فەرەنسی لەدایک و باوکێکی کاتۆلیک لە دایک بووە، ساڵی ١٨١٣ پێوەندی کردووە بە قوتابخانەی هونەرە پراکتیکییەکان لە پاریس و ساڵی ١٨١٦ سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی یاخیبوونی قوتابیانی کردووە و بەهۆیەوە لە قوتابخانە دەرکراوە. بەردەوامی بەخوێندندا تاکو وەک (موعید) لە قوتابخانەی ئەندازیاری دامەزرا. پاشان وەک سکرتێری نووسەری ئیشتراکی بەناوبانگ «سان سیمۆن» کاری کردو زۆر پێی کاریگەر بووە.

لە ساڵی ١٨٢٦ دەستی کرد بە وتنەوەی زنجیرە وانەیەکی گشتی لە فەلسەفەی پۆزێتیڤی (وەزعی)، پاشان تووشی نەخۆشییەکی عەقڵی بوو وای لێکرد نەتوانێ بەردەوامی بە وانەکانی بدات و بووە هۆی ئەوەی هەوڵی خۆ کوشتن بدات. لە ساڵانی ١٨٣٠-١٨٤٣ گەڕایەوە بۆ وتنەوەی وانەکانی کە لێی دابڕابوو و بیروبۆچوونی خۆی پێشکەش کرد سەبارەت بە زانین و زانستەکان، هەوڵی دا بنچینەی زانستە نوێیەکەی دابنێ و ناوی نا «زانستی کۆمەڵایەتی»، گرنگترین کارەکانی بریتییە لە کتێبی (فەلسەفەی پۆزێتیڤی) کە بەشەش بەش لە ساڵانی ١٨٣٠-١٨٤٢ دەرچوو، کە خۆی دامەزرێنەری ئەو فەلسەفەیەیە.

کۆنت بە یەکێ لە دامەزرێنەرانی زانستی کۆمەڵناسی دادەنرێ، کە ڕێژەی پێشکەوتنی قۆناغی مرۆڤایەتی بە سێ قۆناغ دابەش دەکات (یەزدانی، میتافیزیکی، زانستی)، سەرهەڵدانی زانستی کۆمەڵناسی لە چەرخی

کۆنت-دا پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی و زانستییانەی پێویست بوو. تا بۆ دەستەبەرکردنی بیرکردنەوەی پۆزێتیڤی گشتی ببێتە مەزهەبێکی گشتی کە گشت دیاردەکانی گەردوون لەخۆ بگرێ و بتوانێ بەسەر گێژاوی ئەقڵیدا زاڵ بێ و یەکێتییەک دروست بکات لە بیرکردنەوەی پۆزێتیڤی کە گشت گۆڕانکارییەکان لە بنەماکانی لێکۆڵینەوەی پرۆگرامەکانی توێژینەوەی زانستی لەخۆ بگرێ. لە ساڵی ١٨٥٧ ئۆگست دنیای بەیەکجاری بەجێ هێشت.

## فەلسەفەی پۆزێتیڤی

(کۆنت) لە ساڵانی ١٨٣٠ تا ١٨٤٢ بەرهەمی لێکۆڵینەوەی چەندین ساڵەی خۆی بەناوی فەلسەفەی پۆزێتیڤی بلاوکردەوە، لە بارەی ڕەوتی مێژوویی مەعریفە و زانینە مرۆییەکان، لەو کتێبەدا ڕایگەیاند هزری مرۆڤ تا ئێستا بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە، کە بریتین لە:

- قۆناغی یەزدانی (لاهووتی)، لەم قۆناغەدا دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی بوونی خواوەند و ئەفسانە و شتی لەو بابەتە شرۆڤە دەکرێن.

- قۆناغی میتافیزیکی، تێیدا هۆی شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان گشتیترن، بەڵام هێشتا چاودێریکردن و ئەزموون و میتۆدی زانستی سەری هەڵنەداوە و بەڵگە هێنانەوە و لۆژیکێکی تایبەت بەسەر هزری خەڵکدا زاڵە. هۆکارە سەروو سروشتییەکان (میتافیزیکییەکان) بە داهێنەری دیاردە و کاروبارەکان دادەنرێن.

- قۆناغی پۆزێتیڤ (وەزعی) لەم قۆناغەدا هۆی شتەکان بە گوێرەی چاودێریکردن و تاقیکردنەوەوە دیاری دەکرێن و بیروڕای پێش لێکۆڵینەوە ڕەت دەکرێنەوە و بواری بەڵگەهێنانەوەی زانستی دێتە کایەوە، ئەمە دوایین قۆناغە لە ڕەوتی هزری مرۆڤدا.

ئەو دەڵێ هزری مرۆڤ لە هەر دوو قۆناغی یەکەم و دووەمدا لە حاڵەتێکی وەهمی و خەیاڵاویدا بوو لە قۆناغی سێیەمدا بە پلەی پۆزێتیڤی، یان زانستی گەیشتووە. هزر لە جیاتی بەستنەوەی دیاردەکان بەهۆکاری ناسروشتی، دەست دەکات بە دروست کردنی پێوەندی هۆ و ئەنجام و لەجیاتی خەیاڵ کردن، پشت بە چاودێریکردن و تاقیکردنەوە دەبەستێ. (کۆنت) بەهۆی خستنەڕووی چەند بەڵگەیەک، فەلسەفەی پۆزێتیڤی لەکۆمەڵناسیدا بەکار دەهێنا و دەیکردە بناغەیەک بۆ بەڵگەهێنانەوەی زانستی. لە بەرهەمەکانیدا زانستەکان بە گوێرەی پێکهاتە و پلەی ئالۆزییان پۆلێن دەکات: ماتماتیک، ئەستێرەناسی، فیزیا، کیمیا، زیندەوەرناسی و کۆمەڵناسی. ئەو دەیوت کۆمەڵناسی دوایین زانست و ئالۆزترینیانە کە چەند بەشێکی وەکو مێژوو و سیاسەت و ئابووری و دەروونناسی و هیتریش دەگرێتە خۆ. «کۆنت» بروای وابوو کە دەرکەوتنی دیاردە مێژووییەکان پێوەندییان بە پێداویستییەکانی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و ئەو تیۆرانەی لە شاهێدە مێژووییەکانەوە هەڵدەهێنجرێن پێویستە لەگەڵ یاسا گشتییەکانی سروشتی مرۆڤ هەڵبسەنگێنرێن.

## مەعریفە و زانست و حەقیقەت

مەعریفە یان زانین بریتییە لەکۆمەڵێک مانا و چەمک و بیروبۆچوونی فیکری کە لای مرۆڤ گەڵاڵە دەبێ لە دەرەنجامی ئەو هەوڵە دووبارانەی کە ئەنجامی دەدات بۆ تێگەیشتن لە دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەری. مرۆڤ هەر لەسەرەتای چەرخی یەکەمەوە هەوڵی تێگەیشتنی ژینگەی دەوروبەری خۆیداوە بۆ دۆزینەوەی ئەو نهێنییانەی، بۆ ئەوەی بتوانێ بەرەنگاری ئەم هێزە ئاراستەکراوەی بێتەوە. مرۆڤ هەر لە هەرەتی لە دایکبوونییەوە حەز و ئارەزووی گەڕان دەکات، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە ژیان گوزەر ناکات بەبێ شارەزایی لەو ژینگەیەی تێیدا دەژی تاکو توانای بەرگری لەخۆکردنی هەبێ و بتوانێ بەسەر تەگەرەکاندا زاڵ بێ.

زانینیش تەنیا لە دیاردەیەکی دیاریکراودا چڕ ناکرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو دیاردانە دەگرێتەوە کە بە دەوربەری مرۆڤدا تێدەپەڕێ و پێوەندی بە خۆیەوە هەبێ، هەندێ لەو زانیارییانە پێوەندی بە چۆنێتی بایەلۆژی دەروونی مرۆڤەوە هەیە، هەندێکیشیان پێوەندیان بە ئامرازەکانی ژینگەی سروشتی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، هەموو ئەو زانیاریانە ئامانجی لێکۆڵینەوەی بیرمەند و توێژەران لە چەرخە جیاجیاکاندا نەبووە، بەڵکو بەشی زۆریان لێکۆڵینەوەیان لەسەر بەشێک لەو زانیاریانە کردووە، بەشەکانی تریشیان فەرامۆش کردووە.

ئۆگست کۆنت" هەوڵی ئەوەی داوە بیسەلمێنێ زانینی زانستی بەم دواییە هاتووە بۆ پێشڤەبردنی عەقڵی مرۆڤایەتی، ئەویش بە دانانی یاساکەی کە بە «یاسای سێ خول» ناسرابوو، دواجار گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زانینی زانستی بەروبوومی ئەو پرۆسە لەسەرخۆیەیە لە پێگەیاندنی ئەقڵدا کە مرۆڤ توانی خۆی لە لێکدانەوەی ئایینی و فەلسەفی و میتافیزیکی رزگار بکات و رووە و لێکدانەوەیەکی زانستیانە لەسەر بنەمای بەستنەوەی دیاردەکان بە یەکتر بەستنەوەیەکی بابەتیانەی پڕاوپڕ.

## یەکێتی زانست

لەوانەیە کەماڵبوون لای مەزهەبی پۆزێتیڤی هەردەم لەبەرجەستەکردنی مرۆڤ بۆ دیاردە جیاوازەکان چڕ کرابێتەوە کە دەکرێ تێبینییان بکەین هەروەک حاڵەتێکی تایبەت بە دیاردە گشتییەکان، وەک دیاردەی راکێشان، ئەگەری ئەوەش کەماڵ نەبوونی ئەو مەزهەبەیە بەشێوەیەکی رەها، یەکگرتنەوەی قووڵ لەنێوان دیاردەکان و گەڕاندنەوەی یاسا تایبەتییەکان بۆ یاسایەکی گشتی کە تەنیا هەر ئەم یاسایە نموونەی بەرزی بێ، نەک تێڕوانینی ئەم دیاردەیە وەک کارێکی قەدەغەکراو. (کۆنت) دارشتنی نموونەی سەرووی دیاری کردووە لە هەریەک لە (دالمیێر) و (سان سیمۆن) لەسەرەتای کتێبەکەی (چەند وانەیەک لە فەلسەفەی وەزعی)، بەڵام ئەمە جێگەی نیگەرانییە نموونەی سەرەوە دەستەبەر ناکات، چونکە ئێمە زیرەکی وەک ئامانجێک لە لاوازی بێ لە جیهانێک کە لەوپەڕی ئاڵۆزیدا پابەند دەبێ. ئاسایی لەم حاڵەتانەدا ئەوەیە کێشە نەیەتەدی کە کاری بۆ دەکەین، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ نرخێک بۆ تاقیکردنەوە هەروا دیارە کۆمەڵە دیاردە جیاوازەکان دەکەونە ژێر سەرنج و تێبینی خۆمان بەشێوەیەک کە هیچ لایەک بۆ ئەوی تر نەگەڕێتەوە. ئەگەر کارەکە وا بڕوات دەبێ کۆشش کردن بۆ دەستەبەرکردنی زانستی یەکگرتوو کەمبوونەوەیەک بێ بە عەقڵ. (کۆنت) لە کۆتاییدا گەیشتە ئەم ئەنجامەی کە وەسفکردنی ئەم کۆششە خەونێکی خەیاڵی پڕوپووچە.

سەرەڕای ئەمەش ئەم خەونە خەیاڵییە هەر لە نوێبوونەوەدایە، لێرەدا چەند بەستنەوەیەکی شاراوە هەیە لەنێوان خۆی و عەقڵی مرۆڤدا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەلایەک کە یەکگرتنەوەی بۆی شیاوترە لە هەر شتێکی تر، لە لایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەیەکی وەهمی کە دۆزیویەتییەوە و پارێزگاری لێدەکات، ئەمیش فەلسەفەیەکی خاوەن لایەنی ریازییە، ئەو داهێنانەی دیکارت بووە هۆی ئاسانکردنی بەکارهێنانی جەبر لە چارەسەرکردنی کێشە ئەندازیارییەکان. هەندێکیشیان ئەم جیاکارییە چۆنایەتیانەی بۆ جیاکاری چەندایەتی گەڕاندەوە کە ئەمەش بنچینەی بیرۆکەی «گەڕاندنەوە»یە، گەڕاندنەوەی گشت تەوائیفی دیاردەکان بۆ یەکتر، ئەمەش بە مانا خراپ بەکارهێنانی مرۆڤە بۆ بنەمای شیتەڵکردنی ئەندازیاری.

لێرەش مەبەستی گەڕاندنەوەی ئەندازە بۆ جەبر نییە، بەڵکو گوزارشتکردنی جەبرە بە ئەندازیاری، (کۆنت و رینوفیە) لەم بارەوە باس لەوە دەکەن کە هەردوو بیرۆکەی شێوە و جێگا، لە ئەندازیاری بە سروشتی خۆی زیاتر بە مانای ژمارەیی ناچێ لە مانای راستی تر. بێگومان دەتوانین بۆ هەر دیاردەیەک هاوکێشەیەکی ریازی دابنێین ئەگەر ئەم دیاردەیە کۆمەڵایەتیش بێ، ئەگەر توانیمان بەوردی لە یاساکە وردبینەوە، هەروەک ئەو حاڵەتەی کە سەبارەت بە یەکێک لە شێوەکان یان یەکێک لە جموجۆڵەکانە.

شیتەڵکردنەوەی ریازی ئامرازێکی بەهێزە بۆ هەندێ دیاردە کە هیچ هاوشێوەیەکی نییە لەم بارەوە، بەڵام ناکرێ هەردەم ئەم شیتەڵکردنەوە وەک ئامرازێک بۆ گەڕاندنەوەی چۆنیەتی بۆ چەندایەتی بگەڕێنیتەوە، چونکە ئەمە خۆی شتێکی موجەڕەدەو ئەم کارەش مەحاڵە لە حاڵەتەکانی تر، جا ئەم کارە تایبەت بە چۆنیەتی ئەندازەیی یا چەندایەتی بێ، ئێمە ناتوانین دیاردە ئەندازەییەکان هەردەم بۆ شیتەڵکردنەوەیەکی ریازی بگەڕێنەوە هەروەها ناتوانین دیاردەی سروشتیش بۆ دیاردەی ئەندازەیی بگەڕێنینەوە و نە دیاردەی زیندووش بۆ دیاردەی نائەندامییەکان و نە دیاردەی کۆمەڵایەتیش بۆ دیاردەی زیندەگی، لە هەر پلەیەک لەم پلانە توخمێکی چۆنیەتی تازە بەدەردەکەوێ و ئەگەر ئێمە توانیبێتمان پێوەندی لەنێوان دیاردەکان بەشێوەی دەستەی هاوکێشە دابێنین ناتوانین خاڵی جیاوازی لەنێوان هەردەم دەبێ و ناکرێ بەلاوەی بنێین.

ئەوەی کە بەسەر دیاردەکان وترا بۆ یاساکانیش هەر ڕاستە، بۆ کۆمەڵێک لە هەر دیاردەیەک کۆمەڵێ یاسای تایبەت بەخۆی هەیە ئەم یاسایانەی کە پێوەندییەکانی نێوانیان ڕێک دەخات کە بەپێکهاتەیەکی کەمتر گشتگیرتر دەژمێردرێ. دەبێ ئێمە خۆمان لەو بیرۆکەیە دوور بخەینەوە کە دان بە بوونی یاسایەک دەنێ کە دەکرێ گشت یاساکانی تری تێدا ئیستینبات بکەین. ژمارەی ئەو یاسایانە کە هەندێکیان پێوەندییان بە یەکتر هەیە و بۆ یەکتر دەگەڕێنەوە زۆر لەوە زیاترن کە ئێمە بۆی دەچین. بۆ نموونە چۆن دەبێ ئێمە لە زانستی سروشتی هۆکەی بۆ ڕووناکی یان دەنگ بگەڕێنینەوە یان بە پێچەوانەوە؟ گوزارشتکردنەکانی ئەندامی ئەم جۆرە تێکەڵ و پێکەڵەی پێوە دیارە لە بیرکردنەوەدا ئەگەر لەمپەر نەبین لە ڕێگای بەبوونی چەند هۆکارێکی ترەوە. سیفەتە گشتییەکان بۆ دیاردە و یاساکانی لە بری بیرکردنەوە بە میتۆدێکی لۆژیکیانە، کە هەندێ لەو یاسایانە بۆ یەکتر دەگەڕێنێتەوە کە ئەمەش کارێکی مەحاڵە لە پرۆگرامی پۆزێتیڤیدا.

بەکارهێنانی پۆزێتیڤی یەکەم جار سیفاتەکان دەستنیشان دەکات بەم شێوەیە:

یەکەم: هەرچەندە یاساکان بەرەو ئاڵۆزی زیاتر بچن ئەوە هۆکاری لێکۆڵینەوەی زیاتر دەبێ:

ئەمە جۆرێکە لە قەرەبووکردنەوەی سروشتی، بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە، چونکە ئەو زانستەی کە لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەکان دەکات بە خێراییەکی زۆر زیاد دەکات. هۆکارەکانی لێکۆڵینەوەی میتۆدی بۆی گونجاو نابێ، بەڵام لەکۆتاییدا ئەگەر ئەم قەرەبووکردنەوە نەبوایە، ئەوا هیچ زانستێکی بنچینەیی نەیدەتوانی بگاتە ئاستی حاڵەتی پۆزێتیڤی. بەم جۆرە زانستی گەردوون تێبینی بەکار دێنێ لە تەک پرۆگرامی ڕیازی. دواتر ڕێگای تاقیکردنەوە لە زانستی سروشتدا دەرکەوت هەروەها هونەری هەڵبژاردنی زاراوەکان لە کیمیاو شێوازی بەراوردکردن لە زانستی بایۆلۆژیدا و میتۆدی مێژوویی لە زانستی کۆمەڵناسی و بە بوونی ئەم زانستانە میتۆدی پۆزێتیڤی پتەوتر و تۆکمەدارتر دەبێ.

دووەم: هەرچەندە دیاردەکان ئاڵۆزتر بن توانای هەموارکردن زیاتر دەبێ:

نەتوانین بەجۆرێک کاریگەر بین لە دیاردە گەردوونییەکان و زانینی یاساکان ڕێگەمان پێنادات ئەگەر یاساکەش تەواو بێ و کەموکوڕی تێدا نەبێ، تەنیا بە پێشبینی نەبێ، بەڵام زۆرجار دەتوانین هەندێ دیاردەی سروشتی و کیمیاوی بورووژێنین یان ببینە بەربەست لەبەردەمی. ئەوکات کاریگەریمان زیاتر دەبێ ئەگەر پەیوەست بووین بە دیاردە زیندووەکان، ئەوەی پزیشک بەلایەنی باش و خراپیەوە پێشکەشی کرد بەڵگەیەکی تەواوە لە بوونیدا، دواتر ئەم دەستوەردانە باشترین پێگەی دەبێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.

بۆیە خەڵکان ئەگەر کەسانی ڕۆشنبیریش بن، بە ئاستەم باوەڕ بە ملکەچکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن بۆ چەند یاسایەکی جێگیر، لەوانەش سیاسەت ببێتە یەکێک لەم زانستانە، بەڵام تاقیکردنەوە بە پێچەوانەی ئەمانە خۆی نیشان دەدات کە چالاکی مرۆڤایەتی چالاکییەکی بلیمەتانەیە، کاریگەری یەکجار زۆر لەم بوارەدا، بەڵام وێڕای ئەمانەش کارەکە وانییە کە زانستی کۆمەڵناسی سەلماندوویەتی، ئەگەر بوونی ئەو زانستەش تەنیا بەس نەبێ بۆ ئاماژەکردنی، بەڵام ئەم دیاردە کۆمەڵایەتی و ئاکاریانە دەستێوەردانی مرۆڤی زیاتر، کارەکە ئاسان دەکات و کاریگەرتری دەکات و لە هەمان کاتدا لە خزمەتی گشت دیاردە سروشتیەکان دەبێ.

سێیەم: هەرچەندە دیاردەکان ئاڵۆزتر بن، کەمالیشیان کەمتر دەبێ:

لەوانەیە هەندێ پێیان سەیر بێ کە کۆنت پەنای بۆ بیرۆکەی کەمال بردووە، وادیارە (کۆنت) بەنیازی دوورخستنەوەی ئەم بیرۆکەیە بێ، چونکە ئەمەیان بیرۆکەیەکی میتافیزیکییە، دیاردە سروشتیەکان تەواو نین ئەمە هەمان مانای (هلمهلتز)ە کە دەڵێ چاو ئامرازێکی خراپە بۆ بینین، ئەو تێبینی ئەوە دەکات ئەگەر بە کردەنی هەندێ ئامانجی تایبەت کۆبووەوە بەهۆی کۆبوونەوەی هەندێ لە دیاردەکان بەشێوەیەکی سروشتی ئەوە لەوانەیە هەر هەمان ئامانج دووبارە بێتەوە بەشێوەیەکی باشتر، یان بە میتۆدێکی ئابووریتر، ئەگەر دیاردەکان بە ڕێگایەکی تر کۆبوونەوە ئەوا بۆچوونی ئاسانتر دەبێ.

## جۆرەکانی مەعریفە

**١- مەعریفەی هەستی:** ئەم جۆرە زانینە تەنیا لە تێبینی کردنی دیاردەکان چڕ دەکرێتەوە، تێبینییەکی ئاساییانە بەپێی ئاستی کەسی و تێبینیکەر، بەدەر لە بیرکردنەوەی پێوەندی نێوان دیاردەکان و چۆنییەتی سەرهەڵدانیان، هەڵبەتە زانینی هەستی و ئەو بیروبۆچوونە ساکارانەی کە تێیدا گەلاڵە دەبێ، کورتبینە لە بیرکردنەوەی تیۆری و هەوڵدانی شیکردنەوەی دیاردەکان و هۆکارەکانی، چونکە هیچ سیفەتێک بابەتی و گشتی و مەنهەجی تێیدا ڕەچاو ناکرێ.

**٢- زانینی فەلسەفی:** بە قۆناغی دووەمی بیری مرۆڤایەتی دادەنرێ، لە دوای کاروبارە واقیعییەکانی وەرگرتووە کە لە تێبینی مەسەلە گشتیگیرترەکانەوە دێ، داواکاری دووربینتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان تەنیا بە ئەقڵ، فەلسەفەش ئەو مەسەلانە بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەبێ، تەنیا لە جیهانی سروشتییەوە چڕ ناکرێتەوە، بەڵکو دەگاتە پلەی جیهانی میتافیزیکی.

بە پوختی توێژینەوە لەسەر بوونگەرایی و هۆکارەکانی دەکات، هەروەها لەسەر سیفاتی بوونگەراییش، توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بارەی زۆرێک لەو مەسەلانەی کە پێوەندی بە مەعریفەی خودا و سەلماندنی وجودی هەیە. پرسە فەلسەفییەکان بۆ تێڕامان و یەکلاکردنەوەی کێشەکان ناگەڕێنەوە بۆ واقیع بەتاقیکردنەوە یەکلایی ناکەنەوە، ناکرێ گشت کێشە فەلسەفییەکان بە وردەکارییەوە وەربگیرێ، بەڵکو ئەم پرسانە دەکەونە ژێر ڕکێفی هەوەس و ئارەزوو و عاتیفەی فەیلەسووفانەوە بەپێی شارەزایی توانای خۆیانەوە.

**٣- زانینی زانستی:** لەسەر شێوازی ئستیقرائییەوە دەوەستێ و پشت بە تێبینی ڕێکوپێک بۆ دیاردەکان دەبەستێ و فەرزکردنی گریمانەکان بە ئەنجام گەیاندنی تاقیگەو کۆکردنەوەی بەیاناتەکان و شیتەڵکردنەوەیان بۆ دڵنیابوون لە دروستی یان نادروستی گریمانەکان. زانست هەڵوەستە و توێژینەوە لەسەر وردەکاریەکان ناکات، بەڵکو هەوڵی دۆزینەوەی یاساکانی تیۆریە شتیەکان دەکات کە ئەم وردەکاریانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەم جۆرە دەتوانرێت خوێندنەوەی دیاردە جیاوازەکان بکات کە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا ڕوودەدا.

ئیستقرائیش دوو جۆرە، تەواو و ناتەواو. لە ئیستیقرائی تەواو (تام) توێژەر گشت موفرەداتی دیاردەکان و گەڕان بەدوایان ئەنجام دەدات، حوکمی تەواویش تەنیا چڕکردنەوەی حوکمەکانە لە موفرەداتی توێژینەوەی کە بەدەستی دەگات. لە ئیستیقرائی ناتەواو (ناقص) توێژەر چەند نموونەیەک وەردەگرێ و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات، دواتر هەوڵی دۆزینەوەی یاسا گشتیەکان دەدات بۆ گشت حاڵەتە هاوشێوەکان کە نەکەوێتە چوارچێوەی توێژینەوەیان.

لەسەدەی نۆزدەیەمەوە تا سەرەتاکانی ئەم سەدەیە، شتەکان لەبواری مەعریفیدا گۆڕانکاریان بەخۆوە بینیوە جگە لەو ڕاستییەی کە (کۆنت) نەبێ کە خۆی لەومیکانیزمانە دەبینێتەوە ڕووە و زیادبوون و زۆربوونی بەشە مەعریفیەکان لە مەعریفەی دایکەوە دەچێ. فەلسەفە لە ڕێگەی ئەو قەیرانە زەبەلاحانەی کە زانست لە دەستپێکی سەدەی بیستەمەوە تێیدا گوزەری دەکرد، کە بە (قەیرانی بنەماکان لە زانست) ناسرابوو. شیکاری ئەمەش لە ڕێگەی خودی یاسای (کۆنت)ەوە هات بە کردنەی لقێکی تازە لە لقەکانی مەعریفی سەربەخۆی نوێ کە توێژینەوە و بەدواداچوون لەسەر بنەماکانی زانست و پێوەندی دراوسێیەکان کە ئەو زانستە و زانستەکانی نزیک لە خۆیەوە دەبەستێتەوە، ئەو زانستەی کە لە پێش یان لەدوای دێ لە ڕیزبەندی لۆژیکی زانستەکان هەروەها ڕۆڵی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن و ئاراستەکردن لەنێو ئەو زانستەدا دەبینێ، ئەو لقەش (تیۆری زانست)ە یان (ئەبستۆمۆلۆژیا)، ئەمە شوێنی میتافیزیکیای گرتەوە لە پێوەندیکردنی لەگەڵ زانستدا، ئەگەر میتافیزیکیا مێژووی زانینی بوونگەرایی لەخۆگرتبێ ئەوا سەدەی بیستەم دەرەنجامی بانگەشەکانی (کۆنت)ە کە جیهانی بە یەکجاری لە بوونگەرایی ڕزگار کرد هەروەها بەستنەوەی بە مەعریفە کە مانایەکی نوێی لەخۆ گرت کە ئەمیش خودی ئەبستمۆلۆژیایە.

ئەبستمۆلۆژیا لە یەکێ لە ماناکانی لێکۆڵینەوەی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی بەردەوامە بۆ پێکهاتەکانی زانستی سەرەکی «بابەتی زانست و ڕێگەی بیرکردنەوە و کردنەوەی توێژینەوە و ئەنجامەکانی زانست». (کۆنت) پێشنیاری گەشەی بیر دەکات و بە فاکتەرێکی گرنگی دەزانێ و لە هەمان کاتدا بە دەرەنجامی کۆتایی

گۆڕانکاری کۆمەڵگەی دادەنێ.

**کێشەی فەلسەفی و ڕێکخستنی ئەقڵ**

لە فەلسەفەی (کۆنت) هاتووە کە فەلسەفە لەسەر بنەمای ئاکار و سیاسەت و ئایین دەبێ. فەلسەفە بۆ خودی خۆی ئامانج نییە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئەگەر (کۆنت) مەبەستی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ڕێکخستنی کۆمەڵگە بێ بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێکخستنی ڕەفتاری ئاکاری، یان مەبەستی ڕێکخستنی عورف و عادەتی ئاکاری بێ بە ڕێکخستنی عەقیدەی ئایینی، ئەوا شەش بەشەکەی لە کتێبەکەی «وانەکانی فەلسەفەی وەزعی» چاپ نەدەکرد کە سەردەمانێکی زۆر پێوەی خەریک بوو هەر لە ساڵی ١٨٢٠ تا ١٨٤٢، ڕاستەوخۆ باسی لە کێشەکە دەکرد کە جێی بایەخ و گرنگیەکی زۆرە، بەڵام (کۆنت) هەر لەکاتێکی زووەوە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە کورتترین ڕێگە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکان خراپترین ڕێگایە. ئەو پێیوایە هەر هەوڵدانێک بۆ ڕێکخستنەوەی ئایین و سیاسەت و ئاکار ناکرێ بەشێوەیەکی هەرەمەکی بێ، مادامەکی ڕێکخستنی ژیانی عەقڵی سەرلەنوێ بە کۆتا نەهاتبێ. ئەوکاتیش دەبێ یەکەم جار گرنگی بە فەلسەفەیەکی تازە بدرێ لەبەر ئەوەی فەلسەفە بۆتە پێداویستییەک بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی، کە کانت کاری بۆ دەستەبەرکردنی دەکرد، ئێستا بۆتە ئامانجێک بۆ خودی خۆی ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێ. بەم جۆرە (کۆنت) هەموو هەوڵ و کۆششێکی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە، بیروباوەڕەکان تاکو قەرەبووی ئەو بیروباوەڕە بکات کە ڕەگ و ڕیشاڵی بەرەو هەڵدێر چووە، بیکاتەوە بە بیروباوەڕێک کە لەسەر بنەمای سەلماندن و ئەقڵ بێ. لە سەدەی هەشتەمدا هیچ خاڵێکی هاوبەش نەما لەنێوان ئەو باوەڕەی کە لەسەر بنەمای بەڵگەیی بێ لەگەڵ ئایینە سروشتییەکان. ئەو دیانەتە وێنەیەکی کۆپیکراوە لە باوەڕهێنان بە شتە ئەفسووناوییەکان، ئێستاش لەسەر شارەزابوونی زیاتر بە بیرکردنەوەی یەزدانی لەمیانەی ئامێری میتافیزیکی بۆ مەزهەبی خواوەندی. بە پێچەوانەی ئەمانەش زانستە پۆزێتیڤیەکان ئەسڵ دەبێ لە باوەڕێک کە لەسەر بنەمای سەلماندن بێ، دەبێتە بیانوویەکیش بۆی، بێگومان وشەی (باوەڕ) و (سەلماندن) هەریەکە و پێچەوانەی یەکترە، بەڵام تەنیا بە ڕوخسار. مەبەستمان جۆرێک لەو باوەڕەیە کە دەبێ زۆرینەی خەڵک ملکەچی ئامانجەکانی زانستی پۆزێتیڤی بن و متمانەی پێ بکەن.

ئەوانەی کاتێکی زۆریان لەبەردەستە و ڕۆشنبیرییەکی زۆریش دەستەبەر دەکەن لە تێگەیشتنی ئەنجامەکان و پشکنینی بەڵگەکان ژمارەیان کەمە. ئەوکاتیش کەسانی تر ڕێگای ڕێزگرتن و ملکەچ کردن دەگرنە بەر، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو باوەڕە تازەیە جیاوازییەکی زۆری هەیە لە بیروباوە ئایینەکانی تر کە مرۆڤایەتی تا ئەمڕۆ ناسیویەتی، ئەو باوەڕەش باوەڕێک دەبێ لەسەر بنەمای سەلماندن، ئەو باوەڕهێنانە هیچ شتێک لەخۆ ناگرێ مەگەر لەوەی کە پرۆگرامی زانستی ڕاستییەکەی سەلماندبێ، هیچ شتێکیش لەخۆ ناگرێ کە تەجاوزی بواری شتە ڕێژەییەکان لەخۆ بگرێ یان هیچ شتێ کە نەسەلمێنرابێ.

ئەم جۆرە باوەڕهێنانە ئێستا ژمارەیەکی زۆری ڕاستی زانستی لەخۆ دەگرێ، هەر لەم بارەوە خەڵکانێک شارستانی زۆر باوەڕیان بە تیۆری کۆمەڵەی خۆر هەیە (لڤوبرنیق و کیلی و نیوتن) سەرزەنشتی دەکەن، شارستانەکان باش دەزانن کە ئەوەی ناوی (باوەڕهێنان) بێ لایان لای کەسانی تر شتێکی زانستییە، بەڵام ئەگەر ئەوانیش شتە زانستیەکانیان بۆ ڕوون کرایەوە ئەوانیش هاو باوەڕ دەبن. مانای باوەڕهێنانیش ئەوە نییە مرۆڤ ئەقڵی خۆی بەلاوە بنێ و ملکەچی نهێنییەک بێ کە هیچی لێ تێنەگات، بەڵکو باوەڕهێنان و ملکەچکردنی ئەقڵە بەپێی واقیع بەبێ هیچ کەمکردنەوەیەک لە مافی خۆی. هەموو مرۆڤێکیش توانای کارپێکردنی ئەو مافەی نییە لە ڕەخنەگرتن. (کۆنت) لە لایەنی زانستی سنوورێک بۆ ئەو ڕاستییە دادەنێ بەبێ هیچ دوو دڵییەک، پرۆژەی باوەڕهێنان بە سەلماندن پشت بە شیتەڵکردنەوەی کۆتایی دەبەستێ لەسەر ئەم پرسە: «ئەگەر گشت ئەقڵەکان توانای پشکنینی بیروباوەڕەکان بونایە، ئەوا گشتیان بە سەلماندنی ئاشنا دەبوون و ملیان بۆ کەچ دەکردن».

(کۆنت) لە هەوڵەکانیدا گرنگی بە ڕێکخستنی بیروباوەڕهێنانی سەرلەنوێ نادا جگە لە بیروباوەڕ هێنانە سەلمێنراوەکان. وا پێدەچێ پارێزگاری لە بیرۆکەی (سان

سیمۆن) بکات که ئایین به شێوەیەکی تایبەت به بنەمای سیستەمی سیاسی دادەنێ. له بەشی یەکەمی ژیانی زانستی خۆی (کۆنت) ناچێتە ناو باوەڕ.

بنەماکانی سۆڤیەت و سۆزداری و نائەقڵی کە وشەی (باوەڕ) لەخۆی گرتووە، زۆرجار دەبێتە مایەی دژایەتیکردنی ئەقڵ، ئەم وشەیە لە دیدی (کۆنت) باوەڕهێنانی مرۆڤ بەو شتانەی کە دەبێتە بنەمایەک بۆ مەعریفە، تا ئەوکاتەش بیروباوەڕی شیکردنەوەی ئایینی و میتافیزیکی گەردوون مرۆڤی لەخۆگرتووە، قەشە و فەیلەسووفەکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەم لێکدانەوەیە کردووە بۆ خەڵک، بەڵام ئەقڵی مرۆڤ بەم جۆرە لێکدانەوانە ڕازی نابێ، وردە وردە زانستی پۆزێتیڤ شوێنی گرتەوە، کە پەیڕەو و پرۆگرامەکەی تەواو جیایە لە زانینی یاسای دیاردەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

(کۆنت) ئەو کێشانەی بە چەند دەستەواژەیەک دەستنیشان کردووە، بەکارهێنانی ڕێگایەکی ئەقڵیانەیە بۆ بڕیاردان لەسەر کۆمەڵێک ڕاستی کە پەیوەستە بە مرۆڤ و کۆمەڵگە و جیهان، کە خەڵکان گشتیان ملکەچی دەبن. لەم بارەیەوە (کۆنت) دان بەم ڕاستیانە دادەنێ:

١- ئەو ڕاو بۆچوون و بیروباوەڕ و بیرۆکانەی کە پێوەندییان بەو بابەتانە هەیە ئێستا لە حاڵەتێکی فەوزادایە.

٢- حاڵەتی سروشتی و دروستی لە ڕێکخستنیان چڕ دەکرێتەوە.

هیچ پێویستییەک بۆ سەلماندنی خاڵی یەکەم نییە، تەنیا ئەمە بەسە کە چاو لە کۆمەڵگای هاوچەرخ بکەین، ئەو جموجووڵە نادیارانەی کە بانگەشەی شڵەژانی ڕەوش دەکەن و زەنگی دەست بەسەرداگرتن لێدەدەن- ئەگەر کارەکە بە ئاسایی کردنەوە کۆتایی پێ نەهات- تەنیا بۆ هۆکاری سیاسی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ جۆرێک لە پەشۆکاوی ئاکار دەگەڕێتەوە، ئەم پەشۆکاوییەش بۆ جۆرێک لە شڵەژانی عەقڵی دەگەڕێتەوە، بە مانای نەبوونی بنەمای هاوبەش لەنێوان گشت عەقڵەکاندا، هەروەها بۆ نەمانی بیرۆکە و بیروباوەڕ دەگەڕێتەوە کە خەڵک بەگشتی ملکەچی دەبن، چونکە مانەوەی کۆمەڵگا ناکرێ جۆرێک لە گونجاندنی سۆزداری و بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان ئەندامەکان، بەڵکو دەبێ ڕێککەوتنێکی عەقڵی هەبێ کە لە کۆمەڵێک بیروباوەڕی هاوبەش پێکدێ. هەرکات کۆمەڵگە بوو بە نێچیری شڵەژانێکی بەردەوام و چارەسەری سیاسیش تیماری ئەم شڵەژانییەی نەکرد، ئەوا کەسەکە مافی خۆبەتی هەڵوەستە لەسەر ئەم نەخۆشییە بکات و هۆکاری ئەم زامە قووڵەش بۆ پەشۆکاوی عەقڵ بگەڕێنێتەوە. پەشۆکاوی و شڵەژانەکانی تر هیچ شتێکی تر نەبێ جگە لە نیشانەکانی، ئەمەش بەشێوەیەکی وردتر حاڵەتی کۆمەڵگای ئێمەیە لە دیدگای (کۆنت)دا.

لەم کۆمەڵگایەدا هیچ حکومەتێکی ڕۆحی و عەقڵی نییە، بەڵکو ئەم وا هەست دەکات هیچ کەموکورییەکی تێدا نییە، عەقڵەکانیش ئێستا دان بە بوونی سیستەمێکی گشتی ناکەن، هیچ بنەمایەکیش نەماوە کە ڕەخنەی سەلبی تێکدەر باسی لێوە نەکردبێ. بەم جۆرە تاکە کەس خۆی کردۆتە ناوبژیوانێک بۆ گشت شتەکان لە فەلسەفە و ئاکارو سیاسەت و ئایین. ئەو ڕاوبۆچوونانەی کە وەردەگیرێن زۆرجار بە هەوەسە و بەبێ تێگەیشتنێکی ئەوتۆیە، بە هەمان شێوە ملکەچی ڕاوبۆچوونەکانی تر دەبێ، ئەو کەسەش بە بیروبۆچوونی خۆی پێیوایە ملکەچی هیچ ڕاوبۆچوونی تر نابێ جگە لە ڕاوبۆچوونی خۆی. ئەم جیاوازیکردنەش لە عەقڵەکان (کۆنت)یش باسی دەکات کە ئەو یاخیبوونەوەی کە ناوی ناوە حاڵەتی شڵەژان.

لەوانەیە ئەم حاڵەتە مەرجێکی زۆر ئاسایی بێ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئەگەری دەرنەکەوتنی حاڵەتی ئاسایی هەیە جگە لە هەندێ ئان و ساتی تایبەتیدا، ئەم گریمانەش لەسەر بنەمایەکی دروست نابێ، چونکە ئەگەر وابێ کۆمەڵگە ناتوانێ بەردەوامی بە مانەوەی خۆی بدات هیچ گەشەیەکیش بکات، دەبێ ملکەچ بێ جیا لە چەرخەکانی شڵەژانی عەقڵی چەرخی تایبەت. خەڵکانی کۆمەڵگەی دروست یەکدیگرن بەهۆی ملکەچبوونیان بۆ کۆمەڵێک بنەماو بیروباوەڕ، مێژووش ئەم ڕاستییەی سەلماندووە. جێگیربوونی شارستانیەتەکان لە (ڕۆژهەڵاتی ئەوسەر) بۆ ئارامی و لەسەرخۆیی عەقڵی شارستانیەتەکانی ئێمە دەگەڕێتەوە.

کۆمەڵگە کۆنەکان وەک کۆمەڵگەی گریکی و ڕۆمانی پشت بە بیرۆکەیەکی تایبەت دەبەستن سەبارەت بە مرۆڤ و شارو جیهان، هەر ئەم بیرۆکەیەیە کە گۆڕانکاری

بەسەردا نەهاتووە، جگە لە بەشێکی کەم نەبێ لەگشت ئەوچەرخانەی کە ئەم کۆمەڵگایانە گوزەریان کردووە. لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا مەزهەبی کاتۆلیکی لە ئەوروپا سەری هەڵدا- کە ئەمەش کارێکی هونەرییە حیکمەتی سیاسی تێیدا بەدی دەکرێ- کە بۆ ئەوروپا کۆمەڵێک بنەمای بیروباوەڕی ڕێکخست کە گشت عەقڵێک بەخۆشحاڵییەوە تەقەبولی دەکات. وەک ئاشکرایە شڵەژانی عەقڵی حاڵەتێکی شازە، بەو مانایەی دیاردەیەکی نەخۆشییە یان بڵێین «نەخۆشی ڕۆژئاوا» هەروەک (کۆنت) وا ناوی دەبات ئەگەر ئەم نەخۆشییە درێژە بکێشێ ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو داتەپین دەچێ یان دەبێ کۆمەڵگە ملی بۆ کەچ بکات، یان عەقڵەکان دەبێ بگەن بە حاڵەتێکی هاوسەنگی سەقامگیر، بەو مانایە کە بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە کێشەی دووبارە ڕێکخستنەوەی بیرباوەڕەکان دوو گرفتن، لە یەکەمیاندا کێشەیەکی فەلسەفییە کە ئەمیش: چۆن دەتوانی کۆمەڵێک لەبنەما و بیروباوەڕ ڕێک بخەی کە گشت خەڵکان ملکەچی بن، دواتر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دێتە ڕێگاوە کە ئەمیش کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە کە چۆن دەتوانی سەرنجی ئەم عەقڵە تازانە بەرەو ئەم بیروباوەڕە نوێییە بێنی، بەڵام پەرتەوازەبوونی لەنێوان ئەم دوو گرفتەدا هیچ نییە جگە لە پەرتەوازەیەکی سەرەڕۆیی، بۆیە لە واقیعدا پێویست دەکات چارەسەری کێشەی یەکەم بە چارەسەری کێشەی دووەم بکەی.

ئەگەر عەقڵەکان لەگەڵ یەک کۆک نەبوون، ئەوە مانای کۆک نەبوونی عەقڵەکانە لەگەڵ خودی خۆیان، ئەگەر یەکێک لەم عەقڵانە توانای گونجاندنی ناخی خۆی هەبوو، ئەوا ئەم گونجاندنە بۆ عەقڵەکانی تریش دەگوزارێتەوە بە لێهاتوویی سەلیقەی کەسەکە لۆژیکی دەستەبەرکردنی شتەکانی تر لە کێشەی کات بەولاوە هیچ شتێکی تر نابێ، ئەوکاتە دەبێ بەدوای مەرجە پێویستەکان بگەڕێین بۆ دەستەبەرکردنی گونجاندن و جۆرێک لە یەکگەیشتن لە بری شڵەژان و پەشۆکاوی و پەرتەوازەیی.

(کۆنت) لەگەڵ خۆی و هاوچەرخانیدا جیاوازی هەیە لەنێوان دوو میتۆدی گشتیو دوو بیرۆکەدا کە ناکرێ هەردووکیان لەسەر ئەوی تر زاڵ بێ، ئەوەی کە پێوەندی بەو ژمارە زۆرەی دیاردەکانەوە هەیە (کۆنت) بەم جۆرە بیری لێدەکاتەوە بیرکردنەوەیەکی جیهانییانە کە خۆی تێیدا قوتابی قوتابخانەی (هۆبز و رجالیلی و دیکارت) و ئەمانەی کە لەدوای ئەو دێن، ئێستا ئەم بیرە لە لێکدانەوەی هەندێ دیاردە نادات بەکۆمەڵێک هۆکارەوە، بەڵکو ئەم هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات کاتێ بە ئەنجامی یاساکانی خۆی دەگات لە ڕێگای تێبینی و پێوانەییەوە، چونکە زانینی ئەم یاسایانە ڕێکخۆشکەرە بچێتە نێو ئەم دیاردانە و ببێتە جێگرەوەی ئەو سیستەمەی سروشتیە بە سیستەمێکی پیشەسازی گونجاوتر لە پێداویستییەکانی خۆی. هەروەها ئەم دیاردانە میکانیکی و گەردوونی و سروشتی تا دیاردە زیندووەکانیش- کە لەم ڕۆژگارەدا لە دیدگای ئەمەوە بابەتن بۆ زانستی ڕێژەیی و پۆزێتیڤی، بەڵام هەرکات کارەکە لەمەڕ هەندێ دیاردە بوو کە بنەماکەی بۆ هەستی مرۆڤ دەگەڕاوە یان پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە، ئەوکات زاڵبوونەکە بۆ لایەنی بەرانبەر تۆمار دەکرێ، لەبری ئەوەی عەقڵ تەنیا پشت بە توێژینەوە ببەستێت بۆ یاساکانی دیاردەکان، ئەوا پشت بە لێکدانەوەیان دەبەستێ.

(کۆنت) دەیەوێ درک بە گەوهەری شتەکان و هۆکارەکانی بکات، بیرکردنەوەیەکی تیۆریانە لە خودی مرۆڤەوە دەکات، پێوەندی ئەم خودە و ڕاستییەکانی تری گەردوون، لە ئامانجدا دەبێ کۆمەڵگا ئەمە لەبەرچاو بگرێ و لە باشترین حکومەت کە بکرێ، هەروەها لەو گرێبەستەی کۆمەڵایەتیشدا هەموو ئەو ڕێگایانەش لە دایکبووی میتۆدی میتافیزیکیە لە بیرکردنەوەدا، ئەم میتۆدە لەگەڵ میتۆدەکەی پێشووتر جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەمەش دەبینین لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەم عەقڵانە تا ئێستا هەردوو میتۆد بەکاردێنن. دواتر زانستی کۆمەڵناسی دینامیکی بڕیار دەدات کە چۆن ئەم دیاردەیە ڕوو دەدا، بەڵام هەرچەندە هۆکارەکانی مێژوویی بێ، ئەمە ڕاستی ئەم دیاردەیە نییە جگە لە بەدیهیەت نەبێ، عەقڵی مرۆڤایەتی ئەمرۆ نازانێ چۆن یەکدیگر دەبێ و چۆن لە ڕەگ و ڕیشاڵەوە دەبێتەوە.

لەم دووجۆرە بیرکردنەوەیەدا ئەو وا هەست دەکات کە ناتوانێ فتوحی زانستی و پۆزێتیڤی لە جێگای گومان دابنێ، کە چۆن دەتوانێ لێکدانەوەی میتافیزیکی و یەزدانی بۆ دیاردە گەردوونی و سروشتیەکان، بەڵام لە

لایەنێکی ترەوە بیرۆکەی میتافیزیکی و یەزدانی بەکەمتر بە دیار ناکەوێ، کە ئەم زۆرجار وا هەست دەکات ناتوانێ دەستبەرداری بێ، ئەمەیان کارێکی سروشتییە، چونکە عەقڵی مرۆڤایەتی حەز بەتێربوونی پێداویستییەکانی دەکات بۆ یەکگرتنەوە ئەمەش داواکارییەکی ڕەوایە، ئەو داواکاری بیرۆکەی گشتی دەکات کە هەموو دیاردەکان لەخۆ بگرێ، ئەم بیرۆکەیەش (کۆنت) ناوی ناوە «گشتیکردنی تاقیکردنەوەیی» کە ئەمەشیان فەلسەفەیە بە کورتییەکەی.

بەڵام میتۆدی پۆزێتیڤی لەبیرکردنەوەدا تائێستا تێربوونی پێداویستییەکانی نەسەلماندووە، جگە لە هەندێ زانیاری تایبەت نەبێ زانستی وەزعی و بەشێکی لە پێوەندییەکی بەردەوام بوونە لەگەڵ کۆمەڵێک دیاردە، ئەم زانستەش هەموو گرنگی خۆی لە توێژینەوە بۆ شیتەڵکردنەوە و لێکدراوی بەشێکی چڕ کردۆتەوە. ئەمیش ئەم ڕێگایەی خستەبەر لەسەر بنەمای جۆرێک لە سلەمینەوە کە هۆی بوونی هێزیەتی، ئەم زانستەش هەرگیز سەرکێشی نەکردووە بۆ دانانی تیۆریەک کە گشت دیاردە ڕاستییەکان لەخۆ بگرێ کە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی تێبینیەکانمانەوە. زاناکانی یەزدانی و میتافیزیکی تەنیا هەر خۆیان ئەم ئەرکەیان کێشاوە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان هۆکاری سەرەکی لە بوونیان کە پێویستە هەندێکیان بەو کارە هەستن.

عەقڵی مرۆڤایەتی بە جموجوڵێکی فیترەیی پێویست، ڕووە و ئەو تێڕوانینە دەڕوات کە پێوەندی بە تایبەت یان بە گشتییەوە بێ، لە بری ئەوەی کێشەکانی فەلسەفی، بێ وەڵام بمێنێتەوە ، خۆی تا ماوەیەکی نادیار دەخاتە ژێر پێشنیارەکانی یەزدانی و بیری میتافیزیکی سەرەڕای مۆرکە ئەفسووناویەکەی.

بە کورتی بیرکردنەوەی پۆزێتیڤی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دیاردەیەکی ڕاستییە، بەڵام دیاردەیەکی تایبەتیشە، بیرکردنەوەی لاهووتی میتافیزیکی ئەمەیان گشتییە، بەڵام خەیاڵییە، بەڵام ناتوانین نە قوربانی حەقیقی بدەین بۆ زانست و نە بۆ تەواوی فەلسەفە. چۆن لەم گێژاوەدا دەربچین؟ ئێمە لە سێ شێکاری تر بۆ ئەمانە خەیاڵی هیچی تر ناکەین:

١- کار بۆ مانەوەی هەردوو بیرۆکە بکات لە یەک کاتدا بەبێ دروستبوونی هیچ دژیەکییەک.

٢- بڕیاردانی یەکێتی بیرکردنەوە ئەمیش بە کردنی پرۆگرامی یەزدانی و میتافیزیکی بە پرۆگرامێکی گشتی.

٣- بڕیاردانی لەسەر یەکێتی بیرکردنەوە بە گشتاندنی پرۆگرامی پۆزێتیڤی.

## ستاتیک و داینامیک

دیدی کۆمەڵگە بۆ فەلسەفەی پۆزێتیڤی (کۆنت) لە گۆشەنیگای پرەنسیپێکی فیزیایی بەناوبانگ دەڕوانێتە کۆمەڵگە، ئەویش پرەنسیپی جووڵە و بێدەنگییە، ئەگەر ئاوڕ بدەینەوە بۆ کۆمەڵناسی پۆزێتیڤی لای (کۆنت) ئەوا دەکرێ بەدووبەشی گەورە: ستاتیکا و دینامیکای کۆمەڵایەتی.

بابەتەکانی هەر زانستێک بەسەر دوو جۆر دابەش دەبن، جێگیر و گۆڕاو. جێگرەکان ئەوانەن کە پێویستییەکی وجوودی پێکهاتەی کۆمەڵگان و بەرێوەچوونی پێکهاتەکە بەوەوە بەسراونەتەوە، هەروەها گۆڕاو، یان دینامیکیەکان ئەو شتانەن کە پێویستییەکی گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵگان و پێشکەوتن بەوانەوە بەستراوەتەوە.

- کۆمەڵناسی «ستاتیک» یا جێگیر، تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا مرۆییەکان لە حاڵەتی جێگیر و سەقامگیریدا، تێیدا باردۆخ یان دامەزراوە و ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی تایبەت لە ساتەوەختێکی تایبەتدا لێی دەکۆڵرێتەوە و بابەتەکانیشی ئەمانەن: زمان، ئایین، موڵکایەتی و خێزان.

ستاتیکای کۆمەڵایەتی لای (کۆنت) مەرجە پێویستییەکانی بوون دەگرێتەوە، کە مەبەستی بوونی ئەنتۆلۆژی فەلسەفی نییە، بەڵکو مەبەستی ئامانج و ئەرکی ستاتیکای کۆمەڵایەتی مانای ئاوڕدانەوەی ڕاستەوخۆیە بۆ پشکنین و زانینی ئەو مەرجە بنەڕەتییە پێویستیانەیە بۆ بوونی کۆمەڵایەتی، لەسەر ئەم بنەمایەش لێکۆڵینەوەی ستاتیکی بەستراوە بە بوونی کۆمەڵ و ژیان و مانەوەی و پێوەندییەکانی، ئەمیش ئەبستراکتی ستاتیکە واتە ئەبستراکتی جێگیر.

- کۆمەڵناسی «دینامیک» یان گۆڕاو، تێیدا لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی لە حاڵەتی ناجێگیریدا دەکۆڵرێتەوە، لەو

ڕێیەوە یاسا گشتییەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەدۆزێتەوە.
نیزام یان جێگیربوون یان سەقامگیری ئەوا نیشانەی بنەڕەتی دینامیکیای کۆمەڵایەتی بریتییە لە پێشکەوتن، گۆڕان، پەرەسەندن، ئەگەر ستاتیکای کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر لێکۆڵینەوەی فەرمانەکان بکات، یان خۆی سەرقاڵ بکات بەو مەرجە زەروورییانەی بوونی کۆمەڵ، ئەوا دینامیکیای کۆمەڵایەتی پێویستی بە لێکۆینەوەی بزاڤەکان و گۆڕانەکان هەیە.
گومانی هەیە (کۆنت) پێش ئەوەی خۆی خەریک بکات بە بناغە تیۆریەکانی کۆمەڵناسی، بەشێکی گەورەی ژیانی ئەکادیمی خۆی بە فەلسەفەکانی زانست خەریک کردبێ، بۆیە زاراوەی نامۆیی بەکارهێناوە لە بواری کۆمەڵناسی وەک وشەکانی دینامیکاو ستاتیکا.
بەو پێیەش کۆمەڵناسی پۆزێتیڤی لای (کۆنت) ئامانجی دۆزینەوە و لێکۆڵینەوەیە لە یاساکانی ستاتیکاو دینامیکیای کۆمەڵ، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بتوانین ستاتیکی و دینامیکی پێکەوە ببەستین و پێکەوە تێکەڵیان بکەین لەمیانەی نەسەقێکی کۆمەڵایەتی. کەواتە پێویستە کۆمەڵ لە حاڵەتی ستاتیکای جێگیر لێک بدەینەوە و یاساکانی ئەم حاڵەتە ئاشکرا بکەین.
سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە دینامیکای کۆمەڵایەتی، ئێمە تەنیا ئەبستراکتی سۆسیۆلۆژی لێک دەدەینەوە لە ڕووی پێشکەوتنخوازی و دیاردەی پەرەسەندن کە بەهۆیەوە دەگەینە ئەو یاسا دینامیکانە کە حەتمیەتی پەرەسەندن دەستنیشانی دەکات، کەواتە کۆمەڵناس، پۆزێتیڤی لای بێ بەهایە و لە ئاستی وەسفکردنی ستاتیکا ناوەستێ، بەڵکو بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێ دژایەتی کۆن و سواو دەکات. مەبەستمان ئەوەیە کە کۆنت پێشەنگی یەکەمی کلاسیکییە کە ئاریشەکانی نیزام و سۆلیداریێتی لەسەر ڕۆشنایی تیۆرەکەی لە کۆمەڵناسی ستاتیکی چارەسەر دەکات، بەو پێیە کۆنت بیرورای هەڵوێستی کۆمەڵناسی پۆزێتیڤی لەلایەک و هەڵوێستی فەیلەسووفانی مێژوو لەلایەکی دیکە کۆدەکاتەوە، ئەگەر هەندێکیش بگەڕێینەوە دواوە بۆ مێژوو ئەوا مۆنتسکیۆمان بەرچاو دەکەوێ کە باس لە ڕواڵەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئایین دەکات کە هەموویان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە مۆنتسکیۆ خۆی پێی بەناوبانگە ئەویش (ڕۆحی گشتی)یە، کە پێوەندی کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە دەبەستێ، مۆنتسکیۆ جیاوازی لەنێوان سروشتی کۆمەڵ و پرەنسیپی کۆمەڵ دەکات. لای ئەو سروشتی کۆمەڵ سروشتی تایبەتی کۆمەڵە، بەڵام پرەنسیپی کۆمەڵ بریتییە لە بەها کۆمەڵایەتییەکان.
بەڕای (کۆنت) ئەوانەی دەڵێن، کۆمەڵ و کۆبوونەوەی مرۆڤ لەبەرئەوە دامەزراوە، چونکە تاکەکەسان سوودی خۆیانیان تێدا بینیوەتەوە ڕاست نییە، چونکە تا کۆنەبوونەتەوە نەیانزانیوە سوودی چی بووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە لەناخی مرۆڤدا دوو مەیلی خۆخوازی و ئەوی تر خوازی هەیە کە بەرهەمی سۆزەکانیەتی. یەکەمین بەرهەمی مەیلی ئەوی تر خوازی دامەزراندنی خێزانە. لەو پێکهاتە بچووکەدا مرۆڤ ڕووبەرووی هاوکاری و سوودی گوێڕایەڵی کردنی کۆمەڵ بۆتەوە وبەهۆی خووگرتن پێیەوە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی ئامادە دەبێ. پێویستی دابەشکردنی کاریش یارمەتی ئەم بیرۆکەیە دەدا و پێکهاتەی کۆمەڵگا پەیتا پەیتا فراوان دەکات تا دەگاتە ئەوەی کە بۆ ڕێکخستنی ئەم کاروبارانە پەنا بۆ دامەزراندنی حکومەت و دەوڵەت دەبەن.
هێنانەدی کۆمەڵگا بەرهەمی هەستی ئەوی تر خوازی مرۆڤە کە هێزی عەقڵیشی دێتە سەر و بەسەر هەستی خۆخوازیدا زاڵ دەبێ و لە ئەنجامدا وەکو چەشن (مرۆڤ) پەروەری لێدێ و هەرکەسێ مانەوەی چەشن بە بەردەوامی ومانەوەی شەخسی خۆی لە قەڵەم دەدات. جەوهەری ئەخلاق هەمان ئەوی تر خوازییە و ئەم جەوهەرە ئەخلاقییە بەهۆی پەروەردەی سۆزەکان و هێزی عەقڵانییەوە بەهێزتر دەبێ و دواجار دەبینین پێشکەوتنی مرۆڤ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە زانستییەیدا دەگونجێ کە بتوانێ هەستی چەشنپەرستی بەسەر خۆپەرستیدا زاڵ بکات.
(کۆنت) بەردەوام دەبێ و دەڵێ، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان پێوەندیان بە یەکترەوە هەیە و گۆڕانیان بە یەکتر بەستراوەتەوە، ناتوانرێ کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزی زۆرەملێ بگۆڕدرێن. بایەخدانی (کۆنت) بە ڕێژەییبوونی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لە خاڵە سەرەکییەکانی بیروڕاکانی، ئەو بڕوای

به هەستی کۆمەڵایەتی هاوبەش هەبوو و پێیوابوو لێکۆڵینەوە لە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان بە جیاواز و تاک تاکە، پێکهاتەی گشتی کۆمەڵناسی و پێوەندی نێوان بەشەکانی لەنێو دەبات.

(کۆنت) بە پێچەوانەی ئەوەی کۆمەڵناسی ئەمڕۆ دەیکات لەکۆتاییەکانی تەمەنیدا هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نموونەیی دەدا، ئەو دەیویست قۆناغی پۆزێتیڤی بەگشت خەسڵەتەکانیەوە لەو کۆمەڵگایەدا کە لەژێر کاریگەری قوتابخانەی مرۆڤدۆستی (هیومانیزم) و بەدەر لە غەریزەی خۆخوازی پیادە بکات.

چەمکی پۆزێتیڤیزم وەک باوە تێکەڵ بەناوی (ئۆگست کۆنت) بووە، هەرچەندە ئەو تەنیا یەکێک بوو لەبانگەشەکارو بڵاوکەرەوەیەکی جددی ئەم بیروباوەڕە و ئەوانی دیکەش بەشێوەی جیاواز باسیان لێوە کردووە. لە ڕوانگەی (کۆنت)ەوە پۆزێتیڤیزم هاودەمە لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی زانست کە تایبەتمەندی قۆناغی پۆزەتیڤە و هەروەها داهێنەری ئەزموونگەری سیستماتیکی هاوشان لەگەڵ جۆرە ئایینێکی ڕێسامەند کە پشت بە یەقینێکی میکانیکی دەبەستێ. پۆزێتیڤیزمی کۆنت بە کردەوە دەکەوێتە بەرانبەر فەرمانگەرێتییەوە، چونکە سەیری ئەوە دەکات کە هەیە ،نەک ئەوەی کە دەبێ ببێ (فەرمانگەرێتی). لە فەرمانگەرێتیدا هەمیشە حوکمدان لەسەر بنەمای بەهایەک یان سیستمێکی بەهاییە.

بە توێژینەوەی بۆچوونەکانی (کۆنت) دەردەکەوێ، کۆمەڵناسی ئەو هێشتا وێنەیەکی زانستی وەرنەگرتووە و پشت بە فەلسەفە دەبەستێ بەتایبەتی (پۆزێتیڤ) کە خۆی دایهێناوە. ئەو لێکۆڵینەوانەی لەمەڕ کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان ئەنجام دراوە سەرەتاپاگیربوونی؛ سێ قۆناغەکەی ئەو مەبەستیەتی ناسەلمێنن. جگە لەمە پێیوایە ئامانجی کۆمەڵناسییەکەی چاکسازیخوازی و پێشکەوتنی مرۆڤایەتییە و بەرهەمەکانی پڕە لە حوکمی فەرمانی و بەهایی. لەگەڵ ئەوەش پێویستە لەکاراترین ئەو کەسانەی دابنێین کە کۆمەڵناسی نوێیان دارشتووە. لە بیری (کۆنت)دا خوێنەر ڕووبەڕووی وێنەیەکی دوولایەنە دەبێتەوە، ئەو لەلایەک پێکهاتەیەکی زانستی بۆ کۆمەڵناسی دەخاتە ڕوو و لەلایەکی ترەوە ڕۆڵی پاپای ئایینی مرۆڤدۆستانە دەگێڕێ.

توێژینەوەکانی (کۆنت) سەبارەت بە حاڵەتی (ستاتیک) لە بارەی دوو تیۆری بنچینەیی دەخولێتەوە ئەمانیش «یاسای قۆناغەکانی سیانی» و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی. بەروبوومی لێکۆڵینەوەی (کۆنت) بۆ دینامیکی کۆمەڵایەتی لەم تێڕوانینەی دی «لێکۆڵینەوەی یاساکانی گەشەی کۆمەڵایەتی و پەیوەستبوونی میکانیزمی بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و دیاریکردنی ئەو پێشڤەچوونەی کە مرۆڤایەتی هەنگاوی بۆ دەهاوێ».

## بیروڕای جیاواز لەبارەی فەلسەفەی پۆزێتیڤی

فەلسەفەی سەلبی بووە هۆی خاڵی وەرچەرخانی فەلسەفەی ئۆگست کۆنتی پۆزەتیڤی و ئەو کارانەی کۆنت ئەنجامی دەدات، گۆڕینی هەڵوێستی سەلبییە لەکێشە فەلسەفییەکان بۆ هەڵوێستێکی ئەرێنی، مەبەست پێشکەشکردنی چارەسەرە بۆ ئەم کێشانە دوور لە چارەسەری فەلسەفی، ئەمیش بە یارمەتی زانستی پۆزێتیڤییەوە، بە دەستەواژەیەکی تر فەلسەفەی میتافیزیکی کلاسیکی کۆتاییەکەی لەگەڵ (کۆنت) دەست پێدەکات تا شوێن پێگەی فەلسەفە و زانستی پۆزێتیڤی بگرێتەوە، بەجۆرێک ئەوان ئەوکێشانەی کە چارەسەری بۆ نییە لەخۆیان بەدوور دەکەنەوە تاکو بە تەکنیکی زیاتر چارەسەری شتە واقیعیەکان بکەن، توانای خوێندنەوەی باشتریان هەبێ بۆیان. پێشکەوتنی فەلسەفەی پۆزەتیڤی وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ فەلسەفەی میتافیزیکی وا ناگەیەنێ کە فەلسەفەی میتافیزیکی لە ڕەگ و ڕیشاڵەوە نەماوە.

ئەگەر پێداچوونەوەیەک بە بۆچوونی فەلسەفەی پۆزێتیڤی بکەین بەرابەری تیۆری حەقیقی، بۆمان دەردەکەوێ کە فەلسەفەی پۆزەتیڤی پشت بە تێبینی دەبەستێ، تێبینیکردنی ئەم شتانەی کە هەیە، ئەم تیۆرییەش لەڕەگ و ڕیشاڵەوە بە بۆچوونی میتافیزیکی یۆنانی کۆن دەبەستێتەوە کە هەروەک خاڵی وەرچەرخانی نەزعەی خووی تازە وابوو. هەر شتێک کە بەرانبەر خودبێ، بریتییە لە دراوی هەستەوەری کە دەکرێ تێبینییان بکەین بەهۆی ئامرازە هەستەوەرییەکان، هەمان حاڵ بۆ فەلسەفەی پۆزێتیڤی کە هەمان تێڕوانینی هەیە بەرامبەر حەقیقەت لەگەڵ نەزعەی عەقڵانی و بابەتی. هەقیقەتیش بەپێی ئەو بۆچوونە دەرەنجامی چالاکی

عەقڵە بەعەقڵێکی بابەتیانە.

بابەتیش ئەو بابەتەیە کە دەستەبەرە، بوونی خۆی هەیە بەرانبەر مرۆڤ بەوپێیەی خودێکی خاوەن توانایە بەپێی مەرجە دیاریکراوەکان. لەسەر ئیمتیلاکی زانینی عەقڵانی ئەم توانایەش ڕێگەی بۆ خۆش دەکات کە ببێتە پێشەنگێک لەسەر بابەتەکە، بەجۆرێک خوێندنەوە، کۆی قۆناغەکانی ڕابردوو و داهاتووی هەبێ. فەلسەفەی پۆزێتیڤی (کۆنت)باس لە هەمان کێڵگەی میتافیزیکە، نەزعەی عەقڵی و بابەتی لەخۆگرتووە بە جیاوازییەکی کەم. فەلسەفەی (کۆنت) وێڕای مانەوەی وەک پاشماوەی فەلسەفەی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم پوچەڵبوونەوەی دیدگا کلاسیکییەکەی و پێشڤەچوونی زانست، بەڵام هەر سەنگی خۆی دەمێنێ وەک نموونەیەکی زانستی.

چەمکی زانست لای (کۆنت) تێڕوانینێکی مەعریفی گشتییە، پێوەری پێگەیشتووی مرۆڤ دەردەخات دەرەنجامی ئەو هەنگاوە مەزنانەی مرۆڤ هەنگاوی بۆ ناوە و پێگەیشتووە لە قۆناغی ئایینیەوە بۆ میتافیزیکی ئینجا بۆ قۆناغی زانستی کە قۆناغی هاوچەرخیەتییە، هەر پێوەندی یان پێشهات یان ڕووداوێک بە تێبینی کردنی دیاردەکان و شیتەڵ کردنیان، بەپێی ئەو ئامراز و هۆکارەی لەبەردەستە لە زمانێکی زانستییانەی هاوچەرخ دوور لە خەیاڵی میتافیزیکی بەرجەستە دەکرێ.

دوو مەرج هەیە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان لەسەر میتۆدی پۆزێتیڤ:

١- دەبێ ئەم دیاردانە ملکەچی یاساکان بن کە نەکەوێتە ژێر ڕکێفی حەز و ئارەزوو و ڕێکەوت، ئەم مەرجەش لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەستەبەر دەکرێ بەوپێیەی کۆمەڵگە بەشێکە لە سروشتی گشتی هەروەها لایەنە سروشتییەکان ملکەچی یاسا جێگیرەکان دەبێ.

٢- زانینی خەڵک بۆ یاسای دیاردەکان، دەستەبەر ناکرێ، مەگەر بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەی پۆزێتیڤی لە ڕێگەی توێژەران کە کاریان پشکنین کردنە لەسەریان.

**فەلسەفەی پۆزێتیڤی لای ئۆگست کۆنت و کانت**

بیرۆکەی (کانت) سەبارەت بە بەرنامەی زانستەکان تەشەنەی کرد، بەرامبەر بەوەش دەستەواژەی (فەلسەفەی زانستەکان) هاتە ئاراوە، کە ئەو بەشەی فەلسەفەیە کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری زانستە سروشتییەکان دەکات، بۆ سەیرکردنی بەرنامەی زاناکان و چۆنێتی گەیشتن بە ڕاستییەکان. بەو مانایەی کە (فەلسەفەی زانستەکان) فراوانترە لە بیرۆکەی (کانت) کە بەزانستی (بەرنامەکان) دەناسرێ، چونکە ئەوەی یەکەمیان لە دیراسەکردنی بەرنامەکان تێپەڕ دەبێ بەرەو ڕاستکردنەوەی ڕاستییە زانستییەکان.

(کانت و کۆنت) هێرش دەکەنە سەر زانستە سروشتی و یەزدانییەکان و نکۆڵی لە بوونی شتی ڕەها دەکەن، لە کۆتاییدا بەتایبەتی سەبارەت بە هەردوو بواری ئەخلاق و ئایین دووپاتی ڕاستی بوونی وتەکانی ئەو بوارانە دەکەنەوە. وەک چۆن هەردووکیان دووپاتی هەبوونی هەندێ کێشە دەکەنەوە لەبواری ئەزموونی سۆفیگەری و جوانی و هونەری سەبارەت بە زانینە سروشتییەکان و ئەخلاق.

وەک چۆن هەندێ خاڵی لێکچوون لەنێوان (کۆنت و کانت) هەبوو، ئەوا هەندێ خاڵی جیاوازیش هەن، لەوانەش بیرۆکەی (کۆنت) لەبواری زانین ڕەخنەگرانە نییە وەک بیرۆکەی (کانت)، لەوکاتەی کە (کۆنت) هەوڵیدا بەلای فەلسەفەوە بچێ و هەڵوێستی زیاتر پۆزێتیڤی بوو، ئەوکاتەی (کۆنت) هەوڵی دا کە باسی مەرجەکانی زانین بکات، (کانت) هەوڵی دەدا بگاتە زانینێکی پۆزەتێتیڤی لەسەر بنەمای دیراسەتی دیاردەکان بەشێوەیەکی زانستییانە، بەم شێوەیە کۆنت تووشی بەریەک کەوتن هات لەوانەکانی لەسەر فەلسەفەی پۆزێتیڤی لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە دۆزینەوەی بواری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی هەردوو فەلسەفە بوو، فەلسەفەی کانتی ڕەخنەگرانە و فەلسەفەی کۆنتی پۆزێتیڤی، چونکە یەکەمیان دووپاتی دەکردەوە لەسەر زانینی دیاردەکان کەبەشێوەیەکی گشتی لەسەر شتەکان بەدیار دەکەوێ، لەوکاتەی دووەمیان دووپاتی بوون و بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردانە دەکات کە لەجیهانی سروشتدا باون، هەروەها ئەرکی زانای سروشتیزان بریتییە لە دۆزینەوەی ئەو یاسایە کە کۆنترۆڵی ڕێڕەوی ئەو دیاردە سروشتییانە دەکات.

ئەوەی لای ئێمە گرنگە لە بەرنامە و فەلسەفەکانی زانستی، کە ئەوانە بەشی سەرەکین لە لۆژیک، کۆنت

بەهۆی هەوڵەکانی بۆ دارِشتنی بەرنامەیەکی زانستی لە بواری فەلسەفە و هەوڵەکانی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی زانستە سروشتییەکان لە دیراسەتکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان توانی ڕێگەی کۆمەڵناسی بدۆزێتەوە، بۆیە ئەو هەوڵانەی (کۆنت) گەیاندیە دۆزینەوەیەک کە ئامانجی نەبوو، ئەویش زانستی کۆمەڵناسی بوو. (نیقۆلا تیماشیف) لە کتێبەکەی لەسەر (بیردۆزی کۆمەڵایەتی) دەڵێ «کۆنت هەوڵیدا بەرنامەیەکی پۆزێتیڤی دابنێ کە لایەنەکانی ئەمبریقی ئەو زانستە تازەیە بنیات بنێ، هەروەها هەوڵیدا دووپاتی ئەو لایەنە تیۆرییانە بکاتەوە کە بەبێ ئەوانە بنەما و میتۆدولۆژیەکانی کۆمەڵناسی پێ تەواو نابێ».

ئەگەر ڕەچەی پۆزەێتیڤی لەخودی خۆی بزاڤێکی پاپشتیکەر بێ بۆ زانست و لە هەمان کات دژی میتافیزیکیای تەقلیدی بێ ئەوا (کۆنت) هەر لەسەرەتاوە ئەو پێوەندییەی لۆژیک و میتافیزیکیای ڕەت دەکردەوە. وەک چۆن (کۆنت) هێرشی کردە سەر لۆژیکی شێوەیی کە میتافیزیکییەکان دروستیان کردبوو، چونکە ئەوان باوەڕیان بە بە یەکداچوونی بیروبۆچوونەکان هەبوو بەبێ گەیشتن بە ئەنجام، لەگەڵ ئەوەشدا (کۆنت) نەیتوانی شتێکی تازەتر لە (بیکۆن و دیکارت) تۆمار بکات لەم بوارەدا، بەڵام ئەگەر ڕەچەی پۆزێتیڤی نکۆڵی لە لۆژیکی میتافیزیکی کردبێ، ئەوا پشتگیری لۆژیکی تاقیگەیی (ئیمبریقی) لای (بیکۆن و جۆن ستیوارت یل) دەکرد بۆیە (کۆنت) لەبواری دیراسەتە کۆمەڵایەتییەکانی پەیرەوی بەرنامەی وەسف و تێبینی دەکرد.

(کۆنت) ڕەخنەکانی لەسەر بەرنامەی تاقیگەیی ڕووت کە لای (فرانسیس بیکۆن) هەبوون ڕاستبوون، لە ڕەخنەکەی دەڵێ کە تێبینی زانستییانەی ورد نابێ بەبێ بوونی گریمان کردنێکی پێشینەیی، بۆیە بیرکردنەوەی تاقیگەیی ڕەها بە بڕوای کۆنت بیرکردنەوەیەکی نەزۆکە و تەنانەت ناتوانرێ ئەندێشە بکرێ، چونکە تێبینی نابێتە زانستییانە ئەگەر لەسەر بنەمای بیردۆزێک یان یاسایەک شی نەکرێتەوە و کۆکردنەوەی ڕووداو و دیاردەکان هیچ سوودێکی نابێ، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕەخنانەی (کۆنت) بۆ «بەرنامەی تاقیگەیی ڕووت» ئەو ویستی بۆ خۆی لۆژیکێکی پۆزێتیڤی بنیات بنێ بۆ پاڵپشتیکردنی (فەلسەفە پۆزێتیڤییەکەی) لەلایەک و بەهۆیەوە تەعبیر لە بیردۆزە کۆمەڵناسییەکەی بکات لەلایەکی ترەوە، بۆیە (کۆنت) زانست و لۆژیکی پێکەوە دەبەستەوە بەو پێیەی کە تەواوکەری یەکترن.

بەپشتبەستن بەو تێگەیشتنە (کۆنت) هەوڵی دا بیروبۆچوونی زانستی و لۆژیکی لێک جیا نەکاتەوە، لە هەمان کات ناوەڕۆکی زانست و بەرنامەکەی لێک جیا نەکاتەوە لەسەر بنەمای ئەوەی لۆژیکی فەلسەفەی پۆزێتیڤی جیاناکرێتەوە لە بەرنامەی زانست، چونکە بەرنامەی پۆزێتیڤی لە کرۆکەکەیدا یەک شتە و زانستیش لەخودی خۆیدا یەک شتە بۆیە ئەوان بەرەو یەک ئامانج دەڕۆن ئەویش گەیشتنە بە (بیرۆکەی یاساکان) کە کۆنترۆڵی ڕووداو و دیاردەکان دەکەن، بەو پێیە دەتوانین پێشبینی بکەین کە ئەوەش ئامانجی زانستە لەسەر ئاستێکی دوور.

(کۆنت) هەستا بە هەوڵی جێبەجێکردنی بەرنامەی پۆزێتیڤی بۆ دیراسەتکردنی دیاردە کۆمەڵناسییەکان لەسەر بنەمای بیرۆکەی تێبینی کردنی بابەتییانە، کە ڕێگە لەبەردەم کۆمەڵناسی خۆش دەکات بۆ دارِشتنی یاسای کۆمەڵناسی گشتی بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردە و ڕووداوەکان، زانست لای (کۆنت) تەنیا بریتی نییە لە زانیاری لەبارەی دیاردەکانەوە، بەڵکو ئەو یاسایانەن کە کۆنترۆڵیان دەکەن. (کۆنت) ویستی ئاوڕێک لە پرۆگرامی «سەیرکردن و سەپاندن» بداتەوە و ڕازی نەبێ بە پرۆگرامی ڕامانی خۆبەتی. لەگەڵ نکۆڵیکردنی بیرکردنەوەی میتافیزیکی کە «لۆژیکی چاولێکردنی ئەرستی» پشتی پێ دەبەستێ. ئەمەش بەڕای (کۆنت) لۆژیکێکی نەزۆکە ناگاتە هیچ نوێکارییەک. (کۆنت) بەشدارییەکی گرنگی کردووە لە گۆڕەپانی خوێندنی لۆژیکی کە ئەم بەشدارییەش شایەنی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەیە. کۆنت بیری پۆلێنکردنی داهێناوە و لە پۆلێنە بەناوبانگەکەشیدا هەڵساوە بە پۆلێنکردنی هەموو پرۆگرامە زانستییە سروشتییەکان و بیرکارییەکان هەروەها پرۆگرامی زانستی بایۆلۆژی لە پۆلێنکردنی ڕەگەز و جۆرو خێزانیدا بەکارهێناوە. بەهۆی ئەم پۆلێنکردنەش (کۆنت) مۆرکی بایۆلۆژی گشتی بەخۆوە گرتووە.

(کۆنت) ئاماژە بەوە دەکات، دەکرێ سوود لە زانستی

بایۆلۆژی وەربگرین وەک پێداویستییەکی لۆژیکی. لێرەدا باسی پۆلێنی دیاریکراو دەکات لەسەر جیهانی ڕووەکی و جیهانی ئاژەڵی بە گوێرەی ڕەگەز و خێزان و کۆمەڵە. دابەشکردنی ئەرستۆ بۆ شێوەکانی ژیانی ئەندامی ئاژەڵی و ڕووەکی کاری لە پۆلێنەکانی کۆنت کردووە، تەیاراتی بایۆلۆژی و ئەندامی کاردانەوەی هەبوو لە کتێب و وانە بەناوبانگەکانی (کۆنت) لە بارەی فەلسەفەی پۆزێتیڤییەوە.

## ڕەخنە

هەرچەندە ئەم یاسایەی کە (کۆنت) دایناوە کە بەگرنگترین کارەکانی ناوبراو دەژمێردرێ، کەچی ڕەخنە و تێبینی زۆری ئاراستە کراوە کە دەکرێ لە چەند خاڵێکدا چڕیان بکەینەوە:

(کۆنت) پێی وایە مرۆڤایەتی پەرتەوازە نابێ، بەڵکو کۆمەڵگا لای ئەو بریتییە لە یەک کۆمەڵگە و دەکەوێتە ژێر ڕکێفی یەک یاسا، لەوکاتەی کۆمەڵگاکان پەرتەوازە و جۆراوجۆرن، چونکە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کۆمەڵگەیەک نییە لە شێوازی تاک بێ، بەڵکو ژمارەیەک لە کۆمەڵگەیە کە ناکرێ لە ئاستی پێشڤەچوونی پێشکەوتندا، لەیەک ئاست و شێواز بن بۆ چۆنیەتی دەرک کردن و تێگەیشتن لە دیاردەکان، چونکە هەر کۆمەڵگایەک خاوەن ڕێچکە و بیرکردنەوەی خۆیەتی بۆ خوێندنەوەی پێشهات و پێشبینییەکان، بۆیە ئەو قۆناغانەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تێیدا گوزەریان تێدا دەکات لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی ترو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازی بەخۆوە دەبینێ.

ئەو ڕێگایەی لە شێوازی عەقڵی مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە جیایە لەوەی کە (کۆنت) دیاری کردووە، لە زۆر کاروباردا تێگەیشتنی پۆزێتیڤی پێش تێگەیشتنی ئایینی و میتافیزیکی کەوتووە ئەمەش هەر لەکۆنەوە لە تێگەیشتنی ڕاستییە ریازی و گەردوونییەکان بەرجەستە کراوە بەر لە سەرهەڵدانی زانستەکانی تر ئێستاش ئێمە زۆر لەو کۆمەڵگایانە دەبینین کە ڕاستیی و شیتەڵکردنەوەی ئایینی یان میتافیزیکی بۆ دەکەن وێڕای برینی قۆناغی پۆزێتیڤی لەدیدی کۆنتدا. کۆنت پێشڤەچوونی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا بۆ بیرکردنەوە دەگەڕێنێتەوە لەکاتێکدا ئەم دیاردانە دەکەوێتە ژێر ڕکێف و کارلێک کردنی چەند هۆکارێکی تر کە بیرکردنەوە بە یەکێک لەهۆکارەکان دادەنرێ نەک تاکە هۆکاری ئەو پێشڤەچوونە.

یاسا سێکۆچکەییەکەی (کۆنت) بۆ حاڵەتە ڕاستییەکان تەواو پشت بە مێژوو نابەستێ، بەڵکو تەنیا بیرۆکەیەکی فەلسەفییە تێیدا چەند کۆمەڵگایەک دیاری دەکات و بیرۆکەی خۆی لەسەریان پراکتیزە دەکات، بێ هیچ خوێندنەوەیەک بۆ مێژووی کۆمەڵە مرۆڤایەتییەکان. ئەگەر هەمان خوێندنەوەی بیرۆکەکەی بۆ گشت کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان بکردبایە، ئەوا بۆی ڕوون و ئاشکرا دەبوو کە ئەمەی پێگەیشتووە لەسەر زۆر لە کۆمەڵگاکان نایەتە دی بۆیە یاساکە بەپێی پێویست نییە.

ئەم یاسایە شارستانیەتی بە پێشکەوتن شی کردۆتەوە لەکاتێکدا کە شارستانی بریتییە لە ئاستی گشتی ژیانی ماددی و ڕۆحی کۆمەڵگە، بێ لەبەرچاوگرتنی پێشکەوتن یان دواکەوتنی کۆمەڵگە.

ئەم سێ حاڵەتە یەک لەدوای یەکە هۆکاری پێشڤەچوونی کۆمەڵگە شی ناکاتەوە، ئەگەر چاو بە مێژوودا بخشێنین، دەبینین حاڵەتی پۆزێتیڤی مەرج نییە لەدوای حاڵەتی میتافیزیکی و ئایینی بێ، ئەگینا ئەوروپا لەچەرخەکانی ناوەڕاستدا لەکوێ بوو؟ ئایا سەرقاڵی برینی قۆناغەکانی پۆزێتیڤی یان ئایینی یان میتافیزیکی بوو؟ ئەوکاتە ئەوروپا تێکەڵ ببوو لەگەڵ هەرسێ قۆناغ پێکەوە کە لەزۆر لایەن ئەم حاڵەتە بەدی دەکرا، لەواقیعی هەر کۆمەڵگایەک تاکو ئەمڕۆ تێکەڵی دیاردەکانی بیرکردنەوەی یەزدانی، میتافیزیکی و پۆزێتیڤی بەیەکەوە دەبینین، ئێستا بیرۆکەکانی کۆنت گرنگییەی ئەوتۆی پێنادرێ، هەرچۆن بێ ڕۆڵێکی گرنگی بینی بۆ گەڵاڵەبوونی ئەم زانستە نوێیە و کاراکردنی هەوڵەکان و بەدواداچوونی زیاتر.

## دەرەنجام

تێڕوانینی (کۆنت) بۆ دنیا وەکو یەک شتی پێکەوە نووسراو وابووە، چاوپۆشی لە ڕێژەیی کات و شوێنی بۆ هەر حاڵەتێکی بونیادی نەبووە، لەلایەکی تر چاوپۆشی لە خاڵە بەیەکگەیشتنە گشتییەکان و لەنێوان قۆناغە هاوشێوەکان نەکردووە کە کۆمەڵگاکان پێیدا تێپەڕ دەبن،

که دەبێتە هۆی زانینی یاسا گشتییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

میسالیەتی لەتێڕوانیندا دەردەکەوێ، کەوا دەبینێ بیردەکەوێتە پێش واقیعەوە و دەیجوولێنێ، میسالیەت لێرەدا بەمانای بنەڕەت و بنچینە ئەخلاقییەکان نایەت، بەڵکو مەبەست تێیدا تێڕوانینێکی روونکردنەوەیە، سەرەڕای لاساییکردنەوەی زانستە سروشتییەکان، بەڵام لێکدانەوەی واقیعی نەبوو، چ سەبارەت بەتێڕوانینی بەرانبەر بە کۆمەڵ، یان بەرانبەر بە جووڵە و پێشکەوتنی.

کۆمەڵگە لە دایک نابێ یەکەم جار منداڵ بێ و پاشان گەنج و پاشتریش گەورە، هەتا دوایی ئەم وێنە قێزەوونە، کۆمەڵگە هەمووی یەکگرتوو و هاوکار نییە، بەڵکو ناکۆکی و ململانێی تێدایە، کە مێژووی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی گەواهی دەرن پێش کۆنت و پاش کۆنت.

ترسی (کۆنت) لەگۆڕانکاری و شۆڕشەکان، سووربوونی لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی و بەرژەوەندییەکانی هەر کەس بیەوێ زانستی کۆمەڵایەتی لەخزمەتیدا بێ، ئەمانە هەمووی کاریگەریەکی روونی هەبوو لەسەر هەڵوێستی بەرانبەر بەو شتانەی دەوروبەری، بۆیە سوور بووە لەسەر ئەوەی کە زانستی نوێ کەرەستەیەک بێ بۆ بەهانە و پارێزگاری و بۆ ئەوەی ئەم زانستە بسەلمێنی کە لەسەر بنەمای (پۆزێتیڤی و مەزهەبی) بونیادی نا کە بیروباوەڕو بنەمایەکی هەیە بانگەشە دەکات بۆ خۆ بەدەستەوەدان.

ئەو خۆ بەدەستەوەدانە کە خاڵێکی سەرەکییە لەنووسینەکانی (کۆنت) ڕاستەوخۆ لە قبوولکردنی یاسا ئەزەلییە جێگیرە نەگۆڕەکان وەرگیراوە بۆ هیچ کەس نییە بیگۆڕێ، ئەگینا تووشی سزا دەبێ، ئەگەر هەوڵیش بدات ناتوانێ بیگۆڕێ، چونکە هەر دەبێ ببێ و دیاری کراوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ دەبێ خۆی بگونجێنێ و ملکەچ بێ بۆ ئەوەی کە هەیە، چونکە هیچ دەسەڵاتی نییە و ناشبێ هەیبێ. عەیب لە مرۆڤ و ئەخلاقی (ڕەوشت) خۆیدایە نەک لەبارودۆخ، ئەمەش تێڕوانینێکە نەک هەر تەنیا دژی مرۆڤە، بەڵکو شێوێنەر و تێکدەری مێژووی مرۆڤیشە.

ناوبراو بە هێنانی بیرە ئایدیۆلۆژیەکان، لەبەرگێکی زانستی نەوەستاوە- وەکو یاسای سێ قۆناغەکە کە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نییە کە بەشێوەیەکی زانستی بیسەلمێنێ، کە تێیدا کۆمەڵگە وەکو ئاژەڵی «کنجارو» دەبینێ کە یەکەم پێیەکانی دواوەی هەڵدەگرێ، ئەمەش وەکو بەڵگەیەک هێناویەتی بۆ گواستنەوە و هێنانی ڕابردوو بۆ ئێستا و ئێستاش بۆ داهاتوو، هەروەکو چۆن هەیە بەپێی توانا- بە هەموو ئەمانەوە نەوەستا، بەڵکو ویستی لەم ڕێبازەوە پشتیوانیەک بەدەست بێنێ.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو باسی لەبەراورد و تاقیکردنەوە و مێژوو کردووە، بەڵام بەکاری نەهێناوە، بەڵکو پێداگری کردووە لەسەر تێبینی کردن و زیادەڕۆیی کردووە لە بەکارهێنانیدا و تێبینی کردن وەکو ئاشکرایە بریتییە لە شتێکی دیاریکراو و تەرکیز کردنە سەری بە هەموو هەستەکانەوە، پاشان بیرخستنە لای بە تەواوی لەو کات و ساتەدا، پاشان قەدەغەکردنی بەراوردی شتێک بەشتێکی تری ڕابردوو، یان دەربڕینی بۆچوون بەرانبەری کە چۆن دەبێ لە داهاتوودا، بۆ ئەوەی نەزانرێ بارودۆخی ئێستا چی بۆ هەیە و چی لەسەر و دەشبێ چۆن بێ لە داهاتوودا، چونکە ئامانج پارێزگارییە و هیچی تر.

**سەرچاوەکان:**

**١- د. عبدالباسط عبدالمعطي، اتجاهات نظرية في علم الإجتماع، مطابع الأنباء، الكويت، ١٩٨١.**

**٢- د. علي عبدالرزاق حلبي، قضايا علم الإجتماع المعاصر، دارالمعرفة الجامعية، مصر، ١٩٧٩.**

**٣- د. عبدالحميد لطفي، علم الإجتماع، دارالنهضة العربية، بيروت، ١٩٨١.**

**٤- د. قيس النوري، د. عبدالمنعم الحسني، النظريات الإجتماعية، مطابع جامعة الموصل، ١٩٨٥.**

**٥- د. قباري محمد اسماعيل، علم الأجتماع المداخل والنظريات و المناهج، دارالمعرفة الجامعية، مصر، ١٩٨١.**

**٦- ليفي بريل، فلسفة اوجست كونت، ت: د. محمود قاسم، د. سيد محمد بدوي، الطبعة الثانية، مكتبة الأنجلة المصرية، القاهرة، ١٩٥٣.**

**٧- مەنوچهێر موحسنی، کۆمەڵناسی گشتی، و: موسلح ئیروانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.**

**8- WWW.libaforum.org.**

**9- www.alarabonline.org.**

**10- www.nizwa.com.**

**11- www.islamonline.net.**

# خوێندنەوەی فەلسەفە بۆ توندوتیژی

یووسف عوسمان حەمەد

دیاردەی توندوتیژی پرۆسەیەکی نەریتییە کە هەموو دەستکەوتە مرۆییەکان دەبەزێنێ و مرۆڤایەتییەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی وەحشیگەریەتی کە هەموو بەهاکانی تاک ون دەبێت لەژێر ناوی بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی پیرۆزییەکان. ئەم کارە لە سەرووی کۆنترۆل کردنی دەروونی تاکە لە بەرامبەر هێرشی فیکری و بەهایی. لە ڕوانگەی فەلسەفەوە ئەوە شەڕێکی ستراتیژییە لە واقیعی ئەمڕۆدا کە ڕۆژانە چەندان ڕێکخستنی توندڕەو دروست دەکات. کە تەنیا چالاکی سەربازی دەکەن، یان فۆبیای ڕێکخستن دروست دەکەن چ لەسەر جۆشدانی مرۆیی بێت، یان بەگەڕخستنی ژێرخانی وڵات بێت. لە پێناوە هەڵوەشاندنەوەی توانایەکانی دەوڵەت لە ڕووی ئابووری و پێداویستییەکانی گەشەکردن بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن سوود لە هەژاری و دواکەوتوویی ببینن بەپێی ئەو فەلسەفەیە بۆ خۆیان و پرۆسەی توندوتیژی بەکاری بێنن، چونکە لە جۆشدانی مرۆیی پێویستیان بە ئامادەیی یان زەمینەی کەسانێک هەیە بتوانن بە ئاسانی ئەو فکرەیە هەرس بکات. ئەمەش شەڕێکی سایکۆلۆژییە، نەک شەڕێکی ڕووبەڕووبوونەوە ئەمەش کۆمەڵێک ئاماری هەیە بۆ ترس و فۆبیا دروست کردن نەک لە خودی دەوڵەت، بەڵکو لە خودی هەموو کەسێک، بۆیە زۆر لە سایکۆلۆژیستەکان ئەو ڕێکخستنە بە یانەی نەوەوی ناودەبەن. لەسەر ئاستی دیاردەی ڕەفتاری،چەمکی توندوتیژی بەستراوەتەوە بە خەسڵەتەکانی کەسایەتی تاک و بەهەموو جۆرە ڕەفتارەکانەوە دیاردەبێت. وەکو ڕەفتاری دژایەتی و

حەزی داگیرکردن و دەست بەسەرداگرتن، ڕەفتاری دژایەتی کۆمەڵ و دەمارگیری ئەو حاڵەتانە دەبنە هۆی پەشۆکاوی دەروونی کە هەموو پێوەرەکانی هاوسەنگی تێک دەچێت، کە پێی دەوترێت ڕەفتاری نەخۆش یان کەسی نەخۆشی دەروونی. چەمکی توندوتیژی، یان تیرۆر جێی گفتوگۆ و دیالۆگی نێوان فەیلەسووفەکان و دەروونزانەکان بووە. زۆر جار لەنێوان خۆیاندا جیاوازی و بۆچوونی جیاواز هەبووە، (هۆبز) دەڵێت چەمکی تیرۆر بریتییە لە شەڕی دژی کۆمەڵ. دەڵێت ئەو شەڕە ڕەنگدانەوەی سروشتی مرۆڤایەتییە کە هاوکاری ئێمە دەکات بۆ گەیشتن بەڕاستی چەمکی توندوتیژی کە (هۆبز) چوار ئەگەری بۆ شرۆڤەکردنی چەمکی تیرۆر داناوە:

ئەگەری یەکەم: ڕەفتاری خەڵک، هەموو کۆمەڵە غەریزەیەک و پاڵنەرێک کە هاوبەشن دەیجوولێنێتەوە واتە خەڵکان لە پاڵنەرەکان هاوبەشن بۆ بەکۆمەڵایەتی بوونی ڕەفتاری خۆیان.

ئەگەری دووەم: دەکرێ لەڕووی سایکۆلۆژییەوە، ئەو پاڵنەروغەریزانە بە حەز و مەیلی زاڵ پێناسە بکەین کە تاک ناتوانێت پشت گوێیان بخات، یان وازیان لێ بهێنێت، ئەو بە شێوەی پێداویستی فسیۆلۆژی توند دەردەکەوێت، یان پرۆسە تێربوونی خۆی بە شێوەی هەڕەمەکی نوێ دەبێتەوە بەبێ ویستی واقیعی تاک.

ئەگەری سێیەم: سەرچاوەی تێربوونی ئەو حەز و پێداویستیانە زۆرجار بە کەرەستەیەکی دیاریکراو بەستراوەتەوە کە دەرفەتی تێربوونی بۆ هەموو کەسێک لەبار نییە بۆ نموونە تێرکردنی حەزی سێکسی بەستراوەتەوە بە کەرەستەی هەبوونی توانای هاوسەرگیری کە ڕەنگە بۆ هەموو گەنجێک ئەو تێرکردنە لەبار نەبێت، یان دەیان کۆسپ و تەگەرە هەبێت، ئەوا بە شێوەیەکی سلبی کاردەکاتە سەر ڕەفتاری ئەو کەسە.

ئەگەری چوارەم: حەز و پێداویستی زۆرجار خۆی دەچەسپێنێ بەسەر تاک لەناو کۆمەڵگادا وەکو هێزێکی پێویستی یەکلاکەرەوەی ڕەهەندی سێیەمی تاک کە بە هیچ شێوەیەک ئەو هێزە کۆنترۆڵ ناکرێت لەلایەن کەسی بەرامبەر ئەوکاتە ئەو هێزە لە ڕەهەندی سێیەمدا دەتوانیت هەژموونی خۆی بەسەر کەسی بەرامبەر بچەسپێنێ و بۆ پێداویستییەکانی بەکاری بهێنێ.

نائارامگیری و ڕکابەری لەنێوان خەڵک هەموو کەسێک دەخاتە ژێر مەترسی لەناوچوون لەژێر ناوی جۆراوجۆردا. شرۆڤەی سایکۆلۆژی بۆ ئەو چوار ئەگەرە ئەوەیە کە تیرۆر خەسڵەتێکی ڕەفتارییە ناتوانرێت کاری توندوتیژی ڕەفتارەکان لە پاڵنەروغەریزەکان جیابکرێنەوە هەردووکیان دوو دیوی یەک پارەن بۆ هەموو ڕەفتارێک هێمنانە بێت، یان توندوتیژ، پاڵنەرێک هەیە. ئەوەش پێکهاتەی ئەگەرەکان کە بە چەمکی پێداویستییەکان گرێ دراوە و سەرچاوەی تێرکردنی ئەو پێداویستییە ئەو کاتە چالاکی پاڵنەرەکان بەدەردەکەوێت لە شێوەی شەڕانگێزی و توندوتیژی لەو کاتەی کە هاوسەنگی لەنێوان پێداویستی و توانای تێرکردن نییە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تیرۆر ڕەفتارێکە بۆ تێرکردنی غەریزەکان جا ئەو غەریزانە ڕەهەندێکی جیاوازیان هەیە لە بۆچوونی تاک و پێوەری کۆمەڵگا، چونکە ئەو کاتە توندتیژی دەبێتە ڕەفتار سێبەری هاوەڵی کەسایەتی تاک کە هیچ دەرباز بوونی نییە ئەمەش تێڕوانینێکی ڕەشبینانەیە بۆ سروشتی ڕەفتاری تاک. ئەو ڕەشبینییە بریتییە لە ملکەچ بوون بۆ حەتمییەت ئەمەش بە بۆچوونی فرۆید و قوتابخانەی شیکاری دەروونییەوە کە توندوتیژی بۆ چوار ئەگەری تر شیتەڵ دەکات وەکو پێکهاتەی تیرۆر و توندوتیژی:

١- ئەگەری گرێی ئۆدیب و گرێی سۆزداری بۆ دایک و هۆگربوونی بە دایک، منداڵ لەژێر کاریگەری ئەو حەزە دابین کراوە دەمێنێ بە هۆی درووژاندنی سۆزی دایکایەتی ناتوانێ لەو حەزە ڕزگاری بێت تاکو گرێی ئۆدیب نەکرێتەوە و چارەسەر نەکرێت، زۆرجار گرێی ئۆدیب وەکو خۆی دەمێنێتەوە، وەکو وزەیەکی شاراوە تووشی چەپاندن دەبێت کە ئەو گرێیە کارێکی سلبی دەکاتە سەر ڕەفتاری تاک و ئامادە دەبێت بۆ لادان و ڕەفتاری توندوتیژی واتە گرێی ئۆدیب وەکو پاڵنەرێکی لێ دێت بۆ کارە تیرۆرییەکان.

٢- گرێی ململانێ، منداڵ خۆی لەبەردەم دوو ململانێی بێ کۆتایی و بێ چارەسەر دەبینێتەوە ململانێی نێوان خوشک و برایەکان لەلایەک و ململانێی نێوان خۆی و دایک و باوکی لەلایەکی تر ئەمەش زۆرجار دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی سنووری خێزان، واتە ململانێی دەوروبەر و کۆمەڵگا و دژ ڕاوەستانیان لەبەرامبەر هێمنی

کۆمەڵگا. ئەو ململانێیە دەبێتە گرێی ڕکابەری و دروست بوونی کەسی کاریزمی لە دەوروبەردا، یان ئەگەر ململانێیەکە توند بوو، ڕەنگە پرسی سەربازی و باندی مافیا دروست بکات و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێوەرەکانی کۆمەڵگا و کولتوور و دابونەریتەکان.

٣- باری مولکایەتی کە گرفتی منداڵە ئەو کاتە کۆتایی دێت کە منداڵ بە کۆمەڵایەتی بوونی خۆی دەسەلمێنێ ئەمەش لەبارێکی تایبەتی دەبێت بە پاڵنەری نەستی و کوشتنی هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لە بەرامبەر حەزە چەپاندراوەکان دەبێت، ئەگەر نەتوانرا ئەو کۆسپ و تەگەرانە لاببرێت، تووشی لادەری دەروونی کۆمەڵایەتی دەبێت و لەئاکامەکەشی توندوتیژی دروست دەبێت.

٤- گەورەکان وەکو گەنج و هەرزەکار و منداڵ لەو ململانێیە دەرباز نابن بەتایبەتی لە کەش و بارێکی گونجاو بۆ دووبارە چالاک کردنی ئەو حەزانە کاتێ کە تووشی چەپاندن و ژینگەی لێڵ دەبێت لە چەپاندن، ئەو کاتە دژایەتی دەبێتە بەشێک لەبەرنامەی ژیانی تاک. لەم شرۆڤانەی (فرۆید) و (هۆبز) نموونەی (مارکس) هەیە بۆ توندوتیژی وەکو هێزی بەرگری ئەو لەو فەلسەفەیەدا بەتایبەتی لە کتێبی هەژاری فەلسەفە توندوتیژی یان زەبروزەنگ لەتاکەوە دەگوازێتەوە بۆ توێژوچینەکان، بەڵکو بە پێویستی ئەو قۆناغەی دانا کە دەبێت بوونی هەبێت وەکو پێداویستی سەرکەوتنی شۆڕشی چینایەتی تا کار گەیشتە ئەوەی دیکتاتۆری چینایەتی بەرهەم بێت، ئەمەشی لە ئەنجامی حەتمیەت و پێداویستی دەبێت و مارکس ئەم حاڵەتە واتە توندوتیژی بەشتێکی سروشتی دانانێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە لای مارکس خەسڵەتێکە لە حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی کە لە دەرئەنجامی بۆگەن بوون و گەندەڵی هۆیەکانی بەرهەم هێنان دەبێت بەهۆی نادادوەری کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی لەدایک بوونی توندوتیژی، دەکرێت ئەو ڕکابەریەی نێوان هۆیەکانی بەرهەم هێنان بگۆڕدرێت بە گۆڕانی پێوەندی بەرهەم هێنان و دابەش کردنی دادوەرانەی ئابووری و نەمانی زێدەبایی بەهاتنە کایەی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیزم و چینی کرێکار ئەو توندوتیژییە نامێنێ، ئەمەش لە بۆچوونێکیدا پێچەوانەی تیۆری شیکاری دەروونییە کە توندوتیژی خەسڵەتێکی ڕەفتاری تاکە لە ئەنجامی ناهاوسەنگی دەروونی و نەگونجانی کۆمەڵایەتییەوە نەک لەدایک بوونی کۆمەڵایەتی و پێوەندی بەرهەم هێنان، مارکس زیاتر باس لەوە دەکات کە ململانێی نێوان خەڵک گوزارشت لەخۆی دەکات لە ڕێگای ڕێسا دامەزراوەکانی ئابووری کە وابەستەی پاداشتی کرێکارییەکەیەتی لەگەڵ دیاری کردنی قازانج کە ناونراوە زێدەبایی بەهۆی خاوەنداریەتی هۆیەکانی بەرهەم هێنان. لەم باسەدا وتەکانی (هۆبز) شەڕی کۆمەڵ دژی کۆمەڵ لەگەڵ وتەکانی مارکس ململانێی چینەکان هاوشێوەن بۆ دروست بوونی جۆرێک لە توندوتیژی. کاتێ ئەو ململانێیە یەکلادەکرێتەوە مولکایەتی لە خاوەن مولکەکان دادەشۆرێت، ئەوا توندوتیژی مرۆڤایەتی لە قۆناغی کۆمەڵگای سەرەتایی و پێش مێژوودا، ئەوا تیرۆر و توندوتیژی نامێنێت، بەڵام قوتابخانەکانی ڕەفتاری بە شێوەیەکی تر سەیری تیرۆر دەکەن کە بریتییە لە ئاریشەکانی دەرەکی و وابەستەی مێژووە بۆ پتەوکردنی ڕەفتاری کەسایەتی، بەڵام ئاراستەکانی قوتابخانەی مەعریفی توندوتیژی لە ڕێبازی ئەواندا بریتییە لە هاوتای هۆکارەکانی هۆشیاری یان ئیرادەیی کە کۆنترۆڵی ڕەفتاری کەسایەتی دەکات لە ترۆپکی ئازادیدا بە ڕێگایەکی توندڕەوانە، بەڵام ئاراستەی مرۆڤایەتی لە شرۆڤەی ڕەفتاردا بەشێوەیەکی تر کە دەڵێت توندوتیژی حاڵەتێکە لە نامۆیی خود و هۆکارەکەشی بێ دەسەڵاتی تاکە بۆ بەرگری کردن لە بەرامبەر گوشاری کۆمەڵایەتی، واتە گەمەی توندوتیژی و زەبروزەنگ بریتییە لە تێک شکاندنی ئیرادەی تاک. چ لەسەر ئاستی ململانێی تاک بێت یان کۆمەڵی، یان نێونەتەوەیی و لە هەوڵی ئەوەدایە گەورەترین زەرەر بەبەرامبەرەکەی بگەیەنێت چ لە ڕووی پاکتاوکردنی مرۆیی بێت، یان ئابووری، یان سیاسی. بە پێی ئەو شرۆڤانەی لەڕووی دەروونی و مەعریفی و ماددی کراوە، دەکرێت چ شێوازێکی توندوتیژی هەڵێنجین وەکو:

١- توندوتیژی ماددی: بریتییە لە لەناوبردنی تاکەکان و موڵکەکانیان بەیەکەوە. کە پێی دەوترێت پاکتاوکردنی جەستەیی.

٢- توندوتیژی مانەوی، پاکتاوکردنی بیروباوەڕی ئایینی و سیاسی و حزبی دەگرێتەوە، واتە سووکایەتی

پێ کـردنی بیـروباوەڕی بەرامبـەر و هەڕەشـەکـردن لە جـێبـەجێ کـردنی سـرووتەکـانی ئاینی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی.

٣- توندوتیژی فیزیایی؛ واتە لێدان و بریندار کردن و ئازاردانی جەستەیی و لە دەستدانی ئەندامێکی جەستە (کەم ئەندام بوون).

٤- توندوتیـژی زارەکی وەکـو شـتـە خـوێندراوەکـان و بیسـتـراوەکـان واتە لە ڕێگای نووسـراو یان ڕادیۆکـان و ڕاگەیاندن کاری هێرشی بەرامبەر دەکرێت.

٥- توندو تیـژی ڕێکخـەر، دەکـرێت نـاوی لێ بنرێت توندوتیژی دامەزراوی یان پێوەری، کە بەشێوەی کۆمەڵی یان تاکی دەردەکـەوێت ئامـانجی سـەرەکی دەسـتکەوتی کۆمەڵییە وەکو بەندەکانی سیاسی کە بریتییە لە کردەوەی تالان و بڕین و داگیرکردنی کۆمـەڵی بچووکتر لە خۆیان یان بریتـییـە لە مـیلیشـیـای ڕێکخراو لە دەرەوەی یاسا کاردەکەن.

٦- توندوتیژی هەڕەمەکی، بریتییە لەو کردەوانەی ئەو بە هەڕەمــەکی و نارێکخــراو و بێ پلان ڕوو دەدات لە ئەنجـامی هەڵچـوونێکی لەناکـاو بۆ وەڵامـدانەوەیەکی بەرامبـەر، دزین و فـەرهوودکردن و کـوشـتنی گـرووپی و ڕەشە کوژی.

٧- توندوتیـژی ئاراسـتـەکراو دژی سـتـراتیـژییـەکـان و کۆمەڵێکی دیاریکراو وەکو سەلەفییەکان.

٨- توندوتیژی ئاراستەکراو دژی کۆمەڵگای مەدەنی و دامــودەزگــای ئابــووری و ژێرخـانـی دەوڵەت و تێکدانی دامودەزگای خزمەتگوزاری.

٩- توندوتیـژی بێ بەرامبـەر، واتە وەڵامـدانەوە بەبێ ورووژاندن و شەڕ فرۆشتن بە گەلانی ژێر دەستە.

١٠- توندوتیـژی وەڵامدراوە، ئەم جـۆرە وەکـو بـەرگری کـردن و پەرچەکـردارێک بەکـاردێت کـاتێک دەسـتـدرێژی دەکرێتە سەر کەسێک یان گرووپێک.

بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو نموونانەی باس کران، بەهیچ شێوەیەک سیستەمێک یان فەرمانڕەوایەک پێک ناهێنن و بەشـێـک نیـیــە لە ملمـلانێی بەردەوام، بەڵکو لە ئەنجـامی گـوشـاری کـۆمـەڵایەتی و دەروونی و نـەمـانی دادوەری و قــۆرغ کـــردنی دەســـەڵات دەبێت، چونکە سەرهەڵدانی هەر توندوتیژییەک و تیرۆرێک کۆمەڵێک هۆکار و ڕەهەندی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بەهێزترینیان بۆ کــاری خــۆکــوژی هۆکــاری دەروونیـــیـــە، چونکە خەسڵـەتێکی شـەڕانگێـزی هەیە کـە هەمـوو جـۆرەکـانی توندوتیژی بەشداری تێدا دەکەن، زۆربەی حاڵەتی تیرۆر بەستراوەتەوە بە فەشەلی و تەپین لەتاکدا، هۆکارێکی تر هەیە کـە پەرە بە تیـرۆر دەدات ئەویش دەمــارگـیــری نەتەوەیی و کـولتـووری و مـەزهەبیـیـە، دەمـارگـیـری بە هەژمرونی خۆی ئاراستەکانی عەقڵیەتی سلبی دەگرێتەوە ڕەنگە دەمارگیری زۆر درێژخایەن بێت و لەسەر بنەما و ڕێسـای تایبەتی خۆیدا هەوڵ بدات کاروپرۆسەکانی خۆی دژی بەرامبـەری بکات کـە هەرگـیـز کـۆتایی نایەت و بوارێک بۆ دانیشتن و گفتوگۆ و دیالۆگ ناهێڵێتەوە کە بەردەوام لەتاو گیری توندوتیژیدان، لەدەمارگیریدا تاک وەکو ئالەتێکی لێ دێت کـەکـۆیلەی ژێردەستی مـەزهەب دەبێت چۆن جۆش بدرێت، بەو ئاراستەیە دەجووڵێتەوە و لە دەرەوەی عـەقـڵیـەتی خۆی کـار دەکـات کە ڕەفـتـاری تاوانکاری هەیە بە پێی لێکدانەوە، کـەسی بەرامــبـەر دەکوژێت، یان ڕقی لێ دەبێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

**(١) نادین گوڕ و بنیـامین کۆل، سیمـای نوێی تیـرۆر، مەترسی چەکی بە کۆمەڵ کوژ، ٢٠٠٢، نیویۆرک.**

**(٢) بروس هۆفمان لە نێو تیرۆردا نیویۆرک، زانکۆی کۆلۆمبیا ١٩٩٨.**

**(٣) وۆڵتـەر لاکـویر (ڕووی نوێی تیـرۆر) گـۆڤـاری هارڤـارد ریڤیو، ژمارە، ٢٠، ١٩٩٨.**

# زمان و پرۆسەی پێوەندیکردن

کاوە عەبدولکەریم
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)

دەمێکە زمان وا پێناسە کراوە کە سیستەمێکە لە پرۆسەی پێوەندیکردندا سوودی لێ وەردەگیردرێ. هەرچەندە ئەم پێناسەیە زۆر کلاسیکیانەیە، بەلاّم لە ڕاستیشدا ناکرێ قسە لەسەر هیچ لایەنێکی پێوەندیکردن بکرێ بێ ئاماژەکردن بە ڕۆڵی زمان. زانای زمانناسی ئینگلیزی لایۆنز(١) دەڵێ: «ئەگەر بڵێین زمان ئامێرێکە خزمەتی پرۆسەی پێوەندیکردن دەکات، ڕاستمان گوتووە». بەشێوەیەکی گشتی مێژووی پێوەندیکردن بۆ چوار ماوەی دیاریکراو دابەش کراوە: ماوەی پێوەندیکردنی زارەکی، ماوەی پێوەندیکردن بە نووسین، ماوەی پێوەندیکردن لە ڕێگەی چاپکردنەوە، ماوەی پێوەندیکردن بە میدیای ئەلیکترۆنی. مێژووی پێوەندیکردنی زارەکی (Oral Communication) بۆ کاتەکانی زووی مێژووی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، لەوێدا پێوەندیکردن تەنیا لە ڕێی قسەکردنەوە بووە و نووسین و چاپ و ئامێرە تەکنۆلۆژیەکان هێشتا پەیدا نەببوون. ماوەی دووەمیان، پێوەندیکردن بە نووسین، دەگەڕێتەوە بۆ پاش داهێنانی نووسین، لەوێدا زۆربەی نووسینەکان بەدەست دەکران و بلاّوبوونەوەشیان کارێکی ئاسان نەبووە. لە ماوەی سێیەمدا، ماوەی پێوەندیکردن لە ڕێگەی چاپەمەنییەکانەوە، گۆڕانێکی بەرچاو لە پرۆسەی پێوەندیکردندا ڕووی دا، تێیدا بلاّوکراوەی زۆر پەیدابوون وەکو کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و ... تاد. مێژووی ماوەی چوارەم، پێوەندیکردن بە میدیای ئەلیکترۆنی، دەگەڕێتەوە بۆ پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی تەکنۆلۆژی، کە تێیدا میدیای ئەلیکترۆنی وەدەرکەوت. لە هەر چوار ماوەی پرۆسەی پێوەندیکردندا، زمان

بەشێوەی جیاواز ڕۆڵی هەرەگرنگی هەبووە(٢).
لەماوەی پێوەندیکردنی زارەکیدا قسەکردن و گوێگرتن دوو بنەمای سەرەکی پرۆسەی پێوەندیکردن بوون، بەڵام پاش داهێنانی نووسین، نووسین و خوێندنەوە تاڕادەیەکی زۆر شوێنی قسەکردن و گوێگرتنیان گرتەوە، ئەم شێوازە هەر لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە دەستی پێکردووە و ئێستاشی لەگەڵدابێ هەر بەردەوامە. پاش پەیدابوونی نووسین، گۆڕانێکی گەورە لە کوالیتی و کوانتیتی پرۆسەی پێوەندیکردن هاتە کایەوە. پایلز(٣) دەڵێ: «لەگەڵ داهێنانی نووسین، مێژوو پەیدا بوو. بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی پێش نووسین، دەبێ پشت بە ئارکیولۆجیستەکان ببەستین». لەگەڵ ئەمەشدا لە زەمەنی نووسینیشدا بوارەکە هەر زۆر فراوان نەبووە، بەڵکو هێشتا تا ڕادەیەک بەرتەسک بووە، چونکە نووسینەکان بەدەست دەنووسران، بڵاوبوونەوەیەکی بەرفراوان کارێکی ئەستەم بووە. پرۆسەی پێوەندیکردن لە ڕێگەی نووسینەوە تەنیا لەنێوان چەند کەسێکی دیاریکراو بووە و بواری پێوەندیکردنی جەماوەری زۆر کەم بووە، ئەو کەسانەی کە دەیانتوانی بخوێنن و بنووسن زۆر کەم بوون.
لەگەڵ داهێنانی چاپکردنەوە لە سەدەی پازدەیەمدا لەلایەن زانای ئەڵمانی گۆتێنبرگ، پرۆسەی پێوەندیکردن هەنگاوێکی تر چووە پێشەوە. ڕۆژنامەڤانی ئەمڕۆش هەر قەرزداری داهێنانە نوێیەکەی گۆتێنبێرگە. ئەم داهێنانە هەتا کاری کردە سەر بوارەکانی تری ژیانیش لە ئەورووپا.
پێوەندیکردنی مرۆیی بە زۆر شێوە پۆلێن کراوە، گرنگترینیان پێوەندیکردن بۆ چوار جۆری (ئاستی) سەرەکی دابەش دەکات:

### ١- پێوەندیکردنی خودی (Intrapersonal Communication)

لەم جۆرەیاندا مرۆڤ لەگەڵ خۆی پێوەندی دەکات. باشترین نموونەی ئەم جۆرە پێوەندیکردنە پرۆسەی بیرکردنەوەیە، کاتێک مرۆڤ بیردەکاتەوە قسە لەگەڵ خۆی دەکات، لەگەڵ خۆیدا زۆرشت تاوتوو دەکات، لەم پرۆسەیەدا زمان ڕۆڵی سەرەکی هەیە، چونکە بەبێ زمان ئەستەمە پرۆسەی بیرکردنەوە بەڕێوە بچێ. هەروەکو هانسن (٤) (٢٠٠٥) پێی وایە، چونکە لەم جۆرە پێوەندیکردنەدا مرۆڤ بیردەکاتەوە و هەوڵدەدا لە دیاردەکانی دەوروبەری مانایەک هەڵێنجێنی و ڕووداو و کێشە و گرفت و پێشهاتەکان هەڵبسەنگێنێ و لێکیان بداتەوە، ناچارە لەگەڵ خۆی بێتە دووان و قسان بکات. خۆی خودی پرۆسەی بیرکردنەوە بەبێ ئامادەیی زمان ئەنجام نادرێ، هەر بۆیە بیرکردنەوە و زمان دوو سیمای جیاکەرەوەی مرۆڤن و لە بوونەوەرەکانی تری جیادەکەنەوە.

### ٢- پێوەندیکردنی نێوکەسان (Interpersonal Communication)

ئەم جۆرە پێوەندیکردنە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ (ڕووبەڕوو) لەنێوان دووکەس یان زیاتر ئەنجام دەدرێ. دیڤیتۆ(٥) (١٩٩٧) وای بۆ دەچێت کە لەڕێگەی ئەم جۆرە پێوەندیکردنەدا مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ خەڵکانی تردا هەڵسوکەوت بکات، شتیان لێوە فێربێت و خۆی پێیان بناسێنێ و شتیشیان فێر بکات. دەکرێ ئەم ئاستەی پێوەندیکردن بۆ دوو شێوەی تر دابەش بکرێت، پێوەندیکردنی دووانەیی (dyadic) و پێوەندیکردنی بە گرووپ (Small group). فیوجیشن(٦) (٢٠٠٠) پێی وایە کە بچووکترین گرووپ نابێ لەسێ کەس کەمتر بێ، دووکەس ناکرێ بە گرووپ حسێب بکرێن، دەکرێ بە جووتەیەک (Couple) یان دووانەیەک (dyad) حسێب بکرێن. لە پێوەندیکردنی دووانەدا کەسی سێیەم ئامادەیی نییە، نە بەقسە و نە بەگوێگرتن. پێوەندی نێوان کەپڵێک، دایک و باوکێک، منداڵ و باوکێک، قوتابی و مامۆستایەک ... تاد، پێوەندیکردنی دووانەیین، بەڵام گفتوگۆ و کۆبوونەوەی کەسانی دەزگایەک، خێزانێک، گرووپێکی ئاینی، یان کۆمەڵایەتی پێوەندیکردنی گرووپە.

### ٣- پێوەندیکردنی ئاشکرا (Public Communication)

لەم ئاستەی پێوەندیکردندا، یەک سەرچاوە پەیام بۆ کۆمەڵێک خەڵک دەنێرێ. جیاوازی ئەم جۆرەیان لەگەڵ ئەوانی پێشتر ئەوەیە، چونکە لێرەدا ژمارەی گوێگرەکان زیاترە، دەنگی بەکارهاتوو زۆر بەرزترە و بۆ ئەوەی خەڵکەکە باشتر تێبگەن هێما و ئاماژەی جەستەییش (body language) بەکاردێت. لێرەدا هەلی بەشداریکردن و وەڵامدانەوە و کاردانەوە (Feed back) زۆر کەمە. بە پێچەوانەی پێوەندیکردنی

دووانەیی، لێرەدا گوێگر ناتوانێ قسە بە قسەکەر ببڕێ، ئەگەر کاردانەوەیەکی لەلا دروست بێ، دەبێ تاکۆتایی قسەکانی قسەکەر چاوەڕێ بکات. چاکترین نموونەی ئەم جۆرە وتاری ئاینی ڕۆژی هەینییە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا.

### ٤- پێوەندیکردنی جەماوەری (Mass Communication)

لەم ئاستەی پێوەندیکردندا هەمیشە نێوەندێکی تەکنیکی لەنێوان نێرەر و وەرگر هەیە. پرۆسەکە لەنێوان سەرچاوەیەک و ژمارەیەکی زۆر و نادیاری جەماوەر ئەنجام دەدرێ. بەشێوەیەکی گشتی هەموو جۆرەکانی ڕۆژنامەوانی دەکرێ بەجۆرێک لە پێوەندیکردنی جەماوەری حسێب بکرێن.

چارلس رایت، پسپۆڕ لە بواری میدیا، پێوەندیکردنی جەماوەری لەم سێ خاڵەی خوارەوە کورت دەکاتەوە:

١- ئاراستەی جەماوەرێکی زۆر و هەمەچەشن و نەناسراو دەکرێت.

٢- پەیامەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەگوازرێتەوە و لەیەک کاتدا دەگاتە تاک تاکی جەماوەرەکە.

٣- پەیوەندییەکی ئاڵۆزە و چانسی پێوەندیکردنی دوولایەنەشی نییە.

ئەوەی پێوەندی بە زمانەوە هەیە لێرەدا، ئەوەیە کە لە پێوەندیکردنی جەماوەریدا زمانی بەکارهاتوو، زمانێکی فەرمی و ستاندارە، هەرچەندە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر کەناڵی ڕۆژنامەوانی، چ بینراو چ بیستراو، بە زمانی لۆکاڵ پەیامەکانی خۆیان پەخش و بڵاودەکەنەوە.

هەر بۆ نموونە لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا، ئەمڕۆ لە کوردستانی باشووردا زۆرکەناڵ بەرنامەکانیان بە زمانی لۆکالی نێو شارەکان پەخشوبڵاودەکەنەوە، ئەمەش لەوانەیە هەم لایەنی پۆزەتیڤانە و هەم لایەنی نێگەتیڤانەی هەبێ.

هەموو ئەو ئاستانەی باس کران، جگە لە پێوەندیکردنی خودی نەبێ، پێوەندیکردنی نێو کولتووریش (Intercultural). تێیاندا پێوەندیکەر دەتوانێ پێوەندی لەگەڵ کەسانی دەرەوەی کولتووری خۆشی ببەستێ، کۆنتاک لەگەڵ ترادیشناڵ و نۆرمی جیاواز جیاوازدا بکات. هەر لەبەر ئەمەشە لە کونتیکتە جیاوازەکانی پێوەندیکردندا مرۆڤ شێوازی نوێی بیرکردنەوە و ستایلی نوێی ژیان و ئەزموونی تازە فێر دەبێ و وەردەگرێ.

ئامانجی سەرەکی پرۆسەی پێوەندیکردنی مرۆیی گواستنەوەی مانا و بیرۆکە و زانیاری ر پەیامەکانە لە ناوەندێکەوە بۆ ناوەندێکی تر.بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیش مرۆڤ ڕێگە و شێوازی جیاواز دەگرێتەبەر.زانایان، لە ڕووی بەکارهێنانی زمانەوە بۆ دەربڕینی هەستەکانی مرۆڤ، پێوەندیکردنیان بۆ دوو شێوەی جیاواز دابەش کردووە کە ئەمانەن:

### ١- پێوەندیکردنی گوتەیی (Verbal Communication)

بەهۆی بەکارهێنانی زمان، مرۆڤ دەتوانێ تەعبیر لە خۆی بکات، چ بەهۆی بەکارهێنانی دەنگەکانەوە بێت یانیش بەبەکارهێنانی وێنەی دەنگەکانەوە بێت (نووسین). لەم شێوەیەی پێوەندیکردندا مرۆڤ وشە و فرێز و ڕستە بەکاردەهێنێت. هەروەکو پیرسۆن (٧) (٢٠٠٣) دەڵێ: «نووسین و قسەکردن هەردوو پشت بە زمان دەبەستن».

زمان یەکێکە لە خاسیەتە هەرە جیاکەرەوەکان کە مرۆڤ لە بونەوەرکانی تر جیا دەکاتەوە. مرۆڤ زۆر بەئاسانی دەتوانێ پەیامە گوتەییەکان بنێرێ و وەربگرێ. لەم شێوەیەی پێوەندیکردندا پرۆسەی گۆڕینەوەی واتا لە نێوان نێرەر و وەرگردا ئەنجام دەدرێت. مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەبەردەوامی لە پێوەندیکردنی گوتەییدایە، جا ئەم پێوەندیکردنە هەندێ جار بەشێوەیەکی ئۆرالیە و هەندێ جاری تر بە نووسینە، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر جار مرۆڤ ئاماژەی ناگوتەییش بەکاردەهێنێت، ئەم ئاماژانە دەچنە خانەی پێوەندیکردنی ناگوتەییەوە.

### ٢- پێوەندی کردنی ناگوتەیی (Non- Verbal Communication)

پێوەندیکردنی ناگوتەیی بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی مانا و لێک تێگەیشتن، بێ بەکارهێنانی دەنگەکانی زمان یان نووسین، ئەمە هەندێ جار پێی دەگوترێ زمانی بێدەنگ یان زمانی جەستە (body la-guage). کەواتە سەرەڕای بەکارهێنانی دەنگەکانی زمان و قسەکردن و نووسین، مرۆڤ دەتوانێ بە ڕێگەی تریش پێوەندی بکات. هەروەکو ئیچسۆن (٨)

(١٩٩٩) دەڵێ: « مرۆڤەکان دەتوانن چاو لەیەک دابگرن، بایبای لەیەک بکەن، بەیەک پێبکەنن، دەست لە شانی یەکتر بدەن....تاد». لەمەش زیاتر سۆمەرس (٩) (٢٠٠٠) پێی وایە کەوا جوولەکانی مرۆڤ و پۆزلێدانەکانی و ئاماژەکانی دەم و چاوی و شێوازی جلوبەرگەکانی و سەرنجدانەکانی هەموویان شت لە بارەی کەسایەتی مرۆڤەکەوە دەدرکێنن. مرۆڤەکان بە بەردەوامی لە ڕێگەی چاوەکانیان و پێکەنینەکانیان و جوولەکانی لەشیان پەیام لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە. جودی پیرسۆن (١٠) (٢٠٠٣) چەند سیمایەکی پارازمانی Para (linguistic، سیمای دەنگی و ناوشەیی زمان، هەڵدەسەنگێنێ و لەژێر خانەی پێوەندیکردنی ناگوتەییان دادەنێ ناویان لێدەنێ ئاماژە ڤۆکالیەکان Vocal) (Cues. ئەو پێی وایە کە ئاماژە ڤۆکالیەکان هەموو لایەنە ئۆرالیەکانی دەنگ دەگرنەوە، جگە لە وشەکان خۆیان، وەکو بەرزی و نزمی دەنگ (Pitch)، خێرایی قسەکردن (rate)، گۆڕانی دەنگ (inflection)، گڕی و نەرمی دەنگ (Volume)، زرینگەی دەنگ (quality)، دەنگی ناگوتەیی وەکو ئحم، دەربڕینی دەنگ (Pronunciation)، هەمئاهەنگی ئەندامەکانی دروستکردنی دەنگ (Articulation)، ڕوونی دەنگ (enunciation)، بێدەنگی -Si) (lence. ئەم ئاماژە ڤۆکالیانە لە پرۆسەی پێوەندیکردندا زۆر گرینگن، چونکە زانیاری زێدە لەبارەی سیماکانی کەسەکەوە بەدەستەوە دەدەن، وەکو ڕەگەز و تەمەنی قسەکەر، بۆ نموونە خەڵک هەمیشە چاوەڕوانی دەنگێکی زیقتر لە مێینەکەن نەوەک نێرینە، گەنج نەوەک پیر، بچووک نەوەک گەورە. کەواتە بەبێ بینینی قسەکەر و لەڕێی ئاماژە ڤۆتکالیەکان گوێگر دەتوانێ ڕەگەز و تەمەن و قەوارەی قسەکەر دیاری بکات. لە هەندێ حاڵەتدا کۆدەگوتەیی و ناگوتەییەکان تێکەڵ دەبن و پێکەوە لە پرۆسەی پێوەندیکردندا وەدەردەکەون. تێکەڵکردنی هەردوو شێوەی پێوەندیکردن لەیەک کاتدا دەکرێ بە مەبەستێکی دیاریکراو بێت یانیش لە نائاگاییەوە بێت. دیڤیتۆ (١١) (١٩٩٧) شەش حاڵەت دیاری دەکات کە تێیدا کۆدە ناگوتەییەکان لەگەڵ کۆدە گوتەییەکان پێکەوە بەکاردەهێنرێن:

**أ- جەختکردنەوە (Accenting)**

کاتێک قسەکەر دەیەوێت جەخت لەسەر بەشێکی پەیامە گوتەییەکەی بکاتەوە ئاماژەیەکی ناگوتەیی بەکاردەهێنێت. بۆ نموونە ئەگەر مامۆستایەک بیەوێ ئاگاداری قوتابیەکانی بکاتەوە بۆ ئەوەی بێدەنگ بن، لە پەیامە گوتەییەکەیدا دەڵێ «بێدەنگ بن» لەگەڵ ئەمەشدا بۆ ئەوەی قوتابیان بزانن کە مامۆستا جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە بە قەڵەمیش لە تەختەڕەش یان مێزەکەی بەردەمیشی دەدات.

**ب- تەواکردن (Complementing)**

زۆر جاران بۆ ئەوەی پەیامە گوتەییەکەت تەواوبێت بەهۆی پەیامی ناگوتەییەوە شتی زیادەی دەخەیتە سەر. بۆ نموونە ئەگەر نوکتەیەک بگێڕیتەوە و لەگەڵیشدا پێبکەنی، پێکەنینەکە شتێکی زیادەیە (پەیامێکی ناگوتەییە)، پەیامە گوتەییەکە نوکتەکەی تەواو دەکات.

**ج- پێچەوانەیی (Contradicting)**

هەندێ جار قسەکەر دەیەوێ بەهۆی بەکارهێنانی کۆدی ناگوتەیی پەیامێکی پێچەوانەی پەیامە گوتەییەکەی بە وەرگر بگەیەنێ. بۆ نموونە کاتێک یەکێک قسەیەک دەکات و لە هەمان کاتیشدا چاوی دەنووقێنێ، مەبەستی ئەوەیە کە قسەکەی بە ڕاست نییە و شتێکی پێچەوانەی مەبەستە.

**د- ڕێکخستنەوە (Regulating)**

کاتێک یەکێک قسە دەکات و یەکێکی تر قسەی پێدەبڕێ، کەسی یەکەم هەوڵدەدا بەهۆی بەکارهێنانی ئاماژەی ناگوتەیی، وەکو جوولەی دەست، بڵێ قسەکانم تەواو نەبووە و دەمەوێ بەردەوام بم.

**هـ- دووبارەکردنەوە(Repeating)**

قسەکەر دەتوانێ بە بەکارهێنانی ئاماژەیەکی ناگوتەیی پەیامێکی گوتەیی دووبارە بکاتەوە. بۆ نموونە کە یەکێک دەڵێ فەرموو بە دەستیش ئاماژە دەکات، ئەمە نیشانەی دووبارەکردنەوەی فەرمووەکەیە.

**و- جێگرتنەوە (Substituting)**

هەندێ جار دەکرێ پەیامە ناگوتەییەکان جێگەی پەیامە گوتەییەکان بگرنەوە. بۆ نموونە ئەگەر بتەوێ بە یەکێک

بلێی قسەکانت ڕاستن، دەتوانی بەبێ قسەکردن تەنیا سەرت بۆی بلەقێنیەوە.

**مەبەستەکانی پرۆسەی پێوەندیکردن**

پرۆسەی پێوەندیکردن چەند مەبەستێکی لە پشتەوەیە، بۆ گەیشتن بەم مەبەستانە زمان وەکو گرنگترین ئامێری پێوەندیکردن ڕۆڵی هەرە گرنگ و بنچینەیی هەیە کە ناکرێ فەرامۆش بکرێ.

بەبێ بەکارهێنانی زمان ناکرێ ئامانجەکانی پێوەندیکردن هەموو بە تەواوی بێنە دی. ئامانج و مەبەست و بزوێنەرەکانی پرۆسەی پێوەندیکردن دەکرێ هەستی (Conscious) یان نەستی (un-conscious) بن و دیاریکراو یان نادیار بن. مەبەستەکانی پرۆسەی پێوەندیکردن هەمان مەبەستەکانی بەکارهێنانی زمانن، ئەمانەی خوارەوە سەرەکیترینیانن:

**١- مەبەستی دۆزینەوە (To discover)**

بەهۆی بەشداریکردن لە پرۆسەی پێوەندیکردندا، بەتایبەتی بەهۆی بەکارهێنانی زمان، مرۆڤ دەتوانێ زۆرشت لەبارەی خۆی و کەسانی دەوروبەری بدۆزێتەوە. کاتێک مرۆڤ لەگەڵ خەڵکانی تر پێوەندی دەکات لەلایەکەوە شت لە خۆی و کەسانی دەوروبەری فێردەبێ لە لایەکی ترەوە خەڵکانی تر شت لە ئەوەوە فێردەبن.

**٢- مەبەستی پەیوەستبوون (To relate)**

لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانێ بەتەنیا بژی زۆر پێویستی بە پێوەندیکردنە. کاتێک یەکێک قسە دەکات لە ڕێی ئەم قسەکردنەوە دەیەوێ پیشانی بدا کە سەر بە چ خێزانێک، گرووپێک، چینێک یان کۆمەڵگایەکە. بۆ نموونە تۆ کاتێک لەناو تەکسیەکدا یان پاسێکدا بۆ شارێکی تر یان وڵاتێکی تر سەفەر دەکەی، حەز دەکەی بزانی ئەو کەسەی لە تەکت دانیشتووە کێیە، لە چ چینێکە، خەڵکی کوێیە، لە چ نەتەوەیەکە. لەوانەیە پرسیاری کەشوهەوا یان بارودۆخی سیاسی لێ بکەیت، خۆ تۆ لەوانەیە هەر حەزیشت لە باسکردنی کەشوهەوا یان سیاسەت نەبێ، بەڵام دەتەوێ بەهەر شێوەیەک بێت دەرگای قسەکردن بکەیتەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم قسەکردنەوە بۆت ڕوون بێتەوە کە هاوگەشتەکەت چ کەسێکە.

**٣- مەبەستی یارمەتیدان (To help)**

گومانی تێدانییە کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکان خەڵک پێویستییان بەیەک هەیە. کاتێک یەکێک تووشی کێشە و گرفتێک دەبێ، پێویستی بە هاوڕێ و خزم و دۆستان دەبێ بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن. یەکێک لە مەبەستە هەرەگرنگەکانی پێوەندیکردن یارمەتیدانە، پێوەندیکردن دەتوانێ یارمەتی چارەسەرکردنی گرژی و گرفتی نێوان دوو هاوڕێ و دوو خێزان و هەتا دوو وڵاتیش بدات.

**٤- مەبەستی قایلکردن (To persuade)**

ئەرستۆ یەکەمین فەیلەسووف بووە باسی گرنگی قایلکردنی کردبێ لە پرۆسەی پێوەندیکردندا، پێشی وایە بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی زارەکی (oraly) یەکێکە لە گرنگترین ئامێرەکانی قایلکردن. ئەلجوندی و یوسف (١٢) (٢٠٠١) باس لە سێ شێوەی سەرەکی قایلکردن دەکەن لە پرۆسەی پێوەندیکردن کە ئەوانیش لە ئەرستۆیان وەرگرتووە، ئەوانیش ئەمانەن:

أ- بەکارهێنانی بەڵگە لەکاتی وتووێژدا بۆ سەلماندنی بیروڕاکان.

ب- بەکارهێنانی خووڕەوشت و سیمای کەسایەتی.

ج- بەکارهێنانی سۆز بۆ جووڵاندنی هەستی خەڵک.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کەناڵەکانی ڕۆژنامەوانی بە هەموو شێوەکانییەوە -ڕۆژنامە، گۆڤار، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ئاژانسەکانی هەواڵ، ڕێکلام..تاد- گرنگترین تەکنیکی قایلکردنن لە کۆمەڵگادا، هەوڵ دەدەن کار لە خەڵک بکەن و بیروبۆچوونەکانیان بەو شێوەیەی کە مەبەستە بگۆڕن، بەرپرسە حوکمی و حیزبیەکانیش بەهۆی بەکارهێنانی ئەم کەناڵانەی پێوەندیکردن، هەمیشە لە هەوڵی قایلکردنی خەڵکدان.

**٥- مەبەستی کاتبەسەربردن (To Entertain)**

زۆرجاران پێوەندیکردن بۆ کاتبەسەربردن بەکارهاتووە و بەکاریش دێت. یەکێکی تر لە مەبەست و پاڵنەرەکانی پێوەندیکردن یاریکردنە. یاریکردنیش چێژوەرگرتن و ڕاکردن لە واقیعی تاڵ و ئیسراحەتکردن دەگرێتەوە. مرۆڤ زۆرجاران پێوەندی بە برادەرەکانی خۆی دەکات بە مەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و پڕ لە گاڵتە و گەپ. لەبەرئەوەی مرۆڤی مۆدێرن زۆر سەرقاڵە پێوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی تر زۆر سنووردارە، بۆ

ئەوەی ستریس و بەرپرسیارەتیەکانی ژیانی مۆدێرنی لەسەر کەم بێتەوە و ماوەیەک بە ئاسوودەیی نەفەسێک بدا پێویستی بە بەکارهێنانی کەناڵە نوێیەکانی پێوەندیکردن هەیە.


ئاشکرایە کە هەر ئەو پێنج مەبەستەی پێوەندیکردن کە باس کران مەبەستی سەرەکی بەکارهێنانی زمانیشن. هەروەک ئیچسۆن (١٣) (١٩٩٩) پێی وایە ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی لە پرۆسەی پێوەندیکردندا هەیە دەشڵێ: «زمان لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەی خەڵک زۆر پێویستە، قایلکردن و کار لەیەک کردن، گۆڕینەوەی هەواڵ و باس و خواس و هەست و سۆز، خاوکردنەوەی تووڕەیی و گرژییەکان، لە کۆتاییشدا زمان دەکرێ بە مەبەستی جوانیش بەکاربهێنرێت وەک ئەوەی شاعیران بەکاری دەهێنن».

## تیۆرەکانی پێوەندیکردنی مرۆیی

لە پەنجا ساڵی کۆتایی سەدەی بیستەمدا تیۆرەکان پێوەندیکردن زۆر بەخێرایی بەرەوپێش چوون، بە تایبەتی لەپاش گەشەسەندنی بەرچاوی تەکنۆلۆژیای نوێ. لەسەرەتادا هەندێک لەم تیۆرانە زۆر ئاڵۆز بوون و تێگەیشتنیان، بەتایبەتی بۆ قوتابیان، زۆر ئاسان نەبوو. لەبەر ئەمە تیۆریستەکانی بواری پێوەندیکردن بۆ ئاسانکردنی ئەم تیۆرانە چەند مۆدێلێکی ئاسانکراویان دانا. تێگەیشتن لەم مۆدێلانە کەمێک ئاسانترە، لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێکیان تاوتووو بکەین:

### ١- کردە مۆدێل (The Action Model)


بیرۆکەی کردە مۆدێلی پەیوەست بە پێوەندیکردن بیرۆکەیەکی کلاسیکیە و پرۆسەی پێوەندیکردن بە پرۆسەیەکی یەکلایەنانە دادەنێ کە تێیدا کەسێک پەیامێک دەنێرێ و یەکێکی تریش پەیامەکە وەردەگرێ. جوودی بلاک (١٤) (١٩٩٧) ناو لەم تیۆرە دەنێ «تیۆری گواستنەوەی ڕاستەوڕاست» چونکە بەگوێرەی ئەم مۆدێلە پێوەندیکردن بە هەنگاوی بەرەو پێش چوو پەیام و بیرۆکەکان لە هزری یەکێکەوە بۆ هزری ئەوی تر دەگوازێتەوە. ئەم مۆدیلانە ئەمڕۆ کاریان پێناکرێ و ڕەت کراونەتەوە، چونکە تێیاندا پەیامەکان تەنیا بەیەک ئاراستە دەڕۆن و وەرگر هیچ کاریگەرییەکی پێچەوانەی بەسەر نێرەرەوە نییە، هەروەک لە هێڵکاری ژمارە (١) ڕوونکراوەتەنە.




**هێلکاری ١: کردە مۆدێل.**

### ٢- مۆدێلی کارلێکردن (The Interaction Model)


بە پێچەوانەی کردە مۆدێل، لەم مۆدێلەدا گرنگیەکی زۆر بە کاردانەوە (Feed back) دەدرێت. بەگوێرەی ئەم مۆدێلە پێوەندیکردن پرۆسەیەکە تێیدا نێرەر پەیامێک دەنێرێ و وەرگر وەریدەگرێ و لە هەمانکاتیشدا کاردانەوەی دەبێت و وەڵامی پەیامەکە دەداتەوە هێلکاری ژمارە (٢) چۆنیەتی کارکردنی ئەم مۆدێلە ڕوون دەکاتەوە.




**هێلکاری ٢: مۆدێلی کارلێکردن.**

### ٣- مۆدێلی ئاڵوویرکردن (The Transaction Model)

بەگوێرەی ئەم مۆدێلە خەڵک بەبەردەوامی و لەیەک کاتیشدا دەتوانن پەیام بۆ یەک بنێرن و لە یەکیش وەربگرن. کەواتە لەم مۆدێلەدا نێرەر و وەرگر دوو بەشی جیاواز و سەربەخۆ نین، بەڵکو پشت بەیەکەوە دەبەستن. هێلکاری ژمارە (٣) کارکردنی ئەم مۆدێلە ڕوون دەکاتەوە.




**هێلکاری ٣: مۆدێلی ئاڵوویرکردن.**

### ٤- مۆدێلی داڕێژەر
### (The Constructivist Model)

ئەم مۆدێلە نوێترین مۆدێلی پێوەندیکردنە. لێرەدا وەرگر چیتر کەسێکی پاسیڤ نییە و پەیامیش چیتر وەکو تۆپێک یاری پێناکرێ. لەم مۆدێلە وەرگر واقیعێکی تایبەت لە مێشکی خۆیدا دروست دەکات. واتە ئەوەی لە مێشکی پێوەندیکەرەکاندا هەیە گرنگە نەک ئاراستەی پەیامەکە. هێلکارییەکی دروستی ئەم مۆدێلەمان لەبەر دەست نییە، چونکە لێرەدا ئاراستەی پەیامەکە دیار نییە و پشت بەوەی لە مێشکی پێوەندیکەرەکاندا هەیە، دەبەستێ نەک بە ئاراستەکە. سێ مۆدێلەکانی پێشوو- کردە، کارلێکردن، ئاڵوێرکردن - گرنگیان بە ئاراستەی جووڵەی پەیامەکان دەدا، بەڵام ئەم مۆدێلە (داڕێژەر) جەخت لەسەر لێکدانەوەی وەرگرەکە بۆ پەیامەکە دەکاتەوە. هەروەکو بیرسۆن (١٥) (٢٠٠٣) دەڵێ:

مۆدێلی داڕێژەر وای دادەنێ کە وەرگر واقیعێک لە مێشکی خۆیدا دەخوڵقێنێ، وشە و ئاماژەکانی نێرەر لێکدەداتەوە و مانایەکی تایبەت بەخۆی دادەڕێژێ، هەرچەندە ئەم لێکدانەوەیە لەوانەیە لەگەڵ مەبەستی نێرەرەکە یەک نەگرێتەوە.

لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە مۆدێل و تیۆرەکانی پێوەندیکردن کارێکی پێویستی تێگەیشتنە لە پرۆسەی پێوەندیکردن بەشێوەیەکی گشتگیرانە، بەتایبەتیش پێوەندیکردنی میدیایی. کەناڵەکان هەر چەشنێک بن پێویستیان بە بەکارهێنانی زمان هەر هەیە، ئەم مۆدێلانە دەکرێ لە هەموو کۆنتێکستەکانی پێوەندیکردندا جێبەجێ بکرێن ·خودی، دوولایەنە، گشتی، جەماوەری- بەڵام هەموویان پەیوەستن بە کولتوورەوە. ئەم مۆدێلانە لەوانەیە لەگەڵ کولتووره ڕۆژئاواییەکاندا ڕێک بڕۆن، بەڵام لە کولتوورەوە ڕۆژهەڵاتییەکاندا تووشی کێشە و گرفت و بەربەست بن، چونکە ئەمانە لە بنچینەدا بۆنۆرمەکانی ڕۆژئاوا دانراون ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە لە ڕۆژهەڵاتدا پێوەندیەکان و لێکدانەوەی ماناکان و بگرە هەموو شتەکان بە تەواوی جیاوازن.

**سەرچاوەکان:**

**1- Lyons, John. (1997). Semantics. Cambridge: Cambridge Universty press.**

**2- Nasro, M.O. (2001) Communication Skills. Amman: Dar AL-Safa.**

**3- Pyles, T. (1971). The Origins and Development of the English Language. (2nd Ed.). Boston: Harcourt Brace Jovanovich.**

**4- Hanson, R.E. (2005). Mass Communication: Living in a Media World. Boston: Mc Graw-Hill Hight Education.**

**5- Devito, J.A. (1997). Human Communication. (7th Ed.). New York: Longman.**

**6- Fujjshin, R. (2000). Creative Communication. San Francisco: Acada Books.**

**7- Pearson, J., Nelson, P., Titsworth, s. and Hartler, L. (2003). Humman Communication. Boston: Mc Graw- Hill Higher Education.**

**8- Aitcheson,J. (1999). Teach Yourself Linguistics. (5th Ed). London: Hodder and Stoughton Educational.**

**9- Sommers, A. L. (2000). Effective Communication. New York:  The Rosen Publishing Group.**

**10- هەمان سەرچاوەی ژمارە حەوت.**

**11- هەمان سەرچاوەی ژمارە پێنج.**

**12- Elgindi, I. and Youssef, E. A. (2001). Introduction to Mass Communication. Cairo: Cairo University.**

**13- هەمان سەرچاوەی ژمارە هەشت.**

**14- Black, J., Bryant, J. and Thompson, s. (1997). Introduction to Media Communication. (5th Ed). Boston: Mc Graw-Hill.**

**15- هەمان سەرچاوەی ژمارە حەوت.**

# کورد گەلێکی زیندوو، مێژوویەکی ون

حەسەن مەحموود حەمە کەریم
(سلێمانی)

## نرخی مێژوو

کورد یەکێکە لە گەلە زیندووەکانی سەر گۆی زەوی، مێژووەکەی وا نیشان دەدات کە لە کۆنترین گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت، سەرچاوەکان چالاکی و ڕووداوی زۆری ئەم میللەتەیان گێڕاوەتەوە کە خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەندە، لەگەڵ ئەوەشەوە هێشتا هەر زۆری لای ونە.

مێژووی کورد ڕۆژهەڵاتناس و داگیرکەران، بە زەینی دوژمنکارانەی خۆیان نووسیویانە، شێواندوویانە، کەم و زیادیان بۆ کردووە، لایەنە بەهێز و سەروەرییەکانیان شاردووەتەوە، لاوازەکانیشیان بە زەقی دەرخستووە، بەو جۆرەیان نیشان داوە کە کورد دڕندەیە، نەزانە، بێسوودە، کاری لەسەر ناکرێ، بۆ هیچ هاوکێشەیەک ناشێت. ئەوە ستەمە لە کوردمان، لە خاکمان، لە بوونمان، لە مێژوومان، لە چارەنووسمان کراوە، ڕاست کردنەوەیان هەوڵی دڵسۆزان، ڕەنجی شەو و ڕۆژ، کات و ماوەی زۆری دەوێت.

مێژوو زەخیرەیەکی گرنگە، میللەتانی تر زۆر گوێیان پێداوە، تەنیا لە ئەورووپا ٣٥٠ دەزگای نووسینەوە و لێکۆڵینەوەی مێژوویی هەیە، بەردەوام لە نووسینەوە و خوێندنەوە و گەڕان و پشکنینی شوێنەوار و ئاسەوارەکان و ئەفسانەکاندان، بەڵام کورد هێشتا بەرچاوی پاشەڕۆژی ڕوون نییە، لە مێژووەکەشی دوورە و بە هیچی دەزانێت، بێ نرخ سەیری دەکات، ئاسەوارە بەنرخە پڕ سەروەرییەکانی ئاودیوی سنوورەکان دەکات، ڕووداوەکانی باو و باپیری بە ئەفسانە و شتی پڕوپووچ لە قەڵەم دەدات، هەستی پاراستنی کەلەپوور و ئاسەوارەکانی خۆی نییە، نازانێت جێ دەستی پێشینانی

ئەون، دەبێت پیرۆز و بەڕێز و بەنرخ سەیر بکرێن و ئەمڕۆی خۆیانی تێدا بخوێننەوە، نرخی کاری پێشووەکانی تێدا بدۆزنەوە، چونکە ئەوەی مێژووی نەبێ، کەسێتی نییە، ناتوانێ خۆی بناسێ یان خۆی بناسێنێ.

لێکۆڵەرەوە و مێژوونووسان زۆریان باس لە گرنگی مێژوو کردووە، وتوویانە (مێژوو زانستێکی گەورە و بەکەڵکە، بەڵکو زانستی زانستەکانە، هیچ زانیارییەکی گرنگ نییە مێژووی تایبەتی خۆی نەبێت، لە هەمووان گرنگتر مێژووی ژیانە، کە گشت زانست و ڕووداوەکانی ڕۆژانە و ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە، بۆ هەر کەسێک بیەوێت وانەکانی مێژوو زۆر گەورەن.. نەمری ڕاستەقینە لای مێژووە.. ) ئەمە وتەی د. کەمال مەزهەر بوو، شەرەفخانیش پێش ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر وتوویەتی (مێژوو لەسەرووی هەموو هونەرەکانەوەیە...) مێژوونووسی یۆنانی هێرۆدۆت، کە ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر ژیاوە و بە باوکی مێژوو ناودارە بۆ مێژوو دەڵێت (مێژوو گەڕان و پشکنینە بەدوای کرۆکی ڕووداو و کارەساتە کۆنەکاندا..)، واتە یۆنان لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ مێژووی خۆیان نووسیوەتەوە... (تەبەری) عەرەب پێش زیاتر لە ١٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر وتوویەتی (مێژوو هونەرێکە لە ڕووداوەکانی ڕۆژانە دەکۆڵێتەوە...) ئەمە جگە لەوە کە مەسعوودی و سەخاوی و ئیبن خەلدوون و دەیانی تر، هەر یەکە جۆرە پێناسەیەکی بۆ مێژوو هەیە و بە گرنگی بۆ میللەتەکەی خۆیان باسیان کردووە، بەڵام کورد هێشتا لە ناسینی مێژووی خۆیدا ساوایە.

گەر تێڕوانین هەبێ، مێژوو نەوەیەکی ژیری وا دێنێتە گۆڕێ، کە هەڵەکانی کۆن وەک ئاوێنەیەک لەبەر چاو بگرێ و دووبارەیان نەکاتەوە، شارەزای ژیان و ژیار و کردار و گوفتاری ڕابردوومان دەکات، میللەتی چاک دێنێتە مەیدان، کورد خاوەنی مێژووی دەوڵەمەندی خاوەن ڕووداو و داستانە و پڕییەتی لە ئەزموون، چەندان هاوکێشەی تەواو و ناتەواوی لەسەر خاکەکەی بینیوە، بووەتەوە تاقیگەیەکی گەورە و پڕ لە (وانە)، دەتوانێت نەخشەی نوێ و پڕۆژەی چاک و سەرکەوتووانەی لێ بەرهەم بهێنێت. مەخابن .. ئەگەر سەیری بارودۆخ و ژیانی دوێنێی کۆن و ئەمڕۆی نوێمان بکەین، پێوەی دیار نییە کە کورد مێژووی خۆی شەنو کەو کردبێت، یان بەو چاوەوە سەیری کردبێت کە خۆی تێدا بدۆزێتەوە، نابینی سوود لە ئەزموونە پێشووەکان وەرگیرابێت، هەڵەکان نەک جارێک دەیان جار دووبارە دەبنەوە، هەموو جاریش دەرەنجامی پێشوو دەست کورد کەوتووە.. مەخابن.. کورد مێژووی پڕ لە ئەزموونی بە دەرمانخانەیەک نەزانیوە، تاوەکو دانایانە تیماری دەردەکانی تێدا کردبێت ئەمە لەلایەک.. لەلایەکی ترەوە، نووسەرانی مێژووی کورد لەبری ئەوەی دەست نیشانی خاڵی لاواز و بەهێزی ژیانی کۆنی کورد بکەن، هاتوون مێژووەکەیان وەک چیرۆک خوێنەکانی ناو دیوەخانی شەوانی زستان و بەر ئاگردان گێڕاوەتەوە، تەنانەت خۆشیان لەگەڵیان هەڵچوون و داچوون و ئەوەندەی تر بابەتەکەیان ئاڵۆز کردووە...

دەبا خوێنەران و سیاسەتمەدارانی کورد، مێژووەکەمان بە دەرمانخانەی پڕ لە ئەزموون و وانە سەیر بکەن و بە گەوهەرێکی جێماوی دانسقەی بزانن، خەڵکانی کوردیش جێماوەکانی باپیرانمان بە یادگاری پێشینەکانمان بزانن و بە هەرزان لە دەستی نەدەن!

## خاکی کورد و یەکەم جووڵەی ژیان

هەندێ لە مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوان کە باس لە مێژوو و ڕەچەڵەکی کورد دەکەن، پێشەکی باس لەوەدەکەن کە لە سەرەتای ژیانەوە کوردستان چۆڵ بووە لە مرۆڤ، پاش ماوەیەک بەهۆی ڕووداوێکی سروشتی یان شتێکی ترەوە، خێڵەکان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە شالاویان هێناوە و کۆچیان کردووە بۆ چیاکانی زاگرۆس و باکووری دۆڵی ڕافیدەین، بەم ڕایە بێت، کۆمەڵێک مەبەستی دژ بە کوردمان بۆ دێتە دی، یەکێکیان ئەوەیە کە کورد خاوەنی ئەم خاکەی کوردستان نییە و کۆچەرییە و لە شوێنی ترەوە هاتووە، بۆی هەیە لە کوێوە هاتووە بگەڕێتەوە شوێنە ئەسڵەکەی خۆی.. بەڵام سەرچاوە زانستی و مێژوویی و ئایینییەکان پێیان وایە کە یەکەم جووڵەی مرۆڤ لە قۆناغی دووەمی ژیان لەسەر زەویدا، لە خاکی کوردانەوە بووە و لەوێوە بڵاوەیان کردووە و دنیایان ئاوەدان کردووەتەوە.

### ١- بەڵگەی زانستی

لێکۆڵینەوە ئاسەوارییەکان بۆ ئەوە دەچن، کە مرۆڤ پێش سێ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر لەسەر زەویدا هەبووە، سەرەتا لە مرۆڤی ئاسایی نەچووە، پاشان بووەتە مرۆڤی (هوموهابیلیس) کە دوو ملیۆن ساڵ لەمەوبەر ژیاون و پێشکەوتووتر بوون، پاشان بووەتە مرۆڤی (هوموایرکتوس) کە (١,٥) ملیۆن ساڵ لەمەوبەر ژیاوە و دۆخی لە جاران باشتر بووە، بەڵام نیوملیۆن ساڵ لەمەوبەر مرۆڤی (هوموساین) پەیدابووە، کە ژیرتر بووە و

سوودی له بەرد و ئاسن وەرگرتووە و باشتر مامەڵەی لەگەڵ سروشتدا کردووە، ئەم سەردەمەیان بە (چاخی بەستەڵەکی کۆن) ناودەبرێت، پێش سەد هەزار ساڵ لەمەوبەر واتە لە (چاخی بەستەڵەکی ناوەڕاست)دا، جۆری مرۆڤی پێشکەوتوو زۆر لە مرۆڤی ئەمڕۆ چووە، ناسراوە بە مرۆڤی نیندەرتاڵ) ئەمانە ڕاویان کردووە و سوودیان لە ئاگر و ئەشکەوت بینیوە، بەتایبەت یەکەم جار و لە ساڵی (١٩٥١-١٩٦١)دا ئێسک و پرووسکی کۆنترین مرۆڤ لە ئەشکەوتی (شانەدەر) لە باشووری کێوی برادۆست لە پارێزگای هەولێر، لەلایەن زانای ئەمریکی (ڕالف سولیکی)یەوە دۆزرایەوە. ئەمەکۆنترین جۆری مرۆڤە کە لە کوردستان دۆزراوەتەوە، ئەم جۆرەیان ژیربووە و ئاگر و ئەشکەوتی بەکارهێناوە و پێستەی کردووە بە جلوبەرگ. کە پێشتر ناونرا (چاخی برادۆستی) و پاشتریش بە (شارستانیەتی شانیدەر) ناسرا ئەم مرۆڤانە لەبەر هەر هۆیەک بوو پووکاونەتەوە. دوای ئەوەش لە (چاخی بەستەڵەکی نوێ)دا، واتە لە ٣٠- ٣٥ هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە چاکترین جۆری مرۆڤ پێکهات و جێی پێشووەکانی گرتەوە کە بە مرۆڤی (کرد واگنون) ناسرا، کە هەتا دە هەزار ساڵ لەمەوبەر ژیاوە و جۆرەکەی بەردەوام بووە.. تیۆرێکی تر کە مامۆستای زانکۆی ئەمریکی (هـ.أ. ڕایت) لە کتێبەکەیدا بەناوی (العصور الجليدية البلاستوسينى)دا دەڵێ: ١١ هەزار ساڵ لەمەوبەر کوردستان لە ڕووی جیۆلۆجییەوە گۆڕانێکی باشی بەخۆوە بینیوە، ٩ هەزار ساڵ لەمەوبەر سەرما و سۆڵە و سەهۆڵبەندان لە چیاکانی زاگرۆس کۆتایی هاتووە، هەتا ئەمڕۆ ئاووهەوای ئاسایی بووەتەوە، ئیتر خەڵکی کوردستان دەستیان داوەتە کشتوکاڵ و دێهات و گوندیان لە ناوچەی کشتوکاڵییەکاندا دامەزراندووە. ئەمە ئەوە دەردەخات کە وڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای ژیانەوە جوولەی تێدابووە، واتە خاکی کوردان لە سەد هەزار ساڵ پێش ئێستەوە قەرەباڵغی بووە، ئەم جۆرە مرۆڤەی کە ئێستە هەیە، ٣٥ هەزار ساڵ بەر لە ئێستە قاچی لەسەر زەوی کوردستان جێگیربووە، کە ئەو کاتە مرۆڤ لە هیچ جێیەکی تردا نەبووە و زۆربەی پارچەکانی تری سەر زەوی سەهۆڵبەندان بووە و بە بەستەڵەک داپۆشراوە، تەنانەت باکووری کوردستان هەتا هەزارەی (٢١) پێش ئێستا لە شاخەکانی ئارارات و ئەرز ڕۆم و تۆرۆس بەستەڵەک بووە و، لەو بەرەوارە بە دواوە بەرەو توانەوە چووە، وردە وردە زەوی گەرم داهاتووە و سەرما و سۆڵە کەمی کردووە، خەڵکی بە کاری ژیانداری ئاسایی خەریک بووە، ئەمە هەتا نێوان ساڵی ١٠-٨ هەزارەی پ.ز بەردەوام لە تاوانەوە دا بووە، مرۆڤ لەم دەمەدا زۆر پێش کەوت، بە ڕاوی گیانلەبەران و کۆکردنەوەی دانەوێڵە و بەرەو کۆمەڵ و خێزانەوە خەریک بوو.

دوای ئەوە و تێهەڵکێش بەو چاخانە، لەگەڵ بەرەوپێش چوونی مرۆڤدا، زانایان ژیانی مرۆڤیان کردە سێ چاخی تر کە ئەمەیان بە (چاخی بەردین) ناوداربووە، چونکە خەڵکی زیاتر بەردیان کردبووە مادەی سەرەکی و بەپێی پێویست سوودیان لێدەبینی بۆ چەکووش و تەور و خەنجەر و شتی تر:

١- چاخی بەردینی کۆن لە ٦٠-٣٠ هەزار ساڵ پ.ز

٢- چاخی بەردینی ناوەڕاست لە ٣٠-٩ هەزار ساڵ پ.ز

٣- چاخی بەردینی نوێ لە ٩-٣ هەزار ساڵ پ.ز

گرنگترینیان چاخی بەردینی نوێیە، کە مرۆڤ زۆر شتی گرنگی شارستانی تێدا ئەنجام داوە، کە دواتر بوو بە هۆی بەرپاکردنی شۆڕشێکی ئابووری کۆمەڵایەتی زۆر مەزن، خەڵکی لە دەوروبەری کانی و گۆماو و ڕووبار و چەمەکان کۆبوونەوە، کشتوکاڵیان داهێنا، تۆو و دانەوێڵە کۆکرایەوە، یەکەم شۆڕشی کشتوکاڵی بە دۆزینەوەی دانەوێڵە لەم چاخەدا و لە کوردستان و لە چەند جێگەیەکیدا دەرکەوت، دێهات دروست کراو گیانلەبەران ماڵی کران، بەڵام هەر ئەم شۆڕشە لە ئەورووپا، لە ٣ هەزار ساڵ پ.ز بەرپا بوو، واتە سێ هەزار ساڵ دوای کوردستان، کە ئیتر مرۆڤەکان لەبەر قەرەباڵغی کوردستان دەستی کردە کۆچ کردن لە کوردستانەوە بۆ دەشتە بە پیتەکانی باشوور و سۆمەر و ئەکەد، ئەم مێژوو و شۆڕشە کشتوکاڵییە لەگەڵ تۆفان و دابەزینی (کەشتی نوح) لە کوردستان یەک دەگرێتەوە، کە لە ئەفسانەی گەلگامێشی سۆمەری و کتێبە ئاسمانییەکاندا باس و خواسی هاتووە.

## ٢- بەڵگەی مێژوویی

ئاسەوار و شوێنەوارە جێماوەکان گەواهی ئەوە دەدەن کە لە دێرین زەمانەوە، بەڵکو لە سەرەتای مێژووەوە، مرۆڤ گەلێک لە چیا و لاپاڵەکانی زاگرۆس و باکووری دۆڵی ڕافیدەین بووە و ئاسەوار و جێ دەستیان دیارە، زانایانی لێکۆڵەری ئاسەوارەکان دەڵێن ئەو جێماوانە بەرهەمی کاری یەکەم گرۆهی مرۆڤن لەسەر زەوی، لەوانەوە بە ناوچەکەدا بڵاوەی کردووە، گەلی کورد لەسەر خاکی خۆی مۆزەخانە و عەنتیکەخانەی نییە، هەتا بزانێ

پێشینەکانمان چیان کردووە و چیان بۆ جێ هێشتووین، هەتا چەندە ژیار و شارستانیان بڕی کردووە و گرنگیان بووە. نەک ئەوە، بەڵکو بەردەوام ڕۆڵەکانی خۆمان لە گەڕان و هەڵدانەوەی پاشماوە کۆنەکاندان و هەرچیان دەست کەوێت کێشی دەکەن بۆ ئەودیو سنوور، لەبەر چەند درهەمێکی هیچ سەرنگومی دەکەن، ئیتر کوردەکە ناڵێ ئەمەماڵی میللەتە و ناسنامەی منە، ڕۆژژمێری گەلەکەمە، وەک پارێزگارێکی نییە چاودێری بکات، مۆزەخانەیەکی نییە تیا هەڵبگرێت، با هەر لە شوێنەوارەکاندا شاراوەبن، هەتا نەوەیەکی تر دێت، لە ئێمە تێگەیشتووتر دەبن و قەدری ئەمانەت دەزانن، دەری بهێنێت و نهێنییەکانی بخوێنێتەوە... دزینی ئەو ئاسەوارانە وەک ئەوە وایە ناسنامەی میللەتەکەت بفرۆشیت... ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ سەردانی مۆزەخانەی بەغدا و تەهران و ئەستەنبول و قاهیرە و دیمەشق و مۆسکۆ و پاریس و لەندەن و نیویۆرک و دەیان شوێنی تر بکەین، دەبینین زۆر بە پاشماوەکانی کوردستان دەوڵەمەندن، زۆر کەسمان کە چوونەتە دەرەوە، شایەتی ئەو ڕاستیانە دەدەن، بخوێنەرەوە و بزانە دکتۆر فەرهاد پیربالْ و دکتۆر جەمال نەبەز و دکتۆر جەمال ڕەشید و چەندانی ترمان، چ باس و خواسێک لەو مۆزەخانانەی دەرەوە، لەمەڕ دێرینی کورد دەگێڕنەوە، دکتۆر جەمال ڕەشید لە پەیڤینێکی لەگەڵ (ڕامان)دا دەڵێت: من لە ئەڵمانیا تەنیا کارم ئەوەیە و زۆربەی کاتەکانم لە نێوان مۆزەخانەکان و ئەرشیڤ و ماڵەوەدام و وێڵم بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی کوردی کۆن. واز لەو مۆزەخانانەی دەرەوە بهێنە و بگەڕێرەوە سەر خاکی خۆمان، کە پارچەیەکە لە مۆزەخانەیەکی گەورە و مەزن، ئەوەندەی قەرەباڵغی شوێنە ئاسەوارە کۆنەکانی دەبینین، ئەوەندە گوند و شار و شارۆچکە نابینین، کە هێشتا لە سەدا پێنجی کاری پشکنینی تێدا نەکراوە و بێ دەستکاری ماوەتەوە. ئەوەی کراوە لە (ئەشکەوتی شانەدەر) و (هەزارمێرد) و (زیوی چەمی) و (شارستانی زارزێ) و (چەرمۆ) لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی، (گنج دارە) و (تەپە گوران) و (تەپە ساران) و (نێستون) لە پارێزگای کرمانشاە، (قەرەچێوار) و (نوزی) و (قەڵای کەرکووک) لە پارێزگای کەرکووک، (سوسە) لە کوردستان و (تەپە گەورە) لە موسڵ (تلحلف) لە بۆتان و زۆری تر، کە هەموو ئەرشیڤی دەوڵەمەند و نایابن و مۆزەخانەی پڕن لە ئاسەوار و شایەتی یەکەم شۆڕشی کشتوکاڵی (شۆڕشی نیولیتیە) دەدەن لە مێژووی مرۆڤدا کە لە کوردستاندا بووە.

لێکۆڵینەوەکانی زانایانی ئاسەوار (ڕالف سولیکی) و (بریدود) و (دکتۆر ستوارد) و (دکتۆر کۆلن رینغرو) و (گارود) و زۆری دی، کە سەریان لە کوردستان داوە و ئاسەوارەکانیان تاقی کردووەتەوە، سەلماندوویانە کە کوردستان جێگەی یەکەم جووڵەی مرۆڤ بووە لە مێژوودا، هەرچەندە ئەحمەد سوسە و تەها باقر کە دوو دکتۆر و شارەزای ئاسەواری دێرین و مێژووی ناوچەکەن و بەرهەمیان زۆرە، لەو بوارەدا بۆچوونێکی تریان هەیە، بەڵام کێ هەیە لە جیهاندا بتوانێت ڕاستییەکان بشارێتەوە و سەروەری خەڵکی بشێوێنێت. ئەگەر کورد دڵسۆزی لە خۆی نەبێت، کەسانی تری وەکو زانای بەریتانی ناسراو (کۆڵن رینغرو)، کە زۆر خەریک بووە کتێبێکی بەناوی (علم الاثار- واللغة- لغز الوطن الاقدام للاقوام الهندية و الاوروبية) تیۆرێکی گرنگی نووسیوە لەبارەی شوێنی یەکەمی گەلی هیندی و ئەورووپییەوە، بۆچوونی زۆر سەیری نووسیوە، کە کەسی تر بەو ئاشکراییە بۆی نەچووە، لەبارەی نیشتمانی دایک، کشتوکاڵی داناوە بەهۆی یەکەم بڵاوبوونەوەی ئەو گەلانە، پاشان دوو زانای ڕووسی بەناوی (غامکریلیدزە) و (ئیفانوس) لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیان لەنێوان ساڵانی ١٩٧٢-١٩٨٥ ئەنجام داوە، کە لەگەڵ تیۆرەکەی (کۆڵن ڕینغرو) یەک دەگرێتەوە، ئەم توێژەرانە دەڵێن (ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ - واتە کوردستان- نیشتمانی یەکەمی هیندو ئەورووپییەکانە). پاشان دەڵێت: ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ نیشتمانی کۆنی گەلە هیند و ئەورووپییەکانە و هەموو ئەو جیاکەرەوە (مواصفات)انە دەیگرێتەوە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و باشووری قەوقاز و باکووری دۆڵی ڕافیدەین، کە ڕێکوپێک مەبەستەکەی کوردستان دەگرێتەوە، هەر بۆیە ئەو تیۆرەیان ناونا (تیۆری ئەنادۆڵی)، جگە لەوەی کە زۆر زانای تر پاڵپشتی لەو تیۆرە دەکەن و بڵاوبوونەوەی گەنم لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵەوە بۆ یۆنان و ئەورووپا لە سنووری (٦) هەزار ساڵی پ.ز تیۆرەکە بەهێزتر دەکات، جگە لەوە تیۆری (پاڵنان)ی دوو زانا (ئەمرمان) و (کاڤالی سفورزا) زیاتر ئەوە بەهێز دەکات کە لە کوردستانەوە خەڵک و شارستانی بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە.

# ڕێژیسیۆر و فەزای شانۆ

د. فازیل جاف
(سوێد)

(١-٢)

دەکرێ کاری ڕێژیسیۆر لە سێ مەیداندا چڕ بکرێتەوە:
- مەیدانی تێکست
- مەیدانی نواندن
- مەیدانی فەزا

کە باس لە فەزای شانۆ دەکەین، لەوە ئاسانتر نییە بڵێین: ڕێژیسیۆر دەبێ لە فەزای شانۆ بگات. ئەمە ڕاستە، بەڵام چۆن؟ کاری ڕێژیسیۆر لەسەر تێکست و لەگەڵ ئەکتەردا گەلێ کۆنکرێتترە لەکاری سەر فەزا. جارێ هەر نەبێ ڕێژیسیۆر لە کارکردن لەگەڵ تێکست و ئەکتەردا بۆ خۆی سەرپشکەو ئەوەندە پابەند نییە بە هاریکاری و هونەری کەسێکی دیکەوە، کە نەخشەی فەزاو پێکهاتی سەرفەزای بۆ دادەڕێژێ، ئەویش ئەو کەسەیە کە پێی دەگوترێ سینۆگراف.

**ڕێژیسیۆر چۆن لە فەزا تێدەگات؟**

ڕێژیسیۆر چۆن لە فەزای شانۆ تێدەگات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێبەستە بە تێگەیشتنی ئێستێتیکی و فەلسەفی ڕێژیسیۆر بۆ وجوودی ئینسان، چ لە واقیعداو چ لەسەر شانۆدا. خۆ ئەگەر لەو ڕاستییەوە دەست پێبکەین، کە هەردوو ڕەهەندەکەی نمایش، شوێن و زەمان، لە دووتوێی پێکهاتی نمایشدا خۆیان دەنوێنن، ئەوە تێدەگەین کە شوێن واتە فەزا، پەنتایی، ڕووبەر و ژوور دەگرێتەوە.

زەمانیش کە لە نمایشدا مۆسیقای بزووتنەوە و دینامیکی جەوهەری وجوودە لەسەر فەزای نمایش، کە ڕیتم و نەبز دەگرێتەوە. ئەم دوو ڕەهەندە، لەکاری داهێنەرانەی ڕێژیسیۆردا تا بڵێی وجودین و سەد

لەســەدیش شــەخـسین، چونکە لە جـەوهەردا هەر لە کەڵکەڵەی تاکەکەسی ڕێژبسیۆرەوە سەر هەڵدەدەن.

## ڕووبەری بەتاڵ

کە باس لە فەزای شانۆ دەکەین، بەر لە هەموو شتێک لە زەین و ئەندێشـــەمـــاندا، وێنەی ڕووبەرێکی بەتاڵ دروست دەبێ. دەشبێ هەر وابێ.


چونکە لە ڕاستیدا مێژووی شانۆ لە دوو هەزار ساڵ پترەوە تاکو سەردەمی ڕێنێسانس هەر مێژووی فەزای بەتاڵە. بەر لە شانۆی ئەنتیک و پاشتریش لە شانۆی ئلێزابیسی و لای مۆلییر و لە شانۆکانی ئاسیادا شانۆ هەر لەسەر فەزای بەتاڵ نمایش کراوە.

لەم ڕووبەرە بەتاڵەوە، یان لەســـــەر ئەم ڕووبەرە بەتاڵەدا، فەنتازیا و هزرو ڕامانەکانی ڕێژبسیۆر بۆ وجوود لەشێوەی نمایشدا دروست دەبێ. دەڵێم وجوود، نەک واقیع، چونکە لە ڕاستیدا کاری ڕێژبسیۆر لە مامەڵکردن لەگەڵ وجووددا خۆی دەنوێنێ، بەپێی ئەوەی کە مامەڵە لەگەڵ دوو وجوود دەکات، وجوودی مرۆڤ لە واقیعدا، هەروەها وجوودی مرۆڤ لەسەر شانۆدا، واتە وجوودی واقیعی و وجوودی هونەری.

وجوودی مرۆڤ لەسەر فەزای شانۆدا مەحکومە بە یاساو نەریتەکانی نمایش و فەلسەفەی ئێستێتیکی شانۆوە، کە ئەمەش لە ڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێک، لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێک، بەپێی بەهاکانی فەلسەفی و هونەری دەگـــۆڕێن، بۆیە کـــە دەڵێن ڕێبـــازی ستانیسلاڤسکی یان مەیرهۆڵد، دەزانین کە ئەم ڕێبازەیان یان ئەویان بە جۆرێکی دیاریکراو لە واقیعدا تەماشای ئینسان دەکات و لەسەر شانۆشدا، بەشێوازێک یان بەڕوانگەیەکی دیاریکراو بەرجەستەی دەکات.

لە بنەڕەتدا ئەرکی ڕێژبسیۆری خاوەن دیدو ئێستێتیکا لە هونەردا، لەبەرجەستەکردنی ئەم وجوودە هونەرییە لەسەر فەزادا خۆی دەنوێنێ. خۆ ئەگەر فەزای دەقیشی بخەینە سەر، ئەو دەمە دەکرێ بڵێین ڕێژبسیۆر مامەڵە لەگەڵ سێ فەزادا دەکات، فەزای دەق و فەزای واقیع و فەزای شانۆ کە دواتر خۆی لە خۆیدا هەردوو فەزایەکەی تێدا چڕ دەبێتەوە.

کاریگەرێتی ئەم فەزایانە بۆ سەر یەکدی و پێوەندییان بە یەکدییەوە بابەتی گەورەی بواری سیمۆلۆژیا و ئێستێتیکایە، بۆ نموونە ئەگەر خوێندنەوەیەکی واقیعیت بۆ تێکستەکەت لەبەر چاو گرت، ئەوە بێ سێ ودوو



فەزای شانۆکەت ئەو تەرجەمەیە نمایش دەکات. بەهەمان شێوە ئەگەر خوێندنەوەکە ڕەمزی بێت، یان مەجازی بێت، کار دەکاتە سەر فەزای هونەری.

مەسەلەی پێکهێنان و گونجاندنی ئەم دوو فەزایە، ئەرکی سەرەکی ڕێژبسیۆرە، کە پێوەندییەکی زیندووی بەسێ ئەرکە سەرەکییەکەی دیکەوە هەیە، دەق، نواندن، فەزا. لە بنەڕەتدا مەیدانی فەزا، بینەریش دەگرێتەوە، کە ڕەهەندەکانی نمایش لەو دۆخەدا دەبنە چوار ڕەهەند، ئەمە ئەو چوار ڕەهەندەیە کە مەیرهۆڵد لە دامەزراندنی بنەماکانی شانۆی مودێرن بەرەنگارییان بووەوە: تێکست، نواندن، فەزا، بینەر. ئەمیان پێوەستە بە چەند فاکتۆرێکی گرنگەوە، وەکو جۆری دانیشتنی جەمهوور و پێوەندییان بەفەزای نمایشەکەو ئەکتەرانەوە. کە دەڵێین بیناسازی نمایش، واتە میعمارێک کە لە هەردوو لایەنەوە دروست دەبێت.

## دینامیکیترین شێوەی کارکردن لەبواری سینۆگرافیادا

دیارە میتۆد وشێوەکانی هاریکاری نێوان ڕێژبسیۆر و سینۆگراف جۆراوجۆرن و هەریەکێ ئەو شێوازە هەڵدەبژێرێت کە بۆی دەلوێ و بە چاکی دەزانێ. ئەوەی من بە چاکی دەزانم و پێم وایە نموونەییە، ئەوەیە کە سینۆگراف پێش ئەوەی هەر نەخشەو پلانێک بچەسپێنێ، لە پرۆڤەکاندا ئامادەبێ و لەگەڵ ڕێژبسیۆر و ئەکتەرەکاندا دەست بەکاربێ وتەواو ئاگاداری پێکهاتی

میزانیسینەکانی نمایشەکە بێت، ئنجا کار لەسەر نەخشەدانانی سینۆگرافیا بکا.

هەر لە قۆناغی سەرەتایی پرۆڤەکاندا، کاری ئەکتەران لەگەڵ جەستەو پێکهاتەی فیزیکیدا دەردەکەوێ. ئەگەر سینۆگراف لە نزیکەوە بەشداری پرۆڤەکان بکات و بەوردی سەرنجی کاری ڕیژیسێر و ئەکتەرەکان بدات، دەرئەنجام و ئاکام و چارەسەری تەکنیکی بە سوودی دەستگیر دەبێت. لە ڕاستیدا وەک چۆن ڕیژیسێر لە پرۆڤەکاندا پێکهاتە جەستییەکان دادەمەزرێنێ، سینۆگرافیش بەهەمان شێوە بیناسازی سینۆگرافی نمایشەکەی لەلا دەخەملێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سینۆگراف لە پرۆڤەدا ڕیتم و جەو و شێوازی شانۆگەرییەکەی چاکتر بۆ دەردەکەوێ، بەڵام بەداخەوە ئەم شێوازی کارکردنە لەهەموو بەرهەمێکدا مسۆگەر ناکرێت، بەتایبەتی لە شانۆ گەورەکان و لە شانۆ ڕەسمییەکانی دەوڵەتدا، کە بەهۆی خەرجی گرانی بەرهەمهێنان، نەخشەی سینۆگرافیا و جلوبەرگ و ئێکسسوار و کاری مۆسیقا بەشێوەیەکی گشتی دەبێ زووتر ئامادەکرابێ.

لە زۆربەی ئەم شانۆ گەورانەدا ماوەی تەرخانکراو بۆ مەشق و پرۆڤە بە دەگمەن لە هەشت هەفتە تێدەپەڕێت، بۆیە دەبێ هەموو کارێکی تەکنیکی پێش وەخت ئامادەکرابێ.

ڕیژیسێری گەورەی بەریتانیا پیتەر هاڵ، کە خۆی بەڕێوەبەری شانۆی نەتەوەیی بوو لە لەندەن، دەڵێ: بەختەوەرترین کات بۆ من لە شانۆدا ئەو کاتە بوو کە دوازدە هەفتە لەسەر شانۆنامەی ئەنتۆنی و کلیۆپاترای شەکسپیر، لەگەڵ کەڵە ئەکتەرانی وەکو جودی دێنچ و ئەنتۆنی هۆپکنز بۆ ماوەی دوازدە هەفتە پرۆڤەمان کرد. ئێمە ئەو دەرفەتەمان بۆ ڕەخسا کە بۆ یەک مانگ لەگەڵ سینۆگرافدا کار بکەین. دەرفەتی لەو جۆرە زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێ.

ئنجا بیهێنە پێش چاوی خۆت، ئەگەر دەرفەتێکی لەو جۆرە بۆ ڕیژیسێرێکی خاوەن ئیمکانیاتی وەکو پیتەر هاڵ ئەوەندە بەسەختی بڕەخسێ، دەبێ بۆ ڕیژیسێرێکی میوان هەر لە شانۆی نەتەوەییدا لە لەندەن چەندە سەخت بێت. بێگومان لە وڵاتانێکدا کە ژیان و بازاڕی شانۆی تێدا ئەوەندە چڕو سیخناخ نییە، مەسەلەی دابینکردنی کاتێکی فراوان بۆ پرۆڤە و کارکردن شان بەشانی سینۆگراف ئاسانترە.

**کێ بڕیار لەسەر نەخشەی سینۆگرافیاکەت دەدات؟**

ڕیژیسێر؟ یان سینۆگراف؟ باشتر وایە هەردووکیان پێکەوە بڕیاری سینۆگرافیا بدەن. کە بیر لەبەرهەمەکانی خۆم دەکەمەوە، وەکو سەمووم (ستریندبێرگ)، ڕاشامون (ڕایۆنسکی ئەکوتاگاو)، تەرتووف (مولێیر)، خەونی نیوە شەوێکی هاوینە (شەکسپیر)، هەزارو یەک شەو (دۆمێنیک کوک)، یاری بە ئاگر (ستریندبێرگ) دەتوانم هەندێک لایەنی کارکردن و هاریکاریم لەگەڵ سینۆگرافدا بکەم کە بۆ کارەکانم و سەرکەوتنیان فاکتۆرێکی تابڵێی گرنگن.

ڕاستە لە هیچ یەکێ لەو کارانەدا، لە مەغریب نەبێ، ئەو دەرفەتەم بۆ نەلواوە بە وۆرکشۆپ و کاری هەرەوەزی ناو مەشق و پرۆڤە کار لەگەڵ سینۆگرافدا بکەم، تاکو پێکەوە و بە ئامادەبوونی ئەکتەران بگەینە فۆرمی شیاو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە پرۆسەی ئامادەکردنی سینۆگرافیادا شان بەشان و هەنگاو بەهەنگاو کارم لەگەڵ سینۆگرافدا کردووە. پاشتریش لە هەموو هەنگاوێکی پرۆڤەکاندا و لە گۆڕانە بنەڕەتییەکاندا سینۆگرافەکەم بەشداری کردووەو هەوڵم داوە ئاشنای زمانی پێکهاتی میزانسینەکان بێ.

دیارە ئەم میتۆدی کارکردنە، بەرهەمە کوردییەکانم ناگرێتەوە، چونکە ئەوەندەی من ئاگادارم لە ناو کورد تاکو ئێستا سینۆگرافێک هەڵنەکەوتووە.

جگە لە شانۆگەریی گێژەنی نووسەری پۆڵۆنی، کە نۆبەرەی بەرهەمەکانی تیپی شانۆی ئارارات بوو لە ساڵی ١٩٨٧دا، تێکڕای نەخشەی سینۆگرافیای کارەکانی تیپی شانۆی ئارارات بەشێوەیەکی سادە و ئاسان لەلایەن خۆم و فەرمان جاف و ئەندامانی تیپی شانۆی ئاراراتەوە سازدراون.

لە شانۆنامەی گێژەندا فیکرەی سەرەکی سینۆگرافیا هەر فیکرەی ڕیژیسێر خۆی بوو، بەڵام هاریکاریکردنی سینۆگرافی سوێدی ماریکا فاینسیلبەر ڕۆڵی سەرەکی لە دارشتن و سازاندنیدا بینی. دیارە نەبوونی سینۆگرافی کورد، هەمیشە کێشەیەکی گەورەی لەبەرهەمە کوردییەکاندا دروست کردووە.

**ڕیژیسێر و چەمکی سینۆگرافیا**

بەو پێیەی کە من زیاتر سەر بە قوتابخانەی مییرهۆڵدم، واتە تیۆری بنیاتگەری (کۆنستروکتڤیزم) چەمکی سەرەکییە لە تێگەیشتنمدا بۆ مەسەلەی

بیناسازی دیمەن و هەیکەلی بینائی سەرشانۆ، هەر بەو پێیە بەلامەوە گرنگە کە سینۆگرافەکەم لە بۆچوونەکانم سەبارەت، بە تێگەیشتنم بۆ مەسەلەی فەزاو قەوارەو کیتلە و هێڵ و پێوەندی هەموو ئەم ڕەهەندانە بە پلاستیکا و لەشی ئەکتەرەوە تێبگات. وەکو ئاماژەم پێدا، ئەمە باشترین شێوازە بۆ من لە کارکردنێکی نزیک و چڕ لەگەڵ سینوگرافدا.

ئەو ڕێژیسێرەی کە داوا دەکا سینۆگرافەکەی مۆدێلێکی لەو چەشنە، یان بە جۆرێکی تایبەت بۆ ئامادە بکا، دیارە ڕۆڵی سینۆگرافەکەی وەکو داهێنەرێک پێشێل دەکات و خەیاڵی ئیفلیج دەکات. بە من بێ ڕیژیسێر سینۆگرافەکەی بە ڕامان و بۆچوون و هزری خۆی دەربارەی بیناسازی دیمەن و هەیکەلی سینۆگرافی بناسێنێ و لێگەڕێ سینۆگرافەکەی چاک لە زمانی هونەری ئەو تێبگا، پاشان بەسەربەستی کاری خۆی بکا.

ڕیژیسێر دەبێ خەیاڵ و فەنتازیای سینۆگرافەکەی بورووژێنێت و هانی بدات تاکو ئەویش لە بواری داهێنان و توانستی خۆیدا خەلق و ئەفراندنی خۆی بەرجەستە بکات.

### بنیاتگەری/ کۆنستروکیڤیزم

کە دەڵێم من کاریگەرێتی بنیاتگەریم لەسەرە، واتە من سینۆگرافیا وەکو مەیدانێک یان گۆڕەپانێک دەبینم بۆ خزمەتکردنی لەش و جووڵەی ئەکتەر، ئەمە بۆ من مەرجی سەرەکی سینۆگرافیایە، مەرجەکانی دیکە وەکو مەجازیەت و ڕەمزیەت و دەلالەت و زەمان و سەردەم دواتر دێن.

ڕەنگە تەرتیب و پلەوپایەی ئەم مەرجانە بۆ ڕیژیسێرێکی دیکە هەر تەواو بە پێچەوانەوە بێت. بۆ نموونە لای ڕیژیسێرێکی سەر بە ڕێبازی ڕیالیزم یان ناتۆرالیزم، مەسەلەی ئارکۆلوگیای زەمەنی و گونجاندنی مەودای زەمان و شوێن لەگەڵ زەمەن و شوێنی ناو شانۆنامەکە گەلێ گرنگ بێت، لە کاتێکدا من نەک مەسەلەی گونجاندنی ئارکۆلوگیم مەبەست نییە، بگرە بە مەبەستەوەش تێکی دەدەم یان خۆمی لێ بەدوور ڕادەگرم.

بە کورتی مەرجەکانی سینۆگرافیا، لەم خاڵانەدا بۆ سینۆگرافەکەم ڕوون دەکەمەوە:

- فەزا وەک مەیدانی جووڵە و پلاستیکا بۆ ئەکتەر
- فەزا لە ڕووی میزانسینەوە



- فەزا لە ڕووی کۆمپۆزیسیۆنەوە
- فەزا لە ڕووی میتافۆر (استعارە) و مەجاز و هێماو دەلالەت وماناوە.

کە ئەمەی دواییان، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستە و خۆ کار دەکاتە سەر هەموو ڕەگەزەکانی بینین لەسەر شانۆدا.

### فۆرمی سەرجەم

لە شانۆی ڕووسیدا بۆ ئەم مەبەستە زاراوەیەکی دیکە بەکاردەهێنرێ کە پێی دەگوترێ ئەفەرملینیا، واتە فۆرمی سەرجەم، یان فۆرمی گشتگیرو سەرانسەری، بە واتەی ئەوەی کە ئیدی سینۆگرافیا و کۆمپۆزیسیۆن، یان کاری ڕیژیسێر و کاری سینۆگراف و کاری هەمووان فۆرمی سەرجەمی نمایش پێک دێنن. ئەم تێرمەم لەو زمانانە بەدی نەکردووە کە من دەیانزانم.

### لە بواری پراکتیکدا

شانۆنامەی یاری بە ئاگر لەسەر شانۆی زاچۆرنۆی ڕێچکۆی لە سانت پیتەربورگ دیداری یەکەم لەگەڵ

سینۆگرافەکەم (ئیلێنا دیمیتراکۆڤا) کە سینۆگرافی شانۆی مالّی تیاتره لەشاری پێتەربۆرگدا، لە ئۆتێلی مۆسکۆڤسکایا.

ئیلێنا: شانۆنامەکەم چاک خوێندەوە. چیت لە دڵ و دەروونداية؟ دەتەوێ چی بڵێیت؟

ف. ج: دەمەوێ بڵێم یاریکردن بەسۆزی ئینسان بۆ هەر مەبەستێک بێت، یاریکردنە بە ئاگر و ڕووخاندنی خودی مرۆڤی بەدواوەیە.

ئیلێنا: کەسانی ناو شانۆنامەکە چۆن دەبینیت؟

ف. ج: کەسانێکی زۆر بە ئەتێکێتن، پاک وخاوێنن، لە ڕۆخی دەریا یان ئاوێکدا دەژین، بۆ پشوودان لێرەن، بە ڕواڵەت هەموو هێمن و لەسەرخۆ و نیهاد پاکن، بەڵام لەناوەوە لەگەڵ یەکدی درۆ دەکەن، خیانەت و ناپاکی لەگەڵ یەکدی دەکەن، لە پشتی یەکدییەوە بە خراپ باسی یەکتر دەکەن، سەرەتا هەموو خۆیان هێمن پیشان دەدەن، بەڵام پاشان دەردەکەوێ کە چەند دوژمنکارانە لەگەڵ یەکدی ڕەفتار دەکەن.

ئیلێنا: ئەی جەوی گشتی؟

ف.ج: گرنگترین شت بۆ من جەوی پیلانگێران و چاودێریکردن و خیانەتکردنە لە یەکدی، تەماشا بکە چەند جار دیمەنەکان بەوە تەواو دەبێ، یەکێکیان دێتە ژوورێ و ئەوی دی ناچار دەبێ ڕەوتی جووڵە و کردار بگۆڕێ. فۆرمی کۆتایی و ئەنجامی کارکردنی سینۆگرافەکە لە چوار مۆدێلدا خۆی دەنواند، کە من بڕیارم لەسەر گونجاوترینیان دا.


ئەویش بەم شێوەیە بوو: ژوورێکی گەورەی دانیشتن، فەزایەکی بەتاڵ تەنیا سێ کورسی تێدایە، دیوارەکان هەموو سپین و لە تۆڕی ناو پەنجەرە دروستکراون، کە ئەکتەرەکان بە درێژایی دیمەنەکان دەیگۆڕن، بۆ نموونە کە دۆست لەگەڵ ژنی هاوڕێیەکەیدا دەدوێ، لە دەقەکەی ستریندبێرگدا، مێردی ژنەکە بەسەردا دێت، لێرە تۆڕی ناو پەنجەرەکە دەگۆڕدرێ، ئنجا دەبینێ لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا کاتێ کە هەموو تۆڕەکان ئاوەڵە دەبن، پۆرترێتێکی ستریندبێرگ دەردەکەوێ کە هەندێ نیگەرانە و واپێدەچێ نیگەرانە بۆ چارەنووسی کەسایەتییەکان، چونکە ئەوەی ئاگاداری شانۆنامەی یاری بە ئاگر بێ، دەزانێ کە ستریندبێرگ لەم شانۆگەرییەدا بەسەرهاتێکی ژیانی خۆی باس دەکات، بۆیە مەبەستم بوو، هێمایەک، ئاماژەیەک بە بوونی نووسەر لەسەر فەزای نمایشەکەدا بدەم. پێشتر چەند جارێک ئەم شانۆنامەیەم دیتبوو، لە هەموو نمایشێکدا هەستم دەکرد ستریندبێرگ دەبێ لەسەر شانۆدا بێت، دیارە ئەمە لە ڕێگای نواندنەوە دەکرێ، بەڵام تەنیا وەکو ڕۆح بوونی بسەلمێنی، ئەمەش هەر بە میتافۆر- مەجاز- دەشکێتەوە، خۆ ئەگەر مەبەستم وجوودی فیزیکی بێت، ئەوە لەخۆی ئاسانتر نییە، فەرموو دەتوانی یەکسەر کارەکتەری هاوڕێیەکە بکەی بەستریندبێرگ خۆی، زۆر ئاسانە چونکە لە ئەسڵدا ستریندبێرگ خۆیەتی، بەڵام من ئەمەم مەبەست نەبوو، دەمویست ئەم بوونە هێمایەک بێت و ئەم هێمایەش یەکسەر بەدەستەوە نەدەم.

دەمویست تەنیا هەستی پێ بکرێت، بینەر دیمەن دوای دیمەن لە مەبەست نزیک بێتەوە، وابێ لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا کارەکتەری ستریندبێرگیش لە زەین و بیری بینەراندا گەڵاڵە ببێت.

### چۆن ئەم هزرە لە سینۆگرافەکەم بگەیەنم؟

گرفتی ڕێژیسێری ئارەزوومەند و کەم ئەزموون، ئەو ڕێژیسێرانەی کە ئەزموونیان لەگەڵ سینۆگرافی پسپۆڕدا نییە، گەلێ زۆرە، بۆیە کە لە شانۆکانی ئەورووپادا بۆ یەکەم جار لەگەڵ سینۆگرافێکی پسپۆڕدا کاردەکەن و تووشی چەند گرفتێکی سەخت دەبن. بۆ نموونە ناتوانن دیالۆگێکی پیشەکارانە لەگەڵ سینۆگرافدا ئەنجام بدەن، چونکە پێشتر هەر خۆی دیکۆری بۆ بەرهەمەکانی خۆی کردووە و وا ڕانەهاتووە وێنەی هونەری بۆ جیهانی سەر شانۆ بەشێوەیەکی کۆنکرێت و بە پوختی دابڕێژێت.

ئنجا لەوەش خراپتر ئەوەیە کە، سینۆگرافەکەی هەر چییەکی بۆ ئەنجام بدات یان هەرچییەکی بۆ پێشنیار بکات، ئەم لەبەرکەم ئەزموونی خۆی پێی سەرسام دەبێت و یەکسەر پەسندی دەکات، چونکە پێشتر نەخشە و مۆدێلی لەو چەشنەی بۆ نەکراوە، بەڵام گرفتی ڕاستەقینەی ڕێژیسێر دواتر دەردەکەوێ، کاتێک کە تێدەگات ئەم مۆدێلە جوان و شەنگە لەسەر شانۆ لە پراکتیکدا، دەست نادات. دەسا یان ئەوەتا خۆی لەخۆیدا مۆدێلێکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشە، وەکو وێنە شاکارێکە بۆ خۆی، بەڵام بەهیچ جۆرێک لەگەڵ جیهان و جەوی شانۆنامەکەدا ناگونجێت، یان دەکرێ تەنانەت لە ڕووی جیهان و جەوی شانۆنامەکەشەوە هیچ کەموکورییەکی تێدا نەبێت، بەڵام بۆ میکانیزمی جووڵەی ئەکتەر و گۆڕینی یەک لە دوای یەکی دیمەنەکان دەست نەدات.



## سینۆگراف پیشەی خۆی چاک دەزانێ

سینۆگرافی پسپۆڕ وەڵامی بۆ هەموو ئەم پرسیارانە هەیە و پیشەکەی خۆی چاک دەزانێ، ئەوەندەیە ئەو پێویستی بەوەیە بزانێت تۆ چیت دەوێ و چۆن بیر دەکەیتەوەو دەتەوێ نمایشەکەت چۆن بێ. سینۆگراف ناتوانێ سینۆگرافیکایەکی گونجاوت بۆ بخوڵقێنێت، ئەگەر تۆ خۆت وەکو ڕێژیسێور بۆ چوونەکانت ئاشکراو ڕوون و پڕ مەبەست نەبن. لێرەشدا دیسانەوە بادەدەینەوە سەر ڕێژیسێوری خاوەن میتۆدو ڕێباز، کە چاکتر و ئاسانتر و ڕوونتر دەتوانێ گوزارشت لە تێڕوانین و ڕوانگەی ئێستێتیکی خۆی لەمەڕ فەزاو نمایش بکات.

## کاتێ لەگەڵ سینۆگرافەکەتدا یەک ناگرنەوە

من ئەم نووسینە بۆ ڕێژیسێورێک دەنووسم کە دەبێ لەگەڵ سینۆگرافدا کار بکات، ئەوەش دەزانم کە تۆ ئەمڕۆ لەناو شانۆیەکی ئارەزوومەندانەدا کار دەکەیت، کە هێشتا سینۆگرافی بەخۆوە نەدیوە، سەرەڕای ئەوەش بۆ ئەو شانۆکارە گەنجە یان ئەو قوتابی شانۆیییە دەنووسم کە بیەوێ پاشەڕۆژ ببێ بە ڕێژیسێورێکی خاوەن پیشە. پێت سەیر نەبێ گەر سینۆگرافەکەت لێت تێنەگات. هەندێ جار وا ڕێک دەکەوێت کە سینۆگرافەکەت ناتوانێ ئاشنایەتی لەگەڵ شێوازو ستیلی هونەری تۆ پەیدا بکات، یان بەهەردوو ناتوانن زمانێکی هونەری هاوبەش بدۆزنەوە، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ئەم ڕاستییەت بۆ دەرکەوت چاکتر وایە، لەگەڵ سینۆگرافێکی دیکەدا کار بکەی.

بۆ سینۆگرافیای شانۆگەری تەرتووف لە لەندەن سینۆگرافێکیان بۆ دەستنیشان کردم، کە ئەویش وەکو من ماستەری لە زانکۆی لەندەندا دەخوێند، پاش سێ و چوار دانیشتن بۆم دەرکەوت کە لە یەکدی ناگەین، کێشەی گەورەمان ئەوەبوو کە ئەو تەنیا فۆرم و کاریگەریتی لەسەر دڵ و دەروون و حەواسەکاندا مەبەست بوو و بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی لە پێداویستییەکانی کاری ئەکتەر لە سەر شانۆدا بەو شێوەیە کە من دەمدیت، تێبگات، واتە جوانکاری و بەکارهێنانی ڕەنگی پتر مەبەست بوو، لەوەی کە سینۆگرافیایەکەی مەیدانێکی گونجاو و لەبار بێت بۆ ئەکتەران.

شانۆگەری تەرتووف لەسەر شانۆی مان ئین زی موون (Man in the Moon) لەناو جەرگەی لەندەندا پێشکەش کرا، ئەم شانۆیە نموونەی شانۆی بچووکە، هەر لەسەر ئەم شانۆیەدا دەبێ ئەکتەران ئەو هەموو جووڵەو دینامیکیەتەی بیۆمیکانیک ئاسا ئەنجام بدەن، بۆیە دەمویست مۆدێلێکی ئەوتۆم بۆ بخوڵقێنی کە لە ڕووی عەمەلییەوە کێشەو گرفتی نەبێ، بەڵام دیدار پاش دیدار، کە پێشنیار و بۆچوونەکانیم دەبیست تێدەگەیشتم ئەم کچە سینۆگرافە پابەندە بە جیهانی نەقاشی و وێنە کێشانەوە، زیاتر لەوەی شانۆ لەلای وەکو مەیدانی ئەکتەر بێ.

بۆ نموونە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ڕووبەری شانۆکە گوڵباران بکات، چونکە لە تابلۆیەکی سەردەمی مۆلیێردا، وەکو ئەو باسی دەکرد تەختەی شانۆ بە گوڵ تەنرابوو. ئەمە ڕەنگە بۆ ستیلی ڕێژیسێورێکی دیکە دەست بدات، بەڵام بۆ شانۆنامەی تەرتووف و لە شانۆیەکی ئاوەهادا و بە بیۆمیکانیکی مییرهۆڵد و ئەو شێوازەی من نەدەگونجا.

## چەمکی ئاسیایی بۆ فەزای بەتاڵ

ساڵی ١٩٩٦ بۆ یەکەم جار لەگەڵ نایجل هووکی سینۆگرافی ئینگلیزدا کارم کرد، ئەویش لە شانۆگەری

سەموومی ستریندبێرگدا بوو. جەوی گشتی شانۆنامەکە، بە گوێرەی وەسفی ستریندبێرگ خۆی: گۆڕستانێک لە چەشنی گۆڕستانێکی عەرەبی، گۆڕێک لە ناوەڕاستدا، بەرماڵی نوێژکردن بەم لاو بەولاودا پەرش و بڵاوکراوەتەوە، لەلای ڕاستەوە میحرابێک. لە پشتەوە دەرگایەک و چەند دەلاقەیەکی هاتنە ژوورەوەو چەند پەردەیەک و چەند تەپۆڵکە لمێک لێرە و لەوێ، دارێکی سوببار لە ڕەگەوە هەڵکەنراوە، لەگەڵ کۆمەڵێک لق و پۆپی دارخورما. پاش خوێندنەوەی شانۆنامەکە نایجل تەلیفۆنی بۆ کردم، گوتی: پێش ئەوەی یەکدی ببینین، با هەر بە تەلیفۆن هەندێ شت دەربارەی فیکرەی گشتی و هێڵی سەرەکی ببڕێنینەوە. پێم گوت: ستریندبێرگ گەلێ وردەکاری و تەفسیلات باس دەکات، پێم وایە دەکرێ کورت بکرێنەوە، ئەمە سەرەڕی ئەوەی کە لە ڕووی مەنتقییەوە هەندێکیان ناکرێ لەیەک شوێندا و لە تەنیشت یەکدا دابنرێن، بۆ نموونە ستریندبێرگ مزگەوت و گۆڕستان تێکەڵ بەیەکدی دەکات، ئنجا دارخورماو لمی بیابان و دار سوببار و تاد. ڕاستە شانۆنامەکە گەلێ ڕواڵەتی سەیر و گرۆتێسک ئامێزی تێدایە، لە ڕاستیدا ستریندبێرگ لەم شانۆنامەیەدا تا ڕادەیەکی باش، کاریگەرێتی ئالان پۆی لەمەڕ جیهانی سەیری پڕ لە ترس و تۆقاندنی پێوە دیارە.

بە نایجلم گوت: بابزانین چی بۆ ئێمە جەوهەرییە، بەر لە هەموو شتێک بوونی گۆڕەکە کە مەرقەدی شەخسێکە، ئەمە خاڵی سەرەکی و سەنتراڵە، دەشبێ لە بیاباندا بێت، بەڵام نەک لە شوێنێکی کراوەدا بێت. من وای بە باش دەزانم کە لە ناو دەوارێکی عەرەبی گەورەدا بێت. دەوارێک لەناو بیاناندا، وردەکارییەکانی دیکەش بە گوێرەی پێویست هەڵدەبژێرین.

دیداری یەکەممان لە یەکێ لە قاوەخانەکانی سەنتراڵی لەندەندا بوو، لەوێ باسمان لە کارەکە کرد. نایجل هووک جانتاکەی کردەوە، خامێکی ڕەشی لەسەر مێزەکە ڕاخست، سێ و چوار شووشەی دەرهێنا، یەکێکیان پڕ بوو لە لم، لمەکەی ڕژاندە سەر خامەکە، کارتۆنی دەرهێنا، بە مەقەست گۆڕێکی دروست کرد، ئەمجا پەردەکانی لە کارتۆن دروست کرد، بەکورتی هەموو ئەو کەرەستانەی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە سترینبێرگ وەسفیان دەکات.

دوو هێڵی سەرەکی لەم سینۆگرافیایەدا خۆیان دەنوێنن، ئەم دوو هێڵە گوزارشت لە دوو سنفی شانۆیی کۆنتراست و دژ بەیەک دەکەن، یەکێکیان تەقسی و سرووت ئامێزە، کە زیاتر بە تەعبیری برووک شانۆی پیرۆزی ئارتۆ دەگرێتە خۆی، ئەوی دییان شانۆی درشتی مییرهۆڵد و برێختە کە لە هونەری گێڕانەوەو گرۆتێسک و تەغریبدا خۆی دەنوێنێ. ئەمە وەکو ئەوە وایە ستریندبێرگ ئالان پۆ و ئارتۆ لە تەنیشت یەکدا دانابێ.

چۆن بتوانین ئەم دوو هێڵە لەیەک بدەین، یان هەردوو هاوتەریب بن؟ چۆن بتوانین ئەم دوو سنفە لە جیهانێکدا یان لە وێنەیەکی شانۆییدا کۆ بکەینەوە؟ ئەمە خواستی من بوو بۆ سینۆگرافەکەم، بۆ سینۆگرافێک کە بەڕاستی زوو تێدەگەیشت.

بەر لەوەی دەستم لە دەستی سینۆگرافەکەی تەرتووف ببێتەوە، تەلیفۆنم بۆ نایجل هووک کرد، پێم ڕاگەیاند کە کێشەیەکی گەورەم لەگەڵ سینۆگرافەکەمدا هەیە، بە هیچ جۆرێک لەیەک تێناگەین و زمانی هاوبەش لە نێوانماندا نییە، کاتیش وا خەریکە بەسەر دەچێ و هەفتەی داهاتوو دەبێ دەست بە پرۆڤە بکەین.

نایجل ئامادەیی خۆی دەربڕی کە یارمەتیم بدات، دیسانەوە هەر لە دانیشتنی یەکەمدا نایجل کەرەستەی خۆی دەرهێنا و هەر لەیەکەم هەنگاودا دەریخست کە زۆر زوو لە مەبەستم گەیشتووە.

گوتی: فەزایەکی تەسک، کەسانێکی زۆر، جووڵەیەکی زۆر، بەردەوام هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوە. هووک فەزایەکی ئاسیایی ڕۆژهەڵاتی پێشنیارکرد، گەلێ نزیک لە تەرزی فەزاو پانتایی کابووکییەوە.

فەزای ئاسیایی بۆ مۆلێیر یەکاویەکە، چونکە کوتاڵ و ناومال و مۆبێلە قبووڵ ناکات. ئەگەر دیقەتی ماڵی جاپانییەک بدەی، بەتایبەت کۆنەکانیان لەوانەی کە لە فیلمەکانی کورۆساڤادا دەبینرێن، مۆبێلە و ناو ماڵ نییە، ژوور دەبینی بە مانای ژوور، چوار دیوار و فەزایەکی بەتاڵ. پاشتر بۆت دەردەکەوێ کە دیوارەکان بریتین لە چەکمەجە و دۆڵاب، هەرچی کەلوپەل هەیە لەوێدان و لە کاتی پێویستدا دەردەهێنرێن و بەکاردەهێنرێن، تەنانەت قەرەوێڵە و چوارپایەی نووستنش هەر لەناو دیوارەکاندا دەفن کراون.

لە شانۆگەرییەکانی مۆلێردا دەبێ بە تەواوەتی بەم شێوەیە بێت، واتە تەنیا لەکاتی پێویستدا مۆبێلە بهێنرێتە سەر شانۆ، بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچوونە، بەکارهێنانی مێزەکەیە لە دیمەنی پێش کۆتایی تەرتووفدا، کە وەکو بەردی بناغەی وایە بۆ کرداری سەرەکی شانۆنامەکە. خاتوو ئەلمیر داوا لە ئۆرگۆنی مێردی

دەکات، لەژێر مێزەکەدا خۆی بشارێتەوە تاکو بە تەواوەتی بۆی دەربکەوێ کە ئەو تەرتووفەی ئەم باوەڕی پێیەتی و بە پیاو چاک و وەلی دەزانێ، چۆن چاوی بڕیوەتە ژنەکەی و دەیەوێ لەگەڵی ڕابوێرێت.

## ژوور واتە ژووری بەتاڵ

ئۆشۆی فەیلەسووفی هیندی، دەڵێ کاتێک بە ژوور دەگوترێ ژوور، کە تەواو بەتاڵ بێت. ژوور هەر ئەوەندەی کە پڕ کرا لە کوتاڵ و مۆبێلە، ئیدی لەوە دەردەچێ کە پێی بگوترێ ژوور.

لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە فەزای شانۆش دەگرێتەوە، کە لە بنەڕەتدا لای گریکییەکان و شەکسپیر و مۆلێیر و ئاسیاییەکان، فەزایەکی بەتاڵ بووە، کوتاڵ و مۆبێلە و پێداویستەکانی دیکۆر و کەرەستەی دیکە وجوودێکی مۆبایلیان هەبوو، بەگوێرەی پێویست و لەکاتی بەکارهێناندا دامەزرێنراون، لە هاتوچۆ و جووڵەدابوون.

برووکیش دەڵێ ئەگەر فەزای بەتاڵ پڕ کرا لە کوتاڵ و شت ئیدی پێی ناگوترێت فەزای بەتاڵ، چونکە ئیدی بەتاڵ نییە.

شانۆکارانی سەدەکانی دێرینی مێژووی شانۆ هەر زوو دەرکیان بەوە کردووە، فەزای ئاخنراو بە دیکۆر و کوتاڵی زۆر هێز و تینی نمایش و ئەدای ئەکتەر خامۆش و سست دەکات.

لای شانۆکارانی سەدەکانی دێرین، دینامیکیەت و تین و گوڕی نواندن و نمایش ڕاستەوخۆ پێبەست بوو بەفەزای بەتاڵ و پانتاییەکی ئاوەڵا بۆ نمایشکاران.

زۆر بڵێی نییە گەر بڵێین مییرهۆڵد یەکەم کەس بوو لە بنیاتگەریدا ئەم دینامیکیەتەی لە فەزای بەتاڵدا کەشف کرد، سەد ساڵ بەر لە ئێستا و لە شانۆنامەی ژیانی کەسێکدای لیۆنید ئەندریڤ-دا چەمکی شانۆی بەتاڵی گێڕدراو بە چەمکی نوێی ڕووناکی، لە تەرزی بیروبۆچوون و داهێنانەکانی ئاپیادا پراکتیزەکرد، بێ ئەوەی بەڵگە هەبێ کە مییرهۆڵد نووسینەکانی ئاپیایی خوێندبێتەوە.

ڕۆژێک مییرهۆڵد لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا دێن بۆ هۆڵی پرۆڤە، تەماشا دەکەن تەکنیکاران هیچ دیکۆر و کەلوپەلی پێویستیان بۆ کارکردن ئامادە نەکردووە.

دەستبەجێ مییرهۆڵد بە ئەکتەرانی دەڵێ: چەند خۆشە ئاوا لە پانتاییەکی بۆشدا کار بکەی، بێ دیکۆر، بێ کەلوپەل.

هەرچی چەمکی برووکە بۆ فەزای بەتاڵ مەسەلەیەکی کۆنە، بەڵام هێنانەوە و نوێکردنەوەو جەختکردن لەسەری، بێگومان یەکێکە لە داهێنان و دەستکەوتەکانی برووک، ئەم بۆچوونە بەهەمان شێوە چەند کەشف و دەستکەوتێکی مییرهۆڵد و برێختیش دەگرێتەوە.

## زەمان و شوێن لە دیدی سینۆگرافەوە

زەمان و شوێن لە دیدی سینۆگرافەوە، مەرج نییە هەمیشە لەگەڵ دیدی ڕیژیسیۆردا جووت بن گەر لە ڕووی مێژوویەوە خۆت بە کات و شوێنی شانۆنامەکەوە نەبەستیتەوە، کە ئەمەش پتر لەگەڵ ستیل و شێوازی ریالیزم و ناتۆرالیزم دەگونجێ، دەبێ هەر لە خاڵی دەستپێکەوە لەگەڵ سینۆگرافەکەت کۆک بی، دەنا ئەم لایەنە گەلێ جار دەبێتە مایەی کێشەیەکی سەخت لە نێوان ڕیژیسیۆر و سینۆگرافدا.

زۆربەی هەرە زۆری ڕیژیسیۆرانی ئەم سەردەمە، حەز بەوە دەکەن کات و سەردەم و جێگای شانۆنامەکان بگۆڕن، بەوەی سەردەم بکەن بە ئێستاو کێشەی سەرەکیش بکەن بە کێشەی ئەمڕۆ. شانۆی مۆدێرن هەر لەسەرەتاوە ئەم شێوازەی، واتە شێوازی بە ئەمڕۆکردنی کلاسیکی پیادە کرد، بەتایبەتی لە پێشکەشکردنی شانۆنامەکانی شەکسپیر و مۆلێیردا و بەپلەی دووەم شانۆنامەکانی سەردەمی ئەنتیک. پێم وایە نوێکردنەوەی شانۆی کلاسیک بە شێوەیەکی گشتی هێزێکی گەورە بە نمایش دەبەخشێ، بە مەرجێ ئەم کارە لەسەر حیسابی دەقەکەو خیانەتکردن لە مەبەستی نووسەر و شێواندنی لایەنی ئەدەبی نەبێ، واتە تەنیا لەبەر چەند هۆیەکی پراکتیکی و عەمەلی یان لە پێناوی خولقاندنی چەند فۆرمێکی ساختە و سەرنجڕاکێش، یان بۆ پێشاندانی عەنتەریات و هێز و بازووی ڕیژیسیۆر نەبێ.

بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەش، سینۆگرافی بەتواناو زیرەک پێویستە، نەک هەر ئەوەندە، بگرە بێ سینۆگرافی داهێنەر، تەرجەمەی سەردەم و زەمان لە شانۆدا گەلێ سەختە.

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**چاوپێکەوتن لەگەڵ کاک عومەر عەبدوڵڵا**

ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژی (٢٢/٨/١٩٨٤) لە گوندی (سوسێ)ی بناری چیای سەفین، بە ئامادەبوونی خەزوورم مامۆستا (فەتحوڵڵا عەبدوڵڵا پیرۆت) لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا تۆمارکراوە(١).

گوتم: کاک عومەر دەمەوێت ئەگەر زەحمەت نییە هەموو شتێکم بۆ باسکەیت، بەتایبەتی هی سەردەمی کۆن لەگەڵ باوکم کە دیارە ئێوە نزیکەی (٤٠) ساڵان لەگەڵ (باوکم- یادی بەخێر) شەووڕۆژ بەیەکەوە بوونە، تا ئەو ڕادەیەی لەکۆیە زۆر کەس من و کوڕەکانتیان بە ئامۆزا دەزانی، جاری یەکەم گەر بکرێت لایەنی سیاسیم بۆ باسکەیت؟

گوتی: ئێمە نەزعەی کوردایەتیمان هەبوو، هۆیەکەیشی مامۆستایانی قوتابخانەی سەرەتاییمان بوون، بۆ نموونە (ڕەمزی ڕەحیم، عەبدوڵڵا عەزیز، عەبدوڵڵا سامی، ساڵح قەفتان، عەلیاگە، زەکی ئەحمەد هەناری، سابیر ئیسماعیل) گوتم: ئەوانە خەڵکی کۆیە بوون؟ گوتی: کۆیی و سلێمانی بوون، ئەو مامۆستا نەمرانە لەسەر کورد و کوردستان قسەیان بۆ دەکردین ڕۆژانە گیانی نیشتمانپەروەرییان بەهێز دەکردین، ئینجا ڕەحمەتی(ڕەفیق حیلمی) هاتە کۆیە و بە ئاڵای کوردستان سوێندمان خوارد، تا ماوین کوردبین و لەڕێی کوردستانا بین و خیانەت نەکەین، ئەوە لە ماڵی کاکەی حاجی مەحموودی، هەر لەوێشدا بە ئەندامی پارتی(هیوا) ناونووسکراین، کاک عومەر دەربارەی ڕەفیق حیلمی گوتی: پیاوێکی پاک بوو، خوێندەوار بوو، ڕەشید بوو، کەسێکی بە وەفاو بە حقووق بوو، ساڵی

(١٩٤٧)یش کاتێک (پارتی دیموکراتی کوردستان) دامەزرا ئێمە (من و باوکت و ئەوان) یەکەمین کەسانێک بووین وەک ئەندامی ئەو پارتە بەخواستی خۆمان ناونووسکراین، من دواتر لەو پارتیەدا وەک ئەندام دەرچووم، لەسەر ناخۆشییەک لەگەڵ (فازیلی مام ڕەزای) هەرچەندە بە ڕەحمەت بێت (نووری شاوێس) و (عومەر دەبابە) هاتن و هەوڵیانداو (٦) مانگ دایان نام، پاشانیش گوتیان وەرەوە من نەچوومەوە، بەڵام باوکت (خوا عافوی بکات) هەر تێدا بوو. گوتم کاک عومەر حەز دەکەم بزانم، ئەو کاتەی ئێوە لێرە لەکۆیە کوڕێک برادەر بوون تۆ، ئەحمەدی حەمە مەلا، عەونی شاعیر، دڵداری شاعیر... تاد، چی ئێوەی بەیەکەوە گرێ دابوو؟ گوتی: ئێمە تاقمێک بووین لەکۆیە، زۆربە حەماسەوە دەمانویست خزمەت بە کورد و کوردستان بگەیەنین، بۆ نموونە هەر شیعرێک بۆنی کوردایەتی لێبهاتایە، یەکسەر لەبەرمان دەکرد، (یوونس ڕەئوف دڵدار) تا مابوو لەگەڵ ئێمەدابوو وەک برامان بوو، بەڵام (کەیفی) لە نەوەی ئێمە نییە و بە بیری ئێمەیش نییە، لێرانە خەزوورم بە قسەهات و گوتی: (دڵدار لەگەڵ من لەیەک پۆل بووە) دواتر کاک عومەر درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: لە هەولێریش برادەری ئەم ڕێگەیەی کوردایەتیمان هەبووە بۆ نموونە: (مستەفا عوزێری، عیزەدین فەیزی، فەتاح جەبار، ڕەئووف دیشچی) لەنێوانماندا گرێدانێک هەبوو کە نیشتمانپەروەری بوو، من و برادەرانم لە کۆیە بمانزانیایە ئاغایەک غەدر لە خەڵک دەکات، دزی دەکات، ڕێگری دەکات، ئێمە مەرحەبامان نەدەکرد، بگرە دوژمنایەتیشمان لەگەڵدا دەکرد! گوتم: کاک عومەر ئێوە چەن کەس بوون، ئەو کوڕەتان کێ بوون؟ گوتی جگە لە من و بابی ڕەحمەتیت، کاک عەونی، ڕەحمەتی دڵداری شاعیر، خەڵکی دیکەش هەبوون، بەڵام بە هەموو شێوەیەک بۆ مەسەلەی کوردایەتی پشتگیریان دەکردین، بۆ نموونە: (مام حەسەنی سەعیدی گاڕفێنی، مام ساڵحی ڕیخەڵۆک، حەمە ساڵح شەمس، مام وەتمانی مام عەولای، واحید نەشئەت، حەننای مام مەرییێنی قەشەی)، بەڵام گەر بە بازاڕی کۆیەدا گوزەرمان کردبایە، خەڵکی خۆشیان دەویستین، چونکە لە غەیری کوردایەتی هیچ ئاغایەکی دیکەمان نییە، دەیانزانی ئێمە خراپەی کەسمان نییە و پاکین، بۆیە گوێیان لێدەگرتین و هەم ڕێزیان دەگرتین، (مەسعوودی مەلای گەورە) بە گەمە نەبووە (نایب) ئێمە چەن کەس وەختابوو هەر بەفر بمانکوژێت! (عەلی قامچی گەورە) هەبوو (موعاونی پۆلیس) بوو، دەمانچەم بە ڕووتی پێبوو، خەریک بوودەستگیرم کەن شەش مانگ دەگیرام، گەر دەمانچەکەم پێ بگیرایە، من بووم کاک مەسعوودم بردە



عومەر عەبدوڵڵا

ناوچەی ئینتیخابات لە لای مزگەوتی (بایزئاغا)ی نەیدەوێرا بچێت؟ چووم لە چایخانەی (ڕەزاقی حاجی مەحموودی) دانیشتبوو، پێم گوت: کاک مەسعوود ئەوە چ دەکەی لێرە؟ گوتی کێ لەگەڵم دێت کەس نییە لەگەڵم دابێت گوتم: هەستە پێشم بکەوە، کە چووین (سەمەد ئاغا) ڕۆیی گوتی: ئەوانە هاتن جێی من لێرە نابێتەوە، نەیوێرا! پارێزگاری (جوولەکە و دیانەکانی کۆیەمان) دەکرد، بمانزانیایە کەسێک غەدریان لێدەکات، ڕێگەمان پێنەدەدان! ئەو وەختە لەکۆیە ماڵ تاڵانکردن هەبوو، ئێمە چەندین ساڵ لەگەڵ بابت (خەبیر)* بووین، بزانم با کەسێک هەبێت و بتوانێت بڵێت بەرتیلیان لێوەرگرتووین! یان (توجار)*ێک هەبێت بڵێت: لەگەڵمدا بووینە شەریک! لەسەر (فەحسی توتن) بزانە قەت لە کەسێک ترساوین؟ چونکە چاوشۆڕی کەس نەبووین، چەن ساڵانیش لە (کەرکووک) دیسان هەر خەبیر بووین، ئەوەندەی پێمان کرا خزمەتی خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووتمان کرد، جا ئێمە وەک گوتم گۆڤاری (گەلاوێژ) دەهاتە کۆیە ئەو شیعرێکی بمانزانیایە بۆنی کورداتی لێدێت و خزمەت بە کێشەی ڕەوای میللەتەکەمان دەگەیەنێت، لەبەرمان دەکرد، جارێک دووجار بابت کاغەزەکەی بەدەستەوە دەگرت و دەیگوت، من لەدوای بابت دەمگێڕایەوە، تا دواجار لەبەرمان دەکرد! زۆربەی ئەو ئاوازانەی قەدیم بە منالی گوێت لێ بووە بابت گوتوونی، ئەشهەدوبیللا زۆربەی بابت دایناون! (تایەر تۆفیق) ئەوکاتە هیچ نەبوو ئێمە هانیمان دا، خوا هەڵناگرێت ئێستاش تایەر لە فیکربیەتی و مەمنوونە، زۆربەی ئەو شێوە گوتنانە و گۆرانییەکان هەر لەبابتەوە فێریان بووە! خوا هەڵناگرێت بۆ مێژوو

(سابیرەفەندی)یش* زۆر موساعەدەی تایەری دەکرد، وەکو لایەنی بژێوی چونکە تایەر هەژار بوو،نانیان نەبوو! ئەوکەسایەتیانەی لە هەولێرەوە بۆ کۆیە دەهاتن بۆ لای (دڵدار)، زۆرتر دەهاتن برادەریان بوو، ئێمەیش هەر لەڕێگەی ئەوەوە، ئەو کەسایەتیانەمان ناسی، بۆ نموونە (عیزەدین فەیزی)مان لە ڕێگەی (سەمەد بەننا)وە ناسی، (فەتاح جەبار) و (ڕەئووف دیشچی) هەر برادەری خۆمان بوون، (مستەفا عوزێری) و (عەونی یووسف) و (ئەنوەر عەبدوڵڵا-چەپ بوو) بەهۆی (عەلی برام- عەلی عەبدوڵڵا) بە ڕێگەی پارتایەتییەوە بوون بە ناسیاومان، (مووسا سەمەد) بەهۆی (حەمەڕەش)ەوە بوون، ئەوەیان حەمەڕەش داوای لێکردین گوتی: مووسا سەمەد دەستی کورتە (هەژارە)، چووم بۆ لای (عەبدولڕەحمانی حاجی ئەسعەدی) ئەمەم بۆ باسکرد، گوتی: بڕۆ ئەم (٦٠) دینارەی بدەرێ؟ دیارە ئەم پارەیەی وەک قەرز دایە و لە ماوەی (٣-٤) ساڵان بۆی گەڕاندەوە، ئێمە ساڵی (١٩٣٥) من و عەونی و حەمەڕەش کاتێک (عەلی کەمال) و (مەلا حەوێز) و ئەوانە بوونە (نائیب) نەشرەیەک بڵاوکرایەوە، ئێمە لەسەر ئەوە گیراین، ئێمە لەگەڵ باوکت و ئەوان شوێن نییە لە کۆیە لێی دانەنیشتبین و کۆڕی مەینۆشیمان تێدا گرێ نەدابێت، بۆ نموونە (حەمامۆک، سەرگردی خەرمان سووتاو، ئۆمەرخوچان، تاتوکان، بن دارزەیتوونەکانی گوندی هەرمۆتەی، کانیلە، ڕەزی شەمەی، بن داری کەندەکۆخی، تۆبزاوا).

ئەو گۆرانییە کۆنانەی شاری کۆیە بۆ نموونە (دەماغم وەزنە، ئاهویار، شلەوخانان..تاد) هەمووی هی ئەمین ئاغای ئەختەرن، هەم ئاواز و هەم شیعرەکانیش، من لەمامی خۆم بیستووە، ئەختەر کەسێکی دیموکراتی بووە، مامم دەیگێڕایەوە دەیگوت: شەو کە درەنگ دەبوو، جاحێڵی هەر چوار گەڕەکی کۆیە ئەوانەی کە دەنگخۆشن، قسەخۆش و مەعقولان، لەماڵی ئەختەردا کۆدەبوونە و دادەنیشتن هەتا پێش بەیانی، بۆ خۆی لەناوەندی مەجلیسێ دادەنیشت، کورسییەکی گچکۆکەی هەبووە، لەناوەڕاست و جاحێڵەکانیش لەچوار دەوری، ئینجا پڵاووگۆشت و میوەوخواردن و شت دادەنرا، ئاخیری ئیفلاسی کرد! بە هەژاری سەری ناوەتەوە؟ جاران کۆیە گەڕەک گەڕەک بووە، بۆ نموونە گەڕەکی (هەواوان) و (بەفری قەندی) یەک بووینە! بۆ شەڕەگەڕەک و ئەوانە، گەڕەکی (قەڵات) و (بایزاغا)ش یەکبوونە، بەڵام ئەختەر ئەوەی نەبووە، لە هەر چوار گەڕەکی کۆیە هەر جاحێڵێکی ڕێکوپێک و پیاوانە بوایە بۆ دیوەخانەکەی خۆی داوەت دەکرد، بەیانیانیش بەر لە مەلا بانگدانێ هەرکەسە بەرەو ماڵی خۆی دەڕۆشت، (حەنیلەخرە) پیاوێکی خڕیلەی سۆرو سپی بوو بە تەنیا کەوای لەبەر دەکرد،* بەهیچ جۆرێک نەدەچووەوە سەر سێوە، چونکە ئەمەی دواییان زەلامێکی بەژن درێژ و بەخۆوە بوو، (مەربێنی قەشە شابیل)یش هەبووە زۆر دەنگخۆش بووە، برایەکی جوانەمەرگ بووە (ئەم قسەیەم لە باوکی خۆم بیستووە) گوتی: هەموو خەڵکی کۆیە ئەو ڕۆژی لە گۆڕستانی هەرمۆتەی دەیانشاردەوە، ئامادەی مەراسیمی شاردنەوەکە بوون، هەتا ئاغاکانیش گوتی: کە شاردیانەوە مەربێن گوتی: ئاغاکان، خەڵکی شاری کۆیە ئاخر جارە دوای جوانەمەرگی برام گوێتان لە دەنگم دەبێت، دانیشن و گوێتان لێ بێت، گوتی ئەو گوتنەی ئەو ڕۆژە گوتی پێشتر نەبیسترابوو، کەم کەس هەبوو خۆی پێڕاگیرابێ. دواتر گوتبووی: تکادارم لەوڕۆ بەدوا کەس داوای گۆتنم لێنەکات، بە گۆڕی ئەم جوانەرمەگەی برام تا ئەو ڕۆژەی دەمرم کەس جارێکی دی گوێی لە گوتنم نابێت؟ مەربێن مامۆستای حەنیلەخڕەو سێوە و ئەوان بووە (ڕەفیقی چارچاوی) بەبیری ئێمە نییە، بیستوومە لەکۆیە سەردەمێک (قایمقام) بووە، پیاوێکی زۆر زیرەک بووە، هەم دەنگخۆش بووە هەم لەمەقامات زانا بووە، (ئەحەی ناسری) هاتبووە کۆیە هەندە شیعری لەبەربووە لێرە نەیان بیستووە! گوتیان چووە ماڵی (مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغای) ڕەفیقی چارچاویان برد لە ژوورێک هەر لەو ماڵەدا شاردیانەوە، ئەحەی ناسری دەستی کردبوو بە گوتنێ، غەزەلێکی نوێی خوندبۆوە، نازانم هی کێ بووە،بە ئسوولێکی نوێ، گوتیان پاشی دەمەکی ڕەفیق لەو ژوورە هاتەدەرەوە، لایان دانیشت و قاچی خستە سەرقاچ و هەمان ئەو غەزەلەی ئەحەی ناسر پێش تۆزێک خوێندبووی بەهەمان ئسووڵیش خوێندی، ڕەفیق ماوەیەک کەوتۆتە (تورکیا) و دواتر بووە بە قایمقام! هەر لە تورکیاش وەفاتی کردووە و لەگەڵ بەدرخانیەکانیش نێژراوە.

ئێمە لە کۆیە لەچایخانەی (حەمەشین) و زۆربەی چایخانەکانی دی (سین وزولفانێمان) دەکرد و سێوە دەهات لەکاتی یاری کردنمان گۆرانی و مەقامی بۆ دەگوتین، لەبەرامبەردا مانگانەمان بۆ بڕیبووەوە، بەتایبەتی شەوانی جەژنەکان.

(شیرین بەهارە) یەکەم کەس باوکت گوتی، (تایەر تۆفیق) وەک شاگردێکی باوکت بوو لێی فێردەبوو، تایەر گەنجێکی هەژار بوو، لە ئێمە بەتەمەن گچکەتر بوو، بۆیە ئێمەی خزمەت دەکرد وەک برای بچووکمان بوو، ئێمەش هەبوو بووین و خۆشیشمان دەویست، بۆیە لە بەرامبەردا بۆ کۆڕەکانمان داوەتمان دەکرد، لە باوکت گوتنەکانی وەردەگرت و دەچوو لە ئێزگەی کوردی لە بەغدا تۆماری دەکردن، باوکت سەردەمێک ئەو شیعری شیرین بەهارەی

دەگوت، هەموو کەس نەیدەوێرا بیڵێت، برایم ئەحمەد دەیان جار لەکۆڕەکانی ئێمەدا ئامادە بووە، کە گوێی لە شیعرەکەی خۆی (بەو نەغمەی باوکت بۆی دانابوو) دەبوو، پێی شاگەشکە دەبوو! جگە لەوە جاری وابووە ئێمە داوەتی ئەوان بووینە و لەگەڵ کاک برایم و ئەواندا بۆ سلێمانی چووینە! جارێکیان من و باوکت و سەمەد بەننا، لەگەڵیان چووینە سلێمانی، لەوێ لە سەرچنار داوەتی بۆ کردین، شەوی دووەم (تەکیە) هەبوو لە سلێمانی لەوێ داوەتمان بۆ کرا، (دەماغم وەزنە)مان دەگۆت، (عیزەتی فاتە) هەبوو، عیزەت مەدفەعییان پێدەگوت، دەیگوت: بە شەرەفم زەوق هەبێت هەر لای کۆێیان هەیە!

ساڵی (١٩٣٣) (عەبدولخالق قوتب) بەڕێوەبەرمان بوو، من لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا بووم، گوتی: تەمسیلێکمان بەناوی (کچی کوردستان) هەیە پارەکەی بۆ قوتابییە هەژارەکانە، دەورەکەمان بە چەندین کەسداوە پێیان لەبەرنەکراوە، وەرە تۆ ئەو دەورە لەبەر بکە و بەشداری بکە، بۆ بەیانی چووم بۆ لای گوتم: مامۆستا دەورەکەم لەبەرکرد، گوتی: چۆن! گوتم: چاک... گوتیان یالڵلا پراوە، دکتۆر سەلاح بوو، فاتیح مستەفا، باوکت بوو، جەلال بەگ بوو، عەبدولڵلای فەتحولڵلافەندی بووە، ئەحمەگۆج بوو،تێکستەکەش (عەبولڵلا سامی) لە تێکستێکی جیهانییەوە، بۆ کوردی وەریگێڕابوو، شانۆگەرییەکەش کە من تێیدا ڕۆڵی کەسێکی ناو (سەلاح)م دەدیت، لە مەکتەبی یەکەمی (اولی)ی کۆیەی ئەمڕۆدا بوو، ئێستا ئەو قوتابخانەیە تێکچووە و لە شوێنی کتێبخانەی گشتی کۆیەی ئەمڕۆدا بوو، خەڵکێکی زۆر ئامادەی ڕۆژانی نمایشی ئەو شانۆگەرییە دەبوون، کاتێک ئێمە لەکۆیە ئەو نمایشە شانۆییەمان کرد، باوڕ ناکەم جارێ لەهیچ شوێنێکی دیکەی کوردستان شتی لەو بابەتە کرابێت! دوای ئەو شانۆگەری (نیرۆن) ئەمجارەیان لە حەوشەی هەر ئەو قوتابخانەیەدا نیشانماندا، ئەمەی دواییان گەر هەڵە نەبم ساڵی (١٩٣٥) پێشکەشکرا! مامۆستایەکی دیکەمان بەناوی (سەعدی جەلال) هەبوو، خەڵکی کەرکووک بوو زۆر زیرەک بوو، ئەویش ڕۆڵی بەرچاوی لەچالاکییەکاندا هەبوو، فەتحولڵلافەندی خەزوورم لێرە هاتە قسە و گوتی: لەسەردەمی منیشدا، کە لەقۆناغی سەرەتاییدا بووم، تەمسیلی (جۆلی)مان کرد، لەسەر (سەلاحەدینی ئەیبووبی) بوو، وابزانم مامۆستا (باکۆس تۆما) بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕا بوو، ئەمەشیان لە کۆتایی سییەکاندا پێشکەش کرا.

* خەبیر- واتە شارەزا ساڵانە (باوکم و کاک عومەر عەبدولڵلا و کاک عەونی و هەندێ جار حوسێنی مەلاحمەد و دیارە هەندێ ساڵان خەڵکی دی بۆ زیاد یا لێ کەم دەکران) ئەوانە لەکۆیە لیژنەی هەڵسەنگاندنی (تووتن) بوون، بیرمە باوکم بۆی باسکردووم، فەردە تووتن لەلایەن ئەو لیژنەیەوە، هەڵدەسەنگێندرا، پلەی (مومتاز) کە بەزۆرترین پارە لە خاوەنەکەی دەکڕاو ئینجا پلە(١)، دیارە دوای پلەی مومتاز دێت، دوای ئەویش ئینجا پلە دوو ئینجا پلە سێ و هەتا پلەی (خوردە)ش هەبوو کە خراپترین پلە بوو لە وەرگرتنی پارەدا.

* گەلێ کەس هەبوون لەکۆیە بۆ نموونە (عەونی) و (ئیسماعیلی مەلایان)و..تاد، پێیان دەگوتن (توجار) ئەوکەسەی ئەو ناوەی هەڵدەگرت، چەندین ڕەنجبەریان هەبوو، جلکی ساڵانەی ڕەنجبەر و ماڵ و منالی لەسەر ئەو توجارە دەبوو، هەروەها نان و زگ ژیانیان، بۆ نموونە شەکروچای و گەنمی ساڵێکیان لەسەر توجار بوو، بەرامبەر بەوە دەبوایە ئەو ڕەنجبەرە بەخۆو ماڵ و منالیەوە زەوی بکێڵن، توتن لە گۆڵاو تۆ بکەن، دواتر ئەو شتڵە توتنانە بچێنن و ئاویان بدەن و بژاریان بکەن و دواتر کە گەڵاکان هاتنە بەرهەم، لێیان بکەنەوە و بەداویانەوە بکەن و لەبەر هەتاو هەڵیانخەن وشکیان بکەنەوەو دواجار بیانخەنە ناو گونیەوە و وەک (فەردە) ئامادەیان بکەن بۆ بەردەم لیژنەی فەحسی توتن!

* مامۆستا سابیر ئیسماعیل: بەڕێوەبەری قوتابخانەی زانست بوو لە کۆیە، ئەوکاتەی من لەو قوتابخانەیەدا قوتابی سەرەتایی بووم، کەسێکی نیشتمانپەروەر، کورد پەروەر، ڕۆشنبیر، خۆشەویست لەلایەن خەڵکی کۆیە، خێرخواز، نەفس بەرز و پاک، یارمەتیدەری هەژاران بووە.

* لەکۆیە بەتایبەتی خەڵکی گوزەران باش، ئەوە سەردەمی منداڵیم (لەپەنجایەکاندا) کە بۆ دوکانی باوکم دەچوومە قەیسەری کۆن، دوکانی باپیرم (حەمە مەلا) و مامم (کەریمی حەمە مەلا) هەر لەو قەیسەرییە کۆنە بوون، باوکم (بازرگان- کوتاڵ فرۆش) و مامم لێفی حازر (کە لەبەغداوە دیهێنا) فرۆش و باپیریشم هەر بازرگان و هەم بۆ خۆی (کوڵەجە)یشی دەدووری و بەحازری دەیفرۆشتن، ئەوکاتە باوکمی لێدەرچی باپیرم و مامم و بازرگانانی دیکەی کۆیە ئەوانەی بیرم ماون وەک: حاجی سەعید ئەحمەد، حاجی کەریمی بن جوو، حاجی عومەر باوکی مەجیدی خەیات، حاجی کەریمی بابی زۆراب و مام مەجیدو ئەوان و لە دەرەوەی قەیسەریش حاجی جەمال و حاجی کەمالی وهابەکەڕی، دیارە خەڵکێکی زۆری دیکەیش، کەوایان لەبەر دەکرد و لەسەر ئەویشەوە (سەڵتە- جاکێت).

# هەڵڕشتنی ناخ لە نێوان هێڵ و ڕەنگ و پێکهاتەکانی تری کەڤاڵدا

سۆران ئیسماعیل

وەک دەزانرێ پێکهاتەی زۆربەی کەڤاڵەکان بریتین لە پنت و هێڵ و ئایتم و بۆشایی و بارستەی پێوانە جیاواز، دیارە ئەمانەش بە گوێرەی شێواز و جۆری تەکنیک و کەرستەی کەڤاڵەکان لەلایەن کەسی هونەرکارەوە دەگۆڕێت.

هونەرمەند هەیە، تەنیا لە ڕێگەی یەک لەم ڕەگەزانە، یان دووانیان پرۆسەی هاتنەدی کەڤاڵێک بەدەست دێنێ، هەشە بەس بەوەندە ناوەستێ و ڕازی نییە بەیەک لەم ڕەگەزانە پێکهاتەی تەواوکردنی کەڤاڵێک ئەنجام بدات، بەڵکو پەنا دەباتە بەر هاوکێشەی تەواوکردن و تەکامولی هەموو ڕەگەزەکانی دیکەش.

*١- هونەرمەندی ئەڵمانی «ئۆسکار شلیمر» لە کارەکانیدا تەنیا لە نێوان شێوە ئەندازەییەکان خۆی نادۆزێتەوە، بەڵکو دەبینین لە تابلۆیەکیدا مانایەکی تایبەت بە ژمارەکان دەبەخشێ و دەڵێ: هەرچەندە ئەزموون و ڕوانین هەبێت ئەوە تێڕامانەکانت دەبێ دەستخەڵەتت بدەن. ژمارەکان مانایەکی تایبەتت پێ دەبەخشن، شێوەیەکی هارمۆنی نایاب دەخاتە سەر سرووتی شتە دەگمەنەکانەوە، لە لایەکی ترەوە دەبینین لە تابلۆیەکی تردا پاڵپشتێکی قووڵتری سۆفیزمانە دەخاتە سەر ژمارە پێنج لەگەڵ پێوەندییەکانی خۆی لە بەرامبەر ژمارەکانی تری هزری بیرکاریدا بۆ سەلماندنی ڕێڕەوی یاسا ئەندازەییەکان، هەروەها دروستکردنی شتەکانە لە هیچ. پێکهاتەکانی ڕەنگ لە نێوان هارمۆنیا و کۆنتراست کردندا جۆرە خاسیەتێکە زێتر (فاسیلی

کاندنیسکی) بۆ تەعبیرکردن ڕووتەڵکاری لە شێوە و فیگەرەکان بەکاری دەهێنا. ئەو وێنە خۆرەی کە بەڕێگەی (منشوري) یا نوقتەیی «Pointalism» مونییە«Monet» پێیەوە سەرقاڵ بوو، بووە سەرقافڵەی دۆزینەوەی قوتابخانەی ئیمپرەسیۆنیزم، ئەمەش وای کرد کۆمەڵێک لە هونەرمەندان بیر لەو شێوازە بکەنەوە و کەڤاڵەکان تەنیا بە «تنقیط» مانا و مەغزاکان بگەیەنێت و بوونە گرووپێکی تایبەت بەو شێوازە، هونەرمەندان «سوورا و سسلی» و هاوشێوەیان لە کارەکانیاندا بە پنتگەلێکی ڕەنگاڵەیی ئیشی هونەرییان دەکرد، لە لایەکی تر هونەرمەند «پیت مۆندریان» تەنیا لە ڕێگەی شکڵە ئەندازەییەکانەوە کەڤاڵە ئەبستراکتییەکانی بەچاوی بینەر دەناساندو هەمیشە ئەم تایبەتمەندییانە لە هەڵسوکەوت و مامڵەکردنی هونەرمەند بەرامبەر بە ڕەگەزەکانی پێکهاتەی کەڤاڵەکان، ناسنامەی هونەرییان پێ دەناسێنرێت.

هەر لە هەوەڵین سەرەتاکانی ڕەسمکردن و کێشانی تابلۆی شێوەکاری تاکو ئێستاکە هونەرکار پابەندی و پەیوەستی بە ئەزموون و داهێنانی هونەرەکەی بووە، هەر ئەم ئەزموونەش وای کردووە هونەرمەندەکان بەسەر قوتابخانە و شێواز و ڕێبازەکان دابەش بکرێن و لەگەڵ ناوهێنانیان خێرا زاکیرەت بۆ لایەنی کارکردن و ستایلەکەی بچێت. دەکرێ بڵێین هونەرمەندانی کوردستانیش بە هەمان چەشنی جیهانی لە ڕووی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی پێکهاتەی کەڤاڵەکان هەریەکە و جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، هەشن لێکچوو و هاوشێوەن لە چۆنیەتی دەستەبەرکردن و دروست کردنی کەڤاڵێکی هونەریدا.

* ٢- «ڕوی بازین»ی هونەرمەند دەگێڕێتەوە: «جارێک دیمەنێکی سروشتیم بینی دار و درەخت و ئاو و کۆمەڵێ مەلەوانی تێدا بوو، ... ئەم دیمەنە دوای دە ساڵ خرۆشاندمی، تابلۆیەکم دروست کرد نە درەختی تێدابوو نە ئاو و نە مەلەوان، ئەم شتانە لە ئیمپرێشنێکی هەموویيدا لە مێشکی ناوەوەمدا، وەکو یادێک تەوابوونەوەو عەقڵ و زانینم پاڵاوتبوویان» لە هەلێکی بەردەستدا وا ڕێکەوت دوای ساڵێ بەسەر تێپەڕینی پێشانگایەکی هونەرمەند «قاسم سابیر» کە لە ساڵی



«٢٠٠٥» سازی کردبوو، ئەو شتەی ئەو کاتە لە مێشک و زەینمدا گینگڵیان دەخوارد، ئێستاکە بۆم بلوێ بەتاڵی کەمە نێو چەند لاپەڕەی کتێبێک، ئەویش دوای چاوپێکەتنم بە ڤۆڵدەری پێشانگاکەی کە لە ئەرشیفی پاراستنی بەرهەمی هونەرمەندەکان لام پارێزراون. لێرەدا زێتر بە سایەی ئەو کەڤاڵەی هەڵمبژاردووە، ڕەنگدانەوەی بەشێک لە وەزیفە و شیکردنەوە و پێناساندنی کاری هونەرکار (قاسم سابیر) باس بکەم، لە سنووری ئەو ئاستەی لەو ساتەوە بۆ ئێستاکە تێیگەیشتووم. لە بەرایی کارەکانیدا هێڵی گشتی سیستمی هەڵبژاردنی شێواز و ڕێبازی کارکردنی هونەمەند (قاسم سابیر) نزیکبوونەوەیە لە ئێکسپرەسیۆنیزم (تەعبیری- تەجریدی) و (تەعبیری- واقیعی)، ململانێی نێوان هێڵ و ڕەنگ زاڵترین کێشەی پرۆسەکەیە بۆ وە دەست هێنانی ئەو شێوازە، بۆ دواجاریش بابەت پێشەنگی دۆخەکە وەردەگرێت، لایەنەکانی تری وەک ئێستێتیکا و ڕەهەندی نێو کەڤاڵەکانی و فراوانی پانتایی و پێکهاتەکانی دیکە دوا دەخات و جاروباریش تەواو فەرامۆشیان دەکات. ئەم دیاردەیەش وەک ئاشکرایە لە خوێندنەوە و بەسەرکردنەوەی ژیاننامەی کەسێتی هونەمەند بەدەر دەکەوێت، پێشخستنی ئەو میتۆد و ستایلی کارکردنەی لە دەرەنجامی ڕەنگدانەوەی حاڵەتی سایکۆلۆژی قۆناغەکانی تێپەڕینی تەمەنی هونەرمەندەوەیە، هونەرمەند قاسم سابیر بە گێڕانەوەی

سەربردەیەکی کورتی ژیانی واقیعی ڕۆژانە و هونەری و لە میانەی دیمانەیەکی گۆڤاری شێوەکاری بە ڕاشکاوی بەسەرهاتی ئەو حاڵەتە نالەبارەی تەندروستی و شڵەژانی دەروونی دەکات کە لە ئەنجامی ژان و ئێش و ئازاری کۆمەڵگاکەی و ژیانی تایبەت بەخۆی تووشی هاتووە و بووەتە هۆکارێ بۆ وەستانی کاروانی هونەری و ساردبوونەوەی لە کارو چالاکییە هونەرییەکانی، ئەم ڕەوشە نادروستەی هونەرکار، دوای کۆچکردنی بۆ هەندەران زۆر خراپتر بووە، چێشتنی ئازارەکانی غوربەت و دوورکەوتنەوە لە کەسوکار و نیشتمان، کاریگەری بەسەر هەست و نەستی هونەرمەندەوە هەبووە. ئەمانە لەلایەک سوودمەند و لەلایەکی تریشەوە بەسەر کەسی هونەرمەندەوە زیانبەخش بوونە، هەمیشە وەستان لەوەبەرهێنانی کاری هونەری، سستی بە پرۆسەی هونەری دەگەیەنێت، بەڵام ئەم وەستانەی هونەرکار قاسم سابیر ئەگەرچی ئازاربەخش و هەڵچوونی حاڵەتی دەروونی تێدا بووە، کەچی لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەو بووەتە کەرستەی هونەری و ئەو کاتانەی بەرەو باشتر و ساغتر چووە و دەرفەتی کارکردنی هونەری و بەرهەمهێنانی تابلۆ کێشانی بۆ ڕەخساوە، ئەوە لە ناوەخندا خەزێنەیەکی پڕاوپڕی لە کەرستە و بابەتی بەسەر یەکدا گردبووەتەوە، ئەو هەڵچوون و هەڵڕشتنانەی ناوەوەو ناخی لە کەرستەی ماددی بەرجەستەی فیگەر و فۆرمی کردۆتەوە، بێگومان ڤان کوخ (١٨٢٢-١٨٩٠) لەگەڵ ئەوەی ژیانێکی پڕ چەرمەسەری و دۆزەخێکی سەرزەمینی دنیایی دەژیا، بەڵام هەموو ساتەکانی ژیانی پڕ بوو لە ئێش و برین، لەگەڵ ئەوەش لە دیوێکی تری ژیانی هونەریدا دەوڵەمەندترین بەرهەمی تەعبیری و بابەتی گوزارشتکراو لە کارەکانی هەڵدەقوڵا، هەر ئەو ژیانە پڕ لە ناسۆرە چارەنووسی بوو کە بووە هۆی دەربڕینی بابەتی هونەری لە ڕێگەی شێوازی ئێکسپیرەسیۆنیزم و هێڵی توند و تیژڕەوو ڕەق و وەشاندنی پەڕەمووچی خێرا و هەروا لە بەکارهێنانی ڕەنگی تراژێدیایەوە دەرکەوتووە چۆن بەتەمایە خۆی خاڵی بکاتەوە لە تەپ و تۆزی ناخۆشی و هەڵیتەکێنێت.

دیارە هونەرمەند «قاسم سابیر»یش بەرکەوتی ئەو حەقیقەتە بووە لە ژیان و نزیکترین کەس و ساناترین ڕێگای دەربازبوون لەو گێژاو و جەنجاڵییەی ژیان تەنیا ڕێگاچارەی دڵنەوایی هونەرەکەی بووە، ئەویش بە یاریکردن و موجازەفەکردنی هەم بە ڕەنگی هێمن و خامۆش و هەم بە ڕەنگی توند و تیژڕەو و مۆتەکانە.

زۆر لە هونەرمەندان هەمیشە لەگەڵ بینینی فۆرم و سیما و ئادگاریان ڕاستەوخۆ دەتوانیت ڕاستی ڕەنگدانەوەی فیکرە و بنچینەی بیروباوەڕی کەسایەتییەکانی ناو هونەرەکەی بخوێنیتەوە و دەقاو دەق لە پشت هەر کەڤاڵێک، تارمایی هەڵسوکەوت و ئادابی ڕێچکەی ژیانی هونەرمەند بدۆزیتەوە، ئەگەرچی ئەم هاوکێشەیە لەگەڵ هەموو کەسایەتییەکان ناچێتە پێوانەیەکی دیاریکراوەوە، بەڵام بەسەرهاتی مێژووی تەمەنی هونەرمەند قاسم حاشا هەڵنەگرە لە پەردە لادانی حەقیقەتی ژیان و ئاوێتەکردن و تێکەڵبوون لەگەڵ جیهانی هونەری تایبەت بەخۆی. کەڤاڵەکانی هونەرمەند «قاسم سابیر» بە ڕێژەیەکی زۆر لە هێڵ و ڕەنگ و شێوەی ئەندازەیی نارێک پڕکردۆتەوە، بەجۆرێک مامەڵەی لەگەڵ هێڵ کردووە کە ڕاستەهێڵ، کورتەهێڵ، بازنەیی، نیمچە بازنە، لار و گۆشەبڕ.





* ٣- هێڵە ناکۆکەکانیش لێک جودادەکاتەوە «بوون و مردن»، شەو و ڕۆژ هێڵی دەربڕینی لێوارانە، (دەربڕی کەندەڵان). هێڵ وەک هاوسەنگ بوونێکی سایکۆلۆژی، واتە وەک هێمایەک بۆ گۆڕینی ڕەنگ «لێککردنەوەی دوو ڕەنگ» یان هێمایەکە، خواست و ناخوازراو، دیار و نادیار، بوون و نەبوون، دیماهی هاتوو و بێ پایان «هێڵی ئاسۆ» لێک دەکاتەوە. هیڵ ئابلۆقەی بۆشایی دەدات. هێڵ تەواوبوونی فۆرم (Form) دەچەسپێنێ. پێکهاتەی هەر کەڤاڵێک لەو جۆرە هێڵانە دەچێتە قاڵبی سایکۆلۆژییەتی هێڵ بە هەردوو حاڵەتی پۆزێتیڤ و نێگەتیڤ، هەندێ لەو هێڵانە هەڵگری مانا و ڕێکخەری دروستکردنی فۆرم و فیگەرن و لە چینێکی تریشدا تەنیا بۆ جوانی و جوداکردنەوەی توێژی ڕەنگەکانە و لە شوێنی تریشدا دەبێتە جێ پڕکردنەوە و زەوتکردن لە مافی ڕەگەزەکانی تری کارێکی هونەری، بۆ نموونە لەو کەڤاڵەی هونەرمەند قاسم دەبێتە مایەی کوتلەکاری و نەهێشتنی فەزای تەنکی جوانی هارمۆنیای ڕەنگەکان. ئەگەر بکرێ لە خۆمانەوە ناوی یەک لە کەڤاڵەکانی بنێین «لە خەونیشدا پێتان ناگەم» لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینەی لام گەڵاڵە بووە، ئەوە ئاماژەکان لە ڕێگەی ئەم کەڤاڵە ڕووەو خوێندنەوەیەکی بابەتی دەکەینەوە، ئەم کەڤاڵە بە ئەندازەی چوارگۆشە دروست کراوە و بە پێوانەی (١٠٠×١٥٠سم) بە ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانفاس، مێژووی دروستکردنی بۆ ساڵی (٢٠٠٥) دەگەڕێتەوە. هەروەک لەبەرچاو ڕوون و دیارە پانتایی کەڤاڵ چڕوپڕە و بە هێڵ و ڕەنگ داپۆشراوە، هیچ مەنفەزێک شک نابرێت بۆ تێڕ هەڵمژینی هەناسەی ڕوانین، ئەگەر بە زەیینتر بڕوانینە کەڤاڵەکە، ئەوە کێشی بینایی چاوانمان بۆ لای بەشی سەرەوەی کەڤاڵەکە ڕادەکێشێت بەهۆی بوونی ئەو چەند کوتلە و فیگەرانەی وێناکراوە، ئینجا هێدی هێدی بەرەو لای ڕاست بۆ ڕوانینی فیگەرێکی ڕوونتر دێت و پاشانیش لە لای چەپ فیگەرێکی لێڵتر دەبینرێت.

دیارە خاڵی سەرەکی لە تیشکدانەوەی خێرا بەرامبەر ڕوئیای هونەری ناو کەڤاڵەکە، ئەو سێ فیگەرەیە کە تەنیا لە ئاست سەلکەکانیان وێناکراوە. بە ڕەنگی شین و پیرۆزەیی لەگەڵ ئەو ڕەنگە سوورەی زۆربەی سووچ و کەلێنی کەڤاڵەکەی گرتۆتەوە و پاشانیش شپرێوی و پەرتوبڵاوی لە هێڵ بە هەموو ئاراستەکانییەوە دیارە.

هونەرمەند «قاسم سابیر»، چونکە بە شێوازی (تەعبیری- تەجریدی) وێنەی کەڤاڵەکەی کێشاوە، بۆیە فیگەری فۆرمەکانی لە مەرجی ئەناتۆمی و دیراسەی ئەکادیمی بێبەشن، مانا و دەلالەت بۆ پێکهاتەی ڕوخسارەکە وەک چاو و لووت و پەیکەری فەیسەکە ئەوە لە چەمک پێبەخشینی خۆیەوە بۆی هەڵبژاردووە، وەک دیارە چاوەکان بوونەتە فیگەری ماسی و زێتر لە هی فیرعەونییەکان دەچێ، هەمووشیان لە قەبارە و سیما لێک نزیکن و بە یەک تۆنی شینی ئاچووغ و مەیلەو سەوزی پیرۆزەیی ڕەنگکراون. دیارە دووبارە ڕەسم کردنەوەی ئەم فۆرمانە وەکو کۆپی کردنەوەی یەکترن، ئەوەش لەوانەیە تەعبیر لە بەدواهاتنی وەهمی خەونی ئەو فۆرمە تەمومژاوی و نامۆیەی ئەو کەسە بکات کە لە ژێرەوە سەیریان دەکات، هەڵبەتە وردەکاری و تەفاسیلی پۆرتریتی فیگەری پیاوەکە بە شێوازێکی واقیعانەتر و مەزاجێکی تر کێشراوە، بۆیەش وامەزەندە دەکرێ کە ئەو خەون بە فۆرمەکانەوە ببینێ، چونکە بڵێین و نەڵێین کەسی خەونبین نیوەی لە واقیعە و نیوەشی لەسەرووی واقیعە، واتە دەکرێ بەشێوەیەکی فیکرەیی و ئایدیالی بەشێکی تابلۆکەی تێکەڵ بە ڕێبازی سوریالی بکرێت وەک (تەعبیری- سوریالی) ئینجا فیگەرەکانی بێ ڕەنگترن و کەمتر گرنگی بە توێکاری داوە، هەروەها ئەو جێگەیەی لەنێو کەڤاڵەکە کردۆتەوە و هەمیشە خەون بین لە خوارەوە و نزمترە، هاتنە خەویش لە دیوی سەرەوەن، وەک لە ڕەمزی ئەو باڵندەیەش دیارە خەونەکان هەردەم

بەرەو فــڕین و نەمـــانن، لە لایەکی تر ئاشکرا دیارە تێکچڕژان و بەسەریەکتر گردبوونەوە و گرێوگۆڵی کوتلە ڕەنگییەکان لە دیوی خوار فیگەری فۆرمەکانی سەرەوەن، ئەمــەش گــوزارشت لە گــرێ کــوێرەکــانی ژیانی ســەردەم دەکەن. کە هونەرمەند دەیەوێت لە ڕێی خەون لێیان قوتار بێت. هەروەها تەفسیرێکی تری خەونی کەڤاڵەکە ئەوەیە کە لە ڕێگەی فیگەری سەری کابرایەکەوە لە لای چەپی کـەڤـاڵەکـە لەوانەیە گـوزارشت لە خـەونی مـرۆڤی ئەو سـەردەمـە بکات کە لێرەوە بۆ دوو ئاراسـتـە خوێندنەوە دەست نیشان دەکرێت:

**یەکـەمـیـان:** یا ئەوەیان خەونی هونەرمـەند خۆیەتی لە هەندەران بە ئاشـــقـــان و ئازیزانیـــیـــەوە دەبینێ و پێ گەیشتنیشیان مەحاڵە.

**دووەمـیـان:** یانیش هەمـان بابەتە، بەڵام هونەرمـەند لە کـوردسـتـانـەوە خەون بەو دابڕان و نەبوونی سۆزدارییـەوە دەبینێت لە هەندەران و بێبەشبوونی لەو خۆشەویستییەی ئەوێ.

لەوەدا یەک چەمکی پیرۆز هەیە هونەرمەند لێرەولەوێ بە دوایدا وێڵ و عـــەودالە و پێی ناگـــات، ئەویش خۆشەویستی ڕاستەقینەی ژیانە، خۆشەویستی بە هەموو چەمکەکانییەوە. کات و شوێن لە زەمەنی خۆشەویستی لای هونەرمەند ئەو خەونەیە، ئەگەرچی بە واقیعی لەبەر چاویدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام ئەوەی لە کەڤاڵەکە دیارە ئەو دوو فـۆرمـە ڕوخسـارییـەی بەرامبـەر یەکـتـرن، چاوەکانیان تیـژڕەو و ئەبڵەق و واق وڕماون و هەستی نامۆبوون بەیەکتر دەکەن، دیارە ئەو سێ فیگەرە جووتەی لەسەر یەکتـرن، هەمـان پێکهاتەی ڕەنگ و تەکنیک و هێڵکاری کراون، وا پێدەچێت لەو مانایەی سێ جاری خۆشەویستی (خۆشەویستی سێیەم) نزیک بێت و لە ئەندێشە و بەخەونبینینی فیگەری کەسەکە دەگات کە بە واقیعبوونیان مەحاڵە و لەگەڵ خۆیان کێشە و گرفتی زۆر دەنێنەوە، هەروەک لە دەوروبەری ئەم فیگەرانەوە دیارە نەهەست بە بوونی ڕەنگی گەش و دڵکراوە دەکرێت و نە فەزایەکی ساف و ڕەهەند بەرین دەبینرێت. واتا لە ڕووی «سیـمـیـتـری Symmetry» یەوە پێـوەندییـەکی هاوڕێژەیی لەنێـوان بەشـەکـان نابینرێت تەبایی و هاوگونجان نین، لە بری ئەوە هونەرمەند قاسم سابیر تەنیا هەسـتی هەڵڕشـتـووەتە نێـو تێکەڵەی پێکهـاتەی کـەڤـاڵەکەی بۆ دەرخسـتنی بابەت و بەس، ئەمـەش وای کـردووە تەواو ڕاسـتگۆ بێت و لە ناخـەوە لە هونەرەکـەی زێتر، هیچ بەرژەوەندییەکی تری نەبێت.



**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

*** ١- تیـزی فـانتـازیای ژیـان- ڕامـان ژمـارە (٢٩) تشـرینی دووەم ساڵی ١٩٩٨، لێدوانی محەمەد باوەکر.**

*** ٢- لاپـــەڕە (٢٥٣) (Abstractionis) فـەلسـەفـەی جوانی و هونەر (ئیسـتـاتیـکا) د. کـەمـال میـراودەلی چاپی دووەم 2005.**

*** ٣- ســایکۆلۆژییــەتی هێڵ، لاپەڕە ٦٨ (ســەرەتایەک بۆ تێگەیشـتنی هونەری تەشکلیی، حـەسـەن سلێـمـان وەرگێـڕان و پێشەکی و پەراوێز، نەژاد عەزیز سورمێ، ١٩٨٦.**

# شێوەی چەسپاندنی وێنە

ئا: فارس سەعدی

زۆربەی کـامـیـراکـانی دیجـیـتـاڵی وێنەکـانیـان لەسـەر هۆیەک دادەکەن و دەیچەسپێنن Media بە یەکـێک لە شێوازەکان:

CCD RAW, TIFF, JPEG کـــاتـێک ئـەو وێنانە دەکەینەوە و لەسەر کۆمپیوتەر کۆنترۆڵی دەکەین، دەتوانین بەشـێـوازێکی تر دووبارە دایکەنەوە (خـزن)ی بکەینەوە.

کـاتێک وێنەیەک دەگری، کامـیرا چەسـپاندنی لەسـەر هۆی ژمارەیی (الوسیط الرقمی) بە یەکێک لەم شێوازانە کار دەکات:

## JPEG

شێـوازی JPEG کـورتکراوەی (Photo graphic Expert Group Joint) بـــە JPG لەفـز دەکـرێ، ئەمـــەیان زۆر بە بەربڵاوی بەکـاردەهێنرێ، بە تـایبـەتی ئەگـەر وێنەکـان لەسـەر ئینتـەرنێت بڵاوبکرێتـەوە، ئەو فایلەی وێنەکانی تێدایە بە TIFF ناو زەد دەکرێ، ئەوە کـورتکراوەی (JPEG Fille Interchange For-mat) کـەواتە JIFF شێوەی پراکتیکییە بۆ فایلەکانی کە وێنەیان تیایە بەشێوەی کـەبس کراو و بە سیسـتـمی JPEG. لەسـەردەمی ئێـسـتـامـانانـدا مـەلەفی JIFF هاوچەرخ هەمـان درێژە پێـدەری JPGیە، بـەڵام هەنـدێ درێژە پێدەر دەیکەنە JIF کە لەسیستمی داهاتوودا.

لەوکـاتەی کـە دەزانین شێوازی JEPG کـرا بـۆ ئەوەی مـامـەڵە لەگـەڵ وێنە بکات نەک هێـڵـەکـان و ڕەسـمی هێـلیـکاری، بـەڵام GIF مـامـەڵە لەگەڵ جۆرەکـانی تر



بەجوانی دەکات، ئەو وێنانەی بە شێوازی JPEG پارێزراوە بەم سیفەتانەی خوارەوە دەردەبڕێن:

- JPEG ئالیەتی گۆڕینی گورەرە، بۆ نموونە گەر وێنەیەکت ویست کەبسی بکەن بە ئاسانی لەناو فایلێک بە جوانی کەبس دەکرێ. هەتا دەتوانی فایلێکی بچووکت دەست کەوێ، واتە مەلەفێکی بچووکت دەست کەوێ، بەڵام ڕێکی وێنەکە کەم دەبێتەوە.

لە شێوازی JPEG سیستەمی قوولی ڕەنگەکان ٢٤(بت)ە واتە (١٦ ملیۆن ڕەنگە) لەوکاتەی قوولی ڕەنگەکان لە سیستەمی GIF گەمارۆ دەدرێ بە ٨بت (٢٥٦ ملیۆن ڕەنگ).

کەبس کردن لە شێوەی یەکەی بلوکات بە هەشت پێکسل دەبێت کە گەورەترین کەبس کردن ئەنجام دەدەی. کاتێک وێنەیەکی بچووک گەورە دەکەی بە سایزێکی زۆر گەورە JPEG دەست دەکات بە پاڵەپەستۆی جووت قۆناغ، کەواتە ئەمەش ماوەیەکی زۆری پێ دەوێ تا ئەم کارە ئەنجام دەدات. ئەگەر ویستت وێنەیەک کاری لەسەر بکەی، بەچاو چاک دەزانرێ، وێنەکە چەسپ مەکە (حفظ) مەکە لەوەیە دووبارە بگەڕێتەوە سەری و کاری لەسەر بکەی، پاش چەندین جار زۆربەی ڕەنگەکانی و شێوە ئەسڵییەکەی لەدەست دەدەی و دەشێوێ، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەرچەند جار وێنەکە دەکەیتەوە و چارەسەری دەکەی دادەخەیتەوە JPEG دوو سێ بارە بۆ هەر جارێک کە وێنەکە کەبس دەکات، بۆیە وێنەکانت بەشێوازی TIFF یان BMP بپارێزە تا تەواوی ڕەنگەکانی بمێنێ.

وێنەی JPEG لەسەر شاشە دەرناکەوێ، بەڵام کە هەڵدەگیرێ دەگوازرێتەوە و زیاتر هەستی پێ دەکەی.

## TIFF

TIFF کورتکراوەی (Tag Image File Format) کۆمپانیای ئەلدوس Aldus چاکی کردووە و دروستی کردووە لە ڕاستیدا بۆ ئەو وێنانە کە لەسکانەر سکان دەکرێن (Scanner) یان پرۆگرامی چارەسەر کراو. ئەم شێوازە زۆر پەرەی سەند وا بڵاوبووەوە کە بە سکانەریش نەقڵ نەکرێ با بە (پرنتەر) یان بە پرۆگرامی چارەسەرکردن. شێوازی TIFF زۆر ناوبانگی دەکرد لەگەڵ بڵاوکردنەوەی پرۆفیشناڵی. زۆر دەربڕین بۆ ئەم شێوازە TIFF هەیە پێی دەگوترێ extensiong. لێرەدا هەندێ گرفت لەگواستنەوەی هەڵگری یەکێک بە ڕێگای تر پەیدادەبێت، شێوازی TIFF قوولی و ڕەنگی وا دادەڕێژێ بە ٢٤ بت بێت.

## CCD RAW

لە حاڵەتی ئاسایی، کاتێک کە وێنەیەکی دیجیتاڵی دەگری، کامیرا هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی وردەکارییەکانی وێنەکە، بواری ئەوەت دەدات وردەکارییە خاسەکان وەک خۆی هەڵگرێ (چارەسەرنەکراوە و کەبس نەکراو بە شێوازێک پێی دەگوترێ CCD RAW یا کورتکەرەوەی CRW. ئەم وردەکاریانە (بیانات) کامیرا جێی گرتووە دەگرێتە خۆ.

هێزی چارەسەرکردن و باناتایی کارکردن زۆر دیاری کراوە. چارەسەرکردنی وردەکانیان و گۆڕینی بۆ وێنەی کۆتایی لەڕێگای کۆمپیوتەرەوە دەبێت. بۆ کۆمپیوتەر زۆر بە باشی چارەسەر دەکرێ بواری کارکردنەکەشی زۆرە. دەتوانرێ وردەکارییەکان (زانیاریەکان) کە خاص چارەسەری دەکات بەهۆی چەسپاندنی تر یا بە شێوازی چارەسەری جۆراوجۆر.

یەک لە گرنگترین خەسڵەتەکانی CCD RAW کە بەکامیرا هاتۆتە کایەوە و مەلەفەکە بچووک دەبێت، دەگاتە ٦٠٪ی مەلەفەکانی TFF و RGB کە کەبس نەکرابن (لە حاڵەتێکدا ئەگەر چری تۆمارکردنی

(Resolution)ی هەر دوو شـێـوازەکـە وەک یەک وابن) بچووکی مەلەف و پاراستنی ڕێکوپێکی وێنەکە، بواری کـامـیـرا دەدا کـە مـاوەکـە کـەم دەکـاتـەوە لەنێـوان گرتەکانی. کامیرای دیجیتاڵی جیاوازی لەگەڵ ئەم جۆرە کـامـیـرانە هەیە، چونکە مـاوەیەکی زۆری دەوێ هەتا ئەو زانیـاریانە دەکـاتـە ڕەسم دوای گـرتـنی وێـنەکـە، مـاوەی چارەسەرکردن لە کامیرایەتا و دەگۆڕێ لەگەڵ کامیرایەکی تر تا وێنەکە دادەکا و ئامادە دەبێتەوە بۆ گرتەیەکی تازە، بەڵام کـورتی و درێژی مـاوەکە لـەسـەر گـەورە و بچـووکی مـەلەفـەکـە دەوەسـتـێ. لێـرەدا مـەلەفی شـێـوازی CCD RAW، لەبـەر بچــــووک پێـــــویست نەبـوونـی بە چارەسەرکردن دەبێتە مایەی کورت بوونەوەی ماوەی وێنە گـرتنەکە. یەکێک لە هۆکارەکـانی بنەڕەتی کـە شـێـوازی CCD RAW لە وانی تر جـیـا دەکـرێتـەوە، ئەوەیە حەزت لەوێنەیەک بێت تا ئەوپەڕی ڕێکوپێک بێت، بێ ئەوەی هیـچ وردەکـارییـەکی ون بکات، هەروەک لە گـرتە کەبس کراوەکاندا ئەمە ڕوودەدات.

کۆمپانیای کانوون یەکەم کۆمپانیا بوو کە ئەم شێوازەی CCD RAW لە سـاڵی ١٩٩٦ بەکـاری هێنا و ناوی کــامــیــراکــەی نا Power shot 600 پـاشـــــان کۆمپانیاکانی تر ئەم شێوازەیان بەکارهێنا، لەوانە فوجی فیلم ناوی کامیراکەی خۆی نا Pro Finepix S1.

سەرەڕای ئەوەی تۆمارکردنی زانیـارییـەکـانی ڕووناکی بە قەبارە بایت بۆ هەر بکسلێک، CRW وایت بەڵانس سـپی تۆمـار دەکـرد White Balance. نەخـشـەی کـۆنتـراست و زانیـاری تر کـە زۆر پێـویست بوون کـە هاوکـاری ئەوەیان دەکـرد دیقـەتی ڕەنگەکـان و شـتـی لەدەست نەدەن.

هەندێ کامیرا هەیە وێنەکانیان لەسەر شێوازی CCD RAW بە قـووڵی ڕەنگی ١٠بت/ کەناڵ بۆ چوار کەناڵ (C-M-Y-K) تۆمــــار دەکــــرد، بـەڵام ڕاهێـنـانـی چارەسەرکردنەکە کە تەحویلی سیـسـتـمی RGB بــــە قووڵی ڕەنگی تەواو ٢٤ بت دەکرد. وا چاوەڕوان دەکرێ کـامیـرای داهاتوو سیـسـتـمی تۆمـارکردن بە ئاسـتی ١٢ بت/ کـەنال تۆمـار بکات، بەمـەش پلە پلەیی ڕەنگەکـان چارەسەر دەکرێ.


**سەرچاوە:**

**التصوير الضوئي، ابراهيم فضيلات، ط١، ٢٠٠٢ عمان.**

# چەند نامەیەک بۆ تارانتابابۆ

**سامان دزەیی**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**




«چەند نامەیەک بۆ تارانتابابۆ» دەقێکی درێژی شاعیری بەناوودەنگی تورک (نازم حیکەت)ە، لە وەرگێڕانی شاعیر و ڕۆژنامەوان (نەژاد عەزیز سورمێ)یە. ئەم کتێبە لە دووتوێی (٨٠) لاپەڕەی جوان و لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ جاری سێیەم چاپ کراوەتەوە. ئەم شاکارە کە وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان، باس لەو نامانە دەکات کە ڕەشپێستێکی گالایی حەبەشی لە ئیتاڵیاوە بۆ خێزانی (تارانتا بابۆ)ی نووسیوە، بەر لەوەی دەسەڵاتدارانی سەر بە بەرەی فاشیزم دەستگیری بکەن. لەم نامانەدا جیهانی نامرۆڤانەی فاشییەکان بە شێوەیەک دەخرێنە ڕوو کە هەروەک لە پێشەکییەکەدا بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

«لە لای فاشی هەموو شتێک لە نێو چوارچێوەی دەوڵەتدا دەبێ و لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیەشدا هیچ شتێکی مانەوی مرۆڤایەتی نرخی نییە». کەواتە ئەو هونەرمەندە ڕەشپێستە کە بەو خەونەوە هاتۆتە ئیتاڵیا تا دڵ و گیانی بە هونەری بەرزی ڕێنیسانس بگەشێتەوە و لە سایەی سروشتی هونەرمەندە بلیمەتەکان پەرە بە هونەرمەندیی خۆی بدات، بەڵام یەکڕاست ڕووبەڕووی ئەوە دەبێتەوە کەوا چیتر گۆرانی (دانتی ئەلیجیری)ش نابیستریێ و دەستی (لیۆناردۆ داڤینشی)یش نابینرێ و چیدیکە هونەرمەندە بلیمەتەکان مەڕمەڕ وەکو قوماشی ئاوریشمی نابڕنەوە، چونکە (مایکل ئانجیلۆ) لەناو مۆزەخانەدا سندم کراوە و ژیانی ئازادیی چیتر لە شەقام و لە دیدەی مرۆڤەکاندا نابینرێ و دەبێ هەموو شتێک بە گوێرەی ئەو ئایدیۆلۆژیایە بخولێتەوە کە فاشییەکان نەخشەیان بۆ داناوە و هەر هەنگاو هەڵێنانێکی بەدەر لەوە سەری دیلێک دەپەڕێنێ و لەگەڵ هەر تێپەڕینێکیش گۆڕێک هەڵدەکەنرێ.

جگە لەوەی ئەم سیستەمە مرۆڤەکانی داپڵۆسیوە، وەک لە نامەکاندا وای پشان دەدا کەوا ئایین (وەکو سیستەمێکی ئەخلاقی) و پیاوانی ئایینیش کەوتوونەتە ژێر باری ئەم ئایدیۆلۆژیایەوە، کە نەوەک جادووگەرێکی مەزنی خێڵەکی ڕەفتار دەکەن، بەڵکو لەسایەی فاشیزمدا بەتەنیا خەریکی بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیانن و پەیامە مرۆڤایەتییەکەی ئایینی خۆیانیان فەرامۆش کردووە کە هێڵی سەرەکی تێیدا دەربازکردنی مرۆڤە لە تەنگژە و نەهامەتییەکان و پەڕاندنەوەی بۆ کەناری ئارامیی، وێڕای ئەمەش بە شێوەیەکی دۆگما هەڵسوکەوت دەکەن و پاپا تەنز ئاسا

وێنەی مەسیحی دەستخستووە و لە ژوور سەری خۆی هەڵواسیوە. شاعیر لە نامەی شەشەمدا لەسەر زاری ئەم قوولەڕەشە باس لە نووسەرانی سەردەمی فاشیەت دەکات کە چۆن پۆلێکیان بوونەتە زۆڕنابێژی ئەو ئایدیۆلۆژیایە و هەر ئەوانن ئەو هێزە دینامیکییەی شەڕ پەیدا دەکەن، بەمەش جلوبەرگی ئاوریشمینی و بەشێوەی خواوەند دەدوێن و نووسینەکانیان لەم بازنە داخراوەدا دەخولێتەوە کە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدا دەڕوانێتە لایەنە جیاجیاکانی ژیان کە گۆیا ئەوانە ئەدەبیش بە ژیان تێدەگەن، بەڵێ ئەوانەن وەچەی بلیمەتەکانی فاشیزم. ئەو نووسەرانەش کە لە خزمەتی ئەو ڕێچکەیەدا نەبن ئەوە بەشیان قەلەندەری و کۆکاییینە وەک درەختێک ڕەگوڕیشەی وشک بوویێت.

بەشی زۆری شیعرەکان ڕووی ڕاستەقینەی فاشییەکانی ئیتاڵیا لەژێر جلەوی مۆسۆلینیدا دەنوێنێ و شاعیر بەشێوەی «نۆستالژیا» حەسرەت بۆ ئەو ساتە خۆشانە هەڵدەکێشێ کە بە ئارامی لەزەتەکانی ژیانی تام دەکرد و ئەمەش وەک بەراوردێک لەگەڵ ئێستای تاڵدا، خستنە ڕووی ئەم وێنە دژ بەیەکەش خزمەت بە دەرخستنی ئەو ئامانجە دەکات کە شاعیر مەبەستیەتی بە خوێنەری ڕابگەیەنێت.

(کوێری)یش لەم شیعرەدا ئاماژەی پێکراوە نەوەک تەنیا وەک لە دەستدانی بینایی و نەدیتنی ڕاستییەکان، بەڵکو وەک گەڕانەوەیەک بۆ جوانییەکانی ناوەوە و دووپات کردنەوەی تاکەکەسی کە لە سیستمی فاشیەتدا بە تەواوەتی فەرامۆش کراوە و بگرە سڕاوەتەوەش.

**«تاریکایی خۆشویستن چەند خۆشە**
**چەند خۆشە مرۆڤ کوێر بێ**
**چاوە نووقاوەکانت**
**بەرەو قەڵای ناخت دەبەنەوە»**

جگە لە وێناکردنی ڕووە دزێوەکانی فاشیزم و کاولکارییەکانی بۆ سەر گەلان و مرۆڤایەتی، پاڵەوانی ئەم شاکارە بە مۆتیڤێکی نەتەوایەتی دەنووسێت و نەهامەتییەکانی گەلەکەی دەنووسێتەوە، بەم پێیەش نیازە چەپەڵەکانی فاشیزم ڕیسوا دەکات کە پێدەچێ لەسەر ئەم بیروباوەڕانەی ژیانی خۆی لەدەست دابێت.

لەکۆتایی نامەکاندا باس لە ماڵوێرانی شەڕ و دەرەنجامە کاولکارییەکانی دەکات بەسەر مرۆڤایەتی و بگرە لە سڕینەوەی مرۆڤ وەک تاکێکی تایبەتمەند و ئەو ترسەشمان پێشکێش دەکات کە شەڕ و ئەگەرەکانی هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە، بێجگە لەمەش مرۆڤ تاکەکەسی خۆی لەدەست داوە و وەکو ئامێرێک بیری لێ دەکرێتەوە.

«ئەوانەی لە شەڕی پێشوودا کوێربوون دەتوانرێ ئێستا لە تیپەکانی دژی ئاسمانی سوودیان لێ وەربگیرێ، چونکە بەهۆی گوێی سووکیانەوە، بەووردی دەنگی فڕۆکەکان لێک جیا دەکەنەوە»


لێرەدا دەمانەوێ لە ناوەرۆکی بابەتەکەوە بچینە سەر کارەکەی برای وەرگێڕ کە توانیوبەتی ئەو نامانەمان بەجۆرێک پێشکێش بکات وەک بڵێی لە بنەڕەتدا بە کوردی نووسرابن، جگە لەمەش کە وەرگێڕان خۆی کارێکی قورس و گرانە، بەڵام کاتێ بەڵێهاتوویی و بڕواوە ئەم کارە ئەنجام دەدرێت، ئەوە بێگومان کارێکی داهێنەرانەیە و خزمەت بە ڕەوت و بزاڤی کولتووری نەتەوەییمان دەکات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئامانجێکی بنچینەییە لە ناخی هەموو بەهرەمەندێکی ڕاستەقینە.سەبارەت بەوەی کە ئایا وەرگێڕ چەند توانیویەتی ڕەسەنایەتی دەقەکە بپارێزێ، من لێرەدا هەر ئەوەندە دەتوانم ئەم وتەیەی وەرگێڕی بەتوانا (شکور مستەفا) بۆ شایەتمانی بهێنمەوە کە تێیدا لە پێشەکی ئەم کتێبەدا نووسیویە:

« کاک نەژاد بۆ خۆی شاعیرە، هەوڵیداوە داستانەکە شاعیرانە وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی، کە پێم وایە لە عەرەبییەکەی چاکترە.»

نکۆڵی لە زمانە پاراوەکەی وەرگێڕیش ناکرێ کە توانیویەتی هونەرمەندانە دەقەکە بکاتە بەرهەمێکی کوردی، جگە لەم کارەش چەندین وەرگێڕانی ڕەنگینی پێشکێش بە کتێبخانەی نەتەوایەتی کردووە و ئەدەبی کوردیمانی ڕازاندۆتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجیشە (نەژاد عەزیز سورمێ) جگە لە وەرگێڕانی چامەکە، بە چەندین کۆلاژی جوان و پڕ لە واتای دەست و پەنجە ڕەنگینەکانی خۆی ئەم کتێبەی ڕەنگینتر کردووە کە بەهایەکی زیدەتری خستۆتە سەر کارەکەی و شایانی دەستخۆشییە.

# جوانکاریی ڕەوانبێژی لە کۆ شیعری (ڕۆژانێک بوو)دا

کەریم شارەزا



بنەماکانی شیعری هاوچەرخ خۆیان لە هەست و سۆزو ئەندێشەو جوانیدا دەنوێنن و ناوەڕۆکی هۆنراوە بنیاد دەنێن. شیعری سەرکەوتووش ئەوەیە لە هەستێکی ناسک و سۆزێکی هەڵچوو و ئەندێشەیەکی قووڵی شاعیرەوە خولقابێ و کار بکاتە سەر هەست و سۆزو ئەندێشە و پێوەری ئیستێتکا لە لای خوێنەر و گوێگری دەقی شیعرەکە و خولقاندنی جوانیش لەنێو دێرە شیعرەکانی شاعیری داهێنەر هۆکاری پتەوکردنی ناوەڕۆکی هۆنراوەیە و شاعیر لە ڕێگەی داهێنانی نوێوە جوانی لە ڕوخسارو ناوەڕۆکی دەقەکەیدا دەخولقێنێ و زۆر جار وا دەبێ لە باری بێ ئاگاییدا ئەو جوانکاریانە دروست دەبن. کاتێک لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی هەڵیان دەسەنگێنێ دەبینێ ئەو جوانکارییانە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەک لێکچوواندن و خوازە (المجاز) و (میتافۆرە)= (الاستعارة) لە وەسفدا دروست دەبن و خۆیان لەوێنەی شیعرییدا دەنوێنن. لێرەدا بەپێی ئەو بنەمایانەی جوانکاریی لە هۆنراوەکانی کۆ شیعرەکەی (ڕۆژانێک بوو)ی شاعیری نوێکار عەبدولڕەزاق بیمار دەستنشانیان دەکەین و کەمێک شییان دەکەینەوە.

**جوانکاریی ڕەوانبێژیی لە کۆشیعری ڕۆژانێک بوو-دا**

ئەم کۆ شیعرە بریتییە لەو هۆنراوە کۆن و نوێیانەی کە چوار کۆشیعرە چاپکراوەکانی پێشووی نەیان گرتوونەتە خۆ، بە پێشەکییەکی کورتی یەک لاپەڕەیی دەست پێدەکات و ٦٤ هۆنراوەی کورت و درێژ دەگرێتە خۆ، بابەتی هەمەجۆری چارەسەرکردووە، بەتایبەتی بابەتی شیعری سیاسی و وەسف و لاواندنەو و مێژوویی.

ئەوەی سەرنجی خوێنەری شیعرەکان ڕادەکێشێ ئەوەیە کە شاعیر وەستایانە چۆتە نێو دنیای شیعری سیاسی و نەچووە بە دروشمی جۆراوجۆر خەفەی بکات، بەڵکو بەوێنەی شیعریی و بنەماکانی دیکەی جوانکاریی ڕازاندوویەتییەوە. لەوەدا سەرکەوتنێکی باشی وەدەست هێناوە، چونکە بەجۆرێکی وا شیعرەکانی داڕشتووە کە هونەری ئەدەبەکەی زاڵ بێت بەسەر بیروباوەڕە سیاسییەکەیدا.

شاعیر لە بنیادی هۆنراوەکانیدا گەلێک بابەتی جوانکاریی ڕەوانبێژی بەکارهێناوە و دەربڕینە شیعرییەکانی پێ ڕازاندوونەتەوە، هەر لە لێکچوواندن و خوازەوە بگرە تا دەگاتە (میتافۆرە)= (الاستعارة) و لەگەڵ وەسفی سروشت و جوانی

ئافرەتدا وێنەی شیعریی جووڵاوو چەسپاوی لێ خولقاندوون و هەریەکەشیان بەهەستی بینین، یان بیستن، یان بۆنکردن وەردەگیرێ.

شاعیر لای وایە شیعر پەیامێکی تایبەتی خۆی هەیە: بۆ ئەو مەبەستەش لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەنووسێت [دەبێ بۆ چاکەی مرۆڤ و پێشکەوتنی گەل بێت. بەتایبەتی گەلی ئێمە کەوا ڕەنگە لە نامرادی لە دنیادا تاک بێت و لە تەلی هەست و بیر بدات و ئاوازی جوان جوانی لێ بترووسکێ]. بۆیە لەسەرجەم هۆنراوەکانی ئەم کۆ شیعرەی ڕەوشی میللەتەکەی خۆی لەبیر ناچێ و هەمیشە بەدوای چارەسەرکردنی کێشەکانیدا دەگەڕێ.

شاعیر لە هۆنراوەیەکیدا بە ناوونیشانی [ساڵی نوێ- ٩٧] بەم جۆرە جوانکارییەکانی خۆی لە هۆنینەوەی شیعرەکانیدا دەردەبڕێ:

**ئەوە لێشاوی هێناوە**
**ڕووبارە لە دەرگا دەدا**
**وا بەسەر شەپۆلانییەوە**
**پشکۆو گوڵ و تەلبەند و خەم**
**نوقمەبن دەدرەوشنەوە**

دیوان: ل٥

شاعیر لە دەربڕینی (ڕووبار لە دەرگا دەدا) تایبەتمەندی کەسی زیندووی بە شتی بێ گیان داوەو لەم بارەشدا هونەری میتافۆرەی ڕەوانبێژی خولقاندووە، ئەمەش بووەتە بنەمای دروستبوونی وێنەیەکی جووڵاوی شیعریی و بەهەستی بینین و بیستن وەردەگیرێ. ئەو ڕووبارەش لێشاوی ساڵی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و شەپۆلەکانی خاشاکی کۆن وەک تەلبەندی ستەم و زۆرداریی و خەم وخەفەت نقوم دەکات و سەردەمێکی نوێ لەگەڵ خۆی دێنێ.

شاعیر بەبۆنەی جوانە مەرگ بوونی (دیار)ی کوڕی بە نەخۆشی شێرپەنجە هۆنراوەیەکی بە ناوونیشانی (شیوەنی سەیدەوان) داناوە و لە زۆر شوێنی لاواندنەوەکەیدا لەنێو خەمباریدا جوانکاریی هونەریی خولقاندووە. گیانی بێ وەی ئەو ڕۆڵەیەی کردووە بە مەل و لەناو کەرەستەی نەشتەرگەریی دەردەکوشندەکەیدا بە دووباڵی هەڵکرووزاوی بەرەو ئاسمانی نیشتمانەکەی خۆی کە کوردستانە دەفڕێ:

**وا مەلی گیان**
**لەناو دووکەڵ و ئاگرو**
**نەشتەر و دەرزی و کیمیایی و**
**ئازارێکی لەعنەتیدا**
**دوو باڵی هەڵکرووزاوی**
**بەرەو ئاسمانی نیشتمان**
**بەرز کردەوە (ل١٥)**

شاعیر لەباری بێ ئاگاییدا هونەری میتافۆرەی لە مەلی گیان و فڕینی بەرەو ئاسمانی نیشتمان دەخولقێنی و لەم دەربڕینەشدا وێنەیەکی جووڵاوی شعری خەماوی دەکێشێ، بەڵام لە ڕووی هونەری شیعرەوە بەهای خۆی هەیەو وێنەکەشی بەهەستی بینین وەردەگیرێ.

شاعیر لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا بەناوی (وێنە) لە ڕێگەی وەسفێکی ناسکی وێنەی خۆی و خۆشەویستەکەیەوە چەند وێنەیەکی شیعریمان بۆ دەکێشێ و بەم جۆرە دەست بەکارە هونەرییەکەی دەکات:

**وا من و تۆین**
**تۆ بەڕووی گەشی تریفەی**
**زەردەخەندە شیرین کردوو**
**من بەچاوی بیرو شادی و**
**خۆشەویستی**
**خەو لێ خستوو**
**تۆ لاولاوی بەچناردا**
**بەرەو هەتاو هەڵکشاوی**
**بەچاوی خەواڵووەوە**
**بۆت دەڕوانم ل٥٤**

وێنە شیعرییەکانی وەسفین و لە جۆری وەستاون. کە خۆشەویستەکەیشی دەکات بەلاولاوو بەرەو هەتاو هەڵدەکشێ بەم لێکچوواندنە ڕەوانە وێنەیەکی گەشترمان بۆ دەکێشی. هەمووشیان بەهەست بینین وەردەگیرێن.

لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا کە بۆ (مادام میتران)ی یەکە خاتوونی ئەورووپا داناوە کە لەکاتی کۆڕەوە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان و دوای ئەو ڕووداوە دڵتەزینە بە هانای میللەتی زۆر لێکراوی ئێمەوە هات و ئەورووپای پڕ خۆشی و حەسانەوەی جێهێشت و خۆی گەیاندە کوردستانی زۆر لێکراو، لە دێهاتەکانیدا پەنجەی لەگەڵ پەنجەی ناو لەگەنی شۆربای برسی و هەژاران تێکەڵ کرد و بەم وەسفە پڕ هەست و سۆزەی دەست بە هۆنراوەکەی دەکات:

**پەری ئەورووپای شارستان**
**نیشمەن ئاسمان**
**کێ دایبەزاندە ناو هەورو**
**هەرای شاخانی کوردستان**
**تا پەنجەی لەگەڵ پەنجەی ناو**
**لەگەنی شۆربای کوڵێتی**
**پڕ چەرە دووکەڵی زستان**
**تێکەڵ بکات ل٨٥**

لەم وەسفە وردەی هەڵوستی ئەو ئافرەتە مەزنەی ئەورووپا بەرامبەر بە هەژارانی کورد و سەرجەم گەلی کوردستان بە تابلۆیەکی شیعریی خولقاندووە کە بەهەستی بینین وەردەگیرێ و لە جۆری جووڵاوە.

دوای ئەم سەرەتایەی هۆنراوەکەیشی لە بەشێکی دیکەیدا دەروونی ئەو خاتوونە دڵ پڕ لە سۆزە دەکات بە کانیاوی پڕ بەزەیی و

ئەستێرەی پێکەنینەکەی لەناو هەوای تاریکیدا، پرشنگی هیوای ئاسۆی کورد ڕەنگین دەکات:

**ئای خانمی ڕوومەت بەرزی**
**دەروون کانیاوی بەزەیی**
**وا بەسەر ناوچەوانتەوە**
**دەدرەوشێتەوە ئەستێرە**
**خەندەت لەناو هەوای تاردا**
**دوای پرشنگی هیوایە**
**ئاسۆکەمان ڕەنگین دەکات ل٨٧**

شاعیر بەلێکچوواندنی دەروونی ئەو خاتوونە بەرزە بە کانیاوی بەزەیی، وێنەیەکی چەسپاومان بۆ دەخوڵقێنێ و لە ڕەنگ کردنی ئاسۆی ژیانی میللەتیش بە پرشنگی خەندە ئەو ئافرەتە دڵ پڕ بەزەییە وێنەیەکی دیکەی شیعریمان بۆ دەکێشێ کە لە جۆری جووڵاوەو هەردوو وێنەکانیش بە هەستی بینین وەردەگیرێن. ئنجا شاعیر ئەم ڕاستییە بەو خاتوونە بەرزە دەڵێ: ئەگەر ساوایەک بە دەنگی دایکێکی میهرەبانی وەکو تۆ گەشە بکات، بێ گومان کە گەورە بوو نابێ بە نۆکەر و کۆیلەی میللەت کوژان. بەم جۆرە ئەم دیمەنەمان دەخاتە بەردەم:

**ساوای بێشکە**
**کە بە دەنگی دایکی وەک تۆ**
**گەشە بکات**
**کە پێ بگات**
**نابێ بە نۆکەر و کۆیلەی میللەت**
**کوژان ل٨٧**

هەرچەندە ئەم وێنانە لە ڕێگەی هونەری ڕەوانبێژییەوە نە خوڵقاون، بەڵام لەو هەست و سۆزەی ئەو دایکە میهرەبانەی وەکو ئەم خاتوونە مەزنە کە هەر ساوایەکی ناوبێشکە بە دەنگی پڕ بەزەیی گەشە بکات لە دوا ڕۆژدا نابێتە نۆکەرو کۆیلە وێنەکان دروستبوون و بەهەستێکی دەروونی وەردەگیرێن.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا بەناوی (ڕووەوشار) کە لە کارەساتی هەڵمەتی سوپای ڕژێمی پێشوو بۆ سەر شاری کۆیەو کێوە سەر کەشەکەی هەیبە سوڵتان دەدوێ لە بەشێکی هۆنراوەکەدا بەم جۆرە وەسفی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە دەکات:

**هات شاڵاوی تانک و زرێ و**
**دووکەڵ و خەم**
**شار دڵی گوشراو لێی شێوا**
**سەرو پەرچەم**
**خوێن دەعبا بوو**
**دەگەڕا کۆڵان بە کۆڵان ل٩١**

شاعیر لە وەسفکردنی کارەساتەکەی کۆیە کە لە هاوینی ١٩٦٣دا شاڵاوی سوپای بەعسی فاشی بۆ هات و دووکەڵی کارەساتەکەو خەم و خەفەتی میللەت بۆ سەر شارە خۆڕاگرەکە هات، لەم وەسفەدا وێنەیەکی جووڵاوی شیعری کێشاوە، لە پێکەوە نانی هونەری میتافۆرەش لە [دڵ گوشرانی شار] و [لێ شێوانی سەروپەرچەم]دا دوو وێنەی دیکە پێکەوە دەنێ کە لە جۆری جووڵاون و لە لێکچوواندنی (خوێن) بە دەعبا و گەڕانی بەناو کۆڵانەکانی شاردا وێنەی چوارەمی خوڵقاندووە کە لە جۆری جووڵاوەو بەهەستی بینین وەردەگیرێ.

شاعیر هۆنراوەیەکی پێتەوی بۆ شاعیری شەهید (جەمیل ڕەنجبەر)ی دۆستی بەناوو نیشان (قوڕقوشمی تاڵ) داناوە و لەبەشی بەراییدا سوێند بەو ژیلەمۆیانە دەخوات کە لەژێر هەوری خۆڵەمێشدا دەجریوێن. بەم جۆرە وێنەیەکی گەش و گوڵی شیعریمان بۆ دەکێشێ:

**سوێندم بەو ژیلەمۆیانەی**
**لەژێر هەوری خۆڵەمیشدا**
**دەجریوێن**
**ل١٤١**

لە دەربڕینی (جریواندنی ژیلەمۆ)دا هونەری میتافۆرەی خوڵقاندووە و لە مەشەوە جوانترین وێنەی جووڵاوی شیعریی بۆ کێشاون و بە هەستەکانی بینین و بستن وەردەگیرێ، چونکە جریواندن دەنگەو بەگوێ وەردەگیرێ.

لە کۆپلەیەکی دیکەی شیعرەکەدا لە دەربڕینی (هاتنە کوڵی خوێن) و بوونی بە (ئەسپی سپی سندم شکێن) و (بوونی هەموو شتێک بە لافاو و گۆڕانی ئەمەش بە گرێکی وشک و تەڕ سووتێن) لەم دەربڕینە ناسکانەی چەند وێنەیەکی شیعریمان بۆ دەکێشێ کە بنەماکەیان هونەری میتافۆرەیەو بەم جۆرە پێشکەشمان دەکات:

**شەرمە کاتێک هاتە کوڵ خوێن**
**ئەسپی شێیە و سندم شکێن**
**ئەوا سەری هەڵگرتووە**
**هەرچی هەیە لافاوەو هەستاوەو**
**ئەڕوا**
**گرێکە وشک وتەڕ دەخوا**
**ل١٤٢**

ئەو وێنانەش لە جۆری جووڵاون و بەهەستی بینین وەردەگیرێن. لە بەشێکی کۆپلە دووەمی هۆنراوەکەیدا، ڕوودەکاتە هاوڕێیەکەی و پێی دەڵێ: کە تۆ چووی چەندان دڵ و نزا و هەناسەی هەڤاڵانت لەگەڵدا چوو، لەم وەسفە وردە پڕسۆزە، وێنەیەکی شیعری ناسکمان بۆ دەکێشێ و دوای ئەمەش وێنەیەکی دیکەی بەدوادا دێنی بەوەی کە ئەم هاوڕێیەی بە کەشتییەک دەچوێنێ کە لە گێژەندایەو شەپۆلی لەسەد کێو تێپەڕ دەبێ و بەم جۆرە وێنەکانی دەکێشێ:

**هاوڕێم تۆ چووی**
**چەند دڵ و نزاو هەناسەت**
**لەگەڵدا چوو**
**کەشتییەک بووی**
**لە گێژەن و لەشەپۆلی**

**هەندی سەد کێو تێپەڕ دەبووی**

هەردوو وێنەکانیش لە جۆری جووڵاون و بەهەستی بینین وەردەگیرێن.

شاعیر لەبەشی سێیەمی هۆنراوەکەیدا وەسفێکی وردی شەهید بوونی هاوڕێکەی دەکات کە داخی ئەوەیەتی دوا وشەی شیعری سەر لێوی نەگەیشتە سەر کاغەز و تەزی و لە خۆڵی خوێنینیدا گەوزی. بەم جۆرە وێنە شیعرییەکەمان دەخاتە بەردەم:

**هەی جوانە مەرگ**
**مەرگت نۆ بوو**
**دووا وشەی شیعری سەرلێوت**
**نەگەییە دەفتەری وتەزی**
**لە خۆڵی بەخوێنتدا گەوزی**
**ل١٤٤**

تەزینی وشەی سەر لێوی شاعیر و نەگەیشتنی بەدەفتەری دیوانەکەی و گەوزینی ئەو ڕۆڵە بە جەرگە لە خوێنی شەهیدبوونیدا، دوو وێنەی شیعریی جووڵاون و بەهەستی بینین وەردەگیرێن.

لە هۆنراوەیەکیدا بەناوی [یادی گۆران] کە لەساڵی ١٩٧٤دا لە یادی لە دایکبوونی ئەو شاعیرە نوێکارەی کورد (گۆران) دایناوە. زنجیرەیەک وێنە شیعریی لەباری بێ ئاگایی دەخولقێنێ و بەم شێوەیە دەمانخاتە بەردەم:

**بەر لە حەفتا ساڵ هەڵەبجە**
**کۆرپەیەکی لە باوەش کرد**
**هەنگوینی هونەر بە پەنجە**
**سووسنی ناو دەمی چەش کرد**
**پەری هۆنراوە بە لەنجە**
**گوێزەبانەی بۆ دابەش کرد ل١٧١**

شاعیر سەرەتای هۆنراوەکەی بە وەسف. دەست پێدەکات کە دەگاتە دوو نیوە دێری دوایی دەبینین لە ڕێگەی پێکەوەنانی هونەری میتافۆرەوە کە لە دەربڕینی [پەری هۆنراوە بەلارولەنجەوە گوێزەبایەی لە دایکبوونی بۆ دابەش دەکات] خولقاندوویەتی و پێشبینی ئەوەش دەکات کە گۆران لە دواڕۆژدا دەبێتە شاعیرێکی داهێنەری گەورە و لەوەسفی هەنگاوی یەکەم کە هونەری (خوازە) (المجاز)ی خولقاندووە، لە هەنگاوی دووەمیشیدا لەو میتافۆرەی کە ئاماژەمان بۆ کرد وێنەی جووڵاوی بۆ کێشاوین و بەهەستی بینین وەردەگیرێن.

لە هەنگاوێکی دیکەی هۆنراوەکەیدا لە دەربڕینی (تەمی سەر شاخی بڵند ناوچەوانی دەخاتە مشت) هونەری میتافۆرە دەخولقێنێ و لەمەشەوە وێنەیەکی شیعریی دەکێشێ:

**تەمی شاخی گەردن کەش**
**ناوچەوانی خستە ناو مشت**
**ل١٧١**

وێنەکەش لە جۆری جووڵاوەو بە هەستی بینین وەردەگیرێ و ئنجا وێنەی دووەمی بەدوادا دێنێ کە [هۆرەی ڕەنجی پاڵەی بێ بەش و ناڵەی کوردی کوردستانی گەورەیە] ئەمەش [دەبێتە باوبۆران و بێشکەی کۆرپەی تازە لە دایکبوو دەلەرزێنێت] و [ئاوی ژیانی بۆ هەڵدەڕێژێ و بەم جۆرە کارە هونەرییەکەمان دەخاتە بەردەم:

**هۆرەی ڕەنجی پاڵەی بێ بەش**
**ناڵەی کوردی کوردستان گشت**
**بوو بە باو باران و لێمشت**
**بێشکەی کۆرپەی لەرزاندەوە**
**نەغمە ژیانی بۆ هەڵڕشت ل١٧١**

شاعیر لەم کارە هونەرییەیدا بە گۆڕینی هۆرەی ڕەنجی پاڵەی بێ بەش و ناڵەی کوردی هەموو کوردستان، بۆ باوبۆران و ئەمانەش بێشکەی ئەو کۆرپەیەیان ڕاژاند و ئاوازی ژیانیان بۆ هەڵڕشت.

دوو وێنەی شیعری چەسپاوی لە ڕێگەی پێکەوەنانی هونەری میتافۆرەوە خولقاندووە و بەهەستەکانی بینین و بستن وەردەگیرێن.

شاعیر هەر لەسەر (گۆران) کە خۆی شاگردێکی زیرەکیەتی هۆنراوەیەکی پرسۆزی هۆنیوەتەوە و لەسەرەتادا چڵێک نێرگز لەسەر گۆڕەکەی دادەنێ، ئنجا دەست بە لاواندنەوەکەی گۆران دەکات:

**شار لەژینی ئاڵۆزیدا**
**پایزی زەرد لە پەرۆشی**
**دڵسۆزیدا**
**مردن بەفری قژی باراند**
**ڕەشەبای سارد تێکی ئاڵاند**
**هەڵی گراند زریان و تۆف**
**دایگرت دەشتی گریان و ئۆف**
**ل١٨٣**

لە دەربڕینی (شار لە ژینی ئاڵۆزیدا) و (پایز لە پەرۆشی دڵسۆزیدا) و (بەفری قژی و باراندنی لەلایەن مردنەوە) و (هەڵگراندنی قژی بەزریان و تۆف) و (ئەو زریانەش دەشت و دەری گریان و ئۆف و خەفەتی داگرت)، بۆ مەرگی (گۆران)ی مەزن.

لەم دەربڕینانە هونەری میتافۆرەی خولقاندووەو بوونەتە مایەی دروستبوونی زنجیرەیەک لە وێنەی شیعریی و لە جۆری جووڵاون و بە هەستی بینین و بستن وەردەگیرێن.

دوای ئەمەش لە ڕێگەی وەسفەوە زنجیرەیەکی دیکەمان لەوێنەی شیعریی بۆ دەکێشێ و هەمووشیان لەسەر جوانی سروشتی کوردستانن. بەم جۆرە پێشکەشمان دەکات:

**ئاڵتوونی زەردی خۆرەتاو**
**لەگەڵ مانگی خەرمانەداو**

**زەردوویی ڕووی بێ نەوایان**
**زەردی گەشی قرشەی خەرمان**

**گوڵە بەرۆژەی پەرچەم زەرد**
**وەک پایزی نیشتمانی**

**گەشە دەدەن بەزەردایی ناوچەوانی**
**گۆرانی گەنج، گۆرانی پیر**
**ناوچەوان زەرد، قژ وەکو شیر**
**ل١٨٤**

شاعیر لە دوو نیوە دێڕی سەرەتای ئەم کۆپلەیەی هۆنراوەکەیدا لە ڕێگەی وەسفێکی وردوجوانی خۆرەتاو و مانگ، دوو وێنەی شیعریی چەسپاوی خوڵقاندووە و لە دێڕەکانی دیکەیشیدا لە وەسفی زەردیی ڕووی هەژاران و زەردی گەشی قرشەی خەرمان دوو وێنەی شیعریی دیکەمان بۆ دەکێشێ و گەلێک وشەی شیعری گۆران تێکەڵ بە هۆنراوەکەی دەکات و لە [گوڵە بەرۆژەی پەرچەم زەرد] هونەری میتافۆرە پێکەوە دەنێ و لەمەوە وێنەیەکی چەسپاوی شیعریی بۆ کێشاوین و بەهەستی بینین وەردەگیرێ و گەشەدانی ئەو دیاردە جوانانەش بە زەردیی ناوچەوانی گۆران لەسەردەمی گەنجی و لەسەردەمی پیریبیدا دەچووێنێ، کە زەمانە سەری وەکو شیر سپی کردووە. لەمەشەوە وێنەیەکی چەسپاوی شیعری کێشاوە. بەهەستی بینین وەردەگیرێ.

ئنجا لە بەشی چوارەمی هۆنراوەکەیدا لە (گۆران)ی سەردەمی ژیانی بەندیخانەی دەدوێ کە لەسەردەمی ڕژێمەکانی پێشوودا چەندان جار لەسەر هەڵوێستی سیاسی بەندکراوە، کەچی ڕۆژێک لە ڕۆژان قەڵەمی داهێنان لە دەستی نەکەوتۆتە خوارەوە و هەردەم شیعری نوێ و نووسینی بەپێزی لەسەر کێشەی میللەتەکەی خۆی بڵاوکردۆتەوە:

**گۆران، گۆران**
**مەچەکێک بە زنجیرەوە**
**لاوازو زەرد پێنووس دەگرێ**
**مەچەکێک بە زنجیرەوە**
**ناگا بەجێی زامی لەشی**
**بەڵام دەبڕێ پەردەی ڕەشی**
**شەوی زیندان**
**نایگاتە زامی گەلی**
**زامی زۆربەی لە دنیایەک**
**پڕ هەژاریی، پڕ بێ بەشی ل١٨٥**

شاعیر لە وەسفی گۆران لەناو زیندان و کوڵنەدانی لە نووسینی لە پێناوی لابردنی مەینەتی لەسەر ڕۆڵەکانی گەلە هەژارەکەی، زنجیرەیەک لە وێنەی شیعریی جووڵاو و چەسپاومان بۆ دەکێشێ و بەهەستی بینین وەردەگیرێن.

شاعیر لە هۆنراوەیەکیدا بەناوی (نەوروز لەبەغدا) کە لە ساڵی ١٩٨٩دا دایناوە، بە زنجیزەیەک وێنەی شیعری و هونەری جوانکاریی دیکەی ڕازاندۆتەوە. بەم جۆرە پێشکەشمان دەکات:

**با ئاسمانی پڕ ئەستێرەی جوانی**
**گڕی سەمای ئێمە بەربێ لە گیانی**
**تێکەڵاوبێ ورشەی ڕوومەت،**
**تیشکی چاو**
**پشکۆی کوڵمی بە ئارەق سوور**
**هەڵگەڕاو ل٢١٧**

لە دەربڕینی (گڕی سەمای ئێمە لە گیانی ئاسمانی پڕ ئەستێرەی جوانی بەربوون) هونەری میتافۆرەی پێکەوەناوە و بەهەستی بینین وەردەگیرێ و وەک وێنەیەکی ناسکی شیعری خۆ دەنوێنێ. لە دێڕی دووەمیشیدا لە تێکەڵاوبوونی ورشەی ڕوومەتی ئافرەتی شۆخ و تیشکی چاوی و کوڵمی بە ئارەق سوورهەڵگەڕاودا، لەم وەسفە جوانە وێنەی دووەممان بۆ دەکێشێ. وێنەکەش لە جۆری چەسپاوە و بەهەستی بینین وەردەگرێ.

دوای ئەمەش درێژە بە زنجیرە وێنەکانی دەدات و بەم جۆرە دەمانخاتە بەردەم:

**شڵپەی ڕەنگ و دەنگدانەوەی پرشنگی**
**کڵپەی جۆش و هەراو دەنگ و ئاهەنگی**

**دەی باڵا بەرز! بلەرزێنە لە بەرزا**
**دابارێنە ئەو تەلیسمە سەد تەرزە**
**ل٢١٧**

شاعیر لە بەکارهێنانی خاسیەتی ئاو کەشڵپەیە، بۆ ڕەنگ و دەنگدانەوەش بۆ پرشنگی خۆر کە تایبەتە بە دەنگ و هەستی بستن، وێنەیەکی جوانی شیعریی بۆ خوڵقاندووین و لە جۆری جووڵاوەو بە هەستی بینین و بیستن وەردەگیرێ. ئەم دیاردەی گۆڕینی خاسیەتی شت لە جۆرێک بۆ جۆرێکی تر هەرچەندە لە شیعری کلاسیکیدا کەم بەهایە، بەڵام لە شیعری ڕۆمانسی و ڕیالیستی نوێدا گەلێک شیاوو بەهادارە. شاعیری نوێکار (عەبدولڕەزاق بیمار) نوێکارییەکی لەکارە هونەرییەکەیدا ئەنجامداوە.

لە دێڕی دووەمیشیدا لە داباریبی تەلیسمی جوانی لەلایەن ئافرەتی شۆخەوە هونەرێکی دیکەی میتافۆرەی ئەنجامداوە و بووەتە وێنەیەکی گەش و گۆڵی شیعریی و لەجۆری جووڵاوە. بە هەستی بینین و سۆزی دەروونی وەردەگیرێ.

ئنجا شاعیر داوا لەو کچە باڵا بەرزە دەکات تاکو هونەرمەندانە مۆسیقای لەشولاری خۆی لە شایبدا بنوێنێ و بەتاو پێ دابنێ و وابزانی ئەوەی لەژێر پێیەتی زەوی نییەو خەم و خەفەتە، یان دڵی ناحەزانییەتی. بەم جۆرە دەمانخاتە بەردەم:

**هونەرمەندیی مۆسقای لەش بنوێنە**

**بیرە، توندکە، شل کە، جارِدە، بیژێنە**

**ئەوەندە بەتاو پێدابنێ وا بزانە**
**ژێر پێت خەمە، یا دڵی ناحەزانە**
**ل٢١٨**

شاعیر لەم وەسفە وردو جوانانەی ئافرەتی سەماکەر، دوو وێنەی شیعری جووڵاوی بۆ کێشاوین، هەردووکیان بە هەستی بینین وەردەگرێن.

ئنجا لە بەشێکی دیکەی هۆنراوەکەیدا (بەبێ دووکەڵ، خەمی دڵی خۆی دەسووتێنی) چونکە (دەنگ و ناڵەی زورِنای شاییەکە قوڵپی خوێنی شاعیرە و دێتە کوڵ و هەر بە ئاوازی ئەوزورِنایەش و بەترپەی پێی ئەو نازدارانە خەمی گەورەی شەیدایی خۆی دەردەست دەکات، دوو وێنەی شیعریی دەکێشێ:

**بەبێ دووکەڵ دەسووتێنم خەمی دڵ**
**ناڵەی زورِنا قوڵپی خوێن دێتە کوڵ**

**بە ئاوازی زورِناو بە ترپەی شایی**
**رامی دەکەم خەمی گەورەی شەیدایی ل٢١٩**

شاعیر بە وەسفی وردی بە هەست و سۆزی ناسک ئاودراو دوو وێنە شیعرەکە دەکێشێ. هەردووکیان لە جۆری جووڵاون و بە هەستی بینین و بیستن وەردەگیرێن.

ئنجا لە هەنگاوێکی دیکەی هۆنراوەکەیدا خەمی هەموو گوڵووکی مێرگی هەتیو و خەمی شیعری قەدەغەکراو و تەمەنی خێر نەدیو لە چوارچێوەی هەڵپەرکێی رەشبەڵەکدا لەناو دڵداری و سۆزدا دەتوێنێتەوە. بەم جۆرە دوو وێنەی شیعریی گەش و گۆڵمان پێشکەش دەکات:

**خەمی هەموو گوڵووکی مێرگ**
**هەتیو**
**خەمی شیعری خەفەو عومری خێر**
**نەدیو**

**لە چوارچێوەی هەڵپەرکێکەی**
**نەوروزدا**
**دەتوێنمەوە لەناو دڵداری و سۆزدا**
**ل٢١٩**

وێنەکانیش لە رێگەی وەسف و هونەری میتافۆرەوە خوڵقاون. بەهەستی بینین و بیستن وەردەگیرین.

ئنجا شاعیر باس لە دەستەی لاوانی کورد دەکات کە چۆن لەو رۆژە خۆشەی نەوروز دەستی یەکتریان گرتووە و سەماو ئاوازی موزیک بەیەکەوە باڵ دەگرن و وەسفێکی وردی کچی جوان و نازدار دەکات کە بەو چڵە نێرگزەی لەناو زوڵمی شێی داناوە، هەموو کوردستانی رەنگینی بردۆتە ئەو هۆڵەی شاری بەغدا کە ئەو ئاهەنگەی نەورۆزی تێدا دەگێرِن. بەم چەشنە ئەو دیمەنە رازاوەیەمان پیشاندەدات:

**وا بە کۆمەڵ لاوانی کورد دەست**
**دەگرن**
**سەماو ئاواز ئەوا جووت جووت**
**باڵ دەگرن**

**ئای لەو کچەی کوردستانی هێناوە**
**بەو نێرگزەی لەناو زوڵفی داناوە**
**ل٢١٩**


شاعیر لە رستەی [سەماو ئاواز ئەوا جووت جووت باڵ دەگرن] میتافۆرەی پێکەوە ناوە و لەمەشەوە وێنەیەکی جووڵاوی شیعریی پێکەوە ناوە. بە هەستی بیستن و بینین وەردەگیرێ و لە دەربرِینی وەسفی ئەو چڵە نێرگزەی ئەو کچە شۆخە لەنێو زوڵفی داناوە و بەمەش سروشتی رازاوەی کوردستانی بەبیر ئاهەنگ گێرِان هێناوەتەوە و وێنەیەکی چەسپاوی شیعری خوڵقاندووە کە بە هەستی بینین و بۆنکردن وەردەگیرێ، چونکە نێرگز رەنگ و بوونێکی خۆشی هەیە و جوانییەکی تەواوی بە هۆنراوەکە بەخشیوە.

**ئەنجام**

(عەبدولرِەزاق بیمار) شاعیرێکی قۆناغی ریالیزمی نوێیە، چونکە لە دارِشتنی هۆنراوەکانیدا واقیع تێکەڵ بە بنەماکانی رۆمانسیەت دەکات کە خۆیان لە هەست و سۆزو ئەندێشەی قووڵدا دەدۆزنەوە، لەم مەیدانەش چەند کۆشیعرێکی نوێی بڵاوکردۆتەوەو ئەم چەپکەی دوایی دوا دیوانی شعریەتی. لە خوێندنەوەی هۆنروەکانیدا هەست دەکەین وێنەی گەش و گۆڵی شیعریی لەناو پێچ ولۆچی دەربرِینە شیعریەکانیدا خوڵقاندووە و هەردوو جۆری وێنەی چەسپاوو جووڵاوی لەناو بنیادی شیعرەکانیدا کێشاوە، کەرەستەی کارە هونەریەکەیشی وشەی ئاوازەدار و هەست و سۆز و ئەندێشەی قووڵیەتی، چونکە شاعیر شارەزاییەکی باشی لە زمانی کوردی و رەوانبێژیی ئەدەبی کوردیدا هەیە، بۆیە لە رێگەی هونەری لێکچواندن و خوازەو میتافۆرە (استعارە)وە، لە پاڵ وەسفی جوان و ناسک، وێنە شیعرییەکانی خوڵقاندووە، کە هەریەکەیان بە هەستێکی تایبەتی، یان چەند هەستێکی مرۆڤەوە وەردەگیرێن.

# مانی و دینەکەی

هاشم سەڕاج




**«مانی» نییەتی قووەتی تەصویری بڕۆی تۆ**
**ئەم قەوسە بەدەستی موتەنەففیس نەکشاوە**

**«نالی»**

(مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس. لە دیوانی «نالی» دا بەمجۆرە لە {مانی} دەدوێ: «مانی» وێنەو نەخشکێشێکی بەناوبانگی ئێرانی بووە... ئیددیعای پێغەمبەریشی کردووە، لە سەردەمی بەهرامی یەکەمی ساسانیدا بە شێوەیەکی دڕندانە کوشتیان، پێستیان گروو پڕیان کرد لەکاو لەبەر دەرگای شاری جوندیشاپووردا هەڵیانواسی تا خەڵک سەیری بکەن...)

دیوانی نالی لاپەڕە {٥٣٥}

کتێبی (مانی و دینەکەی) لە نووسینی «سەید حەسەنی تەقی زادە» (سەعید مەموزینی) لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی، نووسەر هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری داوە تا لە ڕێگەی سەرچاوەگەلێکی مێژووییەوە، زانیارییەکی تەواو دەربارەی (مانی) و ئاییینەکەی و ساڵی لەدایکبوون و زێدوزاگە و سەرنانەوەی تۆمار بکات و بنەما سەرەکییەکانی دینی مانیەت بخاتە ڕوو، وەک لە پێشەکی کتێبەکەدا هاتووە، کورد نەتەوەیەکی گەورە و دێرینە و لە درێژایی مێژووەکەیدا چەندین دین هاتووەنەتە کوردستان، نەتەوەی کورد، ئاقڵانە لەگەڵ هەموو دینەکان بەرخوردی کردووە، نموونە -زەردەشتیەت-مەسیحی-مەزدەک-مانی- و دینی پیرۆزی ئیسلام وەکو دوادین لەلایەن کوردەوە هاتە پێشوازی کردن، ئەمە نیشاندەری بیری ئازاد و ئیرادەی جڤاکی کوردییە و لە پێویستییەکانی ڕۆحی مرۆڤە کە دین ڕۆڵی گەورەی لە دیرۆکی میللەتاندا هەیە، بێگومان ئاییینی مانی لە بەرانبەر زەردەشتیەت هاتە مەیدان، چونکە ئازادی مرۆڤی سنووردار دەکرد، لەلایەن خەڵکی کورد پێشوازی فراوانی لێنەکرا، نەتەوەیەکی ئازادی وەکو کورد، ئامادە نەبوو بێ هۆکار و بەڵگە بڕواتە سەر دینێک، کە بڕوای بە گەشەکردنی مرۆڤی لەو دنیایەدا نەبوو و لەسەر مرۆڤ فەرز دەکرا لەو دونیایە خۆی عەزاب بدات» لەم کورتە نووسینەدا هەوڵ دەدەم پوختەی ئەو زانیاریانە بخەمە ڕوو کە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا دەربارەی «مانی» و ئاییینەکەی تۆمارکراون. چونکە «دینی مانی دینێکی فەرامۆشکراوە، و لایەنگرانی نەماون و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو دینە کارێکی فەردییە و بەس، و تا نیو سەدە پێش لە ئێران کەس هیچی لێ نەدەزانی و لە ئێران مانی بە نیگارکێش و قارەمانی چیرۆکی ئەفسانەیی و شاعیر دەناسرا و دڵبەری جوانیان بە نیگارەکانی مانی وەسفدەکرد» مانی لە بەشی باشووری بابل لە دایکبوو، وەکو خۆی دەڵێت:

و «بیرۆنی» باسی لێوەکردووە، لە گوندی (مردینو) لە ساڵی چوارەمی دەسەڵاتی «ئەردەوان» لە ساڵی «٥٢٧» کە لە مێژووی ئەستێرەناسانی بابل لە مانگی نیسان مانگی بابلییەکان ساڵی «٣١١ پ.ز» دەست پێدەکات، هەروەها لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا هاتووە کە ناوی باوکی «پەتیگە» و خەڵکی هەمەدانە، و چوبتە بابل و لە تیسفون نیشتەجێ بووە، «محەمەد ئیسحاق ئەلنەدیم» پێی وایە باوکی مانی ناوەکەی «فتیق بابەک بن ئەبی بەرزام»ە .. بەڵام ئەوەی گرنگە «مانی» وەک کەسایەتیەکی چاونەترس و نیگەران و کاریزمی باسی لێوە دەکرێت، لە هەندێ سەرچاوەدا ناوی دایکی بە «نوشیت» و لە هەندێکی دیکە بە «یوسیت» لە پەرتووکی «ئەلفهرسیت» بە رامیس و بە وتەی خەڵکانێک ئوتاخیم و مەریەم و لە بنەماڵەی ئەشکانییەکان بووە و باوکی لە حسکانییەکان بەژمار هاتووە و لەوانەیە خۆی لە پارتییەکان بێت، و دایک و باوکی لە دەوڵەمەندەکانی پارتییەکان بێت، لە سەرچاوەی مەسیحی ناوی مانی بە «قوربیقوس» و یونانییەکان بە کوپریکوس تۆمار کراوە، لەوانەیە دایکی لە خانەوادەی ناوداری کەمسەرەکان بووە، ... یا باوکی «مانی» بە خەڵکی شوش دەناسرێت، ئەو لە تیسفون نیشتەجێ بووە، پاشان بەهۆی ئەو شۆڕشەی لە دڵ و دەروونی بەدی هاتووە و وەحی بۆ هاتووە کە لە شەراب و گۆشت و نزیکی لەگەڵ ئافرەتان خۆی دوور بکات»... وەک لە کتێبەکەدا هاتووە «مانی» بەرەو باشوور چووە لە مەیسان ئاکنجی بووە و چویە سەر ئایینی «موغتەسەلە».. کە هەمان پاشماوەی ماندائییەکانە و لە قورئانی پیرۆز ناویان هاتووە و لە پێڕەوانی حەزرەتی یەحیای کوری زەکەریان)... پاشان تەریقەتی «گنوسی» و تێکەڵاوییەک لەگەڵ عەقیدەی بابلی و ئێرانی هاتۆتە نێو بیروباوەڕەکانیان، ئەگەر وەک سەرچاوە بگەڕێینەوە سەر کتێبی «سابیئەمەندائییەکان» کە لە نووسینی «شاسوار.خ. هەرشەمی»یە. دەبینین بەم شێوەیە پێناسەی «موغتەسیلە» دەکات {هەردەم لە کەناری ئاودان بۆ بەجێگەیاندنی سریمۆنای جۆراوجۆری ئایینی».. کە «گنزا» یان «گەنزا» کتێبی سەرەکی ئایینی مەندائییە و پێدەچێ لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی زاینی کۆکرابێتەوە، مەندائییەکان، عیسای مەسیح بەوە تاوانبار دەکەن کە نامە و پەیامی یوحەننای مەعمەدانی شێواندووە، دوای ئەوەی یەکەم جار وەک شاگردێکی یوحەننا و لەبەردەستی ئەو فێری فەلسەفە و حیکمەت بوو، وەک لە گەنزای راستدا هاتووە «یەسوعی مەسیح» هات، بەبێ فیزی دەجوڵایەوە، لە جەمخانەی یوحەننا جەمی کرد، لە رێگای حیکمەتی یوحەنناش بوو بە حەکیم، دوای ئەوە دەستی کرد بە گۆڕینی وتەکانی یوحەننا و جەمخانەی ئوردونیشی گۆڕی» هەمان سەرچاوەی پێشوو} ... کەواتە یوحەننای مەعمەدان یان {یهیا یهانا} وەک مامۆستا و شێخ و قارەمان و پەیامبەر یا وەک نا سورائیەکی مەزن بە سەرچاوە و باوکی گیانی مەندائییەکان دادەنرێت.. ئەگەر لە دوالیزمی ئایینی مانەویەت بروانین.. دەکرێ بڵێین «مانی» سوودی لە چەمکی «کاسیا» و «پاگریا»ی ئایینی مەندائییەکان وەرگرتووە، کە خۆشی بۆ ماوەیەک چۆتە سەر دینی «موغتەسیلە». لەشی «ئادەم» یا «پاگریا» لە هێزی تاریکی دروست دەکرێ، «کاسیا» یا «گیان» لە هێزی روناکی دروست دەکرێ} ... هەمان سەرچاوە... هەروەها ..گنوسی یان گنۆسی.. گنۆسییەکان» ناوێکی تری مەندائییەکانە.. کە لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە.. گنۆسییەکان «بیروزیرییان بەکار دەهێنا بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی دیاردەکان» لە روویەکی ترەوە لە ئایینی مەندائیدا گۆشتی ماڵاتی مێینە ناخورێ وەک «مەڕ و مانگا و بزن.. تا» هاوکات جەخت لەسەر خواردنی خۆراکی بەربوومی رووەکی دەکرێت.. ئەم دیاردەیەش لەلای مانی و ئایینی مانییەت رەنگی داوەتەوە بە تایبەتی دیاردەی رووەک پەروەری و دوورکەوتنەوە لە هەر ژەمە خواردنێک لە گۆشت ئامادەکرابێت.. هەروەها «مانی» وەک کەسایەتیەکی کاریزمی ویستویەتی یان پێی خۆشبووە زانیارییەکی تەواو لە تێکرای دینەکانی پێش خۆی وەربگرێت وەک لە سەرچاوەکە هاتووە {مانی لە تەمەنی لاویدا ئاشنای دینەکانی میزۆپۆتامیا بووە و لەگەڵ فیرقەی موبتەدیعە و مەسیحی گنوسی کە لەو سەردەمە لەو دەڤەرە زۆر بڵاوە پێوەندی باشی هەبووە وەکو لایەنگرانی مرقیون و باردستان و لە هەموویان زیاتر بیروڕای فیرقەی باردیسانی کاری لە بیری مانی کردووە} گوایە «مانی» وەک پەیامبەرێک فریشتەیەک بە ناوی «تەوم» یان «تەویم» بۆی دادەبەزێ و پەیامی ئایینەکەی پێ رادەگەیەنێ، پاشان «مانی» رووە و دەڤەری یان ناوچە و سنوورەکانی {قەندەهار و سند} دەڕوا و

زانیارییەکی زۆر لەبارەی ئایینی «بودا»یی کۆدەکاتەوە هاوکات لەبارەی ئایینی زەردەشتیش زانیاری گەلێک بەدەست دێنێت و «مانی» لە سالّی «٢٤٠» ی زاینی بە شێوەیەکی فەرمی ئایینی خۆی ڕادەگەیەنێت، مانی وێڕای حالّەتە ئایینییەکەی شارەزاییەکی تەواوی لەبواری پزیشکی مەعنەویشدا هەبووە و کاریشی لەسەر کردووە، هەروەها {داهێنەری خەتێکی نوێ بووە کە چەندین پیتی دەنگداری هەبووە، پەرتووکەکانی مانی پارتی زمان و پارسی زمان و سەغدی زمانن ئەم خەتە نوێیە کە لە زمانی سریانی وەرگیراوە، زۆر بابەتی پێ نووسراوە بۆیە زۆر قەرزاری «مانی»ین چونکە زۆر وشەی زمانی پەهلەوی دیار نەبوو بەم داهێنانەی «مانی» ئاشکرابوون، مانی شەش پەرتووکی نووسیوە نامەیەکی زۆریشی بەهۆی لایەنگرەکانی بۆ خەڵک نووسیووە، لەو شەش پەرتوکەشدا پێنج پەرتووکی بەزمانی خۆی کە ئارامی ڕۆژهەڵاتی بووە نووسیوە، لە نووسراوە عەرەبیەکاندا بە سریانی ناوبراوە، بۆ نموونە لە کیتابی «سفر الاسرار» وەکو دیارە بیروبڕواکانی ئیبنی میسان نووسراوە پەرتوکێکی دیکە بەناوی «شاپورگان» بە زمانی فارسی باشووری ڕۆژئاوایی ئێران نووسراوە و، کە زیاتر باسی «میعاد» دەکات}، نووسەری ئەم کتێبە لە شوێنێکدا دەڵێ «بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر سەلمێنرا کە دینی «مانی» دنیایی و جیهانگیری یە و دەیویست دینەکەی ببێتە ئەلتەرناتیڤی هەموو دینەکانی دنیا و خۆی بەدوا پەیامبەر دەزانی و دەیویست نووسینەکانی دینی خۆی بە هەموو زمانی دونیا تەرجومە بکات، چونکە ئەوان سوودیان لە زمانی چینی و بودایی و فارسی و زەردەشتی بۆ ئاسان تێگەیشتن لە دینەکەیان وەرگرت» پەرتووکێکی تری «مانی»بەناوی «سفر الجبابره» یە کە هەندێ بڕگەی بەزمانی ئێرانی نووسراوە، بە پەرتووکی «کەوان» ناودەبرێت، هەروەها ئینجیلی ساغ یان ئینجیلی مانی کە هەندێ بەشی لە بەرهەمی تورفان بەدەست هاتووە دەبێتە (٢٢) بەش بەرامبەر (٢٢) پیتی ئارامی، کتێبی تر بەنێوی «ئیختیارات» و جەناتولخلود و ... تاد ئیتر نووسەری ئەم کتێبە دەڵێت: مانی بابەتی بەرز و پڕ سوود و باشی هەیە و توانیویەتی بنەماکانی بیری خۆی و فەلسەفەی نوێی یۆنانیی و گنوسی لەگەڵ دینەکانی سامی و مەسیحیەت و تەریقەی مرقیون و «ابن دیصان» و هیلنزم تێکەڵاو بکات کە خەڵکێکی زۆر مخالف بوون لەگەڵ ئەم تێکەڵکردنە... هاوکات «سنت ئاگۆستین» کە بە دوژمنی گەورەی مانییەکان دادەنرێت، زۆر بە جوانی لە ئایینی مانەویەت دواوە، .. دواتر ئەگەر بکرێ تۆزێ لە بیروبۆچوونەکانی ئاگۆستین دەدوێم چونکە لە ڕووی ئیشراقەوە لە مانییەت نزیکە، ئیتر وەک لەم کتێبەدا هاتووە، دینی مانی.. هێرشێکی زۆری کراوەتە سەر، بەتایبەتی لە لایەن مەسیحی و زەردەشتیان، پاشان وەک ئایینێکی ئاڵۆزی دەستەبژێری، خەڵکی جوتیار و کاسبکار لێی حالّی نەبوینە چونکە ئەم دینە دژی سیستمی کۆمەڵایەتی و ڕاگرتنی پرۆسەی زاوزێ و بنبڕکردنی سەیرورەی ژیان جولاّوەتەوە و ئامانجی سەرەکیشی هەر ئەمە بووە «بیرونی» دەڵێ: «لەکاتی دادگایی کردنی «مانی» بەهرام پێی گوت: «ئەم پیاوە هاتووە دونیا وێران بکات بۆیە بەر لەوەی بە ئامانجەکانی خۆی بگات پێویستە وێران و خراپی بکەن» ئەم بیروبۆچوونەی ڕاگرتنی کردەی زاوزێ و وەلانانی وەچەخستنەوە لەلایەن هەندێ فەیلەسووفی دێرینی گریکی و چەندین فەیلەسوفی بوونگەرا و سۆفیش بانگەشەی بۆ کراوە کە لە گەوهەردا پێوەندی بە شەقای بوون و بێهوودەیی ئەم سەیرورە بەردەوامەی ژیانەوە هەیە. واتە مرۆڤ هەرچەند بەختەوەر بێ، لەنێو ئەم بەختەوەرییەدا جۆرێک لە ئازار و نائومێدی و شەقا و شەکەتی بوونی هەیە و هەرگیزا و هەرگیز ناتوانێ دەسبەداری بێت، ئەم جۆرە وێناکردنە لە نووسینەکانی هەریەک لە «کیرکەگۆر» و «شۆپنهاوەر»دا بەدی دەکرێت ( «مانی» زانیاری زیاتری لەسەر دینی مەسیحی هەبووە، تا بیروڕای ئێرانی و هەندی، بەڵام متمانەی سەرەکیش ئایینی مەسیحی نەبوو بەڵکو لە مەسیحییەت زیاتر سوودی لە تەریقەتی «گنوسی» وەرگرت هەروەها کەوتە ژێر کاریگەری «هلینیزم» یانی بیروڕای فەلسەفەی یۆنانی ئیشراقی بیروڕای باو لە ڕۆژهەڵات «سوریا و میزۆپۆتامیا» بەتایبەت ڕێبازی «مەرقیون» و «باردیسان» کە دوو ئایینی گنوسی بوون و بڕوایان بە دوانی یان دوالیزم هەبوو). چونکە بنەماکانی گنوسیەت بریتیبوون لە دۆزینەوەی ئیشراق و زانیاری ئیشراقی، بایەخدان بە فەلسەفەی بوون، گنوسەکان باوەڕیان بە دوو هێزی خێر و شەڕ هەبوو، ڕزگاربوونی گیانی مرۆڤ لە شەڕی دنیا و گەڕانەوەی بۆ دنیایەکی بالاّتر کە کاکڵەی ئایینی گنوسییە، و لە فەلسەفەی ئەفلاتونی وەرگیراوە، زانینی ڕاستیەکان ر بایەخدان بە سۆفیگەری و خۆ دوورخستنەوە لە نزیکی ئافرەت و کردەی زاوزێ،

بەمجۆرە تەریقەتی گنوسیەت کارێکی زۆری لە ئایینی مانییەت کردووە، ئیتر {دینی مانی لەسەر ئەسڵی خێر و شەڕ و تاریکی و ڕوناکی و سێ چەمکی ڕابرد و ئێستا و داهاتوویە و لە ڕاستیدا مانییەکان دوو خواوەندیان هەیە یەکێکی نورە و ئەویتر تاریکییە} کەواتە {تاک} بەهۆی «گنوس-زانست» دەگاتە پلەی ناسین و گەیشتن بە ڕووناکی دەروونی ئەم حاڵەتەیش ململانێیەکی بەردەوامە لە نێوان خێروشەڕ، یا لە نێوان «منی ڕاستەقینە» «منی خوایی» و «منی ئەهریمەنی» «منی تاریکی» پاشان لە زەبووری «مانی»دا بەمجۆرە باس لە مانی و پەیامەکەی دەکرێت {مەجوسەکان ئاسنیان لێت بار کرد و دەست و قاچەکانی تۆیان بە زنجیر و ئاسن گرێ دا و تۆیان خستە زیندان و ٢٦ ڕۆژ بەمشێوەیە مای و لایەنگرەکانت دەهاتنە لات دەستت لە ملی هەمووان دەکرد}. هەروەها دینی مانی بایەخی بە نوێژ و گۆرانی دەدا و مانییەکان مۆسیقایان زۆرخۆش دەویست و بە خەڵاتی خوایان دەزانی کە لە ئاسمان هاتبێتە خوارەوە.. مانییەکان یان پەیڕەوانی ئایینی مانی بۆ دوو توێژ دابەشدەکرێن یەکەمیان {سەماعینە} کە گشت ئیمانداران دەگرێتەوە دووەم هەڵبژێردراوان یان موجتەبین کە لە کاتی نوێژ بەرەو خۆر دەوەستان و لە یەک مانگ حەوت ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوون، بەڵام گرنگترین ڕۆژوویان ڕۆژی یەکشەمە بووە و سەدەقەدانیش ئەرکی ئایینی بوو، بەڵام {سەدیقین} ڕۆژێ جارێک نان دەخۆن و ساڵی جارێک دەستە جل دەکڕن و ڕۆژووەکەشیان زۆر سەختە، سەرەڕای ئەوەی ڕۆژی یەکشەمە ڕۆژی پشووی سەماعینە، ڕۆژی دووشەمەش کە ڕۆژی پیرۆزی هەڵبژێردراوەکانە، چونکە هەڵبژێردراوان گۆشت ناخۆن و شەرابیش نانۆشن، سەماعین چێشتیان بۆ ئامادە دەکەن و خواردنیان زیاتر سەوزە و میوەیە بەتایبەتی «کاڵەک و خەیار» ئاوی میوەش دەخۆنەوە، وەک پێشتر گوتمان مانییەکان شەیدای مۆسیقا بوون خەتی باش و جوانیان لا گرنگ بوو، پەرتووکەکانیان بە خەتی جوان و خاوێن و ڕێک دەنووسرا، «جاحز» لەم بارەیەوە قسەی کردووە و «ئاگۆستین»ینیش لە جوانی خۆشنووسی و خاوێنی و گرانبەهای کاغەزی مانییەکان دواوە، کە مانییەکان خاوەن زەوقی شاعیرانە بوونە، بۆ نموونە {پارچەیەک پەهلەوی کە لە تورفان بە دەستهاتووە خاوەن پێڕستەکە تیایدا بە بەیتی دیار و سروود بە تەرتیبی وشەی جوان ڕێزکراوە... تاد} مانی وەک پەیامبەرێکی کاریزمی دواجار بەشێوەیکی دڕندانە لەنێو دەچێت و تەرمی لە دەروازەی شار هەڵدەواسرێت، لەم بارەوە «قدیس ئاگۆستین» دەڵێ: مانییەکان جەژنی «بلیما» بۆ یادەوەری کۆچی دوایی مانی لە مانگی مارس دەگرن، لە زەبووری مانی نووسراوە، لە دوای مەرگ سەری {مانی}یان بڕیوە لە دەروازەی شار هەڵواسراوە و ئەندامەکانی جەستەیان پارچە پارچە و گاڵتەیان لەگەڵ کردووە هەروەها دەڵێن پێستی «مانی»یان لێوە کردووە و پڕ لە کایان کردووە و لە دەروازەی شاری جوندی شاپور هەڵواسراوە و لە سەردەمی هاتنی ئیسلام ئەو دەروازەیە بە دەروازەی «مانی» ناوبراوە}، ئەمە پوختەیەک بوو لە زانیارییە سەرەکیەکانی ئەم کتێبە و هەوڵمدا لەم چەند لاپەڕەیەدا چڕیان بکەمەوە، ماوە پرسیارێک بکەین و بڵێین ئایا دەبێ لە نێوان کتێبی «دانپیانانەکانی» «مانی» و «قدیس ئاگۆستین»دا هەست بە جۆرێک لە لێکچوون نەکرێت «یۆستین گۆردەر» لە ڕۆمانی «ژیان کورتە»دا کە {ڕێبوار سیوەیلی} وەریگێڕاوە، گۆردەر لەم ڕۆمانەدا لەسەر «دانپیانانەکانی» قەشە ئاگۆستین کاری کردووە، چونکە ئاگۆستین وەک سۆفیگەرێکی مەسیحی کاریگەر بە مانیەت هەموو کارە هەستەوەرییەکان بەکاری جەستە پەروەری دەزانێت، بۆیە «فلۆریا ئامیلیا» نامەیەک ئاراستەی «قدیس ئاگۆستین» دەکات و تیایدا عیشق و خۆشەویستی خۆیانی بیر دەخاتەوە، کە چلۆن ئەو ئەڤینەی نێوانیان کرایە قوربانی عیشقی ئاسمانی.. و دواجار لە «ئادیۆنادۆس»ی کوڕە چکۆلەکەیان دەدوێت و یادەوەری گەلێکی ئیرۆتیکی بەبیردێنێتەوە، کەچی «ئاگۆستین»ی ڕۆحپەروەر مانەندی پارسایەک سەرقاڵی عیشقی یەزدانییە و چرکە لەززەتاوییەکانی جەستەی بەجارێک فەرامۆش کردووە، چونکە «ئاگۆستین» لە ڕێگەی ئایینی «مانی»یەوە ڕوو لە جیهانی مەسیحیەت دەکات و پاشان لە تێکستی «شاری یەزدان»دا بە تەواوەتی خودی خۆی دەدۆزێتەوە!

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: مانی و دینەکەی**

**نووسینی: سەید حەسەنی تەقی زادە.**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سەعید مەموزینی.**

**لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری خازر ژمارە «٣» -چاپخانەی -منارە- هەولێر - ساڵی ٢٠٠٥**






# میلیشیایی له بڵاوکردنەوەدا

**سەلام ناوخۆش**
**(زانکۆی سەڵاحەددین**
**کۆلیژی پەروەردەی بنیات)**

لەو دەساڵەی دواییدا بزاڤێکی چاپەمەنی ناوازە لە هەرێمی کوردستاندا لە گۆڕێ دایە. چەندین دەزگای چاپەمەنی حزبی و حکومی وەک دەزگای ئاراس، موکریانی، سەردەم، سپیرێز، نما، تەفسیر.. تاد، بە دەیان ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبیان بڵاوکردووەتەوە.

بێگومان هەر بزاڤێک، یان دیاردەیەک لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی خۆی هەیە. ڕاستە ئەو بزاڤە شارستانی و مەدەنی و سەردەمیانەیە هاوکات لەگەڵ ئەو بزاڤە ڕۆشنبیرییەی لە جیهاندا بەرپایە، هەروەها لەو ڕەوشە ڕۆشنبیرییەدا چەندین دەق لە فەوتان ڕزگارکران و چەندین قەڵەمی بوێر دروست بوون، بەڵام دوو دیاردەی سەیر لە هەناوی ئەو بزاڤەدا سەریان هەڵداوە کە دەکرێ بەجۆرێ لەگەندەڵی ڕۆشنبیری، یان بە میلیشیایی بوون لە بڵاوکردنەوە ناویان بەین. ئەوەندەی من ئاگام لێبێ تەنیا ئەو چەند دەزگایەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن نزیکەی هەزار کتێبیان چاپکردووە، بەڵام لەناو ئەو هەزار کتێبەدا بەدەگمەن توێژینەوەی فەلسەفی، زمانەوانی، مێژوویی، ستراتیژییان تێدا بەرچاو دەکەون. بێگومان ئەو کێماسییە هەر لە جۆری کتێبەکاندا نییە، بەڵکو زۆربەی هەرەزۆری ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش بەدەگمەن ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانەیان تێدایە، تەنیا چەند گۆڤارێک نەبێ، کە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەستێک تێناپەڕن، توانیویانە لەو دەساڵە بەردەوام بن و ڕەوت و ستراتیژیەتی خۆیان نەک هەر بپارێزن، بەڵکو بەرەو پێشەوەشی ببەن.

لە لایەکی تر، بزاڤی وەرگێران لەلای ئێمەدا زۆر لاوازە، ئەوەی هەیە زیاتر لە زمانی دووەم و سێیەمە نەک زمانی ڕەسەن. لەو بوارەشدا جۆرێک لە میلیشیایی لە ئارادایە. ئەوەندەی من ئاگادارم بەدەیان کتێب دوو وەرگێر، یان سێ، یان زیاتر وەریانگێڕاوە، هەمووشیان لەوماوە کورتەدا پێکەوە بڵاوکراونەتەوە. ئەوچەند کتێبەی خوارەوە تەنیا لەو چەند ساڵەدا بڵاوکراونەتەوە:

- سینۆهە.
- زەردەشت ئەوهای گۆت- زەردەشت وەهای وت
- خواوەندی ئەلەمووت- حەسەن سەباح.
- یاساکانی ژیان- واز لە نیگەرانی بێنە- دع القلق.
- هاملێت- هەملێت.
- ماکبێس- مەکبیس.
- هونەری شیعر.
- پەیمانی کۆمەڵایەتی.
- چەک و چیا.
- عبادات التفکر: پەرستنەکانی بیرکردنەوە، فەرمایشتەکانی بیرکردنەوە.
- خوارق اللاشعور (سێ وەرگێڕ- هەریەکەی بەجۆرێ وەریانگێڕاوە).
- پەیامبەر- جبران خلیل جبران.

ساخڵەم و دروست نەبوونی ئەو دیاردەیە لەوە دایە: وەنەبێ کتێبێک کە وەرگێڕێک وەریگێڕاوە، ئەویتر لەو باشتری وەریگێڕابێ، بۆیە دەزگایەکی تر بۆی بڵاودەکاتەوە، بەڵکو هەموو مەسەلەکە پەیوەستە بەو بێ سەروبەرییە ڕۆشنبیرییەی لە ئارادایە کە کەس ئاگای لە کەس نییە، ئەمەش بێجگە لە بە هەدەردانی پارەوپووڵی حکومەت هیچی تر ناگەیەنێت، کاتێ ئەو هەموو پارەیەی لە چاپکردنی کتێبێکی دووبارەدا سەرف دەکرێ.

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئەو دیاردەیە چیتر پەرەی پێنەدرێ و ئەو میلیشیاییە بەرتەنگ بکرێ بۆ ئەوەی بزاڤەکەمان بەرەو پێشەوە بچێ نەک بەرەو پاش.